


سەرنج لەسەر

# سەعید قەزاز

نووسینی: دادوەر زوهێر کازم عەببود

وەرگێڕ بۆ کوردی: گۆمەیی

## <u>خوێنەری هێژا</u>

- وێڕای سوپاس‌و پێزانینم بۆ د. تەها ڕەسوڵ کە چاپی یەکی ئەم بەرهەمەی گرتە ئەستۆی خۆی‌و سوودی فرۆشی تەرخانکرد بۆ کەسوکاری شەهیدان‌و ئەنفال کراوان. هاوکات سوپاسی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان‌و کارمەندانی‌و گشت ئەوانە دەکەم کە دەستیان بووە لە قۆناغەکانی دیزاین‌و سەرپەرشتکاری‌و چاپی یەک‌و پەخشی.
- گەر خوێنەری هێژا لە دەرەوەی کوردستان دەستی پێناگات، دەکارن ئەم فایلەی کە بە PDF ـە داگرن‌و بیخوێننەوە. بەڵام مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ بەندای وەرگێڕ.
- ئەمەی لەبەردەستدایە، ئامادەکارییە بۆ چاپی/ ٢ بۆیە هەردەم زانیاری نوێی دێتەسەر، لەبەر ئەوە سوپاسگوزارم ئەگەر خوێنەری هێژا ڕەخنەو پێشنیاری خۆیان ڕەوانەکەن بۆ ئی - پۆستی gomei4@gmail.com بەشدار دەبن لە دەوڵەمەنکردنی بابەتەکە...

لەگەڵ ڕێزی/ گۆمەیی

وێڕای سوپاس‌و پێزانین بۆ دادوەری بەڕێز مامۆستا زوهێر کازم عەببوود کە ڕایسپاردم ئەم بەرهەمەی وەرگێڕم بۆ کوردی‌و سەرپشکی کردم بۆ خستنەسەری ئەو زانیاریانەی کاتیخۆی دەستی پێنەگەیشتوون..

هەروەها سوپاس بۆ ڕێزداران

* سەربەست توفیق قەزاز، جیهان عومەر قەزازو عەلی موستەفا بۆ هاوکارییان بە بەڵگەو زانیاری..

* د. گشت ئەو هێژایانەی بە زانیاریی بەجێ بابەتەکە دەوڵەمەند دەکەن.

## <u>سەرنجێکی گرنگ</u>

منی نووسەری ئەم پەرتووکە، خۆم بە بەرپرس دەزانم لە شێوەی ڕێنووسەکەی، لەو ڕوانگەیەوە کە لەنێو هەندێک میللەتانی جیهاند دەبینم‌و دەیبستم، وشە جۆن لەزار دەردەچێت بەهەمان ئەوشێوەیە دەینووسنەوە، منیش لێرەدا بەمەبەستی نوێکاری هەمان ئەو ڕەوتەم گرتەبەر ئومێدەوارم مایەی پەسەندبێت، هەروەها بۆ هەندێک لە وشە کوردییە پەتییەکان فەرهەنگۆکم لە کۆتایی پەرتووکدا نووسیوە تکایە ڕچاوی بکەن.

ژماری سپاردنی چاپی/١ لە پەرتوکخانەی گشتیی سلێمانی ٢٠١٣/١٤٤٩

مۆنتاژو نووسین‌و سێتەری داتایی ئەم بڵاوکراوەیە: گۆمەیی

## پێشەکیی وەرگێڕ

ئەم پەرتووکە، بریتیە لە توێژینەوەی دادوەر زوهێر کازم عەبود لەسەر بەشێک لە ژیانی ڕەونشاد سەعید قەزاز کە دواشالیاری ناوخۆ بوو لەو سیستەمە پاشایەتییەی عیراق کە بەکودەتاکەی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کۆتاییهات. ئەمە پرۆسەیەکی لێکۆڵینەوەی نوێ‌و سەرلەنوێ دادگاییکردنەوەی پیاوێکە "وەک نووسەرەکەمان دەڵێت" نە لەژیاندا مافی خۆی دراوەتێ نە کاتی مردن.

من لەمبەرهەمەی ڕێزدار زوهێر کازم عەبود هۆی چەندلایەنە دەبینم کاری کربێتە سەر هزری ئەو تا بکۆشێت پاش نیو سەدە لەسەپاندنی سزای مەرگ بەسەر ڕەونشاد سەعید قەزازو ئەنجامدانیدا دووبارە لێکۆڵینەوە بکرێتەوەو لەمەڕ بارو چۆنێتی‌و کردارەکانی لەگەڵ ڕادەی دەرئەنجامە مەترسیدارەکانی هەڵوێستو ئەو تاوانانەی کراون بەرانبەر بە تاکوکۆی مرۆی نێو کۆمەڵ بەگشتی‌و ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی نێو بزوتنەوە نیشتمانپەروەرەکانی ئەو ڕۆژانەی عیراق بەتایبەتی، بۆیە لێرەدا دەخوازێت دوبارە لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی دەدگایی پێش, سەرلەنوێ سەعید قەزاز دادگایی بکرێتەوەو سزای دادپەروەرانەی بۆ دیاریکرێت. ئەوە لەکاتێکدا گشت ئەوانەی ڕێزدار زوهێر دەناسن ئەو ڕاستیە دەزانن "وەک خۆی دەڵێت" مرۆڤێکە سەر بەو سەنگەرو لایەنەی دژ بوو بە لایەنەکەی سەعید قەزاز بەرگری لێدەکرد. هەروەک لێرەیشدا دەردەکەوێت، مامۆستا زوهێر بەبۆنەی ئەو هزرو ڕەوتە ڕاستێنییەیەوە توشی ڕەخنەی هاوبیرانی سەنگەرەکەی خۆی بووە، بەتایبەتی دوکتۆر کازم حەبیب کە نزیکترینیانەو بە مامۆستای خۆیی ناودەبات، بە سنگێکی فراوانەوە ڕەخنەکانی پەسەندکردوەو وەڵامی بۆ نووسیون.

بە بۆچوونی من، هۆی سەرەکی‌و گرنگترینیان ئەوەیە، ئەو وەک کەسێکی چالاکوان لەبواری مافی مرۆڤ لەلایەکو وەک دادوەرێکی پسپۆر لەبواری داد، کاتێک بەمێژوی عیراق‌و باری کۆمەڵایەتی‌و ڕامیاریی ئەودا چوەتەوە بەبایشی زانیوە هەردوو باری چاکەو خراپەی قۆناغە جیاجیاکانی ڕابوردوو هەڵسەنگێنێت، یەکێک لەدەرئەنجامەکانیش ئەم پەرتووکەیە کە لەنێو پتر لە پەنجا پەرتووکو وتاری بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی‌و لەچاپدراویدا بەناونیشانی (لمحات عن سعید قزاز) بڵاوبوەوە.





ئەگەرچی بەنیاز نەبووم لە پێشەکییەکەمدا هیچ لەناوەڕۆکی پەرتووکەکەی ڕێزدار زوهێر عەبوود بنووسمەوەو گشت سەربجەکان جێهێڵم بۆ خوێنەری هێژا، بەڵام پێمباشە ئەوە دووپاتکەمەوە کە ڕەوانشاد سەعید قەزاز لەخۆڕا نەیگوتووە: "... ئەوەی من پڕباوەڕم پێی، چارەنوسم بەر لەدەسپێکی پرۆسەی دادگاییەوە دیاریکراوە.." ئەویش..

کاتێگ دەگەنە دوابڕگەکانی بریاری تاونبارکردن/ دەرئەنجام/ سێهەم/ د / خۆپیشاندانی کرێکارەکانی نەوت لەبەسرا/ خاڵی دووهەم ـ لە دوادێڕەکانیدا هاتووە دەڵێت؛ بەگەڕانەوە بۆ ئەو ڕاپۆرتەی ئەفسەری پۆلیس ئیبراهیم قازی بەرزیکردووەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی بەسرا بەژمارەی (ئاسایی) ڕۆژی ١٥/ ١٢/ ١٩٥٣ لەمەڕ ئەورو‌داوە. لەناوەڕۆکیدا دەڵێت: "ئاماژە بۆ فەرمانی شالیاری ناوخۆ لەکۆبوونەوەکەی کاژمێر پێنجی ئێوارەی ڕۆژی ١٤/ ١٢/ ١٩٥٣ گوتی؛ بۆ گرتنەبەری گشت ڕێگەیەکی یاسایی بۆ بڵاوەپێدانی گشت گردبوونەوەیەکی...") واتە ڕەوانشاد سەعید قەزاز لە وتەکانیدا پێداگربووە لەسەر "گشت ڕێگەیەکی یاسایی" بەڵام چونکە مەبەستی دادگا ئەوەبووە بەهەرجۆرێک بێت هەر دەبێت تاوانبار دەرچێت، بۆیە لەبڕیاری تاوانبارکردنیدا نامەکەیان بەمجۆرە شیکردووەتەوە "... بڵاوەپێدان بەهەر جۆرێکی یاسایی بێت یان نایاسایی، ئەویش تا وەهای بگەێنێت کە تاوانبار نەیویستوە گوێ لەداخوازیی شاندی کرێکارەکان بگرێت...").

### مامۆستا عەببوود لەدیدی منەوە

ناسینی من بۆ ئەوپیاوە مرۆڤدۆستە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی پەنجا ساڵ لەمەوبەر کەڕۆژگار لە خولێکی پیشەییدا پێکی گەیاندین، لەوکاتەوە دەبینم ڕوانینی ئەو لەکورد وەک نەتەوەیەکی مافخوراو قوژبنێکی لەهزرو هۆشی مامۆستا زوهێر داگیرکردووە، بۆیە کاتێک وەک دادوەر دەکەوێتە مووسڵ‌و لەزاری دانیشتوانی ئەوشارە چاکە، کارامەیی‌و پیاوەتی **سەعید قەزازی** کورد دەبیسێت ئەوکات کەسایەتی ئەو پیاوە سەرنجی دەکێشێت بۆیە دەکەوێتە خولیای توێژینەوە لەسەر ژیانی‌و دەرئەنجامیش ئەوەیە کە پاش نیوسەدە بەبڕیارێکی یەکلایەنەی خۆی دووبارە دادگایی دەکاتەوەو بەوبۆنەیەوە دەکۆشێت بەئاماژە بۆ جوامێری‌و پیاوەتی‌و دابو نەریتە کوردەوارییەکانی ئەو ڕەوشە چاکەکانی میللەتی کورد بەخوێنەرانی هاوزمانی خۆی بناسێنێت.

هەر بەوبۆنەیەوە دەخوازم خوێنەری هێژا لەوە ئاگادارکەم کەمامۆستا زوهێر چەندین وتارو پەرتووکی بەعەرەبی چاپکراوی بڵاوکراوەتەوە لەسەر برایانی کوردی یەزدی، کاکەیی، شەبەکو فەیلی لەگەڵ زۆر نووسینی تر سەبارەت بەمافی چارەنووس یان ئەو نەهامەتییانەی بەسەر کورداندا هاتووە (محكمة الأنفال)[1] کە توێژینەوەیەکی دادوەرییانەی تێروتەسەلە لەسەر پرۆسەکانی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنی سەددام حوسێنو سەرانی تری ڕژێمی بەعس، یەکێکە لەوان. لەیەکێک لەو نوسینانەیدا کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوبووەوە لەژێر ناونیشانی (الشهيد القاضي محمد رئيس أول جمهۆرية لكردستان) [2] دەڵێت:

(قازی محەمەد، ناوی سەرۆکی کۆمارەکەی کوردستانە "ئەوەی کەسانێک بە ئەنقەست بە کۆماری مەهاباد ناوی دێنن" ئەگەرچی ناوهێنانی بەوجۆرە نە سەرنجی لێ دووردەخاتەوە نە بێبایەخی دەکات، بەڵام خودی ئاماژە بەوشێوەیە مەبەست لێی بێبایەخکردنی ئەو ئەزمونە کوردییەی لەپشتە کە بە هاوکاریy چەندین لایەنی جیهانی لەناوچوو. واتە ئاماژەکردن بەو ناوەو گرێدانی بە شاری مەهابادەوە مەبەست سنووردارکردنیەتی، بەڵام خودی ڕاستی ناوەکە بەمشێوەیە ناو ببرێت.. (سەرۆکی کۆماری کوردستان).

**سەعید قەزازو هزری نەتەوایەتی**

لەوانەیە گرنگینەدان بە کەسایەتی ڕەوانشاد سەعید قەزاز، هەروەها بێدەنگبوون لە سەرگوروشتەی ژیانی ئەو لەبەر ئەوەبێت کە ڕوونو ئاشکرا نەیاریی خۆی دەربڕیوە لەسەر ڕەوتی کۆمۆنیستی، بۆیە وا پتر لەنیو سەدە تێپەڕیوە بەسەر لەسێدارەدانی ئەوپیاوەدا هێشتا زەمینە خۆش نەبووە تا خاڵە ئەرێنییەکان لەهەستو هەڵوێستی ئەو بەرانبەر بە نەتەوەکەی دەرکەون. بەڕاستی وەک نووسەرەکەمان دەفەرموێت؛ (ئەگەرچی لەعیراقدا بە یەکێک لە ناودارانی کورد دەژمێردرێت بەڵام وەک پێویست گرنگی بە کەسایەتیی

[1] ـ دادگایی ئەنفال ـ گۆمەیی/ دەزگای چاپو پەخشی سەردەم/ سلێمانی ٢٠١٠/ هەروەها ماڵپەڕی (www.koskikurd.com)
[2] ـ الحوار المتمدن ژمارە ٦١٠/ ڕۆژی ٣ـ ١٠ـ ٢٠٠٣ / الشهيد قاضي محمد.





ئەوو ناوبانگو یادەوەریی ئەو نەدراوە. وەکتر ئەوەی من لەکاتی ئەم نوسینەمدا لەسەر ئەو بینیم، گشت برا کوردەکان ئەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستیان هەیە بۆی، بۆیە لەوانەیە ڕۆژێک بێت دەزگایەکی کوردی هەڵکەوێت ئاوڕ لەوکارە بداتەوەو گرنگیشی پێبدات). بەڵام مەخابن، ئەمڕۆ کورد خاوەن دەیەها ئێزگەی ڕادیۆو تەلەڤیزیۆنو سەدەها گۆڤارو ڕۆژنامەیە، ئایا بە ڕیپۆرتاژ یان بە زنجیرەی فلیم سەرگوروشتەی کەسانی ناوداری بیانی گشتلایەکی جیان بە نەوەی نوێمان دەناسێنن، بەڵام نەتەنها نەوەی ئەمڕۆمان سەعید قەزاز ناناسن بەڵکوو تەنانەت زۆر لە باوکو دایکانی نەوەی ئەمڕۆیش نازانن ئەو پیاوە تا چڕادەیەکی نەتەوەکەی خۆی خۆشویستووە، هۆکەیشی ڕوونو ئاشکرا ئەوەیە کە کۆمەڵی ئەمڕۆمان لەبەر هەندێک هۆکاری لایەنداری یان بارو هزری ئایدیۆلۆژی ڕێگر لەهزری نەتەوایەتی، ناوێرن خۆ لەم بابەتە هەڵقورتێنن.

زۆر لەو لایەنانەی نەیاربون بە کەسایەتی سەعید قەزاز یان بەهەڵوێستو ڕەوتی ژیانی ئەو ڕەخنەی ئەوەیان لێبووە کە گوایە ئینگلیز ئەوی پێیگەیاندوە بۆپاراستنی بەرژەوەندیی سیستێمی پاشایەتی عیراقو مانەوەی لە بازنگەی کۆلۆنیالیستی خۆیاندا، بەڵام خودی ئەولایەنانە تا ڕابوردوویەکی نزیکیش ناوی ڕژێمەکانی عیراق، ئێران، سوریاو تورکیایان بەداگیرکەری بەشەکانی کوردستان نەبردووە کە بەگشت جۆرەکانی ستەم کۆشیویانە تاکی کورد بچەوسێننەوە یان لەناوی بەرن.

بەڵێ، وەک لەوەڵامی پرسیارێکی سەرۆکی دادگای گەلدا سەعید قەزاز دەڵێت؛ من کوردی عیراقمو شانازی بە عیراقیبوونی خۆم دەکەم.. ئەگەر لە هەڵوێستی ئەو شالیاری ناوخۆیە بڕوانن بەرانبەر بەپرۆسەی دەستگیکردنو لەکار لابردنی مامۆستا مستەفا نەریمان کە بەتاوانی تۆمارکردنی ساڵی کوردی لەسەر یەکهەمین یادەوەرنامەی کوردی کە نەتەنها فەرمان دەدات مامۆستا بگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی بەڵکو هانیشی داوە بۆ ساڵی ئایندە دوو هەندەی ئەو ژمارەیە لەچاپدات کە دەزگاکانی ئاسایش دەستیان بەسەردا گرتبوو.

ئەم چەندێڕەیش گەواهیی هزری کوردپەروەرییە لەمێشکی ڕەوانشاد سەعید قەزازدا کە لەهەمان چاوپێکەوتنی سەرەوە دەیبینن، لەمەڕ ڕاستێنیی

بزووتنەوەکەی شێخ مەحموودو وەستانی لەڕووی داگیرکاریی ئینگلیز بە مامۆستا مستەفا نەریمان دەڵێت: (... نا من نکولی لەوە ناکەم، بەڵام ئەگەر شێخ لەگەڵ ئینگلیز کەمێک میانەڕەو بووایە ئەمڕۆ ئێمە شتێکیتر دەبووین، نە تۆ بەهۆی یادەوەرنامەیەک ئەوتۆ بەند دەکرایت، نە شالیاربوونی من لەبەغدا دەبوو) لەوبارەوە مستەفا نەریمان دەڵێت؛ (وەڵامی ئەوپیاوە زۆر سەرسامی کردمو لەبەرچاوم زۆر لەجاران مەزنتر بوو...)

ڕێزدار محسن دزەیی لەپەرتووکی (أحداث عاصرتها) سەبارەت بە هزرو هەستی نەتەوایەتی لای ڕەوانشاد سەعید قزاز نوسیویەتی دەڵێت[3]:

"ڕوداوێکی ترم لەیادە کەهەستی نەتەوایەتی لای سەعید قەزاز دەرخات ئەویش... ئەوکاتەی "شالیاری ناوخۆ" سەعید قەزاز بەمەبەستی چەندرۆژ پشوی هاوین هات بۆ هاوینەهەواری سەلاحەدین، ئێوارەیەکیان بە مەبەستی پێشوازی لێکردنی چوین بۆلای، پێموایە ئەم چەند کەسە بوین ـ ڕێزداران زەید ئەحمەد عوسمان، ئەحمەد محەمەد ئەمین دزەیی برام، عەلی عەبدوڵڵا، عومەر مستەفا دەبابە، مەجید جوکل دزەییو من ـ ئەوکات دەنگۆ هەبوو کە شارۆچکەی کۆیسنجەق لە لیوای ئەربیل دادەبڕنو دەیخەنە سەر لیوای کەرکووک، ئەوە لەکاتێکدا شارۆچکەی ڕانیە کە پێشتر سەر بەلیوای ئەربیل بوو خرایە سەر لیوای سلێمانی.

ئەوکات ئێمە ناقایلی خۆمان دەربڕیو بەتوندی گلەییمان کرد لەسەر ئەو ناڕەواییەی دەکرێت بەرانبەر بەلیوای ئەربیل، سەعید قەزاز پێکەنیو بەکەمێک تووڕەییەوە ڕویکردە ئێمەو گوتی: ئێوە گەنجن ناتوانن دەرئەمجامی ئەو کارە بنرخێننو لەمەبەستەکەم تێبگەن، مەبەستی من لەو کارە بەرزکردنەوەی ڕێژەی کوردە لە کەرکووک، بەوە دەخوازم ئەو ئەنجامەی کورد لەگشت بارو دۆخێکو تەنانەت بۆ ئایندەیش زۆرینەبێت، بەڵام ئێمە هەر سووربووین لەسەر نەیاری بە لێداوانەکەی ئەو، ئەگەرچی پڕبایەخیش بوو".

[3] ـ أحداث عاصرتها/ موحسن دزەیی/ بەشی یەک/ چاپی یەک/ لاپەڕە ۹۳/ چاپو پەخشی ئاراس/ هەولێر ۲۰۰۱





لە ماڵپەڕی کۆیەدا، بابەتێک بەناوی (لێکۆڵینەوە لەسەر کۆیە) بڵاوبووەتەوە، ئەمە دەقیەتی:

(ساڵی 1956 سەعید قەزاز کە وەزیری ناوخۆی عێراق بوو، هات بۆسەردانی کۆیە، دانیشتوانی ئەم شارە پێشنیاریان کردبوو زەوییان بەسەردا دابەشکات، ئەویش (گردی جولەکان)ی بۆ ئەم مەبەستە دیاریکرد، بۆیە دانیشتووانی کۆیە ناوی ئەو گەڕەکە نوێیە نا **سەعیداوا**، دواتر نێوەکەی گۆڕا بۆ (سەرباغ). (سەعید قەزاز) هەر لەوسەردانەدا چاوی بە عومەر دەبابەو عەلی عەبدوڵڵا کەوتبوو، سەبارەت بەسیاسەتو مەسەلەی کوردایەتی دوابوون، دوواجار سەعید قەزاز لەوان دەخوازێت کە ئەگەر ئەوان بەڕاستی کوردایەتی دەکەن با خەڵکی خۆیانو لایەنگرانیان هانبدەن بچن بۆ کەرکوک لەوێ نیشتەجێ بنو ئیشوکاریان بۆ دابین بکەن).

توێژەر لەو باوەڕدایە کە لە قسەکانی سەعید قەزازدا ئەو ڕاستییە بەدی دەکرێت کە ڕژێمی بەغدا نەخشەیەکی داڕێژراوی لەسەر ناردنی هۆزە عەرەبەکان بۆ نێوچەی کەرکوک هەبووە، ئەویش لەڕووی هەست بە کوردبوونیەوە ئەوکارەی بە هەڕەشە لەسەر ئایندەی سیاسی کورد زانیوە، هەربۆیە ئەوانەی لە سەرەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بوون لەم مەترسیانە ئاگادار کردۆتەوەو هانیداون خەڵکی کورد ڕەوانەی ئەم نێوچانە بکەن، بەلای سەعید قەزازەوە ئەوە گرنگبووە کە کورد لە زێدی بابو باپیراندا وەک هاووڵاتیەکی ئاسایی بژین. جگە لەوانە تێروانینی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەدیار دەخات کە هەردەم خەریکی جێبەجێکردنی پرۆسەی بەعەرەبکردن بوون، هەروەک بانگەشەی برایەتی کوردو عەرەب لە چوارچێوەی خاکی عێراقیان لا دروشمی ڕووکەشی بووە... [4]

ئەوەتا پاش نیو سەدە ڕاستی هزرو بیری ئەومان بۆ دەردەکەوێت لەگەڵ دووربینیی خاوەنەکەی.. وا دەسەڵاتی چەق لەبەغدا گشت شارۆچکە

[4] ـ لێکۆڵینەوە لەسەر کۆیە/ بەشی سێهەم/ باسی پێنجەهەم ـ ماڵپەڕی کۆیە..
http://www.koya.se/news/component/content/article/35-babaty1/272-lekolenawalasarsharekoya

کوردییەکانو ئەو شارۆچکانەی زۆرینەی کوردن لەپارێزگای کەرکووک دابڕیوەو تەگەرە دەخەنە بەر ئاساییکردنەوەی دۆخ، بەڵکو وا لە کەرکووکو دەڤەرە کوردستانییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمی باشوور لە درێژەداندایە بە گۆڕینی باری دیموگرافی.

ئەوەیە جیاوازی لەنێوان ئەو سیستەمەی بە دەرەبەگو نۆکەری ئیستعمار ناودەبرا لەگەڵ ئەو سیستێمە کۆمارییەی گوایە پێشکەوتنخوازە پەرلەمانییەی ڕێزدار موحسن دزەیی لەو پەرتووکەیدا کەوتووەتە براورد لە نێوان سیستێمی دەرەبەگی سەردەمی پاشایەتی عیراق بەرانبەر بە سیستێمە کۆمارییەکەی تا سەردەمی دەسەڵاتی بەعسی سەددامی. ئەو ئاماژەی داوە بە گۆڕینی باری دیمۆگرافی کەرکووک (کە سیمبۆلە بۆ گشت دەڤەرە دابڕاوەکان لەهەرێمی کوردستانو پانتایی دەگاتە نزیکە ٤٥%ی ئەو بەشەی کوردستان) بەڵام وا پتر لە دە ساڵ بەسەر ڕووخانی سەددام حوسەیندا تێپەڕی ئەو عیراقەی گوایە بووەتە کۆمارێکی دیموکراتو فیدراڵ، دەبوو لەڕۆژی پەسەنکردنی دەستوری نوێی عیراق کار بە ماددەی ١٤٠ بکرایەو بەعەرەب کردنەکەی ڕژێمەکانی پێش هەڵوەشێتەوەو پاش ئاسایی کردنەوەی دۆخی ئەو دەڤەرانە لەماوەی یەک ساڵدا سەرژمێری ئەنجامدرێت یانیش ئامارەکانی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ بکرێتە بنەما بۆ ئەوکارە، بەڵام کاتێک ئیبراهیم جەعفەری بوو بەسەرۆک شالیارانی عیراقی دیموکراتو فیدراڵ، لەماوەیەکی کەمدا کەوتە بشتگوێخستنی گشت بەڵێنەکانی لەگەڵ کورد، کاتێکیش دەسەڵات لەجەعفەری سەندرایەوەو بەپشتگیریی سەرانی کورد نووری مالیکی هاتە سەرتەختەکە، ئەوەتا لەبری ئاسایی کردنەوەی دۆخ هەرجارەو بە پەلپێک هێزی تایبەتی سەربەخۆی دەنێرێت بۆ گەمارۆی کەرکووکو زۆر لە شارو شارۆچکەکانی تری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمی باشوور بۆ سەپاندنی ئەو پرۆژەی بەعەرەب کردنەی سەددام نەپەرژایە سەر تەواوکردنی، لەگەڵ ئەویشدا حوسێن شەهرستانی یاریدەری بەگشت جۆرێک تەگەرە دەخەنە بەر گەشەدان بە باری ئابووری هەرێمی کوردستان تا ئەوڕادەیەی، لەبری بەخشینی جەژنانە بەهۆی نەورۆزی ساڵەوە بە کارمەندانی دەوڵەت، کەوتنە بڕینی مووچەی





مانگانەی گشت کارمەندانی هەرێمی کوردستان[5]، هێشتا ئەو کێشەیە بەسەر نەچوبوو"مالیکی"ی سەرۆک شالیارانی عیراق ئەو فەرمانەی کرد بە جەژنانەی نەورۆز کە ڕۆژی ٢٢/ ٣/ ٢٠١٤ گەیشتە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک تێیدا هاتووە دەڵێت، هەچ هاووڵاتییەکی عیراقی ماوەی ١٠ ساڵو بەرەوژوور لە شارێکدا ژیابێت مافی ئەوەی هەیە بمێنێتەوەو ناوی لەسەر ئەو پارێزگایە تۆمارکرێت. کەواتە دیکتاتۆری نوێی عیراقیش نە گوێدەداتە دەسەڵاتی یاسا ڕشتی کە پەرلەمانی عیراقە نە دەستوور بەگشتیو ماددەی ١٤٠ بەتایبەتی..

ئەفسوسو هەزار ئەفسوس کە ناچارم پاش ٢٥ سال لە بڵاوبوونەوەی پەرتووکی (گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت[6]) هەمان ئەو گلەییە بنوسمەوە لەبۆ سەرانی کورد کە چۆن ئەوکاتەی لە ڕزگارکردنی عیراق لە جەوری ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس دەستی باڵایان بوو بەڵام بەهۆی ناکۆکی بیروبۆچوونو ناتەباییەوە کە تائێستایش درێژەی هەیە، نەپەرژاونەتە سەر یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشەو کۆسپانەی دەبنە تەگەرە لەڕێی ئایندەی ئەو دەڤەرەی ناونراوە ناوچە دابڕاوەکان یان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی هەرێم. وەک ئەوکات نووسیومە (... بیر لەو ڕۆژە ناکەنەوە کە هەرکات ئەو کاکە "وطني"یەی ئانیشک دەخاتە سەر لێواری مێزەکەی ئەمڕۆ سەددامی لەسەرە، لەو بۆگەنتر دەردەچێت) ئەمڕۆیش دەڵێم؛ گەر سەرکردەی پارتە کوردییەکانی هاو نەخشەو پلان نەبن بۆ ئایندەی نەتەوەی کورد بەگشتیو بەشی باشوری کوردستان بەتایبەتی، ئەوا نووری مالکییش بڕوات یەکێکی لەو نالەبارتر لەدژی میللەتەکەمان هەڵدەتۆقێت..

---

[5] ـ لەوەیش بەولاوە، بەپێی ئەو نووچانەی ٥/ ٢/ ٢٠١٣ بیستمان، مالیکیی سەرۆک وەزیرانی عیراقی "بەناو فیدراڵ" کەوتووەتە هەمان ئەوجۆرە تاکتیکەی سەددامو سەرانی پێش بەکاریان دەهێنا، ئەو لەکۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێک لەپارتە کوردییەکان چارەسەری کێشەی ئەو مووچەیەی لە فەرمانبەرانی هەرێم بڕیبوو وەک بەرتیل پێشکەش کرد بە پارتەکەی ئەو، بێگومان بە مەبەسی تێکدانیان لەگەڵ پارتە هاوپەیمانەکەیان کە سەخت لەڕووی پلانەکانی مالکی وەستاوە..

[6] ـ گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت/ چاپی ١/ لاپەڕە ٦ / سلێمانی ١٩٩٩ / ماڵپەڕی (www.koskikurd.com)

**قەزازی بێفیز لەبارێکدا یاساپارێز بوو لەبارێکی تردا یاسا بەزێن**

وێرای ئەو ئاماژانەی لە توێژینەوەکەی ڕێزدار عەببوددا هاتوون، تازە لە هەندێک ماڵپەڕدا ئەم ئاماژانەم بەرچاو کەوت:

لە "إذاعە العراق الحر"دا وتارێک بڵاوبووەتەوە لەژێر ناونیشانی "سعيد القزاز من نجوم السياسة العراقية" لە بەشێکیدا هاتووە دەڵێ: .. ئەو پیاوێکی زۆر بێفیز بوو. لەو شالیارە گەگمەنانە، یان تاکە شالیاربوو کەدەرگای نووسینگەکەی کراوەبوو لەڕووی جەماوەر، گشت یەکێک بۆیهەبوو بچێتەلایو سکاڵاو کێشەکانی بخاتە ڕوو، ئەویش بۆی چارەسەردەکرد.. حەمەسەعید خەفاف کە ناسراوی سەعید قەزازبوو، بۆیگێڕامەوە گوتی؛ ئەو لە هەرەزۆری بەرپرسان بێفیزتربوو.. کاتێک فەرمانبەری پلەنزم بوو لەگەڵ مامی دەچوون لەدیوەخانەکەی حاجی برایمی بازرگان هەر لەدامێندا لەسەر تەختێکی لای دەرگاکەوە دادەنیشت، بەڵام ئەوکاتەی بوو بەشالیاری ناوخۆو، لەسەردانێکیدا بۆ سلێمانیی "شوێنی لەدایکبوونی" لەگەڵ مامیدا دەچێت بۆ دیوەخانەکەی حاجی برایم، حاجی ڕادەپەڕێتو بەڕێزێکی تایبەتەوە لەلای سەرەوەی دیوەخانەدا تەختێکی تەنیشت خۆی بۆ جەنابی شالیار چۆڵدەکاتو دەڵێت فەرموو لێرە دانیشە.. بەڵام جەنابی شالیار ئەوە پەسەندناکاتو دەڵێت؛ بۆ.. هەر لەبەرئەوەی بووم بە شالیار، هەرکات من لەگەڵ کاکە مامە هاتووین هەر لەلای دەرگاکەوە دانیشتووم، ئێستایش نامەوێ شوێنەکەم بگۆڕمو لەسەرووی ئەوانیترەوە دانیشم؟ نا کاکە منو مامم هەر وەک پێش لەلای دەرگاکەوە دادەنیشین[7]..

"المشرق" لەژێر ناونیشانی "من رجال العهد الملكي.. المرحوم سعيد قزاز" چیرۆکێک دەگێڕنەوە، ئەمە کورتەیەتی: .. ڕۆژێک لەنێو ئەو گۆڕەپانەی پەیکەری ڕەسافی تێدایە لەسەر شەقامی ئەمینی بەغدا، کۆمیسەرێکی پۆلیسی هاتوچۆ ڕێ لە وەستانی ئۆتۆمبێلێک دەگرێت چونکە شوێنی وەستان نەبووە، شوفێری گەنج لەگەڵ دابەزینیدا زللـەیەک بە کۆمیسەردا دەکێشێتو دەڵێت؛ من کوڕی سەرەک شالیارانی عیراقم چۆن ڕێ لەمن دەگریت.. بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس کۆمیسەرکە لەگەڵ خۆی دەبات بۆلای شالیاری

7 ـ ماڵپەڕی ـ إذاعة العراق الحر ـ ٢٤/ ٦/ ٢٠١٠
(http://www.iraqhurr.org/content/article/2081416.html)





ناوخۆ کە پاش گوێگرتن لە چۆنێتیی ڕۆداوەکە، شالیار فرمان دەدات شوفێرەکە دەسگیر بکرێت.. پاش ماوەیەکی کورت سەرەک شالیاران تەلەفۆن بۆ سەعید قەزاز دەکات تا کوڕەکەی بەردەن.. بەڵام قەزاز پێیدەڵێت کوڕەکەت **سەرسەرییە**و دەستدرێژی کردووەتە سەر کەسێکی یاساپارێز بۆیە پێویستە بەسزای خۆی بگات.. پاش ماوەیەک کۆمیسەر دەگەڕێتەوە بۆلای قەزازو لێی دەپاڕێتەو کە شوفێرەکە ئازادکات چونکە لە قەرەبووی ئەو زللـەیەی پێدا کێشراوە "سەرۆک شالیاران" سەد دیناری پێ بەخشیوە. هەروەها دەڵێت؛ بەگەم دەتوانم بەو پارەیەی سەرەک شالیاران پێی داوم خانوویەک بکڕم، دیارە لەبریی زللـەیەک یەک خانوو بۆ حەوانەوەی خێزانەکەم ئەوە دێنێت گەر ئێوە بفەرموون کوڕەکەی سەرەک شالیاران ئازادکەن.. قەزاز پێدەکەنێتو فەرمان دەدات شوفێرەکە ئازادکەن[8]..

وەکتریش سەعید قەزاز هیچ گوێینەداوەتە دەرئەنجامی ئەو سەرپێچییانەی کردوونی، نەتەنها بەهۆی چاوپۆشی لەچالاکیی ئەوکەسانی ئەندام بوون لە پارتێکی قەدەغە کراودا بەڵکوو یارمەتی زۆرکەسی ناودارو نیشتمانپەروەری وەک جەواهیری داوە کە بە کۆششی ئەو قەدەغەی چوونە دەرەوەی عیراقی لەسەر لابراوە، یان ئاگادارکردنی هەندێک لەوانەی ناسیونی لە چالاکوانی ئەو پارتە نیشتمانپەروەرانەی دژبوون بە سیستەمی پاشایەتی عیراق، بۆ نموونە ئاگادارکردنی ڕەوانشاد برایم ئەحمەد بۆ خۆ شاردنەوە چونکە لەژێر چاودێریدا بووە نەبا بیگرن..

لە چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ ڕێزدار حاجی عەبدولکەریم قاسم (کەریمە کوردەی ڕەواندزی)" کە لەو ڕۆژانەدا گەنجێکی چالاک بووە لە ڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیست لە شارۆچکەی ڕەواندز، گێڕایەوە کە؛ ئەوکاتەی سعید قەزاز شالیاربوو، لە ڕووسیاوە نامەیەکی ڕەوانشاد مەلا مستەفای بارزانی لەڕێی ڕێکخسنەکانی کۆمونیستیی عیراقەوە دەگاتە دەستی شێخ مستەفای زینوێ تا بە هەچ ڕێگەیەک دەبێت بیگەێننە دەستی ڕەوانشاد لوقمان بارزانی، نامەکە دەدرێت دەستی نوورە ناو تا بیگەێنێت، بەڵام ئەو لەبری بردنی نامە بۆ ڕەوانشاد لوقمان بارزانی ڕێ دەگرێتە بەر بۆ بەغداو دەیدات بە ڕەوانشاد

8 ـ ماڵپەڕی ـ المشرق ـ ٢٧/ ٨/ ٢٠١٣
(http://www.almashriqnews.com/inp/view.asp?ID=51504)

سەعید قەزاز. کاتێک قەزاز نامەکە دەخێنێتەوە وێڕای ڕاسپاردن بە گەیاندنی نامەکە بۆ ئەوکەسەی بۆی هاتووە، سەرزەنشتی نوورە دەکات بۆئەوەی جارێکیتر لەوجۆرە نامەیەی بۆ نەهێنێت چونکە هیچجۆرە تاوانی تێدا نەبینیوە.. هەروەها حاجی فەرموی؛ پاش ماوەیەک بەهەمان شێوە نامەیەک دێت، ئەوجارە شێخ سلێمان ناو گەیاندوویەتییە دەستی ڕەوانشاد لوقمان بارزانی.

ڕێزدار ئازاد جوندیانیی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە لاپەڕەی فەیسبووکی تایبەتیی خۆیدا سەبارەت بە باوکی کە یەکێک بووە لە قارەمانەکانی بەشدار لە کۆماری کوردستانو بەو بۆنەیەوە پاش گەڕاونەوەی لەلایەن ڕژێمی پاشایەتی عیراقەوە دەستگیر دەکرێت، جۆرێک لە هاوکاریی قەزازی نووسیوە[9].. ئەمە دەقیەتی:

"ساڵی 1948 (وەهاب ئاغا)ی باوکم کاتێك لە ژووری چاوەڕوانی لە سیدارەداندا بوو لە زیندانی موسڵ، دوای شکستی کۆماری مهاباد، دواتر حوکمەکەیان گۆڕا بۆ زیندانی هەتاهەتایە ئەوەش بەهەوڵی دلسۆزانی کورد کە لە حکومەتی عیراقی ئەوسادا کاربەدەستی گەورە بوون بەتایبەتی (سەعید قەزاز و عەلی کەمال). زیاتر لە 7 ساڵ زیندانی بووەو لەو ماوەیەشدا 5 ساڵ و 3 مانگ لە ژووری چاوەڕوانی لەسێدارەدان بووە".

جا ئەگەر هەستی نەتەوایەتی نەبێت چۆن کەسێکی وەک ڕەوانشاد سەعید قەزاز کە پاشان تاوانبارکرا بە نۆکەرایەتی ئینگلیز بکۆشێت تاوانبارێک لە پەتی سێدارە ڕزگارکات.

من پێموایە هەمان ئەو خۆ نزیککردنەوانەی لەو دەسەڵاتەی ئینگلیز کە هۆکاربوون لە نەهامەتییەکان بۆ سەر کوردستانو گەلەکەی، هەر بۆیە گەیشتووە بەو بەو باوەڕەی بەو پلەوپایەیەی بتوانێت بەشێک لە هەڵەکانی ڕابوردوویان پێ ڕاستکاتەوە، ئەگینا کامەیە ئەو سوودو بەرژەوەندییە تایبەتەی وەدەستی هێنابێت بۆ خۆی یان بۆ ئەوکەسانەی لەپاشی جێمان..

[9] - بڕوانە (https://www.facebook.com/Azad.Jndyany).





**تێبینیم بۆ چاپی دوو**

وێڕای سوپاسی بێپایانم بۆ ڕێزدار دوکتۆر تاها ڕەسوڵ بەتایبەتیو دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال ڕفعەت بەگشتی کە سوودوسەرمایەی بڵاوکراوەکانیان تەرخانکردووە بۆ هاوکاریی کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوان.. پێیان ڕاگەیاندم کە لە چاپی یەکدا ڕێژەیەکی زۆر هەڵەی ڕێنووسی هەیە، بۆیە پێم باشە خوێنەری هێژا لەوە ئاگادارکەم کە ڕاستە بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکی لەلای خۆمو پاش گەڕانەوەم لەکوردستانو چەن دەستکردنی ڕەشنووسی ئەم پەرتووکە تا گەیشتووەتە دەستی دوکتۆر تەها ڕەسووڵ ئەو هەڵانەی تێکەوتووە. بەڵام ئەگەر هەندێک خوێنەر وشە کوردییە پەتییەکان بەهەڵە بزانێت ئەوا لەکۆتایی پەرتووکەکەدا فەرهەنگۆکێکی کوردی عەرەبیم بۆ داناوە. خۆ ئەگەر وشە لێکدراوەکان بە هەڵە بزانن ئەوا من بە مەبەست نووسیومنو لە لاپەڕەی پێش دەسپێکدا ئاماژەم پێکردووە گەر ئەوە تاوانبێت ئەوا خستوومەتە ئەستۆی خۆم، بۆیە پێمخۆشە ئەو تێبینییانە دووبارە بکەمەوە کە لە پەرتووکی "دادگایی ئەنفاڵ"دا نووسیومە:

**سەرنجو بۆچوون سەبارەت بە کوردادندنی وشەو لێکدانی**

گومان لەوەدا نییە کە لەبواری دادو باری یاسایی دەزگاکانی کوردستاندا، وەک گشت بوارەکانی تری ژیان، زۆر وشەو زاراوەی پیشەییو تەکنیکیو هونەری بەکاردێن هەر وشەگەلی زمانی داگیرکەرانی بەشەکانی کوردستانن. من ئەگەرچی یاساناس نیم خۆم لەوە پاراست کە وەرگێڕانەکەم دەقاودەق بێت، لەبری ئەوە کۆشیومە لەسنووری واتایی دەقە یاساییەکان دەرنەچم بۆیە لە کۆتایی پەرتووکدا فەرهەنگۆکم بۆ هەندێک لەوشەو زاراوە بەکار هاتووەکان نووسیوە.

لەگەڵ ڕێزم بۆیان، بەشێکم لەفەرهەنگی یاسایی دوکتۆر نووری تاڵەبانی، فەرهەنگی دەریای کاک ڕزگار کەریمو فەرهەنگی ئەلیکترۆنیی بەڕێز هاوڕی باخەوانو زۆریتر وەرگرتووەو ئەوەیشی لەو فەرهەنگانەدا نەمبینیون کۆشیم خۆم بیانکوردێنم. ئومێدەوارم توانیبێتم سوود بگەێنم بەکولتووری نەتەوەیی. گومانیش لەوەدا نییە کە ڕۆشنبیری کورد چمکی چالاکی کۆششی بە خامەو پێنوس هەڵکردووە، بەتایبەتی لە ڕاپەڕینو دامەزرانی پێگە یاساییەکانی باشووری کوردستان بەدواوە. ئاواتەخوازم بە پشتیوانی

پسپۆرانی ئەکادیمی ئەو کاروانە ڕوو لە پێشوەچوون بێت تا کوردیش وەک گەلانیتر ببێتە خاوەن فەرهەنگو ئینسیکلۆپیدیای تایبەت بەخۆ. ئومێدەوارم ئەو فەرهەنگۆکەم یاریدەربێت بۆ تێگەیشتن لە هەندێک لە وشە یاساییە بە کوردیّ کراوەکانی ناو ئەم پەرتووکە.

من زمانی نەتەوەیی بەگرنگترین ژێرخانو کۆڵەکەی پارێزەر دەزانم بۆ مانەوەو چەسپاندنی پێناسەی نەتەوایەتیو نەتوانەوە لە بۆتەی نەتەوە سەردەستەکانی وڵاتانی داگیکەری بەشەکانی کوردستان. چونکە لە جیهاندا نەتەوە زۆرن بە پێناسەیەکی نەتەوایەتیی لەخۆ نامۆ دەژین. زەقترین نموونەی لەئێمەوە نزیک، هاووڵاتیی وڵاتانی باکووری ئەفریقایە کە ئێستا خۆ بەعەرەبی ڕەسەن دەزانن، بەتایبەت میسر کە خۆی بە چەقو یەکە ڕازگری عرووبە دەزانێت، هەروەها وڵاتانی تری دراوسێی کە پێش ئیسلام خاوەن پێناسەی نەتەوەیی تر بوون، وەک "قیبتی"و "بەربەر" کە مەزنترینی ئەو نەتەوانەنو "هانیباڵ"[10] لە پێش ئیسلامو "تاریق بن زیاد" لە چەرخی ئیسلامیدا بەناوبانگترینیان بوون[11]، بەڵام نەوەی ئەمڕۆیان نەتەنها زمانی "ئامازیغی" باوباپیران نازانن، بەڵکوو زۆر لەوان توند دژن بە خواستی ئەو کۆمەڵە ئامازیغانەی دەخوازن وڵاتانی لیبیا، تونس، جەزایرو مەغریب بە فەرمی دان بەو زمانەدا بنێنو مافی خوێندن بدەن بەو ڕێژە کەمەی لێیان ماوەو وەک خێڵی بچووک لە لادێ شاخاوییەکاندا دەژین. گوایە لەبەرئەوەی ئەو پرۆسەیە مەترسیی دەبێت بۆ سەر پێناسە عەرووبەییەکەی ئەو وڵاتانە.

---

[10] ـ کوڕی سەرکردەی **بەربەرانی ئامازیغ** بوو پاش مردنی باوکیو مێردی خوشکەکەی بوو بەسەرلەشکری ئەو هێزەی لەساڵی 218ی پێش عیسا لەتونسی ئەمڕۆوە بەڕێگەی هێرشی ئیسپانیادا هێرشی برد تا لەساڵی 202 ی پێش عیسا ڕۆمای پایتەختی ئەمڕۆی ئیتالیای داگیرکرد. ئەوەی شایانی ئاماژەیە، ئەو قارەمانە بەسواری فیلی بەسەر چیاکانی ئەلثدا پەڕیوەتەوەو ئیتالیای داگیرکردووە.

[11] ـ ئیبن خەلدوون دەڵێت ـ یەکێک بوو لەخێلی زناتەی **بەربەری ئامازیغ** لە دەڤەری نافزاوس کە دەکەوێتە کەناری دۆڵی تافنە، واتە وڵاتی جەزایری ئەمڕۆ ـ ( الموسوعة العربية العالمية/ مؤسسة أعمال الموسوعة للنشر والتوزيع، الرياض، طبعة ـ 1، سنة 1416هـ/ 1996م، مادة: طارق بن زياد، 470/15 ).





وەکتر، ئەگەرچی من زمانەوان نیم، بەڵام لە ژیانی تاراوگەو ئاوارەییمدا تێکەڵ بەهەندێک نەتەوە بووم ئەمڕۆ لەجیهاندا زمانیان بەزیندوو دەژمێردرێت، بۆیە هەندێکم تێبینیم لەلا پەیدابووە، وەک:

**کورداندنی زاراوە:**

هەندێک دەڵێن؛ زمان بریتییە لەو کۆمەڵە وشەیەی مرۆڤ لەکارو پەیوەندیو کاری ڕۆژانەدا بەکاری دێنن. بە کورداندنی ئەو زاراوانەی لە دامودەزگا فەرمییەکاندا بەکاردێن دەبێتە هۆی ئاڵۆزیو چەواشەبوون لە ڕۆتینو کاری ڕۆژانەی دەزگاو بڕیارە فەرمییەکان. بەڵام من پوختەکاری ڕێزمانو کورداندنی زاراوە بەستەم نازانم، چونکە ئەمڕۆ ڕۆژی ئینتەرنێتو کۆڤارو ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیو کەنالی ڕادیۆو تەلەڤیزیۆنی ئاسمانیو نوێترین تەکنیکی چاپو بڵاوکردنەوەیەو کوردیش لەوانە بێبەش نییە. بۆیە گۆڕانسازیی لەو بوارەدا زۆر ئاسان وەردەگیرێتو زۆر زوو بڵاو دەبێتەوە، ئەوەیشی بە گرانی دەزانێت هەر چەندجار گوتنەوەی دەوێت، واتە هەرکات دۆزەکە بسەپێت، ئەوا ئەو کەسانەیش ناچاردەبن بێنە سەرباری گۆڕانو پێشوەچوون.

وڵاتی سوید کەئێستا لێی دەژیم، یەکێکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهانی ئەمڕۆ، زمانەکەیان (کە بەشێکە لەزمانە ئەسکەندناڤییەکانی چڵ لە زمانە جەرمانییەکانی لق لە درەختی هیندوئۆرووپی، واتە زۆر نزیکو خزمەزمانە لەگەڵ ئینگلیزی، ئەڵمانی، فرەنسی...و تەنانەت لە کوردیش) دەبینم لە گشت بوارەکانی کارو ژیاندا زۆر وشەو زاراوەی لاتینییان کردووە بە سویدی.

بە گەڕانەوە بۆ چەند سەدە لەمەوبەری زمانی سویدی، بەتایبەتی لەوکاتەوە "شا گوستاڤ ڤاسا" ساڵی 1526 فەرمانیداوە ئینجیل بە زاراوەی ناوەندی وڵات بنووسرێتەوە، ئەوە یەکەم هەنگاو بووە بۆ پەیڕەوکردنی ئەو شێوە زمانە یەگرتووەی پێی دەگوترێت "سویدی نوێ" کە سەرەڕای بوونی هەندێک زاراوە، لەسەرتاسەری وڵاتی سوید پێی دەدوێن.

لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیشدا کەشیش "ساموێل کۆلۆمبوس" لە پەرتووکێکیدا هانی ئەوەی داون کە زمان بەوشێوەیە بنووسرێتەوە کە لەزار دەردەچێت. قۆناغی گرنگی دوای ئەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا زۆر

وشەی بیانییان کردووە بە سویدی، بەتایبەتی وشە ئەڵمانییەکانو بەرفراوانترین کۆششی دوا گۆڕانکارییەکان لە نێوان 1970 بۆ 1980 دا بووە.

سەبارەت بە پوختەو پاراوکردنی زمان، پرۆفیسۆری سویدی لە بواری زمان "بیۆرن کۆللیندەر" 1894ـ 1983 لە فەرهەنگی نوێدا بە پێویستی زانیوە لەبری وشەی بیانی وشە نیمچە لەیادچووەکان بەکاربێت.

**لێکدانی وشە**

لەکۆتایی ساڵی 1998دا مانوسی پەرتووکی "گەلی پەژموردەو نیشتمانی پەرت"م ناردەوە بۆ چاپو بڵاوبوونەوەی لەکوردستان، پاش ماوەیەک ئاگادارکرام بەوەی چاپخانەکە ڕەخنەیان لە ڕێنووسەکەی هەیە بۆیە پێویستە پییدا بچمەوە. دیارە ڕەخنەکەیش لەسەرئەوەبوو کە زۆر وشەی دووبەشەم پێکەوە لکاندوە، لەوانەی بەعارەبی پێیدەڵێن (كلمات مركبة)، لەوەڵامدا ڕامگەیاند بەوەی من بەهەڵەیان نازانمو قایلم بەوشێوەیە لەچاپدرێت. بەڵی لەچاپدرا بەڵام چاپخانەکە (دیارە بۆئەوەی تووشی ڕەخنە نەبن) ناوی خۆیانی نەخستە سەر پەرتووک. لە سەردانێکی ترم بۆ کوردستان ساڵی 2007 هەر ئەوەکەسەی ڕەخنەکانی چاپخانەی پێ ڕاگەیاندم دەستخۆشی لێکردمو گوتی ئەوەی ئێستا لەنووسینی کوردیدا بووەتە باو ئەوشێوازەیە کە پێشتر ڕەخنەی لێدەگیرا. بێگومان هونەری گۆڕانسازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە ئاوارەییەی ڕۆشنبیرانی کوردی تێکەوت، کە لەوانەیە ساڵ یان چەندساڵێکی خایاندبێت تا گەیشتبنە ئەوەی لە شوێنێکدا جێگیربن. مرۆڤ لەو قۆناغو کاروانە دژوارەدا تێکەڵ بەگەلانو گەر ویستبێتیان بە کولتووریشیان بوون. ئەوەی مرۆڤ شاد دەکات ڕەنگدانەوەی ئەنجامی ئەو چاولێکردنەیە کە ڕۆشنبیرانی کورد گرتوویانەتە بەر لەکولتووری میللەتانی پێشکەوتوو.

بەڵی لەسەرەوە ئاماژەم بەوەدا کەڕۆشنبیرانی کورد هەر لەکۆششدان، خۆزگە ئەو کۆششە چەشنی هەنگاوە نوێکارییەکانی زمانی میللەتانی تر بەپشتگیری دەزگای ئەکادیمی زانستییانەی دوور لەهزری ڕامیاریو لایەنو ناوچەگەری دەبوو بۆ پێداچوونەوە بە ڕشتو ڕێزمانی کوردیو پوخت کردنیان.





بەڵی، شوێنەواری جوگرافیو مێژوییو ئاینی هەر لەکۆنەوە کارێکی ئەوتۆی کردووە بەشێوەی کاراو بەرفراوان کوردی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا گرێدراوی کولتووری عەرەبان بن چونکە تا ڕابوردوویەکی زۆر نزیک فێرگە لە کوردستاندا هەر حوجرەو مزگەوت بووەو شاکاری بەرهەمی ڕۆشنبیرانی کورد ئەگەر بەکوردیش نووسرابێت پڕبووە لەوشەی عەرەبیو بەزۆری چاو لەشێوەی ڕشتو نووسینی عرەبی کردووە.

ئەوەی پێویستە ئێمە سەرنجی بدەینێ، خۆ ڕزگارکردنە لە ڕشتو ڕێزمانی عەرەبی، چونکە زمانو ڕیزمانی عەرەبی گرێدراوی قورئانن، واتە هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایەت چونکە وتەی خودایە.

من پێموایە ئەو شێوازەی سویدییەکان چوار سەدە لەمەوبەرەوە گرتوویانەتە بەر بۆ ئەوە بووە نووسینەوەی وشە هەر بەوشێوەیە بێت کە لەدەم دەردەچێت.

ئەو دیاردەیەی لە یەکەم قۆناغی ئاوارەییمدا لەئێران، جگە لەوە پێکهاتەی٨٠% وشەکانی فارسیی ڕۆژ بوونەتە عەرەبیی تێکشکاو[12]، ناوێکی دوو وشەیی "هلالأحمر آزربایجانغربی" سەرنجی ڕاکێشام کە لەبنەڕتدا عەرەبییەو بەشێوەی "هلال الأحمر لآذربایجان الغربية" دەنووسرێت، واتە ناوێکی چوار وشەیی عەرەبی لە فارسیدا کراوە بە تەنها دوو پارچە. یان ئەوانەی لە "فەرهەنگ عمید"دا دەیبینن، کە فەرهەنگێکی بەناوبانگی فارسییە، دوو وشەی کارو کۆشش ی کوردیی کردووە بە یەک پارچە، واتە کاروکۆشش، هەروەها علیرضا لەبری علي رضي،و ألعياذبالله لەبری ألعياذ بالله، واتە بەو شێوەیە دەینووسنەوە کە لەزار دەردەچێت.

ئەوەی لەزمانی سویدیدا دەبینرێت، زۆر وشەی لێکدراو هەن لەبنەڕەتدا پێکهاتووە لە چەندین وشە، بۆ نموونە Transformationsgrammatik کە ئاڵوگۆڕی ڕێزمانی دەگەێنێت، ئەنجامی لێکدانی دوو وشەی Transformation و grammatik ـە، هەروەها Familjehemsvård واتە "چاودێری خێزان لەناوماڵدا" لێکدراوی چوار وشەیە Familje hem s vård یان Arbetsställsupphängningsmaskin واتە "مەکینە هەڵواسراوەکەی

[12] ـ گەر لە شانامەی فەردووسی بڕوانن کە لەنێوان ساڵانی 1010 – 977 نووسراوە دەبینین پترە لە پەنجا هەزار بڕگە، تەنها نزیکەی پەنجا وشەی عارەبی تێدایە.

<u>شوێنی</u> <u>کار</u>". جا ئەو نموونانە دڵۆپن لەدەریایەکی ئەوجۆرە چاکسازییانەی ئەو میللەتە لەپێناو ئاسانکردنی خوێندنەوەو گفتوگۆ لە ڕشتەو ڕێزمانیان کردوویانە.

سەرئەنجام، وا من بەڕێنووسی بابەتەکەدا چوومەوەو ئەو هەڵانەی بەرچاوم کەوتبێت ڕاستم کردنەوە، ئاواتەخوازم توانیبێتم ئەو بەرهەمەی مامۆستای بەڕێز زوهێر کازم عەببود پاکو پوخت وەرگێڕابێتو ناوەڕۆکیم وەکخۆی بە کوردی خستبێتە بەردەستی خوێنەری هێژا.

وەرگێڕ / گۆمەیی
نەورۆزی ٢٧١٣ ـ ئەپریلی ٢٠١٤

## پێشەکی نووسەر

مێژوو لەخۆیدا بریتتیە لە کۆمەڵێک ڕاستی، باری ڕاستێنییش لەم کۆڵینەوەی ئێمەدا ئەوەیە کە نەمانتوانیوە بگەینە نێو ناخی ئەوپیاوە، چونکە زۆر لەوجۆرە کۆسپەی هاتە ڕێمان بوونەتە هۆی پساندنی دەزووی تروسکایی لە ژیانی ڕابوردووی ئەو پیاوە لەگەڵ ئەمرۆ، هەر ئەو پسانە بووەتە هۆی نمایشکردنی ژیانی وەک چیرۆکێکی ئەفسانەیی یان چەشنی ئەو بروسکەیەی لەناکاو دەبریسکێت بەجۆرێک مرۆڤ ناخاتە ئەو باوەڕی بینیبێتی. بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیش دووچاری هەمان بار بوو چونکە سەعید قەزاز پیاوێک بووە وەک دورگەیەک لەگشت لایەکەوە ئابڵوقە دراو.

گەڕان لەدووی زانیاری سەبارەت بە باری پەروەردەبوونو قۆناغەکانی سەرتایی ژیانی ئەو، لەگەڵ کۆکردنەوەو نووسینیان زۆری ماندووکردم، چونکە هیچ دەروازەیەکم نەدییەوە بۆ ئەومەبەستە ببێتە یاریدەر، هەروەک زۆر لەهاوڕێیانی لەژیانەدا نەمان، ئەوانەیش ماون شتێکی ئەوتۆ لەبارەیەوە نازانن، بۆیە ئەوەی لەسەر ئەو کەسایەتییە دەینووسم، دەتوانین بڵێین هەر بەتاکە یەک چاو بووە.

ناکرێت ڕاستیەکانی سەبارەت بە سەعید قەزاز لەمێژووی رامیاریی عیراق (ی پاشایەتی) یان لە کۆمەڵگەی عیراقی ئەوکات جوداکرێتەوە، چونکە لەباری ڕامیاریی گشتیدا ماوەیەکی زۆر وەک کارەکتەرێکی کاراو کاریگەر لێی ڕوانراوە، ئەگەرچی هیچ دەزوویەک نیە کاریگەریی ئەو ببەستێتەوە بە ناوباگی بنەماڵەکەی یان جورێک لە خزمایەتی ئەو لەگەڵ بنەی تەختی پاشایەتی، بەڵکو ئەو تەنها بە کارامەیی خودی خۆیو هەڵوێستی خۆیی توانیویەتی لە کارەکانیدا پلە ببڕێت لەگەڵ هەندێک پەیوەندیی مرۆڤانەیی سنووردارو ڕەوتی خۆیی.

هەرگیز مەبەستی من ئەوە نەبووە تەنها لایەنی چاکە لە ژیانی سەعید قەزاز بخەمە ڕوو، بەڵکو خواستی من ئەوەیە ڕەوشی ژیانی پیاوێک بگێڕمەوە کە پتر لە سی ساڵ کارمەندی پایەدار بوو لەدەزگا گرنگەکانی دەوڵەتی عیراقدا.

وەک لە ژیانی گشت مرۆڤێکدا لایەنی چاکە هەن بێگومان خراپەیش دەبێت، بۆیە ترسم لەوەیە ئەم لێکۆڵینەوەی منیش بێ کەموکورتی نەبێت، چونکە





دەستپێکردنی من لە دواڕۆژانی ژیانی ئەو پیاوەوەیە، هەروەها من لە نزیکەوە ئاگاداری کارە فەرمیەکانی ئەو نەبووم، چونکە ئەوکات منداڵ بوومو لەکاتی لەسێدارەدانیدا من خوێندکاری پۆلی یەکی ناوەندی بووم، وەک هاوتەمەنانم لەڕێگەی ڕادیۆوە ئاگاداری پرۆسەی دادگایی "سەرانی خولی پاشایەتی" لەدادگای گەلدا بووم، چونکە ئەوکات تەلەڤیزیۆن نەگەشتبوە شارەکان. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام خودی شکۆداری ئەو پیاوەو وەڵامە بوێرەکانی بوو لەڕووی سەرۆکی دادگاو دادیاری گشتی. هەروەها ئەو هەڵبەستو هاتوهاوارە شەرمانگیزو بێزرخانە سەرنجی منیان بەکێش کرد کە هەندێکەس لەنێو هۆڵی دادگادا دەیانقیڕان چونکە شایانی ئەو شوێنو ناوبانگەی دادگا نەبوون کە لەوکاتەدا بە دادگای گەل ناودەبرا.

ڕاستی بارێک نییە بەکۆششی توێژەر بسەلمێت بەڵکوو هەرخۆی دەکارێ خۆ بسەپێنێت، ئەوەی لەسەر توێژەرە هەرچیی وەدەستدێت وەکخۆی بەکاریان بهێنێتو بێلایەنگیری بیانخاتە ڕوو.. بێگومان ڕاستی لەخۆیدا کۆڵەکەیە بۆ مێژوو، لەوانەیە هەندێکجار بەشێکی لێ بزرکرێت بەڵام بێهوودە لەسەردەمێکی تردا ڕوونو ئاشکرا سەر هەڵدەداتەوە..

سەعید قەزازی کە کوردی عیراق بوو شانازای کردوە بە عیراقیبوونو موسوڵمانبوونی خۆیەوە. ئەگەرچی سەرەتاکانی ژیانی ئەو نادیارن بەڵام لەڕێڕەوەی ئەو پلەو پایانەی بڕیونی دەردەکەوێت کەسێکی گیرو وردبینو هەنگاونەربووە، لەنێویاندا کۆمەڵێک ڕاستی هەن پاشان لەدرێژەی گێڕانەوەی ژیانی سەعید قەزازدا دەیبینین.

زۆر وێستگە لە ژیانی سەعید قەزازدا بووە، ئەوەی من توانیم بیدۆزمەوە بەشێکن لەو زانیارییانە لەڕێی پرسو بەدواچوونی ژیانی ڕابوردوویدا بوون. دەسپێک، لێکۆڵینەوەی من لەسەرەتای نەوەتەکانی (سەدەی پێشوو) بوو، واتە ئەوکاتەی دەسەڵات گشتجۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ هەرێمی کوردستان قەدەغەکرد، ئەوکات لەشارێکدا خواستم لێکۆڵینەوە دەستپێکەم، وێڕای گشت کۆسپو تەگەرە شانس بوو بەیارم، دانیشتووانی بەئەمەکو خاوەن ڕەوشی چاکەو پیاوەتی لەیادنەکەر بۆم بوونە یاریدەر. ئەو شارە بەخشندەو بەرەچەڵەکەی هەشت ساڵ لەبواری دادوەریدا کارم تێداکرد، ئەو شارەی مووسڵە کە دەتوانین بە "شاری چاکان" ناوێ بهێنین چونکە سەنگو پێگەی

دانیشتووانی بۆمن ئاواڵەبوو، تەنانەت بواره شاراوەکانیشیان. ئەوان زۆر یارمەتیان دام بۆ گەیشتن بەڕاستییەکان سەبارەت بە سەعید قەزاز. زۆر لەوان سەرەتا دروودیان ئاراستەی ڕەوانی پاکی دەکردو سوورەتی فاتیحایان بۆ دەخوێن، تیایشیاندا هەبوو نەیار بە سەعید قەزازو سیستەمە پاشایەتییەکەی عیراق.

بە دڵودەروونێکی پاکەوە سەرەتا وەک فەرمانبەر دامەزراوەو پایە بە پایە سەرکەوتووە تا دەگاتە پلەی شالیارو لە شالیارگەی ناوخۆدا ماوەیەکی درێژ دەمێنێەوە. لەوباوەڕەدا نیم بە درێژایی کارکردنی لە پلەی شالیاری ناوخۆدا هیچ عیراقییەک گومانی لە دەستپاکی سەعید قەزاز بووبێت.

ڕۆژنامەوانی پوختەکار عەبدولباست یونس ڕەجەب لە ڕۆژنامەی "المثال"ی مووسڵیدا ساڵی ١٩٥١ دەڵێت: (پیاوێکی خورتو خوداناس لە گرێی چوارهەمی ژیانیدایەو ڕووی لە پێنجهەمە، مووی سەری نیواونیو یان نزیک بە نیواونیو ماشوبرنج بووە، پێستی ڕەشتاڵ باڵای نە بەرزو باریکە نە کورتی قەڵەو، لە یەکەم چاوپێکەوتنەوە لە چاوەکانیدا دیاردەی ڕووخۆشی، نیانیو ئاسوودەیی دەخوێنیتەوە، پیاوێکە لە ویژدانی خۆیو ڕەوشی ڕاستکاریی خۆی قایلەو ئاسوودە پاڵی لێدەداتەوە، بەدەم گەورەو بچووکەوە پێدەکەنێت، وەکتریش لەسیمایدا توندیو پێداگری دەبینیت. زۆر کارایەو کارو پیشەکەی لا پیرۆزە. توندە پێ تیژی، نەرمە بێ لاوازی. زۆر بەهرەمەندەو لەدادپەروەریدا ئاسوودە پاڵی داوەتەوە).

وەک ئەو وتانەی عەبدولباست یونس ڕەجەب پێش کاتیخۆی کەوتبووە، قۆناغ کورتکەرەوەیش بوو بۆ تەواوی مافبەخشین بەو پیاوە، ئەوە لەکاتێکدا خودی عەبدولباست یونس بەناوبانگ بووە بەنووسینی گرژو ڕەخنەی قورسو بەهۆیەوە کێشەی زۆری بووە لەگەڵ کاربەدەستانی میریی ئەوسەردەمەو بەوە ناسراوە کە لەپێناو وەدەسهێنانی مافی کۆمەڵو نیشتماندا هەمیشە گرژەو وبە وشە ڕەقەکانی سەردەکەوت بەسەریاندا، بەڵام سەرەڕای ناکۆکییەکانی بیروباوەڕی خۆدی لەگەڵ سەعید قەزاز هەڵسەنگاندنی تەنها بەو دوو وشەیە بڕاندووەتەوە کە دەڵێت ((پیاوێکی خانەدان))، هەرکات مرۆڤ شێوە ڕەوشی ئەوتۆ لەدەمی پیاوێکی ڕاستگۆو بوێر ببیستێت، دەکرێت بەنیشانەی شانازی بژمێرێت بۆ سەرسنگی سەعید قەزاز. بەڵێ "بەهۆی دادپەروەرییەوە ئاسوودە





پاڵیداوەتەوە.." دیارە هەر ئەوە ناخی سەعید قەزازدابووە کە عەبدولباست یونس دەیگێڕێتەوە.

ڕاستی، ئەگەرچی لەیادیش بچێت هەر بەجۆرێک لەخۆی دەدوێت بۆ ڕێگرێتن لە گشتجۆرە شیکاریو بۆچوونی تری لایەدە. بێدەنگبوون لە یادهێنانەوەی چاکەو پێناسەکردنی کەممەترسیتر یان کەمتاوانتر نییە لەو چاوپۆشییەی دەکرێت لە کاری نەنگو شوورەیی ئامێز. بۆیە ئێمە بەپێی ئەو بنەمایە کەوتینە کۆڵینەوە لەمەڕ سەعید قەزاز.

هەندێک لەوکەسانەی بینیومن "وەک خۆیان دەڵێن" چیرۆکی نابەجێیان هەیە لەسەر ئەوپیاوە بەڵام زۆربەیان ناخوازن بەناویانەوە بڵاوبێتەوە، نموونەی نەنگ لەلای ئەوان ئەوەیە کە گوایە سەعید قەزاز ڕەگەزپەرست بووەو لایەنگریی هاونەتەوەییانی خۆی کردووەو مرۆڤی کوردی پتر خۆشویستووە وەک لە کەسێکی عەرەب. باشە ئەگەر ئەوکەسانە بەڵگەی ڕاستیان بەدەستەوە هەبێت بۆ ناخوازن ئەو ڕواڵەتە ئاشکراکەن. ئەوەی من لە کەسانی ترم بیستووە دەڵێن هەرگیز ئەو ڕەگەزپەرست نەبووە یان جیاوازی نەکردووە لەنێوان کەسێکی کوردو یەکێکی عەرەب. کەسانیش هەن ڕەخنەی لێدەگرن گوایە دژبووە بە پارتە نیشمانپەروەرەکانی عیراقیو دڵسۆزبووە بۆ سیستێمی پاشایەتیو هاوکار بووە بۆ کۆنەپەرستانو ئینگلیزی داگیرکەر. هەندێکیش دەڵێن لەگەڵ ئەوەی توندهەڵوێست بوو دەستیشی وەرداوەتە پرۆسەی هەڵبژاردنو گرتنەبەری هەڵوێستی قەلاچۆکارانەی ڕامیاریی بۆیە دەیخەنە خانەی دژ بە گەلو پشتگیر بۆ سیستێمە کۆنەپەرستەکەی پاشایەتی.

ئێمە کە لەدووی ڕاستییەکان دەگەڕێین پێویستە پرسەکانمان ئاوێتە نەکەین لەگە ئەو وڵامانەی زایدەی سۆزوئارەزووی خۆیین، بەڵکو پێویستە لەچوارچێوەی بیروبۆچوونی خودی ئەوپیاوەوەبێت، هەروەها پێویستە ئەوە بەرچاوگرین کە کوتوموت لەتوێی بیروباوەڕی ئەوپیاوەو هەستو هەڵوێستی ئەوو لەگەڵ ڕەوشو کەسایەتیی ئەوەوەبێتو بەڕادەی تێهەڵکێش بوونی کات لەگەڵ ڕەوتی ڕژێمی ئەو سەردەمە. خۆ ئەگەر هەڵوێستەکەی سەعید قەزاز زایدەی خوو هەڵوێستی خودی سەعید قەزاز نەنوێنێت ئەوا بارەکە دۆخێکی تر دەنوێنێتو پێویست بە لێکۆڵینەوەی وردی تر دەکات تا بنەماکانی ڕاستکاریی تێدا دەردەکەون. بۆ ئێمە هەندەی مەبەست تۆمارکردنی ڕاستییە،

هەندەمان لا مەبەست نییە پاکانە بۆ ئەو بکەین.

ڕەوشی ئەوپیاوە لەخۆیدا مایەی سەرنجە، بۆیە ئێمە دەکۆشین بەم نووسینە خاکییە لەکەسایەتی ئەو بگەین، هەروەها لەوەی چۆن توانیویەتی لەدۆخێکی کۆمەڵایەتی جیاواز بەدۆخی خۆی بەوجۆرە خۆ بسەپێنێت؟ چۆنو بەچی توانایەک گەیشتووە بەو پلەیەی پڕبەپێستی خۆی بوو؟ سەرئەنجام چۆن ئەو هەڵوێستەی گرتەبەر، یان چۆن توانی پێداگربێت لەسەر ئەوبارەی ئاماژەمان پێدا؟

بەگوێرەی ئەو گەواهینامانەی لەسەریمان بیستووە دەرکەوت، ئەو لەبواری پەیوەندییە مرۆڤانەییەکانیدا پیاوێکی سەرڕاست بووەو پێداگر بۆ بەرگری لێی. تالب موشتاق لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت؛ ئەوکاتەی سەعید قەزاز شالیاری ناوخۆبوو ڕۆژێک بانگی کردووە بۆ نووسینگەکەی خۆیو پێیگوتووە پێویستە ئەو لیژنەیە هەڵوەشێنێتەوە کە پێکهاتووە بۆ کۆکردنەوەی پێتاک لەبۆ زیانلێکەوتووانی "پۆرسەعید" هەروەها تکای لێکردووە دەست لە سکرتاریەتی گشتیی ئەوڕێکخراوە بکێشێتەوە، بەڵام ئەو دەستی نەکێشایەوە پاشان دەرکەوت چاودێریی قورسی بەسەرەوە بووە [13].. مەبەستی سەعید قەزاز لەو پێشنیارە بۆ دوورخستنەوەی هاوڕێکەی بووە لە لێپرسینەوەی یاسایی. ئەو لەپێناو ڕاگرتنی پەیوەندی لەگەڵ دۆستانی گوێینەداوەتە پلەو پایە لەوبارەوە تالب موشتاق دەیگێڕێتەوە کە؛ جارێکیان "بەهجەت عەتییە[14]." تەلەفۆنی بۆ دەکاتو پێی ڕادەگەیێنێت "باسم"ی کوڕی بباتە لایان بۆ لێکۆڵینەوە بەڵام ئەو لەوەڵامدا گوتوویەتی نازانێت لەکوێیە، ئێوارەی هەمان ڕۆژ تالیب موشتاق لە یەکێک لە ژوورەکانی یانەی بەغدا بەتەنیا لەگەڵ سەعید قەزازی شالیاری ناوخۆ دادەنیسێتو ئەوەی بۆ دەگێڕێتەوە، ئەویش پێیدەڵێت تاسبەی ماوەم بدە ئەوسا پێتی ڕادەگەێنم چی بکەیت، ڕۆژی دوایی لەهەمان یانەدا یەکدەبینن ئەوکات دەڵێت پێم باشنییە بۆیانی بەریت چونکە چەندین کێشەی ڕامیاریی لەسەر تۆمارکراوە... وەک دەیگێڕێتەوە کە هەردەم

13 ـ طالب مشتاق / أوراق أيامي/ دار واسط للدراسات والنشر والتوزيع ، بەغدا ١٩٨٩ / لاپەرە ٥٤٩

14 ـ بەهجەت ئەلعتیە، لە دوارۆژرکانی سەردەمی پاشایەتی عیراقدا بەڕێوەبەری ئاسایشی ڕامیاری بوو





خۆی بەوامداری سەعید قەزاز دەزانێتو ئەوکارەی ئەو کردوویەتی نیشانەی پەیوەستبوونە بە دۆستایەتی هەروەها پیاوچاکیو ڕەوشتپاکیی ئەو[15].

مانگی چواری ساڵی ٢٠٠٧ لەشاری هەولێر دانیشتنێکی برایانەم بۆ هەڵکەوت لەگەڵ مامۆستا باسم تالیب موشتاق، لەوێدا ئەوەی بۆیگێڕامەوە؛ کاتێ بەفەرمانی گرتنەکەی زانیوە، پەرتووکەکانی یەکێتیی گشتیی قوتابییان لەماڵی ئەودابووە هەروەها پەیوەندی هەبوو لەگەڵ ڕێکخستنەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بۆیە پۆلیس لەدووی گەڕاوەو بەهۆیەوە باوکی ئاگادارکراوەتەوەو ئەو چووتەلای شالیاری ناوخۆ سەعید قەزاز کە پێیگوتوە با خۆی ڕادەستکات چونکە کارەکەی ئاسانەو ئەو دەتوانێت کێشەکەی بۆ چارەسەرکات، بەڵام پاش داخستنی تەلەفۆن سەعید قەزاز دووبارە تەلەفۆن دەکاتەوەو بە بەڕێز موشتاق طالیب دەڵێت با باسم خۆی ڕادەستی پۆلیس نەکات چونکە کێشەکەی قورسەو مەترسیدارەو ناوهێنانی ڕامیاریی لەئارادایە، ئەوکات باسم هەڵدێت بۆ دەرەوەی عیراقو لەگرتن دەرباز دەبێت.

ئەگەر بەوەردی لەو ڕووداوە بڕوانین کە بەڕێز باسم تالیب موشتاق گێڕایەوە، هەروەها لەو هەستەی وابکات شالیارێکی ناوخۆ هۆشداری بدات بەکەسێک کە کوڕەکەی ڕادەست نەکات چونکە کێشەی مەترسیداری لەسەر تۆمارکراوە، سەرەڕای بیروبۆچوونی جیاوازی نێوانیان، تەنها لەبەرئەوە بووە کە پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵدا بوو، بێگومان ئەو هەڵوێستەی سەعید قەزاز پێویستی بە لێکدانەوەی قووڵ هەیە.

مامۆستا عەبدولباست یونس بۆیگێڕامەوە، کاتێک باوکی کۆچی داویی کردوە سەعید قەزاز لەگەڵ ئەوەی موتەسەریفی مووسڵ بوو سێ ڕۆژ لەسەریەک ئامادەی کۆڕی پرسەکەیان بووە، واتە کارو بەرپرسیارەتی نەبووەتە بەرگر لە بەجێهێنانی ڕێوڕەوشی کۆمەڵایەتی.

مامۆستا سەعید ئەلدێوەچی (مێژوونووسی مووسڵ) بۆیگێڕامەوە کە بەرانبەر بەو فەرمانبەرانەی لەگەڵی بوون سەعید قەزاز بێفیزو دڵفراوان بووە. یەکێک لە نیشانەکانی بێفیزیی ئەوەبوو، هەرکات چووبێت بۆ ئاهەنگێکی فەرمی یانیش کۆڕ، پاش تەواوبوون ئەگەرچی شەو بوایە یان ڕۆژ چاوەڕوان دەبوو

15 ـ طالب مشتاق / هەمان سەرچاوە / لاپەرە ٥٦٠

تا بزانێت کەس هەیە ئامێری هاتوچۆی پێنەبێت تا بە ئۆتۆمبیلەکەی موتەسەرفیەت بیگەێنێتەوە ماڵی خۆی[16].

پارێزەر عەبدولقادر الدبوونی (دانیشتووی مووسڵ) لەوکەسانەبووە کە هەلسوکەوتی لەگەڵبووە، بەوەی پێناسەکرد کە کەسێکی چاکەکار، بەڕێوەبەرێکی کارا، خاوەن کەسایەتی بەهێزو یاساو ڕێسا پارێزبوو بەشێوەیەک بگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی. جارێکیان سەردانی کردووە تا پێ ڕاگەێنێت کە قایمقامەکانی شارۆچکەی تەلەعفەرو شەنگار دەستیان وەرداوەتە ڕێکاری یەکاڵاییکردنەوەی کێشەی زەویوزار لەسوودی کەسایەتییەکی تایبەت، بەوبۆنەیەوە مامۆستا دبوونی بۆی دەردەکەوێت چەندە کەسێکی گیر، گوێڕایەڵ، دڵفراوان، خاوەن بڕیاری ڕاستو لەمەڕ سکاڵای یاسایی خاوەن هەڵوێستی دادپەروەرانە بووە، هەروەها زۆر دژبووە بە دەستتێوەردان لە کاری یاساییو ناوبژیی کێشەی زەوی، چونکە ئەوە کاری دەزگا یاساییەکانە. لەو ڕووەوە دەڵێت، بەنووسراو فەرمانی دەرکرد بەوەی نابێت هیچ دەستتێوەردانێک ڕووبداتو چاوەڕوانبن تا لیژنەکانی ناوبژی کاری یاسایی ئەنجام دەدەن. دەڵێت هیچکات سەردانی نەکردووە بەو مەبەستەی یارمەتی کەسێکی بۆ بدات یان بە مەبەستی هاوکاری. دبوونی لەدرێژەدا گوتی؛ ئەوەم بەرگوێ کەوت کە هەندێک کەس ڕەخنەی ئەوەیان لێبووە گوایە ڕەگەزپەرستانە لایەنگرە بە نەتەوەکەی خۆیو هەر کۆشیویەتی لاوە کوردەکانی دەرچووی زانکۆ دامەزرێنێت، منیش هەستم بەشتێکی لەو بابەتە کرد "وەک دبوونی دەیگێڕێتەوە" پێکەوە کەوتینە چەندوچۆنی ئەوبابەتە، لەوەڵامدا پاکانەی ئەوەیکرد کە بەڵێ ڕاستە تاخمێک لەو لاوە کوردانەی دامەزراندووە کە هاوڕێی منیش بوون، ئەو بەمەبەست ئاوڕدانەوە لەو کوردە گەنجانەو دامەزراندنیان بووە وەک فەرمانبەرو سەرقاڵکردنیان بە کارەوە لەدەزگاکانی دەوڵەت نەبا کینە هەڵگرنو بکەونە بەر لافاوی کۆمۆنیستی، ئەوکات (بەپێی وەتەکانی ئەو) نیشتمان دەیاندۆڕێنێت. لەوەیش بەولاوە بەهانەی ئەوەیبوو، گەر لەڕووی یەکسانیو دادپەروەرییەوە لە بارەکانیان بڕوانین، ئەوانە پێویستییان بە چاودێریو هاندان هەیە بۆئەوەی بچنە سەر کار تا یەکسان بن لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی ئاسانتر هەلی کاریان بۆ

[16] ـ چاوپێکەوتنم لەگەڵ مامۆستا سەعید دێوەچی لە مووسڵ ڕۆژی ٥/ ١١/ ١٩٩٥.





ڕەخساوە.

لەدرێژەیدا مامۆستا دبوونی گوتی؛ بینیویەتی ئەو چەندە ڕاستگۆبووە لەگەڵ بنفەرمانەکانی، بەتایبەتی "پۆلیس"و هەردەم پاڵپشت بووە بۆ ئەو فەرمانبەرو کادیرانەی جێی باوەڕی بوونو چاودێریی کارو هەڵوێستی دەکردن. ڕێگربوو لە خۆپیشاندان، لەکاتی چاوپێکەوتنماندا لەیانەی مووسڵ، پاکانەی بەوە دەکرد کە گوایە ناخوازێت کێشە لەنێوان پۆلیسو گەلدا ڕووبدا. لایەنی نەرێنی لەودا ئەوەبوو کە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانو زۆر لەوانەی لەو بوارە کاردەکەن جیقلدانە تەنگو بە هیچنەزانو خۆویست ناوی دەبردنو بەوەی تاوانبار دەکردن کە بەناوی بەرژەوەندیی گشتییەوە خۆ دەردەخەن[17].

بەڵام عەبدولباست یونس دەڵێت؛ کاتێک سەعید قەزاز شالیاری ناوخۆبووە ئەم وتارێکی گرانی نووسیوە تێیدا ڕەخنەی توندی گرتووە لەدەسەڵات، ئەوکات موتەسەریفی لیوا (پارێزگار) ئەو ڕۆژنامەیە بەرزدەکاتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕاگەیاندن، ئەوانیش لایخۆیانەوە ئاگادارنامەکە بەرزدەکەنەوە بۆ شالیاری ناوخۆو تێیدا ئاماژە بەسەروتارەکەی دەدەن، ئەوکات سەعید قەزاز بەدەستی خۆی لەسەر نامەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕاگەیاندن دەنووسێت (بینیم، بیپارێزن)و واژووی دەکات. ئەوە لەباتی کارڕاێکیی لەدژ بکاتو ڕۆژنامەکەیش دابخات[18].

ذولنوون ئەیوب کە لەوسەردەمەدا یەکێکبوو لە پلەبەرزانی کۆمۆنیست بەڵام پاشان دەرکرا، سەبارەت بەو دەڵێت: لەڕقی کەللـەڕەقیی بەڕێوەبەرایەتی "گەشتیاریو نیشتەچێیو ئاسایش"و بەهجەت عەتییەی سەرۆکی، چووم بۆ لای شالیاری ناوخۆ سەعید قەزاز پێشنیازمکرد ئەو قەدەغەی چوونەدەرەوەی وڵات کە خرابوە سەرم لایبەرنو پاسپۆرتێکم بدەنی، دیارە لەبەر ئەو ڕێزەی لە نێوان منو ئەو پیاوەدا بوو بینیم بە تەلەفۆن کەوتە پەیوەندی لەگەڵ بنفەرمانەکانیو ڕایسپاردن پاسپۆرێکم بۆ ڕێکخەن، ئەگەرچی گوێم لە بەڕێوەبەرەکە نەبوو چی دەڵێت بەڵام لەڕێی وتەکانی شالیارەوە تێگەیشتم ئەو مەترسیی لەوەبوو من لەدەرەوەی عیراق چالاکیی ڕامیاری بگێڕم، شالیار لەوەڵامیدا گوتی، ئێمە بۆ ئەوجۆرە تاوانە یاسای سزاییمان هەیە سووکترینی

[17] ـ چاوپێکەوتنم لەگەڵ مامۆستا سەعید دێوەچی لە مووسڵ ڕۆژی ٩/ ٢/ ١٩٩٥.
[18] ـ چاوپێکەوتنم لەگەڵ مامۆستای ڕۆژنامەنووس عەبدولباست یونس ڕەجەب.

لێکێشانەوەی ڕەگەزنامەیە لەکەسی سەرپێچیکار، لەوێدا شالیار زۆر دڵنیابوو لەوەی گەشتی من بۆ ئەومەبەستە نییە. منماڵئاواییم لە شالیار کردو دڵنیام کرد لەوەی ئایندە ئەوەتان بۆ دەردەخات کە گومانی ئەو بەڕێوەبەرە لەجێیخۆیدا نییە، ئەوپیاو بە نەرمییەوە لەشوێنی خۆی هەستاو ئاواتی گەشتێکی خۆشی بۆخواستم، ئەوکات بێچەندوچۆن پاسپۆرتم وەرگرت[19].

ئەوە سەرڕای جیاوازیی بیروبۆچوون لەنێوان ذولنوون ئەیووبو شالیاری ناوخۆ سەعید قەزاز ئەو دیاردەی ئەو ڕێزەیە کە بوویەتی بۆ نووسەر، مێدیاکارو ڕۆشنبیرانو بەوپەڕی توانایەوە یارمەتیداون، بێگومان ئەوە نیشانەی بەرزیی ڕەوشتو ڕێزگرتنە لە ڕۆشنبیرانو ڕۆڵی گەشیان لەنێو کۆمەڵدا. ئەوەی گێڕامانەوە باشترین گەواهین بۆ ئەو.

پاش نمایشکردنی چەنپارچەی کورت لەهەندێک ناونیشانی بەرین لەسەر ئەوپیاوەی "پێدەچێت" بێمۆڵەت خۆی خنیبێتە نێو مێژووی عیراقەوە.. پاشلەوەیش کە هەندێک نمایشمان لەوێنەی ئەو پیاوە پۆلایینەمان بۆ دەردەکەوێتو لەڕێگەی گێڕانەوەی ئەو ڕاستێنییانەی دەگونجێن لەگەڵ ڕاستێنیی ئەو مێژووەی زۆر لەئێمە تێیدا ژیاوین بەهۆیەوە خۆ بخنێینە نێو ناخییەوە، دەکارین لەڕێگەی ئەو هاوژیانییەوە سەنگ بۆ ئەو پێوەرە بدۆزینەوە کە کەسایەتی سەعید قەزازی پێ هەڵدەسەنگێت، بەویش ئێمە دەبینە دیدەروان بۆ ڕاستی جونکە خۆمان بەشێک بووین لەو.

ڕاستی وەک هەردەم پیرۆزە بە بڕبڕەی مێژویش دەژمێردرێت، لەنێو ئەو ڕاستێنییەوە من زۆر لەدووی شتێک گەڕام تایبەتە بەو سەعید قەزازەی پتر لەیەک چارەکە سەدە گیتیی سەرسامکردو مەرۆڤی عیراقیی پێ خولیابوو، بەڵام کەسم نەدیوە بە نووسینێک بمخاتە سەر ڕێی پەرتووک یان لێکۆڵینەوەیەک لەسەر سەعید قەزاز، بۆیە کەوتمە گەڕان لەنێو ڕێڕەوی پەرتووکخانەکان بەڵام نایدۆزمەوە، (پێموایە) تا ساڵی ١٩٩٤ تەنانەت شانسیش ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسانم لە تێزی ماجستێرو دوکتۆراکاندا جۆرێک لە ئاماژە بدۆزمەوە تاڕادەیەک نزیکم بکاتەوە لە سەعید قەزاز، واتە پێش دەرچوونی پەرتووکەکەی ڕێزدار عەبدولڕەحمان ئەلبەیاتی (سعید قزاز

---

[19] ـ ذولنون أيوب / قصة حياته / القسم الرابع ـ الطبعة الأول ڤينا ١٩٨٣ / لاپەڕە ١٥٢





ودوره في سياسة العراق حتى عام ١٩٥٩) کە تێزێک بوو بۆ وەرگرتنی ماجیستێر. سەیر لەوەدایە کە ڕاستی هەمیشە هەیە بەڵام بێدەنگ ڕاڤە لەخۆی دەکاتو هیچ نادوێت تا ئەوکاتەی نووسەرێک لێی دەخوازێت، لەو ئاستەیشدا زۆر کۆسپ هاتنە ڕێمو بوونە بەرگر لە گێڕانەوەی بابەتەکان سەبارەت بە سەعید قەزاز، گرنگترینیان کێشەی زمانو کەمێک ڕووداوی تر بوو، بۆیە خۆم خستە سەر ئەو باوەڕەی ئەمە نە دوورگەیەکە ئەو پیاوەی تێدا پەنهان بووبێت نە ئەوی کەسێکی ئەوتۆ قەتیسماوەبێت کەس دەستی پێینەگات.

کارکردن لەگەڵ ئەوجۆرە بیرۆکەیەی دوورە لەڕۆژگاری نووسەر، زۆر ئاستەمترە لەکاری ڕووت گێڕانەوەی مێژوویی، چونکە توێژینەوە لەمەڕ کەسێکی وەک سەعید قەزاز پێویستیی بە هاوژیانی هەیە لەگەڵیو بۆ شیکردنەوەی ڕووداوەکان پێویستە ئاوڕ لە ڕاستوچەپیش بدرێتەوە.

بەوجۆرە سووربوون لەسەر توێژینەوە کەوتە مێشکم لەوەی قووڵ خۆ بترەنجێنمە نێو کونو قوژبنەکانی ئەو مێژووە نزیکەدوورەی قەبارەی پێناسەی سەعید قەزاز دەردەخات وەک ڕاسییەکی دوور لە سۆزی دەروون یان هەڵوێستو باری گرژی ڕامیاری، هەروەها ئەو پەیوەندییە مرۆڤانەییانەی سەعید قەزاز بوویەتی لەنێو کۆمەڵ. یەکێک لەو هۆ بەنرخانەی پاڵیان بەمنەوەنا لەسەر سەعید قەزاز بنووسم، هەڵسوکەوتم بوو لەگەڵ مامۆستای مەزنو ڕۆژنامەوانی بێگەرد "عەبدولباست یونس کە ساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کرد" کە زۆری سەبارەت بە سەعید قەزاز بۆ دەگێڕامەوە بێلەوەی من هیچی بۆ دەرخەم یان ئەو هەست بەو ئارەزوەی من بکات کە گەڕانبوو لەدووی سەعید قەزاز. ئەوکات خۆم لەوەدا بینییەوە جۆرێک لەڕەوتی نووسین بگرمەبەر بۆ گێڕانەوەی ڕاستییەکان دووربێت لە شرۆڤەو پەیبردن، بەڵکو تەنها هەڵسەنگاندنێکی دادوەریانەبێت لەڕووی یاساو دادەوە کە وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، کاری ئاسایی خۆمە. من ئەوە بە درکاندنی نهێنی نازانم کە بڵێم، سەعید قەزاز منی بەوە سەرسام کردووە کە کەسایەتییەکی ئەوتۆ بووە وەک پەنجەرەیەکی سەخت لەڕووی کاریگەریی دەرەکی، پڕ ڕەوشتو پەیوەست بە نەریتەکانی کۆمەڵو جوامێر لە باری پاقژی. بەوەی زۆر لە ڕواڵەتەکانی شاردراونەتەوە، مشتومڕو گێرمەکێشی زۆریش کراوە لەمەڕ ڕواڵەتە نادیارەکانی کەسایەتیی ئەو، ئێستا پێویست بەوە دەکات ئەو لایەنانە ئاشکراکرێن بەشێوەیەکی دوور لە دەمارگیری یان

لایەنگریو دەربڕینی جۆرێک لە هەڵوێستی پێشکات کە لەوانەیە ببێتە هۆی کرۆک لەگەڵ خودی ڕاستییەکان. لەڕووەوە، نووسەرو پسپۆری مێژوو، دوکتۆر کەمال ئەحمەد مەزهەر لە پێشەکی پەرتووکێکدا کە ساڵی پار دەرچوو لەمەڕ سەعید قەزاز، تێیدا دەڵێت: (دەخوازن دان بەوەدا بنێم کە من لەڕووی بیروباوەڕەوە سەر بە سەنگەرێکی کوتوومت دژدام بەو سەنگەرەی سەعید قەزازی تێدابوو، هەروەک هەندێک هۆی خێزانیش لەلای من هەیە وابکات لەناخی مندا شتی هەستیار پەیدابێت بەرانبەر بەو پیاوە، زۆرچاکیش دەزانم کە هەڵسەنگاندنی ئەو لەلایەن منەوە هەستی کەسانێکی لەو دەمارگیرانە دەهەژێنێت کە بە بیروبۆچوون هاوسەنگەری خۆمن بەڵام هێشتا باوەڕیان بەو ڕەوشە هەیە کە دەڵێت "ئەوەی لەگەڵم نەبێت دژمە"، واتە ئەوی خرۆشێیڤ لە ناوندنی پەنجاکی سەدەی پێشوودا ڕسوایکرد، بەڵام هێشتا ئەمان ناخوازن لەوپیاوە خاوەن هەڵوێستە ببورن کە لەڕووی باوەڕ بەخوداوە (وەک لەکاتی دیدارێکیدا بەئاشکرا دەربیڕی) جیاوازبوو لەگەڵیان، ئەوە لەکاتێکدا ئەو سەنگەرەی ئێمە لەناویداین جارجارە دەستی هاوکاریو دانەوسانی درێژ کردووە بۆ سەختترین دوژمنەکانی وەک نازی.. فاشی.. سەرمایەدارو ئەو جۆرە ڕژێمانەی تاوەکوو ئەمڕۆیش تینوون بە خوێنی سەری ئەوانەی بە چەپڕەو ناودەبرێن[20]. ئەو ئاماژەیەم تەنها بۆ وەبیرهێناوەیە بێلەوەی ئەو ڕاستێنییە لەبیرکەم کە هیچکات ڕەوتی ڕامیاری بێ دانەوسان نابێت) [21]

بەگوێرەی ئەو لایەنە ڕوشتیو مرۆڤانەییانەی سەعید قەزاز کە عەبدولباست یونس بۆمنی دەگێڕایەوەو پێدەچێت هەندێکی لە یادەوەرنامەی خۆیدا تۆمار کردبێت. دەردەکەوێت کە سەعید قەزاز بۆ ماوەیەکی دیار بەچاک یان خراپ دەستی باڵای بووە لە داڕشتنی نەخشەی مێژوویی لایەنە ڕامیارییەکانی عیراق. بەپێی ئەو زانیارییانەی پێمانگەیشتووەو تا ئەمڕۆیش لەتوێی پەنهانیدان، نەمتوانی کەسانێک لەوانە بدۆزمەوە کە لە ژیانی ئەو پیاوەدا

---

[20] ـ وەک ئەوەی لەساڵی ١٩٧٣دا پارتی کۆمۆنیستی عیراقی پەیمانی بەست لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی بەعس کە تینووبوو بەخوێنی سەریان (وەرگێڕ)

[21] ـ پێشەکیی پەرتووکی "سعيد قزاز و دوره في السياسة العراقية" لەژێر ناونیشانی (سعيد قزاز أمام محكمة التاريخ) لاپەڕکانی ١٠ ـ ٣٥ ،المؤسسة العربية للدراسات والنشر/ ٢٠٠١





کارابوون جگە لەوانەی بەو کۆششە کەمەی پەیدامکردوون. هەرچی کێژە تاکانەکەیەتی لەگەڵ مێردەکەی ڕوویان لەهەندەران کردو لەوێ جێگیربوونو هاوسەرەکەی ژیانی جێهێشتووە، بۆیە من بێسەوڵ مامەوە لەنێو شەپۆلی گەیشتن بە تایبەتمەندییەکانی ژیانی ئەو پیاوە. سەرئەنجام بۆم هەڵکەوت بگەمە لای کیژەکەی (پەری سەعید قەزاز ـ دایکی عەبدوڵڵا) خودا بیپارێزێت، ئەویش پاش بڵاوبوونەوەی بابەتەکانی ئەم پەرتووکەم ساڵی ٢٠٠٢ لە ڕۆژنامەی "الزمان"دا، ئەو بوو بە هاوکارم بۆ سەلماندنی ڕاستو دروستیی زانیارییەکانو ئاشناکردنم بە بارە نادیارەکان. من پاش بەسەربردنی ساڵانی زۆر، واتە لەساڵی ١٩٩٤ـەوە تا لەچاپدانی ئەم پەرتووکەم لە ٢٠٠٤دا لە گەڕانو پرسدابووم دوور لەگشت ئامانجێکی تر جگە لە گواستنەوەی ئەو ڕاستییانەی کۆشیومە لەکاتی کارکردنم لە بواری دادوەریدا لە عیراق کۆمکردبوونەوە، دیارە ئەویش لەبەر ڕۆشنایی ئەو هێمایەی قورئانی پیرۆز کە دەڵێت (زۆرهەن دژن بەڕاستی) بڕیارمدا پێداگربم لەسەر گەیاندنی دەنگ بە مێژوو.

هۆی سانا نەبوونی کارەکە وەدەسنەهاتنی ئەوجۆرە سەرچاوانەن کە پێویستە پشتیان پێ ببەستم بۆ نەخشەڕێگای بابەتەکەم، ئەوجا وەک لەهەر قۆناغێکی مێژوودا کۆسپو کێشەی خۆیی هەیە ئێمەیش پێوەرێکی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نەبوو ڕێخۆشکات بۆ بەراوردکردن، بۆیە "وەک دەگوترێت" پوختەی ئەنجام جێدێڵین بۆ ئێوەی خوێنەری هێژا خۆتان ببنە تاکە دادوەر بۆ پەسەندکردنی ڕاستییەکانو دەرئەنجامیان. من زۆر لەدووی مەنەیەک گەڕام سەعید قەزاز لەپاش خۆی جێهێشتبێت، ئەوەی بۆم دەرکەوت تەنها پڕ قەوارەی دۆلابێکی بچوک پەرتووکی جێهێشتووە ئەویشیان پێشکەش کردووە بە پەرتووکخانەی گشتیی مووسڵو لەوێ قوژبنێکی بۆ دیاریکراوە. نە خاوەنی جۆرێک لە خانووبەرەی تایبەت بووە نە بووەیەکی گوێزاوباری پاشەکەوت کردووە لەو مووچەیەی وەریدەگرت، بۆیە لێرەدا خۆم بە ناچار دەزانم بڵێم سەعید قەزاز لەخۆی بەولاوە خاونی هیچ نەبووەو ئەو بەرپرسیارەتی تەواوی بووە لەگشت ئەو بڕیارانەی داویەتیو هەردەم لە ئەستۆی خۆی گرتوون تەنانەت لەنێو ڕکەی تاوانی دادگاکەی گەلیشدا، بەڵام دەنگەکانی لەنێو هۆڵی دادگاو دەرەوەیشیدا هەر هاواریان دەکردو پێداگربوون لەوەی لەسێدارە بدرێت ئەگەرچی بەڵگەی تاوانیش بەدەستەوە نەبێت یان هیچ

دیاردەیەک نەبێت بۆ سزا، هەردەبێت ئەنجامدرێت.. هەر وایشبوو.

پاش بڵاوبوونەوەی پەرتووکی "لمحات عن سعید قزاز" زۆر نووسەر کەوتنە ڕەخنە یان لێکدانەوەی ناوەڕۆکی ئەو. یەکەمین ڕەخنە لەسەر ئەو پەرتووکە هەنگاوی نووسەری بەڕێز عەبباس سمێسم بوو بە وتارێک کە ڕۆژی ٢٧/ ١١/ ٢٠٠١ لە ڕۆژنامەی زەماندا بڵاوکرایەوە لەژێر ناونیشانی ("هل کان سعید قزاز متسامحا حقا" واتە، ئایا ڕاستە سەعید قەزاز لێبووردە بوو) ئەوکات ئێمە لە ژمارەی ١٠٨٩ی ڕۆژی ٢٩/ ١١/ ٢٠٠١ی هەمان ڕۆژنامە وەڵاممان دایەوە بە ناونیشانی ("الإجتهاد في التحليل لكن الوقائع التاريخية ثابتة" واتە، لێکۆڵینەوە مایەی کۆششە بەڵام ڕووداوی مێژوویی نەگۆڕن).

پاشان دوکتۆر کازم حەبیب ڕەخنەیەکی بڵاوکردەوە دەڵێت: پەرتووکی "لمحات عن سعید قزاز"ی مامۆستا زوهێر کازم عەببوود چۆن دەخوێنرێتەوە؟

سەرتا دەخوازم ئاماژە بەوەدەم کە پەیوەندی منو مامۆستا زوهێر کازم عەببوود لەو ئاستەی دۆستایەتیدایە کە هەر سۆزو ڕێزە بۆ یەکتر. سەردەمێک پێکەوە لەگەڵ هەندێک خوشکـو برای تر، بە پێشنیاری ئەو، کۆشاین "کۆمەڵەی عەرەبی بۆ پشتگیری لەکێشەی کورد" لە کەسانی خۆبەخش پێکبێنین، نەتەنها لەسەر ئاستی عیراق بەڵکوو لەسەر ئاستی دەڤەر کە کوتوومت ڕەنگدەرەوەی واتای خودی ناونیشانەکە بگەێنێت. هەروەها بەپێشنیاری من لەگەڵ خوشکـو برایانی تر کۆڕی پشتگیری لە خاوەن ئاینزا جیاوازەکانی عیراق پێکهات. هەردوو ڕێکخراو، هەریەکەو لە بواری خۆیدا کۆششی سوودبەخش ئەنجام دەدەن. لەساڵانی ڕابوردوو چەندین جار سەردانی سویدم کردووەو چووومەتە مالموێو لەلایەن خێزانی ئەو هاوڕێیەم بانگێش کراوم بۆ خواردنی بێهاوتای پرچێژ کە هەرگیز لەیاد ناچێت لەدەستی کەسێکی شارەزاو هێژا "ئوم عەلی"ی هاوسەری کە لەسەرتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی پێشوودا یەکێک بوو لە شاگردە هێژاکانم. لەدواهەمین سیمیناڕیشدا کە لە مالموێ گێرام لەژێر ناوی "نوێسازییەکانی باری ڕامیاریی عیراقو ئاسۆی پرۆژەی ئاشتەوایی نیشتمانی" مامۆستا عەببوود منی وەک بەڕێوەبەری کۆڕ ناساند، هەر ئەوکات پەرتووکی "لمحات عن سعید قزاز"و





هەندێک پەرتووکی تری خۆیی پێشکەشکردم. هاوڕێتیو دۆستایەتیی من لەگەڵ دۆستی هێژا عەببوود چشتێکەو کارکردنمان پێکەوە لەڕێکخراوە سڤیلییە دیموکراسییەکاندا چشتێکی ترە، هەروەها بەرپرسایەتی من وەک ڕۆژنامەوانێک بەرانبەر بە خوێنەری هێژا خاڵی سێهەمە هانم بدەن هەڵوێست وەرگرم بۆ نووسینی ئەم وتارە لەسەر پەرتووکی ناوبراو، ئەویش بە دیدێکی زۆر وردبینانەو هێوەر بەهەمان شێوەی گرتوومەتەبەر لەسەر پەرتووکەکەی بەڕێز عەبدولڕەحمان ئیدریس ئەلبەیاتی ـ وتاری دوو. یان پێشەکییەکەی مامۆستاو دوکتۆر کەمال ئەحمەد مەزهەر ـ وتاری یەک.

ساڵی ٢٠٠٤ پەرتووکێکی پێشتر نووسەرو ئێستا دادوەر، مامۆستا زوهێر کازم عەببوود بەچاپ گەیشت لەلایەن شالیارگەی ڕۆشنبیری "بەڕێوەبەرایەتیی سلێمانی" بە ناونیشانی "لمحات عن سعید قەزاز" واتە سێ ساڵ پاش درچوونی پەرتووکی مامۆستا بەیاتی ٢٠٠١ کە لەوتاری دووەمدا لەسەری دوواین نەوەک ساڵی ٢٠٠٣ وەک لەپەرتووکەکەی مامۆستا عەببوود لاپەڕە ١٢ـەدا هاتووە. ئەو پەرتووکە بریتیبوو لەیەک پێشەکیو چوار بەشو پاشوتار. بەشی یەک بەگەواهییەک دەسپێدەکات لەسەر بەناوبانگرتین کەس لە پزیشکانی عیراق، پاشان توێژینەوە لەسەر "پیاوی خانەدان". بەڵام بەشی دوو لە پلەوپایەی سەعید قەزاز دەدوێت کە بە ئازایەتیی خۆی پایەکانی بڕیبێت تا گەیشتووەتە پلەی شالیاری کاروباری کۆمەڵایەتیو پاشان شالیاری ناوخۆو لەساڵی ١٩٥٣وە تا ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٥٨دا. ئەو بەشداری کابینەکەی ئەو فازڵ جەمالییەش بوو کەهەڵوێستی کراوەی هەبوو لەڕووی گشت هێزە ڕامیارییەکانی عیراقو دەیکۆشی هەندێک سەربەستی دیموکراسییانە برەخسێنێت، پاشان لە هەردوو کابینەی نووری سەعید ١٢و ١٣دا شالیاری ناوخۆ بوو، هەروەها لەکابینەکەی ئەحمەد موختار بابان کە دوا کابینەی خولی پاشایەتیی عیراق بوو. بەڵام بەشی سێ لە لێکۆڵینەوەکەی دادوەری ناوبراو بریتییە لەهەڵوێستی سەعید قەزاز لە بەردەم دادگای سپایی باڵای تایبەتو لەوێدا مشتومڕێکی یاسایی دەکات لەمەڕ خودی دەزگای داد، پاشان پێوەری خۆی خستووەتە گەڕ لەمەڕ بڕیاری ستەمئامێزی دادگاو ئەو سزایەی سەپا بەسەر شالیاری تاوانباردا. ئەوجا دوابەشی پەرتووکەکەی تەرخانکردووە بۆ توێژینەوە لە دوارۆژانی ژیانی سەعید قەزاز لە بەندیخانەو پاشان ئەنجامدانی سزای لەسێدارەدانو دوا وتە

لەگەڵ پایان. هەر لەو پەرتووکەدا ئاماژەی داوە بە دیدی هەندێک کەسایەتی عیراقی لەمەڕ هەڵوێست سەبارەت بەو بڕیارو سزایەی سەپێنرا بەسەر سەعید قەزازدا.

پێشلەوەی دەستکەم بە چەندوچۆن لەسەر ناوەڕۆکی پەرتووک، دەخوازم هەندێک تێبینی دەربڕم لەسەر ئەو شێوازەی نووسەر پێی دواوەو لەسەر خۆدی ئەو پەرتووکەو بەشەکانی.

١ـ لەنێو ئەو لێکۆڵینەوەیەدا کووڕی بابەتیانە هەن لەسەر شێوازی کارکردن لەگەڵ بەندەکانو خودی ڕیزبەندیی بەشەکانی، بۆ نموونە: پێویستبوو لێکۆڵەر ژیانی ئەوپیاوەو باری ڕۆشنبیریی ئەو شیکاتەوەو قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵیدا بڕوات بۆ گشت ئەو پلەوپایانەی بڕیونی، نەوەک یەکسەر دەسکات بەهەڵدان بە شانوباڵیداو وەرووخستنی لایەنە "درەوشاوە"ـکانیو نیشاندانی گەواهیی پزیشکێک کە هاوڕێی ئەو بووە، لەکاتێکدا بۆ لێکۆڵەر هەیە بیکات بەپاشکۆی پەرتووکەکەی، وەک ئەوەی بەڕێز عەبدولڕەحمان بەیاتی لە دیدەرنامەکەی محەمەد سەعید ئەلخەففافـدا کردوویەتی. بۆچوونم لەمەڕ بەشی دادگایی هەمانە کە نووسەر بە ٣٠ لاپەڕە ئەو وتووێژەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەنێوان سەرۆکی دادگاو تاونباردا ڕوویداوە لەگەڵ ئەو داکۆکنامەیەی لە کۆڕەکانی دادگای سپایی باڵای تایبەت وەرگیراوە، بەڵام گەواهیی ناودارترین دیدەروانو ڕاستگۆترینیان نەخستوەتە ڕوو کە دووره لە گومان، بۆنموونە مامۆستا عەزیز شەریف یان مامۆستای شەهید تۆفیق مونیر یان مامۆستای شەهید کامیل قازانچی تا خوێنەر ئاگادارکات لەڕادەی ڕاستبوونی داکۆکنامەکەی تاوانبار لەخۆی، یان دیدەروانانی بەرپەچ لەمەڕ ڕووداوەکانی بەسراو بەندیخانەی کوت.. هتد. بەوانە جۆرێک لە لاسەنگیی زەقی خنیوەتە نێو ئەو پەرتووکە ڕێگەنادەن بێهوودە بڕیاری بۆ بدەین بێ گوێدانە ڕادەی قایلبوونمان بەو بڕیارانەی بەڕێز عەببود، هەروەها سەبارەت بە هەڵوێستەکانی سەعید قەزاز بە درێژایی ژیانی بەرانبەر بە کێشەی کورد، واتە لەوکاتەوەی دەستبەکاربوو لە نووسینگەی کادری پشکێنەر "دەبلیوو ئای ئالین" لەسلێمانیو پاشان کاری لە نووسینگەی کادری نهێنیی لیوای دلێم (پارێزگای ئەنبار) هەروەها ئەوکاتەی عیراق لەبن پارێزبەندیی بەریتانیەکاندابوو ئەو تێیدا فەرمانبەربوو لە نهێنگای زانیارگریی شالیارگەی ناوخۆ لەژێر چاودێریی





بەریتانیەکان.. هتد (بڕوانە: البياتي، سعيد قزاز ودوره في السياسة العراقية، لاپەڕە ٥٢) لەوێدا لێکۆڵەر خوی لاداوە لە کۆڵینەوە سەبارەت بە هەڵوێستی سەعید قەزاز بەرانبەر بە کێشەی کورد، بەڵکو بەزۆری ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەڵوێستی سەعید قەزاز بەرانبەر بەو خەباتە چەکدارییە بێزیان بووە، ئەوە لەکاتێکدا بزووتنەوە نیستمانپەروەرییەکانی ئەو سەردەمە چەکیان بەکار نەهێناوە، ئەویش لەخۆیدا هەڵوێستی نەگونجاوە لەگەڵ توێژینەوە مێژووییەکانی لەمەڕ ڕووداوو ئەو هۆکارە شاراوانەی لەپشت ئەوەوە بوون. خۆ پێشکەشکردنی پێنووسێک لەلایەن سەعید قەزازەوە بە بەڕێز مەسعوود بارزانی نابێتە وەڵام بۆ پرس لە هۆی دەستگیرکردنی بارزانییەکانو ناکەوێتە بری ئەو ئێشوئازارەی بارزانییەکان چەشتوویانە لەدەست ڕەوتی ڕژێمو ئەو هەڵوێستە ڕاستینییەی سەعید قەزاز بوویەتی بەرانبەر بە تێکۆشانی گەلی کورد بێگوێدانە ڕادەی دڵخۆشیی لاوێک بە پێنووسەکە، چونکە مەسعوودی لاو بەڕاستی چاوەڕوانی وەڵام بووە لەسەر ئەو پرسیارەی کە هەرگیز نەیبیست.

٢ـ گونجاوترین ناونیشان بۆ ئەو پەرتووکە دەبوو "سەعید قەزاز لە بەرەوڕووی دادگای تایبەت" بێت، چونکە سەرتاپای ئەو پەرتووکە لە پرۆسەی دادگاییو ئەو سزایە دەدوێت کە سەپا بەسەر بەڕێز سەعید قەزازداو ٥١ لاپەڕەی لە کۆی ١٦١ داگیر کردووە.

٣ـ ئەوە کارێکی بوێرییە کە لێکۆڵەرێکی عیراقی دەسوەردات لە توێژینەوەیەک لەسەر ژیانی سەعید قەزاز کە میللەتی عیراق ساڵانێکی زۆر ناسیویانە، بەتایبەتی ئەو کە لەنێوان ١٩٥٣ تا ١٩٥٨ شالیاری ناوخۆ بوو، ئەوکات ناونرا "ستۆلۆبین"ی عیراق (ستۆلۆبین شالیاری ناوخۆی ڕووسیای تزاری بوو ساڵی ١٩٠٥ بووەهۆی ئەو کوشتارەی ناونرا ڕۆژی یەکشەممەی خوێناوی).

٤ـ سەرەتا لەو ئامۆژگارییانە نەگەیشتم کە پێیگوترابێت، نەکات خۆبدات لە نووسین سەبارەت بە ژیانی سەعید قەزاز، بەڵام کە سێهەمجار لە خوێندنەوەی بوومەوە هۆکەیم زانی، دیارە ئەوانەی ئامۆژگارییان کردووە هەر ئەوانەن کە ئەو پەرتووکەیان خوێندوەتەوە، بەڕاستی ئەوانە هاوڕێیین

بۆیە ئاواتەخوازم هەرکات عەبوودی هاوڕێم بیر لە چاپکردنەوەی ئەو پەرتووکە بکاتەوە پێویستە چاو بخشێنێتەوە بەسەر کۆمەڵێک بابەتی گرنگدا تابتوانێت پوختەی ئەو پێداگرییە بنبڕانەیەی خۆی بسەپێنێت کە لەپێشەکی پەرتووکەکەیدا ئاماژەی پێداوە.

٥ـ ئەو پشتی بەستووە بە کۆمەڵێک سەرچاوە هەرگیز بەلای ژیانو چالاکییەکانی سەعید قەزازدا ناچن، بەڵکو تەنها ئاماژەن بۆیەو زۆربەی زۆریان هەر دەرخستنی لایەنە ئەرێنییەکانی سەعید قەزازن.

٦ـ زۆرکەس لەوانەی ئەو لەگەڵیان دواوە هاوڕێی سەعید قەزاز بوون یان چاکەی ئەویان بەسەرەوەبووە، لەنێویاندا کەسایەتییەکی زۆر داخراو نووسەری کۆچکردوو میر بەسری مەزنترین دۆستی پیاوانی ئەو سەردەمەبوو، ئەوەیش لەزۆربەی نووسینەکانیدا زەق دیارە، لەنێویاندا ئەو پەرتووکەی لەمەڕ کەسایەتییە ڕامیارییەکانە، بێلەوەی گوێیدابێتە گشت ئەو جەورەی جووەکان چەشتیان لەدەست چەرخی پاشایەتی کە خۆی یەکێکبوو لەوان"

٧ـ پشتبەستن بە پرۆتۆکۆلەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانو دادگای گەل کە هەردووکیان گرنگن.

٨ـ لەو پەرتووکەدا من ئەو بێلایەنییە ڕاستەقینەیەم بەدینەکرد لەمەڕ کەسایەتی سەعید قەزاز وەک ئەوەی لەپەرتووکی ڕێزدار عەبدولڕەحمان بەیاتیدا بینیم، بەڵکوو ئەو پەرتووکە لەسەرتاوە تا کۆتایی هەر کۆششە بۆ ڕووسپی دەرخستنی سەعید قەزاز بێ گوێدانە گشت ئەو دیاردەو بەڵگەو گەواهیو دیکۆمێنتانەی بێگومان ئەو ڕەوشە داپڵۆسێنەرە دەردەخەن کە سەعید قەزاز گرتبوویەبەر دژ بە بەرەی نەیار لەعیراقدا. من ئەو ڕووداوە بەنامۆ دەبینم کە ئەو دەیگێڕێتەوەو بەسەیری دەزانێتو بەئازایەتی ناودەبات ئەویش ئەو هەڵوێستە سەرپێچکارانەیەی کە لەخۆپیشاندانێکی مووسڵدا شالیاری ناوخۆ لەسەر شەقام هێرش بباتە سەر عەدنان چلمێران. ئەوە جۆرێکە لەسووکایەتی عەبوود دەیکات بەمێشکی ئازادو ئاوەزی ئێمەی هاوڕێی کەدەڵێت؛ گوایە "باوەڕ بەخۆبوونی سەعید قەزازو ئازایەتی ئەو لەنێو کۆمەڵدا ڕەنگیداوەتەوە بۆیە توانیویەتی ئەوکارە بکاتو بێ پاسەوانو بێ چەک بەرەنگاری خۆپیشاندەران ببێت





که لەخۆیدا ڕۆڵێکە ئەمڕۆ بەدی ناکرێت"، ئەوە لەکاتێکدا بەڕێز عەبوود دەزانێت چیجۆرە دەزگایەکی ئاسایشی لەپشت سەعید قەزازەوە بوو. پێویستە ئێمە سوپاسگوزاری سەردەمێک بین ئەو چەشنە کەسایەتییانەی لێ بزرە، نەوەک زویربین بۆ نەبوونی هاوچەشنانی.

ئێستایش بەهۆی گرنگیی ئەو بابەتەوە کە هاوڕێی نووسەرمان وروژاندویەتی لەو پەرتووکە دەدوێم.

سەرەتا لەپێشەکییەکەدا بەڕێز کازم عەبوود وتەیەکی بەکار هێناوە دەڵێت:

".. لەوانەیە ئەو زانیارییانەی لەسەر کەسایەتیی ئەومان نووسیوە دەکرێت بڵێین بە تاکە یەک چاو بووە" ئەوجا لە شوێنێکی تردا وشەیەکی گرنگ بەکارهێناوە ئەمە دەقیەتی:

"بێدەنگبوون لە یادهێنانەوەی چاکەو پێناسەکردنی کەممەترسی یان کەمتاوانتر نییە لەو چاوپۆشینەی دەکرێت لە کاری نەنگو شوورەیی ئامێز. بۆیە ئێمە بەپێی ئەو بنەمایە کەوتینە کۆڵینەوە لەمەڕ سەعید قەزاز" (لاپەڕە ٦ی پێشەکی).

ئەو بڕیارەی لەدەقی دووهەمدا هاتووە یەکجار مەترسیدارە، لەڕاستیدا نەدەبوو هەڵوێستەکە بەوشێوە بنبڕە داڕێژرێت ، بەڵکو چاک وابوو بەمشێوەیە دابڕێژێت: "زێدەڕۆیی لە پێداهەڵدان کەمهەڵەتر نییە لە زێدەڕۆیی بۆ باری نەنگی، وەکئەوەی لەخووی گشت مرۆڤێکدا لایەنی ئەرێنی هەبێت لایەنی نەرێنیشی هەر دەبن، وەک ڕاستیی تێدا پەیدابێت نەنگیش هەر دەبێت". دارشتن لەو شێوە پێشنیارکراوە ڕێگە بەمنو کەسانی تریش دەدات چەندوچۆن لەسەر ئەو پەرتووکە بکەین بێلەوەی ئەو تاوانبارکەین بە یەکێک لە دوو بار، یان نەشیاو بین لەگەڵ ئەو کە هاوڕێیەکی بەهرەدارە. ئەو پرسیارەی مێشک بۆییچێت ئەوەیە کە: ئایا نووسەر زوهێر کازم عەبوود خوی ملکەچ کردووە بە ناوەڕۆکی ئەو دەقە توندو بنبڕەی خۆی بڕیاری لێداوە؟ وەکتر.. ئایا خۆی داماڵیوە لە یەکێک لەو دوو بۆچوونەی خۆی دیاریی کردوون؟ دیارە وەڵامی پرسیار پاش وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی ئەو پەرتووکە دەبینینەوە، بەتایبەتی کە لەشوێنێکی تردا دەڵێت: "ڕاستی وەک هەردەم پیرۆزە بە بڕبڕەی مێژویش دەژمێردرێت، لەنێو ئەو ڕاستێنییەوە من

زۆر لەدووی شتێک گەڕام تایبەتە بەو سەعید قەزازەی پتر لەیەک چارەکە سەدە گیتیی سەرسام کردو مەردومی عیراقی پێخولیابوو، بەڵام کەسم نەدیوە بەنووسینێک بمخاتە سەر ڕێی پەرتووک یان لێکۆڵینەوەیەک لەسەر سەعید قەزاز" (لاپەڕە ١١ی پێشەکی).

کاکی بەڕێز.. سەبارەت بە هەڵوێستەی یەکەم وەک لەهەمان پەرتووکدا ڕوون دەبینرێت ئەوەیە کە ڕاستی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر ڕێژەییەو بگۆڕە. سەبارەت بە هەڵوێستەی دووهەمیش ئەوەیە نووسەر وەک پێویست نەگەڕاوە بۆ ڕاستییەکان، بەڵکو هەر نیوەی ئەو ڕاستییانەی دەرخستووە کە لایەنی شیرینو بریقەدارنو خۆی لە نیوەکەیتر بێدەنگ کردووە، ئەویش ڕوونو ئاشکرا لە "پیاوی خانەدان"و "گەواهیی پزیشک"و هەمان ئەو پێشەکییەدا دەبینرێت، هەروەها بەو دەقەی لە مامۆستا مەزهەری وەرگرتوە کە لەپێشەکی پەرتووکەکەی بەڕێز بەیاتیدایە. سێهەم.. دیارە بیری مرۆڤ زۆر کورتەو ئەوە لەیاد دەکات کە بەسەرخۆیدا هاتووە، بەتایبەتی کە ڕووبەڕووی دۆخێک دەبێت تاڵتر لەدۆخی پێشووی بەجۆرێک کاریگەری دەبێت لەسەر مرۆڤ کە هەزار خۆزگە بخوازێت بۆ دۆخی پێش ئەگەرچی ئەویش بە زەبر بووە بەڵام لە جۆرو ڕادەی جەورو ستەمەکەیدا چاوازبوون.

مامۆستا زوهێر کازم عەببوود لە لاپەڕە ٤ی پێشەکییەکەیدا دەڵێت کاتێ سەعید قەزا بووە بە شالیار ئەو هێشتا منداڵی بچووک بووە بەڵام کاتی لەسێدارەدانی ئەو لە پۆلی یەکی ناوەندی بووەو ئەوکات سەرنجی داوەتە ئازایەتیی ئەوپیاوە. جێیداخ ئەوەیە ڕێزدار عەببوود ئاگای لەگەواهینامەی ئەو دیدەروانانە نییە کە قوربانیی زەبرەکەی سەعید قەزازبوونو هەڵوێستی ڕاستەقینەی ئەو تاوانبارەیان گێڕایەوە، دەبوو ئەو دووی گشت جۆرە هەڵوێستەکانی سەعید قەزاز بکەوتایە نەوەک تەنها یەک دادگایی، بەتایبەتی کەناوی پەرتووک "سەرنج لەسەر ژیانی سەعید قەزاز"بێت. من لەکاتی ئەو دادگاییکردنەی سەعید قەزاز لەعیراق نەبووم بەڵکو بۆ خوێندن چووبوومە دەرەوەو بەهۆی ڕەوشە ستەمکارانەکەی ڕژێمەوە چەندین ساڵ لێی دابڕام، ئەگینا من یەکێک دەبووم لەدیدەروانانی ئەو سەردەمە، بەتایبەتی ئەوکات لەساڵی ١٩٥٥ـەوە تا ساڵی ١٩٥٨ لەلایەن شالیارگەی ناوخۆی ڕژێمی پاشایەتییەوە دەسبەسەرکرام، واتە یەکێک بووم لەسەدان بەندکراو یان لەوانەی گیردران لە ئۆردوگا زۆرەملێکەی خوێندکاران لە شوعەیبە. یەکەم،





من یەکێک بووم لەو سەدان زندانیو ڕامیارییانەی دوورخرانەوە، دووهەم، بەبێ هیچجۆرە کارڕایکیو هەرتەنها بەپێی ئەو ڕەوتەبوو کە عەبدولئیلاو نووری سەعیدو سەعید قەزاز دەیانگێڕا، بەتایبەتی لەو کاتوبۆنانەدا کە لە ئۆگستیو سپتەمبەری ساڵی ١٩٥٤ بەدواوە لە مێژووی عیراقدا ڕوویاندا.

لەو پەرتووکەیدا ڕوون دەردەکەوێت کە لێکۆڵەر سوورە لەمەڕ هەڵەبوونی ئەو سزای مەرگەی سەپاوە بەسەر سەعید قەزازدا. من گومان لە گریمانییەکەی ئەو ناکەم، بەڵام پێویستبوو ئەو دادوەرە بەڕێزە بە ئاماژە وەڵامی هەندێک لەم پرسیارە گرنگانەمان بداتەوە:

١ـ چاکترنەبوو لەو پەرتووکەدا ئاماژە بەگەواهینامەی هەندێک لە دیدەروانانی سەپێنەر بکات نەتەنها سەبارەت بەو گفتوگۆیەی ڕوویداوە لەنێوان سەعید قەزازو سەرۆکی دادگا کە خۆی چاک دەزانێت لەنێو دیدەروانانەدا کەسانێک بوو جێی باوەڕبوون نەوەک درۆزن؟

٢ـ دەشێ ئەوە بەڕاست بزانین کە گشت دیدەروانەکان لە کۆمۆنیستە درۆزنەکان بوون؟

٣ـ ئایا لەو دادگایەدا تەنها سەعید قەزاز ڕاستگۆ بوو بۆیە دەبێت بەزەییمان پێدا بێتەوە چونکە لەکاتی بەرگری لەخۆدا بوێربووە، ئەی هەستی بەزەییت نەجووڵا بۆ قوربانییانی دەستی ڕژێمەکەی، قوربانیانی نووری سەعیدو سەعید قەزاز؟

٤ـ ئایا هەر سەعید قەزاز نەبوو چەسپێنەری هەڵوێستە داپڵۆسێنەرانەکەی ڕژێم دژ بە لایەنە نەیارەکانی عیراق؟

٥ـ ئایا ڕاستە ناوبراو تاوانباربووە تا ئەو سەرپێچکارییانەی بخرێنە ئەستۆ کە بەڕاستی کردبێتنی؟ یان بێتاوان بووەو هیچ سەرپێچیی نەکردووە؟

٦ـ سەرئەنجام، دەبێت پێشنیاری دادوەری بەڕێز چیبێت بۆ دادوەرانی دادگای گەل لەمەڕ ئەو سزایەی دەبوو بیسەپێنن؟ ئایا پێشنیاری ئەو بێتاوان دەرکردنیەتی یان لەبری سێدارە سزادانە بە چەندساڵ زیندانی؟ ئەو چیجۆرە سزایەک بە گونجاو دەزانێت بۆ ئەو ڕەوتوهەڵوێستەی سەعید قەزاز بوویەتی وەک یەکێک لە دەسەڵاتدارانی عیراق؟ ئایا کارو هەڵوێستەکانی بەگوێرەی دەستوری عیراقو ئەو پرۆتۆکۆلە نێونەتەوەییە

بووه کە عیراق لەساڵی ١٩٤٩دا واژوویکردووه، هەروەها چاڕنامە نێونەتەوەییەکەی مافی مرۆڤ کە خۆت یەکێک لە پارێزەرانی مافی مرۆڤیت؟ ئایا نەیارەکانی ئەو ڕژێمەی عیراقی سەرپێچکاربوون بەرانبەر بە مافی مرۆڤـو مافی دەسەڵاتـو مافی سەعید قەزاز؟ ئایا سەعید قەزاز هاوسان بوو لە شێوازی کارڕاێکیدا بەرانبەر بە بیری جیاواز دوور لەو بیروبۆچوونەی بوویەتی بەرانبەر بەملایەن یان ئەویتر، بەتایبەتی ئەو وەک شالیاری ناوخۆ کە دەبوو هەڵوێستی وەکیەکـو هاوسان بنوێنێت بەرانبەر بەهاووڵاتییان؟ من ئەولێکدانەوەیە بەڕاست نازانم بەرانبەر بە گەلو بە دادگای گەل، ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە دەڵێم دامەزرانی ئەودادگا سپاییە باڵایە لەخۆیدا هەڵەبوو بۆ ڕوانینە کێشەکانی سەردەمی پاشایەتی، هەروەها دڵنیامو لەزۆربەی وتارەکانمدا نووسیومە کە ڕەوتی بەرانبەر بە تاوانباران نادیموکراسیانە بووە، بەڵام ئایا ئەو هاوڕێیەمان بەخۆی زانیوە کە سنووری بەزاندووەو ناشیاو داکۆکی لە کەسێک دەکات کە گیرترین کەسی ستەمکارو دژبوو بە نەیارانی ڕژێمەکەی، لەکاتێکدا خودی مامۆستا عەببود دەڵێت؛ لەئامێزگرو سەرپەرشتیاری دەزگا داپڵۆسێنەرەکان بووە، بەڵام لەهیچ بەشێکی پەرتووکەکەیدا تاکە یەکجاریش تاوانباری ناکات. من لەوە ناگەم بۆ بەڕێز عەببود بۆسەلماندنی ئەوەی کۆمۆنیستان لەپشت دووجار لەسێدارەدانیەوە بووبن پشت بەوتەی پیاوێکی بەعسیی وەک حازم ئەلعەلی دەبەستێت کە دژبوو بە کۆمۆنیستانو یەکێک بوو لە تاوانبارانی بەشدار لە ڕووداوەکانی مووسڵ. لەڕاستیدا ئەو یەکهەم کەسە ئەوشتە لە زمانی کەسێکی دژ بە کۆمۆنیستان بڵاوکاتەوە، هەروەها ئەوەی کۆمۆنیستان لەپشت گشت ئەو ئازارانەوە بوون کە لە بەندیخانەدا چەشتوویەتی، لەکاتێکدا خۆی زۆرچاک دەزانێت کەسانی دژ بە سەعید قەزاز زۆربوون نەتەنها ئەوانەی کۆمۆنیست بوون.. بەڵێ باوەڕم بەوە هەیە کە ئەوکات کۆمۆنیستان، وەک گشت ئەوانیتر کۆمەڵێک هەڵەیان بووە بەتایبەتی لە دادگای گەلدا.

هەست بەوە دەکەم کە خانمی بەرێز کیژی سەعید قەزازی کۆچکردوو مافی ئەوەی هەیە بکۆشێت باوکی بێتاوان دەرخات هەروەها ڕوسپیی دەرخات لەمەڕ گشت ئەوانەی لەعیراقدا ڕوویانداو، ئەگەرچی تاوانی باوک ناکەوێتە ئەستۆی کیژی، بەڵام مێژوونووس یان ڕەخنەگر





"هەرچەندە ئەویش ڕێژەییە" بەرپرسە لەوەی لەڕاستی بکۆڵێتەوە، بەڵام دیارە کە هاوڕێی بەڕێزم پاباند نەبووە تەنانەت بەو پەیمانەی لەسەرەتای پەرتووکەکەیدا داویەتی، بەڵکوو بە تاکە یەکچاو لە سەعید قەزازی ڕوانیوەو چاوەکەی تری بەتەواوی لێ نووقاندووە.

ئەواتەخوازم بەوە تاوانبارم نەکەن کە دەمارگیرانە هێرشدەبەمە سەر سەرانی ڕژێم. وەک لەپێشەکییەکەدا هاتووە دەڵێت پەنا بەو دەقەی لەمامۆستای بەڕێز کمال ئەحمەد مەزهەر وەریگرتووە، بەتەواوی لەمانە دەگەم:

١ـ پێویستە چاو بەهەندێک لەبڕیارەکانی پێشوماندا بخشێنینەوە سەبارەت بە ڕوداوو کەسایەتییەکان، ئەویش بەشێوەیەکی زانستیو بابەتیانەی بێلایەنو بێ لایەنگریی کەس.

٢ـ ئەوپیاوە "سەعید قەزاز" کارمەندێکی کاراو پەیبەرو بەتوانا بووە لەبڕینی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پلەوپایە. بەڵام سەرکەوتنەکانی تەنها لەبەر ئەوهۆیانە نەبوو بەڵکو هەندێک هۆی تریشی لەدوابوو، کەسیتر لەعیراقدا نەبووە ئەو تایبەتمەندییەی بووبێت کە سەعید قەزاز بوویەتی.

٣ـ وێڕای ئەوانەیش ڕێزم هەیە بۆ ئەو ئازایەتییەی نواندی لەگرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی لەو ڕەوشە سەرکوتکەرانەیەی لەسەری ڕۆیشتووە بۆبەرگری لەڕژێمی پاشایەتی کەهیچیان لەپێناو بەرژەوەندی گەلدا نەبووە.

٤ـ وەک دەزانم ئەوپیاوە تاوانباربوو بە کۆمەڵێک شت، بەڵام لەڕاستیدا دەبوو ئەو سزای مەرگە هەڵوەشێنن‌و سووک بکرێت بۆزیندانی. هەروەها دەزانین، ئەو چوارکەسەی سەرانی ڕژێمی پێشوو کە لەسێدارەدران گشتیان لەبەرپرسانی شالیارگەی ناوخۆ بوون، وەک لێکۆڵەری بەشی تاوانو بەرپرس لە کوشتارەکەی بەندیخانە لەگەڵ موتەسەرفی بەغدا.

http://www.rezgar.com/debat/show.art.asp?aid=

بۆ وەڵامم لەسەر ڕەخنەی دوکتۆر کازم حەبیب ئەمە ڕوونکردنەوەی منە لەسەر بەشەکانی:

ڕەخنەی پێکەرو بابەتیانە هەرگیز نابێتە هۆی تێکدانی پەیوەندی مرۆڤانەیی، ئەوجا ڕیشەی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان منو مامۆستاو بیرمەند کازم حەبیبدا هەن بەچۆرێک کاری لەمن کردووە هەردەم بەدیدی شاگردێک لە مامۆستاکەی بڕوانێت، بۆیە هەرچی لەڕەخنەکەیدا هاتوون لە چوارچێوەی دید تێناپەڕێت کە لەنێو پەرتووکەکمەدا دیویەتی، لەوانەیە لە پێداچوونەوەمدا بتوانم هەندێک لەو خاڵانە ڕوونکەمەوە کە لەوانەیە پێشتر نەمتوانیبێت ڕوون بیانخەمە ڕوو یان ئاشکرایان بکەم، نەتەنها بۆ بەڕێز کازم حەبیب، بەڵکوو بۆ گشت خوێنەران، هەروەها دیدی خۆم ڕوونکەمەوە لەسەر ئەو تێبینییانەی گوتراون.

دەسپێک زۆر سوپاسی مامۆستای بەڕێزم دەکەم لەسەر پێداهەڵدانەکەی هەروەها بۆ ئەو ڕەخنانەی لەسەر ئەو پەرتووکە دەریبڕیون. بەڕاستی من ماوەیەک چاوەڕوایَ بووم کەسێک ڕەخنەی لێگرێت تا خاڵە نەنگەکانیم بۆ دەرکەوێت.

١ـ کاتێ بیرۆکەی ئەو پەرتووکە کەوتە مێشکم سەرەتای نەوەتەکانی (سەدەی پێشوو) بوو کە لەمووسڵ دادوەر بووم، ئەوکات مێشکی منیش وەک زۆر کەسیتری نێو کۆمەڵگەی عیراق بێ چەندوچۆن تەنرابوو بەهزری دژ بە سەعید قەزاز تا ئەوکاتەی هەندێک وتارو ڕووداوم لە ڕۆژنامەکانی مووسڵدا بەرچاوکەوت، تێیاندا دیاردەی گەواهیم بەرچاوکەوت لەسەر خودی سەعید قەزاز بەجۆرێک کاریان تێکردم بکەومە کۆڵینەوە لە ڕاستییەکان سەبارەت بەو پیاوە. دیارە هیچکەسێک بێچاکە نابێت ئەگەر خراپەکاریش بووبێت. بەوەی لەوکاتەدا کوردستان قەدەغەکرابوو لە عییراقییانی لەهەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی سەددامدا قەتیس بوون، بەتایبەتی بۆ کەسێکی وەک من کە دادوەربووم، ناچار لێکۆڵینەوەکەم لە بازنگەیەکی تەسکو سنورداردا دەسپێکرد. ئەوکات نە دەستم بە کوردستان دەگەیشت نە توانای وتووێژم بۆ ڕەخسا لەگەڵ کەسێکی ئەویَ.

گشت ئەو نووسینە نەرێنییەی لەسەر ڕووەکەی تری سەعید قەزاز نووسرابوون بوونە هۆی ئەوەی وەک پیاوێکی شەڕانگیزو دوژمنێکی سەرسەختو تاوانکار دەرکەوێتو ئەو بڕیارەی دادگای گەلو فەرمانی عەبدولکەریم قاسم بەسزای پڕبەپێست بزانرێت بووئەو. پێموایە ئەو





دەستەواژەیەی مامۆستا کازم حەبیب دایڕشتووە گونجاوترە لەو وتەیەی من بەکارمهێناوە. ئەو لە شرۆڤەکەیدا دەڵێت (زێدەڕۆیی لەپێداهەڵدان کەمهەڵەتر نییە لەزێدەڕۆیی بۆ کاری بەدگۆیی، وەک لەخووی گشت مرۆڤێکدا لایەنی ئەرێنی هەیە نەرێنیش دەبێت، ڕاستیی تێدا دەبێت هەروەها خراپە). من ئەوەم بینیوە کە زۆرم لە نووسەران هەر لەسەر خراپەکاریو نەنگبوونی سەعید قەزاز دواونو جوون وەک بەد ناویان هێناو بێلەوەی تاکە یەکجار ئاماژەیان دابێت بەلایەنێکی چاکەی ئەو، بۆیە وێراوم لایەنە چاکەکانی مێژووی ئەو بخەمە ڕوو. خودی دوکتۆر کازمیش دەزانێت هیچ دەمارێکی نەتەوەیی یان خزمایەتیو بەرژەوەندی یان پەیوەندی تایبەت لەنێوان منو سەعید قەزازدا نەبووە، بەڵکو پێشان مێشکی منیش پڕبوو لەهزری دژ بەو، وەک مێژونوسی عیراقی کەمال ئەحمەد مەزهەر دەڵێت؛ لەنێو سەنگەری دژ بەودا وەستابووم. لەوانەیشە ئەو ڕەوشە مێژووییەی مێژونووس مامۆستا کەمال ئەحمەد مەزهەر دایناوە لەگەڵ شێوازی ئەو بگرمەبەر بۆ ڕووتو ڕوون ئاشکراکردنی باری ڕاستێنی، ئەویش بەپێی تواناو پشتبەستن بە ڕەوشی بێلایەنیو بابەتیانە. پێموایە لە ئایندەدا مێژوی عیراق هەر بەوجۆرە نەخشەیەی کەمال ئەحمەد مەزهەر دەنووسرێتەوە، چونکە ئەو پیاوە جۆرێک لە نەخشەو پرۆگرامی پڕدیاردەو کۆنکریتیی بۆ خوێندکارانی داڕشتووە (خۆزگە یەکێک دەبووم لێیان) نووسینەکانیان بێڕتوش بێت. ئەوەی لەساڵی ١٩٩٤دا لەنووسینی بوومەوەو خستمە سەر قاقەز "ئەوەی لە دۆسێیەکدا پاراست" هەر ئەوەم ڕەوانەکرد بۆ شالیارگەی ڕاگەیاندن بەڵام پاش دەستیدەستیو کۆسپ یەکێک لەپیاوانی سەر بە سەددام "کەوتە ئامۆژگاری کردنم بەوەی دەست لەوکارە هەڵگرمو لەبری بکەومە نووسین لەسەر هزری سەددامو بابەتی فۆلکلۆری، لەکۆتایی وەتەکانیدا بە جوێن دابەزی بەسەر ڕێزدار سەعید قەزازو خزمانیدا" دوائەنجام بڕیاردرا ئەو پەرتووکە بەچاپ نەگات، بۆیە دەکرێت بڵێم ئەو پەرتووکەی من پێش پەرتووکەکەی لێکۆڵەر بەیاتی نوسرابێت بەڵام بارودۆخ بووە کۆسپ لەڕێی چاپکردنی. کە ساڵی ١٩٩٨ عیراقم جێهێشت لە ئەردون نیشانی چەند دەزگای چاپو پەخشمدا کەس نەیوێرا خۆ لەوکارەبدات ، سەرئەنجام ساڵی ٢٠٠٢ ڕێزدار سەعد بەزاز لەڕۆژنامەی "زەمان"ی چاپی لەندەندا

کەوتە بڵاوکردنەوەیو ناونیشانی لاپەڕەکانی بەپێشنیاری ڕێزدار نیزال ئەللـەیسیی سەرنووسەربوو، پاشان لەگەڵم ڕێکەوت هەر لەدەزگای ئەلزەمان چاپکرێت. بەوجۆرە ڕەشنووسی ئەو پەرتووکە گەیشتە چاپخانەو بۆ پێداچوونەوە یەک نموونەی لەگەڵ بەرگیدا دامێ ، ئەوجا من گشت وێنەو دیکۆمێنتەکانم دانێ، بەڵام لەگەڵ ڕوخانی سەددام لەئەپریلی ساڵی ٢٠٠٣ بەزازی بەڕێز کەوتە خولیای بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەی لەعیراق وازی لەو بیرۆکەی لەچاپدانە هێنا، تا ئێستایش ئەو ڕەشنووسەم لاماوە، بەوجۆرە لەچاپدانی پەرتووکەکەی من کەوتە پاش دەرکەوتنی تێزەکەی ڕێزدار بەیاتی بۆیە توانیوم ئەو وتەیەی مێژونووسی مەزن کەمال ئەحمەد مەزهەری لێ بنوسمەوە، ئەوەبوو پەرتووکەکەم لەساڵی ٢٠٠٤دا لە کوردستان دەرکەوت، بێگومان ئەوەم لەپێشەکی پەرتووکەکەدا نووسیوە. ئێستایش دەکۆشم پاش خستنەسەری هەندێک سەرنجو تێبینی تر بۆ دووبارە لەچاپدان ئامادەیکەم چونکە دەزانم چاپی یەک تەواو بووە.

٢ـ مامۆستا کازم حەبیب دەڵێت قوربانی هەن من لەیادم کردوون، لەهەرشوێنێکیش قوربانی هەبن ئەوا تاوانباری لێ دەبێت، بەڵام ئایا دەکرێت مامۆستا کازم حەبیب کە لەباری زانستیو بابەتیدا ناوبانگی خۆی هەیە، بڕیاری تاوانبارکردن بدات بەسەر پیاوێکدا پێش لەوەی سەپاندنی تاوانەکەی ئاشکرابێت ئەوجا چەندوچۆنی لەسەرکاتو ڕادەی ڕاستبوونو گونجاوبوونی لەگەڵ یاسادا بزانێت؟ ئایا دەکرێت پرسینەوە لەگەڵ شالیاری ناوخۆ بکرێت لەسەر دوورخستنەوەی عیراقیانو کێشانەوەی ڕەگەزنامە لێیان کە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی شالیارانی ئەوکات بووبێت (ئەنجومەنی ئەنجامدەرە بڕیاردەر نییە بەڵکو جێبەجێکارە بێلەوەی مافی بەرپەرچدانەوە یان چەندوچۆنی هەبێت؟) ئایا دادگا ئەو بڕیاری دوورخستنەوەیەی خوێندوەتەوەو کە لایەنە بڕیاردەرەکەی دەستنیشان کردووە؟ یان هەرتەنها بەوە قایلبوون کە کێ فەرمانیداوە بە جێبەجێکردنی بڕیارەکە؟ ئایا شالیاری ناوخۆ مافی ئەوەی بووە بەناوی عیراقەوە پەیوەندی پرۆتۆکۆلی شەرمانگیزو ستەمبار گرێدات لە نێوان عیراقو وڵاتانی تردا ئەگەر پەرلەمانو سەرۆکی ڕژێم بڕیاریان لەسەر نەدابێت؟ لەوێدا ناوی هیچیەک لە سەرانی ئەو ڕژێمە نەبراوە بۆ لێپرسینەوە لەو کارانەی لەعیراقدا ڕوویانداوە بەڵکوو هەر تیشکخراوەتە سەر سەعید





قەزاز!!

کەواتە بەپێی ئەو پەندێریە بێت ئەوی ئەنجامدەر کراوەتە بەرپرس لە بڕیاری لەسێدارەدانی نیشتمانییانی عیراق نەوەک ئەوەی بڕیارەکەی دەرکردوە.

هەروەک مامۆستا کازم حەبیب دەزانێت کە نەخشەکێشو بڕیاردەر لەو سیستێمەکەدا شالیاری ناوخۆ نەبووە، هەروەها ناگونجێت ئەو ڕەوشی دژایەتییەی بوویانە بۆ پارتە نیشتمانپەروەرەکان بە جەختی قەزازی شالیار بووبێت. بە گەڕانەوە بۆ ئەو بڵاوکراواە ڕامیارییانەی لەو ڕۆژانەدا دەردەچوون دەبینین کە پارتەکان گشت دەستەی ڕژێمی پاشایەتییان تاونبارکردووە لەوەی لەعیراقدا ڕوویداوە. کەواتە ویژدان ڕێمان پێنادات تاوانەکانی نووری سەعیدو (وصي) لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەو سەرکردانەی تری یەک لەدوای یەک بەرپرسبوون لە ڕەوتی ڕژێمی عیراق بێتاون دەرچنو گشت ئەوتاوانانەی لەعیراقدا ڕوویانداوە بخرێنە ئەستۆی سەعید قەزاز. خۆ وەک سەعید قەزاز بەشێک بوو لە ڕژێمی عیراق کە خودی مامۆستا کازم حەبیب ئەوە دەزانێت، بۆچی ئەوانیتر نەخرانە بەر لێپرسینەوە، یان کوا شالیارەکانی تر چییان بەسەر هات؟ بۆچی زۆر لەوان ئازادکرانو لەتاوانی هەندێکیش خۆشبوون بەڵام سزای مەرگ بەسەر سەعید قەزازدا سەپێنرا بە تاوانی بەدەستی ئەنقەست کوشتن نەوەک لەسەر بەرەنگاربوونی ڕامیاریو تاوانی دژەمرۆڤ؟

لەوسەردەمەی پاشایەتیی عراقدا لە بەسرا دادگای سپایی بە سەرۆکایەتی ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدی پێهاتو سزای سەپاندووە بەسەر ئەو دانیشتوانەی بەسرادا کە بەشداری خۆپیشاندانی کرێکارانی نەوت بوون، واتە ئەو عەبدییەیەی لەعیراقی کۆمارییی ساڵی ١٩٥٨دا کرا بە دادوەری گشتیی سپا، هەرئەوەی وێنەیمان لەماڵەکانمان هەڵواسیو زۆر لەعیراقییان چەپڵەیان بۆ دەکوتا، پاش ماوەیەکیش بوو بە یەکێک لە داردەستانی جەوری عیراقی، بەڵام بەهیچ کلۆجێک ئاماژە نەدراوە بەو هەڵوێستو کردارە نەنگانەی کردوونی بەرانبەر بە گەلی عیراق.

٣ـ ئەگەرچی پێم ناخۆشە دیدەروانان بە وشەی (درۆزن) ناوبەرم، دیارە لەبەر چەندین هۆی پەیوەست بە باری ڕامیاریی ئەوان، بە تایبەتیش لەبەر

ئەوەی گشتیان ئەم ژیانەیان جێهێشتووە، هەروەها ڕێزی مرۆڤ لەوەدا دەردەکەوێت هەر وشەی بەجێ بەکارهێنێت. لەکاتێکدا دیدەروان گەواهی دەدات پێویستە پاش لەوەبێت کە بەپێی ئاینی خۆی سوێند بخواتو چۆنێتی بینین یان بیستن یانیش هەستپێکردنی خۆی بگێڕێتەوە، پێویستیشە ڕێز لە گشت گەواهییەک بگیرێت بەڵام چیجۆرە گەواهی؟ ئایا لەنێو ئەو گەواهیدەرانەدا هەبوو ئەو تاوانی "کوشتنی دەستئەنقەست"ـە بسەلمێنێت کە دادگا سەپاندی بەسەر تاوانباردا؟ ئایا ئەو گەواهییانە هەندە چیی باوەڕبوون تا دادگا پشتیان پێ ببەستێت بۆ بڕیار بە لەسێدارەدانی ئەو پیاوە؟ وەکتر زۆرجۆرە لەو گەواهییانەی سۆز تێیدا پاڵنەر دەبن هیچ سوودیان نابێت بۆ سەپاندنی سزاو تاوانبارکردن، هەروەها زۆر گەواهیی ڕاست هەن لەوانەیە پەیوەندییان نەبێت بەو کێشەیەوە. زۆر گەواهیش هەن دادگادا پشتگوێیان دەخات بەتایبەتی لەلایەن ئەوکەسانەی بەهای گەواهیو ڕادەی بابەتیبوونی هەڵدەسەنگێنن لەگەڵ دیاردەو پەیوەستبوونیان تێدایە بەو کێشەیەوەو دەزانن دوورە لە کاریگەریی سۆز. لەوێدا بڕیار دەگەڕێتەوە بۆ دادگا بەپێی ئەوەی پەیوەستە بەو کێشەیە بێ تێکەڵبوونی باری سۆز، ئەوکات دادگا بەپێی دیدی خۆی بڕیاری یاسایی دەرکات لە چوارچێوەی خودی کێشەکە نەوەک کاریگەری دەرەکی.

٤ـ مامۆستای مەزن کازم حەبیب لە شرۆڤەکەیدا دەپرسێت: ئایا سەعید قەزاز سەپێنەری هەڵوێستە داپڵۆسێنەرانەکەی ڕژێم نەبوو دژ بە لایەنە نەیارەکانی عیراق، بەو گریمانییەی یەکێک بوو لە کاربەدەستە سەرەکییەکانی ئەو ڕژێمە داپڵۆسێنەرەی عیراقو بەرپرس لە دەزگایەکی داپڵۆسێنەری عیراقو دەستی باڵای بووبێت لە کەنەفت کردنی نەیاران، من ناڵێم گەل بەگشتی.. ئەگەر ئەو تاوانبار بووەو ئایا بەرپرسیارەتیی ئەو سەرپێچییانەی دەکەوێتە ئەستۆ کە ئەنجامیداون؟ یان بێتاوانەو هیچجۆرە سەرپێچییەکی ئەنجام نەدابوو؟

من دەڵێم بەڵێ ئەو بەشێک بوو لەو سیستێمە سەرکوتکارە بەڵام نەگشت ڕژێم بوو نە تاکە کاربەدەستی سەرەکی، پێویستە مامۆستا کازمیش لەو پرسەیەدا لەگەڵم هاودەنگبێت کە بۆچی لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆکانی تری عیراق نەکرا لەمەڕ هەڵوێستی ڕژێمو لەبریی گشتیان باری تووڕەیی ڕژێنراوە بەسەر سەعید قەزازدا. لەوەیشدا ناکۆکم لەگەڵ ڕێزدار کازم





حەبیب کە ئەوجۆرە داگاییە شوێنی دادگای سزایی بێت کە دەسەڵاتی لە پێبژاردنی پوولی تێناپەڕێت، ئەویش بەپێی یاساو ڕەوشی دادگا سزاییەکانی بەغدادیی ئەوکات.

٥ـ لەمەڕ دادگای گەل مامۆستا کازم حەبیب دەڵێت: لەکاتێکدا دڵنیام لەوەی دامەزرانی ئەودادگا سپاییە باڵایە بۆ ڕوانینە کێشەکانی سەردەمی پاشایەتی هەڵەبوو، هەروەها لە زۆربەی وتارەکانمدا نووسیومە کە لەوەیش دڵنیام ڕەوتی بەرانبەر بەتاوانباران نادیموکراسییانە بوو، بەڵام ئایا ئەو هاوڕێیەمان بەخۆی زانیوە کە سنووری بەزاندووەو ناشیاو داکۆکی لە کەسێک دەکات گیرترین کەسی ستەمکارو دژ بوو بە نەیارانی ڕژێمەکەی، لەکاتێکدا خودی مامۆستا عەببود دەڵێت؛ لە ئامێزگرو سەرپەرشتیاری دەزگا داپڵۆسێنەرەکان بووە، بەڵام لەهیچ بەشێکی پەرتووکەکەیدا تاکە یەکجاریش تاوانباری ناکات؟..

باشە ئەگەر ئەو ڕەوشەی دادگاکەی پێ دامەزرا هەڵەبێتو لەخودی ڕێکارو هەڵوێستدا هەڵەو نادیموکراسیانەبێت، چۆن دەکرێت پاکانە بۆ سزاو بڕیارەکانی بدەین؟ چۆن بکارین ئەنجامی کارو بڕیارەکانی پەسەندکەین؟ چۆن بتوانین دان بە ڕەوابونی دادگایەکدابنێین کە تەنانەت ناوی تەواوی تاوانبارەکەی لا ڕوون نەبێت بەڵکوو تەنها بڕیاری داد لەسەر ناوو ناسناوی دەرکاتو هەر بەتەنها لەسەر ئەو ناوە سزا بسەپێنێت؟. وەک پێشتر ئاماژەم پێداوە، ئەم پەرتووکەم بۆ ڕوسپیکردنی ئەو پیاوە نییە بەو ڕادەیەی کۆشیومە مێژووی عیراق بێڕتووشو دوور لە سۆز بگێڕمەوە، بەشێوەیەکی ڕووتی دوور لە کاریگەری سۆزو گەردی دوور لە بۆچوونی ناڕاستی کەڵەکەبوو، لەوڕووەوە ڕێزدار کازم حەبیب دەڵێت؛ ئەو سزای لەسێدارەدانە نا دادپەروەرانە بووەو ئەویش پێتر سزای زیندانیی بە پەسەند دەزانێت، بەڵام لەو تاوانە نادوێت کە دەبوو بەگوێرەی بڕیاری بەندکردنەکەی بدرێت. باشە کە بزووتنەوە ڕامیارییە نیشتمانپەروەرەکان بخوازن لەسەر هەڵوێستی داپڵۆسێنەرانەی ڕژێم کەسێک دادگایی بکەن، دەشێت ئەوە بکەنە مەرج کە دادگاکە سپایی بێت؟ لەوێدا مامۆستا کازم حەبیب خۆنادات لەپێکهاتەی دادگاو شێوازی کارەکانی بەڵام ڕەخنە لە خودی ئەوسزایە دەگرێت کەسەپاندویانە، واتە بەوپێیە هاوبیرە لەگەڵمان بۆ پێداچوونەوە بە بڕیارەکانی پێشو

خوێندنەوەی ڕووداوەکان وەکخۆیو بێلایەن کە ئاواتی گشتمانە.

٦ـ ڕێزدار کازم حەبیب ئەوە بەسەیر دەزانێت کە ئاماژە درابێت بە یەکێک لەنێو ئەوانەی سەعید قەزازیان دیوە چونکە بەعسییە، ئەو دەڵێت: لەوە ناگەم بۆ بەڕێز عەببوود پشت بە کەسێکی وەک بەڕێز حازم ئەلعەلی دەبەستێت کە پیاوێکی بەعسیی دژە بە کۆمۆنیستانو تاوانبار بوو بە ڕووداوەکانی مووسڵ. خۆ مامۆستا کازم حەبیب دەزانێت ئەوانەی ئەوکات لەگەڵ سەعید قەزاز لەزینداندا بوون هەر ئەوانەبوون کە بەشداربوون لە کێشەکەی عەبدولوەهاب شەوافدا، چونکە ئەوکات هەر ئەو نەتەوەییو بەعسیانە لەوێ بەندکرابوون بۆیە کۆشیم بەڕێز سەدیق سەففار ببینم، کە ئەویش یەکێک بوو لە نەتەوەییانی عەرەب، لەگەڵ ئەوەیشدا ئاماژەم بە "هەمیشە زیندوو" محەمەد مەهدی ئەلجەواهری کردووە کە چەپڕەوێکی بێلایەن بوو، هەروەها ئاماژەم بەدیدی زولنوون ئەیوب داوە کە یەکێک بوو لەکادیرانی پارتی کۆمۆنیست، هەروەها چشتم لە "إتحاد الشعب"یش وەرگرت کە ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستەو هەر ئەو لەسەر پرۆسەی دادگاییو پێداهەڵدانەکانی نێو هۆڵەکەی نووسیبوو.

٧ـ بۆ مامۆستای بەخشندەمی دووپات دەکەمەوە کە ئەم پەرتووکەی من نە نامەی دوکتۆرا نە تێزی ماجستێرە تا پابەندبوونم لە شێوەی نامەیەکی ئەکادیمیدابێت، بەڵکو تەنها بریتییە لە هەندێک سەرنج کە لەو ڕووەوە کەسیتر ڕاستانەیی نیشانی نەداون، بۆیە لەوڕووەوە مامۆستا ڕاست دەفەرموێت. هەروەها من لەپێشدا نە کیژی ڕەوانشاد سەعید قەزازم بینی بوو نە ئەو دەستی هەبووە لە چاپکردنی ئەو پەرتووکە. هەروەک هیچکات چاوی دووهەمم نەنووقاندووەو هەرگیزیش نایینووقێنم بەڵکوو هەر بەکراوەیی دەیانهێڵمەوە تا ئەو ڕاستێنیە دەسەپێت کە زۆرم لەپێناویدا چەشت. ئامادەم لەوەیش پتر بجێژم تا ئەوکاتەی ڕەوشێکی ڕاست دەچەسپێتو بەپشتیوانی ئەو مێژووی عیراق دەنووسیرێتەوە "واتە بەو ڕەوتەی کەمال ئەحمەد مەزهەر" دەڵێت: (پێویستە سەبارەت بە ڕووداوو کەسایەتییەکان بە هەندێک لە بڕیارەکانی ڕابوردووماندا بچینەوە، ئەویش بەپێی پرۆگرامی زانستیو بابەتییانەی بێلایەنو بێ کارتێکردنی لایەنیک) سەرئەنجام سوپاس بۆ مامۆستا کازم حەبیب کە هەردەم بە ئاماژە هانی ئێمە دەدات بۆ نەخشاندنی ئەو ڕێڕەوەی دەبنە هاندەرمان بۆ فێربوون. ئەو





تائێستایش مامۆستای ئێمەیەو شانازی بەناسینو لێنزیکبوونی دەکەین هەرنەبێت لەبەر ئەو هزرە بتەوەی هەیەتی لەبواری مافی مرۆڤپارێزیدا، بەڵام ئەو هیچ ئاماژەی نەداوە بەو هەڵە زۆرەی چاپ کە لەنێو ئەو پەرتووکەدا هەنو پترن لە ١٠٠ هەڵە، هەروەها زۆر سوپاس بۆ ئەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوانەی هاوبۆچوونن لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو پەرتووکە خاکییەمو بۆ ڕەخنەو تێبینییە پێکەرانەکانی تر.

لەبێناو پتر سوود گەیاندندا دوکتۆر کازم حەبیب وەڵامێکی لەسەر ئەو پێداچوونەوەیە نووسییەوە کە من لەسەر وتارە ڕەخنەئامێزەکەی ئەوم نووسی تێیدا دەڵێت: **بەدواچوون لەسەر پێداچوونەی مامۆستای دادوەر زوهێر کازم عەببوود لەمەڕ وتارە ڕەخنەئامێزەکەی من لەمەر "لمحات عن سعید قزاز"**

ورد بەدواچوونەکەی مامۆستای هێژا زوهێر کازم عەببوودم خوێندەوە لەمەڕ ئەو ڕەخنانەی گرتوومن لەسەر ئەو پەرتووکەی ناویناوە "سەرنج لەسەر ژیانی سەعید قەزاز". بەهەمان ئەو شێوەیەی لەکاتی نووسینی ڕاخنەکاندا خوێندبوومەوە، بەوەی بەرپرسیارەتیی ڕەخنەگر هاوسانە بە بەرپرسیارەتی نووسەر لە گەڕان لەدووی ڕاستییەکانو پابەندبوونی بە بنەما بابەتییەکانی کاردا. هەر بەوجۆرەی لێم ڕابینیوە مامۆستا عەببودی هاوڕێمان بەڕەوانێکی بێفیزەوە بۆچوونی زانستییانەی خۆیی لەسەر ڕەخنەکانم دەربڕیوە، چونکە گشت ڕەخنەیەکی زانستییانەو بونیاتنەر لەپێناو دۆزینەوەی ڕاستیدایەو هیچ زیان بە خودی نووسەر ناگەیێنێت، هەروەها درێژەدان بە چەندوچۆن لەخۆیدا دەبێتە پشتگیری بۆخۆیو بۆ ڕەخنەگر تا ئەو ئاستەی پێکەوە دەگەنە ئەنجامی ڕوون لەسەر ئەو بابەتەی مشتومڕیان لەسەر کردووە. ئەگەر کەسێک بەڕخنە دڵتەنگ بێتو ڕەخنەی کەسانیتر هەستگرژی بکات، نە مافی ئەوەی هەیە خۆی بەنووسەر بزانێت نە بۆیهەیە لەگەڵ کەس بیروبۆچوون بگۆڕێتەوە لەمەڕ دیدو هزری رامیاری یان زانستی یان هەرجۆرێکی تری مشتومڕ، بەمەرجێک ئەگەر ڕەخنەکان دووربن لە تەشەنەو تانووت لە کەسانیتر، وا دەکۆشم چارێکیتر لەو پەرتووکە بدوێم، هەروەها لەسەر بەدواچوونەکەی مامۆستا عەببوودو فەرموودەکانی لەسەر گوتارەکەم بەناوی "کیف یقرأ کتاب الأستاذ زهیر کاظم عبود ـ لمحات عن سعید قزاز"

**یەکهەم: لەبارەی ڕەوتەوە**

١ـ وەک بنەما، ناتوانم لەوبارەوە لەگەڵ نووسەری بەڕێز عەببوود ڕێکەوم کەدەڵێت؛ ئەو نامەی ماجستێر یان دوکتۆرای نەنووسیوە تا خۆی پابەندکات بە ڕەوشەکانی نامەی ئەکادیمی، چونکە هەر نووسەرێک، بەتایبەتی ئەوانەی دەخوازن سەرلەنوێ مێژوو بنووسنەوە، پێویستە پابەندبن بەوجۆرە ڕەوشە زانستییانەی سەنگیان لە نامەکانی ماجستێر یان دوکتۆرا کەمتر نییە، ئەوجا بۆئەوەی بەپێی ئەو ڕەوشە بتوانێت خۆی بگەێنێتە ئەو ئەنجامەی لەوانەیە لە دەسپێکی توێژینەوەکەیدا نەیتوانیبێت پوخت لێکیداتەوە، چونکە پێشبینیی دەرئەنجام لەسەر ئەم کێشەیە یان ئەویتر هەر لەکاتی لێکۆڵینەوەدا دەبێتە ستەم، بەڵکو دەبێت خودی توێژینەوەو پشکنینەکە ئێمە بگەێنێتە ئەنجامی بابەتی. هەروەها پێویستە نووسەر بەئاگابێت لە ڕاگرتنی باری سەرمۆنیی نێوان شێوەی بابەتو ناوەڕۆکەکەی، هەروەها نێوان ناونیشانو خودی لێکۆڵینەوەکە. مەبەستیش لە ئاماژەکەی من هەر ئەوەبوو، چونکە ئەوە بە یەکێک لە پێداویستییەکانی نووسینی زانستییانەو ڕاستەقینە دەژمێردرێت. بەڵێ من لەوە دەگەم کە هاوڕێ عەببوود نووسیویەتی دەڵێت؛ نە نامەی ماجستێرە نە هینی دوکتۆرایە، بەڵام کۆششێکە بۆ گێڕانەوەی ئابڕوو بۆ کەسایەتی سەعید قەزاز، هەروەها کۆششە بۆ دووبارە نووسینەوەی مێژووی عیراق. بۆیە "بێ گوێدانە چەندێتی هەڵەکانی چاپ کە لەلایەن خودی نووسەرەوە نین" ئاماژەم بە دوو تێبینی داوە، سەرەتا من ڕیزبەندیی بەشەکانی پەرتووک بە بابەتیانە نازانم، پاشان ناونیشانی پەرتووک لەگەڵ ناوەڕۆکیدا ناگونجێن، بۆیە چاک وابوو ناوینێت "دادگایی سەعید قەزاز لەسەر شێوەی دادگاییکردنی سەددام حوسێن" چونکە ئەوە بابەتی سەرەکیی ئەو پەرتووکەیە.

٢ـ بەڕێز عەببوود ئاماژە بەوە داوە کە هەنگاو بەشوێنێکانی مامۆستای دوکتۆر کەمال ئەحمەد مەزهەر هەڵدێنێتو بۆ نووسینەوەی مێژوو ڕەوتی ئەو بەکاردێنێت. من هیچ لاریم لەوە نییە چونکە ئەوە کارێکە خودی ئەوکەسە لێیبەرپرسە، بەڵام سوود لەوەدا دەبینم مرۆڤ لە کاری توێژینەوەدا ڕەوتێکی خۆیی هەبێت نەوەک دوای ڕەوتی کەسێکیتر بکەوێت. وەک لە نووسینەوەی مێژودا تاکە یەک ڕەوت نییە، توێژەریش





"هەرکێبێت" بێهەڵە نابێت. لەگەڵ ڕێزم بۆ مامۆستای دوکتۆر کەمال ئەحمەد مەزهەر کە توێژەرێکی چاکو سەرپەرشتیاری زۆر نامەی دوکتۆراو ماجیستێری کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوشێوە نووسینەدا نیم کە ئەو پەیڕەوی دەکات. ئەو شێوەیەی ئەو لە نووسینەوەی مێژووی کەسایەتییەکانی عیراقدا بەکاری دێنێت شێوەیەکی چاوڵێکەرییانەیە نەوەک ڕەوش. ئەگەرچی ئەوە لەبارەی نووری سەعیدەوەبێت یان سەعید قەزاز، وەک من دەیبینم یەکجار دوورە لەڕەوشی بابەتیانە بۆ خوێندنەوەی کەسایەتیو ڕووداوەکان بەپێی دۆخو کاتیخۆی.

من دەزانم کە بەڕێز عەببوود بوێرانە خۆدەدات لە نووسینو کۆڵینەوەی بابەتی گرنگ، بەڵام چاوەڕوانی ئەوجۆرە پەرتووکەم لێنەکردووە، چونکە ئەوەی من لەتێبینیی نێو بەدواچوونەکەیدا بەدیدەکەم ناگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو پەرتووکەی لەمەڕ سەعید قەزاز نووسراوە، کە دەڵێت:

"هەروەک هیچکات چاوی دووهەمم نەنووقاندووە هەرگیزیش نایننووقێنم بەڵکوو هەر بەکراوەیی دەیهێڵمەوە تا ئەوڕاستییانە دەسەپێت کە زۆرم لەپێناویدا چەشتووە. ئامادەم پتریش بجێژم تا بەپێی ئەو ڕەوشێکی ڕاست بۆ نووسینەوەی مێژووی عیراق دەچەسپێت (واتە ڕەوتەکەی کەمال ئەحمەد مەزهەر) کەدەڵێت: پێویستە سەبارەت بەڕووداوو کەسایەتییەکان بەهەندێک لەبڕیارەکانی ڕابوردوومان‌دا بچینەوە، ئەویش بەپێی پرۆگرامی زانستیو بابەتییانەی بێلایەنو بێ کارتێکردنی لایەنیک). هاوڕێکەم! ڕەخنە زیان بەکەس ناگەێنێت بۆیە پێویستناکات مرۆڤ لەپێناو ڕاستیدا زۆربچێژێت چونکە ئەوە بارێکی ڕێژەییەو هەردەم بەپێی کاتو شوێنو هەندێک هۆیتر دەگۆڕێت، هەروەک لەوباوەڕەدا نیم نووسینی پەرتووک لەسەر سەعید قەزاز ئێوە دووچاری ئەرکی زۆر بکات بۆ داکۆکی لەباری ڕاستاڵیی سەعید قەزاز، چونکە خودی ڕاستی پێداوستیەکە لەو پیاوەدا نەبووە. هاوڕێکەم! ئاواتەخوازم لە ئایندەدا چیتر لەپێناو دەرخستنی ڕاستییەکدا تووشی ئەرکی زۆرنەبیت چونکە هەردەم ڕێژەییە بەڵام لەوانەیە لەلای هەندێکەس ڕاستێنییەکی ڕەهابێت. هەروەک من دەڵێم چاوی ئەو بۆ زۆرکار کراوەیەو هەر کراوە دەمێنێت، بەڵام لێرەدا ڕوانینی هەر بەیەک چاو بووە. ئەوەتا لەبەدواچوونی وتارەکەمدا دەبینم هاوڕێی بەخشندەم هەندێکجار چاوەکانی کراوەیەو هەندێک جاریش

دووهەمیان دادەخات.

دووهەم: **سەبارەت بە ناوەڕۆکی پەرتووک**

١ـ کاتێک توێژینەوە لەسەر ژیانی کەسێکی ناوداری وەک سەعید قەزاز بکەین پێویستە بەئاگابین لە دوو باری لێک جیاوازو ڕێنەدەین ئاوێتەی یەکبن، چونکە وەک ئەودووە لەگەڵیەک تێهەڵکێشن ڕاڤە لەدوو باری جیاواز دەکەن. واتە یەکەم، ڕەوشی کەسایەتی یان تایبەتمەندیی ئەو کەسایەتییەیە وەک تاک ئەویش لەنێو ماڵدا یان لەگەڵ هاوڕێکانی. دووهەمیان، ڕەوشی پیشەیی یانیش ئەوەی ئەو بەشێک بووە لە سیستێمە ڕامیارییەکەی کاتیخۆی. زۆرجار ئەو دوو کەسایەتییە دەبنە هۆی دەرکەوتن لەشێوەیەکی دوالیزم یان شیزۆفرینیا کە زۆرجار دەبێتە ڕواڵەت لەلای کەسانی کاربەدەستی چەوسێنەر، بۆنموونە سەددام حوسێنیش تووشی ئەوبارە بوو. بۆیە بەپێی گشت ڕەوشێکی زانستی، ئاوێتەکردن لەنێوان ئەو دووەو پاقژ دەرخستنی ئەستۆی ئەم بەرپرس یان ئەویتر پەنا بە هەڵوێستە گشتییەکانییەوە کارێکی نابەجێیە. ئەوجا ئەو هەڵوێستەی سەعید قەزاز لەناو ماڵدا نواندوویەتی یان لەگەڵ دۆستو هاوڕێیانی هەمان ئەوهەڵوێستەی نەبووە بەرانبەر بە کۆمەڵ یان بەرەی ڕامیاریی نەیار بە ڕژێم. هەندەی لەگەڵ هاوڕێکانیدا بە سۆزبوو بە پێچەوانەوە بەرانبەر بە نەیارانی ڕامیاری هەڵوێستی زۆر وشکو دڕو دوژمنانە بووە، بەتایبەتی بەرانبەر بە ڕەوتی کۆمۆنیستیو بەرانبەر بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان بەشێوەی گشتی، بۆیە هەرگیز ناکرێت پشتگوێ بخرێت یان ئاوێتەی بکرێن.

٢ـ پێویستە ئەو ڕاستییە لەیادنەکەین کە سەعید قەزاز لەو چاخە بۆگەنو دارماوەدا تەنها داشەهارە نەبوو بەدەست ڕژێمی پاشایەتییەوە بەڵکو یەکێک بوو لەسەرانی ئەوڕژێمەی جێی باوەڕی کۆمپانیاکانی نەوتی بەریتانیو نووری سەعید بوو، ئەگەرچی لەهەندێک ڕووەوە نا لێکچوون لەنێوان ئەو دووکەسەدا بووە. ئەو تاکە کەس نەبوو سزای لەسێدارەدانی بەسەردا بسەپێت، بەڵکوو "بەڕێوەبەری بەشی لێکۆڵینەوە سزاییەکان" بەهجەت عەتییە، "موتەسەریفی بەغدا" عەبدولجەببار فەهمیو "بەڕێوەبەری بەندیخانە" عەبدولجەببار ئەیوبیش بە سێدارە سزادران،





واتە ئەوچوارەی لەسێدارە دران کۆمەڵە بەرپرسی شلیارگەی ناوخۆ بوونو هەر ئەوانیش بوون بەرپرس لەگشت بەربەرەکانێکارانی نەیارانی ڕژێمی پاشایەتی. سەعید قەزاز لە شالیارگەی ناوخۆدا کارمەندێکی هەندە بچووک نەبوو تا فەرمانی شالیاری ئاغای جێبەجێکات بەڵکو ئەوخۆی شالیاری ناوخۆ بوو، ئەو یەکێک بوو لە باڵاترین نەخشەڕێژان بۆ ڕەوشی ڕامیاریی ناوخۆی ئەو سەردەمەی عیراق لە بەربەرەکانێی دەسەڵاتی عیراقی دژ بە لایەنە ڕامیارییەکانی نەیار. بەڵێ ئەو دادگایە نایاسایی بوو کە دادگایی سەعید قەزازی کرد. لەڕواڵەتدا ئەو بەوشێوەیە دەرکەوت بەڵام بەواتایەکی تایبەت هەڵوێستێکی گشتیی بوو لە دژی ڕژێمەکەی ئەوو گشت ئەوانەی ناپاکبوون بەرانبەر بە گەلو کێشەکانی ئەوسەردەمە. من ئەوە بەشتێکی بەسوود دەزانم گەر بەتوێژینەوەیەکی تێروتەسەل لە هەڵوێستی کەسانی بەرپرس بکۆڵینەوەو خووی دوولایەنەو دەماری شیزۆڤرینای نێوناخیان بدۆزینەوە، بەتایبەتی لای کەسانی وەک نووری سەعیدو سەعید قەزازو ئەوانیتری دەڤەرەکە.

٣ـ وەک هاوڕێی هێژام عەببوود هاوڕایە لەگەڵم بەوەی سەعید قەزاز بەشێک بوو لەو ڕژێمە ستەمکارەو دەڵێت: "ئایا تاوانبار بەڕاستی تاوانکاربووەو بەرپرسیارێتی سەرپێچکاریی دەکەوتە ئەستۆ؟ یان هیچ تاوانێکی سەرپێچکاریی لەسەر نەبووە؟.. من دەڵێم بەڵێ ئەو بەشێک بوو لەو ڕژێمە ستەمکارە بەڵام نەگشت ڕژێمو نە بەشە بنەڕەتییەکەی.. کەواتە پێویستبوو دادگایی بکرێت. من لەگەڵ ئەوەیدا نیم کە بەشێکی بناغەی نەبووە، بەڵکو دەڵێم سەعید قەزاز بەشی بناغەیو لە لوتکەی کاراو کاریگەریی نێو ئەو ڕژێمە ستامکارە بوو، نە لە شالیارگەکەیدا بێنرخو پەراوێزخراوبوو نە لەو سیستێمە چەوسێنەرەدا لەخۆڕای کراوە بە شالیاری ناوخۆ... لەشوێنی تری ئەم بەدواچوونەدا ئاماژەم داوە بە پاشینەی بابەتەکە.

٤ـ جگە لەوانەی لەسەر جادەکانی بەغدا بە پێچەوانەی مافی مرۆڤەوە کوژران، بۆنموونە شا فەیسەڵو عەبدولئیلای ڕاسپێردراو لەگەڵ نووری سەعید کە سەرۆک شالیارانی یەکێتی عیراقو ئوردن بوو، زۆر لە بەرپرسانی ڕژێمی پاشایەیی دادگایی کران، لەوکاتەدا سەعید قەزاز سیمبوول بوو بۆ ڕژێمەکەی، ئەو لەگەڵ هەندێک کەسانیتر دەستووری

ساڵی ١٩٢٥ی وڵاتەکەیان بەزان. خۆ دەیتوانی بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران جێبەجێنەکاتو دەست لەکار بکێشێتەوەو خۆی ئەو ئازارە بچێژێت کە ئەمڕۆ تۆ لەپێناو ڕاستیدا دەیچێژیت، بەڵام ئەو ئەوەی نەکردو لەبری کەوتە نێو زەلکاوی چەوساندنەوەی گەل، لەگەڵیدا کێشەی گەلەکەی خۆی کە کوردە. (بەو بۆنەیەوە.. دوو ڕۆژ بەر لەئێستا لەسەردانێکی تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان گەڕاومەوە، لەوێ ڕاستەوڕاست پرسیاری ئەو ئەفسانەیەم خستەڕوو کە لەپەرتووکەکەی بەڕێز عەببووددا هاتووە گوایە کاتیخۆی چاوپێکەوتن لەنێوان ڕێزدار مەسعوود بارزانیو سەعید قەزاز ڕویدابێتو ئەوەی سەرپشکی کردبن لەنێوان خەنجەرو پێنووسدا. لەوەڵامدا سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو گوتی؛ هەرگیز کاری لەوبابەتە ڕووینەداوەو هەرگیز چاوپێکەوتن لەنێوان ئەو دوو پیاوەدا نەبووە).

جەوری سەعید قەزاز تەنها بەرانبەر بەنەیارانی عیراقی نەبووە بەڵکو بەهەمان شێوە هەڵوێستی بووە بەرانبەر بەکێشەی گەلەکەی خۆیو سەبارەت بە تێکڕا بزووتنەوەی ڕامیاریی کورد نەتەنها بە بزووتنەوەی چەکدارییەکەی[22]. گشت ئەوانە ئاماژەن بۆسەلماندنی ئەو تێبینییانەی لە بەدواچوونەکەمدا نووسیومن لەمەر پەرتووکەکەی ڕێزدار عەببوود.

٥ـ ئاماژەم بەوەدا کە زۆر بەوردی دادگاییەکەی سەعید قەزازم لەبەر ئەو دۆسێیانەی دادگای گەلدا خوێندووەتەوە کە تائێستایش لە پەرتوخانەکەمدا ماون. لە پەرتووکی "لمحات من عراق قرن العشرين"دا خوێندنەوەیەکم لەسەر چۆنێتی ئەو دادگاییەو هەڵوێستی نووسیوە. وێڕای جیاوازیی بۆچوونم لەگەڵیان سەبارەت بە ڕادەی دەسەڵاتیان بۆ دەرکردنی بڕیار لەسەر ئەوجۆرە دادگاییە، ئەو دادگایە بە بڕیاری باڵاترین دەسەڵاتی وڵات دامەزراوە. بەڵام ئەو پرسیارەی من وروژاندم هێشتا لەئارادایە. بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ئەو بڕیاری لەسێدارەیەدا نیم، بەڵام ئایا ئەو پیاوە تاوانبار نەبوو تا سزای چەندساڵ زیندانیی بەسەردا بسەپێت یانیش پێبژاردنی بڕێک پارە وەک ئاماژەی بۆ دەکەیت. باشە بۆ هیچ ئاماژەیەکت نییە کە

[22] ـ بۆ بەئاگابوون لەڕادەی دروستیی ئەو ئاماژەیەی مامۆستای هێژا کازم حەبیب کە بەسۆزو هزری لایەنداری دەریبڕیوە، فەرموون بڕواننە ئەو ئاماژانەی لەپێشەکیی وەرگێڕدا هاتوون (وەرگێڕ)





ئەو پیاوە تاوانبار بووە لەسەر پتر لەیەک ڕووداو یان هەڵوێستەکانی ئەوکاتە کە لەسەر لوتکەی شالیارگەی ناوخۆدا بوو. من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەوکەسانەی دەڵێن ئەو پیاوە بەکرێگیراو بووە، نا ئەو لەوانەبوو کە خاوەن ڕەوشو فەلسەفەی تایبەت بەخۆ بوون، کێشە لەوەدا نییە بەڵکو کێشەکە لەو یاسایانەدایە کە دەریدەکردنو لەسەری دەڕۆیشت. خۆ ئەگەر مامۆستا عەببوود لەوکاتەدا مێردمنداڵ بووبێت، ئەوا زۆر لەئێمە قوربانیی هەڵوێستی ئەو ڕژێمەو ڕەوشەکەی بووین کە سەعید قەزاز یەکێک بوو لە باڵاترین بەرپرسانی. پێمچاکە مێژوو دووبارە بنووسرێتەوە بەڵام مەرج ئەوەیە بەپێی ڕەوشو پێوەری ڕوون تا قامچی وەشێنی تێیدا نەکرێت بە قوربانیو نێچیر بە قامچی هاوێژ، یان ئەو هەڵوێستە داپڵۆسێنەرانەی ئەوان بە بەرگری بژمێردرێت لەسیستێمێکی فەرمیو دەستوورو پەرلەمانو ڕژێم، هەروەها هەڵوێستی لایەنانی نەیار بە دەمارگیرانە بۆیە پێویستە سزا بدرێن! تاڕادەیەک ئەو دەرئەنجامەی دوکتۆر کەمال ئەحمەد مەزهەر پێیگەیشتووە ئەوە دەگەیێنێت، بۆیە ئاواتی ئەوە ناخوازم مامۆستا عەببوود لەگەڵ ئەودا هاوڕابێت بەڵکو ڕەوشێکی ڕاست بۆخۆی ببینێتەوە.

٦ـ ئەوەی شالیاری ناوخۆ کردوونی سەرپێچی نەبووە بەڵکو بەو بڕیارانەی لە ئەنجومەنی شالیارانەوە دەردەچوون تاوان ئەنجامدراوە دژ بە هاووڵاتییانو ئەو وەک شالیاری ناوخۆ کە دەسڕۆیشتوترینی بەرپرسان بوو ناکرێت بیخەینە خانەی کارمەندێکی ئاسایی، بۆیە پێویستبوو لایەنی بەرپرس لە دادگاییکردن ئەو ڕادەستی دادگای تاوانەکان بکات نەوەک دادگای سزایی. لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە لەخۆیدا تاوانە.. لەسێدارەدانی مرۆڤ تەنها بە پرۆسەیەکی دادگایی ڕووکەشو بڕیاری پێشکات تاوانە.. کوشتنی بەندکراوی بێچەک تاوانە.. کوشتنی خۆپیشاندەر تاوانە.. بەوەیشەوە من ناکۆک نیم لەوەی نەدەبوو دادگاییەکە سپایی بێت، چونکە دادوەران هەروەها دەستەی دادیارانی گشتی دەبێت دەرچوی کۆلیجی یاسای عیراقیینو هەر لەلایەن ئەوانیشەوە دادوەر دادەمەزرێت. چاکتربوو ئەو بدرێت بە دادگای تاوانەکان.

٧ـ لەوکاتەی سەعید قەزاز بەسەر لوتکەی شالیارگەی ناوخۆوەبوو، کارمەندانی دەستەی شالیارگەی ناوخۆو لەنێویاندا بەشی لێکۆڵینەوەی تاوانەکان دەستیان وەرداوەتە گشت ئەوبڕیارانەی پەیوەستبوون بەکێشەی

ڕامیاریی. زۆر گەواهی لایمن هەن پەیوەندیی ڕاستەوخۆی کردەوەکانی بەشی لێکۆڵینی تاوانەکان گێراویەتی لەگەڵ پەسەندکردنیان لەلایەن سەعید قەزازەوە وەک بەرپرسی یەکهەمی ئاسیشی عیراقی ئەوکاتو لێکۆڵینەوەکانی باری تاوان. ئەوە لەخۆیدا بارێکە دەبوو سەعید قەزازی لەسەری بدرێت بەدادگا. دیدەروانیی ساختە، لەدادگادا نیشاندانی قاقەزو دیکۆمێنتی ساختەو پێشکات دیاریکردنی سزا لەلایەن شالیارگەی ناوخۆو بەشی لێکۆڵینەوە سزاییەکانەوە. من بەبۆنەی دوو هەفتە میوانداریم لە بەشی لێکۆڵینەوەی تاوانیی ساڵی ١٩٥٥ لە بیرەوەرنامەیەکمدا وێنەیەکی بچووکم لەسەڕ شێوەی ئەو ئەشکەنجانە بڵاوکردەوە کە لە سەردەمی پاشایەتیدا ئەنجامدراون، لەوێدا وێنەیەکی ئاسانم ڕوونکردوەتەوە لەسەر ئەو هەڵوێستانەی لەسەردەمی پاشایەتیدا دەیانگێڕا، ئەوکات بڕیاری زیندانیو دوورخسنەوەم بۆ دەرچوو. ئەو ئەشکەنجەیەی من بینیم زۆر سووکتربوو لەوەی بەهادین نووری، حەمید عوسمان، جەبار حەسەن، کەریم ئەحمەد ئەلداود، فازڵ عەبدولکەریمو سەدان بەڵکو هەزاران تێکۆشەری تر بینییان.

هاوڕێی خۆشەویست، گشت ئەوانە بەئاگاداریو لێپرسراوییێتیو بڕیاری شالیاری ناوخۆ بوون. هەرچی لە بەندیخانەکانی عیراقدا ڕوویداوە نەتەنها بە سەرپەرشتیاری شالیارگەی کاروباری کۆمەڵایەتی نەبوو، بەڵکو لەبن دەسەڵاتی شالیارگەی ناوخۆ بووەو بە ڕێنماییو نەخشەی هەردوو شالیار.

٨ـ تاوانباری سەرەکی لەو سەردەمەی پاشایەتیدا سیستەمە ڕامیارییەکەی بوو، واتە خودی دەسەڵات، دەسەڵاتییش لەلایەن چەندکەسی دیاریکراوە دەگەڕا، سەرئەنجام ئەوان بەرپرس بوون لە کردەوەکانی ئەوسەردەمە. فازل جەمالی بەڕادەی سەعید قەزاز چەپەڵ نەبوو. سەبارەت بەو بڕیارە فەرمییانەی سەعید قەزاز بەشداربوو لە داڕشتنیدا پێش لە چوونەدەرەوەی وڵاتو پاش گەڕانەوەی بینی تەواوبووە، ئەو لەگەڵیدا هاوڕابووەو لایشی پەسەندبوو. ئەوەی جەمالی لێی بەرپرسە ڕەهاکردنی سەربەخۆییە دیموکراسیانەکەی ساڵی ١٩٥٣ـ ١٩٥٤ـە، واتە ئەوەی نووری سەعید بەهاوکاری سەعید قەزاز لەگەڵ عەبدولئیلا فەرمانی ساڵی ١٩٥٤ـ ١٩٥٥یان بەسەریدا هێنا. لەگەڵئەوەیشدا فازڵ جەمالی لەو دادگایە تاوانبارکرا بەڵام بە سزایەکی کەمو پاشان سەربەست کرا. من لەگەڵ ئەو





سزایەدام بەڵام دژم بەوسزایەم کە بەسەر سەعید قەزازدا سەپا. بۆیە ئەوە هەڵوێستێکی جیاوازە لەوەی بەوپێیەی لەپەرتووکێکدا ئاشکرا بکۆشیت بۆ ڕوو سپیکردنی سەعید قەزاز. سەرئەنجام ئەوەی من دەیبینم هێشتا یەک چاو کراوەو ئەویدی داخراوە، ئەگەرچی ئەوە نەنگی نییە بەرانبەر بەکەس بەڵکوو ڕەخنەیە لەسەر ئەوجۆرە لێکڵینەوەیەی هەڵوێستی خودیی کەسێک تێکەڵکات بە هەڵوێستە گشتییەکەی، کە لەخۆیدا ئاستێکە جوداکردنەوەی نێوانیان ئاسان نییە.

٩ـ من دەزانم بەڕێز عەببود کەسێکی عەرەبەو سەعید قەزازی کۆچکردوو لەنەتەوە کوردبوو، من بەهیچ جۆرێک لەپەیوەستی نەتەوەیی یان خێزانیو خزمایەتی نێوانیان نادوێم، بۆیە پێویست نەبوو ئەوە بێتەگۆڕ. هەروەک پێویستە ئاماژەی گومانهەڵنەگر بدەم بەوەی ئارەزووی خانمی بەڕێز کیژی سەعید قەزازی کۆچکردوو لە پەیوەندیکردن بە نووسەری هێژاوە پاش بڵاوبوونەوی ئەو پەرتووکە بووە لەڕۆژنامەی ئەلزەماندا، پێموایە ئەوە هیچ زیان نابەخشێت بەلکو ئاماژەی من تەنها بۆئەوەبوو کە پەیوەندییەکی ئەوتۆ ڕوویداوە، ئەویش کاتێک لەلەندەن پێکەوەبووین خۆی بۆمنی گێڕایەوە، ئەوکات من بەڕوونی ئەوتێبینییانەی خۆمم لەسەر پەرتووکەکە پێڕاگەیاندو گوتم لەماوەیەکی کورتدا بڵاودەبێتەوە.

١٠ـ لەگەڵ ڕێزدار عەببود هاوڕام سەبارەت بەهەڵوێست بەرانبەر ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدی، باوەڕناکەم هیچکەسی لە پێشکەوتنخوازان وێنەی ئەلعەبدییان لەماڵیاندا هەڵواسیبێت، بە ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقیشتەوە، ئەوەیشی هەڵیواسیبێت بەزۆری کەسانی سادەبوون دیارە لەبەر دەرکەوتنی ناوەکەی لەنێو ئەودەستەیەی شۆڕشیان هەڵگیرسان دژ بەڕژێمی پاشایەتی. بەڵێ وێنەی زۆر سەرکردە هەڵواسران، من خۆم نەوێنەی کەسم لەوسەرکردانە لەماڵمدا هەڵواسیوە نەهەڵواسینیان گەرەکبوو لەسەرمان. بەڵام ئەوەیش باشە ئاماژەی پێبدەم کە لەخولی کۆماریدا هەڵەو تاوانی زۆر کراوە بەرانبەر بەکەسانی بێتاوان، نەوەک تەنها دژ بە هەندێک لەسەرانی ڕژێمی پێش. بەڵام ئەوکاتەی دەکەوینە نووسین لەمەڕ سیستەمی کۆماری ئاماژە دەدەین بە سەرپێچکارییەکانی بەڵام پێویستە نەکۆشین ئەرک لەسەر بارە سروشتییەکەی ڕژێمی پاشایەتیو هەڵوێستی لەگەڵ هەڵوێستو کارڕایکیی سەرانی سوک بکەین بەوبۆنەیەوە کە

ئەوەی لەپاش ئەوان پەیدابوو لەوەی پێش گەنترە. هەروەها دید لەسەر سیستەمی دادوەری، بەتایبەتی بارە ڕامیارییەکەی.

١١ـ لەو سەردەمەی نووری سەعیدو سەعید قەزازدا سزای جۆراوجۆر بەسەر عیراقییانی نیشتمانپەروەردا سەپاوە، پەرپرس لەوانە خودی ڕژێمی پاشایەتیو ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەو دەستەیە بوو کە وڵاتیان دەبردەڕێوە چونکە فەرمان لەلایەن ئەوانەوە دەرچووە. ئەوە زۆر ڕاستە، بەڵام کاتێک بەرپرس بەهەڵە دادگایی کەسێک بکات، بۆمان هەیە بپرسین بۆ؟ لێرەدا من بەڕاستی نابینم بڵێین بۆ تەنها ئەو. هێوادارم وەڵام ئەوەنەبێت کە لەبەرئەوەی کوردبوو چونکە ئەوانەی لەگەڵیدا سزای سێدارەیان بەسەردا سەپا گشتیان عەرەب بوون. هۆکەیش ئەوەیە کە ئەوانە بەرپرسبوون لەشالیارگەی ناوخۆو دەزگاکانی ئاسایشو ئەشکەنجەو کوشتن.. هتد. ئایا پێویست دەکات سزای ئەوکەسانە بدرێت کە واژویان هەیە لەسەر ئەو پرۆتۆکۆلانەی زیانبەخشبوون بەسەربەخۆییو شکۆی عیراق یان باری دیموکراسیو مافی مرۆڤ، لەکاتێکدا پەرلەمان پەسەندی کردووە؟ دەڵێم بەڵێ پێویستە چونکە شالیار کەپیاوێکی خاوەن مێشکە دەبێت خۆی بە بەرپرس بزانێت لەگشت هەڵوێستی خۆی بۆیە دەبوو ملکەچ نەبێت بۆ واژوکردن یان گرتنەبەری هەڵوێستی دژ بە دەقەکانی دەستورو مافی مرۆڤ، ئەوە لەکاتێکدا عیراق ساڵی ١٩٤٨ پرۆتۆکۆلی جیهانی بۆ مافی مرۆڤی واژوو پەسەندکردبوو. بەڵام شالیاری کۆچکردوو بەوشێوەیە کارو هەڵوێستی کردووە کە گونجاوەبێت لەگەڵ ڕەوشتی خۆیو ڕەوشی ئەو شالیارگەیەی ئەو تێیدا بەشی سەرکی بوو. پێویستە شکۆی ساختە لێمان نەبێتە پاڵنەر بەجۆرێک بێداگربین لەسەر هەندێک بارو لەپێناو پاکانەدا پەنابەرین بۆ باری نارێک.

١٢ـ "پێی گرانەبێت یان نا "من لەگەڵ بەڕێز عەببوود ناکۆکم لەسەر ئەوانەی بەدرۆزن ناویهێناون، ئەگەرچی دەڵێت نەمویست بەو واتایە ناویانبێنم، بەڵام ئاماژەکە لەخۆیدا ئەوەدەگەێنێت کە بەکەسانێکی دەڵێت لەسەردەمی نووری سەعیدو سەعید قەزازدا تووشی ئەشکەنجەبوون. بەگەڕانەوە بۆ دۆسێکانی دادگا دەردەکەوێ ئەوانە درۆزن نەبوون، بەڵام گومان لەوەدانییە هەرکەس شتەکان لە گۆشەنیگای خۆیەوە دەبینێت، بۆیە لەوانەیە تووشی جۆرێک زێدەڕۆیی ببێت، بەڵام هێستا ڕێژەی جیاوازی





هەندە زۆرنییە. دۆخ لەبەرچاوی ئەوانەی لەوسەردەمەدا ژیاون وەکئەوە نیە کە بەرگوێیان دەکەوێت. چارەنوسی من ئەوەبوو ئەو سەردەمە ببینم. شالیاری ناوخۆ ئەوەی لاپەسەندبووە سەدان مامۆستای زانکۆو پەیمانگاو ڕۆشنبیرانی تری عیراق ڕەوانەی سەعدیە بکرێن، هەروەها بەکێشکردنی سەدان خوێندکاری ئامادەیی بۆسەربازی پاشلەوەی بەزۆر لەسەر کورسیەکانی خوێندن دایامالیون بێ هیچ فەرمانێکی دادگا یان ڕێکارێکی یاسایی. ئەو دەیتوانی لەسەر کارڕاێکیی لەوجۆرە واژوو نەکات چونکە ئەوە تەنها کاری دادگای سزاییە بتوانێت سزا بسەپێنێت بەسەر ئەوجۆرە هەڵوێستەدا. ئەو زۆرچاک ئەوەی زانیوە بەڵام لەسەر ڕۆشنایی بڕیارەکانی ئەنجومەنی شالیاران فەرمانی دەرکردوە لەکاتێکدا دەیتوانی نەیکاتو دەست لەکار بکێشێتەوە. ئایا بۆ ئێمە هەیە داروودەستەی سەددام ببەخشینو بڵێین هەر سەددام بەرپرسبوو، یان پێویستە گشت ئەوانە دادگایی بکرێن کەبەڕاستی لە پلەی سەرکردایەتیدابوون، لەنێویاندا ئەو بەرپرسانەی بەشداربوون لە سەرکوتکردن، بەتایبەتی شالیارەکانی ناوخۆو ئاسایشو زانیارگری؟

١٣ـ بەڵێ من سەرسامەو مافی ئەوەم هەیە بپرسم، چۆن پشت دەبەستن بە کەسێکی نەیار بە کۆمۆنستانی عیراقو خودی ڕەوتی کۆمۆنیستیو بەکارهێنانی وەک بەڵگەی دژ گوایە کۆمۆنیستەکان لەپشت گشت ئەو ستەمەوە بووبن کە سەعید قەزاز لەکاتی لێکۆڵینەوەو بەندیخانەدا دووچاری بووە. بەڵێ سەرسامم چونکە ناکرێت بۆگەواهی پشت بە کەسێکی دژ ببەستن کە تەنها مەبەستی ناشیرینکردنی کۆمۆنیستان بێت، بەتایبەتی پاش ڕووداوەکانی مووسڵو کودەتاکەی عەبدلوەهاب ئەلشەواف، چونکە ئەو لەڕووداوەکاندا لایەنبوو، بۆیە چاک وابوو گەواهی ئەو پشتگوێخات یان لانیکەم باوەڕی پێنەکات لەبری ئەوەی لای پەسەندبێت وەک لەوپەرتووکەدا بەشێوەیەکی ڕاستو دروست نیشانیداوە. ئەوە زۆر نزیکە لەوبابەتەی لەنێوان بەڕێز مەسعود بارزانیو سەعید قەزاز ڕوویدابێت لەگەڵ چیرۆکی خەنجەرو پێنووسەکە. من دژنیم بەگرتنی ڕەخنە لەکۆمۆنیستەکان یان کەسانیتر، بەڵام دەبوو لەباریترو لەسەر ڕووداوی تر رەخنە لە کۆمۆنیستان بگرێت، هەروەک لەوەیشدا پێویستە پشت بە کەسانی بێلایەن ببەسترێت، بەتایبەتی لەڕووەوە هۆ کەمنین. بە

ئاوڕدانەوە لە نوسینەکانی حەسەن عەلەویدا ئاماژەمان بەرچاو دەکەوێت کە تا چڕادەیەک لایەنو تاخمەکانی بەعسو نەتەوەییان درۆیان هەڵبەستووە بۆ ناشیریکردنی کۆمۆنیستەکان، لەنێویاندا ئەو پڕوپاگندانەی گوایە قورئانیان سووتاندبێت یان سوکایەتییان پێکردبێت یانیش جوێنیان دابێت بە عەبدولکەریم قاسمو ..هتد،

http://www.rezgar.com/debat/show.art.asp?aid =

لە بەدواچوونمدا بۆ ئەوئاماژەیەی لەوتارەکەی نووسەری بەتوانا جاسم الموتێردا هاتوە، ئەم شرۆڤەیەم هەیە:

١ـ وێڕای سوپاس بۆ مامۆستای هاوڕێم جاسم المتێر لە ("مسامیر" ژمارە ١٢٣٨ لەمەڕ ئەحمەد ساڵح ئەلعبدیو چاوپێکەوتنەکەی نێوان مەسعوود بارزانیو سەعید قەزاز) دەڵێت؛ ئەوکاتەی لەبەسرا بڕیاری یاسای نائاسایی درا ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدی دادوەری سپایی نەبوو بەڵکو ناوی "عەقید" ئەحمەد محەمەد یەحیای هێناو کە لەساڵی ١٩٥٣ زەبری بەکارهێناوە دژ بە خۆپیشاندەرانی بەسرا، واتە ئەوکەسەی پاش شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ بوو بە شالیاری ناوخۆ. ڕەوانشاد سەعید قەزاز خواستی ئەو گەواهیی بۆ بدات بەڵام دادگا گوێی لەدیدەروانیی ئەو نەگرت.[23]

٢ـ هەرچی ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدیـیە کە ساڵی ١٩٥٦ یاساکان سڕکراون، لە بەسرا خۆپیشاندان ڕوویداو تەقە لە خۆپیشاندەران کراوە خودی مامۆستا جاسم موتێر لەوێبوە، ئەوکات ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدی سەرتیپی هێزەکانی

[23]ـ ڕێزدار موتێر ئەو ئاماژەیەی لەماڵپەڕی "الجديدة"ی مانگی ١١/ ٢٠٠٦ بڵاوکردوەتەوە (http://aljadidah.com/2006/12/2588) لە درێژەیدا دەڵێت؛ "..لەگەڵ باوکم چوین، بارزانی مستەفا لە ساڵۆنێکی ئەو خانوەدا پێشوازی لێکردین کە تێیدا نیشتەجێبوو، پێموایە خانوە کۆنەکەی نووری سەعید بوو، حەمزە عەبوڵڵایش لەگەڵ ئێمە بوو، لەو چاوپێکەوتنەدا منداڵێکی بچووکی ٥ ـ ٦ سڵانەم بینی لە قوژبنی قەنەفەیەکدا دانیشتبوو.. ئەو منداڵە ، وەک باوکی پێیگوتێن مەسعود بارزانی بوو.."
بەڵام ڕێزدار مەسعود بارزانی لە ١٦/ ٨/ ١٩٤٦دا لەدایکبووە، واتو کاتی ڕێزدار سەعید قەزاز پێش ساڵی ١٩٥٣ لەمووسڵ موتەسەریف بوو ئەو ٦ ـ ٧ ساڵان بووە. بەڵام چاوپێکەوتنی ڕێزدار لەپاش ١٩٥٨ بووە... (وەرگێڕ)





ئەوییوەو هەر ئەو فەرمانیداوە بە تەقەکردن لە سڤیلی بێچەک. ئەوەبوو پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز کرا بە دادوەری گشتیی سپاو تا دواڕۆژانی ئەو دەسەڵاتەی شۆڕش مایەوە. لە ڕەوانشاد جەرجیس فەتحوڵڵا بەولاوە هیچ نووسەرێکی تری مێژو ئاماژەیان بەو ڕاستییە نەداوە کە لەپەرتووکی (رجال ووقائع في الميزان)دا نووسیویەتی.

٣ـ لە مامۆستا جاسم موتێر ڕادەبینم وەک دیدەروانێکی مێژو زانیاریەکانی خۆی بڵاوکاتەوە لەسەر دادوەری سپا ئەحمەد محەمە یەحیاو چۆن خەڵاتکراو بوو بە یەکەم شالیاری شۆڕش. هەروەها تکای لێدەکەین سەتڵەکەی شۆڕکاتەوەو تایبەتمەندییەکانی ئەو ماوەیە ئاشکراکات کە ئەلعەبدی تێیدا بوو بە دادوەری نائاسایی بەسراو چۆن وەک ڕێزلێنان کردیان بە دادوەری سپایی گشتیو لەدەسەڵاتی شۆڕشدا کرا بەدووهەم کەس.

٤ـ دەشێ گێڕانەوەی کرداری کەسایەتییەکان لەڕێگەی سەرچاوەی خۆیانو مێدیاکانەوە بڵاوبێتەوە یانیش لەتوێی گێڕانەوەی دەماودەم. وەک پێشتر ئاماژەم بەڕوودانی چاوپێکەوتن لەنێوان مامۆستا مەسعوود بارزانیو ڕەوانشاد سەعید قەزاز داوە، لەهەمان ئەو پەرتووکەمدا گوتوومە کە سەرچاوەکەی کەسێکە تا ئێستایش لەژیاندایە.

٥ـ لەگەڵ مامۆستامان دوکتۆر کازم حەبیب کۆکنیم لەوەی لە پێداچونەوەی سەر پێداچونەوەکەی مندا دەڵێت: (باری ڕاست ئەوەیە کە پێویستبوو ئەو دادگایە سپایی نەبێت، ئەگەرچی گشت دادوەران هەروەها دەستەی دادیارانی گشتی دەرچووی کۆلیژی یاسای عیراقی بونولەلایەنیەوە دادوەر دادەمەزرێت).

٦ـ ڕاستییەکان ئەوتۆ نین، چونکە نەسەرۆکی دادگا "عەقید" فازڵ ئەلمەهداوی خاوەن بەڵگەنامەی یاسایی بوو نە "مقەدەم" حوسێن ئەلدووریو "موقەدەم" شاکر مەحموود ئەلسەلامو "موقەدەم" فەتتاح شاڵیو "ڕائید" عەبباس ئەللامی کەگشتیان ئەندامی دەستەی دادگا بوون. واتە کەسانی سڤیلیان بەپێی یاسایەکی سزایی سڤیلی لەو دادگا سپاییەدا دادگایی کرد کە دادگایەکی تاوانیی نائاسابیە، واتە ئەو فەرمانانەی داویانە بەپێی یاسای سپایی نەبوو بەڵکوو گشت دەسەڵاتێکی دادگای باڵای

(تاوانەکان)ی پێدراوەو بڕیارەکانی بنبڕبوون بێلەوەی توانای مشتومڕ یان پێداچوونەوەی لەسەرکرێت یان هیچ لایەنێک بۆیهەبێت بەرپەرچی بداتەوە.

٧ـ ئاواتەخوازین بەدواچوونو بەشدارییەکانمان لەپێناو دەوڵەمەندکردنی ڕاستیبێتو گێڕانەوەی ڕاستیی ڕوداوەکان بێ لایەنگریو بەدیدی مێژوویی‌و بابەتییانەی دوور لە سۆز یان کینەو شێواندنی ئەنجام بێت. من پڕباوەڕم بەوەی ئەو مامۆستایانەی بەڕونکردنەوەو دید بەشداربوون لەپێناو دەوڵەمەندکردنی ڕاستێنیو ڕاستگێڕانەوەی ڕووداوەکان بێتو هەرکەس بەپێی دیدی خۆی کە لای ئێمە مایەی ڕێزە. بێگومان نووسینەوەی مێژووی عیراق بابەتێکی گرنگە، وێڕای شێواندنی زۆرو پەردەپۆشکردنی ڕاستییەکانی، بۆیە پێویستە گشمان خەمخۆرانە بەشداربین بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو ڕەوتە.

هەر لەوکاتەدا نووسەر **حەکیم نەدیم داودی** وتارێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی:

**(دادوەر زوهێر کازم عەببود دەخوازێت پاش چەندگرێ لە پشتگوێخستن دووبارە سەعید قەزاز دادگایی بکاتەوە)**

لەخۆڕایی نەبووە فەیلەسووف جۆرج سانتیانا بلێت: (ئەوکەسەی ڕابوردوو لەبیرکات، سزای ئەوەیە بەڕابوردوودا بچێتەوە). دیارە ئەوەی وەک جەخت بەکارهێناوە تا هەردەم بە ڕابوردوودا بچینەوە نەبا لەیادچێت. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستێنییەو گێڕانەوەی ڕاستییەکانو هەڵسەنگاندنی دادگاییکردنەکەی سەعید قەزاز لەڕووی یاسایی‌و دادەوە، بەو گریمانییەی ئەو پیاوێکی ناودارو پاقژ بووەو خاوەن مێژووی پرشنگدارو هەڵوێستگیر بوو. دادوەر زوهێر کازم عەببود ئەو لاپەڕە پوختانەی لەبەڕ وەبیرهێنانەوی ئەو پیاوە نووسیوە نەوەک لەبەرئەوەی سەعید قەزاز قارەمانێکی نەتەوەیی ئەوتۆ بوبێت پێویستکات ئاهنگی بۆ بگێڕن، یان خۆفرۆشێکی ئەوتۆ بووبێت وڵاتەکەی دووچاری ڕسوایی‌و پەرتبوون کردبێت، بەڵکو ئەو لەوقۆناغە ناکۆکەی مێژوی هاوچەرخی عیراقدا ڕوونو ئاشکرا بارێکی کاریگەری بووە لەسەر ڕوداوەکانی باری ڕامیاریو ئەوانیشی هۆکاری بوون. بۆیە سەرنجەکانی وەک پێشنیارێکی دڵسۆزانە هاتووە بۆ دووبارە گێڕانەوەی مێژووی عێراقە





بەجۆرێکی پوختو دوور لە کاریگەریی سۆزو لایەنگری. هەروەها چاوخشاندنەوە بە لاپەڕەو دیکۆمێنتەکاندا لەپێناو بێتاوان دەرخستنی لەتوێیاندا، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستێنیو توێژینەوانەی دوورن لە هەوەسو کاریتێکردنی دۆخی ڕامیاریو تۆمارکردنی ئاماژە یاساییەکانە. لەبن دۆسێی کەڵەکەبووی ئەو کێشانەی جگە لە پەیوەستبوون بە کاروباری پیشە فەرمیەکەی هیچ پەیوەندییان بەوەوە نەبووە، ئێمە دەکارین ببینە ڕێکخەرەوەی ئەو مێژوە دانەتاشراوەی بۆمان جێماوە، ئەویش بە دیدێکی بێلایەنانەی پاش دامرکانی ڕەهێڵەی کەفوکوڵی سۆزو باوەڕ. جاروایە مرۆڤ لەبەر خۆشەویستی لایەنێکو ڕووی جوانی کەسێک باز بەسەر بارە ڕاستەقینەکاندا هەڵدێنێتو ڕاستیی ڕوداوەکان دەشارێتەوە. لەکاتی تۆمارکردنی ئەو نارەواییە زۆرەی کراون بەرانبەر بە کەسانێک کە بەبۆنەی ویژدانی هەمیشە زیندویانەوە ئەمڕۆ لەدۆخی هەمیشەییدان. لەوانەیە ئەوجۆرە کەسە نە سەنگوسەوایان کردبێت بەو ئایدیۆلۆژییەی باوەڕی بتەویان پێیبووە نەخۆیان گونجاندوە لەگەڵ ئەودۆخە ناهەموارو سەختەی ڕۆژانی نەگبەتی هەڵیداونەتە قوژبنەکانی زیندانو دووچاری ئەشکەنجەی لەشو هۆشی کردبوون. وەک ئەو دڵە بەردینو خاونەبوەی تەنانەت بۆ ئەوینی ئەو هاوسەرەیشی شلنەبوو کە بەسۆزێکی نەرمەوە لەپاسەوانی زیندانی مێردەی پاڕایەوە تا لێیخۆشبن. باشە میژوی دلڕەق چۆن توانی پەردە بکێشێت بەسەر هەڵوێستی ئەوتۆ پیاوێکدا کە تا دواچرکەکانی کاتی مەینەتیش نەکەوتە بەر باری سەنگوسەوا، بەڵکوو لەبری ئەوە هەر کۆشیویەتی بەبەڵگە درۆکانیان ڕسواکاتو بە شرۆڤەکردنی دیاردە لەسەر دیاردە وەڵامی لوتکەی دادگاکەی دەدایەوە. ئێمە ئێستا لەئاستی داکۆکیدا نین لە ڕەوتی ئەو پیاوە لەگەڵ باری چیکەسێتیو پێناسەکەی، بەڵکو مەبەستی ئێمە داماڵینی ئەو تەپوتۆزەیە کە نیشتوەتە سەر ڕاستییەکانی لەمەڕ ئەو لەگەڵ هەندێک کەسایەتیی تری عیراق بەعەرەبو کوردو تورکومانەوە تابزانین ئەوان لەپێگەو بەرپرسیارێتی خۆیاندا چۆنبوونو چیجۆرە ڕەوشێکیان لەکاردا کردوەتە پێوەری ڕاستی. بێگومان مێژوو هەندێک لەوان لەدۆخی هەمیشەییدا زیندو دەپارێزێت چونکە ئەوانە بۆماوەی چەندین گرێو سەدەی پاش کۆچکردن دەبنە مایەی پرسو لێکۆڵینەوە. لەوانەیە هەرکات ناوی هەندێک لەوان بێتەناوان یانیش وەبیر کەسێک بێنەوە نەفرەتیان بۆبنێرن بێلەوەی گوێبدنە باری کەسایەتی ئەو یان

ناونیشانەکەی. لەنێویشیاندا هەیە مرۆڤ لەلایەک هەناسەی سارد هەڵدکێشێت بۆ کۆچکردنیو لەلایەکی ترەوە بۆ ئەو نارەواییەی لەکاتی دادگاییو سزادا بەدەم هاتوهاوارەوە ناوونا تۆرەی ئەوتۆ نابەجێیان لێناوە سزادراوەکە تەنانەت لەپاش مردنیش ئارامگەیەک نەبێت تەرمەکەی تێدا ڕاکشێت، یان گۆڕێکی دیاری هەبێت بۆ سەردانی خۆشەویستانی. مێژوی سەختی ڕابوردو باشترین گەواهییە بۆ ئەوانەی لەقۆناغەکانی پێشکەوتنی هزرو بارەکانی زانستیانەی مرۆڤدا سیمبۆلبوون بۆ نیشتمانو ئاینەکەیان، بەڵام لەپڕ لێدابڕاونو لەبەر کەوتنە نێو چرکەساتەکانی توڕەییو هەڵچونەوە گیرۆدەی جۆرێک سزای کردوون بوونو ژیان لەبەرچاویان تاریکبووەو سنگیان هەندە لێ تەسکبووە هیچ ئاواتێک لە دڵیاندا نەمێنێت بۆ هەلی لێبوردنو ئاواتی تر. پێویستە کاتی بڕیاردانی سزا بەسەر هەندێک کێشەدا ئەو شکۆیەی مرۆڤ لەیادنەکرێت کە بەهۆیەوە چوونەتە دۆخی هەمیشەیی کە زۆر دەگمەن هەڵدەکەوێت وردبینیو ویژدانی تێدا ڕچاوکرابێت، هەروەها ئەوە بەرچاو بگرێت ئەگەرچی لەبەردەم دەسەڵاتی دادوەری تایبەتو بەمەزەندەدا بووبێت یان ئەو سەرۆکی دادگایەی دۆسێیەکی ئاڵوزو پڕ لە گرێکوێرەی جەوهەریو گرنگی لەبەردەستایە بە مەزەنە ئەنجامی بدات لەکاتێکدا بەهۆی زاڵبوونی هاتوهاوارو پێداهەڵدانو جوێنو هەراو هەڕەشە بەمەبەستی تۆقاندنی تاوانبار لەهۆڵی دادگادا تەرازووی بێلایەنی لاسەنگ دەبێت. ئەوە لە پرۆسەکەی دادگایی سەعید قەزاز لەبەردەم دادگاکەی مەهداویدا بینرا، بەڵام ئەو زۆرتوندو بێ ترسو ورەبەردان بەرانبەر بەو بارە تۆقێنەرەی دادگا بەرگری لەخۆیو بڕیارە فرمیەکانی دەکرد. هەروەها لەو تەزووە ئەلیکتریک ئاسایە نەترسا کە لەو ڕۆژە سەختانەدا خرابوونە سەر لێواری دۆخەکەو دەوروبەری. لەو پەرتووکەیدا دادوەر زوهێر کازم عەببود کە ناویناوە "لمحات عن سعید قزاز" بەهۆی چوار بەشەوە ڕوبەڕوی مێژویەکی بەسەرچوو بووە لەگەڵ دۆسێیەک کە بەدەستی ئەنقەست لەقوژبنی دوورلەچاودا قەتیسکراو بووەتەوە بەو مەبەستەی تاوان لەسەر ئەو شالیارەی ناوخۆی عیراق سووک بکات کە بەڕێوەبەرایەتییە فەرمیەکانی ئەو شالیارگەیە لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا کۆتا هەرگیز نمونەی پێنوسدارێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەدیوە بەڕادەی سەعید قەزازی کۆچکردوو بەهرەمەندو داناو شارەزای بەڕێوەبردن بێت. ئێستا کە دەکەوینە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو پەرتووکە، سەرەتا لەو پێڕستەوە





دەستپێدەکەین کە لاپەڕەی پێش دوا لاپەڕەی ئەو پێشەکییە قەشنگەیەو بووەتە ڕاڤە بۆ چاک بەکارهێنانی ڕەچەڵەکی وشەی ڕازاوەو ئاماژەدار بە بێخی واژە یاساییەکانو دەروونپاکی خودی زوهێر کازم عەببودی دادوەرو توێژەر کە بۆی بوونەتە پلاننەری سەرەکی تا بەش لەدوای بەش لەمەڕ ڕەوتی ژیانی سەعید قەزاز بنوسێت. سەرەڕای ئەو ئەرکە زۆرەی چەشتوویەتی کە لەوانەبوو کۆسپ بێتەڕێی تەواوکردنی ئەو لێکۆڵینەوە کورتە کە تێیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات "مێژوو لەخۆیدا بریتتیە لە کۆمەڵێک ڕاستێنی. باری ڕاستیش لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە کە لەبەر کۆسپی زۆر نەمانتوانیوە بگەینە نێو ناخی ئەو پیاوە"و لەمەڕ پێشەکیەکەی دەڵێت؛ "ئەو دەزوەی دەبوو ژیانی ڕابوردوی ئەو پیاوە گرێدات بەمرۆوە پساوە بۆیە وەک چیرۆکێکی ئەفسانە یان بریسکەی تیشکێک دەردەکەوێت تۆ لە باوەڕی بینینیدا نەبیت، بۆیە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیەشمان لەهەمان شێوەدایە، چونکە سەعید قەزاز پیاوێک بوو وەک دورگەیەکی لەگشتلاوە گەمارۆدراو". لە دەسپێکی بەشی یەکی پەرتووکەکەیشدا بەکورتی لە پێناسەی کەسایەتیی سەعید قەزازمان ئاگادار دەکات کە ناوی "محەمەد سەعید کوڕی میرزا مەجیدی کوڕی حاجی ئەحمەد قەزاز"ـە ئەویش بەپێی ئەو تۆمارەیساڵی ١٩٠٤ لەنووسینگەی میری عیراق لە سلێمانی نوسراوە. کاتی مردنی باوکی ئەو منداڵێکی ساوابووە، لەسەرەتاییەوە تا ئامادەیی خوێندنی لەسلێمانی بووە، لەگەڵ خاتو زەکیە تۆفیق قەزاز هاوسەرگیری پێکهێناوەو بەرهەمەکەیان کیژێک بوو بەناوی پەری، ئەوان بەناسناوی پەریخان بانگیان کردووە، واتای "حورية". لەو بەولاوە منداڵی تریان نەبوو. بەوپێیەی توێژەر سەبارەت بەیەکەم پیشەی ئەو دەگێڕێتەوە دەڵێت؛ لەیەکەم دامەزرانیدا وەک فەرمانبەر تەمەنی بیست ساڵو بیستو نۆ ڕۆژ بووەو کاتێک لەسێدارە درا تەمەنی بەنجاو پێنج ساڵو دوو مانگو نۆزدە ڕۆژ بوو، واتە سیو سێ ساڵ فەرمانبەری گشتی بووە، ڕۆژی دامەزرانی وەک فەرمانبەری گشتی لەدەزگاکانی میریی عیراقدا ٢٠/ ١/ ١٩٢٤ بووە.

**سەعید قەزاز، خاوەن ڕووی یەکالکەرەوەو توانای بێهاوتا لە بەڕێوەبردن**

هەرکات بڕوانینە هەندێک لەو وێنە فۆتۆگرافییانەی لەقۆناغەکانی پلەبڕینو بەڕێوەبەرایەتیدا بۆ سەعید قەزاز گیراون، کۆمەڵێک هێلی ناڕێک بەڕوخسارییەوە دەبینین پۆشراو بە بزەخەنەی شەرماوی یان حەشاردراو

لەپشت تارمایی بیرکردنەوەیەکی ماندویی گیرۆدەو خولیا بۆ چۆنێتی چەسپاندنی باری ئاسایش‌و پلان بۆ کلێشەی ئەو بەرپرسیارەتییە باڵایەی پێیسپێردرابوو، بۆیە هیچ بەنامۆی نازانین گەر مرۆڤ بە ئاسانی دیاردەی یەکلاکەرەوەو خووی گرژی نزیک بەهێرش لەڕویدا ببینێت، لەبری ئەو بزە بۆشەی لەڕوی ئەوجۆرە چالاکوانە ڕامیارییەدا دەبینرێت کە لەبن کاریگەری تیشکی کامیرەی کاتەکانی کۆڕو کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیدا دەردەکەون. ئەگەر بەوردی لەو وێنەی سەر بەرگی پەرتووکەکەی دادوەر زوهێر کازم عەببود بڕوانین دەبینین تێیدا سەعید قەزاز پەنهانی دەجوێت‌و لەنێو پەنجەرەیەکی تارماوییەوە لەو ئاسۆیە دەڕوانێت کە لەبن باری ڕوداوو کێشە بۆمەوەکانی دەوڵەتی عیراقی نۆباردا دەنکێنێت، پاشماوەی تاوانی ئەو پاشا عوسمانییانەی حوکمڕانی خۆی‌و وڵاتەکەی ئەوبوون. وەک کەسێکی هەمیشە وشیار لەتوێی بارێکی شڵەژاوو کپدا وردبوەتەوە قوڵ دەڕوانتە ئەو داهاتووەی وا بەهەڵمەت‌و دانەجیڕکەوە لەسەر ڕێیدا وەستاوە. دەشێ کێ بیتوانیت لەعیراقێکی سەرئاوکەوتووی نێو دەریایی پر کێشەو مینی قورمیشکراو بە پلانە فێڵاوییەکەی نەخشەڕێژانی ئینگلیزی پاش چەندین گرێ لە داگیرکردنی عیراق وەک ئەو پێشبینی دەرکەوتنی ئاسۆی پاشەڕۆژێکی ڕۆشنی دەکرد بۆ خۆی لەمسەری ئەو تونێلە تارو درێژەی هەر یەک لە کێشە بۆماوەییەکانی بەرانبەرن بەهەرگیزو لەێیەوە بڕوانێتە پلانی کردنەوەی ئەو گرێکوێرانەی لەوانەیە پێویست بە جۆرێک لەو تەلیسمانە بکات کە دێوەزمەی شەڕئانگیز ڕادەماڵن. وەک دۆسێ فەرمیەکان نیشانیانداوە، سەعید قەزاز بەوە ناوبانگی دەرکرد کە کارامەو بێهاوتاو ورد بووە لە بڕیاردان، بێ هیچ ترس یان گوێدانە ژیان‌و بیرکردنەوە لەبەرژەوەندیی تایبەت کارەکانی ئەنجامداوە. دادوەر زوهێر لەزمانی پارێزەرێکی شاری مووسڵەوە (کە پێیگوتووە ناوی نەهێنێت) دەیگێڕێتەوە؛ گوایە ئەوکاتەی سەعید قەزاز موتەسەریفی شاری مووسڵ بوو ئەو پیاوە لە شالیارگەی کاردا وەک چاودێر بۆ بژێویی ژیان کاریکردووەو خوێندنەکەیشی پێ بردووەتەسەر. ڕۆژێک بەرپرسەکەی پێیڕاگەیاندووە گوایە بەفەرمانی موتەسەریف دەبێ لەکارەکەی لابرێت، ئەویش یەکسەر ڕودەکاتە نووسینگەی موتەسەریف‌و پێشنیاری چاوپێکەوتنی دەکات. کاتێک پرۆسەکە بۆ بەڕێز سەعید قەزاز دەگێڕێتەوە ئەو سەری سووڕدەمێنێت لەوەی بەڵێ ئەو دوو





کەسی نارد تا یارمەتی بدرێن بۆدامەزراندن نەوەک کەسێک لەبری ئەوان دەرکەن، دەسبەجێ پەیوەندی دەگرێت لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی کار بۆ گێڕانەوە ئەوکەسە بۆ سەر کارەکەی. پیاوێک بە قەبارەو باڵای سەعید قەزاز کە مردن سڵی لێکردووەتەوە بگاتە ئەوەی هاوتەریب بێت لەگەڵ مردن زۆر لای پەسەندبووە کۆچکات بۆ ژیانی پیرۆزیی پەسالن. هەر لەبەرئەوە توانیویەتی لەکاتی دادگاییکردن‌و لەبەردەم دادوەردا ئەو دادیارە گشتییە بەدرۆ بخاتەوە کە "زۆر تاوانبار لەبەردەمیدا لاواز پاڕاونەتەوە تا لێیان خۆشبێت یان چاوەڕوانی ئەوەبوون یەکێک لە پیاوانی شۆڕش بەزەیی پێیاندا بێتەوە" دیارە لەوەڵامی ئەو وتە هەڵبەستراوە کە تاوانباری کرد بەوەی ویستویەتی بەجلی ژنانەوە خۆی لەدەست شۆڕشگێڕان دەربازکات بۆیە بەئاشکرا گوتی، دادیاری گشتی درۆ دەکات، چونکە هەرگیز ئەو لە بەرەبەیانی شۆڕشدا بە مەبەستی خۆ دەربازکردن جلی ژنانەی نەپۆشیوە. (توێژەر لەسەرنجەکانیدا سەبارەت بەو گرتە دەنگیەی گوێی لێگرتووە کە سی‌وهەشت ساڵ لەوەوبەر لەڕادیۆی بەغداوە بڵاوکراوەتەوە) دەڵێت؛ (لەئاستی بوێری‌و ئازایەتی‌و ڕاست دەربڕینی وشەکانیەوە هەستم بە کەسایەتی ئەوپیاوە کرد کە بێترس‌و دڵەڕاوکێ دەریدەبڕین، ئەوکات زانیم گوێنەداتە ئەنجامەکانی هەرچی دەبێت. بەڕاستی ئەوپیاوە لەمردن نەترساوە ئەگەرچی پڕباوەڕبوو بەو چارەنووسەی چاوەڕوانی دەکات چونکە خودای مەزن ئەوەی بۆ نووسیوە. هیچ شپرزەیی‌و ترسی لەدڵدا نەبووەو گشت بارەکەی داوەتە دەست خودا). مامۆستا زوهێر لە گێڕانەوەی لایەنێکی تری ئەو گرتە دەنگییە مێژووییەدا ئەو پێکەنینە بەسەیر دەزانێت کە دانیشتوانی ناو هۆڵی دادگا بەدەنگی بەرز بوویانە لەکاتێکدا سەعید قەزاز دەڵێت؛ ئەو شالیارێکی کارابووەو پەنا بەیارمەتی خوداو هزرەی نێو مێشکو ئەودڵەی لەنێو سینگیدایە کاریکردووە. بێگومان ئەو پێکەنینە نیشانەی ساویلکەیی ئەوانەی نێو هۆڵەکەبووە، چونکە سەعید قەزاز شتێکی ئەوتۆی نەگوتوە مایەی پێکەنین‌و گاڵتەجاڕیبێت. بەڕاستی مێژو گواهی ئەوە دەدات کە شالیارێکی کاراو پڕئارەزووی خاوەن هەڵوێستی کارامەیی بووە. دۆست‌و هاوڕێ‌و گشت ئەوانەی لەگەڵی ژیاون تەنانەت ئەوانەیشی نەیاری بوون پەسنی ئەو هەڵوێستانەیان کردووەو گوتوویانە ئەو پیاوێکی دەست‌و دەروون پاک‌و زۆر گیربووە. پاش کارکردنی سی‌و سێ ساڵ لەفەرمانگە دەوڵەتییەکان‌و جێهێشتنی ئەو پلەوپایەی تێیدا بوو، هیچ

بووەیەکی ئەوتۆی لەپاش نەما شآیانی گێڕانەوەبێت، جگە لەناوبانگی خویی پاقژو ناسناوی زۆر درەخشانو ئازایەتی کە هیچکەس لاریی لێی نییە. تەنانەت لە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانو دوا چرکەکانی تەمەنیشدا بوویەتی).

**گەواهی دوکتۆر کەمال سامەرائی لەپەرتووکی "حديث الثمانين"دا بۆ سەعید قەزاز**

دادوەر زوهێر لەسەرتای بەشی یەکی هەمان پەرتووکدا گەواهی بە ناوبانگترین پزیشکی عیراق، دوکتۆر کەمال سامەرائی، دەگێڕێتەوە لەمەڕ ئەو دەستکورتیو کەمدەرامەتییەی لەسەردانێکی بۆ ماڵی سەعید قەزاز بینیویەتی دەڵێت: (ڕۆژێک لەساڵی ١٩٥٧دا شالیاری ناوخۆ تەلەفۆنی کردو بانگی کردم بۆ نیوەڕۆخوانێک لەوماڵەی تێیدا دەژیا لەگەڕەکی علویە. ئەو خانوەی میری کە کاتیخۆی ئینگلیزەکان جێیانهێشت. خانویەکی قوڕی خۆشی گونجاو بۆ هاوینو زستان. کاتێ گەیشتم کات یەکی پاش نیوەڕۆ بوو، دیاربوو دۆستانم بەهاء عەونیو دوکتۆر ئیسماعیل ناجی پێش من گەیشتبوون، پاشان هەندێ کەسیتر هاتن، لەوانە ڕەوف چادرچیو سامی فەتاحو یەحیا قاسم. هەروەها بینیم ئەبو عامل، واتە عەلی حەیدەر سلێمان، خۆیکرد بەهۆڵەکەدا من سەرسام بووم چونکە نەمزانی ئەو لەبەغدایەو کوڕەکەمان بۆ ڕێزلێنانە لەوە. من بە پەرۆشییەوە دەمویست لەهاتنەوەی ئاگاداربم تا بەوشێوەیە پێشوازی لێبکەم کە ئەو ساڵێک لەوەوبەر لە بۆنی ئەڵمانیا لێیکردم کاتێک باڵیۆزی عیراق بوو لەوێ، پاش تەوقەو باوەش بەیەککردندا لەهۆڵەکە لەنیشتم دانیشت. هەستمکرد دانیشتنەکەم ناخۆشە بۆیە کەوتمە دیواودیو لەنێوان باڵەکانی ئەو کورسییەی لەسەری دانیشتم تا بارێکی چاکتری دانیشتن بدۆزمەوە چونکە شتێکی تیژی کورسییەکە پێمدا دەچەقی. سەعید قەزاز کە دەیزانی چەند زەدە بەو کورسیەوە هەیەو چەندە خراپ دروستکراوە، هەستا بەرەوڕوم هات دەستی گرتمو لەگەڵ بەکێشکردنم بۆ کورسیەکی تر گوتی: "دەزانم ئەو کورسییە کۆنەو نووکی تیژی گیرەکان لەو دۆشەکە سەریان دەرکردووە. کاتێک خۆی چووە سەر کورسیەکەی تەنیشت عەلی حەیدەر سلێمان، گوتی: خۆ من لەتۆ قەڵەوترم بەڵام وەک من لەگەڵ ئازاری ئەودا ڕاهاتوم ئەویش بەقورسیی من قایلە چونکە لە گلەییە زۆرەکانی من بێزارە. هەر بەو بۆنەیەوە جۆری خواردنی ئەوڕۆژەمان دەگێڕێتەوە کە قەرەخەرمانو ساوەربوو کە هەردووک خواردنی کوردیی خۆشن). دەشێ





ئەوخۆراکە سووکە ئاساییە چەند کەوتبێت لەسەر ئابووری دەوڵەتو شالیارگەکەی ئەو لەبەرانبەر بۆنەخوانی شالیارگەکانی ئەمڕۆ.

پارێزەر عەلی شێخ کە دانیشتوی تەلەعفەر بوو لەهەندێک بیرەوەریدا لەسەر سەعید قەزاز بۆ توێژەری گێڕاوەتەوە کە (یەکێک لە هاوڕێیانی قۆمیسێری هاتوچۆبووە لەگەڕەکی قشڵەی دەڤەری مەیداندا دەبێت، کاتێک ئۆتۆمبیلەکەی شالیار سەعید قەزاز لەبەردەم شالیارگە دەوەستێت ئەو دەستدەبات دەرگای ئۆۆمبێلەکەی بۆبکاتەوە، کەشالیار دادەبەزێت ئامۆژگاری دەکات بەوەی هەرگیز ئەوجۆرەکارە نەکات چونکە، یەکهەم.. ئەوکارە بەشێک نییە لە فەرمانەکانی، دوو.. ئەویش لەدەوڵەتدا وەک شالیار فەرمانبەرە.. لە درێژەدا سەعید قەزاز پێیدەڵێت.. پێویستە ڕێز بۆ کارەکەی خۆی دانێتو لە بەبووهێنەری مەزن بەولاوە سەر بۆهیچکەس شۆڕنەکاتو ڕێنەدات کەس شوێنی پێ لەقکات، هەروەها بە بەڵگەی زیندو تێیگەیاندووە کە شکۆی مرۆڤ لە سەرووی گشتە، ئەگەر شکۆ لەمرۆڤدا داماڵریت ئەوا لەشێکی بەتاڵ دەمێنێتەوە. واتە سەعید قەزاز چەندە بەتەنگ شکۆی خویەوەبووە هەندە شکۆی کەسانی تریشی لا پیرۆزبووەو دەمارگیرانە بەرگریی لێکردوە).
دەبێت ئەو مرۆڤە لەکام خویندنگە یان پەیمانگای ڕەوشتیی بەرز پەروەردە کرابێت، تەنانەت بریسکەی زێڕیش نەیتوانیوە لێڵی بکات، یان پلەوپایەی بەرزیش نەیگۆڕیوە. ئەو بەدرێژایی ماوەکانی کاری فەرمانبەری ویژدانی خۆی لەسەر ئەوە ڕایهێناوە کە گشت بەهرەیەک ڕوو لەنەمانەو ئەوەی بۆ مرۆڤ دەبێتە سەرمایە هەر ناوبانگی چاکـو ڕەفتاری چاکە. هەر لاپەڕەی سپی دەبێتە دوائەنجام، ئەو لەو کەسانەیە کە جەوری دڵان زویری کردووەو پێوەرو تەرازووی دەسەڵاتو داد وەک پێویست مافی ڕەوای پێنەبەخشیبێت.
سەعید قەزاز ئەوهێزە بوو کە بەڕەوتی ڕاستی خۆی کەشوفشی کەسانی لەخۆ باییبوو، هەرەها یاساشکێنانی ڕاماڵیوەو بە ڕاستەی یەکسانی هێڵێکی ڕاستی کێشاوە بۆ پاراستنی مافی گشت مرۆڤێک، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی ئەو وتە نەستەقەی دەڵێت "ئایا دەشێت مرۆڤ کۆیلەکرێت لەکاتێکدا سەربەست لەدایکدەبن". لەوژوورەی ناوخۆی ئەو ڕۆژانەدا کە دۆسێی سکاڵاکانی تێدا پارێزراوە گشت چاودێرێکی بێلایەن دەکارێت زۆر چیرۆکـو گەواهی بۆ مێژوو دەرخاتو بیانکاتە ڕەوشی کار بۆ ڕاهێنانی هزری ئەو کارمەندانەی ئەمڕۆ دەخوازن کۆمەڵگایەکی سڤیل بهێننە کایەوە. ئەوتا هەنگاوە

سەرەتاییەکانی سەعید قەزاز دەبینن وەک مرۆیەکی ئاوەدانکەرو جەنگاوەری دژ بە گەندەڵی بوو، هەروەها پلانڕێژ بوو بۆ کردنەوەی نانەواخانەکانی ئیعاشە بۆ تێرکردنی زاری هەژاران. لێرەدا سەبارەت بەو پیاوەتییەی سەعید قەزاز کردی بۆ پەیدابوونی نانەواخانە گەلییەکانی "إعاشة[24]"ی نیمچە خۆڕایی، ئەو چەند دێڕە لەوتارێکی مامۆستای بەڕێز فازڵ فوئاد حەمدی دەنووسمەوە کە دەڵێت؛ (..ئەو بڕیاری لەسێدارەدانی ڕەونشاد شالیاری ناوخۆی پێشوو سەعید قەزازی پەسەندکرد، بێلەوەی هیچ تاوانێکی کردبێت، بەڵکو هەر لەبەر خواستی کۆمۆنیستانو بۆ قایلکردنیان بوو. ئەوکات دانیشتوانی کەرکوک فرمێسکی زۆریان ڕشت بۆ لەسێدارەدانی سەعید قەزاز. دیارە وەک پێزانین لە بەرانبەر بەو چاکسازییانەی کاتیخۆی کردی بۆ دانیشتوانی کەرکوکی، لەسەروی گشتیان بڕیاردان بە کردنەوەی نانەواخانەکانی ئیعاشة لەو شارەدا تا لەوساڵانەی کەمدەرامەتیدا نانی هەرزانیان دەسکەوێت، مەبەست ساڵانی ١٩٤٧ـ ١٩٤٨ـە کە هەڵمەت بوو بۆ بەرگرتن لەبرسێتی نێو وڵات. درەنگ یان زوو هەر دەبێت مێژوو پاداشتی چاکەو خراپەی گشتکەسێک وەکخۆی بداتەوە).

**وا من وەستاوم مەرگی خۆم لەنێو دوو کەوانە یان نزیکتریش دەبینم.. هەرگیز سێدارە من ناترسێنێت.. کاتێکیش دەچمە سەر سەکۆکەی لە بەرپێمدا کەسانێک دبینم شایانی ژیان نین..**

ئەو گفتە دەنگدەرەوەیە کە ناخی بێدەنگیی سامناکی بڕی وتەی هەناوێک بوو لەبۆ پیرۆزیی داد دەرپەڕی لەکاتی پەرۆشیدا بۆ گەیشتن بە ژیانی هەمیشەیی، چونکە بێزاربوو لەدەست جەوری گشت ئەوانەی دەیانویست لەپێناو مانەوەدا ئەو ناچارکەن ڕوبکاتە قاپیی یاساوڵەکانی تا وەک دڵێکی شکاوو هەستی بەزەیی جوڵێنەر دەرێکی لێبکەنەوە تا لێیەوە سووکـو ئاسان دەرپەڕێت. بەڵام سەعید قەزاز بەو جەختەی خزمو خێشیش دڵگران بوو کە دەیانویست کەمێک نەرمی بنوێنێت بەتایبەتی لەساتەکانی پڕ قەیراندا

24ـ لەدوا دەیەی سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی عیراقدا بە نەخشەو بڕیاری شالیاری ناوخۆ "سەعید قەزاز" لەسەرانسەری عیراقدا نانەواخانەی "إعاشة" پەیدابوو، نزخی یەک کیلۆ نان ٥٠ فلس بوو، لەکاتێکدا هەمان کیلۆی نان لەبازاری ئاساییدا بە ١٢٠ فلس بوو، واتە میری پشگیری نیوەی تێچوەکەی دەکرد. (وەرگێڕ)





هەرنەبێت لەبەر "پەری"ی جگەرگۆشەیو ژنەکەی کە هاوسەرو هاوژینی بوو، واتە ئەو کەسەی لەئەنجامدا پەژارەو سەرلێشێواویی بۆ مایەوە، بەو ڕەوانە شکۆدارەی لەناخی خوداناسێکدا بوو دەیزانی چارەنووسی لەپێش دادگاییکردندا دیاریکراوە. ئەو (هاوسەرەکەی) دەیویست سکاڵای لێبوردن بنووسێت بەڵام لای ئەو ڕەوانە پەسەندی نەبوو، لەباتی ئەوە بۆ هاوسەرەکەی دەنووسێت "چاوەڕوانی ئەوەبە ببیتە بێوەژن!". با ئێستایش ڕێگە بدەین دادوەر زهێر کازم عەببود بارو ئاستەکانی ئەو دادگاییەی سەعید قەزازمان بۆ بگێڕێتەوە کە لەبەردەم دادگای سپایی باڵای تایبەت ـ محكمة الشعب ـ ڕۆژی شەممە ٢٤ جەنیوەری ١٩٥٩ کاژمێر پێنجی ئێوارە بە سەرۆکایەتی "عەقید" فازل عەبباس ئەلمەهداویو ئەندامەتی هەریەک لە "عەقید" فەتاح سەعید شاڵی، "مقدم" شاکر مەحموود ئەلسەلام، "مقدم" حوسێن خزر ئەلدووری، "رئيس أول" ئیبراهیم عەبباس ئەللامی لەگەڵ دادیاری گشتی "عقيد الركن" ماجد محەمەد ئەمین بوو. لە درێژەی گێڕانەوەی ڕوداوەکانی دادگادا توێژەر دەڵێت: (هەرگیز دادگا ئەوجۆرە لەڕوو وەستانەی بەخۆوە نەدیوە کە سەعید قەزاز بەجۆرێکی وەها توڕە وەڵامی دایەوە هەستی سەرۆکـو ئەندامانی دادگای هەژاندووە، سەرەڕای جیاوازی پێگە لەتوانای دەربڕیندا گوتی: من هەڵوێستی دادگا بێلایەن نابینم چونکە وا سوکاتەتیم پێدەکرێت نەتەنها لەلایەن سەرۆکی دادگاو دایاری گشتییەوە بەڵکو لەلایە کەسانێکیشەوە کە هیچ ناونیشانی فەرمیان نییە، بۆیە کەوتومەتە ئەو باوەڕەی چارەنوسی من لەپێش دادگاییکردنەوە دیاریکراوە، ئەوجا وەک دڵنیام لەوەی دوائەنجامی ژیانی من نوسرابێتو لەپێش داگاییکردنەوە چارەنوسم دیاری کراوە هیچ لەمردنو سێدارە ناترسم. وا ئەم وتارەی خۆم دەڵێم تا دەنگم بگاتە دەرەوەی ئەم هۆڵە بۆلای برا عیراقییەکانم تا بۆیانی دووپات بکەمەوە کە من پتر لەسی ساڵ بە دڵسۆزیو پاک کارم لەپێناو بەرژەوەندی ئەواندا کرد. توێژەر هەروەها دەڵێت لە سەعید قەزاز بەولاوە هیچ تاوانبارێک نەیتوانیوە لەبەردەم دادگاکەی مەهداویدا بەوجۆرە بوەستێتو ڕەخنە لە پاقژبوونی ئەو دادگایەو بڕیارەکانی بگرێت. ئەوکاتەی لە بەرەوڕووی مەهداویدا وەستاو پێیگوت؛ من نە لەمردن دەترسم نە لەسێدارە، ئەوکات تەمەنی نزیکەی شەست ساڵ بوو، کاتێک مەهداوی لێی دەپرسێت؛ ئایا تۆ لەنەتەوەی عەرەبی؟ سەعید قەزاز دەڵێت: من کوردمو عیراقیم، شانازیش بە

عیراقیبوونی خۆمەوە دەکەم.

لەبەرئەوەی دەیزانی لەبەردەم دادگایەکدا وەستاوە دوورە لە پەیڕەوکردنی پرنسیپە ڕاستێنیەکانی ڕەوشی یاسا چونکە سپاییو تایبەتەو هیچ یەک لە دادوەرانی یاسایی نین. لە دەسپێکی داکۆکی لەخۆدا پێشنیارێک دەکات کە مافی ڕەوا هەیە بۆ گشت تاوانبارێک، هەرچیبێت تاوانی. دەڵێت؛ لەبەرئەوەی مافی داکۆکی لەخۆ پیرۆزە، ئەویش بەناوی پیرۆزی دادەوە دەخوازێت ڕێگەی بدەن داکۆکنامەکەی تا کۆتایی بخوێنێتەوە بێلەوەی کەس پێی ببڕێت. کاتێک مەهداویی سەرۆکی دادگا وتەکەی پێدەبڕێت ئەو خۆیی لێ گرژدەکاتو ئەوەی وەبیر دێنێتەوە کە بەڵێنی پێداوە کەس پێی نەبڕێت تەنانەت سەرۆکی دادگایش. ئەگەر مەهداوی لە بارێکی شلەژاودا نەبوایە دەبوو چاک بزانێت بەڵێنی دادوەر بڕیارە بۆیە پێویستە ڕێز لەبڕیاری خۆی بگرێت). لەو چرکەساتە یەکلاکەرەوەیەی مێژووی دادگاییکردنی ئەوجۆرە ناودارانەدا، وەک لەداکۆکینامەکەیدا هاتووە (هەرچۆنێک بووبێت ئەو وەک پیاوێکی پۆڵاینو پڕباوەڕ بەخۆ ئەو وتە بەناوبانگەی دەردەبڕێت ـ **وا من وەستاوم مەرگی خۆم لەنێو دوو کەوانە یان نزیکتریش دەبینم.. هەرگیز سێدارە من ناترسێنێت.. کاتێکیش دەچمە سەر سەکۆکەی لە بەرپێمدا کەسانێک دبینم شایانی ژیان نین.. وا لەبەردەستی خودای مەزنو دلۆڤان وەستاوم وەک کەسێکی موسوڵمان دواوتەی ئەوەبێت، لە دادپەروەری بەبوهێنەرو ئاینی ئیسلامی ڕاستاڵ بەولاوە هیچ ئاواتی تری لە ژیانیدا نەماوە)**. لەبەر نزیکبوونی لەم بابەتەی لەبەردەسماندایە، وتارێکی مامۆستای ڕۆژنامەوان داوود ئەلبەسریم هاتە یاد لەژێر ناونیشانی "بعثیون ومحاکم؟. والتاریخ یعید نفسه ونری الحیاةَ دُولَةٌ بین المتنفذین والجبابرة، والأخیار هم مَن بأستار الذاکرة یتلئلئون وبأسرارهم المخبوءة وبأعمالهم الخالدة یبقون ولا یموتون" واتە بەعسییەکانو دادگا؟. مێژو خۆی دەگێڕێتەوەو دەبینین ژیان وەک مۆڵەت وایە لەنێوان دەسەڵاتدارو جوامێراندا، دەبینین پیاوچاکو جوامێر لەتوێی خانەکانی ئاوەزیەوە دەبریسکێتو بەبۆنەی نهێنییە شاراوەکانیانو کردەوەی هەمیشە زیندویان هەر ماونو نامرن).

ماوەی نێوان (ئەو دادگایەی "عقید" فازل عەبباس ئەلمەهداوی/ ١٩٥٨ کە لە والاترین دەرگاوە خۆی خنیە نێو مێژوی ڕامیاریی عەرەبیی هاوچەرخو ناوبانگی درکرد تەنانەت لەنێو ئەوانەیشدا کە هێشتا نەهاتبوونە ژیان بەڵام





لەوانەیە بەرگوێیان کەوتبێت یان خوێندوویانەتەوە) لەگەڵ (دادگای تاوانەکانی عیراقیی ساڵی ٢٠٠٥ کە دادوەر "ڕزگار" سەرۆکایەتی کرد) دەکاتە نزیکەی نیوسەدەی ساڵ!. شێوەی جیهان لەوماوەیەدا گۆڕانی بەسەردا هاتو ئاوەکان بەژێر زۆر پرددا خوڕەیان کردووە، چەندین دەوڵەتو ئیمبراتۆری ڕوخاونو هیتر هاتنە کایەوە! بەڵام سەرەڕای گشت ئەو گۆڕانکاریانە ئەوەی نەگۆڕ ماوەتەوە پێناسەی ئەو تاوانبارانەیە کە لەبەردەم ئەو دوو دادگادا وەستان! ئەوەی من دەخوازم پەنجەی بۆ ڕاکێشم ئەو پیاوکوژە نەگریسو بەعسییە چەپەڵانەی هەردەم تاوانەکانیان ئاشکراو بە بەرچاوی کۆمەڵگەی عیراقیو عەرەبییەوە ئەنجام دەدا. ئەوانە نە ڕەوتو هەڵوێستی خۆیان گۆڕی نە خووە دەمارگیریو تاوانکارانە بۆماوەکەییەکەیان! هەرچۆنێک لێی بڕوانیت جیاوازیی زۆرە لەنێوان ئەو دوو دادگایە، چی لەبارەی سروشتی ڕۆژگار یان قۆناغی دۆخکەو جۆری تاونەکانو لەسەروی گشتەوە، شێوازیان! ئەگەرچی هەر لەمەڕ باری ناوخۆیی عراق بوونو تیشک خراوەتە سەر قۆناغە گرنگو گیرە ڕاڕاکان لە مێژووی کۆمەڵانی عیراقیی پەشۆکاوی لەیەک دابڕای هەمیشە سەر لێشێواو!. (دادگای) گەلی تایبەت بە سەرۆکایەتی "عەقید"ی کۆچکردوو فازل عەبباس ئەلمەهداوی کە پاش ئەو کودەتایە هاتە کایەوە کە لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا کۆتایی بە دەسەڵاتی خێزانیی پاشایەتی هاشمیی عیراق هێنا. ئەو ناوبانگە مێژویەی دەریکرد تەنها بەهۆی پرۆسەی دادگایی نێو ئەو هۆڵە نەبوو، بەڵکو ئەو پڕوپاگندە دژەی لەلایەن مێدیاکانی ڕژێمی سەرۆکی کۆچکردوو (جەمال عەبدولناسر) دەکرا ڕۆڵی خۆی بوو بەتایبەتی ئەوەی ئێزگەی (صوت العرب[25]) دژ بەخۆیو سەرۆکەکەی دەگوت تا ئەوڕادەیەی ناویان لێنا دادگای (قەرەقۆش!!) بەڵام کار لەنێو ساڵنامەی ئاسایی مێژویی ڕوداوەکاندا ئەوتۆ نەبوو بەڵکوو ببوە دادگایەک بۆ ڕەنگدەرەوەی گۆڕانکاریە مێژوییەکانی ئەوساتە بێهاوتایانە لە

25 ـ (صوت العرب) یەکهەمو بەناوبانگترین ئێزگەی ڕادیۆیی عەرەبیی میسربوو لەساڵی ١٩٥٣وە دەنگی دەگەیشتە گشت وڵاتانی عارەب زمان، ئامرازيك بوو بەدەست جەمال عەبدولناسرەوە بۆ بڵاوکردنەوەی وتارەکانی سەبارەت بەو یەکێتیەی وڵاتانی عەرەب کە دەیویست پێکیهێنێت بەڵام کە عەبدولکەریم قاسمی سەرکردەی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ نەچوە ژێر ڕکێفی ئەو ئێزگەیە کەوتە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتو وتاری دژ بە عەبدولکەریم قاسمو گشت دارودەستەی دەسەڵاتەکەی (وەرگێڕ)

مێژوی عەرەبو عیراقدا. ئەو تاوانبارانەی دادگای گەڵ بەبۆنەی ئەوانەوە دامەزرا، واتە پیاوانی رژێمی پاشایەتی، لەوڕوژە گەرمانەی هاوینی بەغدادا بەشێوازێکی زۆر درو هەڵەشۆییانە لەناوبران. لەڕوی مێژویی پوختەوە ناگونجێت ئەوانە بە تاوانکار بژمێردرێن! چونکە ئەوان نەهیچ تاوانێکی کۆکوژیی دژ بە گەلی عیراقیان ئەنجام دابوو نە بەرانبەر بە گەلانی تری دەڤەرەکە. نە پەیمانە نێونەتەوەییەکانیان شکاندبوو نە گۆڕی بەکۆمەڵیان هەڵکەندووە بۆ گەڵ یان بۆ نەیارەکانیان، نە لە بەروبومی عیراقیشیان دزی تا دابەشیکەن بەسەر دارودەستەی خۆیاندا یان بەکارهێنانی وەک بەرتیلی نەتەوەیی! سەرئەنجام ئەوانە کاری خۆیان بەپێی ڕەوشی یاسایی ئەنجامداوە نە سەرپێچیان لێکردوە نە بازیان بەسەردا هەڵهێناوە. تاکە تاوانی ئەوان ئەوەبوو کە بوون بە قوربانیی جەنگی ساردو ئەو بەربەرەکانێیانەی هەبوو لەنێوان لایەنە نەتەوەییەکانو لایەنانی چەپڕەوی ئەو ماوە ئاڵۆزەی مێژوو. گەر بە لاپەڕەکانی مێژودا بچینەوەو دووبارە بەرپرسانی ڕژێمی پاشایەتی عیراق بدەینەوە بەدادگا ئەنجامی کۆتا هەر بێتاوانی پوخت دەبێت بۆ هەریەک لەوانەی سزاخوارد کران. تاوانی تۆمارکراو لەسەر شالیاری ناوخۆی هەرەپێشی عیراق (سەعید قەزاز) ئەوەبوو گوایە سەرانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقی لەسێدارەداوە!! واتە ئەوانەی دەزگاکانی دادگای عیراق بڕیاری بۆ دەرکردوون نەوەک بە بڕیاری ئەو بووبێت!! ئەویش لەودۆخە مێژوییە شەڵەژاوەی هەرێمەکەو جیهاندا. لەوانەیە بەو وتەیەی بڕیاری سزا کوێرانەو پرستەمەکەی مەرگی پێ پەسەندکرد ئاماژەبووبێت بۆ ڕاستێنییەکی مێژوییو پێشوازی لە پاشەڕۆژی سەرسامکەر، کاتێ دەڵێت (وا من دەمرمو کەسانێک لەبەرپێمدان شایانی مانەوە نین لەژیان!!) تاوانبارانی تر لەنێویاندا سپاسالاری پێشوو (غازی داغستانی)و سەرۆک شالیارانی پێش (فازل ئەلجەمالی!!)و کەسانی تر کە بێ هیچ تاوانێک دەرکەوتن لەوێدا ڕاستێنیی بێتاوانبوونیان ئەو دادگایەی سەرسام کردووە کە پەیڕەوی بە زۆربەی یاساکانی سزا نەکراو هەندێک لەوان ئازادکرانو دۆسێی کێشەکانی تر خرانە سەر تاق، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە، ڕەوڕەوەی ئەو دادگایەی (مەهداوی) هەر لەگەڕدابوو تا ئەوئاستەی بەشێک لە خودی ئەو سەرکردەو ئەفسەرە کودەتاچییانەی لەگەڵخۆ ڕاماڵی کە دامەزرێنەری بوون بۆ دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی پاشایی، بەڵام ئەو دادگایە خۆیانی دادگایی کردو ئەو بڕیاری





مەرگانەی بەسەردا سەپاندن کە دەستبەجێ ئەنجامدران!!! بەوجۆرە کودەتاکەی سپا وەک پشیلەی برسی کەوتە خواردنی بەچکەکانی خۆی!.
هەروەها لەسەرنجەکانیدا لەسەر سەعید قەزاز دادوەر زوهێر دەڵێت؛ (لەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز ١٩٥٨دا سەعید قەزاز خوی ڕادەستی هێزەکانی سپا کردووە، لەپێشدا بەتەلەفۆن پەیوەندی گرتووە لەگەڵ موتەسەریفی لیوای بەغداو بەڕێوەبەری زانیارگریی سپا ئەوانیش دەستەیەک سەربازیان بە فەرمانداریی ئەفسەرێکی سپا ڕەوانەی ئەو ماڵە کردوە کە ئەو تێیدا چاوەڕوان بووە، پاش بەندکردنیش چاوی بەعەبدولکەریم قاسم کەوتوەو ئەو بەڵێنی پێداوە لێکۆڵینەوەی پوختەو دادگایی دادپەروەرانەی بۆ بگیرێت بۆیە پێیگوتووە کە بەپێی پێداویستی دەبێت ماوەیەکی کورت دەسبەسەربێت، پاشان ناردوویانە بۆ کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی تایبەت لە شالیارگەی بەرگری) تا دوا چرکەکانیش سەعید قەزاز بیری بۆ مردن نەچووە چونکە هەر خۆی بە بێتاوان زانیوە، خۆ ئەگەر لەو باوەڕەدابوایە کە دۆسیێو ڕاژەکەی پیشووی بۆگەنو ڕەشە لەهەمان چرکەو ساتدا خۆی دەشاردەوە بەجۆرێک هیچکەس پەی بەشوێنەکەی نەبات. ئەو لەسەر بەڵێنەکەی ڕەوانشاد عەبدولکەریم قاسم کە گوایە لێکۆڵینەوەی پوختەو دادگایی دادپەروەرانەی لەگەڵ دەکرێت خۆبەخش خۆیداوە بەدەستەوە بەڵام دۆخی ڕۆژگارو شتە لاوەکیەکان کێشەکەیان بۆ قوڵکردووەو بوەتەهۆی گۆڕانی ئامانجو پەیدابوونی وزە لە ناخی ئەودا تا لەبەر پەتی سێدارە خۆڕاگربێت، بۆیە لەدوا وەستانیدا لەبەردەم دادگا بەو دواوشەیە کۆتایی بەداکۆکیەکەی هێناوە ـ من بەزەییو لێخۆشبوون لەهیچ مرۆڤێک ناخوازم بەڵکو دەیدەمە دەست خوداو خۆم ئارام ڕادەگرم تا خودا دادی خۆی دەسەپێنێت، چونکە هەر ئەوە بەخشندەترین دادوەرە ـ هەروەها دادوەر زوهێر ئاماژەی بەوە داوە کە "عەقید" فازل مەهداوی (بەوە بەناوبانگبوو کە وشەی ڕوشێنەرو گاڵتەجاڕی بەکاردەهێنا لەڕوی ئەو تاوانبارانەی دەکەوتنە نێو ڕکەی تاوان. دیارە پایەو دەسەڵاتی خۆی دەقۆستەوە بۆ ئەوە بەڵام کاتێک ویستی سووکایەتی بە قەزاز بکات ئەو بەدەم هەڕەشەوە ئەو وەڵامەی داوەتەوە، کە دەڵێت: بەتایبەتی تکای ئەوەت لێدەکەم سوکایەتی بە شکۆم نەکەیت چونکە هرگیز ڕێگەنادەم کەس شکۆی من بڕوشێنێت).

**تاوان زۆربوونو خودی مەبەست سزای لەسێدارەدانە**

لەو پەرتووکەیدا دادوەر زوهێر کازم لەمەڕ بڕیاری دادو سزای بڕیاردراو لەلایەن ئەو دادگا سپاییە باڵایەی تایبەت دەڵێت (لە ٤ی فربریوەری ١٩٥٩دا کاژمێر دەونیوی پێشنیوەڕۆ دیسان کۆڕی دادگا بەسترا بۆ بڕیاردانی سزا، "عەقید" فازل عەبباس ئەلمەهداوی بەناوی خوداو بەناوی گەل دانیشتنەکەی کردەوە. سەرۆک "بەدەنگی بەرز" بانگدەکات.. تاوانبار سەعید قەزاز. تاوانبار سەعید قەزازیان بانگ کردە ژوورەوەو لەگەڵ تاوانبارانی تر چوە نێو ڕکەی تاوان. لەبڕیاری تاوان سەپاندنو بڕیاری ئاراستەکردنەکەیدا هاتووە کە؛ بە فەرمانی ئاراستەکردنی ژمارە ١١١ی ڕۆژی ٦/ ١١/ ١٩٥٨ی نێردراو لەلایەن سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکانەوە، تاوانبار سەعید قەزاز ئاراستەی دادگاکەمانکرا بۆ دادگاییکردنی بەپێی بڕگەی ٣ لە بەندی ٢١٤ لە یاسای سزایی عیراقو هەردوو بڕگەی د / هـ لە بەندی دوو لە یاسای سزادانی گێرەشێوێنان ژمارەی ٧٠/ ١٩٥٨ی بەخشراو بەو کێشەیە. هەروەها بەپێی فەرمانی ئاراستەکردنی تاوانباری ناوبراو ژمارە ١١٨ی ڕۆژی ٢١/ ١١/ ١٩٥٨ی دەرچوو لەلایەن سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکانەوە بۆ دادگاییکردنی بەپێی بڕگەی ٥ لە بەندی دووی یاسای سزادانی گێرەشێوێنان، ژمارەی پاراستن ٧٣/ ١٩٥٨ دراو بەو کێشەیە. لەبەرئەوەی هەردوو کێشە هاوپەیوەستی یەکنو لەسەر هەمان یەک تاوانبار تۆمار کراون دادگا بڕیاریدا هەردووکی لەیەک کێشەدا کۆکاتەوەو ژمارەی ٧٠/ ١٩٥٨ی بداتێ. لەدرێژەی گێڕانەوەکەیدا دادوەر زوهێر هەڵوێستو پرۆسەی دادگایی کۆچکردوو سەعید قەزاز دەڵێت؛ بەوەی پاش گوێگرتنی دادگا لە خوێندنەوەکەی دادیاری گشتی، لەتاوانبار دەخوازێت سەرنجی خۆی دەربڕێت بەرانبەر بەو تاوانەی خراونەتە پاڵی. ئەو لەوەڵامدا دەڵێت بێتاوانم. کاتی گوێڕاگرتنی دادگا لە دیدەروانان ٤٦ کەسی لەوان پشتگوێ خستووە چونکە کاتیان بەدەستەوە نەبوو گوێ لەگەواهیی گشتیان بگرن. ئەوجا دادگا گوێدەگرێت لە وتارەکەی تاوانبار پاشان مشتومڕی لەسەر دەکرێت ئەوجا گوێگیراوە لە داکۆکنامەی بریکاری تاوانبارو بڕیاردرا کۆتایی بەو دانیشتنە بێت. تاوان سەپاندنی دادگا بەسەر ئەودا پەنا بە گەواهی دیدەرانو بەڵگەنامەو گوتەکانی خودی کۆچکردووی تایبەت بە هەریەک لە تاوانەکانی نێو ئەو پرۆسەیە بوو کە گوایە: ڕێخۆشکەرو ئەنجامدەری بڕیارەکانی لێسەندنەوەی





ڕەگەزنامە بووە لەعیراقییان/ فێڵکردن لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردن/ بەرەنگاربوونی خۆپیشاندان. پاش تاوانبارکردنی سەعید قەزاز لەلایەن دادگای سپایی تایبەتەوە، دادگا ڕۆژی ٤/ ٣/ ١٩٥٩ بەناوی گەلەوە سزای خنکاندن تامەرگـی بڕیاردا بۆ کۆچکردوو سەعید قەزاز بەپێی بڕگەی ٣ لە بەندی ٢١٤ لە یاسای سزاکانی عیراقی. بڕیار بە هاوکۆیی دەنگو بەئاشکرا ڕاگەێنرا. بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە سەختە لاپەڕەکان لە ژیانی کەسایەتییەکی کاراو کاریگەر لە مێژووی ڕامیاریی عیراقدا داپۆشرا. دەرئەنجامەکانی ئەو بڕیارەی دادگا جێدێڵین بۆ دادوەر زوهێر تا بۆچوونی خۆیو شرۆڤەکردنی یاسایی لەمەڕ بارەکانی تاوانو ئاراستەکرنو دەرکردنی بڕیاری لەسێدارەدانو دۆخە سروشتیەکانی یاسا لەسەر ئەوکێشەیە شیکاتەوە. لەو پەرتووکەیدا بەشێکی تەواوی لەسەر ئەو مشتومڕە دادوەریانە نووسیوە، لێرەدا بۆئاگادارکردنی خوێنەری هێژا هەندێک بڕگەو دێڕ لەو مشتومڕە هەڵدەبژێرین. (وەک بەو بڕیارەی دادگای تایبەت کە ڕۆژی ٤/ ٢/ ١٩٥٩ دەرچوو بەپێی بەندی یەکهەمی سزای لەسێدارەدان تا مەرگی سەپێنراو بەسەر سەعید قەزازدا دەبوو بنێردرێت بۆ سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکان تا بڕیاری لەسێدارەدانەکەی پەسەندکات چونکە ئەو بڕیارە بنبڕبووەو مایەی بەرپەرچدانەوەو دوبارەکردنەوەی نەبوو لەلایەن هیچ دەزگایەکەوە. عەبدولکەریم قاسم ئەو بڕیارەی لەبن جەختو زۆری ئەوتاخمانە پەسەندکرد کە مەبەستیان لەسێدارەدانی بوو. بڕیاری لەسێدارەدان بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٠ی سپتەمبەری ١٩٥٩ لە بەندیخانەی ناوندیی بەغدا جێبەجێ کرا بەڵام بەشێوەکەی نامرۆڤانە چونکە سەرپەرشتکارانی ئەنجامدەر لەکاتی لەقەفرتێکردنی سەعید قەزازداو پێش گیان سپاردن پەتی قەنارەکە دەقرتێننو ئەو دەکەوێتە سەرزەوی ئەوجا هەڵیدەگرنەوە دووبارە لەسێدارەی دەدەن. پاشلەوەی خزمو خێش تەرمەکەی لەپزیشکی دادیاری بەغدا وەردەگرنەوە هەر لەبەغدا بەبێدەنگی دەینێژن. گۆڕەکەی وا لەگۆرستانێکی نزیک "باب المعظم"ی بەغدا). ئەو لەدرێژەی مشتومڕە دادوەرییانەکەیدا دەڵێت؛ ئەو دادگایەی بڕیاری دادی دەرکرد، دادگایەکی تایبەت بوو، نە دادگای سپای بوو نە سڤیل، بۆیە لەهەردوو ڕووەوە نابەچی بووەو هەر بە ڕێکارێکی ئاسایی دەژمێردرێت لەمەڕ ئەوکێشەیە، واتە ئەو بڕیاری سزا سەپاندنەی لەو دادگایە دەرچووە هیچ بنەمایەکی ژیربێژی قایلکەری پێوە

نەبووەو بەڵگەکانی لەسەر سەعید قەزاز کۆکراونەتەوە کەمبوون بۆ سەپاندنی سزا بەپێی برگەی ٣ لەبەندی ٢١٤ لەیاسای سزای بەغدادی، بۆیە برگەی یەک کە ٤/ ٢/ ١٩٥٩ بریاری لەسەر دەرچووە سەرپێچییە لە یاساو ڕەوشو ژیربێژی چونکە لەژێر کاریگەری هاتوهاواری ئەو تەماشاکەرانە سەپێنراوە بەسەر سەعید قەزازدا کە لەنێو هۆڵی دادگادا هیچ ڕواڵەتێکی یاساییان پێوە نەبوە، ئەوانەی جۆرەها جوێنی ناشیرینو وتەی بازاڕییان بەدەمدا هاتووە دژ بەتاوانبار بێلەوەی کەس ڕێیان لێبگرێت یان بێدەنگیان بکات. هەروەها زۆر بەڵگەی هەڵبەستراو بەکارهێنراوە پێچەوانەی باری ڕاستێنی سەعید قەزازو پتر لەیەکجار خوێندنەوەی داکۆکنامەکەیان پێبڕیوە. هەروەها پێکهاتەی خودی دادگاکە سپایی بوو هیچجۆرە تێگەیشتنی دادوەریو یاساییان پێنەبووە کە لەخۆیدا بنەمایە بۆ دەزگایەکی دادوەری، هەروەها جگە لە دادیاری گشتی ڕێزدار ماجد محمد ئەمین هیچیەک لە ئەندامانی کۆڕ بە سەرۆکیشەوە نە یاسایان خوێندووە نە شارەزای هونەری ڕشتە یاساییەکان بوون نە زانیویانە جۆن کاروپیشەی کۆڕی دادوەری ڕێکدەخرێت. لەوەیش بەولاوە ئەوکات لەعیراقدا دادگای دادپەروەرو پاکـوپوخت هەبوو بۆیە هیچ هۆیەک نەبووە بۆ پێکهێنانی دادگایەکی سپایی تایبەت کە دەرکەوت شارەزاییان تەنانەت لە ساناترین ڕەوشەکانی یاسا نەبوو. سەرۆکی دادگا پتر لەیەکجار سوێندی تاوانبار سەعید قەزازی داوە لەکاتێدا نابێت تاوانبار سوێن بدرێت لەسەر کارگەڵێک تەنها پێی تاوانبارە. لەلایەکی ترەوە دادگا گوێینەداوەتە دیدەروانیی ٤٦ کەس گوایە کاتی تەواویان بەدەستەوە نەبووە بۆ گوێگرتن لەدیدەروانیی ئەوان سەبارەت بە تاوانگەلێک سزاکەی دەگاتە سێدارە. لەلایەکی ترەوە داکۆکیکردنی ئەو بریکارەی تاوانبار کە دادگا بۆی ڕاسپاردبوو ــ پارێزەر سەلاحەدین محەمەد گوتوویەتی؛ تاوانبار پەنای بۆ هێنام منیش پەسەندمکرد، بەڵام پەسەنکردنەکەی بەنابەدڵی بووە بۆ داکۆکی لەتاوانبارو هاوشێوەکانی، بۆیە نە پاکانەی بۆ بێتاوان دەرخستنی کردوە نە داخوازی بەزەیی کردووە بۆ سەعید قەزاز کەبەپێی دەقە یاساییەکانو ڕەوشی دادگا سزاییەکانی عیراقو بەوپێیەی ویژدانو ڕەوشتی خۆییو ڕەوتی کارەکەی وەک پارێزەری ژیانی تاوانبار دەبوو لەو ئاستەدابێت بەڵام لەبری ئەوە ڕۆڵی پارێزەری دژی بینیوە.
هاوکات ڕۆژنامەی "إتحاد الشعب" کە ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقە لە ژمارە ١٩٠ی ڕۆژی ٤/ ٩/ ١٩٥٩دا ڕەخنەی گرتووە لەو پێداهەڵدانەی نێو





دادگاو ئەوەی بەرپەرچ داوەتوە کە گوایە پارتەکەی پەیوەندی بەوەوە بوبێت..
هەروەها نامە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشت شارەکانی عیراقەوە گەیشتوون تیایاندا ئاماژە نەبوە بەفەرمان یان بروسکەی شالیاری ناوخۆ سەعید قەزاز بۆ تەقەکردن یان بەکارهێنانی زەبر دژ بەخۆپیشاندەران، بۆیە ئەو بنەمایانەی بریارە تایبەتەکەی سەپاندنی تاوان بەسەر سەعید قەزازدا دەرچوە نایاسایی بووە. لە درێژەی وتەکانیدا سەبارەت بەو بریارە نارەوایەی سەپا بەسەر سەعید قەزازدا دادوەر زوهێر دەڵێت ــ دەتوانین بڵێین کە سەعید قەزاز لەسەر تاوانی نەبوو سزادراوە بۆیە پێویستە ئەوبارە بەهەند وەرگیرێتو دووبارە دادگاییکرێتەوە تا بریاری دادو سزای ڕاستەقینەی بۆ دیاریکرێت گونجاو لەگەڵ ئەو تاوانە ڕاستەقینانەی لەنێو دۆسێکانی ئەو کێشەدا هەن، ئەگەرچی ئێمە ئەو بەبێتاوان نازانین لەبەشێک لەو هەڵوێستانەی کاتیخۆی ڕوویانداوە، بەڵام ناکرێت گشت ئەو هەڵانەی لە سەردەمی پاشایەتیدا ڕوویانداوە یان ئەو تاوانانەی ئەوکاتەی ئەو لە دەسەڵاتدا بوو ڕوویداوە گشتی بخرێنە ئەستۆی ئەو. لەنێو مشتومڕە دادوەریانەکەیدا بە بۆچوونو تێبینی تاخمێک پارێزەرو دادوەر قایلە، لەنێویاندا ئەوەی لەدەم پارێزەر عەبدولقادر دبوونی بیستوە کە دەڵێت ــ لەڕوی یاساییەوە دادگاکەی مەهداوی هیچ واتایەکی دادوەریانەی نەبووەو ئەوەی من بیزانم کێشەکەی سەعید قەزاز هەر درۆودەلەسەی هەڵبەستراو بووەو مەبەست تەنها لێدانی سیمبۆلەکانی سەردەمی لەناوچوو بوو، بەوەی ئەو بریاری تاوانبارکردنە بەتاڵە، بریاری سزاکەیش نارەوا بووەو هیچ پاقژییەک بەو دادگایەوە نابینرێتو لە سەرتاوە تا کۆتا دووربووە لە باری دادپەروەری. هەروەها مامۆستای پارێزەر مەحموود چەلەبی دەڵێت؛ وەک سەعید قەزاز بۆ بەرگری لە شکۆی خۆی لەڕوی دادگادا وەستا پڕباوەڕیش بوو بە خوداو بە چارەنووس. لە زمانی مامۆستای کۆچکردوو جەرجیس فەتحوڵڵاوە دەڵێت ــ دەتوانم ناوی کەسانی زۆری وەک ئەلعەبدیەتان بۆ ڕیزکەم کە شۆڕشی ١٤ی تەمووز خەڵاتیکردو پلەی بەرزکردنەوە لەکاتێکدا ئەگەر باری بەرپرسایەتی یاسایی لەبەرچاو بگرین، بەرپرسیارێتی ئەوان لە کوشتنی خۆپیشاندەر کەمتر نەبوو لە بەرپرسیارێتی قەزاز. ئەو دادوەرەمان لەو پەڕاوە یاساییە بەنرخەیدا شرۆڤەیەکی داوە تێیدا دەڵێت ــ ئەوەی ستەمی ئەو دادگایەو نارەوایی بریارەکانی دەسەلمێنێت، ئاوڕنەدانەوەی دادگایە لەگشت ئامرازەکانی بەزەیی،

چونکە تاوانبار سیوسێ ساڵ فەرمانبەری گشتی بوو هەروەها تەمەنی لە سەرووی پەنجا ساڵەوە بوو، بەدرێژایی ژیانی پیشەیی هیچ سەرپێچییەکی یاسایی یان بەرەڵایی نەکردووە. یەکێک لە نیشانەکانی تری بێدادی ئەو دادگایە ڕوونەدانی چاوپێکەوتن بووە لەنێوان پارێزەری داکۆکـو تاوانباردا تا هەندێک لەو ڕاستیانەی پێڕاگەیێنێت کە لەکاتی دادگاییدا لێیدواون بەڵام ئەو لەبری داکۆکی لەو کردن هەڵوێستی بەشێوەی پارێزەری دژ بەتاوانبار دەرکەوتووە. سەرپەرشتیارانی دادگایش ئەو گرنگترین بنەما یاساییەیان پشتگوێ خستووە کە دەڵێت؛ تاوانبار بێتاوانە تا ئەوکاتەی بڕیاری تاوانی بەسەردا دەسەپێت، بەڵام ئەو پرۆسەی دادگاییە هەر لەسەرتاوە بە شێوەیەکی ناڕەوشی بووەو بێلایەنیی نەپاراستووە. بەجۆرێک تاوانیان بەسەر ئەودا سەپاندووە هیچکەس نەتوانێت بێتاوانیی بسەلمێنێت. لەوباوەڕەدانیم لەعیراقدا دووکەس هەبن ناکۆک لەسەر ئەوی چارەنووسی قەزاز لەسەر ئەو هەڵوێستی جوامێرانەو ئازایەتییە بووبێت کە لەدادگادا نواندیو ئەوەی زۆر لەپاکی خۆی دڵنیا بوو. هیچ کەسیش گومان لەوەناکات تەنانەت خودی مەهداویی سەرۆکی دادگایش بەوەی زانیوە کە سەعید قەزاز پاکـو پوختو سەرڕاست بووەو شایانی ئەو پلەوپایانە بوو کە بوویەتی. ئەگەر پێویستکات ئەو بارەی بەسەر سەعید قەزازدا هات بەشێوەیەکی گشتی هەڵسەنگێنین، لەوە پتر ناڵێم کە تاوانلێکراوبوو نەوەک تاوانبار.

**چەندین دێر لەسەر دوارۆژانی ژیانی سەعید قەزاز**

دادوەر زوهێر کازم عەببود، لە بەشی چوارهەمی ئەو پەرتووکەیدا کە تایبەتە بە دوارۆژانی ژیانی دەڵێت (هەرکات مرۆڤ بەوە بزانێت وا دواچرکەکانی ژیان لێی نزیکدەبێتەوە جۆرێک لە گرژیو خورپەی تایبەت دەرونی دادەگرێت، لەوانەیە ئەوکات لەپێناو مانەوەیدا ورە بەردات‌و ببێتە کەسێکی کلۆڵ یان بکەوێتە پاڕانەوەو خواستنی یارمەتی لە بەندکەرانی یان ئەوانەی فەرمانی لەسێدارەدانی ئەویان بەدەستەو ڕەوتی نەرم بنوێنێت لەگەڵ هاوڕێیانی زیندان، یانیش چاوەڕوانی ئەو چرکەیە دەبێت کە لەپڕ تروسکایی ڕزگاربوونی تێدا دەردەکەوێت، ئەگینا لەبەر باوەڕ بەچارەنوس خۆڕاگر دەبێت. هەر ئەوانەی بەڕاستی ئەو چرکەساتانەی ژیانیان بینیوە دەکارن ڕاستگۆیانە ئەو چرکەساتەی دوارۆژانی ژیانی سەعید قەزاز بزانن‌و بیگێڕێنەوە. لەدادگای مەهداویدا سەعید قەزاز بوێرو ئازابوو، کاتێک سزای





لەسێدارەدانی بەسەردا سەپا ئازاو پۆڵاین‌و پڕباوەڕ بەخودای مەزن هەندێکجارە لەڕادە بەدەر خۆڕاگریی پێوە دەرکەوتووە). جگە لەوە، دادوەر دەڵێت؛ (ڕۆشنبیرێکی ئینگلیزیزان بوو، جارێکیان بەڕێز عەقیدی سەففاری خانەنیش دەیبینێت چاپە ئینگلیزییەکەی پەرتووکی جەواهر لال نەهرۆ "چەندین سەرنج لەسەر مێژووی جیهان"ی دەخوێنەوە. ئەو پلە فەرمیەکانی لە بەڕێوەبەرایەتی شارۆچکە تا پلەی شالیاری زۆر ئازایانە بڕیوە. کاتێک خوالێخوشبوو سەعید قەزاز پاش خوێندنەوەی داکۆکنامەکەی لەبەردەم دادگای مەهداوی دەگەڕێتەوە بۆ ناو زیندان، ڕێزدار سەففار لێدەپرسێت، بۆ لە داکۆکنامەکەتدا هەندە وشکـو بەتین بوویت؟ ڕەوانشاد سەعید قەزاز دەڵێت؛ کاتێک لەناو ڕکەی تاوانبارانی دادگاکەی مەهداویدا بووە بینیویەتی "عەقید وەسفی تاهیر"ی یاوەری عەبدولکەریم قاسم، کە پێشان یاوەری نووری سەعید بوو، لەنێو ئەو لۆچەدا دانیشتووە کە جاران پاشای عیراقی تێیدا دادەنیشت‌و دڵگەش چاوی بڕیوەتە سەعید قەزازی نێو ڕکەی تاوان، چونکە دادگاکەی مەهداوی لەنێو ئەو هۆڵەی پەرلەمانی کۆندا بوو کە تەنیشت شالیارگەی بەرگرییە، بۆیە ئەو، واتە سەعید قەزاز ئەو وتە مێژووییەی بەدەمدا دێت "سێدارە من ناترسێنێت، ئەوکاتەی دەچمە سەر سەکۆکەی لەبن پێمدا کەسانێک دەبینم مافی ئەوەیان نییە بژین" مەبستیش وەسفی تاهیر بووە. لەپاش ئەو کۆڕەی داکۆکی یەکسەر دەیگوێزنەوە بۆ ژووری تەنیاییو لەوێ پێیدەڵێن لێبوردن لە دەستەی دادگا بخوازێت بەڵام ئەو هەر سوربووە لەسەر نەخواستنی لێبوردن بۆیە پاش ماوەیەک دەیگێڕنەوە بۆ زیندانی پێشوو لای هاوڕێکانی. ئەوکاتەی پێی ڕادەگەێنن کە کاتی لەسێدارەدانی هاتووە، هەستاوەتە سەرپێ‌و بەڕوویەکی گەشەوە تەوقەی لەگەڵ هاوڕێکانی کردووەو توند دەستی گوشیون‌و بە باوەڕێکی بتەوەوە ماڵئاوایی لە گشت زندانییان‌و پاسەوانەکان کردووە. ڕۆژی دوای ئەوە زۆر خێزان لەبەردەرکی بەندیخانە کۆبونەتەوە بۆ ماڵئاواییکردن لە ڕۆڵەکانیان. لەنێو ئەوانەی هاتبوون بۆلای سەعید قەزاز ژنەکەی دەبێت لەگەڵ کێژەکەیو هاوسەری کیژەکەی، بەڵام ئەو بە "رئیس عرفاء وەنناس"ی پاسەوان دەڵێت ڕێگە نەدات خێزانەکەی بێن بۆ دیتنیو پێیشیان بڵێت ئەو ناخوازێت بیانبینێت، بەڵام پاسەوانەکە شەڵەژاوەو تووشی سەرلێشێوان بووە بۆیە نەیزانیوە چیبکات. لەلایەکەوە ژن دەگرین‌و چرکەکانی ژیان ڕوو لەکۆتایین، پاش زۆرلێکردنی زندانییان، پاسەوان

خێزانەکەی دەکاتە ژوورەوە، لەلایەکەوە کیژەکەی سەعید قەزاز دەکەوێتە جوێن بە ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسمو لەولاوە ژنەکەی دەگری، ئەویش دووراودوور لە قوژبنێکی زیندانەوە بە کوردی ماڵئاوایی لێدەکردنو پێی دەگوتن هەرچی زووە بڕۆنو بیهێڵن چارەنووسی دیاریکراوی خۆی ببینێت).
هەروەها توێژەر لەبارەی مەنە یان دارایی پاشماوی سەعید قەزازەوە دەڵێت؛ ئەوە نازانێت ئەگەر خودی سەعید قەزاز یان خێزانەکەی لە سلێمانی یان تەنانەت لەو شوێنانی تری عیراق کە ئەو کاری تێداکردوون هیچی لەپاش جێمابێت. تاکە بەڵگەی بەدەستمانەوە هەبێت ئەوەیە کە مێژونووس حەننا بەتاتو لە بەشێکیی پەرتووکی یەکهەمیدا لەسەر عیراق نوسیویەتیو نەخشەیەکی تەواوی لەسەڕ مەنەو زەویوزاری گشتیی تۆمارکراو لەسەر سەرەک شالیارو شالیارانی تری سەردەمی پاشایەتی، لەنێو ئەو لیستەیەدا تەنها ناوی سەعید قەزازە نابینرێت. وەک لەپاش مردنی هیچ خانوبەرەیەک نییە بەناویەوە چێمابێت یان بووەی تر بەناوی خۆی یان کەسێک لە خێزانەکەی تۆمارکرابێت. بۆیە دەکارین بڵێین ئەو هیچ گوێینەداوەتە ئەوەی تەنانەت لەو مووچەیەی وەریدەگرت، بەتایبەتی گشت ئەو ساڵە زۆرەی لە پلەوپایەی بەرزدا بووە دەیتوانی لەخەرجی ئەو خێزانە بچووکەی شتێک پاشەکەوت بکات، یان بە ڕێگەیەکی نارەوشییەوە کە هەرگیز نەیبووە. ئەو خێزانە بچووکەی نە "هایلایف" ژیاوە نە هیچ سوودیان لە پلەوپایەی خاوەن خێزان وەرگرتوە کە بەدرێژایی چەندین ساڵ شالیاری ناوخۆ بوو نە گەشتێکی دەرەوەی عیراقی پێکردوون تا چێژ لەژیان وەرگرن، نە ئەوکاتەی لەبەغدا شالیاربوو هیچکەس تاکە یەک ڕۆژیش ژن یان کچی سەعید قەزازی بەجۆرێکی سەرنجکێش بینیوە، یان ئەوکاتی لەشارەکاندا موتەسەریف یان فەرمانبەر بوو. ئەوەی مایەی سەرسووڕمانە، چۆن ئەو خێزانە بچووکە نەیانتوانی ببێتە خاوەن تاکە خانوویەکی گونجاو لەگەڵ پلەوپایەی ئەو کە شالیار بوو، بەڵکو ئەوان هەر لەو خانوە کۆنەی میریدا کرێچی بوون کە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز بەپێی یاسا ناچارکران چۆڵی بکەن، ئەوکات خێزانەکەی دەچنە خانوویەکی کرێی ئاسایی. لەکاتێکدا مووچەی شالیار لەو سەردەمەی پاشایەتیدا هەندەی پێدەبڕا بەشی ژیانی خێزانەکەی بکاتو شتێکی لێ پاشەکەوت بکات بەشی هەرنەبێ خانویەکی نوێ بکات، بەڵام ئایا سەعید قەزاز هیچی بۆ خێزانەکەی چیهێشت؟ دادوەر زوهێر کازم لەکۆتایی بەشی





چواردا کە دوا بەشە ئاماژە بە لایەنە شاراوەکانو لایەنی پرشنگدار لە ژیانی سەعید قەزازی کۆچکردوو دەکاتو دەڵێت: زۆر لەوانەی من بینیومن پێداگربوون لەسەر ئەوەی هیچکات سەعید قەزاز دەسبەرداری شکۆی خۆیو خووە کوردییە ڕەسەنەکانی نەبووە. ڕەوشتی نەرمی دور لە لاوازیو توندی بێ زەبر بووە. سەعید قەزاز وەک هیچکات گۆشەگیر نەبووە، هەست بەهیچ گرێیەکی تایبەتیش لەمێشکی ئەودا نەکراوە، بەڵکو بەوپێیەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەریانخستووە زۆر ڕوخۆش بووەو زۆرجار پێیخۆشبووە بەشداری شەوئاهنگی هاوڕێیانی بکات. هەروەها لەباری ڕۆشنبیریدا گاڵتەی پێنەکراوە چونکە هەمیشە خوێنەرو بەئاگا بووە لەباری کولتوری.. ڕامیاری.. ڕۆژنامەوانیو وێژەو بارەکانی تری ڕۆشنبیری. توێژەر گەواهییەکی تری نوێی هێناوەتەوە کە دەگونجێت لەگەڵ خودی ناوەڕۆکی بابەتەکەو نیشانەی ڕاستیو دروستییە بۆ ڕوداوێکی مێژویی، ئەویش ئاماژەی وێژەری مەزن محەمەد مەهدی ئەلجەواهرییە لەمەڕ سەعید قەزاز کە دەڵێت؛ ئەو پیاوە بەهێزو پاقژە لەبارەی سزادانی سەرپێچکاران توندڕەو بوو، لەمڕۆژانەدا ڕەوشت پاکی ئەوتۆ نابینرێت. خاوەن جۆرێک لە ڕەوشت بوو، گشتیەک لەو کەسانەی بینیومنو وتووێژم لەگەڵ کردوون بەئەنقەست وتەی نووسراوی ئەو کەسانەم بۆ دەگێڕانەوە کە نەیاری سەعید قەزاز بوون یان ئەوانەی بەهۆی باری ڕامیارییەوە نەیارو تەنانەت دژیش بوون بەو، بەڵام گشت گەواهیەکانیان ئەرێنیو لە سوودی سەعید قەزاز دەرچووە. ئەوە بێگومان نیشانەی چاکو ناوبانگی چاکن کە هەرگیز بزر نابێت ئەگەرچی ماوەیەکی کورت ئایا درێژو لەبەر هەرهۆیەک بەدەستی ئەنقەست بزر بکرێت هەر ڕۆژێک دێت بکەونەوە ڕوو. مامۆستا عەبدولقادر بریفکانی لە پەرتووکێکیدا دەیگێڕێتەوە؛ کاتێک بەڕێز مەسعوود بارزانی منداڵبووە لەگەڵ گەورەساڵانی خزمیدا چوونەتە لای سەعید قەزاز، ئەوکات موتەسەریفی شاری مووسڵ بوو، تا بکۆشن ئەو بارزانییانە ئازادکەن کە بەشداربوون لە شۆڕشێکی دژ بە ڕژێم. ئەو بوێرییەی لەوڕۆژەدا لە بەڕێز مەسعوود بارزانیدا بوو پێش تەمەنی کەوتبوو، دیارە ئەو ژیریو ئازایەتییەی لێی بینرا بەهۆی جۆری گۆشەکردنی باوکی "سەرکردەو دروشمی بزووتنەوەی کورد" مستەفا بارزانی بووە. کاتێک لەو مێزە نزیک بووەتەوە کە موتەسەریف لەوبەریەوە دانیشتوە، هاوکات گەورەکان پێکەوە سەرقاڵی مشتومڕ دەبن، بەڕێز

مەسعوود هۆی بەندکردنی کەسوکارەکەی لە سەعید قەزاز دەپرسێت‌و پێیدەڵێت؛ لەبەرچی ئازادیان ناکات؟ ئەوسا سەعید قەزاز یەکێک لە خانەکان چاوی مێزەکەی ڕادەکێشێت‌و پێنووسێکی پاندان دەردەکات‌و وەک خەڵاتێکی بچووک دەیدات بە بەڕێز مەسعوود بارزانی کە دڵی بەو دیارییەی موتەسەریف خۆشدەبێت، ئەوجا سەعید قەزاز پێیدەڵێت؛ دەزانم کورد مافی خۆی دەخوازێت بەڵام ماف تەنها بە توندوتیژی‌و جەکو هێز دەستەبەر نابێت، بەڵکو دەکرێت لەڕێی ئەو پێنووسەوە کێشەکان چارەسەر بکەن‌و گرەوی پرسەکەیان ببەنەوە. لەوانەیە بەڕێز بارزانی تائێستا ئەو پێنووسە قەشەنگەی هەڵگرتبێت. دیارە وەک دەیزانی میللەتەکەی خاوەن مافە ئەوەیشی زانیوە کە ئەو مافە خوراوە تەنها بە هێزو یاخیبوون‌و دابڕان کێشە چارەسەر ناکات. ئەوە دیدی چل ساڵ لەمەوبەری ئەوبووە. بڕوانە قووڵی ئەو ئاماژەیەی سەعید قەزاز چۆن واتایەکی سپارد بەو مێژووەی پاش گشت ئەو ساڵە ئاڵۆزانە بۆی دەبێتە بانگەواز. هەروەها لەدرێژەی هەڵسەنگاندنی کەسایەتی سەعید قەزازدا دەڵێت؛ وەک لە ڕۆژانی کاردا کەسایەتی فەرمیی زاڵبووە بەسەر کەسایەتی خۆییدا چونکە دەبینین سەرەڕای قەیرانی سزاو بەندیخانەیش هەر ئەو خووەی لە ناخیدا ماوەوەو نەیتوانیوە تەنانەت تۆسقاڵێک خووی مرۆڤانەیی لە مێشکیدا بسڕێتەوە. هەندێکجار ئەو خوە مرۆڤانە "کوردییە بەرز"ـەی زاڵبووە بەسەر باری کەسایەتیدا. جارجارەیش بەهۆی یارمەتییەکانیەوە خۆی گەیاندووەتە ئاستی سەرپێچی لەیاسا، چونکە جاری وا بووە ئامۆژگاری هەندێک لەو هاوڕێیانەی کردووە کە تەنانەت لە ڕیزو لایەنی ڕامیاریی دژ بەو بوون. ئەوانە لەخۆیدا نیشانەن بۆ ئەوەی وەک عیراقییەک پەیوەستبێت بە داب‌و نەریتی وڵاتەکەی. سەعید قەزاز کوردێکی نەتەوەیی بووەو شانازیی بە کوردبوونی خۆیەوە کردووە. ئەگەرچی لە عیراقدا بە یەکێک لە ناودارانی کورد دەژمێردرێت بەڵام وەک پێویست گرنگی بەو کەسایەتییەو ناوبانگ‌و یادەوەریی ئەو نەدراوە. وەکتریش ئەوەی من لەکاتی ئەم نوسینەمدا لەسەر ئەو بینیم گشت برایانی کورد ئەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستی دەنوێنن بۆی بۆیە لەوانەیە ڕۆژێک لەڕۆژان دەزگایەکی کوردی هەڵکەوێت ئاوڕ لەوکارە بداتەوەو گرنگیشی پێبدات. لە دواپەڕەکانی پەرتووکەکەیدا دادوەر عەببود، ئەو ستەمانە دووبارە دەخاتەوە ڕوو کە سەعید قەزاز دووچاری بووە تا بۆ مێژوو ویژدانی مرۆڤایەتی‌و نەوەی





داهاتوی بسەلمێنێت کە هەرگیز داد نامرێت ئەگرچی ماوەیەکیش لەبەر هەر هۆیەیەکی ناهەموار بزربێت هەر بە نەمانی ئەو هۆیەو کاریگەرییەکانی بریسکەی مافپەروەری دەکەوێتەوە درەوشان بەجۆرێک هەور یان تەنانەت تارمایی ڕەشی کینەیش نەتوانێت بیشارێتەوە. دەتوانین بەو بەسەرکردنەوە سووکەی لەسەر ئەو پەرتووکە کردمان ئەوە بڵێین کە دادوەر زوهێر کازم عەببود لەوەدا سەرکەوتووبوە چی وەک توێژەرێکی بێلایەن یان دادوەرێکی شارەزا لە دەرخستنی زۆر لە لایەنە شاراوەکانی ئەو دادگاییەو خودی سزای لەسێدارەدان‌و دەستەی دادگای سپایی باڵاو بڕیارەکەی. ئەو توانیویەتی دیدی دادپەروەرییانەی خۆی بەهەندێک وشەي مێژویی بێلایەن دەربڕێت‌و مافی تەواوی خۆی بدات بە سەعید قەزازو ئەو شالیارە کۆچکردووە بەم وشە مێژوییانە دەناسێنێت (..چونکە ئەو ڕەوش‌و بنەمایانەی کاتیخۆی پشتیان پێبەستووە بۆ بڕیارو سەپاندنی سزای لەسێدارەدان تا مەرگ بەسەر سەعید قەزازدا نایاسایی بوون‌و ئامراز نەبوون بۆ سزاکە.. ئەو ئەرکە گرنگە دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە، کە لەوانەیە لە زەمینەی ڕامیاریی عیراقی سەردەمدا بە شتێکی نوێ بژمێردرێت، ئەویش بێگومان بەرپرسیارەتی پیاوانی یاساو دادە، هەرکات ڕژێمی سەددام حوسێن لەناوچێت، لەگەڵ نەمانی ئەو ستەمکاری‌و ڕەوتی یاساو دەستور شکێنەرانەی شکۆو ئابڕوی عیراقیان پێ دۆڕا بەسەرچێت‌و باری دەستوری‌و سەروەری بگەڕێتەوە بۆ عیراق، ئەوا دەبێت دادگای بێلایەن‌و دادپەروەرانە بکەوێتەوە گەڕو بە پرۆسەی دادگاییە کۆنەکاندا بچێنەوە دەشێ بەپێی ڕەوشی یاسا ئەو کەسانە دووبارە دادگایی بکەنەوە کە سزای بێبنەمای نایاساییان بەسەردا سەپاوەو سەرلەنوێ سزای دادپەروەرانەیان بۆ دەرکەن بەهەمان ئەو شێوازەی لە جیهانی پێشکەوتوودا پەیڕەو دەکرێت. واتە لای ئەوانەی بۆیان هەڵکەوت چەرخ لایان ئاسایی بکەوێتەوە گەڕو باری ڕاستێنی ئاسایی بووەتەوە، بە پرۆسە ناڕەواو نا سروشتییەکانی دادگادا چوونەوە لایان بووە بە گەرەک. بۆیە پێویستە لەعیراقیشدا ئەو هەڵوێستانە بەهەند وەرگیرێت کە عیراق لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٩ بۆ ٢٠٠٤ لەبن دەسەڵاتی تاخمگەریدا ژیاوە. ئەگەرچی زۆر لە دیدەروانی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە لەژیاندا نەماون بەڵام ڕەوشی ڕاستی وەک وتمان بڕبڕەی پشتی مێژوەو لەوانەیە هەندێکی بەپێی کات داپۆشرابن بەڵام هەر ڕۆژێک دێت ڕوون‌و ئاشکرا سەرهەڵدەنەوە، بەتایبەتی ئەو

گەواهییانەی بەشی زۆر لە دیدەروانەکانی بە نوسراو جێانهێشتووە یانیش بڵاویان کردووەتەوە.

وەک سەعید قەزاز قارەمانێکی نەتەوەیی نەبوو تا بۆنەی نەتەوەیی بۆ بگێڕن، خۆفرۆشێکی ئەوتۆیش نەبووە نیشتمانەکەیی دووچاری نشوستی یان لێکدابڕان کردبێت. ئەو کەسێک بوو ڕوونو ئاشکرا ڕۆڵی کاریگەری بووە لەسەر جموجۆڵە ڕامیارییەکانی عیراقو کەوتوویشەتە ژێر باریانەوە، بۆیە لەبەر هەر هۆیەک دەبێت ناکرێت ئەم توێژینەوەیە بە دەسپێک بژمێرین بۆ گێڕانەوەی متمانە بۆ ئەو پیاوە، بەڵام دەشێ بانگەوازێکی دڵسۆزانەبێت بۆ گێڕانەوەی مێژووی عیراق بەشێوەیەکی پوختی دور لە سۆز یا لایەنگری. ڕووی پێشنیار لەگشت ئەوکەسانە دەکەین کە دەکارن ببنە هاوکار لە گێڕانەوەی ئەو بابەتە لەپێناو عیراقو مێژووەکەیو باری ڕاستێنیو نەوەی داهاتومان تا بتوانین بە دڵو دەروونی کراوە ڕووداوەکانو باری کەسایەتی شیتاڵ بکەینەوە.

**با لە نوسینەوەی ڕازدا هەردەم لایەنگری ڕاستی بین**

مافی گشت هێژایەک لەو خوێنەوارانەی ڕاستییان لاگرنگە بۆ ڕوونکردنەوە بکۆشن دوور لە پێچوپەنای ئارەزو یان بادانەوە بەلای سۆزو کەوتنەدووی ڕەوتێکی تایبەت. لەسەرەتای منداڵییەوە وانەی مێژویان پێ دەخوێندین، بەڵام ئێمە بە درێژایی قۆناغەکانی خوێندن بە هەستو نەست بەڕادەی هزری مامۆستای وانەکانی مێژو لێی نەگەیشتوین. ئەگەر ئەو نەیاربوایە بە یەکێل لە کەسایەتییەکان دەبو ئێمەی منداڵی دەرونپاکیش بەهەمان شێوەی ئەو دوژمنی بینو کینەو توڕەیی خۆمانی ئاراستە بکەین ئەگەر لەبەر گوێڕایەڵی کوێرانەی ڕێز بوایە یان لەبەر کەوتنە ژێر کاریگەریی وزەو تەزووی دۆخی زاخدراو بەو بۆچوونە چەوتەی، گەرەکە من بیری لایەنەکەی ترم لا پەسەند نەبێت چونکە دژە بە بیروباوەڕی باوی ڕۆژ، ئەگەرچی بیروباوەڕێکی بەربڵاوی گشتی بێت یان جۆرێکی تری نیشتمانپەروەری یانیش هەرجۆرە بیری تری چەسپاو لە مێشکی تاخمێکی ئارەزوداری تایبەت. لەکاتی پێداچونەوەی ئاساییم بەو پەرتووکەی دادوەر زوهێر کازم عەببود نووسیویەتیو ناویناوە "لمحات عن سعید قزاز" لەکۆی زنجیرە چاپەمەنییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاپو پەخشەو لەلایەن شالیارگەی





ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسلێمانی بەچاپ گەیشت، توانیمان لەتوێی لاپەڕەکانی ئەو تێبینییە ڕونانە هەڵێنجین کە نمایشی خەستن لەو پەرتووکەدا. دووبارە سوپاسی زۆر ئاراستەی ئەو پێنوسە دەکەین کە هەمیشە دەسپێشخەر بووە بۆ خستنەڕووی ڕاستییەکانو بە گفتی بنبڕ چی لەمەڕ ناوی ئەو کەسایەتییانەی مێژوی بێبار لە ڕیزبەندو پێڕستی ناودارانداپشتگوێی خستوون یان لەبارەی میللەتو کەمایەتییە نەتەوەییەکان. زۆر ئاستەمو دەگمەنە ڕەوتێکی ئەوتۆ هەڵکەوێت وەک نووسەری پەرتووکەکانی (لمحات عن سعید قزاز، الشبک، الیزدیه و الصابئه) دەیبینین کەسێک بێ چاوبڕینە سوود یان مەبەستێ تایبەت خۆ بدات لەو بابەتانە. ئەو نوسینە لەپێناو ڕوونکردنەوەی باری ڕاستێنیو ڕاستکردنەوەی ئەو چەوشەکارییانەیە کە ڕاستێنی ژیانی سەعید قەزازیان لەکەدار کردووە. واتە ئەو پیاوەی لەو کاتو دۆخە سەختەدا کۆشاوە ـ وەک لەپێشدا ئاماژەی پێداوە، لەو پایە فەرمییەی شالیارگەدا یاسا بسەپێنێت. ئەگەر بە مەبەستی توێژینەوەو ناساندنی کەسایەتی سەعید قەزاز گرژی لەمێشکی خۆمان داماڵێن دەبینین ئەو کەسێکی ڕامیارزانو فەرمانبەرێکی ئاساییو نمونەیی بووە. وەک دلسۆزی بۆ ڕژێمی پاشایەتی زاڵبووە بەسەر مێشکیدا، تا دوا چرکەکانی ژیانیشی گیر پابەندبوە بە نەریتە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیەوە. بەپێویستیشی دەزانم ئاماژە بەوە بدەین کە، مەخابن هەڵەي زۆری چاپ لەنێو ئەو پەرتووکە خوێنەری هێژای زور بێزار کردوە بۆیە هەرگیز ئەوان لەبەر ئەو هەڵانە لەدەزگای چاپکەر نابورن کە بێگومان بێمەبەست بوون، لەلایەکەوە بونەتە هۆی لەکەدارکردنی ئەرکی نووسەرو وەکتر سەرپەرشتیاری چاپ گوێنەداوەتە ئەو ئەرکە پوختەی نووسەر کێشاویەتی لەپێناو تۆمارکردنی ڕەوشی ژیانی سەعید قەزاز بەپێی ڕەوتی زانستیی مێژویی نوێ ئەویش پاش پشتبەستن بە زۆر سەرچاوە کە بابەتەکەی پێ دەوڵەمەند بووە. لێرەدا دەخوازم توێژەر ئاگادارکەم لەوەی تەنها سەرچاوەی عەرەبی بەس نین بۆ وەرگرتنی گشت ڕاستیەکان لەسەر ژیانی سەعید قەزاز. لەوانەیە لەسەرچاوەی بیانیدا زانیاری پتر هەبن بەتایبەتی بە زمانی ئینگلیزی کە پتر لە چوار گرێ دەسەڵاتی عیراق لەبن دەستی ئەواندا بوو هەر دەبێت لە دۆلابی ئەرشیڤەکانی ئەواندا زۆر لەو بابەتە دیکۆمێنتانە هەڵگیرابێت کە پەیوەستن بە سەعید قەزازو پیاوانی تری سەردەمی پاشایەتی. هەروەها بەچاکی دەزانم لە کۆتایی پەرتووکەکەیدا بە

پاشکۆیەکی کورت یان بە وێنە ئاماژە بەو کەسو شوێنانە بدات کە ناویان کەوتووەتە نێو ئەو بابەتە. یان هەندێک وێنەی خاوەن بابەتەکەی تێکەڵ بکات. دیسان دەستخۆشیی لێدەکەین بۆ ئەو ئەرکەی کێشراوە لەپێناو دەرخستنی ئەو ڕاستییەی وەک لە پێشەکی پەرتووکدا دەڵێت، هیچ مایەی گومان نییە کە ڕاستی هەرچەندە لەیاد چووبێت هەر ڕۆژێک دێت لەخۆی بدوێت.

http://www.iraqoftomorrow.org/wesima_articles/civil_studies-

**پارێزەر فارس عەبدولسەتار ئەلبەکوعی مووسڵی لە وتارێکیدا دەڵێت:**

(لە ڕۆژنامەی "التآخي"ی بە ڕەچەڵەک کوردیدا کە لەبەغدا دەردەچو شیکارییەک لە ژمارەی ٤٣١٢ ڕۆژی ١٥/ ٩/ ٢٠٠٤ لاپەڕە حەوتدا بڵاوبوەوە لەسەر پەرتووکی (سعيد قزاز ودوره في سياسة العراق) وادیارە لە بنەڕەتدا خوێندنەوەیەکی ئەکادیمی بێت بۆ وەدەستهێنانی بەڵگەنامەی زانستیی بەرز لە یەکێک لە زانکۆکانی عیراق لەسەر مێژووی هاوچەرخ. لە بەشی نمایشو مشتومڕی ئەو شیکارنامەیەدا بە خەستی تیشک خراوەتە سەر ڕونکردنەوەو پێناسەکردنی سەعید قەزاز وەک یەکێک لەو کەسایەتییە کوردییانەی بەچاکی جێدەستیان لە مێژوی ڕامیاریی عیراقدا جێهێشت. بەپێی بۆچوونی خاکیی من، ئەگەر سەعید قەزاز لە ژیاندا بمایەو ئەو نووسراوەی ببینیایە کە تەنها پێداگرییە لەسەر کوردبوونی ئەو، دڵنیام بەرپەرچی ئەو هەڵسەنگاندنەی دەدایەوەو ڕەخنەیشی لێ دەبوو ئەویش لەبەر هۆیەکی بچووک کە لەسەرتاوە تا کۆتا ئەو عیراقی بووە. هەرکەس لە ژیانی کارگێڕیو ڕامیاریی ئەو بکۆڵێتەوە تا ئەوکاتەی لەبەردەم دادگای گەلی (ئەلمەهداوی) دادگایی کرا ئەوەی بۆ ڕووندەبێتەوەو لێی دڵنی دەبێت.

هیچیەک لەوانەی لەگاڵیدا ژیاون هەستیان بە بوون یان نەبوونی ئەو دەمارو ڕەگەزە کوردییە لەودا نەکردووە بەڵکو تاکە ڕەگەزی لەودا بووبێت هاوڵاتێتی بووە لە عیراقو ئەو وڵاتە شیرینەی زۆری خۆشدەویست. لەپاش ئەو کورتە گێڕانەوە خاکییەم گەر پێویستکات هۆو بۆنەی ئەم نوسنیەم لەسەر





ئەو بیاوە قارەمانە بنوسم، دەڵێم:

ماوەیەکە خولیایی ئەوە کەوتوەتە مێشکم لەسەر سەعید قەزازی خوالیخۆشبوو بنوسم کە کاسایەتییەکی نیشتمانپەروەرەی عیراق بوو چونکە زۆرم بیستوە لەبارەی داناییو سەرکەوتوویی ئەو لەکارداو پێداگری لەسەر بڕیار، ئەویش بەپێی کاتو شوێن. ئەوەی دەخوازم بیڵێم، لە تەمەنی گەنجیمەوە ناوبانگی ئەو پیاوە دەبیسم لەگەڵ خاڵە کاریگەرەکانی ژیانی. واتە لەوکاتەوەی خولیابووم بە خوێندنەوەی پەرتووک، ڕۆژنامە، کولتور، مێژو بەگشتیو مێژوی وڵاتەکەم هەروەها مووسڵ کە شاری خۆمە بەتایبەتی. پاشان لەڕێگەی پەیوەندیم لەگەڵ دۆستانو تێکەڵبوون بە هەندێک ڕۆژنامەنوسو خاوەنبیری ڕامیارزانو ڕۆشنبیرانی وەک مامۆستا عەبدولباست یونسی چالاک لە بواری ڕۆژنامەگەری لە مووسڵو ماموستای خودا لێخۆشبوو غەربی حاجی ئەحمەدی ڕۆژنامەوانو پارێزەر کە پاشان بوو بەشالیار، هەروەها مامۆستای پارێزەرو ڕۆژنامەوانی زرنگ ڕێزدار مەحموود ئەلچەلەبی، خودا تەمەنی درێژکات، لەگەڵ زۆریتر لەوانەی ئەو پیاوەیان ناسیوە یان پەیوەندیان لەگەڵی بووە.

ئەو پیاوە ئەگرچی لەگەڵیدا نەژیاوم، جێیخۆی لەدڵی مندا کردووەتەوە چونکە من لە شەستەکانی سەدەی پێشوودا لەدایک بووم بەڵام ئەو خوشەویستییەی لە دڵمدا پەیدابوو تەنها بەهۆی خوێندنەوەو بیستنە. ئەوەتان لێ ناشارمەوە کە هاندەری سەرەکیو گرنگ بۆ خولیابوونم، سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە دانیشتنو بەشداری چەندوچونی ئارامو بوێرانەم بوو لەگەڵ دۆستێک، ئەگەرچی من بەوەی نازانم، ئەو خۆی بەیەکێک لە کوردە میانڕەوەکان دەزانێت. کاتێک کەوتینە گفتوگۆ لەسەر دەستکێشانەوە یان دەستپێکێشانەوەی پارێزگاری لەمەوبەری مووسڵ، بەڕێز غانم ئەلبەسسۆ لەگەڵ ئاواڵەبوونی دەرگا بۆ هەڵبژاردنی کەسێک بۆ ئەو پلەیە لەپارێزگا بەڵام بەپێی ئەو مەرجانەی ئەنجومەنی پارێزگا دیاری کردوون، مەرجی سەرەکی ئەوەبوو کە پارێزگار عەرەبی مووسڵ بێت. هاوڕێکەم بەوە نەیاربوو گوتی (بۆ پارێزگاری مووسڵ کورد نەبێت؟!)و زۆریش سوربوو لەسەر ئەو بیرەی. کاتێک زانیم هاوڕێی ئەندازیارم هەندە شارەزا نییە لە مێژوی ئەو شارە کە ماوەیەکی درێژیش تێیدا نیشەچێیەو یەکێکە لە فەرمانبەرانی، زۆر بە ئەسپایی وەڵامم دایەوە بەوەی لەوەتەی دەوڵەتی عیراقی نوێ لە بیستەکانی سەدەی

پێشووەوە دامەزراوە تا ٩/ ٤/ ٢٠٠٣ پارێزگای نەینەوا، واتە لیوای مووسڵ کە جاران پێیگوتراوە، هیچیەک لە پارێزگار یان موتەسەریفەکانی هاوڵاتیی مووسڵ نەبون جگە لە دوو کەس، یەکهەمیان سەعید ئەلشێخ بوو لە ساڵانی شەستدا، واتە لەکاتی عەبدولرەحمان عارفدا کرا بە پارێزگاری مووسڵ، دووهەمیش "فەریق روکون" عەبدلجەواد زولنوون لە سەرتای نەوەتەکاندا پاش جەنگی کەنداوی دوو کە ڕژێم پیاوانی سپای دەستنیشان دەکرد بۆ شالیارگەی ناوخۆو پارێزگەرانیش. جگە لەوانە هەردەم ئەوانەی بە نۆرە سەرۆکایەتی پارێزگا یان موتەسەرفییەتیان کردبێت کەسایەتیی عیراقی بوون لە پێکهاتە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکانی گشتلایەکی عیراق، چی کورد بووبن یان عەرەبو تورکمان. واتە نەوەی باکوور، باشوور یان ناوەڕاست بوون. کاتێ هەرەسهێنانی ڕژێم لە ٩/ ٤/ ٢٠٠٣ دا پارێزگار پیاوێکی سپایی بوو لە هاووڵاتییانی باشوور ئیتر ئەوە ڕوویدا کە بوو. ئەوکات بەڕێوەبردنی پارێزگا کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگا کە نوێنەری گشت چینەکانی ئاینیو نەتەوەییەکانی کۆمەڵن دەستنیشانکردنی پارێزگار کەوتە دەست ئەوان کە بەپێی مەرجو بەڵگەی دیارکراو کە لێرەدا کاتی ئاماژەپێدانیم نییە، یەکێکیان لە هاووڵاتییانی مووسڵ دەستنیشان کرد. ئەگەرچی نامەوێت خۆبدەم لە باری هەڵسەنگاندنی ئەو ئەزموونە، بەڵام هەر بێداگرم لەسەر لایەنە مێژوییەکەی تەنها لەبەر بەرپەرچدانەوەی بۆچوونی ئەو هاوکارو هاوڕێ کوردەم.

## کاتە نایابەکانی پارێزگا

لەوانەیە پێویستکات لەڕووی بابەتییەوە بەشێک لە قۆناغە دیارەکانی مێژوی پارێزگاکە بهێنینەوە یاد کە نایابترینیان ئەو کاتەیە خواڵێخۆشبوو سەعید قەزاز بەڕێوەی بردووەو جێپەنجەی قەشنگو ڕوونی دیارن لەسەر لاپەڕەکانی مێژوی شارەکەم کە مووسڵە. کارو بەرهەمەکانی ئەو کەسایەتییەو تا چە ڕادەیەک کاریگەر بووە لەسەر دڵی دانیشتوانی شارەکەم، وەک بۆ هاوڕێکەیشم گێڕایەوە، تائێستایش کە یادی دێت دانیشتووان درووود بۆ ڕەوانی ئەو دەنێرن. ئەو بەوانە سەرسام بوو بەڵام هیچ شرۆڤەیەکی نەبوو. هەندێکم سەبارەت بە نایابی ئەوکاتە بۆ گێڕایەوە کە ئەوپیاوە لەمووسڵدا کاری کردووە. فەرمون لەو ڕووەوە هەندێک لەو دانسقانەی سەعید قەزازتان بۆ بگێڕمەوە کە لەدڵی کەسانی لەوەوە نزیک یان دوور دیارو پەسەند بوون،





بەڵام پێش گێڕانەوەیان پێویستە هەندێک لەسەر دۆخی مووسڵی ئەو سەردەمەی ڕەوانشاد سەعید قەزاز بدوێم، لەڕوی کارو پیشەو باری جوگرافیو دانیشتوان.

سنووری جوگرافی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی ئەوکات لە دامێنی باشوری تکریتەوە بوو تاوکو زاخۆ لە باکور، کە ئێستا بووە بە سێ پارێزگای سەلاحەدینو نەینەواو دهۆک، لەگەڵ بەشی زۆر لە شارۆچکەو شارەگوندی ئەوان بۆیە بە لیوایەکی فرەڕەگەزو ئاینو نەتەوە دەژمێردراو ئەو چڕیو بارە کۆمەڵایەتییە ئاوێتەیە جارجارە کێشە دەکەوتە نێوان تاخمە جیاجیاکانی. ڕۆڵی گونجاوی ئەو بۆ چارەسەری کێشەکان بەپێی ڕەوشی کاڵا بەباڵا بووە، بۆیە لەوانەیە هەر ئەو ڕەوتو ڕۆتینەی کارگێڕی ئەوی گەیاندبێتیە ئەو پلەی شالیارییە.

بەربڵاوترین چیرۆک کە لەوی دەگێڕنەوە نواندنی ڕۆڵێکی ئازایانەیە لە دەستگیرکردنی (دێوالی ئاغای دۆسەکی) کە یەکێک بوو لە ئاغا کوردەکانی شارۆچکەی دهۆکو نمایندەی ئەوێ لە پەرلەمانی عیراقی ئەو سەردەمەی پاشایەتی. کاتێک دهۆک لەسەر بەڕێوەبەرایەتی لوای مووسڵ بوو، ئەو ئاغا زۆردارە بەهۆی پایە کۆمەڵایەتییەکەیەوە زۆر بەزەبر بوو. کە لەسەر کێشەیەک تاوانبار دەبێتو فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت، خۆ نادات بەدەستەوە، پۆلیس لەبەر دارودەستەکەی ناوێرێت خۆ لە ئۆقرەی ئەو بدات. سەعید قەزاز پاش وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی بۆ لێسەندنەوەی پارێزبەندییە پەرلەمانییەکەی، گوڕ دەداتە خۆی، لەگەڵ پەلێکی پۆلیس لە مووسڵەوە دەچێت بۆ دوهۆکو بە بەرچاوی هاووڵاتییانەوە کەلەپچەی دەکاتو دەیخاتە پشتی پیکابی پۆلیس (مسلحه)و دەیگەێنێتە مووسڵ، لەوێیش بەهەمان شێوە لە ناوەڕاستی بازاڕو بە بەرچاوی هاووڵاتییانەوە دایدەگرێتو دەیبات بۆ پۆلیسخانەی گشتی. ئەو هەڵوێستەی لەگەڵ ئەودا نواندوویەتی بۆ ئەوە بووە بیکات بە پەند بۆ ئەوکەسانەی لە یاساو دەوڵەت یاخی دەبنو ئەوەی نیشاندات کە یاسا لەسەروی گشتە. لێرەدا کاتی گێڕانەوەی ئەوەمان نییە بەچی شێوەیەک ئەوکارەی ئەنجامداوەو بەرپەرچدانەوەی هاووڵاتییان بەرانبەری چیبووە.

ڕووداوێکی تر کە مامۆستای پارێزەرو ڕۆژنامەوان مەحموود ئەلچەلەبی

خودا ساغو تەمەن درێژ بیهێڵێت، گێڕایەوە گوایە پیاوێکی ناودارو بەدەسەڵاتی کورد تاوابار کراوە بە کێشەیەکی سزایی، ئەو پێیگوتوە (من بێزم نایەت پۆلیست لەگەڵ بنێرم) خۆت بچۆ بۆ پۆلیسخانەکەو پێیان بڵێ من فەرمانی گرتنم لەسەرە.

بەوجۆرە ئاغاکە لەبارەگای موتەسەریف دەردەچێتو ڕوودەکاتە پۆلیسخانە لەوێ دەڵێت، موتەسەریف فەرمانی کردووە من بەندکەن. هەروەها مامۆستا مەحموود چەلەبی گوتیساڵی ١٩٤٨ بەبۆنەی کێشەیەکەوە وەک بریکاری تاوانبارێک چووم بۆ شارۆچکەی شەنگاڵ. کە پاش زانکۆو بووم بە پارێزەر، ئەوە یەکەمینجار بوو لە مووسڵ دەرچم بۆ کارێک، ئەوکاتەی من گەیشتمە ئەو شارۆچکەیە جۆرێک لە یاخیبون درووست بوو، هەندەی نەبرد بینیم موتەسەریف سەعید قەزاز لەوێ پەیدایە، ئەگەرچی لەو شوێنەدا دۆخ مەترسیداربوو ئەو بە ژیریو بوێری خۆی توانی کۆتایی بەو کێشەیە بهێنێت کە قایمقام لێی دەسخەڕۆ بوو. هەروەها دەڵێت، بەبۆنەی کاری ڕۆژانەمەوانیەوە، بەتایبەتی وەک خاوەن ڕۆژنامەیەک پەیوەندیی من لەگەڵ سەعید قەزاز پەرەیسەند. جار بووە دەبووینە هاوڕا جارجارەیش بەهۆی شێوازی نووسینەوە ناکۆک دەبووین، بەڵام ئەوە کاری نەدەکردە سەر پەیوەندیی نێوانمان. مامۆستا مەحموود چەلەبی گوتی، جارێکیان پێمگوت (ئەوەی لە لیوای مووسڵدا کاربکاتو بە سەرکەوتویی لیواکە بەڕێوەبەرێت دوائەنجام هەر دەبێتە شالیار) بەڵام ئەو وتەکانمی وەک خۆشدووانی وەرگرت یان وەیدەزانی شۆخی لەگەڵ دەکەم. چەرخی ڕۆژگار هەڵسووڕا هەندەی نەبرد پێشنیارکرا سەعید قەزاز بکەن بە شالیار، بەڵام لە کام شالیارگە (شالیارگەی ناوخۆ!) کە کاراترینو ئاڵۆزترینی شالیارگەکان بوو. سەرەڕای چەندجارێک گۆڕانی کابینەکەی ئەو ڕژێمە، ئەو هەر لەپلەی شالیاری ناوخۆدا ماوەتەوە تا ئەوکاتەی شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ هەڵگیرسا.

**سەعید قەزازی شالیار**

سەعید قەزاز بەهەمان ئەو گوڕو ڕۆتینەی کارگێڕیی کاتی موتەسەریفی خۆی لە شاری مووسڵ توانی شالیارگەی ناوخۆ بەرێت بەڕێوەو لە گشتلایەکی عیراق یاساو باری ئاسایشی بەرپاکات. خۆشەویستی ئەو بۆ عیراقو عیراقیان زایدەی سۆزی نیشتمانپەروەریی نێو ناخی بوو، ئەگەرچی





نەوەی بنەماڵەیەکی ناودارو بەرەچەڵەکی سلێمانی بوو، هیچکات لێی نەبیستراوە شانازی بە کوردبونی خۆیەوە بکات. پێموایە ئەو لە خێڵی جاف بوو بەڵام کاتێ لەبەردەم دادگای گەلدابوو چەندینجار ئەوەی دوپاتکردەوە کە عیراقیەو شانازی بەعیراقیبونی خۆیو ئەوکارانەوە دەکات کە بۆ عیراق کردوونی.

یەکێک لە کارە هەرە چاکەکانی وەک شالیاری ناوخۆ کۆنترۆڵکردنی بەغدا بوو، لە پەنجاکانی سەدەی پێشوودا بەغدا کەوتە بەر هەڕەشەی لافاو، خشتەیەک دانرا گوایە بۆ بەرگری دەبوو دانیشتوان لە بەرێکی بەغداوە بگوێزنەوە بۆ بەرەکەی تر بەهۆیەوە بارێکی شڵەژاویو ترسو دڵەڕاوکێ کەوتە نێو دانیشتوانی بەغداو دەنگۆو پروپاگندەی ئەوە بڵاوبوەوە کە دەبێتە هۆی پەیدابونی دزیو تاڵانیی ماڵە چۆڵەکان، ئەو پێداگرو سووربوو لەسەر ئەنجامنەدانی ئەو نەخشەیەو لەبری پەنایبرد بۆ هێزی سپاو پۆلیس لەگەڵ خوێندکاری قوتابخانەکان، سەرئەنجام توانی بەو هەڵوێستە ژیرانەو بوێرییە بەغداو دانیشتوانی بپارێزێت.

**پاقژی ئەو پیاوە**

سەبارەت بە دەستو دەروون پاکی، هیچکات نەنگی لە ژیانی ئەودا نەبیستراوە بەڵکو کوتومت پێچەوانەکەی ڕاستە. فەرموون ئەو ڕووداوەی کەسێک گێڕایەوە کە خۆی ڕاستەوخۆ تێیدا بووە، ئەویش "عەمیدی پۆلیس" هاشم ئەلشەمماع بوو، کە دەڵێت:

پاش بوونی بە شالیارو ماڵەکەی گواستنەوە بۆ بەغدا، لەوڕۆژانەدا باو وابوو، هەرکەسێک ماڵی بگوازێتەوە بۆ ماڵێکیتر خزمو دۆست بەمیوانی دەچون بۆ پیرۆزباییو لەگەڵخۆدا شتێک یان بڕێک پارەیان بەدیاری بۆدەبەرد، دەبوو لەبۆنەیەکی تری هەمانشێوەدا ئەوانیش سەردانی ئەو دۆستە بکەنەوەو دیاریان بۆ ببەنەوە، واتە وەک پاداشتی چاکە بە چاکە. (لەنێو کۆمەڵدا وتەیەک هەیە دەڵێت، گشت شتێک وامە ئەگەر فرمێسکیش بێت). سەعید قەزاز ئەوکات هاوڕێیەکی بوو بە ناوی "حەسەن توحلە" بە بنەچە مووسڵاوی بوو بەڵام لەبەغدا بازرگانێکی بەناوبانگ بوو. ئەو خاڵی ڕێزدار هاشم ئەلشەمماع بوو کە ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕاوەتەوە، بەوەی زۆر هاتوچۆی

ماڵی ئەوانی دەکردو ئاگای لەو پەیوەندی خێزانییە توندەی نێوانیان ئەو دووە هەبوو گوتی؛ ڕۆژێک بازرگانەکە خێزانی خۆی دەنێرێت بۆ میوانی ماڵی سەعید قەزازو بەو بۆنەیەوە دیارییەک دەنێرێت نرخی پتر دەبێت لە (٨٠ دینار[26]) بەڵام سەعید قەزاز بەنیاز نەبووە ئەو دیارییە وەرگرێتو بە هاوسەرەکەی دەڵێت پارەکەیان بداتەوە. کاتێک هاوڕێکەی ئەوە دەبیسێت دڵگران دەبێتو گلەیی لێدەکات چونکە سەرەڕای پەیوەندی دۆستانەی دێرینو بەهێزی نێوانیان وایزانیوە هۆی وەرنەگرتنی دیارییەکە زیزبونییەتی لەسەر هۆگەلێک کە ئەو نایزانێت. کە بۆ دڵندانەوەی سەعید قەزاز تەلەفۆنی بۆ دەکات پێیدەڵێت (من کارمەندێکی دەوڵەتمو دەستمایەم هەر موچەکەمە، ئەگەر ئەو دیارییە وەرگرم دوارۆژ ناتوانم شتێک بەرانبەر بەو بڕەت بۆ بیگێڕمەوە!) ئەوتۆ بوو ڕەوشتی ڕەوانشاد سەعید قەزاز. ئەوەبووە ڕەوشتی ئەوەی لە بەڕێوەبەرایەتی شارەدێیەکەوە تا بوونی بەشالیار هەر ئەوجۆرە بەهرانەی بەخشیوە بە عیراق، بێجگە لەو ئازایەتییە کە پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٩٥٨ پایتەختی جێنەهێشت ئەگەرچی دەیتوانی بیکات. هەروەها خۆڕاگرییە بەناوبانگەکەی لەبەردەم دادگاو داکۆکنامە بەناوبانگەکەی‌و ئەو وتەیەی دەنگیدایەوە کە دەڵێت (وا سەردەکەومە سەر قەنارە کەسانێک لەبەرپێمدا دەبینم مافی ئەوەیان نییە لەژیاندا بمێنن).

بەڕێز هاشم ئەلشەمماع لە سەعید قەزاز دەگێڕێتەوە، کاتێک لە بەندیخانەدا پێش لەسێدارەدانی دەبیستێت هاوسەرەکەی ویستوویەتی دامەنی کەسانی پایەدار بگرێت تا سزاکەی لەسەر سووک بکەن، بۆیە نامەیەک دەنێرێت

[26] ـ لەوڕۆژەدا دەیکردە نزیکەی ٢٢٩ دۆلاری ئەمریکی.
لە دیدارم لەگەڵ ڕێزدار سەربەست قەزاز، برای هەوسەرەکەی سەعید قەزاز، لە هەمان ئەو بارەوە فەرموی: کاتێک نووری سەعید (سەرۆک شالیارانی ئەوڕۆژەی عیراق) ماڵی گواستەوە بۆ ئەو خانوە تازەی کردبووی، شالیارو پایەدارانی وڵات بە دیاریی قورسەوە دەچوون بۆ پیرۆزبایی، بەڵام (کاکم) سەعید قەزاز کە شالیاری ناوخۆبوو، توانای کڕینی دیارییەکی نەبوو بەنرخی هاوشانەکانیبێت، ویستی تابلۆیەکی هونەری لە ماڵەکەی خۆی بەرێت کە نرخی هەر ٤٠ دینار دەبوو، لەسەر ئەوە لەگەڵ (خوشکم) هاوسەرەکەی بوو بە ناخۆشی. سەرئەنجام دیارییەکەی برد، بەڵام، جۆنکە سەرۆک شالیاران کەمدەرامەتی‌و سەرڕاستیی ئەو شالیارەی دەزانی، بۆ دڵنەوایی ئەو، لەبەرچاوی گشت میوانەکان بەڕوویەکی خۆشەوە گوتی؛ ئای! کە جوانە... ئەوکات لەگەڵ خوشکم بە دڵێکی گەشاوە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە. (وەرگێڕ).





بۆماڵی بازرگان "حەسەن توحلە"ی هاوڕێی تێیدا دەنوسێت؛ کە ئاگادار کراوە بەوەی سزای لەسێدارەدانەکەی بەئەنجام دەگاتو ئەو پەشیمان نیە لەوانەی کردوونی، بەڵام ئەگەر هاوسەرەکەی سووربێت لەسەر دامێنگرتنی ئەمو ئەو با خۆی بە ڕەهاکراو بزانێت لە هاوسەرگیریی ئەو. ڕێزدار هاشم ئەلشەمماع دەڵێت؛ کاتێک هاوسەرەکەی سەعید قەزاز لەو نامەیە ئاگادارکراوە ئەو لەماڵی خاڵی بووە بۆیە ئەم بەوەی زانیوە. ئەوەی ماوە بیڵێم، وەک پێویست ئاوڕ نەدراوەتەوە لەو سەعید قەزازەی کەسێکی بێهاوتا بوو، ئەگەرچی لێرەولەوێ هەنێک نووسینی لەسەر هەیە بەڵام توێژەران مافی خۆیان نەداوەتێ، جگە لەوەی بەرگوێم کەوت کە مامۆستا زوهێر کازم عەببودی هاوڕێم کە پێشآن دادوەرو پاشان پارێزەر بوو لە مووسڵ، ئەو ئارەزوی بوو پەرتووکێک بنوسێت لەسەر سەعید قەزاز بۆیە کەوتە کۆکردنەوەی سەرچاوەو چاوپێکەوتنی کرد لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەی هاوژیانی سەعید قەزاز بوون، بەڵام پاشان ڕووی لە دەرەوەی عیراق کرد تا ئێستا بێئاگام لەوەی بەرهەمەکەی دەرکەوت یان نا، بەڵام من دەزانم مامۆستا زوهێر لەگەڵ ئەوەی سوورە لەسەر بڕیاریارەکەی بە ئارامیش بۆ ئەو چۆرە توێژینەوەیە دەچێت. لە کۆتاییدا ئاواتەخوازم هاوڕێی ئەندازیارم لەوە بگات کە کەسایەتیی ئەو بووەتە هۆی ئەم نووسینەم کە بە پلەی یەک عیراقی بوو لە پلەی دوودا کورد بوو نەک پێچەوانەی وەک لەمڕۆدا زۆر هەن دەخوازن بەو ڕواڵەتە ناوی بەرن. ئەوجا ئەگەر خودا تەمەنی پێ ببەخشیایەو تا ئەمڕۆ لەژیاندا بمایە هەروەک عیراقیەک خۆشەویستی بۆ ئەو عیراقە یەکگرتووە دەبوو کە هەردەم بەرگری لێدەکرد. ئاواتی ئەوەیش دەخوازم کە لە حکومەتی عیراقی ئەمڕۆدا هاوشێوەی پەیدابێت بۆ چارەسەری برینەکانی عیراق).

ڕێزدار **عەونی داودی** وتارێکی نوسی بە ناونیشانی (**زهيركاظم عبود يعيد محاكمة سعيد قزاز ويدحض ماجاء عن الأيزيدية من قبل كتاب آخرين سبقوه**) تێیدا هاتوە: (ئەو پەرتووکەی لێی دەدوێین "لمحات عن سعيد قزاز" بریتیە لە ١٦٨ لاپەڕەی قەوارە ناوەند کە ساڵی ٢٠٠٤ لە چاپخانەی "ڕوون" لە کوردستانی عیراق دەرچووە. لێرەدا ناخوازم ناوەڕۆکی پەرتووک بناسێنم بەو ڕادەیەی دەکۆشم خوێنەر ئاگادارکەم لە چاپکراویەک نووسەرەکەی دووبارە دادگایی دوا شالیاری ناوخۆی سەردەمی پاشایەتی "سەعید قەزاز" دەکاتەوە، ئەوکەسەی ناوبانگی دەرکرد بەوەی دژێکی سەختبوو بە ڕەوتی

کۆمۆنیستیو خاوەنی ئەو وتە بەناوبانگەی لە دادگاکەی مەهداویدا گوتیو لە مێژووی عیراقی نوێدا ناوبانگی دەرکرد. ئەوەی دەڵێت "وا من وەستاوم مەرگی خۆم لەنێو دوو کەوانە یان نزیکتریش دەبینم.. هەرگیز سێدارە من ناترسێنێت.. کاتێکیش دەچمە سەر سەکۆکەی لەبەرپێمدا کەسانێک دبینم شایانی ژیان نین."

لەم پەرتووکەدا کوتومت ڕەوانی پیشەییو دادوەری زاڵبووە بەسەر نووسەرەکەیدا، سەرەتا ئەو گەواهیو دیدەروانیو گفتوگۆیانەی خستوەتە ڕوو کە لەهۆڵی دادگادا گوتراون، پاشان بڕیاری خۆیی داوە بەسەردا. هەروەها کۆشیویەتی لەزۆر بواردا ئەو کەسانە بدوێنێت کە لە سەعید قەزاز نزیکبوون لەوکاتەی پارێزگاری مووسڵ بووە، ئەوانە بەگەواهی زیندوو دادەنێت. هەروەک لە پێڕستەکەدا ئاماژەی پێداوە، بۆ نووسینی ئەو پەرتووکە پشتی بەستوە بە زۆر سەرچاوەی تر. من خوێنەر جێدێڵم بۆ ئەوەی بکۆشێت ئەو پەرتووکە پەیداکاتو پاش خوێندنەوە بڕیاری خۆی لەسەر بدات، چونکە بابەتی زۆرو مەزن لەمێژوویی عیراقی نوێدا هەن پێویستیان بە سەرلەنوێ پێداچوونەوەو لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ هەیە بۆ ئاشکراکردنی ئەو ڕاستییانەی بەدەستی ئەنقەستو بە پێنوسی نووسەرە "واعظ"ـەکان (واتە ئامۆژگاران)ی دەسەڵات چەواشە کراون.

ئەوەی گلەییبێت لەسەر ئەو پەرتووکە هەر ئەو هەڵەی ڕێنووسو چاپانەیە کە پترن لە سەد. بەبۆنەی کۆڕێکی زانستیەوە لە لەندەن لەگەڵ مامۆستا زوهێر یەکمان بینی، سەبارەت بەوکارە ئەم وەڵامە سەیرەم لێ بیست: کاتێ گلەییم لە پەخشکەر کرد لەمەڕ ئەو هەڵەی ڕێنووسو چاپە زۆرەی تازە چارەسەر ناکرێن، لەوەڵامدا (وادیارە بەوپەڕی باوەڕەوە) پێیگوتم "کاکە چیبکەم.. من کوردمو ئەو پەرتووکە بەعەرەبی نوسراوە، من هەر هەندەم لەدەسهات".

هەردوکمان بەو وەڵامە ساویلکانەیە کەوتینە پێکەنین.

زوهێر کازم عەببود کەسایەتییەکە پێویست بە پێداهەڵدان ناکات. ئەو توێژەرو نووسەرە ڕامیارزانە ماوەیەک دادوەر بوو. ئەو چەندین بەرهەمی وێژەیی هەیە لەوانە کۆمەڵێک "چیرۆکی کورت" لەژێر ناونیشانی "ليلة القبض على رئيس الجمهورية (واتە ـ ئەو شەوەی سەرۆک کۆماری تێدا دەگیرێت) "چاپی "دار المنفى" هەروەها "جمهورية الغجر" (واتە ـ کۆماری





قەرەجان) چاپی دەزگای لارسا لە سوید. لەوێدا ئەو ساڵی ٢٠٠٢ پێشبینی ئەوەی کردووە کە سەددام خۆی لەبن زەوی دەشارێتەوە.

مامۆستا زوهێر کازم عەببود ساڵی ١٩٤٤ لە دیوانیەی عیراق لەدایک بووە، ئەو نووسەرەمان وەک خۆی دەڵێت بەچکەی خێزانێکی زۆر هەژار بوو، واتە کاتێک ئەو نووسەرە لەدایکبووە نەتەنها کەوچکی زێڕی بەدەمەوە نەبووە، بەڵکو تەنانەت کەوچکیشیان نەبووە. لەو کەسانەیە کە پاش کۆششی زۆر توانیویەتی هەر پەنا بەوزەی خۆییو بە تێکۆشانی بێوچانی خۆی خۆ پێگەێنێت. لەبەر هەژاریو دەستکورتی خێزانەکەیو پەیداکردنی بژێوی ژیان لە تەمەنی منداڵیەوە ناچار بووە دەست بداتە زۆر جۆرە کاری قورس. هەر لە کرێکاری خانوبەرەو خشتکێشان تا کرێکاری لە سینەماکانی دیوانیەو شاگرد لەدوکانی پەرتووکی کۆن فرۆشتن. لەوانەیشە هەر ئەوە هانی دابێت بۆ خولیابوون بە پەرتووکو پەرەسەندنی ئارەزوی خوێندنەوەو ئاشنابوون بە نووسەرانی ناودارو زۆر لەو پەرتووکانەی دەگەیشتنە عیراق. بەوجۆرە لە شارەکەیدا درێژەیداوە بە خوێندن. سەرئەنجام لە کۆلیژی یاسای بەغداد وەردەگیرێت[27]و ڕۆژانە لە دیوانیەوە بۆ بەغداو ڕێگەی گەڕانەوە ٤٠٠ کیلۆمەتری بڕیوە تا ئەوکاتەی بەڵگەنامەی کۆلیژی یاسا وەدەست دەهێنێت. پاش کۆلیژی یاسا کەوتوەتە کار وەک لێکۆڵەری دادوەریو پارێزەرو پاش بوونی بە یاریدەری دادوەر لە پەیمانگای دادوەری وەرگیراوەو پاش بڕینی بووە بە دادوەر لە دادگاکانی عیراق. مامۆستا زوهێز بە بڕیاری دیکتاتۆر سەددام لەوکارەی دەردەکرێت بۆیە لە ساڵی ١٩٩٨دا عیراقی جێدێڵێتو لە هەمان ساڵدا دەگاتە سوید. ئێستا لەگەڵ خێزانەکەی لەوێ دەژی. ئێستا کاتەکانی تەرخانکردوە بۆ توێژینەوەو نووسینی پەرتووک، دەبینین تائێستا نزیکەی شازدە پەرتووکی بەچاپ گەیاندووە، لەوانە "لمحات عن اليزدية"،

[27] ـ لە ٤/ ٩/ ١٩٦٥دا لەگەڵ نووسەر زوهێر کازم عەببود) بەشداری خولێکی تایبەت بوین لە ڕیزەکانی سپای عیراق، لە ئەجامدا بووین بە یاریدەری ئەفسەر (نائب ضابط)، ئەگەرچی بەپێی ئەو بەڵێننامەیەی پێیان واژووکردین دەبوو پێنج ساڵ لەو پیشەیەدا بمێنێن لەگەڵ مافی درێژکردنەوەی ماوکە تا کاتی خانەنشینی، بەڵام پاش نزیکەی یەک ساڵو نیو بە گومانی چالاکبوونی کاکە زوهێر لە ڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، سپا یەکلایەنە بڕیاری هەڵوەشانەوەی بەڵێننامەکەی ئەوو دەرکردنی لەڕیزی لەشکر دەرکرد.. برایەتی منو ئەو هێژایە لەو سەرەتایە وە یە (وەرگێڕ)

"ليلة القبض على رئيس الجمهورية"، 'قصص قصيرة"، "جمهورية الغجر"، "روايه"و "مخابرات صدام وإغتيال شيخ بني تميم طالب السهيل" لەگەڵ چەندین نووسین لەسەر کێشەی کورد، فیدرالییەت، مافی مرۆڤ، تاوس مەلەک، عەدی بن مسافرو سەدان وتارو توێژینەوەو لێکۆڵینەوە کە تێیاندا خۆیداوە لە چەندین کێشەی جۆراوجۆر لەو بارودۆخانەی ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ژیانی مرۆڤ لە عیراق، هەروەها نووسین لەسەر تیرۆر، ژنو مافە بنەڕەتییەکانی).

**نووسەر قەیس قەرەداغی لەوتارێکیدا بەناونیشانی (الوزير سعيد قزاز في محكمة القاضي زهير كاظم عبود)** دەڵێت: لەودواییانەدا پەرتووکێکی بەنرخی دادوەرو نووسەر زوهێر کازم عەببود دەرچو تێیدا تیشکی خستووەتە سەر یەکێک لە بەناوبانگترین کەسانی سەردەمی پاشایەتیی عیراق کە مشتومڕیان لەرسەر دەکرێت، ئەویش سەعید قەزازە. واتە ئەو پیاوەی سەربەستو پاقژ ژیاو بە سەربەرزو شکۆدار مرد. ئەو گوێی نەدایە سزای لەسێدارەدان کە پێشکات لەو دادگایەی عەقید فازل مەهدی ئەلعەززاوی[28] بڕیاری لەسەر درابوو، لەمێژوی ڕامیاری عیراقی هاوچەرخدا بە گاڵتەجاڕی ناوباگی دەرکرد. لەوێدا بەوپەڕی ئازایەتییەوە سەخت ڕوبەڕوی مەرگ وەستاو وتە بەناوبانگەی گوت (وا من وەستاوم مەرگی خۆم لەنێو دوو کەوانە یان نزیکتریش دەبینم.. هەرگیز سێدارە من ناترسێنێت.. کاتێکیش دەچمە سەر سەکۆکەی لەبەرپێمدا کەسانێک دبینم شایانی ژیان نین.) گەیشتە گوێی گشت کۆمەڵ.

ئەو پەرتووکە بریتیە لە ١٦٨ لاپەڕەی قەوارە بچووکو بە تیراژی ١٠٠٠ دانە لەوشێوە چاپە قەشەنگەی چابخانەی (ڕوون) دەرچووە بەڵام هەڵەی چاپی زۆرن. ئەگەرچی هەندێک جار هەڵەی چاپ ئارەزوی خوێندنەوە دەشێوێت ،بەڵام ڕشدی جوانی نووسەر دەبێتە پاڵنەر بۆ درێژەدان بە خوێندنەوەی پەرتووکەکەی تا دوا لاپەڕەکانی. لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان ل ەسلێمانی ژمارەی ڕیزبەندی ٧٣٢ی ساڵی ٢٠٠٤ دراو بەو پەرتووکە.

ئەو پەرتووکە بریتییە لە چوار بەشو بە پاشوتارێک کۆتایی دێت. لەبەشی

[28] ـ عەقید فازل عەبباس ئەلمەهداوی ( وەرگێڕ)





یەکهەمیدا پێناسەی سەعید قەزاز بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات بەوپێیەی لە تۆمارگەکانی میریدا هەنو کردەوە چاکەکانی لەدەمی کەمێک لەو مووسڵیانە دەگێڕێتەوە کە هاوژیانی بوون، پاشان دێتە سەر گەواهیی دوکتۆری بزیشک کەمال ئەلسامەڕائی کە زۆر وردەکاریو ژیانی ئەو لەگەڵ بێفیزیو باری ناوماڵە ئاساییەکەیو چۆنێتی ژیان بەسەربردنی لەنێو خانویەکی بە قوڕو کەستەک دروستکراو لەکاتێکدا خاوەن بەرزترین پلەی کاری بوو لەنێو شالیارگەکانی دەوڵەتی عیراقدا. هەروەها دادوەری نووسەرمان کورتەی ئەو نوسینانەمان دەخاتە بەرچاو کە لەڕۆژنامەکانی مووسڵی سەردەمی خۆی وەریگرتوون کە سەعید قەزاز ماوەیەک لەوێ موتەسەریف بوو، لەو شارەی نووسەری ئەم پەرتووکە ساڵانێک پاش ئەو وەک دادوەر لە دادگاکانیدا کاریکرد بۆیە توانیویەتی لێرەولەوێ وردە تێبینی کۆکاتەوە لەسەر پیاوێک ڕۆژگار تووشی چەوری کردو مێژونوسانیش چاوی ویژدانو پێنوسەکانیان لە ئاستیدا نوقاندووە. بەرانبەر بە خۆشەویستی ئەو دووە بۆ شارەکە، واتە نووسەرو ئەوەیشی ژیننامەکەی دەگێڕێتەوە دانیشتوانی شار هەمان خۆشەویستیان بۆیان هەیە.

لەبەشی دووهەمی ئەو پەرتووکەدا نووسەر چۆنێتی پلەبڕینی کارە فەرمیەکانی محەمەد سەعید ئەفەندی قەزاز (ناوەکەی بەوشێوەیە بوو چونکە ئەوە شێوە ناوهێنانە باوە لە دەرباره عوسمانیەکانەوە مابووەوە تا ئەوکاتەی دەسەڵاتی پاشایەتی عیراقیش ڕووخا هەر بەکار دەهات)، ئەو لە پایە فەرمییەکانی میریدا لە سەرەتای دامەزرانیەوە وەک فەرمانبەرێکی بچووک لە بەڕێوەبەرایەتی پشکنینی کارگێڕیی سلێمانی ڕۆژی ٢/ ١/ ١٩٢٤ تا بوون بە بەڕێوەبەر لە شوێنانی تر، وەک بەڕێوەبەری شارەدێی تانجەرۆ پاشان بەڕێوەبەری نووسینگە لە موتەسەریفیەتی لیوای هەولێرو قئیمقام لە هەڵەبجە، ئەوجا زاخۆو پاشان بووە بە بەڕێوەبەری گشتی لە ناوخۆو موتەسەریف لە هەولێرو کوتو کەرکووک، سەرئەنجام لە مووسڵ دەگیرسێتەوە تا ئەوکاتەی لە ٢١/ ١٢/ ١٩٥٢ بۆ یەکەمجار دەبێت بە شالیارو لەپۆستی ناوخۆدا ماوەتەوە تا ڕووخانی دواهەمین کابینەی خولی پاشایەتی عیراق لە ١٤/ ٧/ ١٩٥٨ ئەحمەد موختار بابان تێیدا سەرۆک شالیاران بوو. لە گشت پایەکاندا نموونەی فەرمانبەرێکی لەخۆبوورو بوێرو ئازاو دەستپاک بووەو لەوجۆرە ڕەوشە چاکە بەولاوە چیتیری لێ نەبینراوە، بۆیە وەک نووسەر دەیگێڕێتەوە

سەرۆک شالیارەکان دەسبەرداری ئەوجۆرە کارامەییە نەبوون کە بەدرێژایی ژیانی کارگێڕیی بە بەرهەم بووە. هەروەک لەو بەشەدا نووسەر بەسەر گرنگترینی ئەو ڕووداوانەدا تێپەڕیوە کە لەسەردەمی شالیارییدا لەعیراق ڕویانداوە. لەوانە خۆپیشاندانی بەسرا ٧/ ١٢/ ١٩٥٣و لافاوی بەغدا کە قەزاز ڕۆڵێکی بەرچاوی تێدا بینیوە ئەویش بە سەرپێچیی کردن لە بڕیاری ئەنجومەنی شالیاران بۆ چۆڵکردنی گشت بەری ڕەسافە. وەک لەلایەکەوە بووەتە مایەی پێداهەڵدانی وێژەروانان وەکتر خەرجێکی زۆری بۆ دارایی وڵاتو خودی هاووڵاتییان گێڕاوەتەوە، بۆیە مامۆستا جەلال ئەلحەنەفی کە مامۆستاو وتارخوێنی مزگەوتی خولەفا بوو باڵاترین هۆنراوەی پێشکەش دەکات، تێیدا دەڵێت:

سەعید تۆ دەبینیت دەرونان خۆبەخش

خەرمانی ئەمەکت بۆ دەنێرین

دەڵێن تۆیت ڕزگارکەری میللەتی لە

قەیرانو ئازارو سەروماڵ دۆڕین

مافی تۆ لەسەر بەغدای بەئەمەک ئەوەیە

بەبای نەدا ئەرکی قارەمانیتو کۆشین

نووسەر هەروەها لەو خۆپیشاندانەی مووسڵ دەدوێت کە قەسابەکان خواستویانە باجی گومرگیان لەسەر کەمکرێتەوە لەگەڵ لابردنی ئەو باربووە تایبەتییەی لەسەر سەربڕینی هەر یەک سەر مەڕو بزن ٣٠ تا ٦٠ فلسو گاو مانگا ٧٥ تا ١٥٠ فلسیان داوە. پاشلەوەی خۆپیشاندان پەرە دەسێنێت بۆ ناو گشت چینەکانی گەل لە مووسڵ، شالیار خۆی دەچێتو ئەو کێشەیە بێ خوێنڕێژی دادەمرکێنێت. هەروەها چەندین ڕوداوی تری ڕونکردوەتەوە کە لە کاتو شوێنیتر لە سەردەمی دەسەڵاتی سەعید قەزازدا لە ناوخۆیی عیراق ڕویانداوە.

لە بەشی سێهەمی پەرتووکیدا کە تایبەتە بە دادگاییکردنی قەزاز ڕەوتی دادگاییو وەردەکارییەکانی بەو دیدە دادوەرییانە شیکردووەتەوە کە بەشێکە لە کاری خۆی. سەبارەت بە دەستەی ئەو دادگا سپاییەی ناونرا (محكمة الشعب)





بەسەرۆکایەتی پورزای خودی لیوا ڕوکون[29] عەبدولکەریم قاسم، واتە عەقید ڕوکون[30] فازڵ عەبباس ئەلمەهداوی کە تەشقەڵەی بە تاونباران دەکردو ناووناتۆرەی ناشیرینی لێدەنان بەمەبەستی ڕوشاندنی شکۆی کەسێتییانو سەعید قەزاز یەکێکبوو لەوان، لەسەر (هەڵوێستەکانی مەهداوی کە لەکاتی ئەو دادگاییکردنەی ڕاستەوخۆ بەڕادیۆ بڵاودەبووەوەو ببوە یەکێک لە هۆیەکانی بێزاری بەشێک لە کەسایەتیو چینو توێژەکانی گەل لە قاسم چونکە لەوێدا بەناوی داکۆکي لە سەرۆکی تاقانەوە ئەو گاڵتەجاڕییەی دەکرد، بەڵام کاتێک بەعسیەکان ساڵی ١٩٦٣ کۆدەتایان بەسەردا کردو هەردوکیان لەکاتی بەرگری لەخۆدا لەنێو شالیارگەی بەرگری گیرانو لەنێو زرێپۆشێک بران بۆ ئێزگەی ڕادیۆ، لەوێ لە مەهداوییان پرسی، هۆی چیبوو لە دادگاکەتدا بڕیاری لەسێدارەدانی گشت ئەو مرۆڤانەت دەدا، ئەو پشتی کردە قاسمو پەنجەی بۆ سەرۆکەکەی ڕاکێشا کە خاڵۆزاییشی بوو بەشێوەزمانی عیراقیی باو گوتی ("ئاني شعلەییە، کوللـە من هاذا" واتە "من چیبکەم، گشتی لەمەوە بوو").

پاشلەوەی نووسەر خوێنەرانی دەباتە نێو هۆڵی دادگا (ئەو هۆڵەی پاشان بوو بەهۆڵی شانۆ، دیوار بەدیوار نوساوە بە شالیارگەی بەرگرییەوە) لەوێ چەندوچۆنی ئەو کێشانەیان بۆ ڕوندەکاتەوە کە چیجۆرە کارڕاییێکیی (ناپاک)ی دادگایی تێیدا ئەنجام دراوە، ئەوێش بەپێی کۆمەڵێک بەندی یاسایی نابەجێ. لەو ڕووەوە نووسەر دەڵێت (ئەو خاڵە جەوهەرییەی دادگا ئاوڕی لێنەداوەتەوە ئەوەیە کە سەعید قەزاز تاوانبارکراوە بە کوشتنی دەست ئەنقەستیو هەردوو کوچکەی تاوانی ماکیو واتایی، هەرچی کوچکەی ماکی تاوانە، ڕەفتاری تاوانئامێز دەگەێنێت بۆ ئەنجامدانی کارێک لەڕووی یاساییەوە بەتاوان بژمێردرێت یان سەرپێچی بێت لە کارێک فەرمانی یاسایی لەمەر درابێت، بەڵام کوچکەی واتایی تاوان ئەوەیە ئەنجامدەر خواستی دەربڕیبێت بۆ ئەنجامدانی جۆرە کارێک ببێتە هۆی تاوان، واتە مەبەست لێکەوتنەوەی تاوانێک دەبێت کە ڕویدابێت یان هەرجۆرە ئەنجامێکی تری تاوانی لێکەوتبێتەوە، ئەوکات دادگا پەنا بە وردەکارییەکانو پاش قایلبوون لە

29 ــ عەبدولکەریم قاسم لە کودەتاکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا زعیم ڕوکون بوو پاش ساڵێک بوو بە لیواو لە ٦ جەنیوەری ١٩٦٣ بەرزبووەوە بۆ فریق ڕوکون (وەرگێڕ)

30 ــ عەقید فازل عەبباس ئەلمەهداوی، ڕوکون نەبوو (وەرگێڕ)

بە تاوانزانینی ئەو کردارەی نراوەتە پاڵ گومانلێراو ئەوکات بەگوێرەی قایلبوونەکەی بڕیاری تاوانبارکردن دەردەکان، ئەویش پاش دڵنیابون لەو بەڵگانامانەی لە کێشەکەدا وەدەسدێنو ئەو بەڵگەنامانەی لە ئەنجامی خولەکانی لێکۆڵینەوەدا پەیدا دەبن یان ئەوانەی لەکاتی دادگاییدا تاوانبار دانی پێدا ناون یانیش دەرئەنجامی گەواهیی دیدەروانانو کۆنووسی لێکۆڵینەوەو دیکۆمێنتی فەرمی تر لەگەڵ ڕاپۆرتی هونەریو بابەتییانە، هەروەها ئەو دیاردانەی تری یاسا دیارییان دەکات. بەڵام ئێمە لەو کێسە سەرەکیانەی لێکۆڵینەوەی بەردەستدا هیچ دانپێدانانی تاوانبارمان بەرچاوە نەکەوت ڕاستیی ئەو ڕووداوانە بنوێنێت کە پێ تاوانبار کراوە ئەویش تاوانی کوشتنی (شەهید عەبدولرەزا دەهەش)ـە کە بە (تاوانی کۆشین بەمەبەستی کوشتن) بۆی ژمێردراوە. بەوجۆرە دادوەر زوهێر کازم عەببود ئەو بەندە یاساییانە دەگێڕێتەوە کە لەو سەردەمەدا کاریان پێکراوەو بەند لەدوای بەند شی کردوونەتەوەو بەجۆرێک سەرنجەکانی دادگایی دژ بەسەعید قەزاز بەدرۆ دەخاتەوە کە ناگونجێن لەگەڵ ئەو بنەمایانەی لە هزری ئەودان بەڵکوو لەزۆر شوێنی ئەو پەرتووکەدا دەڵێت بە تەواوی پێچەوانەی ئەوە بوون، ئەوجا بەجۆرێکی ئەوتۆ خۆش کۆتایی بەو پەرتووکە هێناوە شایانی ئەوەیە پتر لە یەکجار چاوی لێکەین. بۆ ئەو پەرتووکە سوودی لە کۆمەڵێک سەرچاوەی گرنگ وەرگرتوە پێموایە هەرە چاکەکانی ئەو وتووێژە زیندووەی لەگەڵ کەسانێک کردونی کە هاوژیان یانو دۆست یانیش کەسانەی ناسراوی بوونو سەرگوروشتەی سەعید قەزازیان لێ وەرگیراوە، بەشی زۆریش لەوان هاووشاریی مووسڵ بوون. بەڵام زۆر سەرچاوەی تر هەن نووسەر هانای بۆ نەبردوون، بۆنموونە دەیتوانی چاو لە تۆمارکراوە فەرمیەکانی دەوڵەت بکات لەو شارانەی سەعید قەزاز تێیاندا فەرمانبەر بوو یان چاوپێکەوتنی ئەنجام بدایە لەگەڵ هاوڕێو ئەوکەسانەی لە شوێنانی جیاجیا لێی نزیکبوون، سەرەتاکەیشی سلێمانییە کە تێیدا لەدایک بووە، هەروەها شارەدێی تانجەرۆو شارۆچکەکانی هەڵەبجەو زاخۆو کفری لەگەڵ لیوا (پارێزگا)ـکانی هەولێرو کەرکووکـو کوتـو بەسرا ئەوجا بەغدا کە ڕۆژنامەوانی هێژا عەبدولقادر قەزازی لێیدەژی، بەتایبەتی ئەو کە ئامۆزای سەعید قەزازو هاوڕێی بوو، یان پەرلەمانتاری کوردی بەناوبانگ عەلی کەمالو دادوەرو نووسەر ئیبراهیم ئەحمەد کە لە لەندەن دەژین، هەمان ئەو شوێنەی کیژە تاکانەکەی





قەزاز (پەری) لێی دەژی، وەک لەو پەرتووکەدا هاتووە نووسەر زۆرجار نامەی بۆ ناردوە. هەروەها نووسەر دەیتوانی سوود لە یادەوەرنامەی ڕامیارانو ڕۆشنبیرو نووسەرانی کورد وەرگرێت ئەگەرچی هەندێکیان بە کوردی نووسراون ئەویش کارێکی ستەم نیە بەتایبەتی نووسەر بەوە ناسراوە کە تۆڕێکی پەیوەندیی گەرمی هەیە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی کورد، بۆنمونە یادەوەرنامەکەی نووسەری کۆچکردوو مستەفا نەریمان کە لەبەردەستمدایەو ئەو چاوپێکەوتنە نایابەی دەگێڕێتەوە لەگەڵ سەعید قەزازی شالیار بوویەتی، وا ئێستا دەینوسمەوە تا لەچاپی داهاتویدا سوود بەم پەرتووکە بگەێنێت. ئاواتەخوازین ئەمجارە فراوانترو بە وێنەوەبێتو بێ هەڵەی چاپ بێت ئەگەرچی ئەوە ئەرکی لایەنەکانی چاپو پەخشە.

**سەعید قەزازو یادەوەرنامەکەی مستەفا نەریمان**

مستەفا نەریمانی نووسەر کە لە قەڵای شاری کەرکووک مامۆستا بوو ساڵی ١٩٥٧ یەکهەمین یادەوەرنامەی کوردی بۆ گیرفان لەجاپخانەی (الشمال)ی شاری کەرکووک بەچاپ گەیاندووە، لەپاڵ مێژوی کرستیانیو کۆچیدا مێژوی کوردیشی نووسیوەو لەتوێی لاپەڕەکانیدا ڕووداوە مێژوییە گرنگنەکانی کۆنو نوێی کوردیشی نووسیبوو لەگەڵ وێنەی دوو سوارچاکی کورد لەسەر بەرگەکەی. لەوێدا سەبارەت بەو بێرەوەرنامەیە ڕەوانشاد مستەفا نەریمان دەڵێت (لەیادمە ڕۆژێک لەو ساڵەی تێدا ڕەمەزان کەوتبوە هاوین، بەڕۆژوبووم، پۆلیس هەڵیکوتایە سەر ماڵەکەمو بەزۆر منیان برد بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس، لەوی بینیم چەندین کەسی تریان پێش من گرتوە، لەنێویاندا ڕیزدار سەبریی خاوەن چاپخانە لەگەڵ هەردوو ڕێزدار (عومەر بێکەس) و (سیروان جاف) هەروەها چەندین خاوەن پەرتووکخانەی تری کەرکووکـو سلێمانی. لەوێدا دەسبەجی گوتم ئەو یادەوەرنامەیە من نووسیومەو هیچ پەیوەندیەکی بەوانەوە نییە بۆیە گشتیان ئازادکران. پاش کەمێک قۆمیسێرێکی تورکمان بەناوی ڕەشاد منی پێشخۆدا بۆ ماڵەکەمو لەوێ کەوتە گەڕان، دانەدانە پەرتووکەکانی نێو پەرتوخانەکەمی دەپشکنی. ئەوەی لەوێدا منی هێنایە پێکەنین ئەوەبوو کە کاکی قۆمیسێر چاوی بە پەرتووکێکی منداڵان کەوت لە نوسینی هۆنەری مەزنی کورد، حاجی قادەری کۆیی، هەڵیگرتو گوتی کێ ئەمەی نوسیوە؟ پێویستە بۆمی بانگ

بکەیت، گوتم ئەو ئێستا لە ئیستەنبوڵە، بەڵام ئەو سوربوو لەسەر ئەوەی هەر دەبێت دەستگیری بکەن، گوتم ئەوەتان پێناکرێت چونکە ئەو لەژێر گڵدا نێژراوە تەنانەت ئێسکیشی نەماوە، ئەوکات مشتێکی بەسەر خویدا کێشاو کەوتەوە پشکنین. پاشان لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕیان لەگەڵم کردو پرسیار لەسەر گشت تایبەتمەندیەکانی ژیانم. سەرئەنجام سوربون لەسەر ئەوەی ئەو وێنەی سەر بەرگە چەکداری بارزانینو چۆن دەبێت من لەخۆوە یادەوەرنامە بنووسمو مێژوویەک بۆ کورد دیاریکەم کە لەڕاستیدا بوونی نییە. ئەوشەوە لە بەندیخانە خەوتم، ئاگادارکرام لەوەی موتەسەریف دەخوازێت من ببینێت. دیاربوو پاش دەستگیرکردنی من دەستیان بەسەر گشت دانە چاپکراوەکانی ئەو یادەوەرنامەیە گرتبوو کە لای پەرتووکفرۆشان مابوو، جگە لەو سەد دانەیەی بەڕەش یەکیم بە دینارێک فرۆشرتبوو، ئەوسا زۆر لە ڕۆشنبیرو لایەنە ڕامیارییەکان کەوتنە سکاڵا بۆ ئازادکردنی یادەوەرنامەو خاوەنەکەی. ئەوەبوو مامۆستا جەمال نەبەز (کە ئێستا پرۆفیسۆرە لە زانکۆی بەرلینی ئازاد) لەڕۆژنامەی "ژین"دا وتارێکی سەختی لەسەر بڵاوکردەوە، هەروەها مامۆستا "گیو موکریانی"یش وتارێکی هاوشێوەی لە گۆڤاری "هەتاو"ی هەولێر بڵاوکردەوە. پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە "خەباتی کوردستان"دا وتارێکی لەسەر ئەو یادەوەرنامەیە نوسی، هەروەها وتاری پارتی کۆمۆنیست لقی کوردستان لە "ئازادی کوردستان"دا نووسی. لەدرێژەی وتەکانیدا نەریمان ئەو دوا خولەکانە دەگێڕێتەوە کە شێوەی چاوپێکەوتنی بوو لەگەڵ موتەسەریف بە مەچەکی کەلەپچەکراو تا دەگاتە ئەوەی یەکێک لە ناودارانی کەرکووک (حسێن خانەقا) بۆی تێدەکۆشێتو بەبارمتەی دەستەبەری ئازادیدەکات، بەڵام موتەسەریف هەڕەشەی لەکاردەرکردنی پێ ڕادەگەێنێت. خۆی دەڵێت؛ پاش ئازادکردنم ڕێزدار حەسەن خانەقا ئامۆژگاری کردم بچم بۆ بەغداو بکۆشم شالیاری ناوخۆ (سەعید قەزاز) ببینم چونکە بەرپرسانی کەرکووک خۆیان دانابو بارەکەم لەسەر قورسترکەن، ئامۆژگاریی ئەوم لەگوێ گرتو ڕۆژی پاش یەکسەر چووم بۆ بەغداو لەوێ یەکەم جار چومە لای عەبدولقادر قەزاز (١٩١٠ ــ ١٩٩٢) پێیگوتم ئەم ئێوارەیە دەچین بۆلای پەرلەمانتار عەلی کەمال (١٩٠٠ ــ ١٩٩٩)و سبەی چاوم بە (حەمەسەعید) دەکەوێت. کاتێک جومەلای عەلی کەمال زۆر بەگەرمی پیرۆزبایی ئەو یادەوەرنامەیەی





لێکردمو گوتی، لەوبارەوە لەگەڵ (حەمەسەعید) دواوم ئومێدەوارم سبەی کە دەچیتە لای پرسی ئەو یادەوەرنامەیە مێشکت تێکنەدات. ڕۆژی پاش چوم بۆ شالیارگەی ناوخۆ لەوێ ڕێزدار "فۆئاد وەنداوی"ی خوارزای شالیار "عومەر نەزمی"م بینی لەوێ بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەتی شالیاربوو، منی ناسیەوە چونکە هەردووکمان هاوشاریی کفری بوین، کاتێک منی بە شالیار ناساند ئەو زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکردم، پاشلەوەی لە نوسینگەکەی خۆیدا داینیشانم بانگیکرد چایم بۆ بهێنن ئەوجا بە نەرمییەکەوە پرسی؛ کوڕم تۆ نەوەی کام شاری؟ گوتم کفری.. لە کفری کوڕی کێی؟ گوتم کوڕی سەید ئەحمەد.. گوتی ئەو سەید ئەحمەدەی فارسی چاک دەزانێتو دوکانەکەی بەرانبەر قەیسەریی بەرگدروانی کفرییە؟ بەڵێ ئەو باوکمە.. ئەوجا لەگەڵم کەوتە گاڵتەو هەندێک پرسیاری ئاسایی لێپرسیم وەکئەوەی بیەوێت خۆی ئاشناکات بەدۆستێکی نوێ. پێشلەوەی بکەوێتە پرس لەسەر یادەوەرنامەکە بانگیکرد خۆشاوێکم بۆ بهێنن پاش خواردەوەی، ئەو بەدەم هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دانەیەک لەو یادەوەرنامەیە کە لەسەر مێزەکەی بوو کەوتە پرسو گوتی؛ کوڕم تۆ کەسێکی زۆر ژیریت، پێم بڵێ ئەو ساڵە کوردییەت لەکوێ وەرگرت؟ گوتم؛ ئەو ساڵە کوردیە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی مادە کە ٧٠٠ ساڵ پێش زاینی مەسیح بوو، گوتی؛ سوێن دەخۆم ئەو بەرپرسانەی کەرکووک دڵڕەق بوون بەرانبەرت چونکە تەنانەت کەریش دەزانێت ئەو دوو سوارەی وێنەکە بارزانی نین بەڵکو ئەوانە موکرین (ئەویش دەڤەرێکە لە کوردستانی ئێران) نەوەک بارزان، منیش گوتم؛ باشە بۆ ئەوجۆرە کەسانە لە کەرکووک دەکەنە بەرپرس؟ گوتی نە من ئەوانەم دامەزراندووە نە قایلم پێیان.. کاتێک هاتە سەر پرس لەسەر ناوەڕۆکی یادەوەرنامەکە هیچ تێبینییەکی نەبوو لەسەر قازی محەمەد (سەرۆکی ئەو کۆمارەی کوردستان کە لەشکری ئێران بەهاوکاریی یەکێتی سۆڤیەت شکاندیو ساڵی ١٩٤٧ ئەوی لەگۆڕپانی چوارچرای مەهاباد لەسێدارەدا) بەڵام پاش کەمێک هەڵوێستە لەسەر ناوی شێخ مەحمودی حەفید پرسی؛ مەبەستت چییە لەوەی جەنگی (دەربەندی بازیان) و (شەڕەکەی بەردەرکی سەرا)ت ئەوتۆ زەق دەرخستووە؟ ئەوجا من لێمپرسی؛ ئێوە بەشێوەی شالیار لێپرسینەوە لەگەڵ مامۆستایەک ئەوە دەپرسن یان تەنها وەک کوردێک لە بەرانبەر تاکێکی تری کورد؟ ئەوجا مێزەکەی خۆی جێهێشت هات لەتەنیشتی من دانیشتو گوتی؛ نا

وەک دوو کورد لەگەڵ یەک دەدوێین.. گوتم؛ ئایا ئێوە دەتوانن پێچەوانەی ڕاستیی بوونی شێخ مەحموود بفەرموون کە لە سلێمانیدا بووەو لەو دەڤەرەدا بە دەسەڵات بووەو بەرەنگاری ئینگلیز بوو هەر ئەوان بەدیل گرتیان؟ گوتی، نا من نکولی لەوە ناکەم بەڵام ئەگەر شێخ لەگەڵ ئینگلیز کەمێک میانەڕەو بوایە ئەمڕۆ ئێمە شتێکیتر دەبوین، نە تۆ بەهۆی یادەوەرنامەیەک ئەوتۆ بەند دەکرایت نە شالیاربونی من لە بەغدا دەبوو.. وەڵامی ئەوپیاوە زۆر سەرسامی کردمو لەوە بەدواوە ئەو لەبەرچاوم زۆر مەزنتر بوو. پیاوێکی ئەوتۆ کە گشت سەرەداوەکانی ناوخۆی عیراقی بەدەستە لەگەڵ گشت تایبەتمەندییەکانی بەوجۆرە لە بارەکە بڕوانێت؟!.. لە درێژەدا شالیار گوتی: هەرچۆنێک بێت ئێوە هێشتا گەنجنو زۆرتان لەبەرە، ئومێدەوارم وەک ئێمە نەبن، ئەگەر لەدیوی پشتەوەی شتەکان بڕاونن ئەوکات تێدەگەن چی لەجیهاندا ڕودەدات. هەروەها گوتی: (کوڕم، وەک دەبینین دانەکانی ئەو یادەوەرنامەیە لەناو براون، بچۆ سەرلەنوێ یەکێک بۆ ساڵی داهاتو بنوسەو وەک هەر پەرتووکێکی تر بیدە بە محەمەد باشقە "بەڕێوەبەری چاپەمەنی شالیارگە"و دووهەندەی ئەوەی ئێستای لێ چاپکە. من سوپاسی کۆششەکەت دەکەم بۆ لەچاپدانی ئەو یادەوەرنامەیە) ئەوجا لەلای من هەستاو چوە جێگاکەی خۆی دەستدایە تەلەفۆنو زۆر توند هەڕەشەی لە موتەسەریفی کەرکووک کردو بە توورەییەوە پێیگوت، وا نەریمان دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک، دەبێ خەڵاتی بکەیتو بەڕێزەوە بیگێڕێتەوە سەر کارەکەی خۆی. ئەوجا ماڵئاواییم لێکردو ئەو بەهەمان شێوەی پێشوازییەکە منی بەڕێخست.

نەریمان دەڵێت؛ کە گەڕامەوە بۆ کەرکووک یەکسەر چوم بۆ دیوانی پارێزگاو ڕاستەوخۆ چومە لای ڕەوانشاد مەدحەت موبارەک کە بەڕێوەبەری کارگێڕیی موتەسەڕفیەتو نەوەی هەمان شارەکەی خۆم بوو، دیدارەکەی شالیارم بۆ گێڕایەوە، بەڕویەکی خۆشەوە گوتی موتەسەریف چاوەڕێی بینینتە ئەوجا ڕێنمایی کردم بۆ چونەژورەوە، موتەسەریف بەپێچەوانەی هەڵوێستی جاری پێشوو کە من تێیدا کەلەبچەکراو بووم لە پێشوازیمدا هەستاو زۆری دەکرد دانیشم بەڵام من نەمکرد. هەرچەندە مەدحەت بەگیش زۆریکرد من هەر دانەنیشتمو گوتم، جاری پێشوو کەهاتمە ژوورەوە سڵاومکرد تۆ وەڵامت نەدامەوە، دیارە ئێستا لەبەر ئەوەیە کە بەفەرمانی سەعید بەگ هاتوومەتەوە، زۆر لێبوردنی خواستو گوتی؛ دەگەڕێیتەوە بۆ سەر کارەکەت لەهەمان






خوێندنگە. کاتێک ئەوم جێهێشتو گەڕامەوە ماڵ دەبینم ناوەڕۆکی پەرتووکخانەکەم بەگشتی لەترسی پشکنینێکیتر بووەتە خۆراکی ئاگر.)

ئومێدەوارین زوهێر کازم عەببوود بەهرەی پترمان پێ ببەخشێت چونکە ئەو پشتگیری داماوانە لە هەرکوێبن. گشت ئەوانەی ئەو لە سەریان دەنووسێت لەو ستەمدیدانەن کە زۆرترین بەشی ستەمیان بەرکەوتووە یان لەیادچوی پاش ستەمن، بۆنموونە (یەزدییەکان.. شەبەکو سەعید قەزاز)

سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕێزدار فەرهاد عەونی بابەتەکانی ئەو پەرتووکەی تایبەتە بە سەعید قەزاز بەرز نرخاندووە، لەمەڕ بۆچوونە جیوازەکانی. زۆرچاک دەزانین جیاوازی بیروبۆچوون دەبێت بۆ نرخاندنی کەسێکی وەک سەعید قەزاز کە لە قۆناغێکی گرنگی ژیانی ڕامیاریی عیراقدا ڕۆڵی کاریگەریی بووە. وەک لەوەی ڕێز لەگشت بیرو بۆچوونێک دەگرین دەخوازین هاوکارمان بن بۆ دەرخستنی ڕاستی کە ئامانجی هاوبەشە لای گشتمان. لەبەرئەوەو لە پێناویدا سەرنجەکان دەگەێنینە بەر دیدی خوێنەر تا هاوکاریمان بکەن بۆ نرخاندنو بڕیاردان لە سەری بەپێی ئەو دەرئەنجامانەی لەکاتی لێکۆڵینەوەدا دەردەکەون، بەو ئاواتەی بتوانین بێلایەنی بپارێزینو مێشکمان دور بگرین لە بڕیاری پێشکاتو ئەو بارە وروژێنەرانەی زایەدی دۆخەکانی باری ڕامیاری بوون. ئەگەر بخوازین بە هێوەری ڕاستییەکان بخەینەڕوو ئەوا زۆرترینی ئەوجۆرە وێنانەمان بۆ دەردەکەوێت کە بە ئارەزوو نەخوازراوە ڕوی ڕاستیو هۆیەکانی دەرکەون. ئێمە سەرڕاستو بێ لێداتاشین دەدەکەوینا لێکۆڵینەوە. لە یەزدان دەپاڕێمەوە یاریدەرم بێت بۆ گەیشتن بە لایەنە ڕاستیەکانی سەعید قەزاز کە خاڵێکە لەنێو دەریای نووسیندا پێویستە بۆی بگەڕێین، هەروەها لەمەڕ کەسانی تری وەک ئەو کە ڕۆژگار لەیادی کردوون بەڵام لە هزری مرۆڤان بزر نابن. هیچ هاندەرێکی تر نییە بۆ ئەم نووسینەم جگە لە گێڕانەوەی ئەو ڕاستیانەی سەردەمێک بزر کران. ئەوپەڕی ڕێزم هەیە بۆ ئەوکەسانەی بە هزرو پێشنیارو ڕەخنەو ڕێنمایی یارمەتیان داوم، لە یەزدان دەپاڕێمەوە گشتلایەکمان بخاتە سەر ڕێی هزری ڕاستو بەهرە هەر لەلای خوداوەیە.

**زوهێر کازم عەببوود**








## بەشی یەک

### ١ / ١ دەسپێک

بەگوێرەی تۆمارگەی پێناسنامەی عیراقی ناوی محەمەد سەعید کوڕی میرزا مەجید کوڕی حاجی ئەحمەد قەزازە، ساڵی ١٩٠٤ لەسلێمانی لەدایک بووە، کاتێک باوکی دەمرێت ئەو منداڵی ساوا بووە، چووەتە بەر خوێندنو تاقۆناغی ئامادەیی بڕیوە[31]، لەگەڵ خاتو زەکیە کچی تۆفیق قەزاز خێزانی پێکهێناوە کچێکیان بووە بەناوی پەری کە بە کوردی واتە "حۆری" بەڵام هەر بە پەریخان بانگیانکردووە (بێجگە لەو منداڵی تریان نەبووە) [32].

کە یەکەمجار دەستبەکاربووە تەمەنی بیست ساڵو نۆزدە ڕۆژ بوو، کاتێکیش لەسێدارەدرا تەمەنی گەیشتبووە پەنجاو پێنج ساڵو دوو مانگو نۆزدە ڕۆژ، واتە سیو سێ ساڵ فەرمانبەری گشتی بووە، لەیەکەم دامەزرانی لە دەزگاکانی دەوڵەتی عیراق ڕۆژی ٢٠/ ١/ ١٩٢٤ بوو بە فەرمانبەر. ناوی لە پەڕاوی تۆمارگەی عیراقی ساڵی ١٩٢٧دا بە "سعید أفندی" هاتووەو لە پەڕاوەکانی ١٩٣١دا بە "محمد سعید أفندی"و لەوانی ساڵەکانی ١٩٣٨ـ ١٩٣٩دا بە "السید سعید قزاز"و هەر لەسەر ئەوناوە ڕۆیشتووە تا دەگاتە ڕاپۆرتەکانی لێکۆڵینەوەو سەپاندنی سزاو دیکۆمێنتەکانی دادگای سپایی باڵای تایبەت (محکمة الشعب)و بڕیاری دادگاو ئاماژنامەی لەسێدارەدانیش.

سەعید قەزاز ناوبانگی بەوە دەرکردبوو کە کەسایەتییەکی بەهێزو لەئاستی بڕیاردا توندو پۆڵایین بووەو ملکەچ بۆ فەرمان بەجێگەیاندن. زۆر دڵکاربووە لەو ئەرکانەی پێسپێردراوەو بێ چەندوچۆن ئەنجامی داون، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر مرۆڤدۆست بووە. پارێزەرێکی موسڵاوی (نەمویست ناوی بهێنم) بۆیگێڕامەوە، کاتێک لە شالیارگەی کاروباردا بەشێوەی سەرکار کاریکردووە تا بژێوی ژیان دابینکاتو بتوانێت خوێندن تەواوکات، ئەوکات سەعید قەزاز موتەسەریفی لیوای مووسڵ بووە. ڕۆژێک بەرپرسەکەی پێیدەڵێت گوایە موتەسەریف فەرمانی داوە ئەو لەوکار دەرکرێت، ئەویش یەکسەر ڕودەکاتە

---

[31] ــ پێشەکی پەرتووکی (سعید قزاز ودوره في السياسة العراقية) بە ناونیشانی (سعید قزاز أمام محكمه التأريخ) لاپەڕە ١٥ ــ ٣٥/ المؤسسة العربية للدراسات والنشر ٢٠٠١

[32] ــ درەختی تایبەت بە بنەماڵەی قەزازەکان بە پێنووسی مامۆستا جیهان عومەر قەزاز لە پاشکۆی ئەم پەرتووکەدا دەبینن..

نوسینگەی موتەسەریفـو بۆی دەلوێت ئەو ببینێتـو باری ژیانی خۆیی بۆ بگێڕێتەوە. لەوێدا سەعید قەزاز دۆشداموە چونکە ئەو دوو کەسی ناردووە بۆلایان تا یارمەتی بدرێن بۆ دامەزران نەوەک کەسێک لەبری ئەوان دەرکەن. دەسبەجێ تەلەفۆن دەکات بۆ بەڕێوەبەرایەتی کارو ئەو پیاوە دەگێڕنەوە سەر کارەکەی. ئەو موسڵاوییە بەڕێزانەی هاوژیانی بوون دەگێڕنەوە کە جارێکیان قەزاز لەنێو بارەگای موتەسەریفەتدا لەڕوی یەکێک لە سەرەک خێڵانی کورد بەناوی مەحموود ئاغا دەوەستێتـو پێدەڵێت: مەحموود ئاغا، خۆت بڕۆ بە بەڕێوەبەری بەندیخانە بڵێ بە فەرمانی موتەسەریف من بەندکەن.. چونکە پۆلیست لەگەڵ نانێرم.

ئەوکات ئاغا هەر خۆی دەچێت بۆلای بەڕێوەبەری بەندیخانە چونکە وتەی سەعید قەزاز هەر یەک بوو نەیکردووە بە دوو.

لێرەدا وتەیەکی سەعید قەزازم هاتەوە یاد کە لەنێو ڕکەی تاوانباریدا ڕووبەڕو بەو دادگایەی گەلی گوت، لەکاتێکدا زۆر تاوانبار لە بەردەمیدا لاواز دەبون.. کاتێ ماجد محەمەد ئەمین تاوانباری کرد بەوەی ویستویەتی بە جلوبەرگی ژنانەوە خۆی لەدەست شۆڕش دەربازکات، سەعید قەزاز لە وەڵامدا گوتی دادیاری گشتی درۆ دەکات، ئەو هەرگیز لە بەرەبەیانی شۆڕشدا بەمەبەستی خۆ دەربازکردن لەمەرگ جلی ژنانەی نەپۆشیوە. کاتێ سەرۆکی دادگا فازل عەبباس ئەلمەهداوی لێیخواست ئەو وشەیەی درۆ بگۆڕێت بۆ ڕاستکردنەوە، ئەو لە لایەکەوە گرژبوو لەوەی سەرۆکی دادگا وتەکانی پێبڕیوە، لەلایەکی ترەوە توند پێداگربوو لەوەی دادیاری گشتی درۆی کردوەو ئەو خۆی بەرپرسە لە هەروشەیەکی لە داکۆکنامەکەیدا دێت، ئەوە داکۆکنامەیە بۆ بەرگرییە لەوو واژوی ئەوی لەسەر دەبێت بۆیە خۆی بەرپرسە لەگشت وشەیەکی تێیدا دێت.

مامۆستا عەبدولباست یونس گێڕایەوە گوتی ڕۆژێکیان کە سەعید قەزاز لە مووسڵ بوو، خۆپیشاندانێکی دژ بەڕژێم لە شەقامی غازییەوە دەرچو "عەدنان چلمێران" پێشهەنگی بوو، کاتێک موتەسەریف سەعید قەزاز بیستی بە ئۆتۆمێلەکەی خۆی لەگەڵ شوفێرەکەیدا کە پۆلیس بوو دەچنو دەگەنە لای خۆپیشاندەران کە سەدان کەس بوون، یەکسەر بە بەرچاوی خۆپیشاندەرانەوە زللـەیەک لە پێشهەنگی خۆپیشاندانەکە دەداتـو یەک شەقی تێهەڵدەدات،





ئەوانیتر هەڵدێنو بڵاوەی لێدەکەن، ئەوجا فەرمان بە پۆلیسەکە دەدات عەدنان چلمێران بگرێتـو بیبات بۆ ناو ئۆتۆمبیلەکە تا بیبەن بۆ بەندخانە. بەوجۆرە بێ دەستێوەردانی پۆلیسو بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە خۆپیشاندەر بڵاوە بە خۆپیشاندانەکە دەدات. ئەوەی پاڵیناوە بە سەعید قەزازەوە کە خۆی بەتەنها بەرەنگاری خۆپیشاندانێک ببێت هەر باوەڕبەخۆو هێزی کەسایەتیو ئازایەتیو ڕەنگدانەوەی بووە لەسەر کۆمەڵ.

پاش ٣٨ ساڵ گرتەیەکی دەنگیم دەستکەوت لەو دادگاییەی سەعید قەزاز کە کاتیخۆی ڕاستەوخۆی لە ڕادیۆی بەغداوە بڵاوکرایەوە. کاتێک گوێملێگرت بۆمدەرکەوت ئەوپیاوە کەسایەتیەکی چەندە بەجەرگـو ئازایەو وتە ڕاستەکانی بێترسو بیرکردنەوەو بێ گوێدانە دەرئەنجامەکانی دەرپەڕاندووە. وەک ئەوپیاوە بەڕاستی لەمردن نەترساوە پڕباوەڕیش بووە بە چارەنووسو بەوەی خودای مەزن ئەوەی بۆ نوسیوە بۆیە هیچ جۆرە ترسو دڵەڕاوکێی لەدڵدا نەبوە بەڵکو هەمیشە خویداوەتە دەست خودا، وەک لەکاتی دادگاییکردنیدا ئاشکرایکرد بەوەی دەبێتە یەکەم شەهید لەڕێی جەنگی دژ بە کۆمۆنیستی جیهانیو ئەو مەترسیانەی (بەپێی باوەڕی ئەو) عیراق دووچاری دەبێت، بۆیە ئەو دەبێتە مایەی شانازی بۆ خزمو خێشی وەک یەکەم قوربانی بۆ نیشتمانی خۆشەویست.

گوێم لەو پێکەنینانەی نێو هۆڵی دادگا بوو کە لەوکاتەی سەعید قەزاز دەڵێت، ئەو شالیارێکی کارا بووەو بەپێ سرووشی خوداییو ئەو هزرەی لەسەریدایەو دڵی لەنێو سنگیدایە کاری کردووە. پێکەنینەکە نیشانەی ساویلکەیی تەماشاکەرانی نیو هۆڵەکە دەگەێنێت جۆنکە سەعید قەزاز هیچ وتەیەکی ئەوتۆی نەگوت مایەی گاڵتەپێکردن بێت. مێژویش گەواهی ئەوە دەدات کە ئەو بەڕاست شالیارێکی کارابووەو پڕئارەزوو بۆ کار. گشت ئەوانەی لەگەڵی ژیاون یان هاوژیانی ئەوبوون تەنانەت ئەوانەیش دژ بە هزری ئەوبوون لەسەر ئەوخاڵە کۆکن کە دەستپاکـو پاقژو گیر بووە. پاش جێهێشتنی پلەوپایەی کارگێڕیو کۆششی سیوسێ ساڵ لەپێناو دەوڵەتەکەی، لە ناوی پاکـو ناسناوی درەوشاوەو ڕەوشتـو ناوبانگی دلێری بەولاوە هیچ پاشماوەیەکی ئەوتۆی چێنەهێشت شایانی گێڕانەوەبێت. ئەوە لەتوانای کەسدا نییە تەنانەت لە ئاڵۆزترین کاتەکانی ژیانو دوا چرکەکانیشدا شانازی بەوەوە بکات کە هیچکات سەرپێچی لە یاسا نەکردوەو هەر شانازیی بەوەوە کردووە

کە موسوڵمانەو عیراقی، نکوولیشی لەو بیروبۆچوونەی خۆی نەکرد کە دژبووە بە هێزە ڕامیارییە نیشتمانپەروەرەکانی عیراقو ئازاو دلێر لەڕویان وەستاوە. یەکێک لەو هەڵوێستە بوێرانەی لەمووسڵ پێی بەناوبانگبوو ئەوەیە لەکاتێکدا موتەسەریفی مووسڵ دەبێت ئەوکات دهۆک شارۆچکەی سەر بە لیوای مووسڵ بوو، کەسێک بەناوی (دێوالی دۆسکی) بەهۆی پیاوە چەکدارەکانییەوە ڕێگەی سەرەکی دهۆکی داخستووەو باجو سەرانەی خستوەتە سەر هاووڵاتییانی دەڤەرەکە. سەعید قەزاز خۆی دەچێت بۆ دهۆک ئەفسەرێکی پۆلیس دەنێرێت تا (دێوالی دۆسکی) بۆ بهێنێت ئەگەرنا لەوکارەی دەردەکات. ئەفسەری پۆلیس ناچار دەچێت بۆ ئەوشوێنەی دێوالی لێبووەو دەیهێنێت بۆلای سەعید قەزاز. پاشلەوەی قەزاز دۆسکی ڕسوا دەکات فەرمان دەدات دەستگیریکەن تا ڕەوانەی موتەسەرفیەت بکرێت، لەوەدا هیچ گوێینەداوەتە پیاوەکانی کە لەترسی ئەو موتەسەریفە بڵاوەیان لێکردو پێویستی بەوە نەبوە هێزی چەکدار لەگەڵ خۆی بهێنێت بۆ دەستگیرکردنی دۆسکیی لەیاسا یاخیبوو. پاش داماڵینی پارێزبەندی پەرلەمانی لێی بڕیاری بەندکردنی بۆ دەرکردەکاتو بەپێی یاسای خێڵەکی "کە ئەوکات لەکاردابوو" سزای یاسایی بەسەردا سەپاوە..

مامۆستای پارێزەر مەحموود چەلەبی (دانیشتووی مووسڵ) سەبارەت بە سەعید قەزاز شتێکی خۆشی بۆ گێرامەوە گوتی: لە پەنجاکاندا سەرنووسەری ڕۆژنامەی (فتى العراق) و (فتى العرب) بووم کە لەشاری مووسڵ دەردەچون، هەرکات وتار یان ڕستێکم لەسەر دۆخی ئەوڕۆژانە بنوسیبا ئەوا سەعید قەزاز دەینارد لەدوم... هەڕەشەو گوڕەشەی ئەوەی دەکرد کە ڕۆژنامەکان دادەخاتو خۆیشم بەند دەکات، منیش دەمگوت نا.. نا.. نا، بڕیاری گرتنی خۆم بدە بەڵام ڕۆژنامە دامەخە.. دەیگوت: بۆ؟ منیش دەمگوت: بە داخستنی ڕۆژنامە لەلایەک پشتی کرێکارەکان دەشکێنێتو نانی منداڵانیان دەبڕیت لەلایەکیتر خوێنەر لەڕۆژنامەکەیان بێبەش دەکەیت، بەوە دڵی نەرم دەبوو سوکترین باری سزا هەڵدەبژارد. هەمیشە هانی ئەوەی داوم بمخاتە سەر پیشەیەکی فەرمی.. دەیوست بەوشێوەیە من دوورخاتەوە لە ڕۆژنامەوانیو خۆشخۆش دەیگوت (چونکە دڵی بە باوکمو ڕۆژنامەکە دەسوتێت). تا ئەوکاتەی موتەسەریف بو پەیوەندیی نێوانمان لە هەڵچوونو داچوندا بوو، هەرکات ئەو شل بوایە من گرژ دەبوم، کاتێکیش ئەو گرژدەبوو





من شلیم دەنوان جونکە دەمزانی چیجۆرە فەرمانبەری کاراو پڕباوەڕو دڵسۆزە بۆ کارو پیشەکەی. چارێکیان بەهۆی کاری پارێزەرییەوە چوم بۆ "ئامێدی" لەڕێگە لامدا بۆ "سەرسەنگ" لە بەڕێوەبەری ئوتێلەکەم پرسی، ئەرێ میوانێکی ناسراوی لێیە کاتی لەگەڵ بەسبەرمەر؟ گوتی بەڵێ موتەسەریف لێرەیە! گوتم سەعید قەزاز؟ گوتی بەڵێ.. بڕیارمدا زۆر بەپەلە ئوتێلەکە جێهێڵم تا نەیبینم یان ئەو من نەبینێت.. هەندەمزانی سەعید قەزاز کێشای بەسەر شانمدا، گوتی: وەرە با ئاشتبینەوە.. لەوکاتەدا بە جلی مەلەوە لەژورەکەی هاتەدەر دەیویست بچێت بۆ مەلەوانگە، کەمێک لەگەڵی دانیشتم تا ئەوکاتەی هەڵسا بچێت بۆ مەلە من چەند خولەکێک جێمهێشتو چوومە لای ئۆتۆمبیلەکەم کامیرەکەم هێنا بەڵام نەمهێشت ئەو بیبینێت. کاتێک بە جلی مەلەوە دابەزیە نێو ئاوەکە وێنەیەکیم گرت، ئەو بەتوڕەییەوە هاواری لێکردم، وەڵامم دایەوە گوتم ئەوە خۆشترین هەلە بۆمنی ڕۆژنامەنوس وێنەیەکی ئەوتۆم دەسکەوێت تا کاتی هەڕەشە لەداخستنی ڕۆژنامەکەم لەهەمان ڕۆژنامەدا بڵاویکەمەوە. لەوە بەدواوە تا ئەوکاتەی بو بە شالیارو مووسڵی جێهێشت پەیوەندیی ڕۆژنامەگەریم لەگەڵ سەعید قەزاز زۆر خۆش بوو. ئێمە بە دورکەوتنەوەی ئەو نیگەران بوین هەر لەبەر ڕوخۆشیو توندوتۆڵی ئەو لە پیشەکەیو خۆشەویستی بۆکار وەک کادیرێکی پلە یەک[33].

مامۆستای هۆنەروان مەحموود نەحاس وەک نیشانەی خۆشەویستی موسڵاویان هۆنراوەیەکی پێشکەش بە موتەسەریفی لیوای مووسڵ سەعید قەزاز کرد کە لە ڕۆژنامەی (فتى العرب)دا بڵاوبووەوە (ئەمە کوردییەکەیەتی):

دڵ لێم دەتۆرێت ئەگەر — بەباشی لێتنەکەم سڵاو
کوڕە خانەدانی لەژیندا بێفیز — هەرگیز لەتۆ نابین زیز
کەی کەسێکی دیوە حەدبا — وەها ڕاست، سەربەستو شەیدا
دەشێ پاش تۆ حەدبادا ببینێت — چاکسازو وەک تۆ پایەبەرزبێت؟

***********

شکۆدار بەخشیت پێمان شکۆ — دڵی ئێمەت خولیاکرد بەخۆ
لەدەڤەرێکدا بوویتە میوان — بەخۆوە نەتدی چێژی ئاشتی

33 ـ وتووێژم لەگەڵ مامۆستای پارێزەر مەحموود چەلەبی لەمووسڵ ١٩٩٥ /١٠/٢٨

تۆ ئەستێرەی درەخشانی بۆمان          بەتۆ دەیبڕین تارمایی تاریک
کانگای بەهرەی تۆ بۆ ئێمەو          سەربەرزین بەوی پێتدرا نیشان
بەیانە ڕێزی مرۆڤ ئەودەم          کاتی تەنگانەیش دەپارێزیت ماف.

پارێزەر جەرجیس فەتحوڵڵا دەڵێت: (دوارۆژانی جەنگبوو یان کۆتاییەکەی، سەعید قەزاز لە"ئەربیل" موتەسەریف بوو. ئەوکات لەوڵاتدا تایەی ئۆتۆمبیل زۆر کەمبوو، دەبوو ڕێکارێکی زۆر سەختو دژوار بکرایە بۆ مۆڵەت وەرگرتن لە نووسینگەکانی سەر بە شالیارگەی بازرگانیو لایەنی تر ئەوجا وەردەگیرا، جونکە تاکە فرۆشیار هەر ئەوانبوون. لەبازاڕی ڕەشیشدا نرخی گەیشتە سی قاتو بەرزتر لەنرخی ئاسایی. "عەلی" کە هاوڕێم بوو تاخمێک تایەی لە شالیارگەی بازرگانی دەسکەوت بۆ ئۆتۆمبیلەکەی بەڵام لەسەر ڕێی "گوێر"ی سەر ڕۆخی زاب جەردە ڕێگەی پێدەگرن تایەکانی لێ دەرفێننو ئۆتۆمبیلەکە لەو سەرەڕێیە بەسەر ویلە ئاسنەکانیەوە جێدێڵن. عەلی گوتی، هەرچۆنبوو خۆم گەیاندە هەولێر بەڵام ڕۆژگارم لەبەرچاو تاریکە، بە توڕییەوە سکاڵایەکم نووسی بۆ موتەسەریف تێیدا بەهەندێک وشەی هەڵبژاردەی نێو فەرهەنگی جوێن بەدەسەڵاتو کاربەدەستان دڵی خۆم فێنک کردەوە. نامەم برد لە نووسینگەکەی ئەو دامناو چوم بۆ ئوتێل چاوەڕوانی ئەوەبوم بێن بگمرنو بمهاونە قوژبنی بەندیخانە، پاش چەند کاژمێری کەم ئەوە ڕویدا کە چاوەڕوانی بووم. چاوشێکی پۆلیس هات لەمن دەگەڕا گوتی (هەستە موتەسەریف تۆی دەوێت). کاتێک هاتم دەبینم سەعید قەزاز وەستاوە لەگەڵ کۆمیسێرێکو تاخمێک پۆلیسی لەپێشە وەکئەوەی خۆی ئامادەکردبێت بۆ دەرچون، من بۆ ئەوە نەچوم کە لەبۆ چاوەڕوانیی منە. سکاڵاکەی منی بەرزکردەوەو گوتی: ئەوە خۆت ئەم سکاڵایەت نوسیوە یان بۆیان نوسیویت؟ گوتم بەڵێ من نوسیومە. گوتی: وەرە دوامکەوەو ئەو سکاڵایە بگرەو بیخەرە گیرفانت پێشلەوەی فەرمان بدەم ڕێکارێکی یاساییت لەگەڵ بکەن. وەر دوامکەوە شوێنی دزیەکەم پیشاندە. سواری ئۆتۆمبیلەکەی خۆی کردمو پاسێک بە ئەفسەرێکو تاخمەکەیی پۆلیسەوە کەوتە دوامان، گەیشتینە گوێر لەوێ فەرمانی بە بەڕێوەبەری شارەدێ کرد، بەوەی لەماوەی کاژمێرێکدا پتر لە بیست سەرەکخێڵی کوردو عەرەبی کۆچەرو نیشتەچێی ئەوێیان بەکێشکرد، قەزاز لە ناوەندیان وەستاو کەوتە هەڕەشەو گوتی: ئەمجارە لێتان ناخوازم دزە تاوانکەرەکانم بۆ بهێنن تا لێتان خۆشبم بەڵکو پێویستە ئەوە بزانن، ئەگەر





پێش ئاوابونی خۆری ئەمڕۆ ئەو تایانەم بۆ نەیەتەوە گشت ئێوەو بێ جیاوازی، خۆ ئامادە دەکەن بۆ ماوەیەک زیندانیی درێژخایان، بڕۆن یان تایەکانم بۆ دێننەوە یان نوێنی خەوتنەکانتان چونکە گشتتان دەستبەسەرن، لەگەڵ ئەوەیشدا بەمنی گوت، لەلای بەڕێوەبەری شارەدێ بمێنمەوە تا ئەوکاتەی شتە دزراوەکانم وەردەگرمەوە، ئەوجا شوێنەکەی جێهێشت. هێستا خۆر ئاوا نەبوو ئۆتۆمبێلەکەم کەوتەوە سەر تایەکانی خۆی[34].

## ٢ / ١ گەواهیی بەناوبانگترین پزیشکانی عیراق

((دوکتۆر کەمال سامەرائی دەڵێت[35]: ڕۆژی دوانزی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٥٧ شالیاری ناوخۆ بە تەلەفۆن بانگێشتی کردم بۆ خوانێک لەماڵی خۆیان لە گەڕەکی علویە، ئەو خانوەی ئینگلیزەکان جێیانهێشتبوو بە قوڕو کەستەک دروستکرا بوو بەڵام فراوانو بۆ هاوینو زستانیش خۆش بوو. کە من نزیکەی کاژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ گەیشتم بینیم هاوڕێانم، بەهادین عەونیو دوکتۆر ئیسماعیل ناجی پێش من گەیشتون، پاشان هەندێک کەسیتر پەیدابون لەنێویاندا ڕەوف چادرچیو سامی فەتاحو یەحیا قاسم. کاتێک عەلی حەیدەر سلێمان (أبو عامل)یش خۆیکرد بەهۆڵەکەدا سەرسام بووم چونکە نەمزانی هاتوەتەوە لەبەغدایەو ئەم دانیشتنە بۆ ڕێزلێنانە لەو. لەڕاسیتدا من چاوەڕوانی هاتنەوەی ئەوبووم کە هاتەوە بەغدا من بە هەمان شێوەی ئەو پێشوازی لێبکەم کە نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر لە ئەڵمانیا هات بەپیرمەوە. ئەوکات باڵیۆزی عیراق بوو لەوێ. کەوتینە تەوقەو یەک لەئامیز گرتنو لەتەنیشت یەک دانیشتین. کاتێک هەستمکرد لەنێوان دووباڵی کورسیەکەدا ناسرەوێمو کەوتمە گۆڕینی باری دانیشتن تا بارێکی گونجاو بدۆزمەوە چونکە هەستم بە چەقینێکی سەر ئەو کورسییە دەکرد، سەعید قەزاز بەوەی زانی چونکە دەیزانی ئەو کورسیە جەن زەدەدارو کۆنەو خراپییش دروستکراوە، لەشوێنی خۆی هەستا هات بەرەولای من دەستی گرتمو گوتی: ئەگەرچی من لەتۆ قەڵەوترم بەڵام وەک من بەئازاری ئەو ڕاهاتووم ئەویش بەقورسی من قایلە

34 ـ جەرجیس فەتحوڵڵا / رجال ووقائع في الميزان ـ دەزگای پەخشو چاپەمەنی ئاراس/ هەولێر/ ٢٠٠١ / لاپەڕە ١٥٧ ـ ١٥٨

35 ـ دوکتۆر کەمال سامەرائی / حديث الثمانين / بەرگی ٢ / دار الشؤون الثقايية العامة / شالیارگەی ڕاگەیاندن، بەغدا ١٩٩٦ لاپەڕە ٢٨٤ و پاش ئەو.

چونکە بێزاربووە لەو گلەییە زۆرەی لێدەکەم. یەحیا قاسمی خاوەن ڕۆژنامەی "الشعب" گوێی لە وتەکانی سەعید قەزاز بوو بە شۆخیەوە گوتی: باشە باوکی پەری وا تۆ لەگەڵ چەقینەکانی ئەو کورسیە ڕاهاتووی ئەی دەبێت ئێمە کەی ڕابێین لەگەڵ ئەو نێزانەی تۆ بەبۆنەی نووسینەکانی ڕۆژنامەی "شعب" لە ئێمەی دەچەقێنت؟ سەعید قەزاز یەکسەر وەڵامی دایەوە؛ کاکە یەحیای خۆشەویست هیچکات قیرەی کۆمۆنیستان من ڕاناهێنێت، یەحیا قاسم ئەوکات بێدەنگ بوو کە سامی فەتاح چاوی لێداگرتو گوتی: فەرموو ئەوە شالیاری ناوخۆو ئەوەیش کەلوپەلە ئاساییەکەی ناوماڵیی کە پێشکەوتنخوازان بۆیان دابین کردووە. سەعید قەزاز گوتی: ئەم بابەتە ماڵە هەر ئەوجۆرە کەلوپەلەی پێ دەبڕێت.. کاڵا بەپێی باڵا.

جارێکیتر یەحیا قاسم کەوتە نەگریسی نواندن لەگەڵ سەعید قەزازو گوتی: باشە باوکی پەری، ئەگەر ئەوە گوێرەو باری تۆبێت، بۆچ تاوانە ئێمە ئارەزووکەی ئەوەمان بۆ بێتە دی کە لەگەڵ بارمان دەگونجێت؟ گشتمان بەدەم پێکەنینەوە ڕوومانکردە مێزی خواردنی "قەرەخەرمانو ساوەری بە ڕبەهەنار" کە هەردووکیان خۆاردنی کوردیی خۆشن.

پیاوەتی عەلی حەیدەر سلێمان بەسەرمەوە هینی ئەوکاتەیە کە چوم بۆ بۆن، بۆیە هەلی هاتنەوەیم قۆستەوە کە لەبەغدایە خۆیو ئەوانەیشی لە ماڵی سەعید قەزاز بوون بانگ بکەم بۆ ئێوارەخوانێک. ڕێکەوتین لەسەر ڕۆژی هەینیی پاش. عەلی سلێمانم بانگکردە لاوەو لێمپرسی گەر دەخوازێت جگە لەم میوانانەی لەماڵی سەعید قەزازن کەسیتر بانگ بکەین، ئەو سوربوو لەسەر ئەوەی خۆم سەرپشکبم، ئەوجا لە بەها عەونیم پرسی کە هاوڕێی عەلی حەیدەر سلێمان بوو، ئەو ناوی مزاحم پاچەچییی هاوڕێی پێشنیارکرد کە ساڵی ١٩٤٢ یەکێکبوو لەکابینەکەی عەلی جەودەت ئەیوبدا. سەرەتا لەوانەی گەیشتنە ماڵی ئێمە بۆ بانگاشتەکەم دوکتۆر ئیسماعیل ناجیو بەها عەونی بوو، دواکەسیش سامی فەتاح. ئەوەی منی شادکرد ئەوەبوو بینیم تێکڕا لەگەڵ یەک گونجاو دەدوێن جگە لە مزاحم پاچەچی کە هەندێک لێڵ دەهاتە بەرچاوم، وا تێگەیشتم هۆی ئەو کەمێک گوێگرانییە بێت کە هەبوو. لەپڕ بەها عەونی ڕایکێشام بەلاداو پێیگوتم سۆز لەنێوان سەعید قەزازو مزاحم پاچەچیدا نییە بۆیە پێویستە من وەک خانەخوێ بکۆشم بەشێوەیەک ئاشتیان بکەمەوە، چوومە لای سەعید قەزاز کە لەژوری پەرتووکەکانمدا لەگەڵ یەحیا





قاسم گوێیان لە خوێنەری میسری مستەفا ئیسماعیل گرتبوو کە سورەتی "قصص"ی لە قورئانی پیرۆز دەخوێن. پێمگوت: باوکی پەری یەک تکام لێت هەیە، یەکسەر بەگوردی گوتی: چێیە! جێیە؟. ئەوە سەرەتایەکی دڵخۆشکەربوو بۆ ئەنجامدانی پلانەکەم ، گوتم: تۆ ئێستا خاوەن ماڵیت، منو مزاحم پاچەچی میوانی تۆین.

من ئەگەرچی دوودڵ بووم لەوەی خواستەکەم بەجێهێنێت، ئەو تەنها بەو سووکە دەسپێشخەرییە لە مەبەستم گەیشتو یەکسەر گوتی: دەخوازیت لەگەڵ مزاحم پاچەچی بدوێنم! وانییە؟ فەرموو با بچین چونکە ئەو لەمن بەتەمەنترە، جوان نییە ئەو بێت بۆ لای من.))

بەگوێرەی ئەو وردەکارییانەی دەکتۆر کەمال ئەلسامەرائی گێڕایەوە، دەکرێت ئەو گەواهیە بە یەکێکە لە لایەنە ئەرێنیەکان دانرێت لە ژیانی سەعید قەزاز، هەروەها بەجۆرێک لەو خاڵە ئەرێنیانە بژمێردرێت کە پووچکەرەوەی خاڵە نەرێنیەکان بێت لە ژیانی سەعید قەزازدا.

مامۆستای پارێزەر عەلی شێخ یەکێک بوو لە دانیشتوانی تەلەعفەرو مووسڵ، بۆی گێڕامەوە کە لەبەغدا کۆمیسێری هاتوچۆ بووە بەزۆری لە "باب المعظم" یان مەیدانو گۆڕپانی مۆزەخانە وەستاوە کە ئێستا گۆڕەپانی (ڕەسافی)یە. ئەو لە یادەوەری خۆیدا لەمەڕ سەعید قەزاز، گوتی؛ یەکێک لە کۆمیسەرکانی هاوڕێی لەمەیدان لەو گەڕەکەی قشڵە وەستاوە کە شالیارگەی ناوخۆی لێ دەبێت، کاتێک ئۆتۆمبێلی شالیار سەعید قەزاز لەبەردەم شالیارگە دەوەستێت ئەو دەستدەبات دەرگای ئۆتۆمۆبیلەکەی بۆ بکاتەوە، کاتێک شالیار دادەبەزێت بەو کۆمیسەرە دەڵێت؛ نابێت جارێکیتر ئەوکارە بۆ کەس بکەیت چونکە ئەوکارە وەک بەشێک نییە لە پیشەکەت، منیش وەک تۆ لەم دەوڵەتە فەرمانبەرێکم بەڵام بە پلەی شالیار.. هەروەها پێیدەڵێت؛ پێویستە ڕێز لە بیشەکەت بگریتو هەرگیز لە ئافریدەری مەزن بەولاوە سەر بۆ کەس شۆڕنەکەیتو هەرگیز ڕێ نەدەیت کەس شوێنی پیشەکەت لێ داگیرکات.

هەردەم نمونەی زیندوی لەسەر ئەوە هێناوەتەوە کە شکۆی مرۆڤ سەروی کشتە، هەرکات شکۆ لە مرۆڤدا بمرێت ئەوا لە لەشی بەتال بەولاوە چیتری بۆ نامێنێت.. بۆیە سەعید قەزاز بەچی توانایەک بەرگری لەشکۆی خۆی کردبێت، بەهەمان وزەوە شکۆی کەسانی تری پاراستوە.

**٣ / ١ پیاوی خانەدان**

خولیایی ئەوە کەوتە سەرم کە شیکراوەیەک لەسەر سەعید قەزاز بنووسم بە هەمان ئەو وێنەیەی لە مێشکمدا قەوارەی گرتووە. ئەگەرچی من لە سەرتاوە شوێنپێی ئەو پیاوەم هەڵنەگرتبوو، وەک من پێشتر گوتم نوسینم لەسەر ئەو لە کۆتاییەکانی ژیانیەوە بووە. بۆئەوەی وێنەکە شێواو دەرنەچێتو لەدۆخی ڕاستەقینەو کاتی خۆی دانەبڕێت، کاتی گەڕانو پشکنین لەدووی نوچەگەلێک سەبارەت بە سەعید قەزاز شانسی ئەوەم بۆ هەڵکەوت لە ڕۆژنامەی "المثال"ی مووسڵیی دەرچووی ڕۆژی٢٠ی ئایار (مایۆ)ی ١٩٥١دا وتارێکی سەرەکی بدۆزمەوە بە پێنوسی ڕۆژنامەوان عەبدولباست یونس ڕەجەب. پەیوەندی دۆستانەی بەهێز لە نێوان منو ڕەوانشاد عەبدولباست یونس شتێکی شاراوە نییە. کاتێک من لە شاری مووسڵ دەستبەکار بووم، ئەو باشترین برای ڕاستگۆ بوو لەگەڵ من. لە دانیشتنێکماندا لە نوسینگەکەی خۆی لەسەر شەقامی نەبی شیت لە مووسڵ بە ئامادەبوونی چاکترین پیاوانی مووسڵی، لە وتەکانیدا لەسەر سەعید قەزاز چەندین ڕاستیم بۆ دەرکەوت گونجاو لەگەڵ ڕوداوەکانی سەردەمی خۆیو ڕوونو بێ ڕتوشو دوور لە گشتجۆرە بارێکی لایەنگریی ڕامیاری، بۆیە وتارەکەم دەقاودەق تۆمارکرد، ئەگەرچی پێمخۆشبوو ناونیشانەکەی بگۆڕم بۆ (بیاوێکی سەیر) تێیدا دەڵێت:

((ڕوانینی مرۆڤ لە بەرپرسو پیاوانی میری لەم وڵاتەی ئێمەدا بەچاوی گومانەوە بووەتە باو، ئەگەر کەسێک بیەوێت لەسەر ئەوان بنوسێت یان کردەوەی چاکیان بخاتە ڕوو بە مەراییو خۆبردنە پێش دادەنێن، بۆیە نووسین لەسەر کەسێکی ئەوتۆ زۆر قورس یان مەترسیدار دەبێتو کۆسپی زۆری دێتەڕێ، بەڵام ئەگەر نووسەر بوێرو خاوەن ویژدان بێت ئەوا ناتوانێت لەو ڕاستییە ڕونو ئاشکرایانە بێدەنگ بێت کە دەیانبینێت یانیش لەبەر کەوتنە ژێرباری ئەو پێوەرەدا بەرانبەر پلانێکی داڕێژراو دەبێ نەرمیی بنوێنێت.

بەبۆچوونی من بێدەنگبوون لە ناوهێنانی چاکەو هاوشێوەکانی کەم مەترسیترو کەم تاوانتر نین لە شاردنەوەی نەنگیو ئاشکرانەکردنی. ڕەخنەی ڕاستو سوودبەخش هەر ئەوەنییە کە کینەلەدڵان بە بەدگۆییو جوێنو ناپەسەندیی ناوببەن، بەڵکو ئەوە سەنگی تەواوی تەرازووە بەدەست مرۆڤەوە بۆ ئاشکراکردنی بارو هەڵوێستی ڕاستاکاران، ڕاستی هەر ڕاستەو چەوتکاریش





چەوت. وەک مەردایەتیو بوێری ئەوەمان دەخاتە ئەستۆ کە بە ستەمکار بڵێین نارەوایت، پێویستیشە بە مافپارێز بڵێیت دەستخۆشو پایەداربیت. بۆیە بەپێی ئەو پێوەرە خراپ نییە گەر هەست دەربڕم بەرانبەر بە کەسێک کە لە خۆشویستی ئەوو پەسەندکردنی کەسایەتیی ئەودا تاکە کەس نبەو لەوەدا زۆر کەس هاوڕان لەگەڵ من. ئەویش کەسێکە لەوانەیە بگوترێت لە ئەفسانەیی دەچێت یان پاڵەوانی نێو چیرۆک، مەبەستم ئەو کەسانەیە کە ڕاستەوخۆ لەچاکەی ئەو بەهرەوەر نەبووبن. دەتوانین بڵێین ئەوجۆرە کەسایەتییانە، وەک پێش چەرخی خۆیان کەوتبن، چەرخیش پێش ئەوان کەوتووە.

ئەو پیاوە لەلایەکەوە بەو ڕەوشتو خووە چاکەی ناوبانگی دەرکرد هەروەها ئەو دەماری مافپارێزییەی لە ناخیدا ڕەگی کوتابوو وا تێدەگەیت کە یەکێک بووبێت لە قارەمانە چاکەکانی پێشین. لەلایەکی ترەوە، زیرەکی، چاک هەڵسوڕان، دوربینی، کارامەیی حەز بەکار، پڕ پاقژیو ڕۆشنبیریی بەئاگا لە گشت بوارەکان، لەبەر هەڵکەوتنی ئەوجۆرە تایبەتمەندییانە لەم چەرخە ئاڵۆزو گرژو پڕ لە نەنگیو بەدکارییە هەناسەی سارد بە مرۆڤ هەڵدەکێشن.

دەخوازم تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسایەتییەت بۆ رونکەمەوە تا ببیتە هاوبەشی سۆزم. ئەرێ سەرگوروشتەی ئەو سەعید قەزازەت بیستوە کە لەکاتی موتەسەریفیدا گشت کەس خوێشی دەویست دوور لەوانەی دڵیان پربووە لە گەرد؟ گشت دانیشتوانی شار لەسەر ئەوە کۆکبوون کە سەرپەرشتیاریی ئەو بۆ شارەکەیان نیشانەی خۆشەویستی خودا بووە بۆیان. پیاوێکی کارامە، ماڵئاوایی لە گرێی چوارهەمی تەمەن کردبوو پێیدەنایە نێو پێنجەهەم. مووی سەری یەکسان یا نزیک بە یەکسان سپیی ئاوێتە بە ڕەش، پێستێکی گەنمڕەنگو باڵا نە بەرزی باریک نە کورتی پڕ، هەر لەیەکەم دیداردا دیاردەکانی ڕوخۆشی، دڵپاکیو ئاسودەیی لە چارەیدا دەخوێنرانەوە، پیاوێک بوو لە ویژدانی خۆی قایلو بەهۆی ڕەوتی ڕاستیەوە ئاسودە پاڵیداتەوە، لەگەڵ ئەوەی بەدەم گەورەو بچووکەوە پێدەکەنی لە ڕواڵەتیدا نیشانەی توندوتۆڵی، باوەڕ بەخۆ، کارساز، کارو پیشەی لا پیرۆز، توندوتۆڵ بێ دڵی ڕەق، نەرمونیان بێ لاوازی.

گفتی خۆشی ئاوێتە بە ڕەوتی تاڵ
وێڕای گیری، دەم بە شۆخیو نیان

دڵسوتاو بۆ کەسانی دەسکورت، دڕ بەرانبەر بە ستەمکارو گێرەشێوێنانو ئاژاوەچییانی دژ بە ئاسایشو سەرپێچکارانی مافی مرۆڤ. پاڵەوان لەلای ئەو بێدەسەڵات بوو تا ئەوکاتەی مافی خۆی لێسەندوەتەوە، لاوازی لەلا بەهێز بووە تا ئەوکاتەی مافی بۆ وەرگرتووەتەوە. هەردەم دەرگای لەسەرپشت بووە بۆ گشت کەسێکی خاوەن پێداویستی یان ئەوەی بە سکاڵاوە چوبێتنە لای پڕهۆشو وریا گوێی شلکردووە بۆ خواستەکانیان.

ڕێزو خۆشەویسیی هەبوو بۆ گشتکەسو خاوەن بەزەیی بوو بەرانبەر کلۆڵو هەژاران. بەنهێنیو ئاشکرا لە گیرفانی خۆیەوە هاوکاریی بێدەرامەتو خاوەن پێداویستیی تایبەتی داوە.

پوختەی ئاخاوتن ئەوەیە؛ گەر بخوازن بچنە نێو ناخی ئەوەوە بۆ تێگەیشتن لەو لایەنە سەرنجکێشو دڵگیرانەی ئەو بوویەتی، بێ سەرەگێژکەو سەرسامی ناگەڕێینەوە چونکە ڕووبەڕووی جۆرێک پێشبڕکێ دەبن لە نێوان گشت ئەو ڕەگەزە پڕ بەهرانەی لە پێکهاتەی ئەو کەسە بێهاوتایەدا بووە، بۆیە ئەوکات بێ چەندوچۆن دان بە ڕادەی بێتوانایی خۆت دەنێیت لە ناساندنی ئەو مرۆڤە "دەکرێت بڵێین" سەیرە، هیچت لەباردا نامێنێت جگە لەوەی کوڕنوش بەریت بۆ ئەو وزەیەی گشت ئەو بەهرەو پیاوەتیو بەخشندەییەی لەیەک مرۆڤدا کۆکردووەتەوە[36] )).

## بەشی دوو

### ١ / ٢ پلەبڕین دەرئەنجامی لێهاتوییە

"محەمەد سەعید ئەفەندی قەزاز" لە ٢٠ /١ / ١٩٢٤دا لە بەڕێوەبەرایەتی پشکنینی کارگێڕی سلێمانی دامەزرا. پێش ئەو فەرمانبەرێکی ئینگلیز سەرپەرشتیاری بوو.

سەعید قەزاز فەرمانبەرێکی دەگمەنو بەئاگا بوو. مایەی سەرنج بووە لای سەکردەکانی بۆیە موچەی مانگانەی بەرزکراوەتەوە بۆ (١٣٠ ڕوپێ)[37] و

[36] ـ عەبدولباست یونس ڕەجەب / وتارێکی بڵاوکراوە لەڕۆژنامەی "المثال"ی مووسڵ ژمارە ١٠ ساڵی یەک (٣٠/ ٥/ ١٩٥١)
[37] ـ لەوڕۆژانەدا یەک ڕوپێ دەیکردە حەفتاو پێنج فلسی عیراقی. (وەرگێڕ)





بەهۆی دەرکەوتنی بەهرەکانی ئازایەتیو کارامەییو هەنگاوە بێهاوتاکانییەوە ڕاسپاردەیی بۆ دەچوو پلەی پیشەیی بەرزکرێتەوە بۆیە لە ساڵی ١٩٢٥ دا کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتبوە ٢١ ساڵ پلەکەی بەرزکرایەوە. لە پیشەی کارگێڕیدا مایەوە تا ئەوکاتەی بووە بەڕێوەبەری شارەدێ. ساڵی ١٩٢٧ دەستبەکاربوو وەک بەڕێوەبەری شارەدێی تانجەرۆ لە لیوای سلێمانی[38].

سەعید قەزاز لە سنووری لیوای سلێمانیدا وەک بەڕێوەبەری جەندین شارەدێ کاریکرد تا لە ٢٣/ ١/ ١٩٣٢دا بەرزکراوەتەوە بۆ پلەی بەڕێوەبەری نووسینگەی موتەسەریفی لیوای هەولێر[39] و پاش ماوەیەکی دوور بوە بە قایمقام. لە ٣١/ ٦/ ١٩٣٨دا کراوە بە قایمقامی هەڵەبجەو لە ٧/ ٤/ ١٩٣٩ گوێزراوەتەوە بۆ هەمان پیشە لە زاخۆ. لەوکاتەوە لە زاخۆ کاریکردوە تا ئەوکاتەی بڕیارێکی شاهانەی بۆ دەرچو ببێتە بەڕێوەبەری گشتی لە ناوخۆ. لە ٢٠/ ٧/ ١٩٤١دا باردەکات بۆ بەغداو لەوێ دەستبەکار دەبێت وەک بەڕێوەری گشتیی ناوخۆ[40].

سەعید قەزاز لەو پیشەیەدا مایەوە تا لە ١٧/ ٩/ ١٩٤٤دا فەرمانی شاهانەی بۆ دەردەچێتو دەبێت بە موتەسەریف لە لیوای هەولێر[41]. پاش مانەوەی دوو ساڵ لە هەولێر ٢١/ ٩/ ١٩٤٦ گوێزراوەتەوە بۆ موتەسەرفیەتی لیوای کوتو لەوێیشەوە بۆ لیوای کەرکووک تا ئەوکاتەی لە ٢٦/ ٦/ ١٩٤٩دا گوێزرایەوە بۆ موتەسەرفیەتی مووسڵو ماوەی مانەوەی لەو ێیشەیە کەم نەبوو تا ئەوکاتەی بۆ یەکەمجار لە ٢١/ ١٢/ ١٩٥٢دا دەکەوێتە نێو ئەنجومەنی شالیاران.

کە سەعید قەزاز لە ٢٦/ ٦/ ١٩٤٩دا وەک موتەسەریف لە لیوای مووسڵ دەسبەکار دەبێت زۆر زوو توانی دڵی دانیشتوانی شار بۆ لایخۆی بەکێشکات. ئەو پیاوە کاراو دڵسۆزو وڵاتپارێزە، گەر کێشە لەشارەکەیدا ڕوویدابا تا چارەسەری نەکردبا نەچووەتە سەر کورسیەکەی دانیشێت. هەمیشە لە باری ژیانی هاووڵاتییانی کۆڵیوەتەوە.

[38] ـ سجل الحكومة العراقية/ جەنیوەری ١٩٢٧ چاپخانەی میری/ بەغدا ١٩٢٧ ل ١٠١
[39] ـ سجل الحكومة العراقية/ كانون١/ ١٩٣١ـ چاپخانەی میری/ بەغدا ١٩٣١ ل ١٥
[40] ـ سجل الحكومة العراقية / جەنیوەری ١٩٤١ـ چاپخانەی میری/ بەغدا ١٩٤٢
[41] ـ سجل الحكومة العراقية / ١٩٥٣ـ چاپخانەی میری/ بەغدا ١٩٥٤

مامۆستای پارێزەر موحموود چەلەبی دەڵێت؛ جارێکیان مەکینەکانی ئاوی بەڕێوەبەرایەتیی ئاو ژێرئاوی لافاو کەوتن، کاتێک خۆی دەچێت بۆ پشکنینی دەبینێت بەهۆی خەولێکەوتنی پاسەوانەکەوە بووە ئاو بەرزبووەتەوەو کەرەستەکان ژێرئاو کەوتوونو بەهۆیەوە لە مووسڵدا توینێتی بەرپا بووە، یەکسەر خۆی دەچێت بۆ عێنزالەو لەوێوە بەفڕۆکە خۆی دەگەێنێتە کەرکووک لەوێ کەرەستەو پێداویستیی مەکینەکانی دەسدەکەوێت لەگەڵ ئەندازیارێکی پسپۆر دەگەڕێتەوەو کێشەکە چارەسەر دەکات[42].

لە وتارێکدا مامۆستا جەرجیس فەتحوڵڵا دەڵێت: جارێکیان دەرچوویەکی قۆناغی ئامادەیی کە دەیویست لە بەڕێوەبەرایەتی هێڵی ئاسن دامەزرێت، پەنای بۆ هێنام یارمەتی بدەم چونکە پۆلیس نەیویستووە پوختنامەی ڕەوشتیی بداتێ. نەمزانی ئەگەر بەوەی زانیبێت کە من دۆستایەتیم بوو لەگەڵ "قەزاز" یان هەر لەخۆیەوە ڕوی لەمن کرد. لەدڵی خۆمدا گوتم با بزانم وەڵامی "قەزاز" چی دەبێتو تا چیڕادەیەک کارەکەم پێ دەکرێت، بازێکی گەورەی بەرزم هەڵهێنا بەرەو ئاسمان بێلەوەی بزانم ئەگەر بکەوم چۆن جارێکی تر پێکانم زەوی دەگرنەوە. ئەو کەسەم لەگەڵ خۆم برد بۆلای قەزاز، ئەو فەرمانیدا بێتە ژوورەوە. کوڕەکە بە جۆرێکی ئەوتۆ ترسو کەنەفت هاتە ژورەوە "قەزاز" هەستی پێکرد بۆیە زۆر بە ئەسپایی ناوی خۆیی لێپرسی، ئەویش گوتی (سەنحاریب) ئەوجا بەدەم گاڵتەوە پێیگوت (ئایا دەزانیت سەنحاریب ناو کێ بوو؟ ئەو پاشایەکی پایەبەرزی ئاشوریان بوو.. تۆ ئاشوریت؟.. پێویستە شانازی بەو ڕەگەزەتەوە بکەیت.. دەی بۆمی بگێرەوە بزانم چیت بووە لەگەڵ ئەو پۆلیسە نگریسانە!) ئەویش ڕوداوەکەی بۆ گێڕایەوەو سوربوو لەسەرئەوەی هیچ ڕاستیەک لەو چیرۆکەدا نییە کە پۆلیس هەڵیبەستوە بۆئەوەی پوختنامەکەی پێنەدەن. شرۆڤەی قەزاز سەبارەت بەو لە مێشکی مندا چەسپی وەک ئەوەی بڵێت (ئەگەر بەڕاستی لەو خوێندکارەدا دەماری ئاشوبیو ڕوخێنەر هەبێت ئەوا لە هەردوو باری کارکردنو بێکاریدا هەر دەیمێنێت؟.. یان لەوانەیە سەرقاڵبوون بە پیشەوە ببێتە هۆی ڕاستکرنەوەی. باشە بۆ دەوڵەت سودبەخشتر نییە بەبۆنەی بەکارەوە

[42] ـ لە چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆمدا لەگەڵ مامۆستا مەحموود چەلەبی ڕۆژی ٢٨/ ١٠/ ١٩٩٥ لەمووسڵ.





سەرقاڵکردنی ئەو ڕەوشی بخاتە ژێر چاودێری لەبری ئەوەی بە بەرەڵڵاو بێکار بخولێتەوە). ئەوجا دەستیدایە تەلەفۆن بۆ بەڕێوەبەری پۆلیسو بەمی گوت بچێت بۆ لایان. ئێوارەی هەمان ڕۆژ سەنحاریب هاتەوە بۆ نوسینگەکەم تا پێمڕاگەێنێت کە کارەکەی سەرینەگرت چونکە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش لە بەغدا پەسەندی نەکردووە.

ڕۆژی پاش بردمەوە بۆلای "قەزاز" گوتی: (ڕۆژی شەممەی داهاتو دەچم بۆ بەغدا لە ئوتێل سەمیرئەمیس دادەبەزم، کاژمێر دەی بەیانی وەرە لەگەڵخۆم دەتبەم بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش لەوێ پوختنامەکەت بۆ وەردەگرم).

بەوجۆرە "قەزاز" بەڵێنی بردە سەر "خاوەن بیری ڕوخێنەر"ی بە پوختنامەوە لە بەغدا گەڕایەوە، ئەوکات دەرگای کاری بۆ ئاواڵە بوو. کە دوو سێ جار ئەوبارە رویدا ئیتر پێویستی نەدەکرد پۆلیسی مۆسڵ پرس بە بەغدا بکات بەڵکو تەنها بە پەسەندنامەی موتەسەریف کاریان بۆ ئەنجام دەدرا[43].

قەزاز بە سەرۆکایەتی شاندێک ڕۆژی ٢١/ ٤/ ١٩٥١ چوو بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ڕاوێژو ڕێکەوتن لەسەر هێڵی سنووری نێوان عیراقو تورکیا، پێش دەرچوونی لە مووسڵ بەرەو ماردین، فەرمانی دابوو بەوەی گەنم نە لە مووسڵ دەرچێت نە ڕەوانەی دەرەوەی عیراق بکرێت تا نرخی فرۆش لە ئاستی خۆیدا بمێنێت نەبا بازرگانەکان یاری بە نرخی فرۆشی بکەنو کار بکاتە سەر بژێوی دانیشتوان[44] .

بەکۆششو جوڵەو زۆر زرنگ گشت کاتەکانی بەخشی بوو بە پیشەکەی. سەردانی ئەو چیایانەی ئامێدی کردووە (لە شارۆچکەی ئامێدی) کە هیچ موتەسەریفێکی تری پێش ئەو سەردانی نەکردوون، لەبەر سەختی ئەو شوێنە هیچ ئوتۆمبیلێکی پێ نەگەیشتووە بۆیە دەبوو بە سواری وڵاخ یانیش بە پێ بۆی بچن.

وەک پێزانین بۆ ئەو ڕۆڵەی بینیویەتیو لە خۆبووری بۆ پاراستنی بەرژەوەندی عیراق، لە ١٧/ ٩/ ١٩٥١دا بە بڕیاری نیشانی شاهانە (واتە وسام الرافدین)ی پلە دوو بەخشرا بە موتەسەریفی لیوای مووسڵ "سەعید

[43] ـ جەرجیس فەتحوڵڵا ـ سەرچاوەی پێشوو ـ لاپەڕە ١٦٤

[44] ـ ڕۆژنامەی "فتى العرب"ی مووسڵی ژمارە ٣٦ی ڕۆژی ٦/ ٨/ ١٩٥١

قەزاز" واتە بەرزکردنەوەی ئەو نیشانەی پلە سێیەی ڕافدێن لە جۆری سڤیل کە بەبۆنەی ڕووداوەکانی بارزانەوە پێ بەخشراوە.

مەحموود ئەلنەحاسی مامۆستا لە قوتابخانەی شەنگاری یەک بەو بۆنەیەوە هۆنراوەیەکی مێژوویی لەسەر وەرگرتنی ئەو میداڵە بڵاوکردەوە دەڵێت:

هەڵبەست دەهۆنمەوە بۆ ئەو پەنهانییەی هاتو تێپەڕی
وەک ستایش بۆ دلێرێک لە هەردوو جیهاندا بەناوبانگ
* * *
دڵی خۆمت لەپای ڕێزو خۆشەویستی بۆ دەکەم بە قەڵغان
هەندەی من بەودا هەڵدەدەم پڕبووە گوێی خەوبردووان
* * *
هەی ئەوەی لەسەر سنگی دەبریسکێت هێمای شکۆ
گشت میللەت شادە پێتەوە بیبینێت نیشانەی ڕافیدەین

مەحموود عەلی ئەلنەحاس ١٣٧٠ی کۆچی[45]

هەروەها هەڵبەستوان حوسێن وەسفی لەدانیشتوانی مووسڵ، هۆنراوەیەکی بڵاوکردووەتەوە بە ناونیشانی "قدوە في البلاد" (واتە پێشەنگێک لەوڵاتدا) دەڵێت:

حەدبا بەتۆ بەرزە پایەی بۆیە بە بەرزی دەڵێم
تۆ لە پلە بەرزەکانی توخمی "موتەسەریف" یت
بەو بەهرەیە ڕۆڵەکانی شارت لاوانەوەو
بەو سۆزەی پێی ناسراویت ئێمەت پایەدارکرد
* * *
بویتە جێی باوەڕ لای گشت هاشمی‌یان
وێرای پاشا، خانەدانو پایەدارەکانیشیان
تۆ لە شارێکی پڕ شادیدا شادمانیت
کە دەڤەری حەدبای بەتۆ سپێردراوە[46]

45 ـ ڕۆژنامەی "فتى العرب"ی مووسڵی ژمارە ٤٣ی ڕۆژی ١/ ١١/ ١٩٥١

46 ـ ڕۆژنامەی "نصير الحق" ژمارە ٧٢٠ ڕۆژی ١٧/ ١/ ١٩٥٢ وەرگیراو لە عەبدولڕەحمان ئەلبەیاتی ـ سعيد قزاز ودوره في سياسة العراق





تاماوەیەکی زۆر مووسڵ چاکسازییەکانی ئەو سەعید قەزازەی لەیاد نەکرد کە بێمۆڵەت خۆی خنیوەتە نێو دڵی دانیشتوانیو زۆری بۆ کردن.

لەوبارەوە دوکتۆر کەمال ئەحمەد مەزهەر دەڵێت؛ زۆر ئاسان نییە کەسێکی نامۆ بتوانێت ئەو شوورە سەختانەی شاری مووسڵ ببڕێت، دیارە لەبەر هەندێک هۆی تایبەت کە گرنگترینیان ئەوەیە، مووسڵ لە لێوارە سنوورییەکانی نیشتیمانی عەرەبیدا بە خاڵێکی گرنگ دەژمێردرێت، هەروەها خاوەن وزەیەکی ئابوریی بەهێزە کەسانێکی ئەوتۆ دەگمەنی تێدا هەڵکەوتووە هاوشێوەیان کەمە لەعێراقو دەڤەرەکەدا، بەڵام موسڵاویان بە هەمان ئەو شێوەیەی ئامێز بۆ سەعید قەزاز ئاواڵە کرد، دەرگای مووسڵیشیان لەڕووی کەسێک خستووەتە سەرپشت کە لەو سلێمانی‌یەوە هاتبوو مێشکی موسڵاویان پڕبوو لە دیدی تەڵخ بەرانبەر بە دانیشتوانەکەی، ئەویش بەبۆنەی ڕووداوێکی خوێناوی کە ساڵی ١٩٠٩ڕویداوە. ئەوکاتی شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموود دوورخرابووەوە بۆ ئەوێ، گوایە لە ڕۆژێکی جەژندا هەندێک لە پیاوەکانی شێخو "ئیتیحادی[47]" یەکاندا دەستدرێژییان کردووەتە سەر کیژانی مووسڵ.

خۆشەویستی دانیشتوانی مووسڵ بۆ قەزاز لەخۆڕایی نەبوو.. ئەوان بێگومان ئەوینی ئەوشێوە بەڕێوەبردنە بوون کە باری ئەو بەرەڵڵاییەی دەرەبەگانی لەناو برد کە هیچکەسێکی پێش ئەو نەیتوانیوە بیکات. لە مێژوویشدا ڕوینەداوە ئەوتۆ شارێکی بازرگانیی پێشکەوتوو بەهۆی گەندەڵی دەرەبەگەکانییەوە بەو شێوەیە لە هاوتاکانی ماندوتر بێت. پێویستە بیر لە هەستی هاووڵاتییانی ئەو شارە دانسقەیەیش بکەینەوە کە چۆنبووە بەرانبەر بەو موتەسەریف (پارێزگار)ـەی هەندە بایەخی داوە بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرتووکخانە گشتییەکەیان بەو چەشنەی سەعید قەزاز بۆی کردن. لەو ماوەیەی سەعید قەزاز بەرپرسیاری ئەو شارەی لەئەستۆ بوو باری ئاسایشی باڵی کێشاوە بەسەریداو ڕووداوی کەمو گەشەکردنی زۆری بەخۆوە دیوە، بۆیە تا ئێستایش دانیشتوان هەناسەی سارد هەڵدەکێشن بۆ ئەوکاتە بە بەراورد لەگەڵ ئەمڕۆ.

47 ـ "الإتحاد والترقى" یەکەمین پارتی ڕامیاری نەیاربوو بە ئیمپراتۆری عوسمانی، ساڵی ١٨٨٩ لەلایەن ئیبراهیم ساترۆڤا (ئەلبانی) لەگەڵ عەبدوڵڵا جەودەت (ی کورد) دامەزرا (وەرگێڕ)

**٢ / ٢ شالیارگە**

ڕێزدار ماجد مستەفا کە شالیاری کاروباری کۆمەڵایەتی بوو لە کابینەکەی نوورەدین مەحموود پێشنیار پێشکەش دەکات بۆ دەسکێشانەوەو پاش یەک ڕۆژ پێشنیارەکەی پەسەندکرا. ڕۆژی ٢١/ ١٢/ ١٩٥٢ فەرمانێکی شاهانە دەچوو بۆ سەعید قەزاز کە ببێت بە شالیاری کاروباری کۆمەڵایەتی بۆیە مووسڵی جێهێشتو لەیەکهەم ناونانییەوە بە شالیار زۆر بەگوڕ کەوتە گەڕ بۆ پەرەپێدانی شالیارگەی کاروباری کۆمەڵایەتی. زۆری نەبرد کابینەکەی سەرۆک شالیاران نوورەدین مەحموود لە ٢٩ جەنیوەری ١٩٥٣ی زاینی "بەرانبەر بە ١٣ جەمادی یەک ١٣٧٢ی کۆچی" دەستکێشانەوەی بڕیاردا.

پاش ماوەیەکی کەم بڕیاردرا ڕێزدار سەعید قەزاز ببێیت بە بەڕێوەبەری گشتیی بەندەرەکانی عیراق لە بەسرا. ئەو بەپێی ئەو فەرمانە شاهانەیە یەکهەم عیراقی بوو ببێتە بەڕێوەبەری گشتیی بەندەرەکان. هەر لەسەتای وەرگرتنی بەرپرسیارەتیی بەندەرەکانەوە ناکۆکی کەوتە نێوان ئەوو لەگەڵ ڕێزدار عەبدولوەهاب مەرجان کە شالیاری هاتوچۆو کار بوو لە کابینەکەی جەمیل ئەلمەدفەعی. ڕێزدار عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی هۆی ناکۆکییەکە بەمجۆرە دەگێڕێتەوە:

(٣٥ ساڵ بوو پسپۆرێکی ئینگلیز بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەندەرەکانی دەبرد بەڕێوەی، لەکاتێکدا بڕیاردرا بەرپرسایەتی بدرێتەوە دەست خودی عیراقییان، یەکهەم کەسی دەستنیشانکراو بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە سەعید قەزاز بوو. بەڵام هۆی ناکۆکی ئەو لەگەڵ شالیاری هاتوچۆوی کار ڕێزدار عەبدولوەهاب مەرجان ئەوەبوو کە دەیویست دەسەڵاتی بەهەمان ڕادەی دەسەڵاتی پسپۆرە ئینگلیزەکە بێت، بەڵام شالیار ئەوەی نەویستووە بۆیە سەعید قەزاز بە برووسکەیەک پێشنیاری دەسکێشانەوەی خۆی بۆ دەنێرێت، ئەمە دەقەیەتی:-

کاتێک بەڕێزتان لەئێمەتان خواست دیدی خۆ نیشاندەین لەسەر دامەزرانی ئیبراهیم ڕازی وەک پلەدارترین ڕازگری ژمێریاری لە بەڕێوەبەرایەتی بەندەرەکان، من خاڵی نەرێنیی ئەوجۆرە دامەزراندنەم بۆئێوە ڕونکردەوە کە ئەوکەسە ئەزموونی ئەوتۆی نییە بۆ ئەو پلەیە کە گرنگترین کاری بەڕێوەبەرایەتییەکەیەو دەرئەنجامی خراپی لەسەر سیستێمەکەی دەبێت. سەرڕای ڕوکردنەوەی زارەکیم بۆ بەڕێوەبەری گشتیی شالیارگەکەتان تا





ئەو ڕاستییە بۆ ئێوەی شکۆدار ڕوونکاتەوە تا ڕێنەدەن ئەو دامەزراندنە ڕووبدات، بەڵام دیارە خودی دامەزراندنەکە بەپێی نەخشەی ڕامیارییەو ئەوە دەگەێنێت کە باوەڕتان بە کەسێکی وەک من نییە، یان گوێنادەنە بۆچوونەکانم بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بەشێوەی ڕاستو دروست، بۆیە ئامادە نیم بەرپرسایەتی بگرمە ئەستۆ، فەرموون ئەوە دەستکێشانەوەی منە لەو کارە، دەینێرم تکایە پەسەندیکەنو کەسێکیتر دیاریکەن بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارەتی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە[48].

واژوو/ سەعید قەزاز

بەسرا ٢٠/ ئازار/ ١٩٥٣

شالیار دەستکێشانەوەکەی پەسەندکرد ئەوجا دەنگەدەنگ پەیدابوو لەمەڕ ئەو پەسەندکردنە. ناوبژیکەر کەوتنە نێوان بۆ هێوەرکردنەوەی بار لەنێوان شالیاری کەللـەڕەقو بەڕێوەبەری دەست لەکارکێشاو بۆ نەهێشتنی ناکۆکی نێوانیان، بەڵام کە شالیار زانی ئارەزوو زۆرە بۆ گێڕانەوەی قەزاز بۆ سەر کاری پێشووی، ئەمجارە ئەو دەستکێشانەوەی خۆی نووسیو ٣١/ ٥/ ١٩٥٣ لێی پەسەندکرا.

لە ١٧/ ٩/ ١٩٥٣دا کابینەی شالیاریی جەمالی پێکهات بە سەرۆکایەتی فازل ئەلجەمالی، لەوێدا ناوی سەعید قەزاز بەر شالیارگەی ناوخۆ کەوت. سەرەتا ئەو لێبووردنی لە بەشداربوون لە کابینەکەی جەمالی خواستو بوەهۆی ئەوەی جەمالی خۆی شالیارگەی ناوخۆ بەڕێوەبەرێت، پاشان نیاز کەوتە سەر ئەوەی عومەر نەزمی لەبری ئەو بەشدارکەن، سەرئەنجام بەکۆششی هەندێکەس سەعید قەزاز قایل بوو. وەک عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی دەیگێڕێتەوە؛ پایەدارانی سەروو سوربوون لەوەی دەبێت سەعید قەزاز قایل بکرێت بۆ بەشداربوون لەو کابینەیە، ئەوبوو بە بەشداربونی ئەو کۆڕ پێکهاتو فەرمانی شاهانەی بۆ دەرچوو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٣دا سەعید قەزاز نەخشەی ئاسایشی بۆ بەغداو شارەکان داڕشتو پاش چەندین جار هەموارکردنەوەی کە دواهەمینی

48 ـ عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی/ تأریخ الوزارات العراقیة/ بەرگی ٩/ چاپی ٧ / دار شؤون الثقافة العامة/ بغداد ١٩٨٠/ لاپەڕە ٢٩

سپتەمبەری ١٩٥٦بوو بریاردرا لەبۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گشتجۆرە ڕووداوی پێشبینیکراو. پێکهاتەی ئەو پلانەی بەپێی ئەو ئامانجو قۆناغەنە دەبێت:

**ئامنج لە پلانی ئاسایشیی بەغدا**

ـ لەکاتی خۆپیشانداندا هێوەری بەغداو دەوروبەری پێ دابینکرێت.

ـ بەشێوەیەکی سیستێماتیو بە گوێرەی دۆخو قۆناغەکانی پەرەسەندنیان کاری هاوبەش بگیرێتەبەرو چالاکییەکان بەسەر بەشەکانی ئاسایشی بەغدا دابەشکرێت.

**قۆناغەکانی نەخشە:ـ**

**یەکەم:ـ** وشەی نهێنی (حەکیم) دەبێتو گشت هێزەکانی پۆلیس لە ئامادەباشیدا دەبنو چەکـو کەرەستەی تایبەت بە بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەریان بەسەردا دابەش دەکرێتو یەک ئامێری بێتەل لە بنکەی هەریەک لە بەشەکان دادەنرێت.

**دووەهەم:ـ** وشەی نهێنی (ڕەشید) دەبێتو لەبن فەرمانی موتەسەریفـدا ئەویش لە سەرەتای دەرکەوتنی دیاردەکانی گێرەشێوێنی ئاڵۆز کە لەوانەیە ببێتە هوی ئاژاوەو کاریگەر لەسەر ئاسایشی گشتی.

**سێهەم:ـ** وشەی نهێنی (سەعد) دەبێت لەبن فەرمانی موتەسەریفـدا، ئەویش ئەگەر ئاژاوە ڕوبداتو پێکدادان لەگەڵ پۆلیس[49].

سەعید قەزاز وەک شالیاری ناوخۆ دەستپێشخەر بوو بۆ کەمکردنەوەی چاودێری لەسەر ڕۆژنامەگەریو مافی خاوەندارێتییان پێدراو ئازاد کران. ئەوبوو لەساڵی ١٩٥٣دا مافی بەخش دەرچون درا بە گۆڤاری (الثقافة الجديدة) کە بەئاشکرا لایەنداری مارکسییان بوو، هەروەها بە زۆر چاپەمەنی تری عیراق.

49 ـ عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی/ موسوعة العراق السياسية/ بەرگی ٣/ الدار العربية للمطبوعات / بيروت ـ لبنان ١٩٨٦/ لاپەرە ١١٩





**خۆپیشاندانەکەی بەسرا**

ڕۆژی ٧/ ١٢/ ١٩٥٣ لە بەسرا خۆپیشاندانو یاخیبون ڕوویدا، دەسەڵات پێشنیاریکرد سەعید قەزاز کە شالیاری ناوخۆ بوو بچێت لە بەسرا کۆنترۆڵی دۆخەکە بکاتو ڕێکاری پێویست بگرێتەبەر بۆ ئاسایکردنەوەی ڕەوشو باری ئاسایشی "لەمەڕ ئەوە سەعید قەزاز گوتی" کاتی گەیشتنی بۆ بەسرا لەگەڵ چەند تاخمی جیاجیای کرێکارانی مانگرتوو هەروەها ڕێکخراوی تر لە گۆمەڵگەی بەسرا کۆبووەتەوە، لەوێدا بۆی دەرکەوت کە بزوتنەوەیەکی ڕێکخراوەیی کۆمۆنیستان بووەو مەبەست ڕووشاندنی شکۆی دەسەڵاتو لاوازکردنیو نانەوەی ئاژاوە بووە. هەروەها دەڵێت نوێنەری ئەو کرێکارانە شەو هاتبوونە لای بۆ شوێنی حەوانەوەی لە ئوتێلی شەتولعەرەب ئارەزووی ئەوەیان دەربڕیوە بچنەوە سەر کار بەڵام پێویستە دەسەڵات خۆیان خێزانەکانیان بپارێزێت لەدەست سەرپەرشتیکارانی خۆپیشاندان[50].

ئەوکات سەعید قەزاز هەر لەو ئوتێلەی شەتولعەرەب کە لێی دابەزیبوو لەگەڵ بەرێوەبەرانی پۆلیسی بەسراو زوبێرو بەندەرەکان کۆدەبێتەوەو فەرمانیان پێدەدات نەهێڵن کۆڕو کۆبونەوەی هاوولاتییان لە پێنجکەس پتربێت، ئەگینا پێویستە گشت ڕێگەیەکی یاسایی بگرنەبەر بۆ بڵاوەپێکردنیان. هەر ئەوکات سەردانی ئەو پۆلیسانە دەکات کە لەئەنجامی پێکدادان لەگەڵ خۆپیشاندەران بریندار بوون. بەڵام یەکێک لە ئەفسەرانی پۆلیس سوربوو لەسەر ئەوەی سەعید قەزاز لە کۆبونەوەکەی ئوتێل شەتولعەرەبی فرۆکەخانەی بەسرا لەگەڵ ئەفسەرانی پۆلیس لێی خواستوون هەرجۆنێک دەبێت بڵاوە بە خۆپیشاندەران بکەن ئەگەر پێویستکات تەقەیشیان لێ بکەن[51].

١٥ دیسەمبەری ١٩٥٣ سەعید قەزاز گەڕایەوە بۆ بەغداو لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران کۆبوەوە بۆ گێڕانەوەی ئەو بارەی بەسرا تا چارەسەری بۆ بدۆزنەوە پێشلەوەی دۆخەکە مەترسیی تر بەدوایخۆدا بکێشێت، هەروەها خواستی لە بەسرا بڕیاری یاسای نائاسایی ڕاگەێنرێت ئەگەرنا ئەو دەست لەکاری شالیاری دەکێشێتەوە، ئەوکات ئەنجومەنی شالیاران ناچاربوو بە شێوەیەکی

50 ـ محاضر مجلس النواب ـ کۆڕی ٢٣ی ڕۆژی ١٧/ ١/ ١٩٥٤ لاپەرە ٣٣٤ لەڕۆژنامەی "الحوادث" / هەروەها ڕۆژنامەی "اليقظة"ی ڕۆژی ١٨/ ١٢/ ١٩٥٣.

51 ـ گەواهی دیدەروان ئیبراهیم ئەلقازی/ محكمة الشعب/ بەرگی ١٠/ لاپەرە ١٧٩.

کاتی بڕیاری یاسای نائاسایی بدەن لە بەسرا[52].

دوو ڕۆژ پاش ئەوە خۆپیشاندان سەریهەڵدایەوەو تاخمێک خۆپیشاندەر گیران. هیزی سپا دابەزینە نێوشار بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە بەڵام ڕووبەڕووبوونەوە ڕوویداو دەسەڵات کەوتەوە گرتنی چەندین کەس لە سەرانی کرێکارو بزوتنەوەی نیشتمانیی بەسرا، پۆلیس بە گەڕەکەکاندا بڵاوبوونەوە، سەرلەبەیانی ڕوژی دوایی بارەکە زۆر ئاڵۆزتر بوو پۆلیس کەوتنە ڕوبەڕوو لەگەڵ خۆپیشاندەران[53] و بڕیار دەرچوو بە ماوەی یەک ساڵ داخستنی نۆ ڕۆژنامە بە ناوەکانی "الآراء، العزة، الجبل، الجريدة، الدفاع، الأخبار، الميثاق، النضالو النداء" لەبەر زێدەڕۆیی لەو وتارانەی بڵاویان کردەووەتەوە لەمەڕ ڕوداوەکانی بەسرا[54]. هەمانکات دوو ڕۆژنامەی "الاهالي ـ ئۆرگانی الحزب الوطني الديموقراطي" لەگەڵ "لواء ـ ئۆرگانی حزب الإستقلال" دران بە دادگای سزایی. ئەوەبوو ئەنجومەنی نوێنەران لە شالیاری ناوخۆ دەخوازن هۆی ڕودانی ئەو خۆپیشاندانە بە فراوانی ڕوونکاتەوە کە کرێکارانی نەوتی بەسرا گێڕایان لەگەڵ هۆی داخستنی ئەو نۆ ڕۆژنامەیە.

لە ئەنجامی بڕیاری یاسا نائاساییەکەی بەسرا هەردوو پارتی "إستقلال" و "حزب الوطني الديموقراطي" دژی وەستان، هەروەها پارتی "الجبهة الشعبية المتحدة" هاتە پاڵیان. ئەوکات شالیاری کاروباری کۆمەڵایەتی خواستی ئەو باری یاسای نائاساییە لەسەر بەسرا لابرێت بەڵام سەعید قەزاز کە شالیاری ناوخۆ بوو قایل نەبوو، ئەو پێداگر بوو لەسەر مانەوەی تا ماوەیەکی تر، ئەوەبوو دوو شالیار بڕیاری دەستکێشانەوەی خۆیان دا[55].

سەعید قەزاز رۆڵی بنەڕەتی هەبوو لە درێژەدان بەو یاسا نائاساییەی بەسرا. هەرچەندە ژاوەژاو کەوتە نێو ئەندامانی ئەنجومەنی پیران ئەو هەر سووربوو لەسەر مانەوەی ئەو بڕیارە یاساییە لەسەر بەسراو دەیویست بمێنێت تا

52 ـ محاضر مجلس النواب ـ کۆڕی ١٤٤ ڕۆژی ١٥/ ١٢/ ١٩٥٣ ژمارەی دۆسێ ٤٣٠

53 ـ محاضر مجلس النواب ـ ڕۆژی ١٧/ ١/ ١٩٥٤ لاپەڕە ٣٣٥

54 ـ محاضر مجلس الوزراء ـ کۆڕی ١٤٥ڕۆژی ١٥/ ١٢/ ١٩٥٣ ژمارەی دۆسێ ٤٣٥.

55 ـ عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی/ سەرچاوەی پێشو/ بەرگی ٩ / لاپەڕە ٧٥ ـ ٧٧





یادەوەریی ڕاپەڕینەکەی جەنیوەری (وثبة كانون الثاني[56]) بەهێمنی تێدەپەڕێتو دۆخەکە وەک پێویست بەسەرچوو ئەوکات شالیارگە بڕیارە شاهانەکە ڕاگەیەیان بۆ کۆتاییهێنان بە یاسای نائاسایی لە شاری بەسرا[57]. سەرئەنجام ٢٧ فەبریوەری ١٩٥٤ کابینەی شالیاران دەستی لەکار کێشایەوە.

**لافاوەکەی بەغدا**

١ مارسی ١٩٥٤ی بەرانبەر بە ٢ ڕەجەب ١٣٧٣ی کۆچی کابینەی جەمالی پێکهات کە ٥٢ هەمین کابینەی شالیاری بوو تێیدا سەعید قرزاز بوو بە شالیاری ناوخۆ. ئەگەرچی تەمەنی ئەو کابینەیە درێژ نەبوو کە ٢٩ ئەپریلی ١٩٥٤ی بەرانبەر بە ٢٦ی شەعبانی ١٣٧٣ دەستی لەکار کێشایەوە. لەو ماوەیەدا ئاو لە ڕوباری دیجلە سەریکردو هەندێک لە بەربەستەکانی ئاو تێکچون بۆیە دەسەڵات لە شەوی ٢٩/ ٣/ ١٩٥٤دا پشتی بە لەشکر بەست بۆ ڕزگارکردنی شاری بەغدا. تاوناتاوێک دانیشتوان توشی دڵەڕاوکێ دەبوون لەوەی وا دووچاری مەترسیو نەهامەتی دەبن.

ئەنجومەنی شالیاران کۆبووەوەو بڕیاری دەرکرد بۆ چۆڵکردنی بەشی ڕەسافەی بەغداو گواستنەوەیان بۆ بەشی کەرخ، بەڵام شالیاری ناوخۆ دژ بەو بڕیارە وەستاو ڕایگەیاند کە پرۆسەی چۆڵکردن تووشی کێشەی زۆریان دەکات. ئەو دەیگوت پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرن کە پەڕینەوەی لێشاوی کۆمەڵی شەڵەژاوی دانیشتوانو ئۆتۆمبێلی زۆر بە بارەوە بەسەر تەنها ئەو دوو پردەدا (ئەوکات لەبەغدا تەنها دوو پرد هەبوو) چیجۆرە مەترسی لێ دەکەوێتەوەو لەلایەکی ترەوە چەندیان پێویست دەبێت بۆ پاسەوانیی کەلوپەلی جێهێڵراوی هاووڵاتییان لە مەترسی تاڵانیو جۆرەکانی تری زیان، بۆیە سەرەڕای ئامۆژگاری بەرپرسانی ئاودێری، ئەو هەر سووربوو لەسەر

56 ـ "ڕاپەڕینی جەنیوەری" ڕاپەڕینی گەلی عیراق بوو دژ بە مۆرکردنی پەیماننامەی پۆرتسمۆث لەنێوان کابینەکەی ساڵح جەبری عیراقو دەسەڵاتی شای بەریتانی بۆ هەموارکردنی پەیماننامەکەی ١٩٣٠ی نێوان ئەو دوو لایەنە. خۆپیشاندان لە ڕۆژانی ٤ تا ٢٩ی مانگی جەنیوەری ١٩٤٨ لە بەغدا بەتایبەتیو شارەکانی تری عیراق بەگشتی روویاندا، دژوارترینی ڕۆژ ٢٧ی جەنیوەری ١٩٤٨ بوو کە زۆرترین ژمارەی خۆپیشاندەر بەدەستی پۆلیس کوژراون. (وەرگێڕ)

57 ـ عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی/ سەرچاوەی پێشوو/ بەرگی ٩ / لاپەڕە ٣١٣

ئەوەی گشت شتێک لەجێی خۆی بمێنێت. ئەوەبوو خواستی ئاسمان خۆشبەختانە کارێکی کرد ئەو ڕەشەباو ڕەهێڵەیە وەستان کە ببوە هۆی هەڕەشەی لافاو بۆ سەر بەغدا. وەکتریش کاربەدەستان کۆششیان چڕکردەوەو بە هەرەوەزی گشت دەزگاکانو هاووڵاتییان توانیان لەو مەترسییە دەربازبن. بەوبۆنەیەوە شالیاری ناوخۆ "سەعید قەزاز" بە قوڕگێکی لەرزۆکـو دڵی شکستەوە وتارێکی پێشکەشکرد بەو هاووڵاتییانەی بەدەم گریانو ناڵینەوە گوێیان لەو دەگرت کە گوتی:

هاووڵاتییانی هێژا

لە چەندساتی ڕابوردودا دەنگۆی دڵتەزێن لەنێو دانیشتواندا بڵاوبووەتەوە لەسەڕ درزبردنی هەندێک لە بەربەستەکانی ئاوی شاری بەغدا. ئەو دەنگۆیانە لەڕاستیەوە دوورن، بەسایەی خوداوە تا ئەمکاتە هیچ زەدەیەک ڕوویندەداوە، ئەگەرچی نامەوێت لەو مەترسیە سووک بڕوانم کە لەوانەیە ئەمشەو بەغدا بگرێتەوە بەڵام، دەتوانم هاووڵاتییانی خۆشەویست دڵنیاکەم لەوەی مرۆڤ دەکارێت بە کۆششی خۆیی زیانو پەژارە لە شارەکەی دورخاتەوە. ئێمە لەلای خۆمانەوە ئەوەمان کردووە. ڕۆڵە دڵسۆزەکانی ئێوە لە هێزەکانی سپاو پۆلیس، هەروەها کارمەندی دەزگاکانی تری دەوڵەت ئەوپەڕی توانایان خستووەتە گەڕ بۆ پاراستنی پایتەختو کەمکردنەوەی جەخت لەسەر بەربەستەکانی ئاو. ئەوەی لەسەر هاووڵاتییانە بۆ خواستنی هاوکاریو گشت شێوەکانی تری یارمەتی ڕووبکەنە نزیکترین دەستەی هونەریو وەرگرتنی زانیاری تەواو لەو دەزگا فەرمییە تایبەتانە. ئەوەی پێویستە، دەبێت گشتمان پێکەوە بکۆشین ئەم قۆناغە سەختە بە ئاسودەیی ببڕینو پەنایش بە یەزدان ئەوە بەسەردەچێت.

پەنا بە خوداو سروشی یەزدانی وڵاتی خۆشەویستمان پارێزراو دەبیت لە گشت نەنگیەک.

بەبۆنەی ئەو هەڵوێستەی سەعید قەزازەوە ڕێزدار جەلال حەنەفی یەک هۆنراوەی بەناونیشانی (تحیة) لەو دیوانەی خۆیدا بڵاوکردەوە کە ساڵی ١٩٥٦ لە چاپخانەی "المعارف"ی بەغدا لەچاپدرا:

سەعید، ئەگەر دەبینیت چۆن دەرون





خۆبەخش خەرمانی ئەمەکت بۆدەنێرن
دەڵێن تۆی ڕزگارکەری میللەت
لە قەیرانی ئەشکـو سەروماڵ دۆڕێن
هەتە ماف لەسەر بەغدای بەئەمەک، بۆیە
بەبای نادات کۆششە مەزنەکانت

(٥٣ هەمین ئەنجومەن) ئەو کابینەیەی عومەریی دوهەم بوو لە ٢٦ ئەپریل ١٩٥٤ بەرانبەر بە ٢٦ شەعبان ١٣٧٣ کۆچی پێکهات لەوەیشدا سەعید قەزاز بوو بە شالیاری ناوخۆ. ئەو پێشنیاری کرد لە سەرتاسەری عیراقدا هەڵبژاردن گشتی لەیەک ڕۆژدا ئەنجام بدرێت، بەڵام "سەرۆک شالیاران" ڕێزدار ئەرشەد ئەلعومەری دەیویست لە ڕۆژی جیاجیادا بێت تا بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت، ئەوکات قەزاز خۆی بەناچار زانی ئەم نامەی دەستکێشانەوەیە بنووسێت:

**پایەبەرز سەرۆک شالیاران**

چوار ساڵ لەمەوبەرەوە بەهۆی ئەو ئەرکانەی کەوتوونە ئەستۆم نەمتوانیوە ماوەیەک پشوو وەرگرم. ئێستایش لەبەر باری تەندروستی پێویستم بە پشووە بۆیە وەک پێویست کارم پێ ئەنجام نادرێت. تکام وایە دەستکێشانەوەم لە کارو پلەی شالیاریی ناوخۆ پەسەند بفەرموون. هەروەها ڕێزی بێپایانم پەسەند بکەن.

واژو: سەعید قەزاز/ ٣ی ئۆگوستی ١٩٥٤

ڕێکەوتی ٣ زیلحجەی ١٣٧٣ی کۆچی

ڕۆژی ٣ی ئۆگوستی ١٩٥٤ کابینەی شالیاران دەستکێشایەوەی ڕاگەیاندو لە هەمان ڕۆژدا دوانزەهەمین کابینەی سەعیدی پێکهات (واتە ٥٤ هەمین کابینە) لەوەیشدا سەعید قەزاز بوو بە شالیاری ناوخۆ، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوکات سەعید قەزاز لەدەرەوەی وڵات بوو خەلیل کەننەی شالیاری زانستی "معارف" وەک بریکار سەرپەرشتیی شالیاری ناوخۆی کرد تا سەعید قەزاز لە ٢٤ی ئۆگستی ١٩٥٤دا هاتەوەو دەستبەکار بوو.

شالیاری ناوخۆ سەعید قەزاز لە ١١ی ئۆگوستی ١٩٥٥دا ڕووی لە تورکیا کرد بەمەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانی ئاسایشی تورک سەبارەت بە بیری

ڕوخێنەرو باوەڕە هاوردەکانی ترو لە ٥ی سپتەمبەری ١٩٥٥دا گەڕایەوە بۆ بەغدا.

١٧ دیسەمبەری ١٩٥٥ ڕێکەوتی ٣ جەمادی یەکی ١٣٧٥ی کۆچی ئەو کابینەیەش دەستی لەکار کێشایەوەو هەمان ڕۆژی ١٧ دیسەمبەری ١٩٥٥ کابینەی سەعیدی/١٣ دامەزرا تێیدا سەعید قەزاز کرایەوە بە شالیاری ناوخۆ.

١٦ی جونی ١٩٥٦ دەستەیەک لە ڕامیارانی تاخمەکەی "حزب الإستقلال"و حزب الوطني الديموقراطي" کە مۆڵەتیان لێ وەرگیرابووەوە پێشنیارێکیان پێشکەش بە شالیارگەی ناوخۆ کرد بۆ پێکهێنانی پارتێکی نوێ بەناوی (حزب المؤتمر الوطني) لەنێویاندا کامل چادرچی، محەمەد مەهدی کوببە، محمد حدید، فائق سامەڕائی، حسێن جەمیل، شەهید ئەلیاسری، هەدیب ئەلحاج مەحموودو چەندکەسی تر بوو. لەهەندێک ڕۆژنامەدا پەیڕەوو پرۆگرامی ئەو پارتە بڵاوکرایەوە. لە ٩ی یولیوی ١٩٥٦دا سەعید قەزاز بە نوسراوی ژمارە ١٠٨٤٥ وەڵامی پەسەندنەکردنی دانەوە، بۆیە لە ١٦ی یۆلیۆی ١٩٥٦دا سکاڵای پێداچونەوە بە بڕیاری پەسەندنەکردنەکە خرایە پێش ئەنجومەنی شالیاران بەڵام تەنانەت پاش دەستکێشانەوەی کابینەکەیش هیچ بڕیارێکی لەسەر نەدرا.

**ماوەیەکی پڕ لە ڕووداو**

**گرنگترینیان:** ١ی سپتەمبەری ١٩٥٦ قەسابەکان لە مووسڵ مانگرتن دەستپێکردو ئاژەڵ فرۆشانیش لەگەڵیان کەوتنە مانگرتن لەوەی ئاژەڵ بنێرن بۆ بازاڕو بەهۆیەوە گشت چێشتخانەو دۆکانەکانی گۆشتفرۆشی شار داخران. شارەوانی ویستی چارەسەری ئەو بارە بکات ئەویش بە دەستبەسرداگرتنو سەربڕینی گشت ئەو ئاژەڵانەی لە دەرەوەی شارەوە دەهاتن بەڵام هەر بارەکەیان پێ چارەسەر نەکرا. هۆی ئاشکرای خۆپێشاندان ئەوەبوو قەسابەکان دەیانویست ئەو باجەی گومرگی لەسەریان بوو نەمێنێت، لەگەڵ لابردنی باربوی تایبەت لە وەرگرتنی ٣٠ تا ٦٠ فلس بۆ سەربڕینی یەکسەر مەڕو ٧٥ تا ١٥٠ فلس بۆ سەربڕینی یەکسەر مانگا. مانگرتنی سەوزە فرۆشو نانەواو شوفێرانیشی گرتەوەو پەرەیسەند تا گەیشتە ئەوەی پارێزەرو ئەندازیارو پزیشکو کرێکارانی تر تێیدا بەشداربن. خۆپیشاندان بێ ڕودانی





هیچ کردەوەیەکی نەنگ یەک هەفتەی خایان تا ئەوکاتەی شارەوانی بەڵێنی ئەویدا خواستی قەسابەکان بەجێ بهێنێت بۆیە ٧ی سپتەمبەری ١٩٥٦ کۆتایی بە مانگرتن هات.

کە شالیاری ناوخۆ سەعید قەزاز ڕۆژی ٨ی سیپتەمبەری ١٩٥٦ گەیشتە مووسڵ کۆتایی بەو بارە نائاساییە هاتبوو. ئەوکات دەسەڵات بانگەوازێکی لە ڕادیۆوە بڵاوکردەوە تێیدا بڕیاری باری نائاسایی لە مووسڵ ڕاگەیاندو بە بڕیارێکی فەرمیی تر دەستگیرکردنی یانزە کەس لەوانە دەرکرد گوایە هاندەری مانگرتنەکەب وون بۆیە ئەم ناوانە گیرانو ڕەوانەی نوگرەسەلمان کران: قاسم ئەلموفتی، غەربی ئەلحاج ئەحمەد، فەخری الخێرۆ، عەبدولغەنی ئەلمەللاح، سالم ئەلشێخ عەلی، محەمەد سەعید قەساب باشی، حامد سەعید قەساب باشی، نایف سەعید ئەلحەیۆ، غانم داوود، عەبدولڕەحمان قەسابو محەمەد سەفۆ ئەلعەلی.

پاش دوورخستنەوەی ئەوانە جگە لە پارێزەر غەربی ئەلحاج ئەحمەد کە ئەوکات لەبەغدا بوو توانی خوبشارێتەوە تا ئەوکاتەی لەگەڵ ئەو دورخراوانە گەڕایەوە بۆ مووسڵ کە لە ٣/ ١٠/ ١٩٥٦ دا سەربەست کران، واتە ئەوانەی ٢٧ی سپتەمبەری ١٩٥٦ لە مووسڵ گیرانو پاشان بەهۆی سڕکردنی کار بە یاسای پاراستنی ئاسایشیی کاتی خۆپیشاندان ژمارە ٧٠ی ساڵی ١٩٣٢ بەربوون.[58]

سەعید قەزاز کەوتە هێرش بۆ سەر ڕۆژنامەکانو ناوینان "ڕۆژنامە زەردەکان[59]" چونکە هەستی تیرۆرستیو هەڕەشە بڵاودەکەنەوەو تۆوی دووبەرەکی لەنێو خوێندکاراندا بڵاودەکەنەوە بەڕادەیەک بووەتە هۆی تێکدانی خوویان، کوڕ لە باوک لەیەک هەڵدەگەڕێنەوەو هاوولاتی دەکەنە دژ بە دەسەڵات، بۆیە دەسەڵات ناچاربوو فەرمان بۆ چاپەمەنی دەرکات.

58 ـ لەبڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران/ کۆڕی ١٣ ڕۆژی ١٤/ ١/ ١٩٥٥.

59 ـ "ڕۆژنامەی زەرد" ناوێکە یەکەمجار لەو ڕۆژنامە وروژێنەرە نرا کە "ولیام ڕاندۆلف هیرست" ساڵی ١٨٩٥ لە سەردەمی باڵادەستیی سەرمایەدارانی ئەمریکا بڵاوکرایەوە. لەبەر کەمی تێچوونی نرخ سەرەتا جۆرێک لە کاغەزی زەردی هەرزانبای بەکارهێناوە بۆیە ناونراوە ڕۆژنامەی زەرد، بەڵام لایەنی دەسەڵات وەک تانووت بۆ بێنرخ نیشاندانی ڕۆژنامەکە ئەو ناوەیان دەبرد (وەرگێڕ)

کۆنگرەی پارێزەرانی عەرەب لە قاهیرە بانگێشنامەی نارد بۆ سەندیکای پارێزەرانی عیراق بۆ بەشدارییان لە کۆنگرەکەی ٣ مارسی ١٩٥٦ بەڵام شالیارگەی ناوخۆ ڕێگەی بە چوونی ژمارەیەک پارێزەر نەدا بەو گومانەی ئەوان دەچن بۆ بەشداربوون لە کۆڕو کۆمەڵەی کۆمۆنیستیو ڕێکخستنو چالاکی گێرەشێوێنیی دژ بە دەسەڵاتی عیراق. کاتێک کۆنگرەی پارێزەران لە قاهیرە بەوەیان زانی لە بروسکەیەکدا سەرزەنشتی ڕژێمی عیراقیان کردو لە بەرانبەردا سوپاسنامەو پێزانینیان نارد بۆ کۆمەڵی پارێزەرانی عیراق.

لەو سەردەمەدا زۆر ڕوداوی وروژێنەر ڕوویاندا. کاتێک هێزی کۆلۆنیالیستی کەوتنە دوژمنایەتی کردنی میسر لە بەرانبەردا میسر بەناوی گێرانەوەی مافی ڕەوای خۆیەوە بڕیاردا خۆماڵیکردنی کەناڵی سوێسی دەرکرد، ئەوجا هێزە هاوبەشەکانی بەریتانیا، فەرەنساو ئیسرائیل ڕۆژی ٢٩/ ١٠/ ١٩٥٦ هێرشێکی سیستیماتیی لەشکریی سێقۆڵیان کردەسەر. کۆششی زۆر کرا بۆئەوی پەیمانی ئاگربەستی نێوان بکرێت بە پەیمانی ئاشتیی هەمیشەیی بەڵام سەری نەگرت چونکە عەرەب دەیانویست پەنابەرەکان بگەڕێنەوە بۆسەر خاکی خۆیانو کێشەی باری قودس بکرێتە نێونەتەوەییو پێش کەوتنە دانەوسان دەبوو ئیسرائیل دەسهەڵگرێت لە بەشێک زەوی، بەڵام ئیسرائیل ئەوەی پەسەند نەکرد بەو بەهانەیەی ئەوە دەبێتە هۆی هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی ئەو.

ئیسرائیل لەتۆڵەی چالاکییە زۆرەکانی خۆبەختکارانی فەلەستینیو عەرەبی دژ بەو زۆر بەتوندی بەرەنگاریان بوو. لەکاتێکدا میسر کەناڵی سوێسی داخست لەڕوی کەشتیوانی ئیسرائیلو ئابڵووقەی تاکە دەروازە ئاوییەکەی ئەوی دا بۆ نێو دەریای سور. ئیسرائیل ئەوەی بە پرۆسەی جەنگ ژمارد بۆیە شەڕو پێکدادانی زۆر لەسەر سنووری نێوان میسرو ئیسرائیل ڕویاندا سەرئەنجام لە ئۆکتۆبەرو نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٥٦ لەنێوانیاندا جەنگێکی بەرفراوان هەڵگیرسا. خۆماڵیکردنی کەناڵی سوێس بوەهۆی ناکۆکی کەوتە نێوان بەریتانیاو فەرەنسا لەگەڵ جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر، بۆیە لەو تەندەرە پاشگەزبونەوە کە بۆ دروستکردنی پرۆژەی بەنداوی بەرز (السد العالي) بوو لە باشووری میسر.

بەماوەی چەندڕۆژی کەم ئیسرائیل سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێناو بەشی





زۆری کەرتی غەززەو نیوەدورگەی سینای گرت، کاتی ئیسرائیل گەیشتنە لێوارەکانی کەناڵی سوێس بەریتانیاو فەرەنسایش هێرشیان بردە سەر میسر. پاش چەندڕۆژ نەتەوە یەکگرتوەکان کەوتە ناوبژی، جەنگ ڕاگیراو هێزی ناکاوی ڕەوانەی ئەو دەڤەرە کرا بۆ چاودێریی پرۆسەی ئاگربەست. یەکێتیی سۆڤیەتو ئەمریکا پێکەوە کۆششی زۆریان کرد بۆ کشانەوەی هەرسێ وڵاتی دەستدرێژکار بەڵام ئیسرائیل تا ساڵی ١٩٥٧ لەکەرتی غەززە مایەوە تا ئەوکاتەی ئەمریکا بەڵێنی دانێ کێشەی دەروازەی ئاوی دەریا بۆ ئیسرائیل چارەسەرکات.

پارتە ڕامیارییەکانی عیراق بەگشتی کەوتنە چالاکیی نواندن بۆ پشتگیری لە گەلی میسرو ڕسواکردنی وڵاتانی دەستدرێژکار، هەر لایەنەو بەپێی تواناو بارستایی خۆیو پانتایی باری ڕامیاریی. لەپاش ئەو هێرشە سێقۆڵییەو بۆ پشتگیری لە میسر، لە بەغداو گشت شارو شارۆچکەکانی تری عیراق خۆپیشاندانی بێوچان هەڵگیرسا. ئەوکات سەعید قەزاز کە شالیاری ناوخۆبوو کەوتە پلانڕێژی بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکەو بەرپاکردنی باری ئاسایشی بۆیە پەنای برد بۆ سپا بۆ پێشگرتن لە کۆمەڵانی خۆپیشاندەرو بڵاوەپێکردنیان. لە بەغداو شارەکاندا کەوتنە داڕشتنی پلانی ئاسایشی. شالیار فەرمانی دەرکرد بۆ جێبەجێکردنی پلانە ئاسایشیەکەی بەغداو خۆی سەرپەرشتی دەکرد. دۆخەکە هەندە ئاڵۆزبوو گەیشتە ئەوەی پۆلیس تەقە بکات لە خۆپیشاندەرانو دەرئەنجام ژمارەیەک کوژرانو برینداری لێکەوتەوە.

لە ئەنجامی هەڵگیرسانی خۆپیشاندان لە شارۆچکەی نەجەف کە ئەوکات سەر بە موتەسەرفیەتی کەربەلا بوو. لەگەڵ تەقەکردنی پۆلیسی لە خوێندکارانی بێچەک، لە ناوەندی سەدیر یەک خوێندکار کوژراو تاخمێک بریندار بوون، پاشان هێرش گەیشتە نێو ناوەندیی "خەوەرنەق"و لەوێ خوێندکارێکیان بە دەسڕێژی گوللـە کوشت. پاش هێوەربونەوەی دۆخەکە سەعید قەزاز ئەوانەی گوێزایەوە بۆ شوێنی تر کە بەرپرسبون لە تەقەکردن.

هەروەها لە شارۆچکەی حەی کە ناوبانگی دەرکردبوو بەوەی دەربەگ تێیدا باڵادەستن. ساڵی ١٩٥٤ خوێنێ زۆری تێدا ڕژا، لەوێیش پۆلیس بە چەکەوە هێرشیان کردە سەر ئەو خۆپیشاندەرانەی بۆ پشتگیری گەلی میسرو دژ بە هێرشە سێلایەنەکەی ساڵی ١٩٥٦ ڕاپەڕیبوون لەوێدا زۆرکەس کوژراو

بریندابوونو سەرئەنجام بەکارەساتێکی تر برایەوە، ئەویش دەستگیرکردنی دوو لاو بوو لە دانیشتوانی حەیو بەمردوویی هەڵواسینی یەکێک لەوان.

خۆپیشاندانەکەی حەی دژ بەو هێرشە سێلایەنە هەستا کە کرایە سەر میسر. کاتێک پۆلیس بە گوللـە بەرنگاریان دەبێت دانیشتوانی شار لە دژیان هەستاو شەڕو لێکدان لەگەڵ پۆلیس ڕویدا لەئەنجامدا پۆلیس هەڵهاتن بەڵام شەو گەڕانەوەو بە هاوکاریی شێخ عەبدوڵڵا ئەلیاسینو داروودەستەکەی ڕژانەوە ناوشارو کەوتنە پشکنینی ماڵانو دەرگای ماڵیان دەشکان، دیسان شەڕو پێکدادان لە نێوان پۆلیسو هاووڵاتییان روویداو چەندین هاووڵاتی کوژرانو زۆرکەس گیرانو پاش دادگاییەکی بێسەروبەر بڕیاری لەسێدارەدانی دوو کەس درا بەناوی عەتا مەهدی ئەلدەبباسو عەلی ئەلشێخ حمود. یەکەمیان لەکاتی ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستدا بەڵام دووەهەم زۆر سەربەرز چووە بەر پەتی قەنارەو گیانی پاکی سپارد.

وەک پێشتر لەو شارە بزووتنەوەی تێکۆشەرانەی تر ڕویدابوو، ساڵی ١٩٥٤ لە شارۆچکەی حەی کە ئەوکات سەر بە لیوای کوتە (پارێزگای واستەی ئێستا) بوو لەوێدا دەرەبەگەکان دەستی باڵایان بوو بەسەر هاووڵاتییانو کاروباری ئەو شارە قۆرخ بوو بۆ ئەوان. ڕەوانشاد سەعید قەزاز لەکاتی داکۆکی لەخۆی لەدادگای مەهداویدا گوتی؛ من هەردەم مشتومڕم بووە لەگەڵ شێخ عەبدوڵڵا ئەلیاسین کە سەرۆکی خێڵەکانی ئەلمەیاح بوو بۆ قایلکردنی بەوەی گۆڕستانێک بکەنەوە لەسەر ئەو زەوییانەی خودی ئەو دەرەبەگە داگیری کردبوون بەڵام سەری نەگرت. ئەو دەرەبەگە شورەیەکی بە دیواری قوڕ بۆ شارۆچکەی حەی دروست کردبوو هەرچی لەدەرەوەی ئەو شورەیە بوو بەهینی خۆی دانابوو. ئەگەر کەسێک لەوشارە بمردایە، تەنانەت منداڵیش، دەبوو بیبەن لە نەجەف بینێژن. لەوە گیرتر ئەوەبوو، ئەگەر کەسێک ویستبێتی سەربانی ماڵەکەی بەقوڕ سواغدات دەبو نزیکەی ٥٩ میل ببڕێتو بچێت لە شاری ناسریەوە خۆڵی بۆ بهێنێت چونکە نرخی ئەوجۆرە خۆڵەی بۆ سەربان بەکاردەهات لە حەی ئەو بەهەمان نرخی گەنم و جۆ پێی دەفرۆشتن.

خۆپیشاندان گشتلایەکی عیراقی گرتەوە، لەپایتەختدا شەپۆلی تووڕەیی کۆمەڵی بێزارکرد بۆیە مانیان گرتو لەئەنجامدا دوکانو بازار داخران.





ڕۆژی ٢٨ی نۆڤەمبەری ١٩٥٦ خۆپیشاندان لە کووفە ڕویداو پۆلیس بە گوللـە ڕووبەڕوویان بوو، منداڵێک لەوێدا کوژراو یەکێک بریندار بوو، هاوکات لە دیوانیە، شامیە، حیللە، کەربەلا، ناسریە، عیمارە، بەسرا، کووتو عانەیش خۆپیشاندان هەڵگیرسا. بێزاری لەسەر ڕوداوەکانی نەجەف گەیشتە شارەکانی باکوری وەک کەرکووک، هەولێر، سلێمانیو مووسڵو لەوانەیشدا پشێویو خۆپیشاندان هەڵگیرسا[60].

پاش ڕوخانی کابینەی شالیاران لە ٢٠ی جۆنۆی ١٩٥٧ لە ڕۆژی ٣ی مارسی ١٩٥٨دا بەرانبەرە بە ١١ شەعبانی ١٣٧٧ کابینەی سەعیدی چواردەهەم پێکهات لەوەیشدا سەعید قەزاز بوو بە شالیاری ناوخۆ. وەک سەعید قەزاز لەلایەکەوە لەگەڵ "خەلیل کەننە" ناکۆک بوو، لەولایشەوە نووری سەعید بەڵێنی بە خەلیل کەننە دابو بیکات بە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران. کاتێک کەننە چووە هەڵبژاردنەوە بەو پشتگیرییە ناوی دەرچوو نەک لەئەنجامی هەڵبژاردنی ئازاد. کە ڕۆژی ١٠ مایسی ١٩٥٨ ئەنجومەنی نوێ بانگێش کرا بۆ دانیشتن نوری پاشا لەوبەڵێنەی پەشیمان بووەوە کە دابووی بۆیە لە هاوڕێیانی خۆیی خواست دەنگ بدەن بە عەبدولوەهاب مەرجان تا ببێت بە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران. هەمانکات شالیارانی ناکۆک لەگەڵ خەلیل کەننە، کەسانی وەک سەعید قەزاز، زیاء جەعفەری، عەبدولکەریم ئەلئیزریو ڕایح ئەلعەتیە کە ئەویان خۆشنەویستووە خواستیان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەن دووری بخەنەوە، لەوەدا (عەبدولئیلا)ی ڕاسپێردراویش بۆ ئەو مەبەستە هانی دابون[61].

لە فەبریوەری دا ١٩٥٨سەعید قەزاز لەنێو لیستی هەڵبژێردراوانی سلێمانیدا بوو بۆ شانزەهەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەران.

ئەوکاتەی سەعید قەزاز لە شالیارگەی ناوخۆدا بوو بڕیاری داخستنی دەرکردووە بۆ بەندیخانەی نوگرەسەلمان لە بیابانی باشورو خستیە ژێر دەسەڵاتی شارەوانیی سەماوەی سەربە موتەسەرفییەتی دیوانیەو بن دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی بیابانی باشوور، ئەویش لەبەرئەوەی هاووڵاتییان ڕەخنەی زۆریان هەبوو لەسەر دووری ئەو بەندیخانەیە لە ئاوەدانیو شارو دێهاتەوە.

60 ـ عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی/ بەرگی ١ / لاپەڕە ١١٧
61 ـ عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی/ سەرچاوەی پێشوو/ لاپەڕە ٢١٩ـ٢٢٠

هەروەها لەنێو ئەو بەندیخانەیە هەڵوێستی چەپەڵ ئەنجامدراوە بەرانبەر بە بەندکراوانی تایبەتو چالاکوانانی ڕامیاریی دوورخراوە بۆ ئەوێ. دەکرێت لەو سەردەمی پادشاییەی عیراقدا هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەندیخانە بەدناوەی نوگرەسەلمان بە یەکێکە لە خاڵە ئەرێنییەکانی کردەوەی سەعید قەزازی شالیار بژمێردرێت، بەڵام لە سەردەمی کۆماریدا ئەو بەندیخانەیە دیسان کرایەوە بە شوێنی زیندان بۆ زۆر لە هاووڵاتییانی عیراق. ئەو کابنەیەیش لە ١٩/ ٥/ ١٩٥٨دا دەستی لەکار کێشایەوە.

**بەشی سێ**

**١ / ٣ پرۆسەی دادگایی**

١٩/ ٥/ ١٩٥٨ بەرانبەر بە ١ زیلقیعدەی ١٣٧٧ی کۆچی، کابینەی شالیاریی بابانی پێکهات بەسەرۆکایەتی ئەحمەد موختار بابان، لەوەیشدا سەعید قەزاز بوو بە شالیاری ناوخۆ. پێشلەوەی تەمەنی ئەو ئەنجومەنە بگاتە دوو مانگ، شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ هەڵگیرساو بوەهۆی ڕوخانی ئەو شالیارگەیەو گشت سیستەمی پاشایەتیو سەردەمی کۆماری ڕاگەیانرا.

بۆ لێپرسینەوە لە سەرانی سەردەمی پاشایەتی یەک کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی سەر بە سپا لە شالیارگەی بەرگریدا پێکهات بە مەبەستی دەستگیرکردن، لێکۆڵینەوەو سپاردنیان بەو دادگا سپاییە تایبەتەی پەیوەست بە شالیارگەی بەرگری.

ئەو سەعید قەزازەی لە سەردەمی پاشایەتیدا شالیاری ناوخۆ بوو، لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشدا لەماڵی خۆیەوە بەتەلەفۆن پەیوەندی گرتووە لەگەڵ موتەسەریفی شاری بەغداو بەڕێوەبەرایەتی زانیارگری سپاو ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بەوەی هەرکات ئەوان بیخوازن دەچێتە لایان. پاش دوو کاژمێر ئەفسەرێک بە پێشهەنگی تاخمێک سەرباز بە ئۆتۆمبیلێکی لەشکری دەچێتە بەر ماڵەکەی دەستگیری دەکەنو دەیبەن بۆ بارەگای شالیارگەی بەرگری، لەوێ چاوی بە زەعیم ڕوکون عەبدولکەریم قاسمی سەرکردەی شۆڕش دەکەوێت کە پێشتر بەوبۆنەیەوە کە سەعید قەزاز موتەسەریفی لیوای کەرکووک بوو عەبدولکەریم پلەدارێکی سپایی بووە لە تیپی دووی کەرکووک، یەکتریان ناسیوە.





سەعید قەزاز پێیوابوو بەو بینینەی سەرۆک عەبدولکەریم لێکۆڵینەوەیەکی پاکو دادگایی مافپەروەرانەی لەگەڵ دەکرێت چونکە زۆری باوەڕ بەخۆ بوو کە پاقژو بەهەڵوێست بووەو پشتئەستوریش بووە بەو بەڵێنەی سەرۆک عەبدولکەریم قاسم پێیداوە بەڵام نەیبردە سەر. گشت ئەوانە بونەتە هۆ بۆ خۆبەدەستەوەدانی سەعید قەزاز.

سەعید قەزاز لەپاش خۆبەدەستەوەدانی بەندکراوەو براوەتە بەر لێکۆڵینەوە. بەپێی دۆسێی لێکۆڵینەوەی ژمارە ٧٠/ ١٩٥٨ لە ڕۆژی ١٦/ ١١/ ١٩٥٨ سپێردراوە بە دادگای سپایی باڵای تایبەت کە ڕۆژی ٢٤ جەنیوەری ١٩٥٨ دیاریکراوە بۆ دادگاییکردنی.



دادگای گەل لەکاتی دادگاییکردنی تاوانبارێکدا

ڕۆژی شەممە ٢٤ جەنیوەری ١٩٥٩ کاژمێر پێنجی ئێوارە پرۆسەی دادگایی سەعید قەزاز لە دادگای سپایی باڵای تایبەت (محكمة الشعب) دەستپێکرد. دادگا پێکهات لە عەقید فازل عەبباس ئەلمەهداوی سەرۆکو دەستەی دادوەر هەریەک لە عەقید فەتاح سەعید شاڵی، موقەدەم شاکر مەحموود ئەلسەلام، موقەدەم حسێن خزر ئەلدوریو ڕەئیسی یەک ئیبراهیم عەباس ئەللامی وەک ئەندامو دادیاری گشتی عەقید ڕوکون ماجد محەمەدئەمین. سەرۆک کۆڕەکەی

بەناوی گەلەوە کردەوەو تاوانبار سەعید قەزازی بەوناوە بانگ کرد. ئەویان هێناو خستیانە نێو ڕکەی تاوانباران.



سەعید قەزاز لەنێو ڕکەی تاوانەدا لە دادگای لەشکریی باڵا (محكمة الشعب)

دادیاری گشتی کەوتە خوێندنەوەی ئاماژنامەکەی تێیدا هەندێک تانووتو تاوانی ناڕاستو ناویژدانیی لەسەر تاوانبار خوێندەوە تێیدا دەڵێت؛ ئەو هەر لە منداڵییەوە کە لە قوتابخانەی سلێمانیی سەرەتایی بوو لەباوەشی مستەر "هۆڵمن"و "لایف"و "جاپمان"و "ئەدمۆنز"و سەرانی تری بەریتانیدا پێگەیشتووە. سەرئەنجام مستەر "لاین" کە پشکێنەری کارگێریی بوو لەشاری سلێمانی کردویەتی بە وەرگێڕو بڕی ١٣٠ ڕوپێی وەک موچە بۆ بڕیوەتەوە چونکە وەک مستەر لە ڕاپۆرتەکەیدا نووسیویەتی (گەنجێکی زرنگو قوزە).

لە پێشنیاری ١٦/ ٩/ ١٩٢٥یشدا پشکێنەری کارگێریی بۆ مستەر "ئەلدرمان" کە ڕاوێژکاری شالیارگەی ناوخۆ بوو دەنوسێت (ئەو حەمە سەعید ئەفەندییە لە فەرمانبەرە دەگمەنەکانی ئەم دەڤەرەیە، کاری ڕۆژانەی خۆی بەجۆرێکی زۆر گونجاو ئەنجام دەداتو کارەکانی بە ئاسانی هەڵدەسوڕێنێت[62] ).

باری چەواشەیی سەیر ئەوەیە کە ڕێزدار خەلیل کەننە خۆی لە سەردەمی پاشایەتیدا شالیارو ئەندامی پەرلەمانیش بووەو لەنێو پەرلەماندا هێرشی کردوەتە سەر سەعید قەزازو تانوتی ئەوەی لێداوە کە لە باوەشی مستەر جاپمانو لەژێر چاودێری ئەودا گەورە بووە، واتە ئەوەی لە سلێمانی پشکێنەر بووەو سەعید قەزا لەوێدا وەک گشت فەرمانبەرێکی تر فەرمانبەر بوو، کاتێکیش چەرخی ڕۆژگار هەڵدەسوڕێت ڕێزدار ماجد محەمەدئەمینی دادیار

62 ـ دۆسیی دانیشتنەکانی دادگای سپایی باڵای تایبەت (محكمة الشعب) بەشی ١٠ / لاپەڕە ـ ٣.





لە دادگای گەلدا هەمان ئەو وتانەی خەلیل کەننە دەڵێتەوە کە ئەویش هەر لەو دەزگایەی شۆڕش دەستگیر کراو بوو.



دادیاری گشتی (ماجد محەمەد ئەمین) لەکاتی خوێندنەوەی ڕاپۆرتی تاوانبارکردندا

هەرگیز دادگا ئەوجۆرە لەڕوو وەستانەی بەخۆوە نەدیوە کە سەعید قەزاز بە جۆرێک لە تورەیی وەڵامی دایەوە هەستی سەرۆکو ئەندامانی دادگای هەژان. ئەو سەرەڕای جیاوازی پێگە لە توانای دەربڕین دەڵێت: هەڵوێستی دادگا بێلایەن نابینم چونکە وا سووکاتەتی بەمن دەکرێت نەتەنها لەلایەن سەرۆکی دادگاو دادیاری گشتییەوە بەڵکو تەنانەت لەلایە کەسانێک کە هیچ ناونیشانی فەرمییان پێوە نییە، بۆیە کەوتوومەتە ئەو باوەڕەی چارەنووسی من لەپێش دادگایی کردنمەوە نووسراوە. باشە وەک دوائەنجامی ژیانی منو چارەنووسی منتان دیاریکردبێتو منیش لەمردنو سێدارە نەترسم ئێستا وتەکانی خۆم دەڵێم تا دەنگم بگاتە دەرەوەی ئەم هۆڵە بۆلای برا عیراقییەکانم تا بۆیان دووپات بکەمەوە کە من پتر لە سی ساڵ بە دڵسۆزیو پاک بۆ بەرژەوەندی ئەوان کارم کردووە.

لە سەعید قەزاز بەولاوە هیچ تاوانبارێک نەیتوانیوە لەبەردەم دادگاکەی مەهداویدا بوەستێتو ڕەخنە لە پاقژیی ئەو دادگایەو بڕیارەکانی بگرێت. تەمەنی ڕوو لە شەست ساڵ بوو کە بەرەوڕووی مەهداوی وەستاو پێیگوت

من نە لەمردن دەترسم نە لە سێدارە، کاتێکیش مەهداوی لێیدەپرسێت، ئایا تۆ لە نەتەوەییانی عەرەبی؟ سەعید قەزاز دەڵێت: من کوردمو عیراقیم، شانازیش بە عیراقی بوونم دەکەم.

لەبەرئەوەی دەیزانی لەبەردەم دادگایەکدا وەستاوە دوور لە دەسەڵاتی سەپاندنی پرنسیپەکانو ڕەوشی یاسا چونکە وەک سپاییو تایبەتە هیچ یەک لە دادوەرانی یاسایی نین. لە دەسپێکی داکۆکیەکەیدا داخوازییەکی هەبوو کە مافی ڕەوایە بۆ گشت تاوانبارێک، هەرچی بووبێت ئەو تاوانەی لە سەری دادگایی دەکرێت، دەڵێت؛ بەوەی مافی داکۆکیکردن لەخۆ پیرۆزە، ئەویش بەناوی ئەو پیرۆزییەی دادەوە دەخوازێت ڕێگەیدەن داکۆکنامەکەی تا کۆتایی بخوێنێتەوە بێلەوەی کەس پێی ببڕێت، بەڵام کە مەهداویی سەرۆکی دادگا پێدەبڕێت ئەو خۆی لێ گرژ دەکاتو وەبیری دەهێنێتەوە کە ئەو بەڵێنی داوە کەس پێی نەبڕێت. ئەگەر مەهداوی لە باری شەڵەژاویدا نەبوایە دەبوو چاک بیزانێت کە بەڵێنی دادوەر لەخۆیدا بڕیارە، بۆیە پێویستە ڕێز لەو بڕیارەی خۆی بگرێت.

بارەکە هەرچۆنبێت ئەو وەک پیاوێکی پۆڵاینو پڕباوەڕ بووە بەخۆ بۆیە ئەو وتە دەنگدەرەوەی دەبڕیوە (وا من وەستاوم مەرگی خۆم لەنێو دوو کەوانە یان نزیکتریش دەبینم.. هەرگیز سێدارە من ناترسێنێت.. کاتێکیش دەچمە سەر سەکۆکەی لەبەرپێمدا کەسانێک دبینم شایانی ژیان نین... لە درێژەیدا دەڵێت؛ وا لە بەردەستی خودای مەزنو پڕشکۆدا وەستاوم تا دوا وتەم ڕاگەیێنم وەک موسوڵمانێک لە دادپەروەریی بەبووهێنەرو ئاینی ئیسلامی ڕاستاڵ بەولاوە هیچ ئاواتم نەماوە. من وەک عیراقییەک سیوسێ ساڵ لەپێناو بەرژەوەندی وڵاتەکەمو بۆ یەکێتیی عیراقی پیرۆز کۆشاوم، بە ئاشکرا لەڕووی گوێگراندا دەڵێم، شانازی دەکەم بەوەی پێشکەشم کرد بە وڵاتەکەمو شانازی بەوەیشەوە دەکەم کە بەرەنگاری کۆمۆنیستیی جیهانیو مەترسیەکانی بووم لەسەر وڵاتی خۆشەویستم**!!** خۆ ئەگەر لە ئەنجامی ئەو جەنگەم هەرچیەکم لێ بەسەربێت بە باوەڕێکی بتەو پەسەندی دەکەمو دەبمە مایەی شانازی بۆ خزمو خێشم وەک یەکەمین قوربانیی سەر ئەو ڕێیە، بۆیە لە کۆتایی داکۆکنامەکەمدا ڕوی خواستی بەزەییو لێخۆشبوون لەهیچ مرۆڤێک ناکەم بەڵکو ئەو بارە جێدێڵم بۆ خوداو چاوەڕوان دەبم تا ئەوکاتەی خودا داوەریم دکات چونکە هەر ئەوە چاکترین دادوەر).





لەڕاستیدا سەعید قەزاز پڕئارەزو خویداوە بەدەست هێزەکانی لەشکرەوە. یەکسەر پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ تەلەفۆنی کردووە بۆ موتەسەریفی شاری بەغداو بەڕێوەبەری زانیارگری سپا پاشان کە تاخمێک سەرباز بە پێشهەنگی ئەفسەرێک ڕەوانەی ماڵەکەی کراوە ئەو لە چاوەڕوانیاندا بوو، پاش گرتنیشی سەرۆک عەبدولکەریم قاسمی بینیوە، ئەو بەڵێنی داوەتێ لێپرسینەوەی پوختو دادگایی دادپەروەرانەی لەگەڵ بکرێت بۆیە پێویستە ماوەیەکی کەم لە گرتنگە بمێنێت، ئەوجا دەبرێت بۆ کۆمیتەی لێکۆڵینەوە لە شالیارگەی بەرگری. مەهداوی ناوبانگی بەوە دەرکردبوو کە وشەی ڕوشێنەرو گاڵتەجاڕی بەکاردەهێنا لەڕوی ئەو تاوانبارانەی دەکەوتنە نێو ڕکەی تاوان. دیارە هەلی پایەو دەسەڵاتەکەی قۆستەووەتەوە بۆ ئەو بارە، بەڵام کاتێک ویستی سووکایەتی بە قەزاز بکات ئەو بە هەڕەشەوە وەڵامی دایەوەو گوتی:

بەتایبەتی تکات لێدەکەم، سوکایەتی بە شکۆم نەکەیت چونکە هرگیز ڕێنادەم کەس شکۆم بڕوشێنێت.

ئەوانەی بوون بە دیدەروانی دژ لەسەر سەعید قەزاز ئەمانە بوون ـ عەزیز شەریف، تۆفیق مونیر، کامل قەزانچی، فازل بابان، مومتاز ئەلدەفتەری، جاسم موخلس، میخائیل نەعوم، عەبدولجەبار فەهمی، سولتان ئەمین، عەبولسەلام ئەلجبوری، محەمەد عەبدولعەزیز، شاکر العانی، بەهیە مستەفا، عارف ئیسماعیل، دێوالي ئەلدوسکی، باقر کەمالەدین، سالح زەکی موسلیح، محەمەد حەسن سادق، داود ئەلئۆرفەلی، مەلا سالح عەلی، ئیبراهیم ئەلقازی، حەمدان حوسێن ئەلعەلی، هاشم سەید توعمە، نەزیمە وەهبی، موحسن ئەلحاج هوەیش، کەریم عەلەشو رەحیم عەلی .

پاش گوێگرتنی دادگا لە دیدەروانان، تاوانبار سەعید قەزاز لە داکۆکنامەکەیدا ئاماژەی دەربڕی لەسەر ئەو دیدەروانییانەو گوتی: نامەوێت چەندوچۆن لەگەڵ دیدەروانان بکەم چونکە هەر لەسەرتاوە ئەوان دژ بەمن وەستان، تەنانەت ڕێگە درا بە یەکێکیان پێش چوونە نێو بابەتی مەبەست هۆنراوەیەکی بخوێنێتەوە پڕ لەجوێنو تانوتو بەکارهێنانی وشەگەلێکی ناشیرینی ئەوتۆ پێویستە لەم دادگایەدا ڕێگەی پێنەدرێت کە ناسناوی گەلی هەڵگرتووە. هیچ گومانیش نیە لەوەی زۆربەی گەواهیەکان هەڵبەستراوو بێنرخ بونو هیچ

پەیوەندیەکیان بە بەرپرسیارەتی خودی منەوە نیە. تاکە دیدەروان کە وێرای بەشێک لە چاکەی من بڵێت سەرۆکـو دادیاری گشتی پێی تورەبوون، ئەویش دیدەروان شاکر ئەلعانییە، لەیەزدان دەپاڕێمەوە بە بەهرەی خۆی بیپارێزێت.

کاژمێر دەی پێشنیوەرۆی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ دیسەمبەر ١٩٥٩ تاوانبار سەعید قەزاز بەوشێوەی خوارەوە دەستیکرد بەخوێندنەوەی داکۆکنامەکەی:

تاوانبار: زۆرجار ئەوەتان دووپات کردەوە کە بەرگری لەخۆ پیرۆزە.. تکاتان لێدەکەم لەبەر ناوی ئەو پیرۆزییە تا کۆتایی داکۆکنامەکەم مەهێڵن کەس پێمی ببڕێت..

سەرۆک: فەرموو..

تاوانبار: سوپاس.. دەستبەجێ پاش هەڵگیرسانی شۆرش پرئارەزوو خۆمدا بەدەستەوە لەلای دەسەڵاتدارانی لەشکر.. ئەویش پاش پەیوەندی تەلەفۆنیم لەگەڵ موتسەریفی ئێستای بەغداو بەرێوەبەری زانیارگریی سپا، بەوانم ڕاگەیاند کە هەرکات ئێوە بخوازن من ئامادەم بێمە لاتان..

.. پاش دوو کاژمێر ئەفسەرێک لەهێزی لەشکر لەگەڵ ژمارەیەک سەرباز هاتنەماڵەوە یەکسەر منیان برد بۆ شالیارگەی بەرگری.. مەبەستیشم لە گێرانەوەی ئەو پێشەکیە بەدرۆخستنەوەی دادیاری گشتیە کە دەڵێت من لەترسی کوشتن جلی ژنانەم لەبەر کردووە.. ئەو دەربرینە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە..

سەرۆک: لەبریی وشەی "بەدرۆخستنەوە" وشەی ڕاستکردنەوە بەکاربێنە..


تاوانبار: بەڵێنم لە ئێوەی ڕێزدار وەرگرت کەس وتەکانم پێ نەبڕێت..

سەرۆک: کەویستت کەسێک پێتنەبڕێت.. ئەوە ناگەێنێت سەرۆکی دادگایش نەکارێ پێت نەبڕێت.. مەبەستی تۆ ئەو هاووڵاتییە بەرێزانەیە کە لێرە ئامادەن.. بەڵام هێرشی تۆ بە وشەی بەدرۆخستنەوە کارێک نییە بتوانین لێی بێدەنگ بین.. پێویستە ڕاستیکەیتەوەو بکەیت بە "ڕاستکردنەوە"..

تاوانبار: ئەم داکۆکنامەیە بۆ بەرگرییە لەمنو خۆم واژوی لەسەر دەکەم.. من بەرپرسم لەگشت وشەیەکی تێیدا دێت..







**لاپەڕەی یەک لەدەستنووسی داکۆکنامەی سەعید قەزا کە لەبەردەم دادگای گەلدا خوێندییەوە**

سەرۆک: دادیاری گشتی درۆ ناکات.. ئەو زمانی گەلە... (چەپڵە) سەردەمی درۆو درۆزنان بەسەرچوو.. من بەناوی گەلەوە پێت دەڵێم ڕاستی بکەرەوە (چەپڵەو پێداهەڵدان).. دەی لەسەر داکۆکنامەکەت برۆ.

تاوانبار: ئەگەر بەڕێزیان دادپەروەر بێت پەنا بۆ ئەوجۆرە دەلەسەیە نابات.. خۆ ئەگەر ئەو من چاک ناناسێت ئەوا زۆرکەس لەبەغدا یان دەرەوەی بەغدا دەزانن سەعید قەزاز کێیەو تا چرادەیەک ڕاستگۆیە. ئەوەی پاڵی بەمنەوەنابێت بەئارەزوی خۆم پەیوەندی بگرم لەگەڵ دەزگای سپا: **یەکەم**، باوەڕبوونم بەخۆیە کەهەمیشە ڕاستو دروستی کارم بۆ وڵاتەکەم کردوەو هیچی شتی وام نەکردوە پێویستکات لە دەسەڵاتی یاسا هەڵبێم.. **دووهەم**، باوەڕم بەو بانگەوازە کرد کە سەرانی شۆڕش سەرەتا بڵاویانکردەوە بەوەی شۆڕش هەڵگیرسا بۆئەوەی بارودۆخی ڕابوردوو بگۆڕێت.. شۆڕشی ڕقو تۆڵە نییە بەڵکو ئەوان لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوکەسانە دەکەن کە ناپاک بوون بەرانبەر نیشتمانو بە ڕێوڕەوشێکی ڕەوا دادگایی دەکرێن.. کە ڕۆژی ١٥ی تەمووز (یولیو) چاوم بە سەرکردەی شۆڕش لیوا ڕوکون[63] عەبدولکەریم قاسم کەوت (چەپڵەو پێداهەڵدان...)

سەرۆک: داکۆکنامەکەی پێمەبڕن.. ڕەوش وەهایە ئەو لەبەرگری ببێتەوە ئەوجا بکەونە چەپڵەو پێداهەڵدان..

تاوانبار: لەکاتی ئەو دیدارەم لەگەڵ سەرکردەی شۆڕشدا شکۆدار لیوا ڕوکون عەبدولکەریم قاسم، بەبۆنەی ناسیاویی نێوانمان، بەوتەی نەرم سووربوو لەسەر ئەوەی من هاوڕێی ئەوم بەڵام بەپێی پێداویستی بارودۆخی ئەمڕۆ پێویستە ماوەیەک بەندکرێم.. جونکە کاتێ من لەکەرکووک موتەسەریف بووم ئەو لە بارەگای سپای دوو پلەداربوو بۆیە زۆر ڕوونو ئاشکرا پێمگوت؛ من هەست بە ڕادەی بەرپرسایەتیی ئەو دەکەم وەک پێشەوای بزوتنەوەیەکی شۆشگێرانە بۆیە ئامادەم لەبەردەم ئەو کۆمیتەی لێکۆڵینەوەیەی دیاریی دەکات بۆ پرسینەوە لە تاوانبارنو بەرپرسیارەتی ڕۆڵو کردەوکانی خۆم لەئەستۆ بگرم.. ئەوەبوو پاش بەندکردنم بە

63 ـ عەبدولکەریم قاسم ئەوکات زەعیم ڕوکون بوو نەک لیوا ڕوکون (وەرگێڕ)





ماوەیەک یاسای ژمارە ٧ بۆ ساڵی ١٩٥٨ بڵاوکرایەوە. لەگەڵ ئەوەی دۆشدامام لەسەر ئەوجۆرە کاریگەری پاشەوپاشییەی یاسا کە پێشتر ڕوینەداو. ئەوکات وتەکانی سەرۆکم هاتەوە یاد کە پێیگوتمو لێی دڵنیابووم گوایە دادگایی بەپێی ڕەوشی یاسا دەبێت بۆیە پێویستە چاوەڕوانی ئەنجام بکەین.. کاتێک دادگا کەوتە گەڕ دەبینم بەجۆرێکی تایبەت بەڕێوە دەچێتو هەڵوێست تێیدا سوکایەتی کردنە بە تاوانبارو دیدەروانان پتر لەوەی بۆ ڕونکردنەوەی ڕاستیو گوێگرتن بێت لەوەی دەگوترێت، بۆیە بۆ ئەوەچوم کە لەوانەیە ئەو هەڵوێستە ئەنجامی ئەو بارودۆخو وروژاوییە پەیدایە هەر ڕۆژێک دێت دامرکێتو گشت شتێک بگەڕێتەوە سەر ڕێڕەوی ئاسایی خۆی. وا دەبینم ڕۆڵ گەیشتووەتە سەر ئەوەی من وەک تاوانبارێک بێم لەبەردەم ئێوەدا بوەستمو ڕێگەیشم پێنەدرا ئەو پارێزەرەم ببینم کە یەکەم ڕۆژ پەسەندم کرد بۆم ببێتە بریکاری داکۆک. وەک لە کۆری یەکەمی دانیشتندا نەیتوانی ئامدەبێت کە ڕۆژی دواییش هات لەچەند خولەکێک بەولاوە کە لە پێنج یا شەش خولەک تێنەپەڕی، ماوەم پێنەدرا ببینم... (سەرۆک پێی دەبڕێت)

سەرۆک: چکات تۆی پارێزەر خواستووتە تاوانبار ببینیت یان لێرە ئامادەبیت ئێمە ڕێمان لەتۆ گرتووە!؟

پارێزەر: سەرۆکی بەڕێز، لەڕاستیدا هیچ بەربەستێک لەڕوی مندا نەبووە بۆ بینینی تاوانبار جگە لەوەی لەیەکەم دانیشتندا بەهۆی هەندێک دۆخی ناهەموارەوە پێنج خولەک دواکەوتمو لەبەر قەلەباڵغی زۆر نەمتوانی بێمە ناو هۆڵەکە، ئەوکات لە ڕادیۆدا بیستم کە ڕێزدار سەرۆکی دادگا لەمن دەگەڕێت، بێگومان ئەوە چاکترین نیشانەیە بۆ ئەوەی ئەو نیگەران بوو لەوەی پارێزەر تەنانەت یەک خولەک لە تاوانبار دووربێت.

سەرۆک: بیهێڵن با درێژە بەوتەکانی بدات.. بەتی درۆ کورتە.

تاوانبار: فەرمون وا ئەمڕۆیش دەکۆشێت داکۆکیم لەمن بکات، بێلەوەی توانای بینینم بوبێت تا هەندێک ڕاستیی بۆ ڕوونکەمەوە لەسەر ئەو کێشانەی لەدادگادا هاتنەپێش.. هەرچی دانیشتنەکانی خودی دادگایشە هەر لەسەرەتاوە دۆخەکەی بێلایەن نەبووە. چەندین جار سوکایەتی بەمن کرا، نەتەنها لەلایەن سەرۆکی دادگاو دادیاری گشتییەوە بەڵکو لەلایەن

کەسانێکیشەوە کە هیچ ڕواڵەتی فەرمیان پێوە نییە.. (سەرۆک پێیدەبڕێتو دەڵێت): ئەوە خواستی گەلە.

تاوانبار (بێ گوێدانە ئەو): ئەوەی من پڕباوەڕم پێی، چارەنوسی من لەپێش دەسپێکی پرۆسەی دادگاییەوە دیاری کراوە، جا لەبەرئەوەی نەخشەی ژیانم دیارەو لەبەر ئەوەیش کە من لە مردنو سێدارە ناترسم، من وتەکانم بەوشێوەیە دەخوێنمەوە تا دەنگم بگاتە دەرەوەی ئەم دادگایە.. بۆ گوێی برایانی عیراقیم تا بۆیانی دووپات بکەمەوە کە من.. (ئەوکات ژاوەژاو پەیدابوو؛ کەللـەسەری تاوانباریان دەویست)

سەرۆک: وتەکانی پێ مەبڕن.. وازی لێبێنن.. مافی بەرگری لەخۆ پیرۆزەو ئێمە پابەندین پێی بۆئەوەی هەرچی زوتر ڕاستییەکانی پێ ئاشکرابێت..

تاوانبار: .. تا بۆیان دوپاتکەمەوە کە دڵسۆزانە پتر لە سی ساڵ ڕاستو دروست کارم بۆ بەرژەوەندی ئەوان کرد، ئەگەر هەڵەیەکیشم کردبێت ئەوا مافی ئەوەم هەیە بەرگری لەخۆ بکەم.. بەڵام ئەوەتا پێمی ڕەوا نابینن..

سەرۆک: چۆن پێت ڕەوا نەبینراوە! ؟ دەی ئێستا بەرگری لەخۆت بکە، بۆ ئێمە ڕێمان لە بەرگری تۆ گرتووە؟ تا ئێوارە داکۆکی بکە، ئەوەی دەیخوازیت بیلێ.

تاوانبار: .. ئەوەتا من بەکێش کراوم بۆ ئەم شوێنە تا ڕووبەڕوی لێشاوی جوێن ببمەوە لەلایەن بەرپرسان هەروەها لەلایەن چینێکی دیاریکراوەوە. (سەرۆک پێیبڕی)

سەرۆک: گەل دووقات تۆڵەی خۆی دەکاتەوە، چونکە سەربەستو بەهێز بووە.. (چەپڵەو پێداهەڵدان)

تاوانبار (بێ گوێدانە ئەو): ..ئایا منتان هێناوە بەتایبەتی بۆ ئەو مەبەستە.. ئەوە لەبری ئەو مافەی پێویستە دادگای بێلایەن دابینی دەکات بۆ تەنانەت تاوانبارترین کەس تا ئەو ئاستەی تاوانەکەی بەسەردا دەسەپێتو فەرمانی دادی لەدژ دەردەچێت.. من چەندوچۆن دەرنابڕم لەسەر دیدەروانیی دیدەروانان چونکە ئەوان هەر لەسەرەتاوە لەدژی من ئاراستە کراون.. تەنانەت ڕێگە درا کەسێک پێشلەوەی بچێتە نێو بابەتی مەبەست، دەستی





کرد بە خوێندنەوەی هۆنراوەی جوێنو توانج... (سەرۆک پێیبڕی)

سەرۆک: ئەی بێدەنگمان نەکرد!!؟ .. ڕاگیراو پێیگوترا، بۆتهەیە پاش دیدەروانیەکەت ئەوە بخوێنیتەوە..

تاوانبار: بەڵام بەکارهێنانی وشەی پیس نابێت لەدادگایەکدا بگوترێت کە مۆرکی گەلی پێوەیە، بێگومان گشت دیدەروانییەکان درۆو دەلەسەو هەڵبەستراو بوونو هیچ پەیوەندییەکیان بە بەرپرسایەتیی منەوە نییە.. ئەو تاکە دیدەرەیشی پێی بەجەرگی خۆیدا نا هەندێک باش لەبارەی منەوە دوا، سەرۆکـو دایاری گشتی پێی زویربوون.. لەخودا دەپاڕێمەوە چاودێری بکاتو بیپارێزێت.

سەرۆک: کامە؟

سەعید: شاکر ئەلعانی.

سەرۆک: هەر لەبەرئەوەی داکۆکی لەتۆ دەکات؟.. ئێمە بەشێک لەو وتانەیمان لابرد کە هیچ پەیوەندیی بەتۆوە نەبووە.. ڕای گشتیش زۆرچاک دەزانێت بۆ ئێمە وتەی ئەومان لابرد هەروەها بۆچوونی ئەو دیارە.. هەروەها دادیاری گشتی ئەوە دەزانێت.. ئێمە تەنها وشەی "الأدراک"مان شیکردەوە، ئەو شیکردنەوەیەو باری ڕاستەقینەی نەتەوایەتیی هێشتا ماوە، .. ئایا تۆ لە نەتەوەییانی عەرەبی؟

سەعید: نا من کوردی عیراقمو شانازی بە عیراقیبونی خۆم دەکەم.

دادیاری گشتی: لەبەرئەوەیە لە سەردەمی کابینەکەی نووری سەعید کە تاوانبار تێیدا شالیاری ناوخۆ بوو، شاکر العانی دادیاری گشتی بوو، لیژنەی پاقژکردنەوەی دەزگاکانی ڕژێم لەسەر ڕەوشت خراپی ئەوی دەرکرد، وا ئێستا بۆی لەخودا دەپاڕێتەوە تا بیپارێزێت.. ئەمانە دەرچوی یەک فێرگەو هەمان یەکجۆر قوڕن.

سەرۆک: لەکاتێکدا ئەو دیدەروانییەکەی دەدا من هیچ بەوەم نەزانی! دادیار گشتیش ئەوە دەزانێت، ئەو پاش تەواوبوونی دیدەروانیەکەی منی تێگەیان، من لەیەکهەم خولەکی دادگای گەلەوە تا ئێستای لەباری ڕاستێنیو بەرژەوەندی گەل بەولاوە لایەنگری کەس نەبووم (جەپڵە) باشە لەبەرچی

تۆ بێئومێد بوویت.

تاوانبار: بێئومێد نیم.. ئێوە بەڵێنی ئەوەتان بەمندا کاتێک داکۆکنامەکەم دەخوێنمەوە کەس پێم نەبڕێت.

سەرۆک: ئەریٚ ئەوە بەرگریە یان هێرش؟

تاوانبار: هەرچۆنبێت من بەرپرسم لەگشت ئەو وتانەی تێیدا هاتوون، من بەناوی پیرۆزیی ڕەوشی بەرگرییەوە ئەوەم خواست.

سەرۆک: تۆ وەک ئەوکەسە دەکەیت کە دەخوازێت بە خەنجەرەوە پێشوازی لەکەسێک بکاتو پێی بڵێت دەخوازم بەناوی دۆستایەتی پیرۆزەوە تەوقەت لەگەڵکەم ئەوجا دەیداتە بەر خەنجەر. هەروەک دوێنیٚ لەدانیشتنەکەدا ڕونمانکردەوە.. ئەوەی بەناوی دۆستایەتیو بەناوی شۆڕشەوە ویستی سەرکردەی شۆڕش بکوژێت کە هاوڕێی خۆی بوو[64].. (دەی تەواویکە..)

تاوانبار: بەڵام ئەو تاوانانەی دادوەری گشتی ڕووبەڕوی منیان دەکاتەوە، هەر لە کۆنەڤین دەچن چونکە هیچ بنەمایەکی پەندێری یان یاساییان پێوەنییە. (سەرۆک پێی دەبڕێت)

سەرۆک: ئەریٚ پێشتر یەکترتان ناسیوە!!؟ قین واتای دوژمنایەتی نێوان دوو کەس دەگەێنێت، ئەگەر مەبەستت قینی گەلە ئەوە ڕێی تێدەچێت، ئەریٚ من لەو لێکدانەوەیەمدا هەڵەم؟

تاوانبار یەکهەم، سەبارەت بە چوونی من بۆ بەسرا ڕۆژی ٥/ ٢/ ١٩٥٣ لەوە پتر نەبوو کە کۆتایی بهێنین بەو ئاژاوەیەی ببوە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی گشتیو هەڕەشە لەسەر سەربەستی ئەو هاووڵاتییانەی دەیانویست بچنەوە سەرکار لە کۆمپانیای نەوت بۆ دابینکردنی موچەی ڕۆژیان. پەیوەندی من بەو ڕوداوەی ناوبرا تێنەپەڕیوە لە سەرپەرشتیاریو کاری پیشەیی خۆمو بەپێی ڕەوشەکانی یاسای ڕۆژ تا کەسەکان بتوانن مافی ڕەوای خۆیان بخەنە گەڕ لە کارو نەهێڵم کەس دەستدرێژیان بکاتە سەر. ئەگەر

[64] ـ مەبەستی لە پلانەکەی عەقید ڕوکون عەبدولسەلام عارفە دژ بەسەرۆکی تاقانە عەبدولکەریم قاسم کە هێشتا کوودەتاکەی تەمووز ١٩٥٨ ساڵی بەسەر نەچووبوو لێی هەڵگەڕایەوە (وەرگێڕ)





زیانی گیانیش ڕویدابێت ئەوە لەنێوان خۆیاندا بووە ئەوکات دەسەڵاتی دادوەری گشت کارڕاییەکی لەمەڕ گرتووەتە بەر.. بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەگەر من بووبێتمە هۆی باری زیانەکان دەخوازم لە شالیاری ناوخۆ گەواهی بدات کە ئەوکات لە دووهەم ڕۆژی بڕیاردانی یاسای نائاساییدا بوو بە دادوەری سپایی، هەروەها سپاسالاری لەشکری ئەمڕۆ کە ئەوکاتی یاسای نائاسایی بڕیاردرا ئەو سەرۆکی دادگای سپایی بوو لە بەسرا.. هەرچی ئەو ڕوداوانەیشە کە بەداخەوە لە نەجەف، حەیو بەغدا لە پاش دەستدرژییەکەی مانگی تشرینی ساڵی ١٩٥٦ بۆ سەر میسر ڕویاندا پەیوەندی من بەوانەوە لە شالیارێکی نێو ئەنجومەنی شالیارانی حکومەتی سەردەم بەولاوە چیتر نەبوو. هەر هەڵوێستی تر لەکاتی ئەو ڕوداوانە یان بەهۆیانەوە لەمنەوە دەرچوبێت هەر بەپێی یاسای ڕۆژو بەپێی پێداویستی ئەوکاتە بووە لەپێناو پارێزگاری لە نیشتمانی عیراق. هەرچی ڕووداوەکەی سلێمانیشە بەهۆی گێڕانەوەی تەرمی ڕەوانشاد شێخ مەحموود، من چەند کاژێرێک پاش ڕودانی لەڕێی بریکاری موتەسەرفی شارەوە پێمزانیوە، ئەوەی من بۆیم کۆشیبێت هەر دامرکاندنی دۆخەکەو جێهێشتنی کارەکە بوو بۆ دادگا ڕەوشییەکان تا لەو شتانە بکۆڵنەوە کە بووەتە هۆو سەپاندنی سزا بەپێی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان، ئەویشی لەلایەن چەند دادوەری سڤیلەوە بەئەنجام گەیشت. بەڵام سەبارەت بەوەی من دەستم وەردابێت لە کاروباری هەڵبژاردنو دەسنیشانکردنی کاندید بۆ پەرلەمان، بەکورتی دەڵێم؛ زۆرجار سکاڵا سەبارەت بەو بارە لەلایەن کەسانێکەوە دەهاتن تێیدا ویستوویانە کاربەدەستانی میری بەکێشکەن بۆ پشتگیری کردنیان چونکە بارستایی ئەوتۆیان لە بازنگەی هەڵبژاردنی دەڤەرەکانیاندا نەبوە تا هەلی دەرچوونیان بۆ هەڵکەوێت بۆیە ئەوانەی ناگەن بە ئامانج خۆ دکەن بە پێشهەنگ بۆ ئەوکەسانەی فرمێسک بۆ ئازادیی هەڵبژاردن دەڕێژن گوایە لەبەر دەستێوەردانی پیاوانی ڕژێم بووە. بۆیە لەوڕووەوە توانیم بەرپەرچی وتەی دیدەروانان بدەمەوە چونکە لە هیچیەک لەو ڕوداوانەدا ئاماژە نییە ئەوە دەریخات من سەرپێچیی یاساییم کردبێت. وا من وەستاوم مەرگی خۆم لەنێو دوو کەوانە یان نزیکتریش دەبینم.. هەرگیز سێدارە من ناترسێنێت.. کاتێکیش دەچمە سەر سەکۆکەی لەبەرپێمدا کەسانێک دبینم شایانی ژیان نین.. من ئەمڕۆ لەبەردەم خودای

مەزن‌و پڕشکۆدا وەستاوم وەک موسوڵمانێک دواوشەم ئەوەیە کە دەڵێم لە ڕاستی‌و دادپەروەری ئافریدەری مەزن‌و باوەڕ بە ئاینی ئیسلامی ڕاستاڵ بەولاوە هیچ ئومێدی تری نەبێت.. وەک عیراقییەک وەستاوم کە سی‌وسێ ساڵی بەخشیوە لەپێناو پارێزگاری لە یەکپارچەیی عیراقی پیرۆز.. ئێستا لە بەڕەوڕووی لووتکەی دیدەروانی وەستاوم بە ئاشکر دەیڵێم کە شانازی دەکەم بەو کارو فەرمانانەی دەرمکردوون‌و لەپێناو نیشتمانی خۆشەویست بووە.. سەربەرزم بەوەی بەهۆی موسوڵمان بوون‌و نیشتمانپەروەریمەوە بەپێی ڕەوشی ئەو یاسایەی وڵات بەرنگاری کۆمۆنیستان بومەتەوە کە تا ئێستایش وەک ڕەوشی وڵات کارییپێدەکرێت.. سەربەرزم بەوەی وەک شالیارێکی کارا بەپێی سروشی خودایی‌و ئاوەزی لەسەرمدایەو ئەو دڵەی نێو سنگمدایە هەڵوێستم دەکرد.. (پێکەنین..و هەمانکات سەرۆک پێیدەبڕێت)

سەرۆک: مافی داکۆکی پیرۆزە، بەهەر شێوەیەک دەخوازێت با بەرگری لەخۆی بکات، ئێمەیش لەسەنگەری سەختداین بۆی.. (چەپڵە)

تاوانبار (بێ گوێبداتە ئەوان): هۆشداریم داوە لەمەڕ شەڕانگیزی کۆمۆنیستیی جیهانی‌و مەترسیی ئەوان لەسەر نیشتمانی خۆشەویستم؛ ئەگەر لە ئەنجامی ئەو جەنگەم توشی هەرچییم ئەوا بەدڵێکی پڕباوەڕەوە پەسەندی دەکەم. ئەوساکە خزم‌و خێشم کەسێکیان دەبێت شانازی پێوەبکەن چونکە دبمە یەکهەمین شەهیدی ئەو گۆڕپانە. لەکۆتایی داکۆکنامەکەمدا.. ڕووی خواست‌و بەزەیی‌و لێبوردنم لەهیچ مرۆڤێک نییە بەڵکو باری خۆم دەدەمە دەست خوداو چاوەڕوان دەبم تا ئەوکاتەی خودا دادی خۆی دەسەپێنێت، چونکە هەر ئەوە بەهرەوەرترین دادوەر[65]..

سەرۆک: ئێستا گوێبگرە.. بێگومان پێش دەسکردن بە مشتومڕ لەگەڵ تاوانبار، گوێتان لە شێوەگفتی خولی لەناوچوو بوو، لەگەڵ پێداگری تاوانبار لەسەر ڕەوتەکەی، (ژیری)ی مێشکبڕو درۆ لەسەرپێکانیشی لەسەر ئێمەو سەر دادیاری گشتی نیشانەن بۆ ئەو.. ئەوان بەهەمان شێوەی

65 ـ دەقی ئەو داکۆکنامەیە لە بەشی دەهەمی دۆسێی دانیشتنەکانی دادگای سپایی باڵای تایبەت (محكمة الشعب)دا هاتوە، لەلای منیش لەسەر کاسێت هەیە بەدەنگی خوالێخۆشبوو سەعید قەزاز.





درۆودەلەسەو زوڕنایەن کە داگیکەرو کۆنەپەرستان دەیکەن لەسەرمان، وەک ئەوەیە کە گوتیان، ئەوکاتەی یەکێک لە دیدەروانان بەهۆی ڕەوتی براکەیەوە سەرۆکی دادگای بەگیرهێنا، هێرشی کرایە سەرو ئەوەیان پێکرد کە شیاوی بوو، چونکە ئەوانە ناپاکن‌و بەکرێگیراوی چەپاوڵیی گەلانن، وا هەڵکەوت، چەند هەفتە ئەو براکەم نەدیبو کە وا ئێستا دەیبینم، ئەوەیە جەبار مەهداوی (سەرۆک بەپەنجەی ئاماژە بەو دەدات کە لەنێو گوێگراندا دانیشتبوو) کێشەی جێهێشتنی پیشەکەی ئەو.. گشتکەس دەزانێت کە ئەو بریکاری ئەفسەر بوو لە ڕیزەکانی سپا، ئەو پلەیەی ئەوی تێدابوو بۆمن مایەی شانازیە چونکە گەنجێک بوو دڵگەرم بۆ گەل‌و نیشتمانەکەی. من لەپاش ئاشکرابوونی ئەو درۆودەلاسەن لەنێویشیاندا درۆکانی تاوانبار، بەڵێنم بەخۆمدا چیتر وەڵامی سەگوەڕ نەدەینەوە، چونکە وەک ڕوون دەرمبڕیوە گەڵ خۆی ڕاستییەکان دەزانێت‌و لە شۆڕشی١٤ی تەمووزی هەمیشە زیندوو بەدواوە هیچ درۆیەک فریوی نادات (چەپڵەو پێداهەڵدان) ئایا یاسای بنەڕەتی ئازادیی دەربڕینی دابین کردبوو بۆ هاووڵاتیی عیراقی لەکاتی هەڵبژاردن؟

تاوانبار: بەڵێ..

سەرۆک: ئایا هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بەشێوازی ڕاست‌و بەگوێرەی ئارەزوی گەل بوو؟

تاوانبار: گشت ئەنجومەنی نوێنەران بەپێی یاسای سەردەمی خۆی هەڵبژێردراوە .

سەرۆک: وەڵامی پرسەکەم بدەرەوە.. ئایا هەڵبژاردنەکان ڕاستبوون؟

تاوانبار: نوێنەر بەپێی دەقی ئەو یاسایانە هەڵبژێردراون کە لەو سەردەمە هەبوو.

سەرۆک: ئایا بەگوێرەی خواستی گەل بوو؟

تاوانبار: هەڵبژاردن بەپێی ئەو یاسایانە بوو کە هەن... (پێکەنین)

سەرۆک: ئەوە بەپێی یاسا مایەی پەسەند نییە، چونکە نازانێت بۆ تۆ دەستت لە پرۆسەی هەڵبژاردن وەرداوە لەپێناو بەرژەوەندیی تاخمێکی دیاریکراو

لەوانەی کۆن نوێنەری سەر بەرژێمی سەردەمی لەناوچو بوونو وەک دیدەروانەکان گوتیان تۆ ڕێگەت نەداوە کاندیدی نوێ بێنە پێش.

تاوانبار: لەو داکۆکنامەیە بەولاوە کە خوێندمەوە هیچیترم نییە بیخەمە سەر.

سەرۆک: ئایا فەرمانی لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە دەگونجا لەگەڵ بەندەکانی یاسای بنەڕتی؟

تاوانبار: بنەمای لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە لەساڵی ١٩٥٣وە هەیەو بەپێی یاسای ڕەگەزنامەی عیراقی ساڵی ١٩٢٣ دەشێت ڕەگەزنامەی عیراقی لەگشت کەسێکی عیراقی بسەنرێتەوە کە کاری بۆ بەرژەوەندی وڵاتێکی بیانی کردبێتو هۆشداری پێدرابێت کە دەستبەرداری ئەو کارەبێت بەڵام نەیکات..

سەرۆک: ئایا بنەڕەتی ئەوەی نەگوتوە کەنابێت هیچ عیراقییەک دورخرێتەوە؟

تاوانبار: ..ماوەم پێبدە.. ئەوجا پاش یاسای بنەڕەتی ساڵی ١٩٣٣ یاسایەکی تر دەرچو ڕێگە بە کێشانەوەی ڕەگەزنامە دەدات لەوکەسانەی بەر لەجەنگی جیهانگیری یەک بە ڕەچەڵەک لەخێزانێکی عیراقی نەبوون.

سەرۆک: ئایا ئەوە سەرپێچی‌یە لە یاسای بنەڕەتی یان نا؟

تاونبار: ئەوە کاری ئەنجومەنی ڕەوشرشتیو پەرلەمانو دەسەڵاتی ئەوکاتەو دیوانی تۆمارگەی یاساییە. ڕووی ئەو پرسیارە نابێت لەمن بێت چونکە بوونی یاسا لەخۆیدا دەستورە بۆ وڵات..

سەرۆک: بۆچی بەهانەت دروستکرد بۆ دوورخستنەوەی ئازادیخوازانی وەک عەزیز شەریفو کامل قەزانچیو تۆفیق مونیر.. کە ناگونجاوە تەنانەت لەگەڵ ڕەوشی لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەیش؟

تاوانبار: من کاری نابەجێیم نەکردووە بەڵکو بەپێی ئەو یاسایە کارم کردووە کە ئەوڕۆژە لەکاردا بوو.

سەرۆک: چۆن ئەوانت کرد بە بیانی؟

تاوانبار: ڕەگەزنامەیان بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی شالیاران لێ سەندراوەتەوە.

سەرۆک: باشە ڕاستە ئەوان بیانی بوون؟





تاوانبار: بەپێی یاسا وایە.. یاسایش ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی پیران پەسەندی کردووەو قۆناغی تۆمارکاریی بەشی شیکاریی یاسایی شالیارگەی دادی بڕیوە، پاشان دیوانی تۆمارگەی یاسایی بەسەریدا چووەتەوە ئەوجا داڕێژراوەو بووە بە یاسا، یاسایش پێویستە گشتکەس ملکەچی بێت.

سەرۆک: تۆ ئێستا گوتت موسوڵمانمو باوەڕم بەخودا هەیە.. سوێن بەو باوەڕو موسوڵمانەتییەت؛ ئەوانە بیانین؟

تاوانبار: من ڕونمکردەوە کە یاسا بەسەر ئەواندا سەپاوە، ئەوە کارێکە بە بڕیاری ئەنجومەنی شالیاران بووەو بەپێی ئەو یاسایەی هێشتا کاری پێدەکرێت..

سەرۆک: وەڵامی پرسیارەکەم بەگوێرەی موسوڵمانەتییەکەتو باوەڕەکەت بدرەوە.. ئایا ئەوانە بیانین؟

تاوانبار: ئەوان عیراقی بوون.. کە ڕەگەزنامەیان لێسەندرایەوە بوون بە بیانی..

سەرۆک: باشە ئەوە ڕاستە؟

تاوانبار: یاسا بەڕاستی زانیوە..

سەرۆک: ئەی خودی باری ڕاستی؟

تاوانبار: یاسا پێویستە گشتکەس ملکەچی بێت..

سەرۆک: هەریاسایەک ناڕاست بێت بەیاسا ناژمێردرێت بەڵکو پووچەو زۆریش پووچ، ئەوە لەیاسای ڕاستەقینەدا بنەمای یاساییە، نەوەک لە یاسای قەڵبدا..

تاوانبار: باشە بۆ تائێستا هەڵنەوەشاوەتەوە؟

سەرۆک: لەپاش شۆڕشی تەمووز (یولیۆ)وە بە پوچەڵ دەژمێردرێت، وا لەڕێی داڕشتنی یاسای نوێدان.

تاوانبار: هێشتا پووچەڵ نەبووە!!

سەرۆک: باشە کەسی پێ دوورخراوەتەوە؟

تاوانبار: من لە بەندیخانەمو بێئاگام لێی..

سەرۆک: بەڵکو بەپێچەوانەوە گشت دورخراوەکانیان گێڕایەوە (چەپڵە) گەڕاونەتەوە یان نا؟

تاوانبار: نازانم..

سەرۆک: ئیتر ئەو ڕەخنەیە لەبەرچی؟

تاوانبار: ڕەخنەم نەگرتووە..

سەرۆک: ئەی نەتگوت ئەو یاسایانە تائێستایش لەکاردان؟ باشە لەسەر کێ؟

تاوانبار: بەپێی ئەو زانیاریانەی پێمگەیشتوون یاساکان هێشتا ماون..

سەرۆک: وایە، دەستوری کاتی داڕێژراو بەدوویداو لەبەر ڕۆشنایی ئەودا دەستورە هەمیشەییەکە دادەڕێژن ئەوجا یاساو ڕێساو تێبینی تر دێن.. خۆ ئەوە بەیەک شەووڕۆژ نابێت.. ئایا ئەوە لە شەووڕۆژێکدا دەکرێت؟.. یان مانگـو دوو مانگیش دەخایێنێت؟.

تاوانبار: من کارم بەوە نییە..

سەرۆک: ڕێسا کۆمارییەکان ئامادەکراون کوتومت پێچەوانەی یاساکانی ئێوەن..

دادیاری گشتی: تائێستایش تاوانبار بەهزری نوری سەعیدو لە دۆخی ئەو باڵیۆزخانەیەدا دەژی کە نۆکەری بوون.. شۆڕشی تەمووز تەنانەت یاسای بنەڕەتیشی گۆڕی (چەپڵە) دەستورێکی کاتیشی هەیە گشت ئەو سەربەستییانە بپارێزێت کە لەئەستوی گرتوون.

سەرۆک: ئایا خواستی کرێکارانی بەسرا ڕەوابوو یان نا؟

تاوانبار: ئەوە سنووری دەسەڵاتی شالیاری کاروباری کۆمەڵایەتی بوو، ئەو پیاوە چوو توێژینوەی کردو لە بارەکەیشی کۆڵییەوە، ئەوە کاری ئەوبوو.

سەرۆک: تائێستا نەتگوت ئایا تۆ لەوانە بەرپرسبویت یان نا؟ ئایا داخوازیی ئەوان ڕەوابوون یان نا؟





تاوانبار: شالیاری بەرپرس لەو بارە شالیاری کاروباری کۆمەڵایەتی بوو، ئەو لێکۆڵینەوەی ئەنجامدا من هیچ لێکۆڵینەوەم لەمەڕ داخوازییەکان نەکردووە.

سەرۆک: ئایا چارەسەری ئەو جۆرە بارە لەئەستۆی شالیارگەی ناوخۆیە؟

تاوانبار: کام بار..

سەرۆک: پرسینەوە لە کاروباری کرێکاران.. ئایا بەرپرسیارەتی شالیارگەی ناوخۆیە؟..

تاوانبار: داخوازییەکان.. ئەوەم ڕونکردەوە، کاری کۆمپانیا لە ئەستۆی شالیارگەی کاروباری کۆمەڵایەتی بوو.

سەرۆک: باشە بۆ تۆ چوویت بۆ بەسرا؟..

تاوانبار: چوم بۆ بەجێگەیاندنی فەرمان لە دابینکردنی ئازادی بۆ ئەو کەسانەی دەیانویست بچنەوە سەر کار..

سەرۆک: ئەوانە کێبوون؟

تاوانبار: کرێکار بوون لە کۆمپانیای نەوت.

سەرۆک: بە پێچەوانەی دەسەڵاتی خۆت؟

تاوانبار: پێچەوانەی دەسەڵاتی خۆم نەبوو، دابینکردنی ئازادی بۆ کۆمەڵ سەرپێچی نییە بۆ شالیاری ناوخۆی بەرپرس لە سەرومالی گشتیو گشت سەربەستییەکانی تر..

سەرۆک: ئەی بۆچی تۆ فەرمانتدا بە بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندانی کرێکار؟

تاوانبار: من هیچ جۆرە فەرمانێکم نەداوە..

سەرۆک: دوێنێ گوێبیستی دیدەروانان بوویت.. فەرمانتداوە بە تەقە لێیان....

تاوانبار: بەڕێز، دیدەروانان.. ئێستا لە داکۆکنامەکەمدا ئەوەم گوت، لەکاتی چەندوچۆندا تیشك دەخەمە سەر گەواهیەکانیان، گشت ئەو گەواهییانە درۆ بوون، گشتی هەڵبەستراون.. هیچیان بنەمای ڕاستییان پێوە نییە.

سەرۆک: کێ ئەوانەی هەڵبەستووە یان ڕێکیخستووە.. دەشێ دادگا کردبێتی؟

تاوانبار: من ئەوە نازانم.

سەرۆک: محەمەد عەبدولعەزیزو ئیبراهیم ئەلقازی.. دیدەروانییەکەی ئەوانت بیست؟

تاوانبار: دیدەروانییەکەیانم بیست.

سەرۆک: ئەوانەیش هەڵبەستراوبوون؟

تاوانبار: ئەوەی من لەوانم خواستووە دابینکردنی سەربەستی بوو بۆ ئەو کەسانەی دەیانویست بچنەوە سەر کار.

سەرۆک: ئەی لە کۆرەکەی فرۆکەخانەدا نەبویت؟

تاوانبار: من لە ئوتێلی شەتولعەرەب دابەزیبووم.. زۆر کرێکارو بەرپرسانی کار هاتن بۆلام.. لەنێویاندا بەرپرسی بەشی دارتاشیو بەرپرسی بەشی ئاسنگەری، سکاڵای ئەوەیان بوو کە ئەوان دەخوازن بچنەوە سەر کار بۆیە لەمنیان خواست لەبۆ چوونەوە سەر کار بیانپارێزم.

سەرۆک: کەوایە بۆ خەڵاتت بەخشی بەو پۆلیسانەی فەرمانی تەقەلێکردنی تۆیان ئەنجامدا؟ گوێت لە گەواهیەکەی ئەفسەری پۆلیس ئیبراهیم ئەلقازی نەبوو؟

تاوانبار: پۆلیس زیرەکترن لەوەی بۆ ئەنجامدانی کاری یاسایی خۆیان گوێبدەنە هاندانی من.

سەرۆک: لەتویی گەواهییەکانو ڕاپۆرتی بەرپرساندا دەرکەوت پۆلیس تەقەی لەو خوێندکارانە کردووە کە لە خوێندگەکانی نەجەفی پیرۆزدا مانیان گرتبوو، ئەوە بووەتە هۆی کوژرانی چەندکەسو برینداربوونی چەندین خوێندکار. تۆ چیجۆرە کارڕاێکییەکت ئەنجامدا بەرانبەر بەوانەی بەرپرس بوون لەو تەقەکردنە؟ ئایا یاسا ڕێدەدات خوێندکار لەنێو پەیمانگەی زانستیدا بکوژرێن؟ لە موسوڵمانەتیدا ئەوە هەیە؟

تاوانبار: گشت تاوانەکانی لەکاتی ئەو ڕوداوانە ڕیداوە، خودی دەزگای دادوەری ئەو شوێنانە لێکۆڵینەوەی یاساییان لەبارەوە کردووەو فەرمانیان سەپاندووە بەسەر تاوانباراندا. ئەوانە هیچ پەیوەندی بە فەرمانی منەوە نییە.





سەرۆک: بۆ نەچویت بۆ نەجەفی پیرۆز، وەک ئەوەی چوویت بۆ بەسرا؟

تاوانبار: نەچوم بەڵام هەندێک لەهاوکارنم هاندا بچن بۆ هێوەرکردنەوەی دۆخەکە.

سەرۆک: بۆ.. باوەڕت بە پیرۆزیی ئەو شارە نەبوو؟

تاوانبار: پیرۆزی.. منیش ڕێزلە پیرۆزیی ئەو شارە دەگرم.

سەرۆک: باشە بۆ بەڕاستی ئەو ڕێزەت لێ نەگرت؟

تاوانبار: چی دیاردەیەکت بەدەستەوەیە بۆ بێڕێزی من؟

سەرۆک: تۆ شالیاری ناوخۆ بوویتو ئەوە جموجۆڵی خۆپیشاندان بوو.

تاوانبار: تاکە یەک نیشانەم بدەرێ لەبێڕێزیی من بەرانبەر بەو پیرۆزییە؟

سەرۆک: ئایا کوشتنی مرۆڤ لەوێ ڕێزگرتنە لە پیرۆزیەکەی؟

تاوانبار: لەلایەن منەوە نەبوو...

سەرۆک: ئەی تۆ وەک شالیارێک بەرپرسی یەکەم نەبویت؟

تاوانبار: من بەرپرسبووم لە شالیارگەی ناوخۆو بەرپرس لەڕەوتی کار لەو شالیارگەی ناوخۆ.

سەرۆک: ئەی دووکەس لەنێو سەحنەی پیرۆزدا نەکوژران؟

تاوانبار: سەبارەت بە کوشتارو روداوە ناهەموارەکانی حەیو نەجەف وەک ئاماژەم پێدا دەسەڵاتی دادوەرەو کارڕاێکیو بەدواچوونی یاساییان بۆ کردووە.

سەرۆک: لانیکەم ئەگەر تۆ بەڕاستی موسوڵمان بویتو باوەڕت بەخودا بوو دەبوو ناقایل بیت بەو کردەوانە!

تاوانبار: من بەکارەکان ناقایلبووم بویە بەڕێوەبەری پۆلیسو ئەفسەرەکەی ئەوێ لەسەر دەستی من لەکار دەرکران.

سەرۆک: بۆچی پیرۆزی نەجەف تۆی بەکێش نەکرد بەڵام کۆمپانیایەکی بیانی تۆی بەکێشکرد؟

تاوانبار: بەڕێز.. کام کۆمپانیای بیانی..

سەرۆک: کۆمپانیای نەوت لە بەسرە..

تاوانبار: من ڕێز لە پیرۆزی نەجەف دەگرم..

سەرۆک: ئەی تیسۆ؟ (پێکەنین).. دەرکەوت پۆلیسێکی نهێنی تەقەی لە خۆپیشاندەرانی نەجەف کردووە بۆئەوەی ئاژاوە بنێتەوە لەنێوان گەل‌و سپا، بۆچی تۆ پێشنیارت کرد ئەو کێسە داخرێت لەبری ئەوەی ئاراستەیکەی بۆ ئەنجومەنی نائاسایی ئەو سەردەمە... ئایا ئەوەیش درۆیە؟

تاوانبار: داخستنی کێس بەپێی یاسا لەدەسەڵاتی دیوانە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پۆلیس، ئەوە کاری شالیاری ناوخۆ نییە..

سەرۆک: کەواتە تۆ پێشنیارت نەکردووە؟

تاوانبار: هەرگیز..

سەرۆک: هەرگیز؟

تاوانبار: هەرگیز.

سەرۆک: ئەی دیدەروان، زەعیمی خانەنیش ساڵح زەکی موسلح کە گشتمان چاک ئەو دەناسین ئەفسەرێکی ڕاستگۆیە.

تاوانبار: وێڕای ڕێزم بۆ کەسایەتی ئەو، لەکاتی گێڕانەوەی دیدەروانییەکەیدا تێبینی خۆمم لەسەر داوە.

سەرۆک: ئەی ئێستا چیدەڵێیت؟

تاوانبار: دەڵێم داخستنی دۆسیەو ڕاگرتنی لێکۆڵینەوەی یاسایی کاری شالیاری ناوخۆ نییە بەڵکو کاری دیوانی تایبەتە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس..

سەرۆک:هۆی بەکارهێنانی (ماکینتۆش) چییو وەک پسپۆر داتمەزران لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس؟

تاوانبار: ماکنتۆش کێیە؟

سەرۆک: پسپۆری بەریتانی ماکنتۆش، نایناسیت؟





تاوانبار: پۆلیسیش وەک دەزگاکانی تری میری پێویستی بە گۆڕانسازی هەیە.. کێشەی پۆلیسیش یەکێک بوو لەو پرۆسانەی لە ئەنجومەنی شالیاراندا مشتومڕی لەسەر کرا بۆ دۆزینەوەو دامەزراندنی کەسێکی پسپۆر وەک کادری ڕێکخستنەوەی باری ڕاهێنان‌و بەڕێوەبردن.. بڕیاردرا لەڕێی شالیارگەی دەرەوە کەسێک بۆ ئەو کارە بدۆزنەوە، ئەوەبوو ئەوکەسەی بۆ دەستنیشان کرا، کاتێکیش ئەو هات تاکە فەرمانی من ئەوەبوو، ئەو پسپۆرەی پۆلیس ڕاستەوخۆ بخرێتە بن فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پۆلیس.

سەرۆک: ئەو لەچیدا پسپۆر بوو؟

تاوانبار: لە کارگێڕیو کۆنترۆڵ.

سەرۆک: سەرکوتکردنی خۆپیشاندانیش؟

تاوانبار: کاروباری کارگێڕیو کۆنترۆڵ. من نەچومەتە نێو وردەکاریەکانی پیشەی ئەوو ڕێنماییەکانی ئایا لەلایەن منەوە دەردەچوون یان لایەن بەڕێوەبەری پۆلیسی سەر بە شالیارگەی ناوخۆ. ئەو کەسێک بوو لەبن فەرمانی بەڕێوەبەرایتی گشتیی پۆلیسدا کاریکر دەکردو بەپێی ڕێنمایی ئەو بنکەیە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پۆلیس کاری کردووە.

سەرۆک: بەڵام پاشان بووەتە پسپۆر لە دامرکانی خۆپیشاندان؟

تاوانبار: دامرکانی خۆپیشاندان ئەگەر بێمۆڵەت بووبێت، یان زیانبەخش بە ئاسایش بەشێکە لە خودی کارەکانی پۆلیس.

سەرۆک: ئەی پرسەکەی ماکینتۆش؟

تاوانبار: من بۆم ڕونکردیتەوە، ئەنجومەنی شالیاران بڕیاری دامەزرانی ئەوی داوە.

سەرۆک: لەکوێوە هێناتان؟

تاوانبار: شالیارگەی دەرەوە پەیوەندیی کرد بە باڵیۆزخانەی عیراق لە لەندەن‌و باڵیۆزخانە ئەوی دەستنیشانکرد.

سەرۆک: پێموایە ئەو لە "هۆنگ کۆنگ" بوو؟

تاوانبار: من ڕابوردووی ئەو نازانم.. دەسنیشانکردنی ئەویش وەک پسپۆرانی دەزگا میرییەکانی وەک کشتوکاڵو تەندروستیو بەڕێوەبەرایەتییەکانی تری وڵات بووە.

سەرۆک: ئایا موسوڵمانەتیو باوەڕ بە خودا ئەوەیە بشت بە پسپۆری بەریتانیی داگیکەرو دڕندە ببەستن؟ ئایا ئەوەیە موسوڵمانەتیو باوەڕە بەخودا؟ [66]

تاوانبار: ئایا دەزگاکانی دەوڵەت لە سەرەتای دامەزرانیەوە تاوەکوو ئەمڕۆیش هەر بەو بیانیانە نەچووە بەڕێوە کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکاندا بەشێوەی پسپۆر دامەزرابوون؟

سەرۆک: ئاخر بۆیە ئێوە دادگایی دەکەین، ئەی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی مەزن بۆچی هەڵگیرسا؟ (چەپڵە).. ئایا خواستی خۆپیشاندەرانی بەغدا هەڕەشەبوو بۆ سەر ئاسایشی گشتی؟ یان هەست دەربڕین بوو لەبەر دەرئەنجامی ئەو هێرشە داگیرکەرانە سێلایەنەی کرایە سەر خوشکی گەورەمان.. میسری مەزن؟

تاوانبار: هیچیەک لە خۆپیشاندەران نەهاتونەتە لام تا جۆری داخوازییەکەیان بزانمو هەڵیسەنگێنم.

سەرۆک: ئەی گەلی میسر برای گەلی عیراق نەبووەو نین؟

تاوانبار: ئێستایش بران.

سەرۆک: ئەی بۆ تۆ؟

تاوانبار: چی ڕویداوە؟

مەهداوی: بۆچی بەرت نەگرت لەو کارەساتی کوشتارە کە پاش ئەو هێرشە

---

[66] ـ زۆر سەیرە.. ئەگەرچی ناخوازم ئاین تێکەڵ بەم پرۆسەیە بکەم، بەڵام لام سەیرە لێرەدا مەهداوی پشتبەستن بە پسپۆری ئنگلیز بە سەرپێچی داناوە بەرانبەر بە باوەڕ بە خۆدا لەکاتێکدا خۆیان لەیەکەم ڕۆژی کوودەتاکەیانەوە پشتیان بەست بە پسپۆرانی سۆڤێتو چوونە ژێر ڕکێفی ئەوانیان لەلا پیرۆز بوو. هەرنەبێ ئینگلیز کرستیانن‌و باوەڕیان بە ئاینو خودا هەیە بەڵام بەپێی بنەماکانی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستانی سۆڤیەت هەرهیچ باوەڕ بە ئاینو خوداوەندی نەبووە ـ بانێکەو دوو هەوا (وەرگێڕ)





داگیرکەرانە سێلایەنەی بۆ کرایە سەر گەلی میسری تێکۆشەر، عەبدولجەبار فەهمیی موتەسەرف لە بەغدا گشت جۆرە ڕێگاکانی گرتەبەر دژ بە خۆپیشاندەرانو سەپاندنی ئەو نەخشە ئاسایشییەی بەغدا کە بەفەرمانی تۆ دارێژرا؟

سەعید قەزاز: هەچ تاوانێک لەبەغدا یان دەرەوەی بەغدا ڕویدابێت، دەزگاگانی لێکۆڵینەوەو دادوەران ڕاستەوخۆی لێکۆڵینەوەیان تێدا کردووەو بەپێی یاسا لێیان کۆڵیوەتەوەو کارڕایەکیی یاساییان گرتووەتەبەر، هەریەک لە دەزگا جیاجیاکانی میری بەرپرسارەتیی خۆیانو دەسەڵاتیان بەکار هێناوە.

سەرۆک: هۆی چیبیبوو شکۆی شارۆچکەی حەی‌ی تێکۆشەرتان ڕوشان؟

تاوانبار: کامەیە شکۆ ڕوشاندن؟

سەرۆک: ئەی دوێنێ گوێت لە دیدەروانەکە نەبوو؟

تاوانبار: گوێم لەو دیدەروانە، ئەویترو ئەویتریش بوو، بەڵام هەڵوێستی من لەو کێشەیەی حەی‌دا ئەگەر بەرپرسان بەویژدانەوە لێی بکۆڵنەوە دەبینن کە من ماوەی سێ ساڵ مشتومڕم بووە لەگەڵ سەرۆک خێڵەکانی شاری حەی لە بەرژەوەندیی دانیشتوانەکەی.

سەرۆک: چۆن؟ بۆ دادگای ڕونکەرەوە.

تاوانبار: دوێنێ دیدەروانێک کێشەی ئەو زەویەی گێڕایەوە کە ئەوان پێویستیان بوو بیکەن بە گۆڕستان هەروەها زەوی بۆئەوەی خانووی لەسەر بکەن، من لەساڵی ١٩٥٥ـەوە وەک لە دۆسێکانی شالیارگەی ناوخۆدایشدا هەیەو ئەو موتەسەریفانەی لەوی کاربەدەست بوون "عەبدلحەلیم سەنەوی، ئیسماعیل حەقی ڕەسووڵو حەسەن تاڵەبانی" ئاگادارن، دەتوانن بانگیانکەن بۆ ئەم دادگایەو ڕاستییەکە لەوان وەرگرنو بزانن ئایا من وەک لایەنگیرێکی دانیشتووانی حەی ماوەی سێ ساڵ مشتومڕی زۆرم نەبووە لەگەڵ عەبدوڵڵا ئەلیاسین یان نا؟ ئەوەیە وەڵامی من، بەڵام گەر کەسێک بێت لەخۆیەوە درۆودەلەسە هەڵبەستێت، من لێی بەرپرس نیم لەوەی تۆ دەیلێیت، ڕاستی هەر دەبێ ئاشکرابێت.. تکا دەکەم لە یەکێک لەوانە بپرسن. تکات لێدەکەم لەیەکێک لە ناودارانی حەی

بپرسن، تکات لێدەکەم پرس بە یەکێکی جیاواز لەو دیدەروانانە بکەن.

سەرۆک: بۆچی ئەوانەت نەخواست؟

تاوانبار: ئەوە چێدێڵم بۆ تۆ کە لەنێو دانیشتوانی حەیدا کەسێک یان دوان هەڵبیژێریت، یەک موتەسەریف یان دوان، یەکێک لە شالیارەکانی پێش تا بزانن من چەندم گرنگی دابوو بە دانیشتوانی حەیو بەرگریم کردووە لەوان دژ بەو جەورو ستەمەی دەکرا.. بزانە کردوومە یان نا؟

سەرۆک: پێمانگوتی دیدەروانی داکۆک بۆخۆت دیارکە یان نا؟ بۆ نەتخواست؟

تاوانبار: با وابێت، نەمخواست! ئێستایش نایخوازم.

سەرۆک: وا قوڕی بەسەرخۆیدا کرد (علی نفسها جنت براقش) [67]

**بڕیاری دادو سەپاندنی سزا**

کۆنوسی کۆڕی ٧٤ی دادگای باڵای تایبەت ٤ فەبریوەری ١٩٥٩ کاژمێر دەو نیوی سەرلەبەیانی دیسان کۆڕی دادگا پێکهات بۆ بڕیاردانی داد لەمەڕ تاوانباران ڕەفیق تۆفیق، بەهجەت عەتییە، عەبدولجەبار فەهمی، سەعید قەزاز، عەباس عەلی غالبو عەبدولڕەحمان حمود ئەلسامەرائی.

**سەرۆکی دادگا عەقید فازل عەبباس ئەلمەهداوی بەناوی خوداو بەناوی گەل دانیشتنەکەی کردەوە**



سەرۆک: تاوانبار سەعید قەزاز (سەعید قەزاز بانگ کراو لەگەڵ توانبارانی تردا چونە نێو ڕکەی تاوانباران)

سەرۆک: ئێستا ڕەئیس ئیبراهیم عەبباس ئەللامی دەفەرموێت بڕیارەکانی داد دەخوێنێتەوە

67 ـ دادگای سپایی باڵای تایبەت (محکمة الشعب)ـ سەرچاوەی پێش ـ لاپەڕە ٢١٩ـ ٢٣١.





**بڕیاری تاوانبارکردن**

بەناوی گەلی عیراقەوە..

دادگای سپایی باڵای تایبەت ڕۆژی ٤ فەبروەری ١٩٥٩ لە بەغدا پێکهات بە سەرۆکایەتی عەقید فازل عەبباس ئەلمەهداویو ئەندامەتی هەریەک لە عەقید فەتاح سەعید شاڵی، موقەدەم شاکر مەحموود ئەلسەلام، موقەدەم حوسێن خضر الدوریو ڕەئیسی یەک ئیبراهیم عەبباس ئەللامی بەناوی گەلەوە ئەو بڕیارەی دا:

**سپاردن**

تاوانبار سەعید قەزاز نێردرا بۆ دادگای ئێمە بەپێی بڕیاری سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکان ژمارە ١١١ ڕۆژی ٦/ ١١/ ١٩٥٨ پاڵپشت بە بڕگەی ٣ بەندی ٢١٤ لە یاسای سزای بەغدادیو بڕگەی د، هـ لە بەندی دوو لە یاسای سزادانی تایبەت بە ئاژاوەگێڕی. ئەو کێسە بە ژمارە ٧٠ / ١٩٥٨ تۆمارکرا.

هەروەک بە پێی بڕیاری گوێزانەوەی ژمارە ١١٨ لە ٢١/ ١١/ ١٩٥٨ی دەرچوو لەلایەن سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکانەوە، تاوانباری ناوبراو گوێزرایەوە بۆلای ئێمە بەپێی بڕگەی (هـ) لە بەندی دوو لە یاسای سزای ئاژاوەگێران. کێسەکەی بە ژمارەی ٧٣/ ١٩٥٨ تۆمارکرا.

لەبەر هاوپەیوەستیی ئەو دوو کێشەیە کە لەمەر یەک تاوانبارە، دادگا بڕیاریدا لەژێر نمرەی ٧٠/ ١٩٥٨دا وەک یەک کێس لێی بڕوانێت.

**پوختەی کێسەکە:**

لە سپتەمبەری ١٩٥٣وە تاوانبار سەعید قەزاز لە شالیارگەی ناوخۆدا دەستبەکاربووەو لەو پلەیەدا پێنج ساڵ ماوە. لەو ماوەیەدا میللەتی عیراقی هێژا کەوتووەتە ژێر باری سەختی یاساو فەرمانی ستەمکارانەو دابران لە گشتجۆرە مەرجێکی سەربەستی. زۆر پارت هەڵوەشێنراونەتەوەو ڕۆژنامە داخراونو سیخوڕی زۆر بڵاوکراونەتەوە بۆ ڕاوەدونانی ئازادیخوازان، لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە، دورخستنەوە بۆ دەرەوەی وڵاتو بەستنەوەی عیراق بە پەیمان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بە پێچەوانەی خواستی میللەتو بێ ئاشکراکردنی بۆ تەنانەت پەرلەمانە درۆینەکەیشیان. هەرکاتیش میللەت

ویستبێتی سەر بەرزکاتەوەو ئارەزووی کپکراوی دەربڕێتو کاتێک خۆپیشاندان گشت لایەکی وڵاتی گرتەوە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی ژیان، کاربەدەستانی ڕژێمی خولی لەناوچو هێزە سەرکوتکارەکانی ئاراستەکردن تا هەناسەیان کپکەن، لەوانەدا ئەم تاوانبارە کە شالیاری ناوخۆ بوو دەستی باڵای بووە. ئەو فەرمانی تەقەکردنی داوە لەو کرێکارانەی نەوتی بەسرا کە خوازیاری کەمترین ماف بوون سەرئەنجام کوژرانو بریندار لێ کەوتووەتەوە. هەروەها لەکاتی ئەو هێرشە سێلایەنەی ساڵی ١٩٥٦ کرایە سەر میسری خوشکمان، ئەو فەرمانی داوە تەقە لە خۆپیشاندەران بکرێتو چەندین کەسیان لێ کوژرا یان بریندار بوونو پاشان لەترسی پتر وروژانی گەل، شەو مردووەکانیان بە نهێنی ناشتووە. هەر ئەوکات کە لە کووتو حەی کوشتار ڕوویداوە بە بڕیاری ئەو ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی میللەت کەوتوونەتە ژێر باری زەبرو زەنگ. تاوانباری ناوبراو یەکێک بوو لەوانەی بوونە داردەستو کلک بۆ داگیرکەرانو یەکێک لەوانەی ژیانیان بەختکردووە لەپێناو نۆکەری داگیکەردا، بۆیە لەکاتی هەڵبژاردندا فێڵی دەکردو پێداگربووە لەسەر لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە بۆئەوەی بتوانێت دەنگی گەلی ڕاپەڕیو کپکات.

**کارڕاێکیی دادگا**

دادگا گوێیگرت لە ڕاپۆرتەکەی دەستەی دادیاریی گشتیو لە تاوانباری پرسی ئەگەر بۆچوونی هەبێت لەسەڕ ئەو بڕیاری تاوانبارکردنە، لەوەڵامدا گوتی؛ بێتاوانم.

دادگا گوێیگرت لە گەواهی هەریەک لە دیدەروانان؛ عەزیز شەریف، تۆفیق مونیر، کامل قەزانچی، فازل بابان، نەعیم مومتاز، جاسم موخلس، میخائیل نەعوم، عەبدولجەبار فەهمی، سولتان ئەمین، محەمەد عەبدولعەزیز، شاکر العانی، بەهیە مستەفا، عارف ئیسماعیل، دێوالي ئەلدوسکی، باقر کەمالەدین، سالح زەکی موسلیح، عەبدولڕەزاق ڕحەیم، محەمەد حەسەن سادق، داود ئەلئۆرفەلی، سالح عەلی، ئیبراهیم ئەلقازی، حەمدان حەسەن ئەلعەلی، هاشم سەید توعمە، کەرەم عەلەش، موحسن ئەلحاج هوەیش، نەزیمە ڕەشید وەهیبو رەحیم عەلی. بەڵام لەبەر ڕامبونی دادگا لەگەڵ ٤٦ دیدەروان کاتی ئەوەی نەبوو گوێ بۆ دیدەروانییان ڕاگرێت. پاشان دادگا گوێیگرت لە





دەربڕینەکانی تاوانبارو لەگەڵی کەوتە مشتومڕ سەبارەت بەو تاوانانەی خراونەتە پاڵی، هەروەها گوێگرت لە داکۆکنامەی بریکاری تاوانبار ئەوجا بڕیاریدا کۆتایی بە دانیشتنەکان بهێنێت.

**دەرئەنجام:**

لەئەنجامی کۆی گەواهیو بەڵگەنامەکانو خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەی تاوانبار لەمەڕ هەریەک لە تاوانەکان، بۆ دادگامان ئەمانە ڕونبووەتەوە:

**یەک:** لەمەڕ کێشانەوەی ڕەگەزنامە، ئەوەی لە گەوهینامەکانی مامۆستا عەزیز شەریفو تۆفیق مونیرو کامیل قەزانچیو دیدەروان بەهیە مستەفا دادگا بۆیدەرکەوت کە دەسەڵاتی نووری سەعیدی خۆفرۆش زەمینەی خۆشکردووە بۆ "پەیمانی بەغدا[68]" بویە فەرمانی ناڕەوای دەرکردووە بۆ لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەو داخستنی زۆر پارتو ڕێکخراوو ڕۆژنامە. ئەم تاوانبارەیش کە شالیاری ناوخۆ بوو دەستی بووە لە نەخشەکێشانو سەپاندنی ئەو فەرمانە داپڵۆسێنەرانەی پێیان ڕەگەزنامە سەندرایەوە لە هەر سێ مامۆستای ناوبراوە بە پێچەوانەی دەقەکانی دەستور هەریەک لە تۆفیق مونیرو کامل قەزانچیی بە کەلەپچەکراوی ڕادەستی دەسەڵاتدارانی تورکیا کردووە لەوێ سێ ساڵ لە زینداندا بوون بێلەوەی بەوپێیەی دەستور دیاریی کردووە ماوە بدرێن خۆیان وڵاتێک هەڵبژێرن بۆ نیشتەجێبوون.

هەروەک لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە لە عەزیز شەریف ستەم بوو چونکە هیچ بۆ تاوانبار ڕوونەبوەتەوە کە ئەو کاری لە بەرژەوەندی وڵاتێکی بیانی کردبێت. هەروەها ڕەگەزنامە لە بەهیە مستەفا سەندراوەتەوەو لەگەڵ منداڵە وردەکانیدا دوورخرانەوە بۆ ئێران. هەروەک کەسانی سزادراو بە بنچاودێرییو پۆلیسی ناچارکردووە بەزۆر شوێنی نیشتەجێبوونی دیاریکراو لە نوگرەسەلمان یان بەدرە یانیش عێن تەمرو چبایش هەڵبژێرن بۆئەوەی ئەوە

[68] ـ پەیمانی بەغدا (CENTO) لە ٢٤ فەبریوەری ١٩٥٥دا دەوڵەتی عیراق پەیمانی هاوکاریی سپایی لەگەڵ تورکیا مۆرکرد لە کاتێکدا تورکیا لە ٢٢ی ئەپریلی ١٩٥٤وە پەیمانی لەگەڵ پاکستان بەستبوو. لەوکاتەیشدا ئینگلتەراو عیراق پەیمانیان لەگەڵ یەک بەستبوو، بەو پەیمانە ئەو وڵاتانەی پێکەوە گرێدران لەژێر چاودێری ئەمریکا بوون بە چوار. (وەرگێڕ)

بکەنە بەهانە بەوەی جێگیکردنرکر لەسەر خواستی خۆیان بووە کە ئەویش سەرپێچییە لەڕەوشی بەندی ٢٨ی ئەو یاسای سزایی بەغدادییە کە داگیرکەر بۆی دانابوون، بەوپێیە ئەو لە داگیکەران ستەمکارتر بوو بەرانبەر بەگەلی عیراق.

تاوانبار بەندیخانەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی شالیارگەی ناوخۆ تا بتوانێت بەتەواوی کۆنترۆڵیان بکاتو هاووڵاتییانی ئازادیخواز بخاتە ژێر باری ئەشکەنجە تا بتوانێت لە خواستو ئارەزووەکانیان دووربخاتەوە. ئەو فەرمانەو فەرمانەکانی تریان نەتەنها پێچەوانەی بنەماکانی ئەو یاسا بنەڕەتییە بوون کە ئازادیی هەست دەربڕینو بیرکردنەوەو بووندارێتیو هەڵبژاردنو زۆر مافی تری بۆ هاووڵاتییان بڕیار دابوو، بەڵکو هەر پێشێلیشیان کردبوو.

تاوانبار دان بە بەرپرسیارەتیی خۆیدا ناو گوتی ئەویش وەک شالیارەکانی تر دەستی بووە لە فەرمانەکاندا، بەڵام بەرپرسیارەتی ئەو مەزنترە جۆنکە ئەو ئەنجامدەرو سەپێنەری ئەو فەرمانە ستەمکارانەیە بوو، لەبەرئەوە دادگاکەمان دڵنیابوو لەوەی بڕگەی ٥ بەندی دوو لە یاسای سزادانی گێرەشێوێنان گونجاوە بۆی بۆیە بڕیارەکەی بەپێی ئەو دەرکرد.

**دوو**: بەکۆی دەنگ کۆکبووین لەسەرئەوەی هەڵبژاردن لەسەردەمی پاشایەتیدا فێڵاوی بووەو بەشێوەیەکی دروست ڕەنگدەرەوەی خواستی هاووڵاتییان نەبوو بەوپێیەی بنەماکانی یاسای بنەڕەتی بڕیاریداوە.

ڕژێمەکانی خولی بەسەرچوو جارجارە ئەوەیان دەربڕیوە کە گوایە دەستیان وەرنەداوە لە پرۆسەی هەڵبژاردن، بەڵام ئەوە تەنها فێڵو چەواشەکاری بووە جونکە ئەوە ئاشکرا بوو کە بە چەپەڵترین شێوەی جەختو تۆقاندنو زیندانیو ئاوارەکردن ڕێگەیان بۆ نوێنەرانی چەپەڵی سەر بە خۆیان خۆش دەکرد تا ببنە هاوکار بۆ ڕژێمی لەناوچوو لەگەڵ پرۆسەی داڕشتنی یاسا نارەواکانیان. چەپەڵترین فێڵ ئەوەبوو کە لە دواخولی هەڵبژاردندا ئەپریلی ١٩٥٨ ڕویدا بۆ بڕیاردانی یەکگرتنە فێڵاوییەکەی هاشمی[69] کە ٨٥%ی

[69] ـ میسرو سوریا ماوەیەک بوو دانەوسانیان دەکرد بۆ یەکگرتنی هەردوو کۆمارەکەیان ئەوەبوو ڕۆژی ١٤ فەبریوەری ١٩٥٨ بڕیاری پێکهێنانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو ئاشکراکرا، لەبەرانبەردا "فەیسەڵ"ی پاشای عیراقو "حوسەین"ی پاشای ئەردون کە نەیار بوون بە پێکهاتنی ئەو کۆمارە یەکگرتووە، لەهەمان ڕۆژداو لە بەغدای پایتەختی





نوێنەران بە پشتگیریی بێهەڵبژاردن دیاری کراون، چونکە موتەسەریفەو کارگێڕەکانی تریان هاندابوو کە پێویستە تەنها ئەوانەی دەسەڵات دیارییان دەکات بەبێ هەڵبژاردن دەنگ وەدەست بێنن. فازل بابان کە پێشتر موتەسەریفی شاری حیللە بوو لە دیدەروانییەکەیدا ئەوەی ڕوونکردەوە کە تا چی ڕادەیەک تاوانبار دەستی وەرداوتە هەڵبژاردنەکانی ئەو لیوایەو کوتی ئەو ئاگاداری کردین بەوەی ئەو جگە لە یەک ناو دەرچوونی ناوە کۆنەکانی لا پەسەند نییە لەگەڵ دەرچووانی نوی. دیدەروان نەعیم مومتازیش بەوپێیەی پێشتر موتەسەریفی شاری دیالە بووە گوتی تاوانبار بانگی کردووە بۆ بەغداو ئاگاداری کردووە لەوەی پێویستە هەندێک ناوی دیاریکراو دەرچنو ئەنجامیش هەر بەوجۆرە بوو کە ئەو دەیویست. دیدەروان میخائیل نەعووم گوتی کاتێک خۆی کاندید کردووە چوەتە لای تاوانبار، ئەو پێیگوتووە سەرۆک شالیارانی خۆفرۆش نووری سەعید هەر دەخوازێت نوێنەرە کۆنەکان دەربچن بۆیە نوێنەری نوێ ناخوازێت. هەروەها زۆر بەڵگەی تر لە بەردەستی دادگا هەن، لەوانە بەدەنگەوە نەچونی هاووڵاتیان بۆ هەڵبژاردن چونکە باوەڕیان بەو دەسەڵاتە نەبووە لەخۆیدا نموونەی فێڵکردن بووە لە خواستەکانی گەل. دادگا گەیشتە ئەوباوەڕەی تاوانبار دەستی وەرداوە لە هەڵبژاردنو یاریدەر بووە بۆ فێڵکردن لەپێناو بەرژەوەندیی لایەنێکی تایبەتو سوود گەیاندن بە دەسەڵاتی سەردەمی لەناوچوو. بۆیە بڕگەی (د)ی بەندی دوو لە یاسای سزادانی گێرەشێوێنان بە گونجاو دەبینێت بۆ سزا بەسەر تاوانباردا. بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێی ئەو سزای بدات.

عیراق بڕیاری یەکگرتنی هەردوو دەوڵەتی عیراقو ئوردون مورکرا بۆ پێکهێنانی یەکێتییەکی کۆنفیدرالیو ناونرا (یەکێتی عەرەبی هاشمی) بەڵام لە ١٦/ ٧/ ١٩٥٦دا، واتە دوو ڕۆژ پاش کودەتاکەی ١٤ی تەمووز کە عیراق پێی بوو بە کۆماری، بە فەرمانی سەرۆکی نوێ زەعیم ڕوکون عەبدولکەریم قاسم، یەکلایەنە عیراق لەو یەکێتیە کشایەوە/ لەڕاستیدا باری ستراتیژی ئەو یەکگرتنەی عیراقو ئوردن لە دژی یەکگرتنی دوو کۆمارەکەی میسرو سووریا بوو کە جەمال عەبدولناسری مسرو شوکری قوەتلی سوریا ڕۆژی ٢٢ی فەبریوەری ١٩٥٨ پرۆتۆکۆلەکەیان واژو کرد.. بەڵام ئەو کۆمارەی عەرەبی یەکگرتویش ساڵی ١٩٦١ عەقید عەبدولکەریم ئەلنەحلاوی بە کودەتایەک لەسوریا دەسەڵاتی گرتەدەسو لەلای خۆیەوە یەکلایەنە سوریای لەو یەکێتییە جودا کردەوە. (وەرگێڕ)

**سێهەم:** سەبارەت بە خۆپیشاندان:

أ ـ **خۆپیشاندانەکانی بەغدا ساڵی ١٩٥٦ـ** ئەوکاتەی ڕژێمی نوری سەعیدی خۆفرۆش دەیویست پەیماننامەی بەغدا مۆرکاتو عیراق گرێدات بە ڕەوڕەوەی داگیرکەرانی نەفرەتلێکراو، کەوتە قەدەغەکردنی پارتەکانو داخستنی ڕۆژنامەو بە فەرمانی سەرکوتکەرانە ڕێی لە گشت سەربەستییەکان گرت. تاوانبار کە شالیاری ناوخۆ بوو لەساڵی ١٩٥٣وە پلانی ئاسایشیی بەغدای داڕشت بۆ "گوایە" ڕاگرتنی باری ئاسایشیی بەغدا. لەڕاستیدا مەبەست کۆنترۆڵکردنی ئەوبارە ناهەموارەبوو کە لە ئەنجامی ئەو هەڵوێستە بۆگەنەیان پەیدا بوو. سەرئەنجام لەسەر خواستی تاوانبار کۆمیتەیان پێکهێناوە لە نوێنەرانی شالیارگەی بەرگریو بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پۆلیس بۆ داڕشتنی پلانی ئاسایشی بەغدا تا ڕێکاری توند بگیرێتەبەر بۆ کپکردنی دەنگی هاوولاتییانو ماوە نەدەن بە دەربڕینی هزری خۆ. پلانەکەیش بریتی کرا لە قۆناغەکانی کۆکردنەوەی زانیاریو بڵاوەپێدانی خۆپیشاندان بە بەکارهێنانی نارنجۆکی فرمێسک ڕێژو تەقەکردن لەکاتی بەرگری ڕەواداو دوا چارەسەر بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران پشت ببەستن بە هێزی لەشکر. بە هەمان شێوە پلانیان بۆ شارە مەزنەکان داڕشتووە بەتایبەتی شارە مەزنەکانی وەک مووسڵو بەسرا. ئەو پلانە ناڕەوایەیش بە پەنابردن بوو بە فەرمانی بڕیاردراو لەمەڕ خۆپیشاندانو کۆڕبەستن کە لەبنەڕەتدا سەرپێچی بوو لە یاسای بنەڕەتی. تاوانبار کە شالیاری ناوخۆ بوو ئەو پلانەی پەسەندکرد. پسپۆری بەریتانی "ماکنتۆش"یش بەشدار بوو لە داڕشتنی ئەو پلانەدا کە لەو ولاتێکی تری ژێردەستی بەریتانیاوە هێنایان بۆ هەمان مەبەست. کە نۆڤەمبەری ١٩٥٦ هێرشە سێقۆڵییەکە کرایە سەر میسری خوشکمان، خۆپیشاندان لە بەغدا هەڵگیرسا بۆ دەربڕینی سۆزو پشتگیری لەو وڵاتە عەرەبییەی خۆشک.

ئەوکات تاوانبار فەرمانیداوە بە سەپاندنی پلانی بەغدا، عەبدولجەبار فەهمی کە موتەسەریفی شاری بەغدابوو دەچێت بۆ مەڵبەندی پۆلیسی سەراو لە ژوری ئۆپەراسیۆنەکانەوە سەرپەرشتیی ئەو جەنگەی دژ بە گەل دەکاتو پەیوەندی لەگەڵ گەورەو بچووک دەگرێت.

ئەوەی "موتەسەریفی ناوبراو گێڕایەوە" لەمەر تاوانبارو کەسانیتر لەسەر





ڕووداوەکانو بەپێی ئەو دیکۆمێنتە زیندوانەی دادگا لێی ڕوانیون مەبەست لە چەکدارکردنی تاکتاکەی پۆلیسی ئاشکراو نهێنیو دیتنەوەی شێوەی بەرگریی "گوایە" ڕەوا کە کوشتنو برینداریی زۆری لێکەوتەوە، تاوانبار هیچ بەرپرچدانەوەی نەبووە دژ بەو هەڵوێستە سەرکوتکەرانە، بەڵکو پێشکاتیش ئەنجامەکانی ئەو پرۆژە ئاسایشییەی پەسەند بووە، بۆیە بە بەرپرس دەژمێردرێت لەئ ەنجامە ناهەموارەکانی ئەو پلانە ئاسایشییەی بەغداو هەرچیی لێ کەوتەوە، بەتایبەتی ئەوەی تاوانبار بەئاگا بووە لە ناشتنی کوژراوەکان "عەبدولجەبار فەهمیو سوڵتان ئەمین" کە گوتیان بە دزییەوە لەژێر پەردەی تاریکیی شەودا بووە تا لەمیللەتی تووڕەی بشارنەوە.

هەروەها بە مەبەستی چەکدارکردنی پۆلیس درێژەیداوە بە کۆششەکانی تا لە ٢٠/ ٥/ ١٩٥٧دا پەیمانی لەگەڵ ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەستووە تا بتوانێت دەنگی میللەتیان پێ کپکات.

ب ـ **خۆپیشاندانی نەجەف ١٩٥٦**: لەئەنجامی هەمان ئەو هێرشە ناڕەوایەی ئاماژەمان پێدا لە نەجەف هەندێک خۆپیشاندان ڕوویدا. لە ڕونکردنەوەیاندا دیدەروانان باقر کەمالەدین کە ئەوکات دادوەری لێکۆڵینەوە بووە لەگەڵ زەعیمی خانەنیش ساڵح زەکی ئەلموسلح کە ئەوکات سەرپەرشتیاری هێزەکان بووەو محەمەد حەسەن سادقی قایمقام لەگەڵ عەبدولڕەزاق ڕجەب کە بەڕێوەبەری ناوەندیی ئەلخوەرنەق بوو گوتیان؛ پۆلیس کەوتنە تەقە لە خوێندکارانی بێچەکی ناوەندیی سەدیرو لە تەنیشت پەرژینی قوتابخانەکەوە (ئەحمەد عەلی ئەلدوجەیلی)یان شەهید کردو چەندین کەسیش بریندار بوو. پاشان پۆلیس گەمارۆی ناوەندیی ئەلخەوەرنەقیان داوەو کۆڵمی ئەو دەرگایەیان شکاندوە کە داخرابوو لەسەر خوێندکارانیان خستە سەرپشت، لەوێدا شەهید (عەبدولحەسەن ئال شێخ ڕازی)یان بەشێوەیەکی ئەوتۆ ناشیرین کوشت کە چەپاوڵی کوژەرانی دەردەخات، هەروەها جەند کەس بریندابوون.

وێڕای ئەو چەپاوڵییە بێهاوتایە تاوانبار هیچجۆرە جوڵەی نەبووە وەک پێویست ڕیکارێک ئەنجامدات بەرانبەر بە تاوانباران، بەڵکو تەنانەت دادوەری لێکۆڵینەوەیش نەیتوانیوە کاری پێویست ئەنجامدات، تەنها ئەوەی شالیارگەی ناوخۆو کردوویەتی هەر تاوانبارە سەرەرەکییەکەی گواستنەوەی بۆ بۆ شوێنی تر. زەعیمی خانەنیش ساڵح زەکی ئەلموسلح ئەوەی ڕونکردەوە

چۆن تاوانبار دەستی وەرداوەتە کێشەی ئەو پۆلیسەی ئاسایش کە تەقەی کردو سوریش بووە لەسەر پشتگیریکردنی. کاتێک هێزی سپا گەیشتبوو ئەو گوتویەتی گەر کارڕایێکی لەگەڵ پۆلیس بکرێت ئیتر باوەڕ بە دەسەڵاتی ئەوان لەق دەبێتەو چیتر ناتوانین پشتیان پێ ببەستین. ئەوە دیاردەیەکی ڕوونو ئاشکرایە بۆ پشتگیریو لایەنگری ئەو لەو کارە دڕندانەیەو چەپەڵەی تاوانەکانی ئەنجامدران.

ج ـ **خۆپیشاندان لە حەی**: حەی بەهەمان چەشنی شارە تێکۆشەرەکانی تری عیراق ناوبانگیان دەرکرد لە ئازایەتی بێهاوتاو هەڵوێستی مەردانە، جارجارە توشی گرفتو ستەم دەبوون بە دەستی ئەو دەرەبەگانەی دەسەڵاتی تەواویان بوو بەسەر ئەو شارۆچکەیە کە ساڵی ١٩٥٤ دووچاری هێرشی دەرەبەگان دەبێتەو لەو مەڵبەندەی شکۆو پڕئابڕووەدا تەقە لە هاووڵاتییان دەکرێتەو زۆریان لێ کوژراو بریندار بوون. هەروەها ساڵی ١٩٥٦ لەکاتی دەربڕینی پشتگیریی دانیشتوانی ئەو شارۆچکە تێکۆشەرە بۆ سەر میسری خوشک کە دوچاری هێرشی سێقۆڵی بوو زۆریان لێ کوژراو بریندار بوون. دوا ئەنجامی کارەسات ئەوەبوو کە لە دادگاییەکی سەرپێییدا دوو قارەمان بە ناوەکانی عەلی ئەلشێخ حمودو عەتا ئەلدەبباس بە سزای مەرگ شەهید بوون. گشت ئەو نەهامەتییە تۆقێنەرانە بە ئاگاداری تاوانبار سەعید قەزاز کە شالیاری ناوخۆ بوو ڕوویانداوەو لای خۆیو دەسەڵاتە لەناوچووە نۆکەرەکەی پەسەند بووە لەپێناو پشتگیریی دەرەبەگەکان.

د ـ **خۆپیشاندانی کرێکارانی نەوتی بەسرا**: لەبەر ئەو هەڵوێستە چەوسێنەرانەی کۆمپانیای نەوتی بەسرای بەرانبەر بە کرێکاران سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٥٣دا کرێکاران کەوتنە مانگرتن بەهۆیەوە شالیاری کاروباری کۆمەڵایەتی چوو بۆ بەسرا تا گوێی ڕادێرێت بۆ داخوازیەکانیانو بکۆشێت بەپێی توانا بۆیانی چارەسەر بکات، بەڵام کۆمپانیا ئاوڕ لەداخوازییەکان ناداتەوە، لەبری ئەوە یەکێک لەکارمەندان بە ناوی (مۆنی) بە تاپڕ تەقە لە کرێکارێک دەکات، دەگیرێتەو دەدرێت بەدادگای سزایی. وەک دیدەروان "دادوەر داوود ئەل ئۆرفەلی" گێڕایەوە. تاونبار سەعید قەزاز چووەتە بەسرا بەمەبەستی بڵاوەپێدانی مانگرتنەکە. کاژمێر پێنجی ئێوارەی ڕۆژی ١٤/ ١٢/ ١٩٥٣ بەڕێوەبەری پۆلیسو ئەفسەرەکانی کۆکردەوەتەوەو پێی ڕاگەیاندون کە دەبێت بەهێز ئەو مانگرتنە بڵاوە پێبکەن. وەک لە دیدەروانی بەڕێوەبەری





پۆلیس محەمەد عەبدولعەزیزو ئەفسەری پۆلیس ئیبراهیم ئەلقازیشدا هات، تاوانبار نەیویستووە گوێ لە خواستی شاندی کرێکارانی کۆمپانیاکە بگرێت.

بەو بۆنەیەوە سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٥/ ١٢/ ١٩٥٣ هێزێکی ٩٨ پۆلیسی ئامادەکراو بە دوو ئۆتۆمبیلی پرچەکەوە گەمارۆی کۆمپانیاکەیان داوە بەتایبەتی بەردەم هەر پێنج دەرگاکانیان لێ گرتوونو توانیویانە بڵاوە بە بەشێک لە کرێکاران بکەنو هەندێک کەسیان لێ بگرن، بەڵام لە کاتژمێر نۆدا کۆڕێکیتر دەبەستن بۆیە پۆلیس لێیان دەکەوێتە تەقەو ژمارەیەک برینداریان لێ دەکەوێتە نێو چڵپاوێک سەرئەنجام شەهید (عەبدولڕەزا دەهەش) تێیدا گیان دەسپێرێتو تاخمێک بریندار دەبن، لەوانە فالح جوادو دەنیف جبارە کە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا گەواهی خۆیان داوە، هەروەها کرێکار حەسەن حەمدان. وەک چەندین کەس لەو دیدەروانانە گوتیان ژمارەی برینداران گەیشتووەتە حەوت کەسو هەندێک دیدەروان گوتیان کە (ئوم جەببار) ناویش لەخودی ئەو ڕوداوەدا مردووە. هەندێک لە دیدەروانانیش گوتیان کاتی ڕوداوەکە تاوانبار سەعید قەزازیان بینیوە لەوێ بووە.

بە گەڕانەوە بۆ ڕاپۆرتی ژمارە (ئاسایی) ڕۆژی ١٥/ ١٢/ ١٩٥٣ کە ئەفسەری پۆلیس ئیبراهیم قازی بەرزیکردوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی بەسرا لەمەڕ ئەو ڕوداوە، لە ناوەڕۆکیدا دەڵێت:

(ئاماژە بۆ فەرمانی شالیاری ناوخۆ لەکۆبونەوەکەی کاژێر پێنجی ئێوارەی ڕۆژی ١٤/ ١٢/ ١٩٥٣ لەبەر گرتنەبەری گشت ڕێگەیەکی (یاسایی) بۆ بڵاوەپێدانی گشت گردبوونەوەیەک کە پتربێت لە پێنج کەس. پێویستە ئەوە لەیاد نەکەین کە ئەو ڕاپۆرتە لە سەردەمی لەناوچوودا بەرزکراوەتەوەو ئەوکات سەعید قەزاز لەوپەڕی دەسەڵاتو زەبریدا بوو. واتە: **یەک** ـ بوونی فەرمان بۆ بڵاوەپێکردن. **دوو** ـ بڵاوەپێدان بەهەر جۆرێکی یاسایی بێت یان نایاسایی ئەوە دەگەێنێت کە تاوانبار نەیویستووە گوێ لە داخوازی شاندەکە بگرێت، هەروەها نەیویستووە جەخت بخرێتە سەر کۆمپانیای نەوت بۆ گوێگرتن لە داخوازیی ڕەوای کرێکاران. ئەوە لەخۆیدا نیشانەیە بۆ ئەوەی یەکێک بوو لە نۆکەرانی ئیمپریالی، بۆیە لەوەدا درۆیکرد کە گوتوویەتی ڕێگەی یاسایی بگرنەبەر بۆ بڵاوەپێدانی مانگرتن. **سێ** ـ خودی بەکارهێنانی هێزو بوونەهۆی برینداربوون لەخۆیدا ئاماژەی (هەر ڕێگەیەکی یاسایی)

بەدرۆ دەخاتەوە. وشە نرخی چیە گەر پێچەوانەبێت لەگەڵ کردار. **چوار** ـ پۆلیس ویستوویەتی ڕواڵەتی یاسایی ببەخشێت بەو کردەوانەی بەپێی ئەو فەرمانە بووە لەبۆ کۆمەڵ بەستن کە لەخۆیدا سەرپێچییە لە یاسای بنەڕەتی. **پێنج** ـ ڕویخۆش نیشاندانی تاوانبار لەگەڵ تاکەکانی پۆلیسو خەڵاتکردنیان بە بڕی (٢٥ دینار) بۆ کڕینی مێوەجاتو دەستخۆشی لێکردنیان لەبەر بڵاوەپێدانی خۆپیشاندان بەوپێیەی ڕاپۆرتی کۆمیسەر حەمید شلال لە ڕۆژی ١٥/ ١٢/ ١٩٥٣دا نوسیویەتی ئەوە دەردەخەن کە تاوانبار پێشکات سوور بووە لەسەر بەهێز بڵاوە پێکردنی خۆپیشاندانەکە. **شەش** ـ نەگرتنەبەری ڕێگەی یاسایی دژ بە پۆلیسەکان ئەوە دەگەێنێت کردەوەی ئەوانی لا پەسەندبوە.

بەوەی تاوانی کوشتنی شەهید عەبدولڕەزا دەهەش لەدۆخی هاودەمبووندایە لەگەڵ تاوانی کۆشش بۆ کوشتنی کرێکارانی تریش کە بنەماکانی بڕگەی (٣) لە بەندی (٢١٤)ی یاسای سزایی بەغدادی بەسەردا دەسەپێت، بەوپێیە دادگا بڕیاریدا بەپێی ئەوان تاوانباری بکات.

بەکۆی دەنگ بڕیاردراو بەئاشکرا ڕاگەێنرا.

واژوکاران/
عەقید/ فاضل عباس ئەلمهداوي/ سەرۆک
عەقید/ فەتاح سەعید ئەلشالی/ ئەندام
موقەدەم/ شاکر مەحمود ئەلسەلام/ ئەندام
موقەدەم/ حوسێن خزر ئەلدوری/ ئەندام
ڕەئیسی یەک/ ئیبراهیم عەبباس ئەللامی/ ئەندام

**بڕیاری داد** [70]

ڕۆژی ٤/ ٢/ ١٩٥٩دادگای سپایی باڵا لە بەغدا پێکهات بە سەرۆکایەتی عەقید فازل عەبباس ئەلمەهداویو ئەندامەتی هەریەک لە عەقید فەتاح سەعید شاڵی، موقەدەم شاکر مەحمووود ئەلسەلام، موقەدەم حسێن خزر ئەلدووریو ڕەئیسی یەک ئیبراهیم عەبباس ئەللامیو بەناوی گەلەوە ئەم بڕیارەی دەرکرد

70 ـ دەقی بڕیاری تاوانبارکردنو بڕیاری سزا لە کۆنوسی دادگا ـ بەشی ١٠/ لاپەڕە ٤٢٩٠ ـ ٤٢٩٣ وەرگیراوە.





**دادگا بڕیاری سزای تاوانکار سەعید قەزازی دا بە:**

**یەک:**ـ خنکاندن بەسێدارە تامەرگ، بەپێی بڕگەی ٣ بەندی ٢١٤ لەیاسای سزایی بەغدادی.

**دوو:**ـ بەندکردنی سەخت بۆ ماوەی دە ساڵ، بەپێی بڕگەی (ب) لە بەندی چوار لە یاسای ئاژاوەگێڕانو بەڕێنوێنی بڕگەی (هـ) بەندی دوو لە یاسای ناوبراو.

**سێ:**ـ بەندکردنی سەخت بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەپێی بڕگەی (ب) بەندی چوار لە یاسای ئاژاوەگێڕانو بە ڕێنوێنی بڕگەی (د) بەندی دوو لە یاسای ناوبراو.

**چوار**: بەپێی ڕەوشی بەندی (٣٤) لە یاسای سزاکانی بەغدادی، سەپاندنی ئەو سزایانە بەسەریەکەوە دەبنو لە ١٥/ ٧/ ١٩٥٨وە بۆی دەژمێردرێت کە ڕۆژی بەنکردنیەتی.

هەروەها دادگا بەپێی ڕەوشی بەندی (٥) لە یاسای سزادانی ئاژاوەگێڕی، سزای باربووی بەسەردا سەپاند کە دەبێت بۆ ماوەی دە ساڵ دابڕێت لە:

١ـ ئەندامەتی پەرلەمان.
٢ـ ئەندامەتی ئەنجومەنەکانی ئەمینداریو شارەوانییەکانو ئەنجومەنەکانی کارگێری.
٣ـ دامەزران لە نووسینگەو کۆمپانیاو دەزگاو بانکەکان.
٤ـ ئەندامەتی پارتەکان.
٥ـ کاری ڕۆژنامەوانی.

ئەم بڕیارە بەکۆی دەنگو بەئاشکرا ڕاگەێنرا

واژوکاران/
عەقید/ فاضل عباس المهداوي/ سەرۆک
عەقید/ فەتاح سەعید ئەلشالی/ ئەندام
موقەدەم/ شاکر مەحمود ئەلسەلام/ ئەندام
موقەدەم/ حوسێن خزر ئەلدوری/ ئەندام
ڕەئیسی یەک/ ئیبراهیم عەبباس ئەللامی/ ئەندام

**٢ / ٣ مشتومڕی یاسایی**

بەوەی بڕیاری دادگای تایبەتی لە ٤/ ٢/ ١٩٥٩ دەرچو لە بڕگەی یەکیدا سزای خنکاندنی تامەرگی سەپاند بەسەر سەعید قەزازدا، وەک پێویستە قایلبونی سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکان وەرگیرێت بۆ ئەنجامدانی بڕیاری لەسێدارەدان چونکە ئەو بەرزترین دەسەڵاتی وڵاتە، بەڵام لەبەر ئەوەی بڕیارەکانی ئەو دادگایە بنبڕنو ملکەچنین بۆ تەشەنەو پووچکردنو مشتومڕ لەسەری لەلایەن هیچ دەزگایەکەوە، چونکە بڕیارەکانی لەم دادگایە دەردەچن ملکەچ نابن بۆ ئەو ڕەوتانەی تەشەنە کە ڕەوتی دادگای سزای بەغدادی بە پێچوەانەی یاساو دەستوورەوە دایڕشتووە، بۆیە هەر بڕیارو سزایەکی لەم دادگا سپاییەی تایبەت بە شالیارگەی بەرگری دەردەچێت بنبڕو ئامادەیەو دەبێت دەسبەجێ باش دەرچوونی جێبەجێکرێت. لەبەر ئەوەی بڕیاری سزای سەپێنراو بەسەر سەعید قەزازدا خنکاندن بوو تا مەرگ، عەبدولکەریم قاسم پەسەندیکرد چونکە ئەو سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکانەو سەرۆکی ئەنجومەنی شالیاران. پێویستە ئەوەیش بڵێین کە پەسەندکردنی عەبدولکەریم قاسم لەژێر جەختو زۆری لایەنە ڕامیارییەکانی چەپی عیراقدا بووە.

بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٠ سپتەمبەری ١٩٥٩ لە بەندیخانەی ناوەندیی بەغدا سزای مەرگ لەسەر ئەو پیاوە ئەنجامدرا.

ئەوەی لەمەر شێوەی لەسێدارەدانەکە دەیگێڕنەوە، ئەویان بە جۆرێکی نامرۆڤانە خنکاندووە چونکە پاشلەوەی سەعید قەزاز دەکەوێتە لەقەفرتێو پێش لەوەی گیان بسپێرێت، سەرپەرشکارانی جێبەجێکار لە کارمەندانی لەسێدارەدان پەتی سێدارەکە دەبچڕێننو ئەو دەکەوێت بۆیە دووبارە هەڵیدەگرنەوەو لەسێدارەی دەدەن. پاشان خزموخێش تەرمەکەی لە پزیشکی دادیاری بەغدا وەردەگرنەوەو هەر لەبەغدا بێدەنگ لە گۆڕێکدا دەینێژن کەوتووەتە نێوان کۆمەڵە گۆڕی نزیک بە "باب المعظم"ی بەغدا.

پرۆسەی دادگاییکردنی سەعید قەزاز لەبەردەم دادگای سپایی باڵای تایبەت ئەنجامدرا کە دادگایەکی تایبەت بوو، هیچ پەیوەندییەکی بە سیستەمی دادی عیراقییەوە نەبوو. ئەو دادگایە پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ دامەزرا بۆ دادگاییکردنی سەرانی سەردەمی پاشایەتی، لەگەڵ





ئەوانەی سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان بۆی ڕەوانە دەکردن لەوانەی تاوانبار دەکران بە پلانی گێرەشێوێنی دژ بە دەسەڵاتی ئەوان، یان ئەو بەرپرسانەی سەردەمی پاشایەتی کە هەڵەو تاوانیان کردبێت بەرانبەر بە میللەتی عیراق. پەنا بە فەرمانی گوێزانەوەی دۆسێی ئەو کێشەیە ٧٠/ ١٩٥٨ سەبارەت بە سەعید قەزاز بەپێی بڕگەی ٣ بەندی ٢١٤ لە یاسای سزای بەغدادی کە تا ئەوکات لەکاردا بوو، هەروەها دوو بڕگەی "د، هـ" لە بەندی دووی سزای گێرەشێوێنانو پەنا بە فەرمانی گوێزانەوەی دۆسێی دووهەم لە کێشەی ٧٣/ ١٩٥٨ سەبارەت بەهەمان تاوانبارو بەپێی بڕگەی "هـ" لە بەندی دووی سزای گێرەشێوێنان هەردوو کێشەیان لەیەک کێسدا کۆکردەوە بە ژمارەی ٧٠/ ١٩٥٨و دادگا لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەڕێوە چوو.

باری سروشتیی تاوان بەشێوەیەکی گشتی پێکدێت لە دوو بەش، تاوانی ئاساییو تاوانی ڕامیاری. ئەو شێوە گشتییەی تاوان لەخۆیدا ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیو هەڵوێستە مرۆڤانەییانە دەگەێنن کە دەبنە هۆی هەڕەشە چی بە کرداربێت یان بە سەرپێچی لەو کردارەی لەڕوی یاساییەوە بە تاوان دەژمێردرێنو مایەی سزادانە. تاوانی ڕامیاری ئەوجۆرە تاوانەیە کە بە مەبەستێکی ڕامیاری ئەنجام درابێت یان کاردانەوەی نەرێنیی هەبێت بۆ سەر مافی گشتی یان تاکێکی نێو کۆمەڵ، یان ببێتە هۆی ئەنجامدانی تاوان دژ بە پێکهاتەی ڕامیاریی دەوڵەتو کار بکاتە سەر باری سیستێماتیکیی ئەو. جگە لەوانە گشت بزاوێکی تر بە تاوانی ئاسایی دادەنرێت. کەواتە تاوانی ڕامیاری بەو چالاکییە ڕامیارییە دەگوترێت کە یاسا بە تاوانی دەژمێرێت، ئەویش شێوازێکە لەو چالاکییە ڕامیارییەی کەسێک بە دڕندانە بەکاری دەهێنێت دژ بە نەیارانی. بنەمای تاوانی ڕامیاری ئەوەیە دەستدرێژی بکرێتە سەر مافی ڕامیاری لایەنی نایار، بۆیە گرنگە دادگا هۆکار یان پلادانەر بۆ ئەو تاوانە ڕونکاتەوە چونکە ئەوە گرنگی خۆی دەبێت وەک پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی جۆرو بابەتەکەی. بەپێی ئەو بنەمایە پێداگریی یاسا لەسەر ئەو دادگایە ئەوە بووە کە دەبوو جۆری ئەو تاوانە ئاشکراکەن کە سەعید قەزازی لەسەر دادگایی کراو لە بڕیاری سزاو سەپاندنیشدا بگوترێت کە تاوانکەی ڕامیاری بووە. بەڵام ئەوکاتەی دادگا سەعید قەزازی بەپێی بڕگەی (٣) بەندی (٢١٤) لە یاسای سزای بەغدادی تاوانبار کردووە ئەوخاڵە جەوهەرییەی بە هەند وەرنەگرتووە کە بەرانبەرە بە بەندی (٤٠٦ لە یاسای سزاکان)ی ئەمڕۆ

هەیە، ئەویش کوشتنی دەستئەنقەست دەگرێتەوە. ئەوەی ئێمە دەیزانین لێرەدا کوچکەکانی تاوان دوانن، ماکیو مەتریالی، کوچکەی مەتریالیی تاوان بریتییە لەو کردەیەی یاسا بە تاوانی دەژمێرێت یان سەرپێچیکردن لە کارێک یاسا بڕیاری لەسەر دابێت، واتە گشت ئەوانەی دەبنە هۆی لێکەوتنەوەی تاوان، ئەویش لە سێ ڕەگەز پێکدێن؛ ڕەفتاری تاوانئامێز، ئەنجامی زیانبەخشو هاوپەیوەستیی هۆکار لەنێوان ڕەوشتو ئەنجامەکانی. بەڵام کۆچکەی ماکیی تاوان ئەوەیە ئەنجامدەر ئارەزوی کردبێت بۆ ئەنجامدانی کارێکی ببێتە هۆی تاوان یان هەر ئەنجامێکی تری تاوانئامێز، لەگەڵ بوونی باری شیاو بۆ بەرپرسیارەتی سزایی، ئەوکات بۆ دادگا هەیە پاش دڵنیابوونی تەواو لەسەر بە تاوان زانینی کردارەکە سزای بەسەردا بسەپێنێت، ئەویش پاش وەدەستهاتنی بەڵگەی سەلمێنەری تەواو. ئەوجا ئەو بەڵگانەی لە خولی لێکۆڵینەوەدا وەدەست دێن هەروەها لەکاتی پرۆسەی دادگاییدا، وەک دانپێدانانی تاوانبار، گەواهیی دیدەروانان، دۆسێی لێکۆڵینەوە، توێژینەوە فەرمییەکان، ڕاپۆرتە هونەرییەکان، دیاردەو ئەو بابەتانەیتریش دەگرێتەوە کە لەڕووی یاساییەوە بە بەڵگە دەژمێردرێن. ئێمە لەو دوسێی لێکۆڵینەوەی یەکهەمدا کە خراوەتە بەردەم دادگا دانپێدانانی تاوانبار سەعید قەزاز نابینین سەبارەت بەو ڕووداوانەی خراونەتە ئەستۆی، واتە تاوانی کوشتنەکەی (شەهید عەبدولڕەزا دەهەش) کە بە دۆخی هاودەمبوون ژمێردراوە لەگەڵ تاوانی کۆشش بۆ کوشتنی کرێکارەکانی تر، ئەویش ئەگەر ڕاستبێت دەکەوێتە چوارچێوەی تاوانی زۆرشێوەیی کە دەبێ پێکبێت لە دوو بەش، یەکێکیان شێوەییو ئەویتر واتایی، یانیش لە ڕیزبەندییەکی ڕاستێنیدا بێت واتە مەتریالی، ئەوکات پێویستە دادگا بڕوانێتە گەواهیی هەندێک لە دیدەروانان. ئێمە ناجۆرییەک لە مشتومڕەکەی دیدەروانی ئەفسەر ئیبراهیم قازیدا دەبینین کە لەبەردەم دادگادا داویەتی، ئەویش لە ڕاپۆرتەکەی ڕۆژی ١٥/ ١٢/ ١٩٥٣دا کە ئەو لەمەر ڕوداوەکانی شاری بەسرا بەرزیکردوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی بەسرا، دەبینین ئاماژەیداوە بە فەرمانەکەی شالیاری ناوخۆی ڕۆژی ١٤/ ١٢/ ١٩٥٣ کە دەڵێت بڵاوە بەگشت کۆبونەوەیەک بکەن **بەڕێگەی یاسایی**، جا ئەگەر هەڵوێستو شێوەی تری نایاسایی بەکارهاتبێت ئەوا تاوانبار لێی بەرپرس نابێت چونکە ئەو شێوەی بڵاوەپێکردنەکەی دیاریکردووە کە دەبێت یاسایی بێت. هەروەها ملکەچبوون





بۆ فەرمان ئەوەیە کوتوموت فەرمانەکە وەکخۆی ئەنجام بدرێتو لە سنووری دەسەڵاتی ئەو لایەنەی بڕیاری دەدات. کەواتە ئەو فەرمانەی لەلای شالیاری تایبەتەوە دەرچووە (واتە شالیاری ناوخۆ) بەتەواوی یاسایی بووە دەبوو ملکەچبوون پێی بەوپێیە بێت کە شالیاری بەرپرس شێوەکەیی دیاریکردووە. هەروەها ئەو فەرمانەی سەعید قەزاز داویەتی بڕیاری فەرمانبەرێکە یاسا مافی دەرکردنی پێداوە، ئەوجا ئەوکەسەی فەرمان بەناوی دەزگایەکی فەرمییەوە دەربکات بەرپرس نابێت لەو تاوانەی کەسێکیتر ئەنجامی دەدات چونکە بەهیچ شێوەیەک ئەو بەلایەنی بەرپرس دانانرێت کردارێک بە پێچەوانەی فەرمانەکەوە زیان بگەیێنێت بە کەسانیتر. ئەگەر ئەنجامدانی ئەرکی سەرشان بەشێوەیەک لە شێوەکانی بە ڕێگەدان بژمێردرێت بۆ سەرپێچی، ئەوا بۆ فەرمان پێکراو نییە لەوکارە بەولاوە ئەنجامدات کە فەرمانی پێکراوە، یان ئەگەر فەرمانبەر وایبۆچووبێت کە پێویستە کارەکە بەوشێوەیە ئەنجامدات، یان لەڕووی ساویلکەییەوە وایزانیبێت پێویستە کارەکە بەوشێوەیە ئەنجامداتو فەرمانەکەی بەهەڵە ئەنجامدابێت، گشت ئەوانە بارگەلێکن بەکاری نایاسایی دەژمێردرێن.

لەدادگادا ئەوە سەلمێنرا کە سەعید قەزاز ڕۆژی ١٥/ ١٢/ ١٩٥٣ گەیشتووەتە بەسرا بۆئەوەی کۆتایی بهێنێت بەو مانگرتنەی ببوە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی گشتی، بۆئەوە تاوانبار خواستی (عەقید ئەحمەد محەمەد یەحیا کە پاش هەڵگیرسانی شۆڕش بوو بە شالیاری ناوخۆ) وەک دیدەروان گەواهیی بۆ بدات، چونکە پاش بڕیاردانی یاسای نائاسایی لە بەسرا ئەو بووە بە دادوەری سپاییو لەسەر ئەو ڕووداوانە گاڵەی کردووە بە دانیشتوان بەسرا. هەروەها (لیوا ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدی کە کرا بە سپاسالاری لەشکرو دادوەری گشتیی سپا، ئەو لەکاتی بڕیاری یاسای نائاسیی بەسرادا سەرۆکی دادگای سپایی بوو، هەر ئەو لە ساڵی ١٩٥٦دا فەرمانی تەقەکردنی دابوو لە خوپیشاندەران). بەڵام دادگا وەک گوێینەداوەتە دیدەروانی ئەوان، ئەوەیشی نەسەلماندووە کە تاوانبار بووەتە هۆ بۆ ئەو ڕووداوانە، یان ئەگەر سنووری دەسەڵاتی خۆی بەزاندبێت، چونکە لە پلەی یەکهەمدا یاسا دەسەڵاتی پێبەخشیوە ئەوجۆرە بڕیارە بکات، هەروەها ئەوە لەڕووی یاساوە بەڤتەواو دەژمێردرێتو بۆی دەبێتە پارێزبەند. پێویست بوو دەستەی لێکۆڵینەوەو دادگا پێداگر بوونایە لەسەر ناسینەوەی ئەو کەسانەی تەقەیان کردووەو لە

لێکۆڵینەوەکانیاندا پتر قوڵبوونایەتەوە بۆ ئاشکراکردنی ئەوەی، کێ فەرمانی تەقەکردنی پێداون؟ و ئایا یاسایی بووە بەپێی ئەو فەرمانە شالیارییەی دراوە بە پۆلیس؟ لەو ئاستەدا نە هیچ بەرپرسیارەتییەکی تاوانیی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر تاوانبار، نە بەندی یاسایی هەیە کارەکەی ئەو بە دیاردەی تاوانی بژمێرێت، بەڵام لەوەی دەڵێت داخوازی کرێکارەکان ڕەوابووە یان نا! ئەوە کارێک نییە لەئ ەستۆی تاوانباردا بێت چونکە سنووری دەسەڵاتی ئەو وەک شالیاری ناوخۆ ئەوەبووە باری ئاسایشی گشتی بپارێزێت بۆیە بەدەنگ خواستی کرێکارەکانەوە هاتن یان نەهاتن لەسنووری کاری ئەودا نەبووە تا لێی بکۆڵێتەوە. وەکتر، یاسایەکی تایبەت بە کۆڕبەستن هەبووە دەبوو کاری پێبکات. بەڵام سەبارەت بەوەی شالیاری بەرپرس فەرمان بدات بە خەرجکردنی ٢٥ دینار بۆ کڕینی مێوەجات بۆ تاکەکانی پۆلیس‌و دەستخۆشی لێکردنیان لەبەر ئەنجامدانی کار، بەهیچ شێوەیەک بەتاوان دانانرێت. هەروەها ئەوەی بۆچی ئەو ڕێگەی یاسایی نەگرتووەتە بەر دژ بە پۆلیسەکان ئەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دەزگایانەی دەسەڵات کە بەرپرسن لە چاودێریی کاری فەرمانبەران (مافی گشتییە) نەوەک شالیاری تایبەت.

سەبارەت بە کێشەکانی نەجەف‌و حەی‌و بەغدای پاش هێرشە سێقۆڵیەکەی ساڵی ١٩٥٦ بۆ سەر میسر. ئەوکات سەعید قەزاز شالیاری ناوخۆبوو، بەرپرسیارەتی ئەو وەک گشت شالیارێکی تری کاراو بەرپرس لە دۆخەکە، دەبوو بکۆشێت بۆ سەپاندنی یاساو جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دەسەڵات، چونکە ئەو بەسەر لوتکەی دەزگایەکی ئەنجامدەرەوە بوو. بەڵام سەبارەت بە هەڵبژاردن هەرگیز دیاردەیەک نییە بەوەی ئەو فێڵێ کردبێت یان دەستی وەردابێتە پرۆسەی هەڵبژاردن یان کارەکە بە فەرمانی ئەو کرابێت. بەڵام ئەوەی دەگوترێت ئەو دەستی هەبووە لەهاندانی بەرپرسێک بۆ کارکردن لە سودی یەکێک لە پاڵێوراوان بەرانبەر بە پاڵێوراوی تر ئەگەر ڕاستیش بێت بەتاوان دەژمێردرێت بەڵام سزاکەی ناگاتە مەرگ. ئەگەرچی دادگا سزای بۆ ئەو تاوانە دیاری نەکر، ئەوە بە تاوانی ڕامیاری دەژمێردرێت. یاساڕێژ سزای بەندکردنی هەتاهەتایی بۆ تاوانی ڕامیاری بڕیارداوە نەوەک سێدارە، بەڵام دادگای سپایی باڵای تایبەت بەهیچ جۆرێک ئاوڕی لەو لایەنە نەداوەتەوە کێشەکە بە ڕامیاری بژمێرێت. بەوپێیەیش کە دادگاکە تایبەت بوو نە بە سپایی دەژمێردرێت نە سیڤیلی بۆیە هەردوو سەری گلۆلەکەی لێ





ونبووە بۆیە ڕێکارەکانی لەلا زۆر ئاسایی بووە، لەوانەیە بەهۆی بێئاگایی دەستەی دادەوەرەوە بووبێت لەو ڕەوشە یاساییانەی دەبێت دادگایەکی ئاسایی پێیهەڵسێت، بۆیە ئەو بڕیاری سزایەی لەو دادگایە دەرچووە دورە لە ژیربێژیی قایلکەرو ئەو بەڵگانەی لەسەر تاوانبار لەبەردەستیاندا بووە بەسنین بۆ سەپاندنی سزا بەپێی بڕگەی (٣) بەندی ٢١٤ لە یاسای سزای بەغدادی، بۆیە بڕگەی یەکی ئەو بڕیارە کە ٤/ ٢/ ١٩٥٩ دەرچووە پێچەوانەی یاساو ڕەوش‌و ژیربێژییە. دیارە ئەوە لەژێر کاریگەری شڵەژاویی دەرون‌و بەپێی خواستی لایەنێکی نەیار بە سەعید قەزاز بەسەریدا سەپێنرا، چونکە باری دەرونی زۆر لەو کەسانەی هەژاندبوو کە زەدەخۆرو زیانلێکەوتووی دەستی سیستەمی پاشایەتی بوون، هەروەها ژێر باری شەقامی عیراقیی دژ بە پیاوانی ئەو سیستەمەی پاشایەتی‌و هەر ئەوانیش بوونە هۆی کاریگەر بۆ سەر دادگا تا ڕوبکاتە ئەو جۆرە تاوان‌و سزا سەپاندنە. هەروەها ژێر کاریگەریی هات‌وهاواری ئەو تەماشاکەرانەی نێو هۆڵی دادگا کە هیچ ڕواڵەتێکی یاساییان پێوە نەبووە. لەوە دەچێت ڕێگەپێدانی ئاشکرای سەرۆکی دادگا بەوەی حەزو ئارەزوی خۆیان بەو هاتوهاوارو دەربڕینی دروشمانە دامرکێنن کە کاریگەری خۆی بووە، ئەوەی ئامادەبووانی نێو هۆڵی دادگا وشەی زۆر ناشیرین‌و بازاڕییان بەکار هێناوە دژ بەتاوانبار بێلەوەی کەس ڕێیان لێ بگرێت، لەولایشەوە دادیاری گشتی بە درۆ ڕوداوێکی بێبنەمای بۆ سەعید قەزاز هەڵبەستوەو پتر لە یەکجار خوێندنەوەی داکۆکنامەکەی پێ بڕیوە. ئەوجا پێکهاتەی خودی ئەو دادگایە کە بەگشتی لە پیاوانی لەشکر بوون‌و شارەزایی ئەوتۆیان نەبووە لە بارەکانی دادو یاساو پێداویستییەکانی کۆڕی دادوەری، هەروەها هیچیەک لە ئەندامانی بە سەرۆکەکەیشییەوە نە خوێندکاری یاسایا بوون نە شێوازەکانی کاری یاساییان زانیوەو نە بەپێی پێویست شارەزای دەقی یاسایی بوون، جگە لە دادیاری گشتی بەڕێز ماجد محمد ئەمین کە یاساناس بوو. باشە، وەک لەوکاتەدا دادگای عیراقی دادپەروەرو پاک‌و پوخت هەبوو چی پێویست بوو ئەو دادگای سپایی‌و تایبەتە پێکبێت کە دەرکەوت شارەزاییان تەنانەت لە ئاساییترین ڕەوشەکانی یاسا نەبوو. سەرۆکی دادگا پتر لە یەکجار سوێندی تاوانبار سەعید قەزازی داوە، ئەوە کە بەهیچ شێوەیەک نابێت تاوانبار سوێن بدرێت. لەلایەکی ترەوە دادگا گوێی نەگرتووە لە ٤٦ دیدەروان گوایە لەبەرئەوەی کاتی تەواویان بەدەستەوە

نەبووە بۆ گوێگرتن لێیان لەسەر پرۆسەی تاوانێک سزاکەی گەیشتە سێدارە. لەلایەکی ترەوە داکۆکی کردنی ئەو بریکارەی تاوانبار کە دادگا بۆی ڕاسپاردبوو (پارێزەر سەلاحەدین محەمەد) کە گوویەتی؛ کاتێک تاوانبار پەنای بۆ بردووە ئەو بە نابەدڵی بەڵێنی داوە داکۆکی لەو تاوانبارەو هاوشێوەکانی بکات، ئەوجا نە پاکانەی بۆ بێتاوانی سەعید قەزاز کردووە نە خواستی بەزەیی بۆ نیشانداوە بەوپێیەی دەقەکانی یاسایی‌و ڕەوشی دادگا سزاییەکانی عیراقی‌و ویژدان‌و ڕەوشتی خۆیی‌و ڕوەشی کارەکەی وەک پارێزەری داکۆک بۆ ژیانی تاوانبار دەیخوازێت!. تەنانەت ڕۆژنامەی "إتحاد الشعب" کە ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقە لە ژمارەی ١٩٠ی ڕۆژی ٤/ ٩/ ١٩٥٩دا ڕەخنەی ئاراستەکردوون لەسەر پێداهەڵدانەکانی نێو هۆڵی دادگاو ئەوەیشی بەرپەرچ داوەتەوە کە پارتەکەی پەیوەندیی بەو بارەوە بووبێت. ئەوجا ئەوەی نامە لە گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس شارەکانی عیراقەوە گەیشتووە تیایاندا نەبوونی فەرمان یا بروسکەیان دەرخستووە بەوەی شالیاری ناوخۆ سەعید قەزاز فەرمانی دابێت بۆ تەقەکردن یان بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە خۆپیشاندەران، بۆیە ئەو خاڵانەی بوونەتە بنەما بۆ ئەو بڕیارە تایبەتەی سەپا بەسەر سەعید قەزازدا یاسایی نین بۆیە مایەی پەسەندنین تا پێی تاوانبار بکرێت. دەتوانین بڵێین سەعید قەزاز لەسەر تاوانی نەبوو سزادراوە بۆیە پێویستە ئەوبارە بەهەند وەرگیرێت بۆ دووبارە دادگایی کردنەوەی تا بڕیاری دادو سزای ڕاستیی بەسەردا بدرێت گونجاو لەگەڵ ڕاستیی ئەو تاوانانەی لەنێو دۆسێی ئەو کێشەیەدا هەن، ئەگەرچی بە بێتاوانی نازانین لە هەندێک لەو کارو هەڵوێستەی لێی بەرپرس بووە، بەڵام نایشکرێت گشت تاوان‌و هەڵەکانی ڕژێمی سەردەمی پاشایەتی بخرێنە ئەستۆی ئەو. بەڵێ سەعید قەزاز بەشێک بوو لە سیستەمی پاشایەتی بەڵام هەر بەتەنها ئەو گشت ڕژێمەکە نەبوو وا گشت ئەرکـو تاوانەکانی سیستەمی پاشایەتیی خرایە ئەستۆ.

مامۆستای پارێزەر عەبدولقادر ئەلدبوونی دەڵێت؛ دادگاکەی مەهداوی هیچ واتایەکی دادوەریانەی پێوە دەرنەکەوتووە بەڵکو تا ئەوڕۆژەی لەگەڕدا بوو جۆرێک بوو لە قەیرانی دادوەرییانەو تاوەکوو ئەمڕۆیش هەر بە هۆیەکی تێکشکێنەر دەژمێردرێت بۆ پێوەرو ڕەوشەکانی دادگا.

هەروەها (بەپێی باوەڕی ئەلدبوونی) کێشەکەی سەعید قەزاز هەڵبەستراو بە





مەبەستی لێدانی سەرکردەکانی سەردەمی پاشایەتی بوو، لەوانەی هەڵوێستی گیریان بووە دژ بە کۆمۆنیستانی عیراق، هەروەها بەپێی بۆچوونی ئەو کە پارێزەرێک بوو پتر لە ٤٥ ساڵ یەکوچان لە دادگادا کاریکردووە بۆ چەسپاندنی یاساو گشت بوارەکانی تری کارڕایەکیی دادوەری. ئەو بڕیارەی سزایان پێسەپان پوچەڵ‌و بڕیارەکەی داد ستەمئامێزو خودی دادگاکە دوربووە لە ڕەوشی پاقژو لە سەرەتاوە تا کۆتا باری دادپەروەریی لێی بزربوو[71].

"پارێزەری موسڵاوی" مامۆستا مەحموود ئەلچەلەبی دەڵێت؛ سەعید قەزازی پڕ لە شانازی لەڕووی دادگا (لاوازەکەی!!) مەهداوی وەستابوو داکۆکی لە شکۆی خۆی دەکردو پڕباوەڕ بوو بە خوداو چارەنوسی خۆی[72].

ئەوەی ستەمکاریی دادگاکەو ناڕەوایی بڕیارەکانی بسەلمێنێت ئاوڕنەدانەوەی دادگایە لەگشت ئامرازەکانی بەزەیی. چونکە تاوانبار سی‌وسێ ساڵ وەک فەرمانبەرێکی گشتی کاریکردووە، وەکتریش تەمەنی لە پەنجا ساڵ بەرەوژوور بوو بە درێژایی ژیانی کارمەندی هیچ سەرپێچییەکی یاسایی یان کەتن‌و تاوانی ئەنجام نەداوە. گشت ئەوانە هۆبوون بۆئەوەی ئێمە بتوانین بڵێین لەوێدا دادپەروەری بزربووە. هەروەها پارێزەری داکۆک لە تاوانبار، ڕوبەڕووی نەبوەتەوە تا هەندێک ڕاستیی ئەو بوارانەی بۆ ڕوونکاتەوە کە لە دادگادا لێیان ڕوانیوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە لەبری پارێزەری داکۆک لە تاوانبار بوەتە پارێزەری دژ. هەروەها دەستەی دادوەر ئەو بنەما دادوەرییانەیان نەزانیوە کە تاوانبار بێسوچە تا ئەوکاتەی تاوانی بەسەردا دەسەپێت، بۆیە ڕێڕەوی ئەو دادگا بێڕەوشەی هەر لەسەرتاوە بێلایەن نەبووە سزای بەسەر تاوانباردا سەپاندووە بێلەوەی ڕێیبدەن پاکانە بۆخۆی بکات.

مامۆستای پارێزەر جەرجیس فەتحوڵڵا دەڵێت: کەساڵی ١٩٥٦ ئەو کوشتارەی لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکانی بەسرا ڕویدا بڕیارێکی یاسای نائاسایی دەرچوو بەهۆیەوە ڕەوتی یاسای پەککەوت‌و بەرپرسیارەتی ڕاستەوخۆ کەوتە دەستی سەرتیپی هێزەکانی ئەوێ کە ناوی (ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدی) بوو، واتە ئەو دادوەرە گشتییەی سپا کە لەبەرەبەیانیی چواردەی تەمووزەوە تاڕوخانی

[71] ـ چاوپێکەوتنم لەگەڵ مامۆستای پارێزەر عەبدولقادر ئەلدبوونی لەمووسڵ ڕۆژی ٩/ ١٢/ ١٩٩٥

[72] ـ دیدارێک لەگەڵ مامۆستا مەحموود ئەلچەلەبی لەمووسڵ ڕۆژی ٢٨/ ١٠/ ١٩٩٥

دەسەڵاتەکەی قاسم لەو پلەیەدا بوو. دەتوانم زۆر ناوی ترتان بۆ بژمێرم لە هاوتای (ئەلعەبدی) کە شۆڕشی ١٤ی تەمووز کردنی بە بەرپرسو پلەو فەرمانی گرنگی پێ سپاردن. (ئەگەر بەدیدی یاسایی بۆییچین) بەرپرسایەتیی ئەوان لە کوشتنی خۆپیشاندەراندا کەمترنەبوو لە بەرپرسیارەتی قەزاز ئەوە ئەگەر بەرپرسیارەتیی یاسایی بە گریمانی وەرگرین[73].

مەهداوی زۆرجار کە قوشقی دەبوو سوکایەتیی دەکردن بە سەعید قەزازو تانووتی لێدەداو پێیدەگوت خۆفرۆشو پیاوکوژو شالیاری خوێنرێژو مۆرکی شەرمانگیز، بەڵام هەرکات سەرۆکی دادگا هێرشی کردبێتە سەر سەعید قەزاز هەرگیز ئەو لێی بێدەنگ نەبووەو لەنێو ڕکەی تاوانەوە بەهەمان شێوەو هەمان گوڕ وەڵامی مەهداویی داوەتەوەو ئازاو دلێرانە لەگەڵی کەوتووەتە مشتومڕ بێئەوەی هیچ ترسی پێوە دیاربێت.

قەزاز لەکاتی فەرمانبەریدا بەوە ناسرابوو کە توندو بەزەبرە، هەروەها لەو سەردەمەی پاشایەتیشدا کە شالیاری ناوخۆ بوو ناوبانگی بەوە دەرکردبوو کە لەکاتی خۆپیشاندانی کۆمۆنیستەکاندا زەبرو هێزی زۆری بەکارهێناوە بۆ بڵاوە پێکردنیان، بۆیە بەبۆنەی ئەو کۆنەقینەوە لە بەندیخانەدا جۆرەها باری ئەشکەنجەیان لەگەڵ بەکارهێناوە، هەر لەبەر هەمان ئەوهۆیە مەهداوی لە دادگا کۆشیویەتی شکۆی بشکێنێت، بەڵام ئەو لەنێو ڕکەی تاوانبارانەوە بەسەر مەهداویدا دەیقیران دەیگوت: "نەکەی سووکایەتیم پێبکەیت.. دادگایم بکە بەڵام بۆتنییە سوکایەتیم پێبکەیت.. من بەوبۆنەیەوە کە شالیاری ناوخۆ بووم فەرمانم بەجێگەیاندووەو ویستومە ئازادی دابینکەم بۆ ئەوانەی هانایان بۆ هێناوەو بۆ پاراستنی ڕژێمەکەم، خۆئەگەر ئەمرۆیش شالیاری ناوخۆبم هەر ئەوە دەکەم کە ئەوکات کردومەو هیچ پەشیمان نیم لەوانەی کردومن". سەعید قەزاز بەو وتە بەناوبانگەی لەبەردەم دادگادا کۆتایی بە داکۆکنامەکەی هێنا کە گوتی (وا سەردەکەومە سەر قەنارە کەسانێک لەبەرپێمدا دەبینم مافی ئەوەیان نییە بژین) دیارە هەر ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە ژوری تەنهاییدا بەندیکەن. وەک زۆرکەس کۆشیویانە کاری تێبکەن تا پێشنیاری لێبوردن بنوسێت بۆ دادگا لەسەر ئەو وتانەی گوتوونی بەڵام ئەو

[73] ـ محەمەد حەمدی ئەلجەعفەری/ محكمة المهداوى/ مطابع دار الشؤون الثقايية العامة، بەغدا ١٩٩٠ / لاپەڕە ٧٦ ـ ٧٧٠





هیچ گوێینەداوەتە ئەوجۆرە بیرۆکەیە. پاش کۆششی زۆری بێهوودە ڕوویان کردووەتە هاوسەرەکەی تا نامەیەکی بۆ بنووسێت بۆئەوەی کەمێک نەرمی بنوێنێتو لێبوردن بخوازێت لە دادگا تا لە بەندیخانەدا کەمێک ئەرکی لەسەر سوک بکەن، بەوبۆنەیەوە هاوسەرەکەی لە نامەیەکیەکدا بۆی دەنووسێت لە دادگا بخوازێت لێی ببوورن بەڵام ئەو لەسەر پشتی نامەکە بۆی دەنوسێتەوە (چاوڕوانی ئەوەبە ببیت بە بێوەژن) ئەوجا کە ئەوەیشیان بەرگوێ دەکەوێت پتر قوشقی دەبن، هەڵدەسن دروشمێک لەسەر پارچە پەڕۆی دووروودرێژ دەنوسنو لەبەردەم دەروازەی شالیارگەی بەرگریدا هەڵیدەواسن تێیدا نوسراوە (عەبدوڵڵا شاوی‌و کامل قازانچی لەژێر گڵدان بەڵام سەعید قەزازو بەهجەت عەتییە هێشتا خۆش دەژین). دیارە مەبەستیان لەوە بووە کە عەبدولکەریم قاسمی پێ بوروژێنن تا لەگشت هاتنەژوورەوەی شالیارگەی بەرگریدا ئەوە ببینێتو ئەو هەڵوێستەی سەعید قەزازو بەهجەت عەتیەی وەبیر بێتەوە کە دژبوون بە بزوتنەوە ڕامیارییە نیشتمانپەروەرەکان. سەعید قەزاز هەردەم مانەوەی ئەو هێمای سەر پەڕۆکەی لەو هاووڵاتیو خزمانەی پرسیوە کە چوون بۆ سەردانی لە بەندیخانە، بەوەی هەندا بیریان لای بوونو مانەوەی ئەو بووە لە ژیاندا هەرکات پەڕۆکە کۆن بوو‌بێت نوێیانکردووەتەوە تا ئەوکاتەی قەزازو عەتییە لەسێدارە دران. ئەوەبوو لەکاتی سێدارەدانیشدا گوریسی قەنارەکەیان بۆ شل بەستوە تا لەکاتی سەرکەوتنی سەعید قەزازو دەسکردن بەپرۆسەی خنکاندنەکەی سەرنەگرێتو ئەوان چێژ لەو دیمەنەی وەرگرن. ئەوجا کە تەختەکەیان لەبن پێی ڕاکێشاوە ئەو کەوتووەتە سەر زەوی دووبارە بە بوراوەیی بەرزیان کردووەتەوەو ملیان کردووەتەوە بە قەنارەکەدا[74].

بۆئەوەی خوێنەر ئاشناکەین بە وێنەیەکی ڕاستەقینە سەرۆکی دادگا عەقید فازل عەبباس ئەلمەهداوی کە بەناوبانگتر بوو لە خودی دادگای گەلدا، لە وڵاتێکی خاوەن مێژوی وەک عراق کە هێشتا زۆر لەو جۆرە پێوەرە قەشەنگانەی بەبەرەوە مابوو ڕەوشو نەریتەکانی ڕاگرێت، بەڵام لە کودەتاکەی فەبریوەری ١٩٦٣ بەدواوە تاوەکو ئەمڕۆ باری نەنگیی زۆرو

[74] ـ مەحموود خالس/ ذاكرة الورق. شەست ساڵ لە مێژووی عیراقی نوێ لە بیرەوەییەکانی مەحموود خالس ـ نووسیسنی د. وەلید مەحموود خالس/ چاپی، المؤسسة العربية للدراسات والنشر/ بەیرووت ٢٠١٠ لاپەڕە ٥٣٣

درزو برینو ناسۆرمان چەشتو بینی لە دەستی ئەو ڕژێمە یەک لەدوای یەکانەی بەرەی ڕاست کە پاشان پەیدابوون. پێویستە بۆ نرخاندنی کەسێک ئەوە بکرێت بە پێوەر کە چی پێشکەش کردووە بە گەلو نیشتمانەکەیو لەڕەوتیدا تا چڕادەیەک بەخشندە بووە لەگەڵ کۆمەڵو نیشتمانو چیی لە پەڕاوی مێژودا بۆ تۆمارکراوە سەبارەت بە هەڵسوکەوتی لە بارەکانی ڕامیاریو کۆمەڵایەتیدا بێ گوێدانە ئەوەی سەر بە چلایەنێکی ڕامیار بووە یان بەچکەی کام چینو نەتەوەو ئاین بووە. بۆیە پێویستە بە دیدێکی بێلایەن بە مێژودا بچینەوە تا لەڕوی نیشتمانپەروەرییەوە بگەینە ئەنجامێک بریتیبێت لە ڕاستیو ویژدانو ژیربێژیی دوور لە هەڵچونو لایەنگیری. ئێمە بەوپێیەی هەمیشە ڕاستی بە کۆڵەکە دەزانین بۆ ڕاگرتنی مێژوو، هەر ئەویشمان بۆ بووەتە هاندەر تا پشتی پێببەستین لەم پرۆسەی تۆمارکردنو هەڵسەنگاندنە بەو ئاواتەی بمانگەیێنێتە ئەنجام.

پێدەچێت کاتی هەڵسەنگاندن جیاوازییەک ببینین لە نێوان ئەو تاوانبارەی دادگا بە ناڕەوا سزای بەسەردا سەپانو ئەو سەرۆکی دادگایەی بە شەهیدی کۆچی کردو هەڵەو تاوانەکانی لەگەڵ خۆی برد.

لەتوێی زۆر لە باڕەکانی ڕاستێنیی ئەوسەردەمە بەسەرچووەی عیراق کە پڕبوو لە گێژاوو هەندێک ناو دەرکەوتن ڕۆڵی گرنگیان بۆ مێژوی ڕامیاریی عیراق جێهێشتو خۆیشیان بوون بە بەشێک لەو مێژووە ڕامیارییەی عیراق. وەک ئەوان کاریان کردوەتە سەر ڕوداوەکانی، خۆیشیان کەوتوونەتە ژێر باری، وەک لە ژیانییاندا هەڵوێستی نەرێنی بووە بێ هەڵوێستی ئەرێنیو مرۆڤانەیش نەبوون، بۆیە هەر بە تەنها ناوهێنانی یەکێک لەو دووە دەبێتە هۆی لاسەنگی لە تەرازووی ڕۆژگار ئەوکات بێلایەنی بزردەبێت، لەوێدا مەبەستی نیازکراوی نووسەر ئاشکرا دەبێتو ئارەزووی قەتیسماوی نێو مێشکی زاڵدەبێت بەسەر بارەکانی ڕاستێنیداو زۆر جاریش دەبێتە هۆی پەردەپۆشی.


ئەوەی لەو سەردەمەی پاشایەتی عیراقدا کاریکردبێتە سەر مێژوو، پشتبەستن بووە بە پلەوپایە لەنێو پێکهاتەی خێلەکی یان چینی کۆمەڵایەتی یانیش پێگە لەنێو ئەو پارتە ڕامیارییانەی سەر بە لایەنەکانی دەسەڵات بوون لە خولەکانی سەردەمو ڕژێمی پاشایاتیدا، بۆیە کەس لە دەرەوەی ئەو سێ بازنگەیەدا





نەیتاونیوە دەرکەوێتو ناو بۆخۆی تۆمارکات.

بەڵام ئەو بزوتنەوە نەیارە نیشتمانییەی عیراق کە لەڕیزی دژدا وەستابوو بەرانبەر بە ڕیزی دەسەڵاتی پاشایەتیو ناکۆک لەگەڵی، بەپێی ڕەوشو بەهاو خۆو دیدو بۆچوونی نیشتمانپەروەرییانە نەخشەی ڕامیاریی خۆی دیاری دەکرد بۆیە ناوەکان لە توێی ئەو بارانەوە دەردەکەوتن دوور لە ڕەوشی خێڵەکی یان چینایەتی یانیش سەربەیی دەسەڵات. بۆیە ئەو بزاوە جۆشی سەندو ئاوێتە بوو بە هەستی نیشتمانپەروەرییانەی کۆمەڵو ناوی کەسانی بایەخداری لێ دەرکەوت ناوی خۆیان لەڕیزی وردەکارییەکانی چالاکیی ڕامیاریی عیراقدا تۆمارکرد، بۆیە توێژەر بۆینییە ئەو ناوانە پشتگوێخات، هەروەها بۆینییە ڕۆڵی ئەوان پشتگوێخات لەو پێگە مێژووییە ڕامیارییەی عیراقدا کە لەماوەیەکی دیاریکراوەدا تۆماری کروون چی بۆ ئەو بووبن یان دژ بەو. ئەوی لەوسەردەمەدا بە بزووتنەوەی پارتە ڕامیارییەکانی بە دانسقە دەرخست یەکانگیریی بتەویان بوو بۆیە توانییان هەڵوێست بۆ خۆیان تۆمارکەنو جموجۆڵە ڕامیارییەکانیان لەگەڵیەک ڕێکخەن، بەو بۆنەیەوەو لەپێناوید بوونە مایەی ڕێز لەلای جەماوەری میللەتی عیراق، بەوجۆرە جیاوازییەکی زۆریان تۆمارکرد بەرانبەر بەڕەوشی ئەو دەسەڵاتەی پاشایەتی کە بەرەبەرە لەبەر زۆرهۆ جەماوەری عیراقیی لێ دووردەکەوتەوە، واتە ئەو دەسەڵاتەی ناکۆک بوو لەگەڵ ئامانجو ئارەزووی ئەو بزووتنەوە نیشتمان پەروەرانەیەی وزەی خۆیان یەکخست لە بەرەیەکی یەکگرتوودا کە بە بۆنەیەوە هێزو کاریگەرییان لەگۆڕەپانی عیراقیدا پەرەیسەند.




بەڵام پاش ڕمانی دەسەڵاتی پاشایەتی ئەو بنەمایە گۆڕا، واتە لەپاش ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨و سەرهەڵدانی سیستەمی کۆماری بەسەرۆکایەتی زەعیم عەبدولکەریم قاسمو بەپێی نەخشەی ئەفسەرانی ئازاد کە بەهرەیان لە هێزوپێزی ئامانجو بنەماکانی گشت بزوتنەوە ڕامیاریو نیشتمانییەکانی عیراق وەرگرتو گونجانیان لەگەڵ ئامانجو ئاواتەکانی گەلی عیراق. لە نێو زۆر ناودا لەڕیزی ئەفسەرانی ئازاد، ناوی عەقید فازل عەبباس ئەلمەهداوی دەرکەوت. ئەو یەکێک بوو لە ئەندامانی ئەو

شانانەی ئەفسەرانی ئازاد کە پەیوەندیی ئاشکرایان بووە لەنێو ڕێکخستنەکانی سپا. ئەو لەوانە بوو کە بەکردار بەشدار بوو لەشۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨. ئەو پیاوەی وا پیشەیەکی نوێ وەردەگرێت هیچیەک لە ئەفسەران پێشتر نە ناسیویانە نەهیچ پلانێکیان بۆ دانابوو نە لە نەخشە نیشتمانییەکانیاندا ئەو پلەی سەرۆکایەتی دادگای سپایی باڵای تایبەتەی سەر بە شالیارگەی بەرگری بووە بەناوی (محكمة الشعب). ئەو دادگا شۆڕشگێرانەیان بەپێی یاسایەکی تایبەت پێکهێنا بۆ دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی پاشایەتی، بەڵام پاشان کێشەی تریشیان بۆ دەچوو، ئەویش بەبۆنەی وەپێشهاتی هەندێک باری ڕامیاری لە دەرئەنجامی ئەو درزەی پاشان بووە هۆی لێک دابڕان کە ڕیزەکانی کۆمەڵو نیشتمان دوچاری بوون.

ئەو دادگایە پێهات لەسەرۆک عەقید فازل عەبباس ئەلمەهداویو ئەندامەتی هەریەک لە عەقید فەتاح سەعید شاڵی، موقەدەم شاکر مەحموود ئەلسەلام، موقەدەم حسێن خزر ئەلدووریو ڕەئسی یەک ئیبراهیم عەبباس ئەللامیو نایندەیی دادیاری گشتی عەقید ڕوکون ماجد محەمەد ئەمین.

بە بۆچوونی ئێمە نە لەمێشکی سەرکردایەتی شۆڕشدا بووە دادگایەکی لەو شێوەیە پێکبێت نە پلانیان بۆ دانابوو، بەڵکو بەشێوەیەکی ناکاوو پەلە لەئ ەنجامی بارێکی شڵەژاودا بڕیاری یاساییان بۆداوە. ئەو دادگایە، وەک سپایی بوو، جیاوازو تایبەتیش بوو. خاڵی نوێو ئەرێنی لەو دادگایەدا زیندوو ڕاستەوخۆ بڵاوکردنەوەی دانیشتنەکانی دادگایی کردن بوو لە ئێزگەکانی تەلەڤیزیۆنو ڕادیۆدا، واتە بەدەنگو ڕەنگو بێ هیچ سەنسۆرو مۆنتاژو چاودێریی دەزگا هاوپەیوەستەکانی عیراق دەبینراو دەبیسترا.

وەک ئەوە دیاردەیەکی نوێ بوو بۆ مرۆڤی عیراقی کە پێی ڕانەهاتبوون بۆیە کارێکی سەرنجکێشیش بوو بۆ ئاگادارکردنی عیراقییان لە دادگاییکردنی ئەو بەرپرسو شالیارانەی لە سەردەمی پاشایاتیی عیراقدا لە ڕیزی پێشوەوی دەسەڵاتدا بوون. واتە ئەوانەی ناونران "سەرانی خولی لەناوچوو". گوێگرانی ڕادیۆ لەگەڵ بینەرانی تەلەڤزیۆن کە "ئەگەرچی ئەوکات زۆر سنووردارپوو جونکە تەنها بەغداو پارێزگا (ئەوکات بە لیوا ناودەبران)ـکانی نزیکی دەیانبینی" لای هاوولاتییان یەکجار زۆر پەسەند بوو چونکە لە بیری





هیچکەسێدا نەبووە "لە بەغداو دەروبەری ئەوجۆرە دادگاییە ببیننو لەسەرانسەری عیراقو دەرەوەیشیدا وا بە ئاشکرا لەڕێی ڕادیۆوە گوێبیستی ببن. ئەوکات لە نزیکەوە مەهداویمان بۆ دەرکەوت بە دەنگێکی زوڵاڵو پڕتوانا بۆ مشتومڕ لەگەڵ دژەکانیو بەتوانا لە بەکارهێنانی وشەی نەریتیو کولتووری، هەروەها خاوەن توانایەکی ورد بوو لەبۆ دەرخستنی دیاردەو گەواهیی ڕوداوو لەگەڵ ئەنجامدانی مشتومڕ لەگەڵ تاوانبارانداا لە سەریانو پرسو وەڵام لەبارەیانەوە. ئەگەرچی ئەو پیاوە نە یاسای خوێندبوو نە زانستیی دەرونی یانیش سزاییو بواری یاساو سیستەمەکەی نە لە دادگایشدا کاری کردبوو، بەڵام دیاربوو خۆی لەسەر ڕۆشنبیریی گشتی ڕاهێناوە بۆیە خاوەن ئەو تواناو کارامەییەی بوو.

لە یەکەمین ڕۆژی دادگایکردنەوە سەرنجی گشتی بەلای خۆیدا کێش کرد، ئەویش لەڕێگەی شرۆڤەو ئاماژەکانی وتەی نەستەق کە هاوکات لەگەڵ مشتومڕی دادوەریدا هۆنراوەی عەرەبیو عیراقی بەکار دەهێنا بەجۆرێک بینەری عیراقی تا ئەوکات نە بەبینی ڕاهاتبوو نە بەمێشکیاندا هاتبوو ڕۆژێک بێت ئەوجۆرەکارە ببینن یان ببیستن، یان تەنانەت ئاگاداربکرێت لەوجۆرە پرۆسەی دادگایی کردنەی شالیارو جەنەراڵو بەرپرسان لەنێو ڕکەی تاواندا بە داماوی وەستاون دەپاڕێنەوەو لێبوردن دەخوازن لە گەلی عیراقو سەرکردایەتیی شۆڕش. ئەوە چگە لە هەندێک لەو کەسایەتیانەی شکۆی خۆیان دەپاراست، لەسەروی گشتیانەوە ڕێزدار سەعید قەزاز بوو کە بابەتی ئەم توێژینەوەیەمانی لەسەرە. کۆڕەکانی دادگا بێبەش نەبووە لە هەڵەی یاساییو جۆرێک لە ستەم کە بەکارهێنراوە دژ بە تاوانبارانو ڕووشاندنی شکۆی خودی داد، چونکە سەرۆکی دادگا بەشێوەی تانوت هەرەشەی دەهاویشت لەکاتێکدا دەبوو ئەو بێلایەن بێت، هەروەک دەبوو بزانێت ئەو تاوانبارەی دادگایی دەکرێت هێشتا تاوانی بەسەردا نەسەپاوە، وەک ئێمە دەزانین، ئەوەی لەسەر تاوانێک دەگیرێت بێتاوانە تا ئەوکاتەی بڕیاری تاوانی بەسەردا دەسەپێت، بۆیە بەرپرسیارەتی بەشێکی زۆر لەو هەڵانەی کراون دەکەوێتە ئەستۆی خودی سەرۆکی دادگاو بەشەکەی تری دەکەوێتە سەر ئەو جەماوەرە گوێگرەی لەنێو هۆڵەکەدا ئامادەن بۆ گوێگرتن لە کۆڕەکانی دادگایی، بەڵام ئەوەی بووەتەهۆی شکست بۆ بەهاو بارستایی دادگاکە، ئەو هاتوهاوارە بوو کە لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگادا بە دەنگی بەرز

دروشمی ڕامیارییان دەخوێندەوە بێلەوەی کەس پێیان ببڕێت یان لێیانی قەدەغە بکات، دیارە ئەویش بەهۆی شەڕو ناکۆکییە ڕامیارییەکانی ئەوکات لە عیراق ڕویانداوەو بوونەتە هۆی درێژەدان بەو بارە ناهەموارەی ڕێگەی خۆشدەکرد بۆ دەستو پەنجەی چەپەڵی دەسەڵاتە عەرەبیو بیانیو ئەو نۆکەرانەی خۆیان ترنجانە نێو جەستەی عیراقو ناکۆکییەکانیان گەیاندە ئاستی ئەو پێکدادانە قووڵو شەڕو ئاژاوە ڕامیارییەی لە نێوان پارتە ڕامیارییە نیشتمانپەروەرەکانی عیراق. سەرئەنجام ڕەنگیدایەوە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵو پارتو باری کەسێتی تا ئەوەی باڵی کێشا بەسەر گشت دابو نەریتە قەشەنگاکانی عیراقو ژەهری خۆی بڵاوکردەوە بەناو گشت ماڵاندا تا ئەو ئاستەی بگاتە سەر پارووی گشت هاوولاتییان بێجیاوازی.

ئەو درزەی لە جەستەی عیراقدا پەیدا بوو زۆرکەوت لەسەریو بوو بە کۆسپ لەبەردەم ڕەوڕەوەی سەرکەوتنو وەپێشچوونی، زۆرکەسیشی ناچارکرد پابەندبن بەو هەڵمەتانەی سەرکردایەتییە نیشتمانپەروەرەکەی بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم هەنگاوی دەنا لەپێناو گۆڕانسازیدا. ئەوەیش پاش ئەوە هات کە زۆر لە بنکەی تارو دەزگا سیخوڕییە بیانییەکانو لەگەڵ لایەنە نەیارەکانی دژ بەدەسەڵات، ئەگەر بە پێزانین بووبێت یان بە نەزانی، پێکەوە دەکۆشان ئەو ئەزموونە نیشتمانییە لەناوبەرن کە قۆناغەکانی بێهەڵە نەبوون. ئەوە بارێکی ئاسایی بوو کە ڕوودات لەنێو ڕێڕەوی ئەو ئەزمونە نوێیەیو لەگەڵ گشت ئەو کرۆکو بارە نەنگو هەستو هەڵوێستە جیاوازەی نێو بیروبۆچوونی ئەو سەرکردانەی بزووتنەوە کە پێشهەنگ بوون بۆ شۆڕش (واتە ئەفسەرانی ئازاد). پاشان درزو دووبەرەکی کەوتە نێوان ئەوانیش تا گەیشتە ئەو ئاستەی هەندێکیان بکەونە دەسگیرکردنی لایەنە نەیارەکانیان تا دۆخ گەیشتە ئەوەی تاخمێت بکەوێتە ژیانبڕین لە لایەنەکانی تری نەیار بەخۆو دواقۆناغ ئەوەبوو ئەفسەرانی ئازاد لەیەک دورکەونەوەو شیروتیریان لەیەک دەسوی. زۆرلایەنیش ئەو ناکۆکییانەیان قۆستەوە لەبۆ بەرژەوەندی تایبەت بەخۆو گەڕانەوە بۆ ڕەوتی کلاسیکی تا گەیشتە ئەوەی ڕوداوەکان قووڵو قوڵتربنو ئەو ڕەوڕەوەیەی ڕووی لە ڕوخانی دەسەڵاتە نیشتمانییەکەی عەبدولکەریم کرد تا دەهات خێراو خێراتر دەبوو.

دەوترێت، دژەکردار بەهەمان ڕادەی هیزی کردارە، بەڵێ ئەوە ڕوویداو هێزی دژەکردار پەیدابوو لە بەرانبەر دەسەڵاتەکەی عەبدولکەریم قاسمو





یەکێک لەو هەڵانەی هێزە نەیارەکان ئاماژەیان پێ دەدا خودی دادگاکەی مەهداوی (محكمة الشعب) بوو کە بووە هێمایەکی نەرێنی بۆ دەسەڵات.

ئەگەرچی گشت ئەو هەڵانەی مەهداوی دەیکردن کاردانەوە بوون دژ بە کارو هەڵوێستی هێزەکانی نەیار بەکۆمارو عەبدولکەریمی سەرکردە، بەڵام عەقید مەهداوی ئەو هەڵانەی لە دڵپاکیو خۆشەویستی خۆیەوە دەکرد بۆ کۆمارە ساواکەو گەلی عیراقو سەرکردەکەی، بەڵام ڕەفتارەکانی ساکارانە دەردەبڕی بۆیە تاوەکو ئەمرۆیش مەهداوی بووەتە خاڵی مشتومڕ لەنێوان زۆربەی پارتە نیشتمانییەکانی عیراق. وەک خۆی یەکلایی کردبووەوە لە بەرەنگاربوونی ئەوانەی لە خانەی دژدا بوون بە شۆڕشو کۆمار. وەکتر ئەو هەرگیز پاڵی نەداوە بەوانەی دوژمنی عیراقو نیشتمانەکەی بوون، نە لە نیشتمان هەڵگەڕاوەتەوە نە لە هەڵوێستی لایەنگرانەی بۆ گەلو هەر کۆششی لەپێناو ئاسودەیی ئەودا بووە. وەک هیچکات دانەوسانی لەسەر ئەو هەڵوێستەی نەکردووە. هیچکاتیش هێمن دانەمرکاوە. پەیمانبەستیش نەبووە لەگەڵ هیچ هێزێکی تری ڕامیاری بۆ ڕوخاندنی عەبدولکەریم قاسم کە سەرۆکو پوورزای بوو.

مەهداوی پشتی سەرۆک عەبدولکەریم قاسمی گرتبوو تا ئەو ڕادەیەی بوو بەو دەنگەی بەناوی ئەوەوە دەدوا، بۆیە لەخۆڕایی نەبو کە جەماوەری عیراق دەکەوتنە سەر شەقامو گۆڕەپانە گشتییەکانو کۆڵانی بێدەرەتانان تا هاوکات لەگەڵ وێنە بەرزکردنەوەیان هاوار بۆ سەرۆک عەبدولکەریمو مەهداوی بکەنو لێیان بخوازن ئەوجۆرە سزایانە بڕیاردەن کە پارتە ڕامیارییەکان مێشکی جەماوەریان پێ زاخ دەدا.

لەگشت مرۆڤێکدا لایەنی ئەرێنیو نەرێنی هەن، بۆیە هەر دەبێت باری نەرێنی لەسەر مەهداویش تۆمارکرابێت، بەڵام هەرکات لەوانە بڕوانی کە لەسەر مەهداوی نووسراون، وتارگەل دەبینین ڕوون دیارە کە کوێرانە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری باری ڕامیارییەوە بۆیە تەنها لایەنی نەرێنییەکانی نیشان دەدەنو زۆر ڕوداوی ڕاستێنیی لێ دەشارنەوە.

هەرکات ئەو پەرتووکانە بخوێنینەوە کە بۆ کۆڵینەوە لە ژیانی عەقید فازل ئەلمەهداوی نوسراون، بێگومان بۆچوونی نووسەرەکەیمان بۆ دەردەکەوێت کە تەنها لەسەر لایەنە نەرێنییەکانی ژیانی ئەو پیاوەی نوسیوە، بێلەوەی

کەسیان لەگەڵ گێرانەوەی ئەو ڕووەیدا بن کە بیروباوەڕی ئەو پیاوە دەنوێنێت، واتە باری کەسێتی، نیشتمانپەروەری، سەرڕاستیو پاقژی ئەو، بەڵکو تەنها پێداگربوون لەسەر دادگاکەو ئەو کارو هەڵوێستە نەرێنییانەی عەقید مەهداوی کردوونی لەگەڵ لادان لە باری پێشڕژدی گشتیی دادو ڕەوشکانی دادگا عیراقییەکانو سیستێمی دادگای سزایی.

هێرشی گشت ئەو لایەنانەی ناومان هێنان تادەهات پتر دەبو، نەتەنها لەوکاتەوەی درز پەیدابوو لەنێوان عیراقیانو مەهداوی هێشتا لەژیاندا بوو لەو دادگایە کاریدەکرد کە پێوە ناوی دەرکردو ئەمیش بەوەوە. بەڵکو گشت وزەو توانایەک بەکارهاتووە لەپێناو تۆڵەکردنەوە لەناوبانگی ئەو پیاوەو کۆشین بۆ بەدناوکردنی، دیارە ئەویش بەمەبەستی ڕامیاریی تایبەت بە ڕۆژی خۆی. پەرتووکی زۆرو وتاری زۆر دەرکەوتن بەزۆری لەمەڕ لایەنە نەرێنییەکانی ژیانی مەهداوی جگە لە کەسانێکی کەم لەڕووی ڕاستێنیو بابەتیو ژیبێژانەوە توێژینەوەی سەرکەوتوویان ئەنجامداوە لەمەڕ هۆو ئەنجامەکانی، بەڵام هیچکەس خۆینەداوە لە گێرانەوەی ژیانی ڕاستەقینەو لایەنی ئەرێنیی فازل عەبباس ئەلمەهداوی.

ئەو نووسینانە بەشبون لەو هێرشە ڕامیارییە دژانەی کراونەتە سەر دەسەڵاتەکەی سەرکردە عەبدولکەریم قاسمو پاشان دژ بەو بەرەی چەپەی عەقید مەهداوی لەگەڵیدا بوو یان بە یەکێک لەوان ژمێردراوە، بۆیە زۆر کەسی ئەوان ویژدانیان بەولاوە ناوەو چەندڕۆییان کردووە بۆ قانگدانی ڕووداوەکان بە وتەو قسەڵۆکی ناڕاستی هەڵقوڵاو لە ڕوانگەی ڕامیاریی کوێرانەی ئەو سەردەمەی لەوڵاتدا تەشەنەی کردبوو.

ئەو مەهداوییەی تا دواچرکە هەر جەنگیوە بەوجۆرە کڵۆڵ نەبوو کە هەندێک چاپەمەنی لێی دەگێڕێتەوە، جونکە لەکاتی ڕودانی کۆدەتاکەدا ئەو لەدەرەوەی شالیارگەی بەرگری دەبێت دەستبەجێ خۆی دەگەێنێتە لای سەرۆکەکەیو لەشالیارگەی بەرگریدا تا دواچرکە شانبەشانی ئەو جەنگیوە چونکە باوەڕی بتەوبووە بە دۆزەکەی خۆی. تەنانەت شەو کە سەرکردەکەی پێیدەڵێت بکشێتەوە بەڵام ئەو وەک زۆر لەو ئەفسەرانەی نەکرد کە پلەو پایەیان لەو بەرزتر بوو ئەگەر دەسەڵاتەکەیان بمایە لەو پتر سودمەند دەبوون، زۆر لەوان خۆیان دەربازکرد بەڵام مەهداوی هەر لەگەڵ ئەوکەسە مایەوە کە





ڕوونو ئاشکرا دەیزانی ڕزگار نابێت، هەر لەوێ ماو نەکشایەوە. کاتێکیش سەرۆک عەبدولکەریم بڕیاریدا خۆ بەدەستەوە بدەن تا چیتر خۆێن نەڕژێتو ژیانی ئەوانە پارێزراوبێت کە لەپێناو عەبدولکەریم قاسمی سەرکردەیان بەرگری دەکەن، ئەو بێ چەندەچۆن ملکەچی فەرمان بووەو خۆی بەدەستەوە داوە، تا ئەوکات پیاوانەو خۆڕاگر لەمەرگ نەترساوە، سەرئەنجام بێ دادگایی شەهید کرا.




کوژرانی 1 عەبدولکریم قاسم و 2 مەهداوی لەناو ئێزگەی تەلەفزیۆن

ناوی "شایەر" و "زوڕناژەنی کۆمۆنیستان"یان لەو کەسە نا کە بەڕاستی موشیر عەبدوالسەلام عارف ملی بۆ کەچکرد، هەروەها ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر کلکەلەقێی بۆ دەکرد. واتە ئەو دووەی پاشان بوون بەسەرک کۆماری عیراق. بەڵام کاتێک خۆی بە دیلی کەوتە ژێردەستی ئەوان لە بەردەمیاندا هیچ خۆی کڵۆڵ نەکرد وەک ئەوان هەڵوێست بنوێنێت کە ئەودووە زۆر خوێڕیو ترسنۆکانە لەبەردەمیدا پاڕاونەتەوە. ئەوە ڕاستییەکە مێژو دەیگێردرێتەوە لەسەڕ مەهداوی هەروەها لەسەڕ هەریەک لە عەبولسەلام عارفـو ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر.

زۆر ڕاستی هەن لەسەر ژیانو کەسایەتیی فازل عەبباس ئەلمەهداوی کە

بەئەنقەست پشتگوێ دەخرێن، ئەوە لەکاتێکدا مێژوی عیراقی هاوچەرخ بە یەکێک لەو کەسانەی دەژمێرێت کە لەلایەن باڵە ڕامیاریو هێزە نیشتمانیو کۆمەڵایەتییەکانی عیراقو عەرەب زۆرترین چەندوچۆنی گەرمو بۆچوونی جیاوازی لەسەر کراوە. لەپاش عەبدولکەریم قاسم ئەو یەکێکە لەو کەسایەتییانەی پتر باری ڕاستێنیی دوچاری شێواندنو لەناوچوون بووە.

پێویستە بە ویژدانەوە بڵێین کە فازل عەبباس ئەلمەهداوی ئەفسەرێکی پاقژ بوو. ئەوەی لەنێو ئەو دۆسێی ڕاژەیەیدا دەبینرێت کە لە نووسینگەی کارگێڕی شالیارگەی بەرگریدا پارێزراوە، لەگەڵ دۆسێی خانەنشینییەکەی دەریدەخەن کە ئەو لەباری ڕەوشتیی خۆییدا زۆر پاکو پوخت بووەو لەڕیزی سپادا پیشەییو لەخۆبوور کاری کردووە، گەواهیم بۆئەو ئاماژەیە ئەو ڕاپۆرتانەیە کە بەڕێوەبەرو ئەفسەرانی بەرپرسی بۆیان نوسیوە. ئەو پلەکانی لەسپای عیراقدا بەپێی ڕێڕەوی ئاسایی خۆی بڕیوە تا گەیشتووەتە پلەی عەقید، کاتێ شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ هەڵگیرسا ئەو لە پلەی عەقیددا بوو، کاتێکیش بوو بەسەرۆکی ئەو مەترسدارترین دادگایەی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ دایمەزرانو ناوینا (دادگای سپایی باڵای تایبەت بە شالیارگەی بەرگری) لەنێو کۆمەڵانی گەلدا بە (محكمة الشعب) ناودەبرا بەڵام پارتو کەسانی نەیار پێیان گوتووە (دادگاکەی مەهداوی) هەر لەو دۆصی دەسپاکییەیدا مابووەوە تا دوا هەناسە کە لە ڕۆژی ٩ فەبریوەری ١٩٦٣ بەو شێوازەی بینیمان لەنێو ئێزگەی ڕادیۆی عیراقدا بێ لێکۆڵینەوەو دادگایی شەهید کرا، لەباری کۆمەڵایەتیشدا بەهۆی ئەو گۆڕانەی لە پلەوپایەو دۆخەکەیدا ڕوویدا لەکەس دانەبڕاوە بەجۆرێک تەنانەت ناحەزانیشی بتوانن پێچەوانەی ئەوە بڵێن.

ئەوەی لە مەهداویی دەگێڕنەوە، بابەتییانەو خاوەن دەربڕینی لەسەرپێ بووە، حەز بە گاڵتەو پەند، هیچ ڕوداوێکی ئەوتۆی لەسەر تۆمار نەکراوە دەریخات پارەویست بووبێت یان حەزکات پارە پاشەکەوتکات تا پێی دەوڵەمەندبێت. ناوبانگی دەرکردبوو بەوەی زۆر پەیوەستبووە بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی، تەنانەت ئەوکاتانەیش کە سەرۆکی باڵاترین دادگای وڵات بوو ئەوانەی لەیاد نەکردووە.

پەیوەندییان پێوە کردووەو گوتوویانە چەندی بوێتو بەچی شێوەیەک دەیەوێت





با ببیخوازێت لە بەرانبەر سەپاندنی سزای سووک بۆ سەر هەندێک لەو تاوانبارانەی لەسەر ناپاکی کردن لەعیراق نێردرابوونە لای، ئەوە لەکاتێکدا دادگایی دەکران بەڵام هێشتا سزایان بەسەردا نەسەپاوە، ئەوکات مەهداوی پێدەکەنێتو لەوە پتر ناڵێت کە ئیمامی عەلی (د.خ) گوتویەتی (یادنیا غري غيري) "واتە ـ فەلەک کەسێکیتر فریودە" بەڵام سەیر لەوەدایە دوائەنجام گشت ئەوانە سزای سووکیان بەسەردا سەپا.

مەهداوی یەکێک بووە لەدروشمەکانی ١٤ی تەمووزو چالاکوان لە بواری بزوتنەوەی ئاشتیخوازانی جیهانی، هەروەها سەرۆکی دادگای شۆڕش کە بە کۆششی ئاسایی خۆیو بەپێی ئەو دیدە ڕامیارییە پێگەیشت کە لەو ڕۆژەدا باڵی کێشابوو بەسەر شەقامی عیراقیدا، ئەویش بۆ وەدەستهێنانی دادپەروەری.

ئەو نەیویستووە وەک گشت ئەفسەرو بەرپرسانی تر پێشنیار بەرزکاتەوە بۆ وەرگرتنی پارچە زەوی لە گەڕەکی یەرمووکی بەغدا بەو بەهانەیەی ژنەکەی خانوویەکی لە کەسەکانییەوە بۆ ماووەوە بۆیە کۆشیویەتی هەندەی بتوانێت بە پێچەوانەی ویژدانیەوە سەرپێچی نەکاتو هەر بە پاکی بمێنێتەوە.

مەهداوی بەو ئەزمونە مێژوییەی خۆیو ئەو توانایانەی (ئەرێنی بووبێت یان نەرێنی) تۆماریکردوون خۆی خنیوەتە نێو گێژاوە ڕامیارییەکانی عیراق. لەلای هەژارانی عیراق هەندە خۆشویست بووە لە خۆشەویستییدا کەوتوونەتە هەڵواسینی وێنەکەی لە کەپرو سریفەی ماڵی قوڕو چەبیشەکانی[75] ماڵی هەژارانی هۆر[76]، بەڵام لەلایەن هەندێک لەو ئێزگەو دەزگاو مێدیا عەرەبیو بیانییە بەناوبانگانەوە دووچاری هێرشی زۆر بووە کە خاوەن سەنگو ناوبانگ بوون هەروەها بەشێک لەبزوتنەوەی ڕامیاری عیراقیو ئاینیو

[75] ـ (صريفة) ماڵی بە حەسیری زەلو قامیش دروستکراوی لەسەر زەویی ڕووت / (چبيشة) ناوی تاکێکە لەو ماڵانەی بەحەسیری قامیشو زەل دروستکراوە لەسەر کۆمەڵێك زەلو قامیشی زۆرو ڕاگیراو بەسەر ئاوەکانی هۆرەوە، دانیشتوان خۆیانو گامێشو ئاژەڵەکانیان لە سەری دەژین. بەکۆی ئەوجۆرە ماڵە دەگوترێت "چبايش" هەر بەوبۆنەیەوە ئەو شارۆچکەیە ناونراوە چبایش کە سەر بە پارێزگای زیقارە. (وەرگێڕ)

[76] ـ (هۆر) چەند گۆمی فراوان هەن لەنێوان شارەکانی ناسریەو عیمارەو بەسرا (باشووری عیراق) مەزنترینیان حەممارو حەوێزەیە، هەردەم دانیشتوانی لە چینی هەژاربوون، پیشەیان گامێشداریو ماسی گرتنە (وەرگێڕ)

بزووتنەوەی ڕامیاریی نەتەوەییو کۆڕو کۆمەڵەی سەر بەوان لەنێویاندا ئێزگەکانی ڕادیۆی لەندەنو دەنگی ئەمەریکاو دەنگی عەرەب[77].

مەهداوی نە شالیاربوو نە بریکاری سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکان یان دادوەری گشتی سپا، بەڵکو تەنها سەرۆکی ئەو دادگایەی شۆڕش بوو کە لەبەر پێداویستی ئەو قۆناغە پێکهات، ئەگەرچی ئێمە لەگەڵ دەرئەنجامەکانیدا نین، پتر لەگشت ئەوانیتر سەرنجی گشتیی بەلای خۆدا بەکێشکردو دادگاکە ناوبانگی بەوەوە دەرکرد پتر لەوەی ئەو بەناوی دادگاکەوە ناوبانگ دەرکات. لە مێژوی عیراقو ڕیزەکانی سپاییو دەزگای دادوەریدا زۆر ناوی چەپەڵو بێزلێکراو تۆمارکراون کە پێشان سەرۆکی دادگای سپاییو ئەنجومەنی دادی نائاسایی بوون، بۆنموونە کەسانی وەک شەمسەدین عەبدوڵڵاو شاکر مەدحەت ئەلسعوودو ئەلنەعسانیو نەجمەدین عەبدوڵڵا ئەلعانی کە بوونەتە هۆی قتکردنی تەمەنی گەنجێتی ئەو عیراقییانەی بە سزای نارەوای نەگونجاو لەگەڵ باری تاوانییان بە سزای بەندکرنی هەندە درێژی نە گونجاوە لەگەڵ یاساو ئەو تاوانانەی خراوەتە پاڵیان، نە هێشتویانە داکۆکی لەخۆ بکەن نە پرۆسەی دادگایی ئاشکراو لێکۆڵینەوەی پاقژیان لەگەڵدا کراوە. عیراقییەکان ئەوەیشیان لەیادە کە چۆن لەو دادگاو کۆڕانەدا سزا بەگۆترە دراوە نەک بەپێی ئەو تاوانو ئەتکەی دەبوو بسەپێت بەسەر تاوانباردا، ئەو سزایانە لەخۆدا تاوانی قورسبوون بۆ سەر کۆمەڵو تەنانەت یاساو بواری دادیش. دادگاو ئەو کۆڕە نائاساییانەی عیراق بوونەتە تۆمارکردنی لاپەڕەی شوورەییو شەرمئانگیز لەسەر دادو دادوەرییانی عیراق. گشت ئەوانە پاڵیان بەو هۆکارە ناوەکیو دەرەکییانەوە ناوە کە لەعیراقدا بەهۆی ئەو گەڕی دەستاڕەو دەستیوەردانی لایەنانی عەرەبیو دەرەکییەوە سەریانهەڵداوەو بۆنەتە بەشێک لە ناکۆکییەکان، بارەکە گەیشتە ئەوەی کودەتای لەشکری ڕوودات بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی سەرکردە عەبدولکەریم قاسمو کەسانی تری نزیک بەوی وەک عەقید فازل عەبباس ئەلمەهداویو عەقید وەسفی تاهیرو ئەوانەی تر کە بڕیاردرابە هەر زۆر زوو کۆتایی بە ژیانیان بێت.

ئەوکاتەی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ هەڵگیرسا پلەی مەهداوی عەقید بوو، بە درێژایی خولی ئەو شۆڕشە هەر لەو پلەیەدا مایەوە، ئەگەرچی کاتی

[77] ـ (صوت العرب) بڕوانە پەراوێزی نمرە ٢٥ (وەرگێڕ)





یاسایی پێویست بۆ بەرزبونەوەی پلەی تێپەڕبوو بەڵام ئەو هەر نامەکانی پێشنیاری بۆ پلە بەرزکردنەوەی بەبێ واژو گەڕاندووەتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێیەوە دەهاتو لەسەری دەنوسی (من بریکار کراوم بۆ پیشەیەکی سڤیل بۆیە پێشنیار دەکەم پلەبەرزکردنەوەکەم دواخەن) ئەگەرچی ئەوە لەنێو ئەو دۆسێیەی لە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینیدا هەر ماوە تائێستا هیچ توێژەر یان نووسەرێک ئاماژەیان بەو تێبینییە نەداوە.

تاکە یەک خاڵیش لەسەر مەهداوی تۆمارنەکراوە ئەوە نیشاندات ئەو لەگەل لایەنێکدا پلانی گێڕابێت دژ بە سەرکردەی شۆڕش عەبدولکەیم قاسم وەک ئەوەی عەقید عەبولسەلام عارف کردی، بەڵکو مەهداوی هەر بەئەمەک بووەو لە خۆشەویستی زەعیم عەبدولکەریمو ڕێزی گرتووە لە بنەماکانی شۆڕش بە پێچەوانەی ئەوەی مێژوی عیراق لەسەر عەبولسەلام عارفی تۆمارکردووە. زۆر لە پیاوانی سپا سودیان لەودۆخە نائاساییەی ساڵانی سەرەتای قۆناغی شۆڕش وەرگرتووە، بەڵام مەهداوی هەروەک عەبدولکەریمی سەرکردەی لە هەمان ئەو پلەیەدا مایە کە لە بەرەبەیانی شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ بووی[78] تا ئەوکاتەی لە ٥/ ٢/ ١٩٦٣ بەدەستی تاخمی کودەتاچییان بێ لێکۆڵینەوەو دادگا تیرۆر کران.

چەندوچۆن لەسەر هۆی پێکهێنانی ئەو دادگا سپاییە لەبری دادگای سڤیلیو ئاوڕ نەدانەوە لە باری یاسایی بۆ چۆنێتیی پێکهێنانی ئەو دەزگایە ناکرێت لێکۆڵینەوە لەڕێگەی کاسایەتی خۆدی مەهداوییەوە بێت بەڵکو پێویستە بەپێی ئەو بنەمایانەبێت کە لەپێناویدا ڕوویدا لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشو کۆمارە نوێبارەکەیەوە. دەکرێت ئەوە بە خاڵێکی نەرێنی بژمێرین، چونکە هیچ هۆیەک نەبووە بۆ پێکهێنانی لەکاتێکدا دادگای سڤیلی هەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەوجۆرە دادگاییە، هەر ئەوەی پێویست بوو بیکەن، کۆڕەکانی دادگایی ئاشکرا بێتو بێ سەنسۆری چاودێرو لێبڕین لەسەر ڕوبەری تەلەڤیزیۆن نیشان بدرێتو لەڕادیۆی عیراقەوە ڕاستەوخۆ بڵاوکرێتەوە.

هەرکات بمانەوێت لە جۆری بەڕێوەچونی دادگاییەکانی پاش خولی مەهداوی بکۆڵینەوە لەگەڵ بڕیارەکانی سزاو ئەو ناسۆرییانەی بوونەتە دەرئەنجامیو

[78] ـ بڕوانە پەراوێزی نمرە 29 (وەرگێڕ)

چۆن بە نهێنی جەورو ستەمو سوکایەتی کراوە بە مرۆڤو یاسا. ئەوکات بە فراوانی جیاوازیو باریی نالەباری مرۆڤایەتیمان بۆ ڕووندەبێتەوە لەنێوان سەردەمی مەهداویو ئەوانەی دەسەڵاتەکانی پاش ئەو.

بەڕاستی ئێمە پێویستمان بە وتەیەکی پاقژو ڕوونە لەمەڕ ڕەوتی ئەو فازل عەبباس ئەلمەهداوی‌یەی ناسناوی خۆی زاڵبوو بەسەر پلەکەیداو پێگەکەی بەسەر ناوی ئەو دادگایەدا کە کەمکەس جگە لە توێژەرو ڕۆشنبیران ناوی دەزانن، بەڵام کۆمەڵ هەر بەناوی (محكمة الشعب) ناسیویەتی.

وەک بڵێین کاتێ مەهداوی کەوتووەتە نێو گەمەی ڕامیارییەوە پێوەرو ئەنجامەکانی زانیوە بەڵام هەر پێداگربوو لەسەر تێپەڕبوون بەنێو مینی چێنراوو دۆڵە پڕ لە لێشاوکانی خوێن بەهۆی ئەو دژایەتییە جەرگبڕانەی هێزە ڕامیارییەکانی عیراقی کە لە هەندێک باردا توشی هەڵە دەبوونو لە هەندێکی تردا سەرکەوتنیان بەسەردا هێناوە، بەڵام ئەو وەک عیراقییەکی نیشتمانپەروەرو پاک هەر دڵسۆز ماوە بۆ بنەماکانی شۆڕشو سەرۆک عەبدولکەریم قاسمو ڕۆڵەیەکی دڵسۆز بوو بۆ گەلی خۆی تا ئەوکاتەی بوو بە یەکێک لەشەهیدانی بزووتنەوەی نیشتمانی ئەو عیراقەی ژیانی خۆیی بۆ بەخت کرد.

بەوجۆرە عەقید فازل عەبباس ئەلمەهداوی کوڕی ئەو (فضل)ـە بوو کە بە گەڕەکێکی ڕەمەکیی بەغدا ناسراوەو لەنێو مێژوی ڕامیاریی عیراقدا گۆشەیەکی بۆخۆی گرت. ئەگەرچی ئەو ماوەیەک بووەتە مایەی مشتومڕو ئامرازی ناکۆکی لەنێو ڕامیارانی ناوەوەو دەرەوەی عیراق، بەڵام هیچکەس ناکۆک نەبووە لەمەڕ نیشتمانپەروەر بوونی.

مەهداوی لەژێر چەترێکی نیشتمانیدا خوی خستە ڕیزی پێشەوەی مێژوو، کاتی جێهێشتنی ڕوداوەکانی مێژویش بە شەهیدی هەر لەژێر هەمان شێوە چەتردا بوو. بۆ ویژدان دەیڵێین کە لەسەرتای دادگاییکردنەکانەوە هەست بە جۆرێک لە لایەنداری کراوە چونکە هیچکات سەرۆکی دادگا عەقید فازل عەبباس ئەلمەهداوی هەروەها دادیاری گشتی عەقید ماجد محەمەد ئەمین بەو ڕادەیە دڕنەبوون کە بەرانبەر سەعید قەزاز کردیان. دیارە ئەوەیش لەژێر باری سۆزداو بێ لێکۆڵینەوەی وردی دادپەروەریانەو بە پێچەوانەی باری ڕاستێنی خۆیەوە ناوزڕاندنی ئەویان کردبوە ئامانج. ئەگەرچی مەبەستی ئێمە





ئەوەنیە بۆ سەعید قەزازی داپۆشین یان پشتگیریی لێبکەین لەمەڕ ئەوانەی ڕوویانداوە. بەڵام هەڵوێستەکانی سەعید قەزازی نێو دادگا یاریدەری چاکو ڕاڤە بوون بۆ دەرخستنی چیکەسێتیی ئەو پیاوە کە لەسەر ئاستەکانی ڕادیۆو تەلەڤیزیۆنو بەردەم گوێگرانی خاوەن ویژدان. کەس نییە لەوکاتەدا بە نابەدڵی پاڵپێوەنرابێت بۆ نوسینی ئەو پرۆسەیە چونکە وتووێژەکان پوختەو ئاشکرا تۆمارکراون گشت یەکێک دەتوانێت پێیدا بچێتەوە بێلەوەی گریمانی بۆ بابەتەکانی دابنێت لەسەر ئەو لێکۆڵینەوانەی دەمانگەێننە ئەنجام لەمەڕ ڕابوردووی ئەو پیاوەو هەڵوێستی ئەو لەدادگادا. ئەو پیاوە لەنێو دادگادا پڕهێز بینراو پڕباوەڕ بەخۆی. خۆ ئەگەر بپرسن؛ بۆچی هەڵوێستی سەعید قەزاز بەوجۆرە بوو؟ ئایا ڕاستە نائومێد بوو؟ ئایا ئەوەی دەزانی کە پێشکات بڕیاری چارەنووسیان داوە؟ ئایا هەستی بەوەکردبوو کە ئەو کردەوە قورسانەی لە ڕابوردوودا لێی بەرپرسبوو پێویستیی بەوجۆرە هەڵوێستە دەکرد؟

ئەوە دەمانڕانێت بەرەو ئەوەی لەنزیکەوە سەعید قەزاز بناسین، چونکە بە دەگمەن هەڵدەکەوێت هەردەم مرۆڤ بە گوێرەی ئەو ئامرازانە بجوڵێتەوە کە خۆی دەیخوازێت ئاشکرایان بکاتو گێڕانەوەیش هیچ ڕۆڵ نابینێت بۆ ئاشکراکردنی شاراوەکان، بۆیە هەر بەتەنها گێڕانەوەی نابێتەهۆی ئافراندنی هەڵوێست چونکە دیدی خودی نووسەرەکەیەتی، خاوەنی پرۆسەکە خودی ئەو مرۆڤەیە کە دەیئافرێنێتو جووڵەی دەخاتە بەر.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە هەر دەبوو شالیاری ناوخۆ سەعید قەزاز بدرێت بەدادگاو بەرپرسیاریەتی بەشێک لەوانەی لەعیراقدا ڕویانداوە بخرێتە ئەستۆی ئەو. هەروەها گومان لەوەیشدا نییە کە ئەو بەشێکی کارابوو لە سیستەمی پاشایەتیداو درێغی نەکردووە لە بەرگریکردن لێی تەنانەت تا ئەو ساتانەیش کە لەبەردەم دادگادا وەستابوو هەر باوەڕی پێیبووە، هەروەها دانیناوە بە بەرپرسیارەتی خۆیدا لە بەشێکیان، ئەوەیش لەخۆیدا بە بارێکی ئاسانکارو ڕێخۆشکەر دەژمێردرێن بۆ ئەو دادگایەی گشت ئەوانەی وەلاوەناوەو هەرچی تاوانەکانی دەسەڵات بوو خستیانە ئەستۆی ئەو.

کاتێک سەعید قەزاز لەنێو ڕکەی تاوانەوە بەڕوی گشت ئامادەبواندا دەڵێت؛ داکۆکینامەکە هینی ئەوەو واژوی ئەوی لەسەرەو خۆی بەرپرسە لە گشت

وشەیەکی تێیدا دێت، لەوە دەگەین کە قەزاز لەسەرەتای وەرگرتنی پیشەی کارگێڕییەوە بەرپرسیارێتیی لەئەستۆی خۆی گرتووە. ئەو هەرگیز نائومێد نەبووەو گشت ئەوانەی ناسیویانە دەیانزانی سەعید کێیە. لە هەڵوێستەکانیدا پڕباوەڕ بووە بەخۆیو دەیزانی چارەنوسی چیدەبێتو ئازا بووە بێ خۆنواندن تەنانەت لە کاتە تەنگانەکانیشدا، ئەو کە گوتی زۆربەی هاووڵاتییان چی لە بەغدا یان دەرەوەی بەغدا دەزانن سەعید قەزاز کێیە، دیارە بەڕاستی دەیزانی چی دەڵێت. شێوەی وەستانو بەرەنگاربوونەکەی سەرەڕای لاسەنگیی بارو ئاستی دەسەڵات لەنێوان کەسێکی نێو ڕکەی تاوان بەرانبەر بە سەرۆکی دادگا، بە پێویستی زانیوە وەڵامی ئەو سووکایەتی پێکردنە بداتەوە هەر لەبەر ڕەوایی بەخشین بە دادو بەرگری لە شکۆی خۆی، لەگەڵ ئەوپەڕی باوەڕ بەوەی مردن لەوەوە وا لەنێوان دوو کەوانە یان کەمتردایە بەڵام ئەو لە مردن ناترسێت چونکە مەرگ شتێکی ڕەوایەو تەنها یەکجار دێت بۆیە تاکە یەکجاریش قەزاز لەبەردەم دانیشتنەکانی دادگادا داماوی نەنواندووە.

لەو باوەڕەدا نیم دووکەس لەعیراقدا ناکۆکبن لەسەرئەوەی هەڵوێستی قەزاز کە گەیاندییە ئەو ئەنجامە لە دەماری ئازایەتیو شکۆمەندیو پڕباوەڕ بەخۆ نەبووبێت. لەوەیشدا دووکەس ناکۆک نابن تەنانەت مەهداویی سەرۆکی دادگایش دەیزانی کە سەعید قەزاز پاقژو ڕاست بووەو شایانی ئەو پلەوپایانەی سەردەمی پاشایەتی بووە.

ڕەوانشاد مەحموود خاڵس کە ئەوکات سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە بوو لە یادەوەرنامەی ڕۆژی ٣٠/ ١/ ١٩٥٩یدا دەڵێت (ڕۆژنامەکانم دەخوێندەوە دەبینم داکۆکنامەی سەعید قەزازیان تێدایە، بەشێوەیەک شێواندوویانە لەو دەقە ناچێت کە جیهانییان لەڕادیۆدا گوێبیستی بوونو دانیشتووانی بەغدا لەسەر ڕووبەری تەلەڤیزیۆن بینیان. لەوێ قەزاز لە داکۆکنامەکەیدا سەرکەوتوو بوو. دادگاو دادوەری گشتی بە شێواندنی ڕاستییەکان چەواشەمان دەکەنو قەزاز پڕباوەڕە بەوەی سزاکەی هەر سێدارەیەو وایش دەرچوو، بەڵام لە ڕاستیدا دەبوو سزاکە بگۆڕن بۆ بەندکردنو کارەکە بە خودا دەسپێردرێت.)

ئەگەر پێویست بە نرخاندنی گشتی بکات بۆئەوەی بەسەر سەعید قەزازدا هات، لەوە پتر ناڵێم کە ئەو تاوانلێکراو بوو نەوەک تاوانکار.





## بەشی چوار

### ١ / ٤ دواڕۆژانی ژیانی سەعید قەزاز

هەرکات مرۆڤ بەوە بزانێت وا دواچرکەکانی ژیانی لێ نزیک دەبێتەوە جۆرێک لە گرژیو جۆشی تایبەت دەروون دادەگرێت، لەوانەیە ئەوکات لەپێناو مانەوەدا ورە بەرداتو ببێتە کەسێکی کلۆڵ یان بکەوێتە پاڕانەوەو خواستنی یارمەتی لە بەندکەرانی یان ئەوانەی فەرمانی لەسێدارەدانیان بەدەستەو ڕەوتی نەرم بوێنێت لەگەڵ هاوڕێیانی زیندان، یانیش چاوەڕوانی ئەو چرکەیە بکات کە لەپڕ تروسکایی ڕزگاربوونی تێدا دەرکەوێت، ئەگینا لەبەر باوەڕی بە چارەنوس خۆڕاگر دەبێت. تەنها ئەوانەی بەڕاستی ئەو چرکەساتانەی ژیانیان بینیبێت دەکارن ڕاستگۆیانە ئەو دوا چرکەساتانەی ژیانی سەعید قەزاز بزانو بیگێڕنەوە. سەعید قەزاز لە دادگای مەهداویدا بوێرو ئازا بوو، کاتێک سزای لەسێدارەی بەسەردا سەپا ئازاو پۆڵاینو پڕباوەڕ بوو بەخودای مەزنو جارجارە خۆڕاگریی لەڕادەبە دەری پێوە بینراوە. بۆئەوەی ئەوجۆرە گەواهییانە لەسەر سەعید قەزاز لە کەسانێک ببیستین لە نزیکەوە هەڵوێستی ڕۆژانەی لێ بینیبێت، پەیوەندیمان گرت لەگەڵ عەقیدی خانەنیش بەڕێز سەدیق ئەلسەففار کە ئەویش یەکێکب وو لەوانەی لەسەر ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٩ی مووسڵ[79] گیرابوون کە کوودەتای سپایی بوو دژ بە عەبدولکەریم قاسم، ئەویش درا بەدادگای باڵا لە شالیارگەی بەرگری (محكمة الشعب)و سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاو برایە هەمان بەندیخانەی بەغدای ناوەندی. واتە لەپاش دوو مانگو بیستو شەش ڕۆژ لە

[79] ـ بەرەبەیانی ڕۆژی ٨/ ١٩٥٩/٣ لە شاری مووسڵ بزووتنەوەیەکی کوودەتایی هەڵگیرسا بە سەرۆکایەتی عەقید ڕوکون عەبدلوەهاب ئەلشەواف کە سەر بە نەتەوەییانی عەرەبو ئەو لایەنە ئیسلامییانەی مووسڵ بوو خوازیاری یەکگرتنی عیراق بوون لەگەڵ میسرو سووریا بۆ پێکهێنانی کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو، دیارە ئەوەیش لە دژی سەرکردە عەبدولکەریم قاسم کە لایەنگری بەرەی چەپ بوو لەعیراق. یەکسەر شەواف لە ئەنجامی برینداربوونی بە بۆمبارانی بارەگاکەی پاشان لە نەخۆشخانەی مووسل گیان لەدەستدا. پاشان سەرۆکی ڕێکخستنەکەیان عەقید ڕفعەت ئەلحاج سرری لەگەڵ عەمید نازم ئەل تەبەقچەلی کە سەرتیپی دووی عیراق بوو لە کەرکووک لەگەڵ هاوڕێیانی تریان دەسگیرکرانو کۆتایی بەو بزووتنەوەیە هات کە بە فیتی جەمال عەبدولناسر هەڵگیرسا. (وەرگێڕ)

بڕیاردانی سزای لەسێدارەدان بەسەر سەعید قەزازدا، ئەو سەدو چل شەو لەگەڵی ژیاوە. سەففار ژیانی ئەو ڕۆژانە دەگێڕێتەوە کە لە بەندیخانەی بەغدا لەگەڵ سەعید قەزاز بووە دەڵێت؛ (ئەو کە سەعید قەزازی بینیوە پیاوێک وریاو خاوەن ورەی بەرز بوو، سزاکەی سێدارە هیچ کاری لەو نەکردبوو، بەڵکو ئەو هەردەم لەکاتەکانی پشودا لە حەوشی بەندیخانە کۆنەکەدا کە گشیان بەبەرگی سزادراوانی مەرگەوە یەکیان بینیوە. بەڕێز سەففار ئەو یەکەمجار چوونەژورەوەی دێنێتەوەی اد بۆ ئەو هۆڵەی زیندان کە تایبەتبووە بە سزادراوان بە مەرگ، دەڵێت ئەو لە پێشوازیماندا دەوەستاو دەیکۆشی ئەرکی پەژارەیی سزاکانمان لەسەر سووک بکات. کە عەبدولکەریم قاسم لە یادی جەژنی کرێکارانی جیهانیدا ١/ ٥/ ١٩٥٩ وتارێکی پێشکەش بە کۆمەڵ کرد، جەماوەر هاواریان دەکرد (خۆفرۆشانی کۆنو نوێ) لەسێدارە بدە. واتە پیاوانی سەردەمی پاشایەتیو ئەوانەی بزوتنەوەکەی مووسل. عەبدولکەریم پێیگوتن بڕیاری لەسێدارەدان بەدەستی ئەوە پێویستە ئەوان شتیتر بخوازن پەیوەستبێت بە وڵات. کە سەعید قەزاز گوێی لەو وتانە بوو پاش تەواوبوون دڵنیای دەکردین لەوەی سەرۆک عەبدولکەریم بڕیاری لەسێدارەدانەکەمان جێبەجێ ناکات. هەروەها ڕەشید عالی گەیلانیێش هەمانی گوت بۆیە گشتمان دڵخۆش بوین.

ڕێزدار سەففار دەڵێت؛ کاتەکانمان بە خوێندنەوەی پەرتووک بەسەردەبرد، هەریەک لەئێمە ئەوەی دەخوێندەوە کە ئارەزوی لێبوو، سەعید قەزاز زۆر دژبوو بە کۆمۆنیستی جیهانیو خۆیی. هەردەم بێیخۆشبوو پەیامی لەسەر شالیارگەی ناوخۆی پێبگات لەگەڵ بیستنی باری پلەبەرزبوونەوەی فەرمانبەرانو چۆنێتی دابەشبونی پایە کارگێڕییەکانی ناو شالیارگەکە. بە سەرکەوتنی فەرمانبەرە چاکەکان دڵخۆش دەبوو، بەڵام کە بیبیستایە کەسانی ناشایستە بەهۆی پشتگیریو دۆستایەتییەوە پێشخراون پێی دڵگران دەبوو. سەعید قەزاز لە هۆڵێکی تایبەتدا بووە، ئەحمەد موختار بابان، غازی داغستانی، بەهجەت عەتییە، عومەر عەلیو فازل ئەلجەمالی لەگەڵ ئەو بوون. هەمیشە گلەیی لە غازی داغستانیو عومەر عەلی دەکرد چونکە سپایی بوون، لەوەدا ئێمە هاوبیری نەبووین کە پاشان ئەوەی لە مێشکی خۆی دەرکرد. ئەو کەسێکی بەڕەوشتو مرۆڤدۆستو لێبور بوو. وەک دەڵێن، ڕۆژێک دوو بەندکراوی نوێیان هێنا یەکێک لەوان ئەفسەرێک بوو لەوانەی





پاش ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ کە سەعید قەزاز دەسگیرکرا زۆر نالەباریی نواندووە بەرانبەری، ئەو (فازل ئەلساقی)یە بەڕێوەبەری ئەوگرتنگەیە بووە کە سەرەتا سەعید قەزازی بۆ چووە هەردەم پێیخۆشبووە ئازاری بداتو بەوتەی نابەجێ دڵگرانی بکات، بەڵام پاشان کە ڕۆژگار وەرگەڕا فازل ساقی کەوتە زیندانەوەو لەبارێکدا بوو بەزەییمان پێ دەهاتەوە، سەعید قەزاز کەوتە یارمەتیدانی، ئەگەرچی ئەو لە ژوورێکی تەنیادا سەردانی لێ قەدەغە کرابوو، هەردەم سەعید قەزاز جگەرەو خواردنی بۆ دەبردو تەنانەت تاوێکیش لێی دانەبڕاوە بێ گوێدانە ئەوەی کاتیخۆی ئەو پیاوە چەندە لەگەڵی خراپ بووە. جارێکیش مامۆستا فازل ئەلجەمالی بەقورسی نەخۆش کەوت ئەو کەوتە چارەسەرو یارمەتیدانیو پەیوەندی کرد بە بەرپرسی گرتنگەکەوە تا دوکتۆری پێگەیاند بۆ چارەسەرکردنی، کە دوکتۆر ڕاچێتەی دەرمانی نوسی بۆ ئەو مامۆستا فازل جەمالییە کە لەسەردەمی پاشایەتیدا سەرۆک شالیاران بوو، پارەی پێنەبوو، سەعید قەزاز لەگیرفانی خۆیەوە پاری دەرمانی بۆداوە. ڕۆژێک لە حەوشەی بەندیخانەدا سەدیق ئەلسەففارو بەهجەت عەتییەو یوسف کەشموولەو ڕەفیق عارفـو سەعید قەزاز وەستاون مشتومڕیانە لەسەر ئەوەی کاتی خۆی بەهجەت عەتییە ڕاپۆرتی بەرزدەکردەوە بۆ شالیاری بەرگری بەڵام ڕەفیق عارف گلەیی ئەوە کردووە کە دەزگای ئاسایش گشت ئەفسەرە باشەکان بە پلانگێڕی دژ بەڕژێم تاوانبار دەکات بۆیە گشت گلەییەکان کەوتە سەر ڕەفیق عارف کە گوێی نەداوەتە ئەو ڕاپۆرتە چاکانەی ئاسایش، لەوێدا سەعید قەزاز بەوبۆنەیەوە کە شالیاری ناوخۆ بوو پشتگیری لە وتەکانی بەهجەت ئەلعەتییەی دەکرد.

سەعید قەزاز ڕۆشنبیرێک ئینگلیزییزانی باش بوو، بەڕێز سەففار بینیویەتی پەرتووکی جەواهر لال نەهرۆ (چەندین سەرنج لەسەر مێژووی جیهان)ی بە ئینگلیزی خوێندووەتەوە. ئەو لە بەڕێوەبەرایەتی شارۆچکەوە تا پلەی شالیاریی ناوخۆ پۆستە کارگێڕییەکانی بە ئازایەتی خۆیی بڕیوە. هەمیشە ئەوەی دووپات کردوەتەوە کە هیچ پەشیمان نییە لە گشت ئەوانەی لە ژیانیدا کردوونی، بەڵکو شانازیشی پێیانەوە دەکردو پێیخۆشبوو بیانگێڕێتەوە. لەکاتی وتوێژیشدا وەک یار نەبوو بە پەیمانی بەغداو ڕەخنەی دەگرت لە بیرۆکەکەیو هەڵوێستی نووری سەعیدی زۆر بەدڵ بوو بەڵام ڕەخنەی هەبوو لەسەر عەبدولئیلای ڕاسپێردراو.

ئەوکاتەی ڕەوانشاد سەعید قەزاز وتاری داکۆکییەکەی لەدادگای مەهداویدا خوێندەوەو گەڕایەوە بۆ بەندیخانە بەڕێز سەففار لێیپرسیوە؛ هۆی ئەو داکۆکییە بەتینو وەڵامە وشکانە چیبوو ڕوبەڕوو بەسەرۆکی دادگات دەگوت؟ لەوەڵامدا سەعید قەزاز پێی دەڵێت؛ کاتێک لەنێو ڕکەی تاوانبارانی دادگاکەی مەهداویدا بووە دەبینێت وەسفی تاهیری یاوەری عەبدولکەریم قاسم، کە پێشان یاوەری نووری سەعید بوو، لەو خانەیەدا دانیشتووە کە جاران پاشای عیراقی لێ دادەنیشت، دڵگەش ڕوانیویەتە سەعید قەزازی نێو ڕکەی تاوانی ئەو دادگایەی مەهداوی کە پێشان هۆڵی پەرلەمان بوو لە تەنیشت شالیارگەی بەرگری، ئەوجا ئەو، واتە سەعید قەزاز وتە مێژوییەکەی دەڵێت "سێدارە من ناترسێنێت، ئەوکاتەی سەردەکەومە سەر سەکۆکەی لەبن پێمدا کەسانێک دەبینم مافی ئەوەیان نییە بژین" مەبەستیش لەوەدا وەسفی تاهر بووە. پاش ئەو داکۆکیەی لە دادگا گواستیانەوە بۆ زیندانی تاکەکەسیو لێیان خواست لێبوردن بخوازێت لە دادگا بەڵام ئەو هەر سوربوو لەسەر ئەوەی لێبوردن نەخوازێت، سەرئەنجام گێڕایانەوە بۆ زیندانەکەی پێشوو لای هاوڕێکانی.

سەعید قەزاز باوەڕی بە یەکپارچەیی عیراق بووەو شانازی کردووە بەوەی عیراقییەو کوردێکە لەسەر خاکی عیراقو لەنێو چوارچێوەی عیراقدا.

سەبارەت بە دەسگیرکردنی دێوالی دۆسکی دەڵێت؛ گرتنی ئەو لەڕووی ئاسایشییەوە شتێکی پێویست بوو چونکە لای ئەو ئاسایشی لیوا (پارێزگا) زۆر گرنگ بووە. سەعید قەزاز ئەفسەرێکی پۆلیس بەناوی بەشیر سەلمان دەنێرێت بۆ دەسگیرکردنی دێوالی دۆسکیو پاشان خۆی دەچێت بۆ دهۆک. کاتێک بەشیری ئەفسەر ئەوی بۆدێنێت سەعید قەزاز دەیخاتە نێو پیکابەکەی پۆلیسو ئۆتۆمبیلەکەی خۆی جێدێڵێتو لەگەڵ ئەودا دەگەڕێتەوە بۆ موتەسەرفیەت، لەوێ بەپێی یاسای خێڵەکی سزای بۆ دەردەکات.

لەنێو هاوڕێیانی شاری مووسڵدا هەردەم ناوی مامۆستای ڕۆژنامەوان عەبدولباست یونس ڕەجەبی لەسەر زمان بووە چونکە زۆر سەرسام بووە بە بوێریو ویژدانی ئەو. ناوی گشت پیاوچاکانی مووسڵی لەیاد بوو لەگەڵ هەندێک بیرەوەریی تر لەگەڵ بنەماڵەی کەشموولە، لەنێویاندا ئیدریس کەشموولەو عەبدولکەریم کەشموولەو عەبدولڕەزاق کەشموولە. ئەوانەی لەکاتی پشووەکاندا بۆ ڕێزدار سەففارو یوسف کەشموولە دەگێڕایەوە،





ئەوانیش ڕووداوەکانی مووسڵو ئەوانەی تری لەمەڕ پێکدادانی هێزە ڕامیارییەکانی شاریان بۆ دەگێڕایەوە.

کاتێک پێیان ڕاگەیاندووە وا کاتی ئەنجامدانی سزاکەی هات هەستاوەتە سەرپێو بە ڕوویەکی خۆشی پڕباوەڕەوەماڵئاوایی کردوە لە بەندکراوەکانو توند تەوقەی لەگەڵ دەکردنو یەکبەیەک سڵاوی لەگشت هاوڕێیانی بەندیخانەکەو باسەوانەکانیش کرد. لە ڕۆژی دواییدا زۆر خزمو کەس هاتبوونە بەردەرگای بەندیخانە بۆ دوا چاوپێکەوتنی ڕۆڵەکانیان، لەنێو ئەوانەی هاتبوون بۆلای سەعید قەزاز ژنەکەی بوو لەگەڵ کێژەکەیو هاوسەری بەڵام ئەو بە "ونناس"ی پاسەوانی گوتبوو ڕێگەنەدات خێزانەکەی بێن بۆ دیتنیو پێیشیان بڵێت کە خۆی ناخوازێت بیانبینێت. پاسەوان بەوە دەشەڵەژێتو تووشی سەرلێشێوان دەبێتو نەیزانیوە چیبکات. ژنان دەگرینو چرکەسات ڕووی لە کۆتاییە. سەرئەنجام پاش پاڕانەوەی زۆری پاسەوان خێزانەکەی دەکاتە ژوورەوە. لەلایەکەوە کیژی سەعید قەزاز جوێن بە ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم دەداتو لەولاوە ژنەکەی دەگریا، ئەویش هەر لە دوورەوە لە قوژبنێکی زیندانەوە ماڵئاوایی لێدەکردنو بە کوردی پێیدەگوتن هەرچی زووە بڕۆنو جێمهێڵن با چارەنوسی دیاریکراوی خۆم ببینم. دوا شەو هیچکەس لەبەندەکان تا کاژمێر چواری بەرەبەیان نەخەوتن، ئەوکات سەعید قەزازو عەبدولجەبار فەهمیو عەبدولجەبار ئەیوبو بەهجەت عەتییە بران بۆ ژوری سێدارە کە لەنێو هەمان بەندیخانەدا بوو. پاسەوانەکان چوبونە سەربانی بەندیخانەکە تا پرۆسەی لەسێدارەدانەکە ببینن، یەکێک لە پاسەوانەکان بە دڵتەنگییەوە گەڕاوەتەوە کە بەڕێز سەففار پرۆسەی لەسێدارەدانەکەی لێ دەپرسێت ئەو لەوەڵامدا دەڵێت کە لەکاتی لەسێدارەدانی سەعید قەزازدا پەتی قەنارەکەیان بچڕاندووەو ئەو کەوتووەتە نێو چاڵەکە ئەوکات بەتێکی تریان بەستوەو سەرلەنوێ لەسێدارەیان داوەتەوە، دیارە ویستویانە چێژ وەرگرن لە دیمەنی ئازاردانەکەی پێش گیانسپاردنی. بەوجۆرە سەعید قەزاز دووجار لەسێدارەدراوە. بەڵێ سەعید قەزاز ژیانی جێهێشت بەڵام کردەوەو هەڵوێستەکانی هەر ماون. عومەر عەلیو فازل ئەلجەمالی بە ئازارتر بوو لەگشت بۆ لەسێدارەدرانی ئەوان[80].

[80] ـ یونس بەحری / ٧ أشهر في سجون بەغداد / چاپی ١ / بەیروت ١٩٦٠ لاپەڕە ٣٠

یونس بەحری کە کادرێکی ڕادیۆ بوو هەمان ڕۆژی ١٥ی تەمووز ١٩٥٨ لەگەڵ سەعید قەزاز دەگیرێتو پێکەوە دەبن، دەڵێت: ڕۆژی ١٨ی تەمووزی ١٩٥٨ کاتێک موقەدەم نووری کە بەڕێوەبەری گرتنگەکە بوو بەلاماندا تێپەری تۆفیق سوێدی بانگی کرد: " یا سعادة المقدم، العدل أساس الملک" ــ واتە جەنابی موقەدەم، دادپەروەری بنەمای سامانە.

موقەدەم نووریش دەڵێت: ئەوە ڕاستە بەڵام ئەگەر ئێوە دادپەروەر بوونایە ئێمە نە ئەم شۆڕشەمان دەکرد نە ئێوەمان دەخستە نێو زیندان، ئەوجا لە مرۆ بەدواوە بەکارهێنانی وشەی "سعادة" و "معالي" قەدەغەیە، لەمەودوا تەنها یەک وشە دەخوات ئەویش "سيادة"یە[81]. ئەوجا ئەلسوێدی گوریدایە خۆیو پەنای بردە بۆ خووە فێلاوییەکەیو گوتی: وا ئێمە لەژێر فەرمانی ئێوەداین، دادپەروەر بڕیاری خۆی دەداتو مێژوویش لەخۆیدا دادوەرە. کاتێک سەعید قەزاز هاتە نێو ئەو وتەوتەیە بە زمانی کوردی پێیگوت: مامۆستا سوێدی تەنها لەمەڕ خۆت بدوێ چونکە من خۆم بە بەرپرس دەزانم لە گشت ئەوانەی کردوومن، لەوەڵامدا سوێدی دەڵێت: تۆ سەعید بەگ چاک دەزانیت دەسەڵات هەر بەدەستی عەبدولئیلاو نوورییەوە بوو، ئێمەی سەرەک شالیارانی تر لە بەردی شەترەنج بەولاوە جیتر نەبوین، کەیو چۆن بیانویستایە بەوجۆرە ئێمەیان دەجوولان. سەعید قەزاز بە توڕییەوە هەستایە سەرپێو چاوی بڕییە تۆفیق ئەلسوێدی "ئەوەی لە بیرکرد کە لە بەندیخانەدایە" زۆر بە توندیو پێداگرانە گوتی: تۆ درۆ دەکەیت.. ئەوە منو هەندێکی تر لەو شالیارانە نین کە خۆت لەمن چاکتریان دەناسیت، کاتێک من بەرپرسیارەتیم لە ئەستۆ بوو نە گوێمداوەتە عەبدولئیلا نە نووری، بەڵکو هەر کارو بەرپرسیاری خۆمم لەبەرچاو بووە، ئێستایش وا من لەم گرتنگەیەوە لەبەردەم خوداو بەردەم گشتکەس دەیڵێم، بەرپرسیارەتی ناخەمە ئەستۆی هیچیەک لەوان، بەڵکوو من

81 ــ هزر لای ڕامیاران زۆر سەیرە، تەنانەت یاری بە وشەیش دەکەن. تا ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ "صاحب السعادة ــ واتە خاوەن کامەرانی" و "صاحب المعالي ــ واتە خاوەن شکۆ" بەکاردەهات بەڵام کاتێک دەسەڵاتی ڕامیاری گۆڕا دەبوو وشەو ناویش بگۆڕێتو بوترێت "یا سيادة فلان ــ واتە فڵانی شکۆدار" باشە چی جیاوازیەک لەنێوان وشەگەلی شکۆدارو خاوەن شکۆدا هەیە! وا ئەمڕۆ پاش ٥٥ساڵو چوار جار کودەتا بەسەر یەکدا، بە کاکی شالیارو سەرۆک شالیارانی ئەمڕۆ دەگوترێت "معالي ..." کە هەر "صاحب"ـەکەی ماوە، دیارە ئەویش پاش کودەتایەکی تر دەگەڕێتەوە. (وەرگێڕ)





تاکە بەرپرس بووم هەرنەبێت لەوانە "پەنجەیشی درێژکرد بۆ موتەسەریفی بەغدا عەبدولجەبار فەهمیو بەهجەت ئەلعەتییەو ئەو فەرنبەرانەی تری سەر بە شالیارگەی ناوخۆ بوون بە پلەکانی موتەسەریفو ئەمیداری پایتەختو شارەوانییەکان[82]"

لیوا حازم عەلی یەکێک بوو لە بەندکراوانی کێشەی بەشداری لە بزوتنەوەکەی مووسڵ، دەڵێت؛ ئێمەیان گواستەوە بۆ هەمان ئەو خانوەی پێشتر تێیدا بووین، هەندێک لە پیاوانی سەردەمی پاشایەتی لەوێ بوون، گشتیان لە یەک ژووردا بوونو دەرگایان لەسەر داخرابوو، سەربازێکی "إنزيبات"یش بەرانبەر بەدەرگای ئەوان دادەنیشت. پاش نەختێک لەوژوورەوە هەریەک لە سەعید قەزازو بەهجەت عەتییەو عەبدولجەبار فەهمیو عەبدولجەبار ئەیوب هاتنە دەرەوە "واتە ئەو تاخمەی سەردەمی پاشایەتی کە سزای سێدارەیان لەسەربوو" کە بە بەردەم ژوورەکەی ئێمەدا تێپەڕین "وەک حازم ئەلعەلی گێرایەوە" هات بۆ لامانو گوتی؛ ئەوە چی ئێوەی هێنایە ئێرە، کێشەکەتان چییە؟ گوتمان هیچی لێنازانین هەر ئەوەندەیان بەئێمە گوت، بگوێزنینەوە بۆ ئێرە. لە ڕواڵەتیدا دەرکەوت کە شتێکی سامناک چاوەڕیی خۆیو هاوڕێکانی دەکات. ئەوەبوو پاشان ئەوانیان گواستەوە بۆ ئەوشوێنەی ئێمەی لێوە هاتین.. ئەوجا لە کاژمێر هەشتی ئێوارەدا فەرمانەکەی دادوەری گشتیی سپا ژمارە ١١٦ بڵاوکرایەوە بەمجۆرە بوو [83]...

**ڕاگەیاندن لەلایەن دادوەری گشتیی سپاوە**

پیاوکوژە خۆفرۆشەکانی بوونەتە یاریدەری داگیرکەرو ئەو چاوچنۆکانەی چاویان بڕیوەتە وڵاتەکەمانو ئەوانەی بێئەمەک دەرچوون بەرانبەر بە نیشتمانی خۆشەویستو ویستیان ئاسایشی وڵاتو هاووڵاتییان بخەنە بەر مەترسیو پلانی چەپەڵیان دادەڕشت دژ بە ئارامیی ئەو کۆمارەی عیراق کە هەنگاوی ناوە بەرەو جیهانی سەربەستیو پێکهاتە پرشنگدارەکەی ئەو لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا سەریهەڵدا. ئەو کۆمارە ئاشتیخاوزە بێلایەنەی

82 ــ حازم حەسەن ئەلعەلی / إنتفاضة الموسڵ / دەزگای چاپی/ العربية / بەغدا ١٩٨٧ لاپەڕە ٨٤

83 ــ حازم حەسەن ئەلعەلی / سەرچاوەی پێشوو / لاپەڕە ٢٠٢

بووەتە خاوەن تەواوی شکۆو سەربەخۆیی، ئەوەی پێکهاتەکەی خۆی دەپارێزێت لە دەستێوەردانی دەرەکیو هێوەری دابین دەکات بۆ ئەو گەلە قارەمانەی عیراقو گشتلایەکی نیشتمانی عەرەبی. ئەو خۆفرۆشانەی هەتاهەتایە شەرمو شوورەیی بەدوویانەوە دەمێنێتو نەوەی ئایندەمان هەر بە نەفرەتەوە یادیان دەکات. ئەوخۆفرۆشانەی بوون بە خاکەناز بە دەستی بیانییانی داگیرکەر تا ئەم کۆمارە دارمێنن، ئێستا پێویستە سزای ئەو خۆفرۆشییەیان بچێژن کە کردیان دژ بە گەلو نیشتمان.

لە کاژێر چواری ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ٢٠/ ٩/ ١٩٥٩ لە گۆڕەپانی "ئوم ئەلتوبووڵ"ی وەششاش سزای مەرگ بە دەسرێژی گوللـە ئەنجام دەدرێت لەسەر تاخمێک لەو سپاییانەی بەشداربوون لە پلانەکەی ئەلشەووافی خۆفرۆشدا.

ژمارەی زۆر لەوانەی سزای مەرگیان بەسەردا سەپابوو بۆیان سووک دەکرێت بۆ سزای زیندانیو ماوەی سزای زیندانیش لەسەر ئەوانیتر کەمدەکرێتەوە. لەماوەیەکی نزیکدا ناوەکانیان ئاشکرا دەکرێت.

لەداهاتوویشدا بە سزای تاوانبارانی تردا دەچینەوە.

پاش بەئەنجام گەیشتنی سزاکان لە ڕۆژی ٢٠/ ٩/ ١٩٥٩دا ڕاگەیاندن بە درێژی لەلایەن ئێمەوە لەسەریان دەردەچێت.

واژوو/ لیوا ڕوکون ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدی/ دادوەری گشتیی سپا

ئەم بڵاوکراوەیە کاژێر ٢ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠ /٩/ ١٩٥٩ خوێنرایەوە:

**ڕاگەیاندنی ژمارە ١١٧ لەلایەن دادوەری گشتیی سپاوە**

هاووڵاتییانی هێژا ـ دوابەدوای ڕاگەیاندنی ژمارە ١١٦ لە ١٩/ ٩/ ١٩٥٩

یەک: کاژێر چواری بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە بەندیخانەی بەغدای ناوەندی سزای لەسێدارەدان ئەنجامدرا لەسەر هەریەک لەم خۆفرۆشە تاوانبارانە؛ سەعید قەزاز، بەهجەت ئەلعەتییە، عەبدولجەبار فەهمیو عەبدولجەبار ئەیوب. ئەوانە پێش شۆڕشە سەرکەوتووەکەمان یارمەتی ئەو داگیرکەرە چاوچنۆکانەیان داوە کە چاویان بڕیبووە بەروبوومی وڵاتەکەمانو پلانیان دەگێڕا بۆ تێکدانی ئاسایشی وڵات.





هەروەها کاژمێر حەوتی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ سزای مەرگ بە دەستڕێژی گوللـە ئەنجامدرا لە گۆڕەپانی نیشانگەی ئوملتبووڵ لەسەر ئەو ئەفسەرانەی لەڕیزی سپا دەرکراون/ زەعیمی روکون نازم تەبەقچەلی، عەقیدی یەدەگ ڕفعەت ئەلحاج سری، موقەدەم ڕوکون عەزیز ئەحمەد شەهاب، ڕەئیس ڕوکون داوود سەید خەلیل، عەقید خەلیل سەلمان، ڕەئیسی یەک توفیق یەحیا ئاغا، ڕەئیس یەحیا حوسێن ئەلحەماوی، موقەدەم ڕوکون عەلی تۆفیق، ڕەئیس هاشم ئەلدبوونی، مولازمی یەک حازم خەتتاب، مقەدەم ئیسماعیل هورمز، ڕەئیسی یەک مەجید ئەلچەلەبیو ڕەئیس زەکەریا تاها. ئەویش پاش دەرچونی بڕیارەکانی داد لەلایەن دادگای سپایی تایبەتی باڵاو پەسەندیکردنی ڕێزدار شالیاری بەرگری لەمەر ئەوانەی بەشداربوون لە بزووتنەوە یاخیبووانەکەی خۆفرۆش عەبدولوەهاب ئەلشەواف ڕێکیخست دژ بە ئاسایشو هێوەریی کۆمار. بۆ هاووڵاتییانی دووپاتدەکەینەوە کە ئەو چارەنوسەی خۆفرۆشان پێیگەیشتن، چارەنوسی گشت ئەو کەسانە دەبێت کە پیلان دەگێڕن یان دەبنە داردەست بۆ بیانیان بەمەبەستی تێکدانی ئاسایشو پێکهاتەی کۆمارە خۆشەویستەکەمان بەسەرۆکایەتی ڕۆڵەی خۆبەخت بەگەل زەعیم عەبدولکەریم قاسم. لە کۆتایی ئەو ڕاگەیاندنەدا کەبرگەی کە ٢ی ئاماژە بوو بۆ سووککردنی سزای هەندێک لەوانەی سزای مەرگیان بەسەردا سەپابوو گۆڕا بۆ سزای ئەرکی قورسی کاتی بۆماوەی پانزە ساڵو سوککردنی ئەوانیتر بۆ ماوەی دە ساڵ.

واژوو/ دادوەری گشتی
لیوا ڕوکون ئەحمەد ساڵح
ئەلعەبدی/ ڕۆژی ٢٠/ ٩/
١٩٥٩

لە درێژەی گێڕانەوەیدا ڕێزدار حازم ئەلعەلی دەڵێت:

بەڵام ئەوەی بەسەر هاوڕێکانماندا هات لە پیاوانی سەردەمی پاشایەتی، کە بەرەبەیانی ٢٠/ ٩/ ١٩٥٩ لە بەندیخانەی ناوەندیی بەغدا سزای سێدارەیان لەسەر ئەنجامدرا، ئەمانەبوون/ سەعید قەزاز، بەهجەت ئەلعەتییە، عەبدولجەبار ئەیوبو عەبدولجەبار فەهمی. پێموایە پێویستە مرۆڤ بڵێت کە ئەو (بێنرخی) (وەها لێکراوانی) کۆمۆنیست کینەی ڕەشیان هەڵدەڕێژن

بەسەر ئەوانەی باوەڕیان نییە بە ئایدیۆلۆژییە گوماناویو نۆکەرانە (وەهاکەی) ئەوانو تەنانەت بۆ تۆڵەسەندنەوە لەو نەیارانەی وان لەسەر ڕێی ئەو مردنەی ئەوان سەپاندوویانە جۆری لەسێدارەکەیشی بۆ دیاریدەکەن.

ئەوەی ئاشکرایە، سەعید قازاز بەناوبانگترین شالیاری ناوخۆی سەردەمی پاشایەتی بوو، لەنێو پیاوانی سەردەمی پاشایەتیشدا بوێرترینی ئەو تاوانبارانە بوو کە بەر دادگای مەهداوی کەوتن. هەڵوێستی ئەو لەدادگا بەرانبەر بەو بڕیارە کە پێشبینیی کرد (لەسێدارەدانە) هیچ باکی نەبوو بۆیە بەو بڕگەیە کۆتایی بە داکۆکنامەکەی هێنا "وا سەردەکەومە سەر قەنارە کەسانێک لەبەرپێمدا دەبینم مافی ئەوەیان نییە بژین".

کۆمۆنیستان ئەو وتانەیان لەیاد نەچوو بۆیە دروشمێکی دورودرێژیان لەسەر پارچەیەک پەڕۆ نوسیو بەسەر قاوەخانەکەی بەرانبەر دەروازەی شالیارگەی بەرگریدا هەڵیاواسی، تێیدا نووسرابوو (عەبدوڵڵا شاویو کامل قازانچی لەژێر گڵدان بەڵام سەعید قەزازو بەهجەت عەتییە هێشتا خۆش دەژین). دیارە مەبەست وروژاندنی عەبدولکەریم قاسمو وەبیرهێنانەوەی بوو تا لەکاتی هاتنە ژورەوەی شالیارگەی بەرگریدا ئەوە ببینێت کە سەعید قەزازو بەهجەت عەتییە هێشتا لە ژیاندان.

سەعید قەزاز هەردەم مانەوەی ئەودروشمەی سەر پەڕۆکەی دەپرسی کە کۆمۆنیستان زۆر گرنگییان بە بوونو مانەوەی داوە، بۆیە هەر کە کۆن دەبوو نوێیان دەکردەوە تائەوکاتەی قەزازو عەتیە لەسێدارە دران. بەوپێیەی هەندێک لەو سەربازانەی سەعید قەزازو هاوڕێیانییان گەیاندووەتە بەر سێدارە، گوتیان؛ ئەو کۆمۆنیستانەی سەرپەرشتیی قەنارەکەیان دەکرد پەتی ئەو قەنارەیە شل دەبەستن کە سەعید قەزاز بە هەنگاوی جێگیر چووەتە سەری، کاتێک تەختەکەیان لەبن پێی ڕاکێشاوە کەوتووەتە سەر زەوی، ئەوان دووبارە بە نیوەبوراوەیی هەڵیانگرتەوەتەوەو ملیان کردووەتەوە بە قەنارەکەدا، دیارە تەنها لەبەر چێژ وەرگرتن لە دیمەنی ئەشکەنجەکەی هەروەها جۆشدانی دەرونی نەخۆشو پڕ لە کینەو ڕەشی نەفرەتلێکراویانی پێ دامرکێنن ("ولاتحسبن الله غافل عما يفعل الظالمون" واتە ـ وامەزانن خودا بێئاگایە لەوەی ستەمکاران دەیکەن) لە هەڵواسینی دووهەمدا ڕەوانی سەردەکەوێت بۆلای پەروەردگار. ئەوەیە جەوری مرۆڤ بەرانبەر بە





مرۆڤی برای[84].

سەبارەت بە دیدی خۆی لەسەر سەعید قەزاز لەو ماوەی بەندیخانە کە پێکەوە بوون بەڕێز ئەلعەلی دەڵێت: ئەو سەعید قەزازەی لە سەردەمی پاشیەتیدا شالیاری ناوخۆ بوو، لەنێو سزادراواندا نزیکترین بوو لەدڵی ئێمە، ئەو لەڕادە بەدەر بوێرو ڕوخۆشو بێفیز بوو، بۆیە زۆرمان ڕێز هەبوو بۆ ئازایەتیو جوامێری ئەو. لەسەر ئەو وتەیەی لەکاتی خوێندنەوەی داکۆکنامەکەیدا بە مەهداویی گوت (وا سەردەکەومە سەر قەنارە کەسانێک لەبەرپێمدا دەبینم مافی ئەوەیان نییە بژین) ماوەیەکی زۆر خرایە زیندانی تەنیایی. هەر لەسەر ئەوەی کۆمۆنیستەکان لێیانخواست پێشنیاری لێبوردن بنووسێت بۆ دەستەی دادگا بەڵام ئەو هەر نەیکرد بۆیە پەیوەندی دەکەن بەهاوسەرەکەیەوەو پێیدەڵێن نامەیەکی بۆ بنووسێتو هەمان پێشنیاری لێوردن بۆ دادگا بنوسێت، بەڵام کە نامەی هاوسەرەکەی پێگەیشت، وەڵام لەسەر هەمان کاغەز دەنووسێتو پاش سڵاو دەڵێت (چاوەڕوانبە ببیتە بێوەژن)، کە زانیان ئەو هەر قایل نییە نامەی لێبوردنی بۆدادگا بنوسێت، لە زیندانی تەنیایی دەریانکردو گواستیانەوە بۆلای هاوڕێکانی لە بەشی تایبەت بە سزادراوانی سێدارە، بەڵام کۆمۆنیستانو ئەندامانی دەستەی دادگای مەهداوی ئەوەیان هەر لەیاد نەکرد تا لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆسەی لەسێدارەدانیدا لەسەر هەمان ئەو هەڵوێستە سزایاندا[85].

"فازل ئەلساقی" کە بەرپرسی گرتنگەی ئەبوغرێب بووە، لەگەڵ سەعید قەزاز زۆر خراپ بوو، ڕۆژگار وەردەگەڕێت ئەلساقی بە تاوانی پلانگێڕی لەدژی عەبدولکەریم قاسم دەسگیر دەکرێتو دەینێرن بۆ هەمان گرتنگە. یونس بەحری دەڵێت؛ ئەحمەد موختار بابان پێیگوتووە کە فازل ئەلساقی لەنێو ئەو بەندکراوە نوێکاندایەو خواردن دەخوازێت چونکە ٧٥ کاژێرە هیچی نەخواردووە، ئەوکات ڕەوانشاد سەعید قەزاز پێیدەڵێت:

بگرە ئەو خۆاردنە بەرەو بیدە بە فازل ئەلساقی، ئێستا ئەویش وەک ئێمە

84 ـ حازم حەسەن ئەلعەلی / سەرچاوەی پێشوو / لاپەڕە ٤٢

85 ـ حازم حەسەن ئەلعەلی / سەرچاوەی پێشوو / لاپەڕە ٩٩.

بەندەو بووەتە هاوڕێمان خودا لە بەرودوای تاوانەکانی خۆشدەبێت[86].

مامۆستا عەبدولقادر دبوونی بوینوسیم دەڵێت؛ لەکاتی دواسەردانی شەهید هاشم ئەلدبوونیی برای کە لەگەڵ شەهیدانی تری بزوتنەوەی مووسڵی ١٩٥٩بوو، شەوی پێش لەسێدارەدانی سەعید قەزاز لە حەوشی بەندیخانەدا بینیویەتی ڕەونشاد سەعید قەزازی لەنێو ژووری زیندانداپە چوەتە بەردەم زیندانەکەی‌و ڕێزی خۆی نیشانداوەو وێڕای سڵاو پێیگوتوە: ("أنا للـه وأنا إليه راجعون" واتە ئێمە لەپێناو خودادایین‌و هەر بۆلای ئەو دەگەڕێینەوە) ئەوجا وەک مژدە پێیگوتووە؛ کە گشت ستەملێکراوێک شەهیدەو شەهیدیش ستەم دیدەیە، سەعید قەزاز پێی دەڵێتەوە ئێمە لەزۆر باردا هەڵەمان کردووەو لەگەڵ زۆر کەسیش بەهەڵەدا چوین، برام لێم ببورە. ئەوکات دبوونی پێیدەڵێت: بەخودا لەڕێزو شکۆ بەولاوە هیچی ترم بۆ ئێوە نییە. بەو گفتوگۆیە زۆر دڵگەش بووەو لەکاتی وتووێژەکەدا سەعید قەزاز بەو وشە پچڕپچڕەی پێی دواوە دانایی‌و باوەڕ بەخۆو باوەڕ بە سروشی خودای مەزن دەردەبڕێت. سەرەڕای گشت ئەو پەژارە زۆرەی تێیکەوتبوو ئەلدبوونی ئەوەی دێتەوە یاد کە پێیدەڵێت: ئەوەت لەیادە کە ڕۆژێک گوتووتە (من ناخەوم تا دیجلە نەخەوێت) ئەوە بەهەڵوێستی بەرزو شانازی دەژمێردرێت بۆت..

قەزاز (بەڕوویەکی گەشەوە) دەڵێ: ئەوەت لەیادە؟

ئەلدبوونی دەڵێت: پێموایە، لەڕۆژنامەکانی ڕۆژی خویدا خوێندمەوە!!

قەزاز: ئەوە لەیاد چوو!

ئەلدبوونی: لەلای خوداو لەنێو کۆمەڵیشدا کردەوەی چاک بزرنابێت، مێژویش تۆمارگەیە بۆ گشت کردەوەی چاک‌و باریتر.

لەوکاتەدا پاسەوانەکان پەلەی لێدەکەن کۆتایی بەوتووێژ بهێنن، ئەوکات دبوونی پێیدەڵێت:

تۆ پەڕاوێکی پاقژت جێهێشت‌و لەدادگادا چەشنی پیرێکی بەهرەدارو ئازا وەستاویت‌و لە هەڵوێستیشدا هەر نیشتمانپەروەر بوویت. نە ترست لەدڵدا بووە

86 ــ ــ چاوپێکەوتنم لەگەڵ مامۆستای پارێزەر عەبدولقادر ئەلدبوونی لەمووسڵ ڕۆژی ٩/ ١٢/ ١٩٩٥





نە لاوازی، چارەنوسیش خودای مەزن‌و پڕشکۆ بۆی نوسیویت. لەوکاتەدا پەژارە لەدڵی ئەلدبوونیدا سەردەکات و چاوی پڕفرمێسک دەبێت.. قەزاز پێیدەڵێت: خودا چاوی لە بەندەکانی هەیەو هەر ئەوە خاوەن بەزەیی[87].

**دوکتۆر کەمال ئەلسامەڕائی دەڵێت[88]**

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢١/ ٩/ ١٩٥٩ لە نەخۆشخانەی ئەلسامەڕائی لە ژورەکەمدا دانیشتبووم، گەنجێکی تەمەن سی ساڵ خویکرد بە ژووردا، بە لە چکێکی تەنک سەری پێچابوو، خاوەن ورگێکی پڕو باڵای مامناوەندی، بە جۆرێک لەڕێز سڵاوی کرد ئەو پەژارەییەی پێ نەشاردرایەوە کە زاڵبوو بەسەر ڕوخساریداو بە شێوەزمانێک دەدوا هەستمکرد لەزاری کوردێکەوە دەردێت، گوتی: نەخۆشێکم هەیە پێویستم بە یارمەتی ئێوەیە.

گوتم: تائێستا نەچۆم بۆ سەردانی نەخۆش لەماڵان، واچاکە نەخۆشەکە بێت بۆ نەخۆشخانە چونکە لەوانەیە پێویستی بە چارەسەری خێرایی هەبێت‌و کەرەستەی پێویست لەماڵەوە دەسنەکەوێت.

گوتی: ئەو نەخۆشی خۆتەو من دوکتۆر کەماڵی مێردی ئەوم، سەری لەمن نزیک کردەوەو گوتی ــ پەری کچی سەعید قەزازە..

من دەمزانی سەعید قەزاز لە دادگاکەی مەهداوی (باڵای تایبەت)دا سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپا، بەڵام بەهۆی پەیوەندی باوکی لەگەڵ من بەو گەنجەم گوت: فەرموو بچین بۆلای..

کە ئۆتۆمبیل کەوتە جووڵە من لەتەنیشتی دانیشتبوم لێمپرسی: دوکتۆر کەمال، ماڵتان لە کوێیە؟

لەوەڵامدا گوتی: لەتەنیشت گەراجی ئیبراهیم سەعد.

من شوێنی ئەو گەڕاجەم نەزانیوە بەڵام دەمزانی ماڵی سەعید قەزاز لە نەخۆشخانەی سامەڕائییەوە دوور نییە، پێمگوت: ئەوەی من بزانم ئێوە لە ماڵی سەعید قەزاز دەژین کە نزیکە لە نەخۆشخانەی ئەلسامەڕائی.

87 ــ د. کەمال ئەلسامەڕائی/ حدیث الثمانین/ بەغدا ١٩٩٦ لاپەڕە ٣١٦

88 ــ بۆ زانیاری پتر بڕوانە خشتەی بڵاوکراوە لە پەرتوکەکەی حەننا بەتاتۆ/ العراق/ پەرتوکی یەکەم / چاپی مؤسسة الأبحاث العربية / بەیرووت ١٩٩٠ لاپەڕە ٣٩٤

گوتی: بەڵێ ڕاستە، بەڵام هەر کە دادگاییکردنی سەعید قەزاز لە دادگاکەی مەهداویدا دەستیپێکرد (منداڵان) کەوتنە بەردبارانی ماڵەکەمان بۆیە ناچار بووین لەوماڵە بارکەین، ئێستا لە شوێنێکی دوور لە چاوان خانومان بەکرێ گرتووە.

پاش کەمێک بێدەنگی لێمپرسی: باشە دوکتۆر، پەری چییەتی؟ کە وەڵامی نەدامەوە پێموابوو نەیبیست بۆیە دووبارە پرسیارم کردەوە..

ئەوجا گوتی: دوێنێ شەو بەڕێوەبەری بەندیخانەکە تەلەفۆنی بۆ یەکێک لە خزمانمان کردووە تا پێمان ڕاگەێنێت بچین بۆ دیتنی باوکی پەری. ئەگەرچی پێشتر دەمزانی ئەوە دوا بینینیمان دەبێت پێش لەسێدارەدانی، منو دایکی پەری لەگەڵ پەری چوین تا ببینین سەربازێک ئێمەی لە تەنیشت تاقێکی بە لاسکەخورما دروسکراو ڕاگرت کە سەرەڕێبوو بەرەو خانویەکی بچووک، باوکی پەری لەوێوە بەسەرتاشراوی دەرکەوت دوو سەرباز مەچەکیان گرتبوو، ئەوکات دایکی پەری لەگەڵ پەری خۆیان پێ نەگیرا هەندەگریان پەری لەهۆشخۆی چو باوکی "سەعید قەزاز" لێی هاتەپێش بەرزیکردەوە نای بەسنگی خۆیەوەو ماچیکرد ئەوجا ڕویکردە دایکی پەری ماچیکردو گوتی: من زۆر بەتۆ دڵخۆشبووم دایکی پەری، لەئێستاوە خۆت ڕاهێنە بەوەی دەبێت بە بێوەژن، ئەوە فەرمانی خودایە.

دوو سەربازەکەی مەچەکیان گرتبوو دەیانگوت: بەسە سەعید بەگ.

ئەوەم لەدەمی دکتۆر کەمال بیست کاتێ بەڕێوەبوین بۆلای ژنەکەی "پەریی کچی سەعید قەزاز."

کە گەیشتینە ئەوماڵەی پەری نەخۆشی تێدابوو، ماڵێکی ئاسایی لە بابەتی ساڵانی پێش چلەکانی بەغدا بوو، دوو ژوری بچوک لە تەنیشت دەرگای دەرەوە هەروەها هۆڵێک زۆر فراوان نەبوو، لە تەنیشتەکانیەوە دوو ژوری لەسەر بوو ڕوو لە دەرگای دەرەوەو دەرگایەکی کراوەی هەبوو دەیڕوانییە سەر باخێکی پشتەوە.

پەری کچێکی گەنج بوو لە سەرەتای یەکەمەم هەلی زەیستانیدا، تووشی بارێکی هیستیریی گرژبوو، هەستم بەهیچ دیاردەیەک نەکرد ئەو بارە دەرونییە کاری کردبێتە سەر منداڵدان یان کۆرپەکەی. لەوەم دڵنیاکردنو





دەرمانی هێوەرکەرم بۆ نووسی. کەویستم لەدەرگای ژورەکە بچمە دەرەوە بە ئەسپایی لەدوکتۆر کەمالم پرسی: ئەی دایکی پەری لەکوێیە، دەکرێ ببینم؟

کاتێک ڕێنمایی کردم بۆ هۆڵێ ماڵەکە بینیم ئەو لەسەر تەختێک دانیشتووە پشتی داوەتە دیوارێک ڕوی وشک بووە چەشنی پەیکەرێکی بەردی سپیی، نە ژیان لەچاویدا مابوو نە بینایی. نەمزانی چیجۆرە سەروخۆشییەک ئەو ژنە هێوەر دەکاتەوە؟ پێموابوو چاکترین سەروخۆشی ئەوەیە خولەکێک بێ ورتە لەتەنیشتی دانیشم، ئەوەمکرد بەڵام کاتێک هەستام ئەو نەهامەتییە جێهێڵم، گوێم لەو بوو بە دەنگێکی نوساوەوە گوتی: سوپاس دوکتۆر کەمال.

**٢ / ٤ دوا وتە**

گەر بەچاوی لێکۆڵەر بڕوانینە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەعید قەزاز دەبینین، لەگەڵ ئەوەیش کە پیشەکەی لا زۆر پیرۆزو خۆشەویست بووە، ئەو پلەوپایەکانی کردبوو بە ئامراز بۆ یارمەتی باری کۆمەڵایەتی، سەرئەنجام بەهۆیەوە توانیویەتی بناغەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فراوانترو بەهێزترکات لەنێوان کوردو عەرەبو تورکمان (دەکرێت مووسڵ بە نمونە وەرگرین) بەوپێیەی ڕەوانشاد عەبدولباست یونسو ڕێزدار ئەکرەم ئەلسەففار بۆمنیان گێرایەوە، پەیوەندیی ئەو لەگەڵ کەسایەتی جۆراوجۆر هاوسەنگ نەبووە، لەلایەکەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەوانو پارێزەرو پیشەوەران بووە، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ چینە هەژارەکەی مووسڵدا بوو. لەگشت ئەوانە بەدەر، هیچکات پیشەکەی نەکردووە بە ماسک یان ڕوپۆش لەنێوان خۆیو کۆمەڵدا، بەڵکو هەمیشە دەرگای نووسینگەکەی کراوە بووە بۆیە هەندێجار کارو هەڵوێستو جۆری فەرمانەکانی ڕەنگدەرەوەی باری شکۆو ڕەوشتی خۆی بووە، یانیش پەیوەست بوون بە ڕەوشی هاوڕێتیو ڕێزگرتن لە بارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی. بەڵام هەندێ کەس ئەوانە بە سەرپێچی داناوە لە بنەماکانی پیشەو ئەو پلەو پایەیەی لە شالیارگەی ناوخۆ گوایە ئەو ویستویەتی بۆ بەرژەوەندی خۆیی بەکاریان بهێنێت وەک یەکێک لە سەرانی سیستەمی پاشایەتی.

یەکێک لەو نموونە دانسقانە ئەوەیە کە ڕێزدار تالیب موشتاق لە بیرەوەرییەکانیدا نوسیویەتی دەڵێت؛ سەعید قەزاز پێیگوتم نەکەیت (باسم)ی کوڕت ڕادەستی دەزگای ئاسایشی ڕامیاری بکەیت بۆ لێکۆڵینەوە. دیارە بەوە

هانیداوە بیشاریتەوە تا دەربازیکات لە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو چالاکییانەی ڕاپۆرتی لەسەر درابوو، ئەوە لە کاتێکدا خودی سەعید قەزاز لە بواری ئاسایشی ڕامیاریدا بەرپرسی یەکەم بوو.

دوکتۆر کەمال ئەحمەد مەزهەر لە پێشەکی پەرتووکی بەڕێز عەبدولڕەحمان ئەلبەیاتیدا لە زمانی بەڕێز محەمەد کەریم فەتحوڵڵاوە دەگێڕێتەوە کە تادواکاتەکانی سەردەمی پاشایەتی ئەو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو, لە پاش شۆڕشی چواردەی تەمووز ١٩٥٨ لەوان جودابووەتەوە چوەتە ڕیزی پارتی کۆمۆنیست. ئەو زۆر سەرسام بووە بە باوەڕپاکی سەعید قەزازو سەرڕاستیو زۆریتر لەو هەڵوێستانەی لە کەسێکی وەک ئەو ڕانەبینراوە کە لە پەیوەستبون بە دابو نەریتە کۆمەڵایەتیدا بێهاوتا بوو، لەگشتی سەیرتر ئەو یارمەتییە ڕاستەوخۆیەی بۆ سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕەوانشاد ئیبراهیم ئەحمەد کە فەرمانی گرتنی دەرچووبوو، لەلایەکەوە ئەو شالیارەی ناوخۆ ویستی لەبەرچاوی پیاوانی ئاسایشی بزریکات، لەولایشەوە ئارەزووی نەبووە جەخت بخاتە سەر ئەو دەزگا پەیوەندیدارانەی بەڵگەی سەپێنەریان هەبووە لەسەری کە هۆ بووە بۆ گرتنی.

زۆر ڕێزو خۆشەویستیی هەبووە بۆ نووسەرو ڕۆشبیرو مێژونوسو هۆنەرمەندانان. ئەگەرچی هەڵوێستی ناحەزانەی بووە لە دژی کۆمۆنیستان، هەر ڕێزو خۆشەویستی زۆری بووە بۆ نووسەرانی چەپ هەرچەندا ئاگایشی لە جموجۆڵی نەیاریی دژ بەدەسەڵاتی پاشایەتییانی بوبێت، بۆنمونە زولنوون ئەیوبی ڕۆشنبیرو ڕۆماننووس کە یەکێک بوو لە کادیرە پێشکەوتووەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقی بەڵام پاشان لێی جیابووەوە. یان هەڵوێستی بەرانبەر بە هۆنەری مەزنی عەرەب، محەمەد مەهدی ئەلجەواهری. قەزاز بەوانە سەلماندوویەتی کە ڕەوتی مرۆڤانەییو ڕوناکبیریی ئەو زاڵبووە بەسەر لایەنە ڕامیارییەکەیدا بۆیە پلەوپایەکەی کردبووە بە ئامراز بۆ یارمەتیدان.

ئەو مووسڵەی من کردم بەسەنتەری لێکۆڵینەوەم لەسەر سەعید قەزاز، هەرچەندە "قایلبوونی مرۆڤ ئامانجێکە کەس پێیناگات" هیچکەس لەوێ هەڵوێست یان کردەیەکی خراپ یان ناڕەوای لە سەعید قەزاز نەبینیوە. ئەوەتا پاش گشت ئەو ساڵانە لە کۆچکردنی سەعید قەزاز هێشتا پیاوانی ئەو شارە





قەشەنگو پڕ لەچاکەیەم بینی لەنێو گشت چینەکانی، هەروەها خاوەن بیرە جۆراوجۆرەکانی گشتیان هاوڕابوون لەسەر ڕەگوڕیشەی ڕەوشتو جوامێری ناخی ئەوپاوە.

ئەوەیش ناشارمەوە کە ڕەخنەی زۆرم لەهەندێکەس بیستووە سەبارەت بە باری ڕامیاریی کەسایەتی سەعید قەزاز، لەوانە... پەیوەندیی سەعید قەزاز لە هەرتی لاوییەوە بە دەزگاکانی زانیارگری بەریتانی... سەعید قەزاز یەکێک بووە لەوانەی لەعیراقدا داگیکەرانی بەریتانی پێیانگەیاندووە بۆ بەربەرەکانێی کۆمۆنیستانو بەرەی سۆشیالیستیو بیرە نیشتمانپەروەرییەکان، تیایشیاندا هەیە تائێستا هەر تەنها بە ناوهێنانی گرژ دەبن.

پیاوێکی نەناسراو کەس نازانێت چۆن پەیدابووەو چۆنیش وا سەرکەوتو بوو بە شالیارو سەپێنرا بەسەر ئەنجومەنی نوێنەراندا!! کەسێکی دەمارگیری لەگەڵ فەرمانبەرەکانی بندەستیدا توندڕەوشتو زۆر وەشکو بەزەبر.. سەعید قەزاز نۆکەرێکی ملکەچ بوو بۆ ڕژێمی پاشایەتیو دەسەڵاتی ئینگلیزی داگیرکەر تا ئەو ڕادەیەی ژیانی خۆیی بۆ ئەوان بەخت کرد.. ئەوەو زۆریتر لەو بابەتە ڕەخنانە. بەڵام ئایا دەکرێت ئێمە لەو باوەڕەدا بین یان کەسانیتر باوەڕ بەوە بکەن کە ڕاستە سەعید قەزاز لەوجۆرە پیاوەی دەزگاکانی زانیارگری ئینگلیز بووە؟ وا پەنجاوپێنج ساڵ تێپەڕی بۆ تائێستا ئەو نهێنییە دەرناکەوێت؟ ئەگەر ئەویش وەک کەسانیتر وایزانیبێت کۆمۆنیستی وڵاتەکەی تێکدەدات، دەشێ ئەوجۆرە کەسە ئەوبۆچوونەیان لەکوێوە هێنابێت؟ کێ بووە زاخدەری مێشکیان بەو بێری دژبوونە بە کۆمۆنیستان؟ ئەی ئەو باوەڕە چۆن لەلای سەعید قەزاز دروستبوو؟ پاش گشت ئەو ماوە دورودرێژە لە کۆچکردنی ئەو پیاوە نەمتوانیوە بگەم بە وەڵامی ئەو پرسانە. بەڵام ئایا بۆ مرۆڤ هەیە هەرچۆنی بوێت وا بیربکاتەوە، یان ئەوەتا هەزارەی سێهەمی ساڵ دەربازدەبن هێشتا ڕێز لە هزرو بۆچوونی بەرانبەر ناگیرێت؟!

ئەو پیاوێکی پێداگرو کارامە بووەو کاروپیشەکەی لا پیرۆزبووە. گشت ئەوانە بە خاڵی ئەرێنین دەژمێردرێن لە سوودی ئەو.

ئەو ناوبانگی بەوە دەرکردبوو کە گیرە لەسەر ئەو بڕیارانەی بە گونجاوی زانیون بۆ بەرژەوەندیی گشتی. هەرگیز پلەوپایە لای ئەو گرنگ نەبووە. پێشنیاری دەستکێشانەوەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەندەرەکانی عیراق

باشترین نمونەیە کە لەبەر سووربوونی شالیار عەبدولوەهاب مەرجان لەسەر دانانی ئیبراهیم ڕازی وەک کۆنترۆڵکاری باڵا لە بەشی ئابوری بەڕێوەبەرایەتی بەندەرەکان، بەڵام بەهۆی نەشارەزایی ئەو کەسەوە لە کاروباری گرنگترین بەشی بەندەرەکان ئەوی پەسەند نەکرد. هەروەها لێبوردن خاوستنی لە بەشداری کابینەکەی فازل ئەلجەمالی کە ١٧/ ٩/ ١٩٥٣ پێکهات تائەوکاتەی ناوبژیکار قایلیان کرد بمێنێتەوە.

لێرەدا پرسێک خۆی دەسەپێنێت، دەشێ هۆی مانەوەی سەعید قەزاز چی بووبێت لە شالیارگەی ناوخۆ لەگەڵ گشت ئەو گۆڕانەی هاتوون بەسەر کابینەکانو سەرۆک شالیاراندا؟ ئەو بەشداربوو لە کابینەی جەمالیی یەکی ساڵی ١٩٥٣، دووهەمی ١٩٥٤و شالیاری ناوخۆ لە کابینەی ئەلعومەری ساڵی ١٩٥٤و کابینە شالیاری نووری سەعیدی دوانزەهەمی هەمان ساڵو سیانزەهەمی ساڵی ١٩٥٥ و چواردەهەمی ساڵی ١٩٥٧ هەروەها کابینەکەی ئەحمەد موختار بابان کە لە ١٩/ ٥/ ١٩٥٨دا بوو تا هەڵگیرسانی شۆڕشی چواردەی تەمموز (یولیۆ) ١٩٥٨ کە لەعیراقدا کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشایەیی هێنا. گۆڕانی خێرا لە کابینەی شالیارانو خودی شالیارەکاندا ڕویدەدا بەڵام سعید قەزاز لە گشت ئەو گۆڕانکارییانە هەر وەک شالیاری ناوخۆ ماوەتەوە، بۆیە دەکرێت بۆ ئەوە بچین کە کەسێکی گونجاو بووەو ڕەوتی دەسەڵاتی ناوخۆیی ئەو سەردەمەی پاشایەتیی وردو پوختو پڕبایەخ بەڕێوەبردووە، لەبەرئەوەی دیارە کەسێک بووە جێی باوەڕی خاوەن شکۆ (پاشاو ڕاسپێردراو) لەبۆ ئەو ڕەوشو ڕەوتەی شالیارگەی ناوخۆی لەو ڕۆژانەدا سەرکەوتوانە پێبردووە بەڕێوە، هەروەها یەکێک بووە لەو شالیارە چاپوکانەی چاوی بەسەر کارەکانیەوە بووە، چونکە کەسێکی وریاو گیرو بە کۆشش بوو.

لەگشت ئەوانە گرنگتر ئەویە هەستی بۆ هیچیەک لە بزوتنەوە ڕامیارییە نیشتمانپەروەرەکانی دژ بەدەسەڵاتی پاشایەتی عیراق نەبزواوە، ناوبانگی بەوە دەرکردبو کە دژە بە بزوتنەوەی کۆمۆنیستیو لەڕادەبەدەر دڵسۆزبوو بۆ بنەماڵەی پاشایی لەعیراق.

گشت ئەوانە هۆی کاریگەر بوون بۆئەوەی سەعید قەزاز ببێتە ئامرازی هاوبەش لەگشت ئەو کابینەی پێکهاتوون، هەر لەوکاتەوەی بوو بە شالیار لە "کاروباری کۆمەڵایەتی" ٢١/ ١٢/ ١٩٥٢و شالیارگەی ناوخۆ لە ١٧/ ٩/





١٩٥٣ تاهەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز (یولیۆ) ١٩٥٨ زۆرجار بە ئاشکرا ئەوەی دەربڕیوە کە قایل بووە بە هەڵوێستەکانی نووری سەعید بەڵام ڕەخنەی هەبوو لەهەڵوێستی عەبدولئیلای ڕاسپێردراو، هەروەها پەیوەست بووە بە یەکپارچەیی عیراقو هاوبەشبوونی کوردو عەرەب لەم نیشتمانە.

ئەو شارەزاییە بەرزەی بوویەتی لە بواری کارگێڕیی پیشەییدا زایدەی هۆشو کارامەیی کەسایەتیی خۆی بوو، هەروەها ژیرو خاوەن توانای ڕاستەوخۆ دەربڕینو لەنێو هەر کۆمەڵێکدا کاریکردبێت لەباری پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا زیرەک بوو. مەرج بۆ پەیوەستبوونی لەگەڵ کەسایەتییەکان ئەوە بووە لانیکەم هاوبیر بێت لەگەڵی سەبارەت بە بارە گشتییەکانی کۆمەڵ. گرنگترینیان پاراستنی سیستەمی پاشایەتیو بەرژەوەندی عیراق بەپێی ئەو چەمکانەی ناومانهێنا.

نازانین ئەگەر خودی سەعید قەزاز یان خێزانەکەی لەسلێمانی هیچیان لەپاش مابێت یان تەنانەت لەگشت ئەو شوێنانەی عیراق کە کاری تێدا کردوون. لەو بەڵگەنامەیە بەولاوە بەدەست ئێمەوە نیە کە مێژونووس حەننا بەتاتو لە پەرتووکی "العراق" پەرتووکی یەکمدا لیستێکی تایبەتی تێدا داناوە لە خاوەندارێتی تەواوی زوویوزارەکانی بە ناوی گشت سەرەک شالیارو شالیارانی سەردەمی پاشایەتی تۆمارکراوە، تاکە ناو لەولیستەدا نەبێت ناوی سەعید قەزازە[89].

وەک هیچ خانوبەرە یان مەنەیەک بەناوی ئەوەوە نییە مرۆڤ ناتوانێت بڵێت ئەو لەپاش مردنی شتێکی بۆ خێزانەکەی جێهێشت یان بوەی تر بەناوی خۆی یان خێزانەکەیەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو هیچ گوێی نەداوەتە ئەوەی تەنانەت لەو موچەیەی وەریدەگرت شتێک پاشەکەوت بکات، بەتایبەتی گشت ئەو ساڵە زۆرەی لە پلەوپایەی بەرزدا بوو دەیتوانی لە خەرجی ئەو خێزانە بچووکە هەرنەبێت کەمەکێک پاشەکەوت بکات، یانیش لەڕێی گەندەڵییەوە کەهەرگیز نەیگرتوەتە بەر.

مێژونوسی عیراقی مامۆستا میر بەسری دەڵێت سەعید قەزاز زۆر بێفیزو

---

89 ـ لەنامەیەکدا مامۆستای مێژونوس میر بەسری ڕۆژی ٢١/ ٥/ ٢٠٠٠ ناردویەتی بۆ نووسەر.

نمونەی پاقژی بوو، ئەوکاتەی شالیاری ناوخۆبوو دەهات بۆ فرۆشگای ئۆتۆمبیلی شۆڤرلێت "کۆمپانیای لاویی هاوبەش" ئەوکات من "واتە مامۆستا میر بەسری" لەوێ بەڕێوەبەر بووم، کە دەهات گەورەو بچوکی دەدوانو گوێی دەگری لە ڕەخنەو پێشنیاری گشت. ئەو شتەخۆشانەی لە یادمناچن گوتی کە هەفتەنامەی "الحارس" هۆنراوەیەکی ویژدانیی منی بڵاوکردەوە، سەرنووسەری هەفتەنامەیەکی بێناوبانگ وتارێکی بە گوێرەی دیدو بۆچوونی خۆی لەسەری بڵاودەکاتەوە گوایە ئەو هۆنراوەیە پێداهەڵدانە بە دەوڵەتی ئیسرائیل، من بە تەلەفۆن سەعید قەزازم لێ ئاگاداركردو ڕۆژنامەکەیشم برد بۆ شالیارگەی ناوخۆ، ئەوکات بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی گشتی سەر بەو شالیارگەیە بوو، کە خوێندیەوە گوتی: سەیرە..! و ڕۆژنامەکەی گلدایەوە بێلەوەی هیچ بڵێت. پاش ماوەیەک یەکێک لەو هاوڕێیانەم کە لە بواری ڕاگەیاندندا کاری دەکرد جارجارە دەهات بۆلام، گوتی: ڕێزی تۆ لای شالیاری ناوخۆ زۆرە!! وەک بەمن گەیشتووە ڕۆژنامەی .... وتارێکی لەسەر تۆ نوسیەوە لەبەرئەوە شالیار بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندنو ئەو ڕۆژنامەنوسەی بانگ کردوەو بە ڕۆژنامەوانەکەی گوتووە: ئەوکاتەی هەزاران کەسی جوو باریانکردو چوون بۆ ئیسرائیل، ئەگەر منیر بەسریش بیویستایە بچێت بۆ ئیسرائیل یان هەروڵاتێکی تری جیهان، لەوێیش بەهەمان ڕادەی ئێرە یان پتر ڕێزی لێ دەگیرا، بەڵام ئەو ویستویەتی لەووڵاتەدا بژی کە خۆشی دەوێت. ئەوجا هەڕەشە لە هەردوو پیاو دەکات بەوەی نەکەن خۆ لە ئۆقرەی کەس بدەن یان بە پێچەوانەی مەبەستەوە لێدوانیان بۆ لێکدەنەوە، ئەوجا بە بەرێوەبەری ڕاگەیاندنی گشتیشی گوتووە: ئەگەر ئەوخاوەن ڕۆژنامەیە جارێکیتر لەوجۆرە کارە دووپاتکاتەوە ڕاپۆرتێکم بۆ بنوسە تا ڕۆژنامەکەی داخەم.

هەروەها مامۆستا مونیر بەسری لە کورتەیەکی بیرەوەرییەکانی خۆیدا لەسەر سەعید قەزاز دەڵێت: پێش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ سەعید قەزاز ئۆتۆمبیلێکی شۆڤرولێتو بەفرگرێکی لای ئێمە کڕی، بەو بەڵێنەی تێچوەکەی بەشکات بەوامی مانگانە بیداتەوە، هەر لای ئێمەیشەوە تەلەفۆنی کرد بۆ بەرێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆ تا ئۆتۆمبیلەکەی بۆ تۆمارکات، لەوڵامدا بەڕێوەبەر پێیدەڵێت لای ئێمە هەندێک ژمارەی تایبەتی بچوک هەیە لاماندا‌وە بۆ شالیارو پیاوانی دەسەڵات، سەعید قەزاز پێیدەڵێت؛ ژمارەی تۆمارکراوی





ئاسایی گەیشتوەتە چەن؟ ئەوەی لەیادم بێت پێیگوت پەنجا هەزارو هەندە...ی بەغداد، سەعید قەزاز پێیگوت یەکهەمین ژمارەی پاش ئەو ژمارەیەم بۆ دانی.

لەپاش شۆڕشی ١٤یتەمووزی ١٩٥٨ کە ئەو گیرا، ژنەکەی هاتەلامان گوتی ئۆتۆمبیلەکەو بەفرگرەکەم لێ وەرگرنەوە چونکە نیمە بەشە مانگانەی پارەکەیم نییە بیدەمەوە. ئەوەبوو بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیا "محەمەد کامل ئەلخزێری" پێیگوت: ئێمە گشت ئەوبەشەی لەسەر مێردەکەت مابوو کوژاندوومانەتەوەو ئەوە کەمترین پاداشتە توانیومانە بیکەین بەرانبەر بە گشت ئەوبەهرانەی مێردەکەت بەخشیویەتی بەم وڵاتە، ئۆتۆمبیلەکەو بەفرگرەکەیش هیخۆتەو هیچ بیر لەپارەکەی مەکەرەوە.

هەروەها مامۆستا مونیر بەسری لە پەرتووکی (أعلام الكرد) واتە "ناودارانی کورد" لاپەڕە ٢٤٢دا سەبارەت بە ڕەوشتی سەعید قەزاز نووسیویەتی دەڵێت: بەوجۆرە سەرکەوتنەی بۆسەر سەکۆی سێدارە بێترسو دڵەڕاوکێ ئەو وەتەیەی هۆنەر "ئەبیلحەسەن ئەلئەنباری"ی سەلماندووە کەدەڵێت:

لەژیاندا پایەبەرز، هەروا کاتی مردن    بەڕاستی تۆ کەسێک بویت، دەرئاسا

بەڵام بۆئەوەی لەسەری نەبێتە بەڵگە، پەخشکەر ئەو دەستەواژەیەی لەچاپ لاداوە بێلەوەی من ئاگاداربیم[90].

ئەوەی مێژوونوس مونیر بەسری دەیڵێت؛ ئەوەی دەڵێن سەعید قەزاز کەسایەتییەکی هەڵپەکارو بەویژدان بووەو مافی هاووڵاتییانی عیراقیی پاراستووە لە دەستدرێژیو شێواندن، پێویستە بەلایەنی ئەرێنیی بژمێردرێت بۆی. هەروەها دەڵێت؛ ئەگەرچی ئەو شالیاری ناوخۆبوو لەتۆمارکردنی ئۆتۆمبیلەکەیدا گوتویەتی ژمارەیەکی پاش دوایین ژمارەی تۆمارکراوی بۆ تۆمارکەن، ئەوە دەگەێنێت کە کەسێک نەبووە خۆی باڵاتر بنوێنێت لە سەرووی کەسانی ئاساییەوە. ئەرێ ئەوە کارێکی نامۆ نییە لەم سەردەمە ئاڵۆزەی ئەمڕۆدا کە چینی شالیارو سەرکردەکان جۆرەها بەهرەو تایبەتمەندی

90 ـ فەیسەڵ حەسوون/ وتاری بڵاوکراوە لەڕۆژنامەی "الشرق األوسط" لە ١٣/ ١٩٩١/٢ لەژێر ناونیشانی "أحداث سياسية وحكايات صحفية ـ شهادات في هوامش التأريخ."

بۆ خۆیان بەماف دەزانن‌و هەردەبێت ژیانیان جیاوزبێت لە ژیانی گشت کەسانیترو لە فەرهەنگی ئەواندا واتای ملکەچی‌و یەکسانی هەرنییە.

ڕۆژێکیان لە کادیرێکی ئەوسەردەمەی پارتی کۆمۆنیستم پرسی کە سەعید قەزاز تێیدا شالیاری ناوخۆ بوو، بەڵام پاشان دەستی لەکاری ڕامیاری کێشایەوە، گوتم؛ لەو سەردەمەدا هەڵوێستی پارتەکەتان چێبوو بەرانبەر بە سەعید قەزاز، گوتی؛ لەبەرئەوەی سەعید قەزاز پرسۆز بوو بۆ دازگا داپڵۆسێنەرەکانی دژ بە ڕێکخراوە نیشتمانپەروەرەکانی عیراق‌و هیچکات نەرمی نەنواندووە بەرانبەریان، هەروەها سۆزی بۆ هیچیەک لە ڕیکخراوە نیشتمانپەروەرەکانی عیراقی پێش شۆڕش نە بوو. ئەو لە خودی پاشا پاشاتر بوو بۆیە پارتە نیشتمانپەروەرەکان خۆشیان نەویستووەو هیچ سۆزیان بۆ ئەو نەبوو، بەڵام زۆرسەخت بەرپەرچی ئەو بۆچوونانەی دایەوە کە پارتی کۆمۆنیست لەپشت هەڵمەتو پێشنیاری لەسێدارەدانی بوبێت، نەتەنها کۆمونیستانی پێش‌و پاش شۆڕشی چواردەی تەمووز بەڵکوو هیچکەس لەنێو جەماوەردا ئەویان خۆشنەویستووە. هەروەها ناوبانگی بەهەجەت ئەلعەتییە وەک سەرۆکی مەزنترین دەزگای داپڵۆسێنەر لەعیراق بڵاوبووەوە. پارتی کۆمۆنیست قەزازی بە بەرپرس زانیوە لە کوشتارەکەی بەندیخانەی کووتو سەرکوتکردنی بزوتنەوەکەی حەی، چونکە ئەو دەستی باڵاو کارای بووە لەو ڕووداوەکانەدا.

سەعید قەزاز لەگشت بڕیارەفەرمییەکانی پاشایەتی‌و پێکهاتەی کابینەی شالیاریاران هەر بەو ناسناوە تۆمارکراوەو کە لەنێو کۆمەڵیشدا ئەو ناوەی بوو. مایەی سەرنج ئەوەیە کە لە دۆسێکانی دەزگای لێکۆڵینەوەی تایبەت بە شالیارگەی بەرگریی ساڵی ١٩٥٨یشدا بەهەمان ناو تۆمارکراوە، ئەوە لەکاتێکدا دەبوو ئەوان ناوی سیانی تاوانبار بەکارهێنن بۆ دۆسێی لێکۆڵینەوە. هەروەها فەرمانی ئاراستەکردنەکەی لەلایەن سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکانەوە دەرچووەو زەعیم عەبدولکەریم قاسم واژوی لەسەرکردوە لەگەڵ هەردوو بڕیارەکانی تاوانبارکردن‌و سزا کە دادگای سپایی باڵای تایبەت (دادگای گەل) دەریکردوون هەر بە ناوەی سەعید قەزاز دەرچوون نەوەک بەناوی سیانی تاوانبار. هەروەها ئەوەی بارەکە پتر نامۆ دەرخات بڕیاری پەسنکردنی سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە بۆ لەسێدارەدان کە بەواژوی خودی "عبدولکەریم قاسم"ـەو ئاماژنامەی دەرچوو بەژمارە ١١٧ی





ڕۆژی ٢٠/ ٩/ ١٩٥٩ لەلایەن دادوەری گشتیی سپا لیوا ڕوکون ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدی کە پەیامی لەسێدارە دانەکەی سەعید قەزازی بڵاوکردەوە بەوەی لە بەندیخانەی ناوەندیی بەغدا ئەنجامدراوە، لەوەیشدا هەر بە ناسناوی (سەعید قەزاز) بوو.

سەعید قەزاز تەبابوو لەگەڵ ڕەوشی گشتیی دەرەوەو ناوەوەی دەسەڵاتی ئەو سەردەمەی پاشایەتی. لە بیروباوەڕیدا گیرو لەدەربڕیندا ڕاستگۆو بوێر بووە. بەڕاستی گشت کۆششو تواناو پلەوپایەی کارەکەی بەکارهێناوە بۆ دژایەتی بەپارتی کۆمۆنیستی عیراق، نەک لەبەرئەوەی سەر بەلایەنێکی ڕامیاریی تایبەت یان پارتێک بووبێت، بەڵکو هەر لەبەرئەوەی پێیوابووە کۆمۆنیستی جیهانی دەبێتە هۆی مەترسیّ بۆسەر وڵاتەکەی. ئەو بۆچوونە لە پەنجاکانی پاش جەنگی جیهانیی دوو بەدواوە لەنێو نەیارانی بیری کۆمۆنیستیدا شتێکی باوبووە. سەعید قەزاز نە ئەوجۆرە بیروبۆچوونەی خۆی شاردوەتەوە نە لەلای کەسیش هۆی ئەو سووربونەی لەسەر ئەوهەڵوێستە گێراوەتەوە، بەڵکو هەر پێداگربووە لێی‌و لە داکۆکینامەکەیشیدا لەبەردەم دادگای گەل گوتی شانازی بەوبیرەوە دەکەم. ئایا گشت ئەوانە خووی ڕاستەقینەی کەسایەتی سەعید قەزازمان بۆ دەردەخات کە هەرگیز لەدژی سیستەمی پاشایەتی نەدواوە؟ یان دژ بەئەنجومەنەکانی نوێنەران‌و یاساکانی ئەوان؟ یان ئەوەی هەردەم خۆی دەدزییەوە لەپرسیارەکانی سەرۆکی دادگا کە لەگۆشەی تەسکدا بەگیری دەهێنا تا ناچاریکات ڕەخنە لەیاسای لێکێشانەوەی ڕەگەزنامە بگرێت؟ لەوێدا سەعید قەزاز پاساوی بۆ دەستوری بوونی ئەو یاسایە دەهێنایەوە بەوەی شالیارگەی داد ئامادەی کردوون‌و دیوانی تۆمارگەی یاسایی پێیانداچوەتەوە ئەوجا نێردراوە بۆ ئەنجومەنەکانی نوێنەران‌و پیران پاشان بە فەرمانێکی شاهانە دەرچووە تا ببێتە ڕەوشێکی یاسایی‌و دەبوو گشتکەس پێی ملکەچبێت.

لەگەڵئەوەی زۆرکەس ئەوە دەیزانیت کە شالیاری ناوخۆ وەک دەسەڵاتی ئەنجامدەر یاساکانی سەرڕاستانە بەکارهێناوە، بەڵام دادگاییکردنی قەزاز لەوشێوەیە دەچێت کە ئەو نەخشەکێشی ئەو یاسایە بووە.

لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا سەرڕاستو پەیوەندییە مرۆڤانەییەکانیشی هەر پاراستووە، مێژوونوسی ڕەونشاد "سەعید دیوەچی"و ڕێزدار ئەکرەم

ئەلسەففار دەیگێڕنەوە کە ڕۆژنامەنوس عەبدولباست یونس گوتوویەتی؛ لەوڕۆژەوەی سەعید قەزاز وەک موتەسەریف گەیشتە مووسڵ تا ئەوڕۆژەی گیراو سزای سێدارەی لەسەر ئەنجامدرا پەیوەندیم لەگەڵی مابوو. هەروەها کۆمەڵێک لە مەزنساڵانی شاری مووسڵ ئەو ڕاستییەیان بۆ گێڕامەوە کە تا ئەوکاتەی لەپاش شۆڕشدا دەستگیر دەکرێت لە گیرفانی خۆیەوە یارمەتی ناردووە بۆ هەندێک خێزانی بێدەرامەتو هەر بەسەری کردوونەتەوە بێلەوەی ناوی هێچیان ئاشکراکات، چگە لەوەی ڕاستەوخۆ بەهۆی پیشەکەیەوە وەک موتەسەرف یارمەتی زۆرکەسی بێدەرەتانی داوە یان بۆ ئەوبارە ئاراستەی دەزگا تایبەتەکانی کردوون.

لە بەرانبەر لایەنە ئەرێنییە باڵاکانیدا بێگومان لایەنی نەرێنیش بووە، بەڵام گەر بمانەوێ لەڕێڕەوو ڕەوتی ژیانییەوە قووڵ بچینە نێو ناخی ئەو پیاوە، خۆ لە وێستگەگەلێکدا دەبینیتەوە پڕ لەڕێزو شایستەیی. کاتێکیش لە بیروبۆچوونو کارامەیی ئەو بڕوانین لەگەڵ خۆبەخشیی بۆ پیشەکەی، لەگەڵ ئەوەیدا لە سەنگەرو ڕیزی نەیاردا بوو بەو بزووتنەوە ڕامیاریانەی دژبوون بە دەسەڵاتی پاشایەتی، لەنێو ناخی ئەودا جۆرێک لە بەربەرەکانێ دەبینین لەنێوان ڕەگەزەکانی چاکەو خراپە، بەڵام ئەوەی زاڵبوو بەسەر کەسایەتیو هەڵوێستی ئەودا بەزۆری ڕەگەزو لایەنی چاکە بووە.

دەبێ چی پاڵی بە سەعید قەزازەوە نابێت پەیوەندی بتەوی هەبێت لەگەڵ کەسانێکی خاوەن بیری ڕامیاری دژ بەدەسەڵاتی پاشایەتی، یان ئەوانەی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا کاریان دەکرد، بۆنموونە کەسانی وەک عەبدولباست یونس ڕەجەبی خاوەن ڕۆژنامەی "المثال"ی مووسڵیو یەحیا قاسمی خاوەن ڕۆژنامەی "الشعب" ؟

گومانمان لەوەدا نییە کە لە پەیوەندی مرۆڤانەیی خۆیدا گوێینەدابێتە بیروبۆچوونی کەسانی بەرانبەر، واتە مەرجی پێویست لەلای ئەو بۆ ئەو پەیوەندییە مرۆڤانەییانە هەر بنەمای خۆیی بووە نەک بەگوێرەی ئەو بارە ڕامیارییەی باوەڕی پێبوو ئەگەرچی لە باری بەرژەوەندیی وڵاتدا بەدەگمەن لەگەڵیان هاوبیر بووە.

سەعید قەزاز نەنۆکەر بووە بۆ ئینگلیز، نەڕەگەزپەرست بۆ لایەنی نەتەوەیی خۆی، مێژویش هیچ دیاردە یان هەڵوێستی ئەوتۆی لەسەر سەعید قەزاز





تۆمار نەکردووە دەریخات ئەو کۆشیبێتی عیراق لەت بکات[91] یان دووچاری ژێردەستیو سەرشۆڕیی بکات وەک ئەوەی لە سەردەمی زۆرداروو دیکتاتۆرانی عیراقدا ڕوویدا.

بەپێی پێوەرە گشتییەکان سووربوونی سەعید قەزاز لەسەر پاقژی ئەوو کارامەیی لەو شالیارگەیەی سەرتاپا دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی بەدەست خۆیەوە بوو لەچوارچێوەی ڕەوشو ڕەوتی خودی شالیارگەی دوور لە دەستێوەردانی کۆشکی پاشایەتی.

لەوکاتەوەی شالیارگەی ناوخۆ کەوتە ئەستۆی سەعید قەزاز، لە بەغداو شارەکانی تری عیراقدا مۆڵەتی بە زۆر ڕۆژنامە داوە زۆربەیان ئۆرگانی پارتە ڕامیارەکانی نەیار بوون، بۆ نمونە ڕۆژنامەکانی "الفكر الجديد، الفرات، الدەستور، البيان، اليقضة، الموطن، الأفكارو الثقافة الجديدة" و زۆریتر.

بێگومان ئەوە نیشانەی ڕێزگرتنی سەعید قەزاز بووە لە ئازادیی بیروبۆچوون کە بەری لێ نەگرتوون مەگەر "بە بۆچوونی ئەو" سنووریان بەزانبێت.

مێژونووس دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە

91 ـ ئەوەی لە بەدواچوونمدا بۆ وەدەستهێنانی زانیاری پتر لەسەر ڕەوانشاد سەعید قەزاز پێیگەیشتووم (وەک لەپێشەکی وەرگێڕو پەراوێزو پاشکۆی ئەم پەرتووکە دەیبینن)، بەڵێ هیچ دیاردەیەک نییە بۆ بیری تێکشکانی ئەو سنوورە جوگرافییەی عیراق کە لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی پێشوودا نەخشەی کێشرا، بەڵام ئەو پیاوە زۆر پێداگربووە لەسەر پاراستنی سنووری دەڤەرە کوردییەکەی نێو ئەو سنوورە. وەک لە سەردەمی عوسمانیدا زۆر ناوچەی لێ کراون بە تورکمان نیشین، بەتایبەتی درێژایی هێڵە جوداکەرەوەکەی عیراقی عارەبی لەگەڵ دەڤەری کوردستان (واتە هێڵی تەلەعفەر تا خانەقیو مەنەلی). وەک نزیکەی دە ساڵ پاش دامەزرانی دەوڵەتی عیراق دەسەڵاتی بەغدا چەند خێلی عەرەبی لە دەوارنیشینەکانی بیابان لە حەویجەو دەوروبەری نیشتەجێ کرد، لە بەرانبەردا ڕەوانشاد سەعید قەزاز ئەوکاتەی بووە بە موتەسەریفی کەرکووک هەر کۆشیویەتی ڕێژەی کوردی تێدا بەرزکاتەوە لەبەر لەدەستنەدانی پێناسە کوردییەکەی، پاشانیش کە بوو بە شالیاری ناوخۆی عیراق، (بەپێی ئەوەی ڕێزدار سەربەست قەززازی ژنبرای گێڕایەوە) بە هەمان مەبەست کۆشیویەتی خێڵی کورد لە حەویجە جێگیرکات جونکە گوتبووی وانەکەین کەرکووکمان لەدەست دەچێت. بڕوانە پەراوێزەکانی ٣ و٤ و ٥ (وەرگێڕ)

بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتی ئەو پیاوە لەگەڵ ڕۆڵو ئەو هەڵوێستانەی دڵخواز ئەنجامی داون پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە پەروەردەی کام بنەماڵە بووەو لە چدۆخێکدا گەورە بووە. ئەو مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ، پیاوچاک، زمانپاک، لەڕادەبەدەر بوێر، یەکجار زۆر حەز بە ژیاری ڕۆژئاواییەو بەهاکانی ئەوێ بووە. لەوانەبەدەر ئەو تایبەتمەندییەی سەعید قەزازی پێناسرا ئەوەیە کە لەڕادەبەدەر هەستیاربوو بەرانبەر بە بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بە گشتیو لایەنەکانی چەپ بە تایبەتی.

بەڕێز فەیسەڵ حەسسون کە ڕۆژی ٢٥ی تەمووز (یۆلیو)ی ١٩٥٨ بەند کراوە دەڵێت: لە یەکەم بەرەبەیانی نێو بەندیخانەمدا لەنێو ئەوانەی لەسەر جێگاکەم کۆبونەوە بۆ پرس سەبارەت بە بارودۆخی دەرەوەو ڕووداوەکانی شۆڕش، یەکەمکەس ئەوم ناسی. گشت ئەوان سەریان لەگرتنی من سورمابوو..

ڕێزدار سەعید قەزاز کە دواشالیاری ناوخۆی پێش هەڵگیرسانی شۆڕش بوو دەسبەجێ پێیگوتم؛ سێ ڕۆژ پێش شۆڕش ویستم بە تەلەفۆن لەگەڵت بدوێم.. بەڵام دەسنەکەوتی بۆیە سێ جاریتر کۆشیم هەر بێهوودە بوو، گوتم؛ بەڵام کەس پێی نەگوتم ئێوە تەلەفۆنتان کردبێت.. گوتی: بۆ من شێتم بەوکەسەی لە نوسینگەی تۆدا وەڵامی تەلەفۆنەکەی دامەوە بڵێم من شالیاری ناوخۆم، چونکە پێشتر ناسیاویمان لەگەڵ یەک نەبو ئەوکات دەبومەهۆی دڵەڕاوکێو پەژارە بۆتو مێشکت دەکەوتە شەشو بێش لەسەر ئەوەی ئایا شالیاری ناوخۆ جیی لێت دەوێت.. لەوێدا بۆمدەرکەوت سەعید قەزاز چی جۆرە پیاوێکە بەڵام ئێمە بە پیاوێکی داپڵۆسەری نێو دەسەڵاتو دوور لەوجۆرە جوامێرییە دەزانی کە پاشان لێیم بینی.

سەعید قەزاز لە درێژەی وتەکانیدا گوتی؛ کاتێک ئەو زنجیرە وتارەی منی خوێندووەتەوە کە لەسەر یەکەم سەردانی سلێمانیو دەڤەرەکانی تری باکوری عیراقم نووسیبوو، تێبینی هەبووە لەسەر ئەوانەی نزیکەی هەفتەیەک پێش ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بڵاوبوونەوەو گشت ئاواتی ئەوەبووە خودای مەزن یارمەتی بدات لە گەشتێکی تردا من لەگەڵخۆی ببات بۆ باکوری عیراق تا بە چاوی خۆم جوانی ئەو شوێنانەی نیشتمان ببینم کە جاری پێش پێیان نەگەیشتووم، تا بەدرێژی لەسەر خۆشیەکانی ئەویو لەمەڕ دانیشتوانو





کێشەکانی بنوسم.

بەگوێی خۆم بیستمو بەچاو بینیم چۆن بەسەر پیاوانی کاگێڕیو ئاسایشی سەر بە شالیارگەکەی خۆیدا دەگەڕا لەوانەی لەگەڵی گیرابون تاکو کۆ پێیدەگوتن؛ هەرکات لیژنەو دەزگاکانی لێکۆڵینەوە پرسیاریان لەبارەی کارو پیشەکانیان لێکرێت بێ دوودڵی بەرپرسیارەتی بخەنە ئەستۆی شالیارەکەیان "شالیاری ناوخۆ" وەک ئەوەی بڵێن هەرچییانکردووە بە فەرمانی سەعید قەزاز بووەو ئەوان هەر ئەنجامدەری فەرمان بوون. چارێکیتر گوێم لێبوو دەیگوت: من شالیاربووم نەوەک بووکەسەماکەرە.. بۆیە ئامادەم بەرپرسیارەتییەکانی شالیاری بگرمە ئەستۆ، ئێستایش کە تواناو دەسەڵاتم لێسەندراوەتەوە ئەوە ناڵێم کە کەسانیتر دەیڵێن.. هیچ ناڵێم بە نابەدڵی ملکەچی فەرمانەکانی عەبدولئیلاو نووری سەعید بووم.. خۆ عەبدولئیلاو نووری سەعید مردوون دەتوانم ئەوە بیڵێمو گشت بەرپرسیارەتی بخەمە ئەستۆی ئەوانەی لەژیاندا نەماون.. بەڵام من ئاشکراو پڕئارەزوو دەیڵێم، وەک شالیارێک بەرپرسیارەتی ئەو کردەوانە دەگرمە ئەستۆ کە وەک شالیارو بەگوێرەی باوەڕی خۆم ئەنجامم داونو هیچ لەبەر خۆ دزینەوە لەسزا لێیان پەشیمان نابم، هەرچیش دەبێت با ببێت[92].

هەروەها ڕێزدار تۆفیق ئەلسوێدی دەڵێت؛ ڕوداوەکانی سووریا کە بە سەرکەوتن ژمێردرا بۆ هەڵوێستی فەرەنسییەکان، بە کۆششی خودی سەرۆک نەبوو بەڵکو بە هاوکاریی شالیاری ناوخۆ سەعید قەزازو عەبدولکەریی ئەلئەزری[93] بوو بێلەوەی سەرۆک ئاگادار بکەنەوە لە وردەکارییەکانو هەندێک لە بەندە بناغەییەکانی[94].

هەروەها بەڕێز فەیسەڵ حەسسون لە کۆتایی یادەوەرنامەی ڕۆژنامەکەیدا دەڵێت؛ لە بەهجەت ئەلعەتییەی پرسیوە ئەگەر هیچ لەبارەی بزوتنەوەکەی ئەفسەرانی ئازادی زانیبێت، ئەو دانی بەوەداناوە کە زۆریان سەبارەت بەوان زانیوەو جموجۆڵیانی خستبوە ژێر چاودێری بەڵام جار لەدوای جار ئاگادارییان لە عەبدولئیلاوە بۆ دەهات کە نەکەن دەست لەکاری لەشکر

92 ـ تۆییق ئەلسوێدی/ مذكراتي لنصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية / دەزگای چاپو پەخشی "الحكمة" / چاپی دوو/ لاپەڕە ٥٣٣.

93 ـ ـ ئەوکات شالیاری دارایی بوو (وەرگێر)

94 ـ ـ تۆییق ئەلسوێدی/ هەمان سەرچاوە

وەردەن بەڵکو پێویستە دەزگای ئاسایش دووربێت لەوانەی لە سنووری دەسەڵاتی ئەودا ڕوو دەدات، بۆیە ناچاربووە لەدوا مانگانی پێش هەڵگیرسانی شۆڕشدا تەنها بۆ سەعید قەزازی ڕوون بکاتەوە چونکە نەیویستوە بەرپرسیارەتی ئەو بێدەنگییە لە ئەستۆی ئەودا بمێنێت.. هەرچی سەعید قەزاز بوو خۆشی بە هەڵوێستەکانی عەبدولئیلا نەهاتووەو زۆریش ڕقی لێبووە، دیارە ئەویش هەمان هەستی بەرانبەر بووە...

ئەوکاتەی سەعید قەزاز لە کابینەی سەعیدی دوانزەهەمدا کرایەوە بەشالیار، دەسەڵات فەرمانێکی پاشکۆی دەکرد بۆ فەرمانی لێکشانەوەی ڕەگەزنامە لەو کەسانەی خاوەنبیری ڕووخێنەرن بە ژمارەی ١٧ی ساڵی ١٩٥٤ لەگەڵ فەرمانی چاودێریو پوختکردنەوەی سەندیکای کرێکاران ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٥٤و فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەو پارتو یانەکان ژمارە ١٩ی ساڵی ١٩٥٤و فەرمانی چاپەمەنیەکان ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٥٤ ئەوە سەرەڕای فەرمانی ڕووداوە ناکاوییەکانی ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٥٦ کە لەکاتی کابینەی سەعیدیی سیانزەهەمدا دەرچوون.

هەمانکات گشت ئەو ڕووداوانە لەگەڵیەک ئاوێتەکەینو وردەکارییەکانی تاکتاکە لەیەکدەینەوە.. دەبینین ئەو کەسێک بووە وشکو گیر، ناوبانگی بەوە دەرکردووە کە کەسایەتییەکی بەهێزە پڕ بەو کورسیەیەی شالیارگە تا ئەوڕادەیەی باوەڕ کە هەر بۆ شالیارگەی ناوخۆ ئافرێنرابێت. پڕباوەڕ بوو بەوەی سیستەمی پاشایانە گونجاوترینە بۆعیراق بۆیە دەبوو بەوپەڕی تواناوە بەرەنگاری ئەوانەبێت کە خاوەنبیری پێچەوانەبوون بۆیە ئەو درزە گەورەو دووڕێیانییە لەنێوان ئەوو هێزە ڕامیارییە نیشتمانپەروەرەکانی دژبوون بەدەسەڵاتی پاشایەتی عیراق پەیدابووە.

وەک ئەو خاوەن خێزانێکی بچووکی پێکهاتوبوو لە ژنێک کە هیچ ڕۆڵی کۆمەڵایەتی گرنگی لەئەستۆ نەبووە جگە لەوەی لەنێو ماڵی سەعید قەزادا وەک گشت دایکانی تری هاوکاتی خۆی سۆزو ڕێز دەردەبڕێت بۆ سەعید قەزازو کەسانو خزمو خێش لەگەڵ ئەو کچە تاقانەیەی سەعید قەزاز کە هەرئەوی بوو.

ئەوخێزانە بچوکە تاڕادەیەک خۆشگوزەران نەبوو، چونکە پلەوپایەی خودانی خێزان کە شالیاری درێخایان بوو لەناوخۆ، سودی ئەوتۆی پێنەگەیاندبوون





توانای گەشتێکی دەرەوەی عیراقیان ببێتو لەوکاتەی شالیار بوو لە بغدا یان کە لەشارەکانی تری عیراقدا موتەسەریف یا فەرمانبەری کارگێری بوو لەکەس نەبیستراوە ژنو کیژەکەی سەعید قەزازی بەشێوەیەکی سەرنجکێش بینیبێت. جێی سەرسوڕمان ئەوەیە کە ئەو خێزانە نەیتوانیوە ببنە خاوەن خانویەکی ئەوتۆ گوجاو لەگەڵ پلەوپایەی شالیارێک، بەڵکوو ئەو شالیارە هەر کرێچی بووە لەو خانووە کۆنەی میریدا کە پاش شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ بەپێی یاسا لێی دەرکرانو خێزانەکی خانویەکی ئاسایی سەربەخۆیان بەکرێ گرت.

خۆ موچەی مانگانەی شالیارێکی ئەوسەردەمەی پاشایەتی بەشی ئەوەی کردووە خانویەک بکرێت یان یەکێکی نوێ دروستکات، بەڵام ئایا سەعید قەزاز هیچی جێهێشت؟ دەبێت ئەو بێوەژنەی چەندە کڵۆڵ بێت کە پاش تەمەنی پەنجا ساڵی بێمێرد مایەوە تەنها لەگەڵ ئەو کیژە تاقانەیەی بژی کە شووی بە دوکتۆرێکی پسپۆڕی هەناو کردبوو بەناوی "کەمال عەبدوڵڵا ناجی" پاشان بوو بە ڕازگری کۆلیجی پزیشکی لەزانکۆی سلێمانی، ئەویش ساڵی ١٩٧٧ گیانی سپارد، ئێستا کیژەکەی سەعید قەزازو منداڵەکانی لە لەندەن دەژینو ساڵی ١٩٨٤ خاتو "زەکیە تۆفیق قەزاز"ی هاوسەری سەعید قەزازیش لەعیراق کۆچی دوایی کرد.

زۆر لەوانەی بینیومن سووربون لەسەر ئەوەی سەعید قەزاز هەرگیز خۆی دانەماڵیوە لە بەهاو ڕەوشە کوردێنیە ڕەسەنەکەی خۆی، ئەو نەرم بوو بێترسو وشک بوو بێ ستەم.

هیچکات سەعید قەزاز گۆشەگیر نەبووە یان گرێییەک لەمێشکیدا بوبێت، بەڵکو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی پێچەوانەی ئەوە دەنوێنن، واتە کەسێکی حەز بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیو شۆخی بووەو هەمیشە پێیخۆشبوە هاوڕێکانی کۆکاتەوە تا شەویان لەگەڵدا بەرێتەسەر. لەباری ڕۆشنبیریشدا گاڵتەی پێنەکراوە چونکە هەمیشە خوێنەر بووەو ئاگاداری لەبارەی زانست، کولتوور، ڕامیاری، ڕاگەیاندنەکانو بەشێوەیەکی گشتی وێژەو بارەکانی تری ڕۆشنبیری بووە. ڕەوانشاد عەبدولباست یونس کە ئەوماوەیەی لەمووسڵ هاوڕێتی کردووە دەڵێت؛ سەعید قەزاز شەوانە دانیشتنی بۆ خۆشدەکردینو تادرەنگانێک لەگەڵمان دەمایەوە، سەرلەبەیانی ڕۆژی دواییش وەک ئاسایی

چووەتەوە بۆ سەر کارەکەی.

سەعید قەزاز وەک ڕەگەزێکی دیارو کارا خۆی خنیوەتە نێو مێژووی عیراق، نەوەک بەهۆی ناوبانگی خێڵی قەزازەوە یان باری نەتەوەیی ئەو خۆ سەپاندنەی بۆ ڕەخساندبێت، یانیش جۆرێک لە پەیوەندیی خزمایەتی بووبێت لەگەڵ بنەماڵەی پاشاکانی عیراق، بەڵکو ڕۆشنبیریی ئەو بەڕوونی لەوەی ڕاستە یان نا بە ئاشکرا دەربڕینی دژایەتی بە بزووتنەوە نیشتمان پەروەرییەکانو دڵسۆزیی ئارادەی خۆبەختکردن بۆ سیستەمی پاشایەتی عیراق بەتایبەتو بۆ کارەکەی بەشێوەی گشتی بۆی بوونەتە بنەمایەک لەسەری بوەستێتو پێی بگاتە ئامانج. هەر ئەوەیش وایکردووە سەرۆک شالیارەکان لە ساڵی ١٩٥٣وە تا ١٩٥٨ کە شۆڕشی تەمووزی تێدا هەڵگیرساو کۆتایی هێنا بە دەسەڵاتی ئەوان، بیریان لەوە نەکردووەتەوە کەسیتر لەبری ئەو دانێن بۆ شالیارگەی ناوخۆ.

ناوی سەعید قەزاز بەوە درەوشایەوە کە هێزوتواناکانی لە بەڕێوەبەرایەتی نوسینگەی کارگێڕیدا بۆ دەسەڵات سەلماندووە. لە بەڕێوەبەرایەتی شارەدێوە تا بەڕێوەبەری نووسینگەی موتەسەرفیەتو پاشان بوون بە قایمقامو موتەسەریف. ئەوکاتە پتر دەرکەوت کە گیریی نوان بەرانبەر بە شالیاری گەیاندنەکانو کار ڕێزدار عەبدولوەهاب مەرجانو ڕەوانەکردنی بروسکەی دەستکێشانەوە لە کاری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەندەرەکانی عیراق. هەروەها کە پۆستی شالیارگەی ناوخۆی وەرگرت بەگوێرە ڕەوتو دیدی دەسەڵاتی ئەو سەردەمەو بەڕێوەی دەبردو تێیدا سەرکەوتوو بوو.

بەڵام ئەوکاتەی وەک تاوانبارێک لەبەردەم دادگای سپایی باڵای تایبەت (محكمة الشعب)دا وەستا، سەعید قەزاز پتر بەناوبانگ بوو. ئەوەی شێوازی هەڵوێستی ئەوی جیاکردەوە لەگەڵ سەرانی تری سەردەمی پاشایەتی ئەوەیە کە هەڵوێستی ئەوانیتر لەنێوان مامناوەندو داماویدا بوون، بەڵام هەڵوێستی سەعید قەزاز ئازاو بوێرو پڕباوەڕ بەخۆ بەرگریی نەتەنها لەخۆ بەڵکو لەکەسانی تریش دەکرد.

بەڵام ئێمە دەخوازین لەئاستی یەکێک لەو وێستگە گرنگانەی ژیانی سەعید قەزاز بوەستین، ئەویش پێداگریی ئەوە لەسەر گرتنەئەستۆی گشت ئەو ڕوداوانەی لێپرسینەوەیان لەسەر دەکرا هەر ئەو کۆشیویەتی هەڵەو تاوانی





کەسانی تریش لەسەرخۆیدا کۆکاتەوە، ئەوە تاکە ئاستی هەڵوێست نەبووە تا بیگێڕینەوە بۆ ئاستێکی تووڕەیی یان هەژانی دەرونی یانیش لاوازیو بێهێزبوونی باری کەسێتی لە ساتێکی دیاریکراودا، بۆیە ئەو هەردەم گەڕاوە بەسەر پایاوانی بەندکراو لەکارگێڕو پیاوانی ئاسایش تا پێیان ڕاگەیێنێت دوودڵ نەبن لەوەی بەرپرسیارەتی کردەوەکانیان بخەنە ئەستۆی ئەوی شالیاری ناوخۆ. دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە پێشەکیی پەرتووکی ڕێزدار عەبدولڕەحمان ئەلبەیاتیدا دەڵێت: هیچ گومانی تێدانییە کە سەعید قەزاز لە کانزایەکی دانسقەو بێهاوتا پێکهاتبووە، مەگەر هەرخودا بۆخۆی کارێک برەخسێنێت مرۆڤ لاوازی نەنوێنێت لەبەردەم ئەو هەڵەی هەڵدەکەوێت بۆمانەوە لەژیاندا یانیش دەربازبوون لە زەبری ئەو جەربەزانەی ژیانی کۆمەڵو مرۆڤیان بەدەستە، ئەگینا چۆن ئەو توانیویەتی لەنێو ڕکەی تاوانەوە سەرەڕای گشت ئەو شەپۆلە هیستیرییەی دووچاری بووە بەوشێوە بێهاوتایە پرشکۆو بوەستێتو سەربەرز بدوێت.

بەهیچ شێوەیەک دادگاییو بڕیاری سزای مەرگ کاری نەکردوەتە سەر خۆڕاگریو شکۆی سەعید قەزاز، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە تەواوی سەربەرزییەوە گەڕاوەتەوە بۆ زیندانەکەی. ئەو ویژدانی خۆی بەوە ئاسوودە کردووە کە هەر ئەوەی لێبوەشێتەوە کە باوەڕی پێبووە، تەنانەت پاڕانەوەی هاوسەرو دایکی تاقەکچەکەیو خزمانیش کاریان تێنەکردووە. هەروەها گوێی لە ئامۆژگاریی ئەوانەیش نەگرت کە لەزینداندا لەگەڵی بوونو گشتیان پەرۆشی ئایندەی ئەوبوون.

هەروەها دوکتۆر کەمال مەزهەر بەگوێرەی بیرەوەرییەکانی ئەحمەد موختار بابانی دواسەرۆک شالیارانی سەردەمی پاشایەتی دەڵێت؛ (ئەوانەی لەنێو گرتنگەو بەردەم دادگادا خۆڕاگر مانەوە "ئەگەرچی زۆرجار لە بوارەکانی نرخاندنو هەڵسەنگاندنیشدا لەگەڵ ئەوان ناکۆک بووین" گومان لەوە ناکرێت کە باوەڕی بتەویان بووە بەخۆو بەو بیروباوەڕەی هەیانبوو). لەکۆتاییدا دوکتۆر کەمال دەڵێت، تەنها ئەوجۆرە مرۆڤەن کە ئامادە نابن تەنانەت لە ئاڵۆزترین چرکەساتەکانی ژیانیشدا چۆکدابدەن.. ئەوە ڕاستییەکە پێویستە گشتمان دانی پێدانێین بێگوێدانە گشتجۆرەکانی ناکۆکیی ڕامیاریو جیاوازیی بیروبۆچوونو سەربەلایەنی. ڕەسەنایەتی مرۆڤ پێش هەرشتێک دەگەڕێتەوە بۆ کانزاکەی.

مێژونووسی عیراقی، دوکتۆر سەیار کەوکەب ئەلجەمیل، لەمەڕ ئەو هەڵانەی لەئەستۆی عەبدولکەریم بوون، دەڵێت: (بڕیاری لەسێدارەدانی ڕەوانشاد سەعید قەزازی پەسەندکرد کە پێشان شالیاری ناوخۆبوو بێلەوەی هیچ تاوانێکی ئەنجامدابێت، بەڵکو تەنها لەسەر خواستی کۆمۆنیستەکانو لەبەر ڕاگرتنی هەستی ئەوان بوو. دانیشتوانی کەرکووک فرمێسکی زۆریان ڕشت بۆ لەسێدارەدانی سەعید قەزاز، دیارە ئەو نیشانەی سوپاسو پێزانینە لەسەر ئەو کارە چاکانەی کردوونی بۆ نیشتمان.. لەسەروی گشتیانەوە کردنەوەی نانەواخانەکانی ئیعاشە لە شارەکەیان کە لەو ساڵانەی برسێتیدا نانی هەرزانی دابینکرد بۆ هەرژانی میللەتو نەیهێشت لە وڵاتدا برسێتی تەشەنەکات.

بەکورتی.. ئەمڕۆبێت یان سبەی مێژو هەر پاداشتی کردەوەی گشت کەس، ئەرێنیبێت یان نەرێنی، وەکخۆی دەداتەوە).

لە هەڵوێستەکی تریدا لەگەڵ سوێدی ڕۆژی ١٨/ ٧/ ١٩٥٨ سەعید قەزاز لەبەردەم گوێگرانو خودایش ئاگادارە ئەوەی دوپاتکردووەتەوە کە ئەوانە (واتە ئەو کارمەندو پیاونەی ئاسایشیی سەر بەشالیارگەی ناوخۆ بوون) هیچ بەرپرس نین بەڵکوو لایکەم خۆی بەرپرسبووە لەوان، لەبەردەم دادگایشدا سووربووە لەسەر بەرپرسیارێتی خۆیو پێداگربووە لەوەی دیدەروانی داکۆکی ناوێت وەک شرۆڤە بۆ داکۆکنامەکەی کە تێیدا نکوولی کرد لەو تاوانانەی خراونەتە ئەستۆی.

ڕفعەت ئەلچادرچیی کوڕی نیشتمانپەروەرو ڕامیار، کامل ئەلچادرچی دەڵێت: پاش یەک ساڵ لە شۆڕش، ڕەشید موتڵەگ هات بۆسەردانی باوکمو ئەوی بردە لاوە، بەڵام پاش ڕۆیشتنی باوکم گشت ئەوەی بۆگێڕامەوە کە لەێوانیاندا گوتراوە، گوتی: ڕەشید داخوازییەکی قاسمی بۆ هێناوم بەوەی پێویستە هەردولامان بیروبۆچوونەکانمان لەپێناو پێشخستنی ڕەوتی شۆڕش بەرەو شێوەیەکی چاکتر لێک نزیک بکەینەوە. باوکم لەوەڵامدا پێیگوتووە؛ تازە کات بەسەرچوو چونکە عەبدولکەریم هەر بەتەنها وڵات بەڕێوەدەباتو هەرگیز ناتوانین زاڵبین بەسەر ئەو تاکڕەوییە، ڕەشید گوتویەتی؛ پێویستە چاوپۆشی لە هەندێک هەڵوێستی ئەو بکەین چونکە هەرنەبێت، وەک دەڵێن، قارەمانی شۆڕشە. لەوەڵامدا باوکم پێیدەڵێت: بەڵام قارەمانی شۆڕش عەبدولکەریم نەبوو. ڕەشید بە سەرسوڕمانەوە دەپرسێت: ئەی کێ قارەمانی شۆڕش بوو؟





باوکم دەڵێت: سەعید قەزاز!! چونکە شۆڕش لەسەعید قەزاز بەولاوە کەسی نەهێشتووەتەوە ئاگای لە پێکهاتەکەی بێت، بۆیە ئەوە قارەمانی شۆڕش. باوکم بەتەوسەوە ئاماژەی بەو هەڵوێستە بوێرانەیەی سەعید قەزاز کردووە لەکاتی دادگاییەکەی بەردەم مەهداوی[95].

هەر کە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ هەڵگیرساو ئەو خۆی ڕادەستی دەسەڵات کردو نێردرا بۆ دەزگاکانی لێکۆڵینەوەی تایبەتو دۆسێکەی ئاراستەی لێکۆڵینەوە کرا لە ٢٤/ ١/ ١٩٥٨دا ڕەوانەی دادگای لەشکری باڵای تایبەت (دادگای گەل) کراو دەسکرا بە دادگاییو دوائەنجام دەرچوونی بڕیاری تاوانبارکردنو سزادانی بوو لە ڕۆژی ٢٤/ ٢/ ١٩٥٩. بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩/ ٩/ ١٩٥٩ لە بەندیخانەی ناوەندیی بەغدا سزای لەسێدارەدانەکەی تا مەرگ ئەنجامدرا، سەعید قەزاز هیچ ورەی بەرنەداوەو هەر بەرپرسیارەتیی گرتووەتە ستۆی خۆی. نە پێشنیاری بەزەییو لێبوردنی داوە بە سەرۆکی دادگا نە بەو سەرکردەیەی وڵات کە تاکە بڕیاردەر بوو لە پەسەندکردنی ئەو سزای لەسێدارەدانەی لە دادگاوە دەرچوو ئەوە لەکاتێکدا دەیتوانێ ڕایگرێت یانیش هەر هەڵیوەشێنێتەوە، وەکئەوەی کردی بۆ ئەو سزایانەی تری دەرچون لەسەر تاخمێک لەو تاوانبارانەی کێشەکانیان لەوڕۆژەدا زۆر مەترسیدارتربوو بۆ سەر ژیانی زەعیمو ئاسایشی دەسەڵاتەکەی.

لەو قۆناغو ساتەدا کە سزای مەرگی بەسەردا سەپا، واتە لە ٢٤/ ٢/ ١٩٥٩ تا ڕۆژی لەسێدارەدانی لە ١٩/ ٩/ ١٩٥٩ دەکاتە شەش مانگو بیستو پێنج ڕۆژ. لەو ماوەیەدا سەعید قەزاز زانیویەتی ژیانی بەرەوکۆتایی دەچێتو مردنی لەبەردەمە، ئەوتۆیش هەر لەنێو زیندانی سزادراوان بەسیدارە پیاوێکی ئازاو بە هەڵوێستو خاوەن ورەی جێگیرو بەرز بووە، هیچکات ئەوەی پێوە دەرنەکەوتووە کە هەر بۆ خۆدەرخستن بێت، بەڵکو بەپێ هەمان ئەو خووە هەڵسوکەوتی کردووە کە بەدرێژایی ژیان بوویەتی.

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا خاتو پەری سەعید قەزاز ئەو وتەیەی بەڕاست ناوبرد کە ڕیزدار فوئاد عارف سەبارەت بە لەسێدارەنەدای باوکی لەگەڵ

---

95 ـ ڕفعەت ئەلچادرچی/ صورة أب/ مؤسسة األبحاث العربية / بەیروت ـ لوبنان /١٩٨٥ لاپەڕەی ٦١.

زەعیم عەبدولکەریم قاسم دواوەو قاسم ئەو بەڵێنەی پێداوە بەڵام بەڵێنەکەی نەبردەسەر.

ڕێزدار عەبدولڕەحمان ئەلبەیاتی لەزمانی بەڕێز کەمال ئەلسامەڕائییەوە دەڵێت؛ ژنەکەی سەعید قەزازو کچەکەی دواکەس بوون پێش لەسێدارەدان سەعید قەزازیان بینیبێت، بەڵام لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا خاتو پەری سەعید قەزاز گوتی؛ لەوکاتەدا خۆیو دایکیو مێردەکەی بەشێوەی کاتی لەرومادی دەژیان، کە شەوێکی درەنگ پەیامەکەیان پێدەگات دەستبەجێ لە دۆخێکی زۆر شڵەژاودا بەرێکەوتوون کە لە بەرەبەیاندا گەیشتوونەتە بەغدا دەبینن سزای لەسێدارەدانەکەی خوداڵێخۆشبووی باوکی ئەنجامدراوە، هەر تەنها ئەوەیان پێکراوە تەرمەکەی لەپزیشکی دادیاری وەرگرنو بەبێدەنگی ببەن لە گۆڕستانی باب ئەلموعەزەم بینێژن.

هۆنەروان محەمەد مەهدی ئەلجەواهری دەڵێت؛ جارێکیان چووەتەلای بەهجەت ئەلعەتییە تا مۆڵەتی سەردانێکی دیمەشق وەرگرێت بۆ بەشداربوون لە پرسەو ناشتنی عەدنان ئەلمالکی، بەهجەت عەتییە پێیدەڵێت: باوکی فورات.. خۆت دەزانیت کە کاری تۆو ئەوانەی لەپلەی تۆدان بەدەست شالیاری ناوخۆیەو خۆیشت (سەعید قەزاز) دەناسیتو دەزانیت چەندە تۆی خۆشدەوێت بۆیە تکات لێدەکەم تاوەکو سبەی ماوەم پێبدە، جەواهری پێیدەڵێت؛ بەسوپاسی زۆرەوە.

ئەوکاتەی سەعید قەزاز شالیاری ناوخۆو بڕیاربەدەست بوو من جوتیار بووم، پێشتر وتارێکی پڕمەترسیم نووسیبوو لەسەر بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشو سیخوڕەکانیو چاوخستنەسەر خۆمو ماڵەکەم تێیدا خودی ئەوم بە بەرپرس ناوبردبوو لەوکارە.

سەعید قەزازیش ناوبانگی دەرکردبوو لە پاقژیو ئەوجۆرە جوامێرییەی پاش نزیکەی سێ ساڵ لەکاتی (عەبدولکەریم قاسم)دا ئەو بەنرخترین شتەی لەسەر دانا کە ژیانی خودی مرۆڤە. ئەوە پاشان دێینە سەر گێڕانەوەی.

ڕۆژی پاش.. ئەو پیاوەم لەسەر بەڵێنی خۆی بینییەوە، بەڵام سەعید قەزاز لە ئەنجومەنی شالیاران بوو.

باش نزیکەی یەک کاژێر پێمزانی کۆتایی بە کۆبونەوەی ئەنجومەنی





شالیاران هاتووە، تەلەفونم بۆ (بەهجەت ئەلعەتییە) کرد گوتی خێرا بگەرە لام، ئەوجا پێیگوتم خۆت دەزانیت سەعید قەزاز هیچ داخوازیەکی تۆ ناگێڕێتەوە ئەگەر پاسپۆرت بێت یان هەرچییەکی تر، بەڵام وەک هاوڕێیەک دەڵێت، ئەگەر جەواهری بەگوێی من بکات ئەوا دەڵێم نەڕوات، بەڵام ئەگەر هەر سوورە لەسەر خواستەکەیو پێیخۆشە.. ئەوەتا پاسپۆرتەکەی ئامادەیە بیدەنێ[96].

جەواهیری سەبارەت بەجۆرێک لە لاسەنگی دەڵێت؛ سەرم لەوە سووڕماوە چۆن قایمقامێکی سەردەمی پاشایەتی کە بەنیازبوون لەسەر بەرتیلخواردنی زۆر لەسەرکار لادرابێت بەڵام لەسەردەمی شۆڕشدا کرا بەشالیار هەر لەبەرئەوەی ملکەچی فەرمانە نابەجێکانی قاسم بوو، بەڵام سەعید قەزاز کە موتەسەریفی شاری کووتو سەرۆکی ئەو قایمقامەو بەرپرسی یەکەمی بوو، لە کاتێکیشدا دووهەم بەهێزترین پیاوی وڵاتو پاقژترینیانو لە گشتیان سەرسەختر بوو بۆ سزادانی سەرپێچیکار. ئەم سزای سێدارەی بەسەردا دەسەپێتو ژیانی لەبەر دەبرێت هەر لەبەرئەوەی کاتێخۆی نەیاربووە بەو بابەتە فەرمانەی ئەمرۆ عەبدولکەریم قاسم دەیخوازێت.

بەڕاستی ئەو هاوڕێیانەی قاسم کە هێشتا لەژیاندا ماون دەکارن بینە بەڵگەی سەپێنەر بۆ دەرخستنی ڕاستی ئەوەی لەنێوان عەبدولکەریم قاسمو سەعید قەزازدا بووە.

جەواهیری دەڵێت؛ لەوانەیە پێویستم بە گەواهی نەبێت بەوەی ئەو وتەیەی سەعید قەزاز لە بەرزترین پایەی دیدەروانییەوە دەربڕی لەکاتێکدا وەستابوو چاوەڕوانی بڕیاری بنبڕبوو لەلایەن ئەو مەهداویەیەی زۆرو زۆرتری لەو نموونانە لەلای سەرکردەی گشتی گۆڕیوەو پێیگوتووە؛ ئەگەر مەبەست عەبدولکەریم قاسم نەبێت، دەشێ مەبەستی کێ بێت؟[97] لەوەی گوتی؛ (وا دەچێتە سەر سەکۆی سێدارە لە بەرپێیدا کەسانێک دبینێت شایانی ژیان نین).

باشە چی شتێک پاڵ بە شالیارێکی وەک سەعید قەزازەوە ناوە ڕێز لەو

96 ــ محەمەد مەهدی ئەلجەواهری/ ذکریاتی/ بەرگی ٢ / دار الرایدین ــ دیمەشق ١٩٩١ / لاپەڕەی ١٣٤ ــ ١٣٥.
97 ــ سەرچاوەی پێشوو/ لاپەڕەی ٢٣٠.

جەواهیری‌یە بگرێت کە یەکێک بوو لەوانەی دژبوون بەڕەوتی ڕژێمی پاشایەتی ئەگەر ڕێزنان نەبێت لە هونەرو نووسین‌و کولتوور؟

گەواهییەکی نوێی گونجاو لەگەڵ ڕەوتی خودیی ئەم بابەتی لێکۆڵینەوەیەمان‌و نمایشێکی بوخت‌و ڕێک‌و ڕەوانە بۆ ئەو ڕووداوە مێژووییانەی هۆنەروانی مەزن محەمەد مەهدی ئەلجەواهری دەیگێڕێتەوە لەمەڕ سەعید قەزاز کە پیاوێکی جوامێرو پاقژو بەزەبر بووە لەڕووی سەرپێچیکاران. پاقژییەک کە لەم سەردەمەدا نابینرێت. ئەو ڕواڵەتە ئەرێنی‌و پرشنگدارەی گشتیەک لەوانەی لەکاتی کۆڵینەوەم لە ژیانی سەعید قەزازدا بینیومن لەسەر هەمان شت کۆکبوون، بویە بەئەنقەست ئەوانە دەگێڕمەوە کە کەسانی ناکۆک لەگەڵ سەعید قەزاز یان ئەوانەی لەڕوی ڕامیارییەوە نەیاربوون بە هەڵوێست‌و بیروبۆچوونی سەعید قەزاز بۆیان نووسیوە. بەڵام کە گەواهیی ئەوجۆرە کەسە لە سوودی سەعید قەزاز بێت ئەوە لەخۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە ڕاستییەکان بزر نابن ئەگەرچی بۆ ماوەیەکیش بەدەستی ئەنقەست بزرکرێن یان لەبەر هەر هۆیەکی تر داپۆشرێن ئەوا پاش ماوەیەکی کورت ئایا درێژ هەر سەر هەڵدەداتەوە.

سەعید قەزاز کە لە دەستەی ڕۆشنبیران بووە، کۆک نەبوو لەگەڵ سەرۆک خێڵ‌و دەرەبەگەکان. لەوڕووەوە ڕێزدار جەرجیس فەتحوڵڵا دەڵێت: قەزاز شێوازی پەیڕەوکردن بە یاسای خێڵەکیی سەروبن هەڵگێڕاوەتەوەو وەک شمشێرێکی بەکاری هێناوە بۆسەر ملی هەندێک لە سەرک خێڵ‌و دەرەبەگانی (بادینان) کە یاسایان پێشێل دەکردو بە تاڵانکردنی مەڕوماڵات‌و داگیکردنی زەوی‌و زارو دەستدرێژی لەسەر شورەیی‌و ئابڕویان ستەمی زۆریان سەپاندبوو بەسەر هاووڵاتییاندا، قەزاز بە کەلەپچەکراوی دەیهێنان‌و بەشێک لەوانی خنیوەتە نێو بەندیخانەو باربوی زۆری دەخستنە سەرو بەشەکەی تری بە قەرەبووی پارە یان چەک سزاداوە، بەوجۆرە فیزی لەوان دەبڕی‌و شکۆی دەشکاندن تا ئەوڕادەیەی بێهێز دەبوون. ئەگەرچی تێیاندا بوو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانیش بوون.

جارێکیان (قەزاز) بێچەک‌و هەر بەتەنها لەگەڵ یەک عەریفی پۆلیس (بە ناوی جۆرج) خۆی چووەتە نێوجەرگەی سنووری دەسەڵاتی یەکێک لەو پێنج شەش کەسە بێگوێدانە ئەوەی ئاغاکە بە نمایشێکی چەکدارییەوە خۆی بۆ





ئامادە کردبوو، بەڵام قەزاز وەک موویەکی نێو گونکەهەویر لەنێو چەکدارەکانی دەریدەکێشێت‌و بە کەلەپچەکراوی دەیخاتە نێو پیکابێکی سەرکراوەی پۆلیس‌و دەیبات لە زیندانی توندەکات‌و بە قەرەبووی زۆر قورسی باربووی دەکات.

ئارەزووی نیشاندا من بەشێک لە دادگاییکردنی گەورە دەرەبەگی بەدەسەڵات (ئەحمەد ڕەشید) ببینم کە پێی دەگوترا میری بەرواری. ئەوی پێش دادگایی لە گرتووخانەی توندکردو پاشان بۆ دادگایی کردنی بە کەلەپچەکراوی هێنایە بارەگای موتەسەرفییەت، تا ماوم ئەو دیمەنەم لەیاد ناچێت، ئەو (ڕەشید بەگ)ـە پڕهێزەی شانازی بەو نیشانەی ڕافیدەین[98]ـەوە دەکرد کە هەڵیگرتبوو، زۆری نەبرد، وەک ئەوەی شتێک وەبیر (قەزاز)دا هاتبێتەوە لەپڕ تووڕە بوو وتەگەلێکی لەدەم دەرچوو کە بیستم باوەڕم بەگوێی خۆم نەکرد چونکە بێجگە لە (قەزاز) لەدەمی هەرکەسێکی تر دەرچوبا هەرگیز لەژێر سزای قورسی تاوان دەرباز نەدەبوو، چونکە ئەوەی گوتی تانوت بوو لە خودی پاشا. ئەوە لەکاتێکدا ڕوویدا کە (ئەحمەد ڕەشید) بۆنەی وەرگرتنی ئەو نیشانەی ڕافیدەینەی بۆ گێڕایەوە[99].

هەروەها مێژونووس دوکتۆر کەمال ئەحمەد مەزهەر ئەو ڕوداوەی لەپێشەکی پەرتووکی بەڕێز ئەلبەیاتیدا (سعيد قەزاز ودوره في سياسة العراق حتى عام ١٩٥٩ دووپات کردوەتەوە.

مامۆستا عەبدولقادر بریفکانی ئەوەی بۆگێڕامەوە کە ڕێزدار مەسعوود بارزانی منداڵێکی بچووک بوو لەگەڵ مەزنەکانی خێزانیدا چوونەتە لای سەعید قەزاز کە موتەسەریفی مووسڵ بوو بۆئەوەی بکۆشن هەندێک لەو پیاوە بارزانییانە ئازادکەن کە بەهۆی یاخیبوون لە دەسەڵات بەندکرابوون، ئەوکات بوێریی ڕێزدار مەسعوود بارزانی پێش تەمەنەکەی کەوتبوو، دیارە

---

[98] ـ ئەو نیشانە لەلایەن شای وڵاتەوە دەبخشرا بە کەسانێک کاری گرنگ‌و دەگمەی ئەنجام دابێت لەپێناو وڵاتەکەی، پێکاتبوو لە زیوی عەیار ٨٠٠ زەرکەش کراو بە زێڕ، هەڵگری ئەو نیشانە پارێزبەنیی تەواوی پێبە دەخشرا لەلایەن بەرزترین دەسەڵاتی وڵات کە شا فەیسەڵ یان عەبدولئلاهی ڕاسپێردراو بوو. (وەرگێڕ)

[99] ـ جەرجیس فەتحوڵڵا/ رجال ووقائع فی المیزان/ دەزگای ئاراس ـ هەولێر چاپخانەی پەروەردە ٢٠٠١ لاپەڕەکانی ١٦٦ـ ١٦٧

بەهۆی ئەو هۆشیاریو زرنکییەوە کە باوکی پێی گۆشە کردووە، واتە مەلا مستەفای بارزانی کە سیمبۆلێکی بزوتنەوەی کوردە. کاتێک لەو مێزە نزیک دەبێتەوە کە موتەسەریف لەپشتیەوە دانیشتووە، لەکاتێکدا گەورەکان سەرقاڵی وتوێژ دەبن ڕێزدار مەسعوود بارزانی لەو دەپرسێت، بۆچی خزمەکانی ئێمەت گرتووەو ئازادیان ناکەیت؟

سەعید قەزاز یەکێک لە چاوەکانی مێزەکەی ڕادەکێشێتو پێنوسێکی ڕەنگاڵ دەردێنێت وەک دیاریەکی بچووک دەیدات بە ڕێزدار مەسعود بارزانی ئەویش بەو دیارییەی موتەسەریف دڵخۆش دەبێت ئەوجا ڕێزدار سەعید قەزاز بە مەسعوود بارزانی دەڵێت؛ من دەزانم کورد خاوەن مافە بەڵام ئەو مافە تەنها بەزۆری چەکو هێز دابین ناکرێت بەڵکو بەو پێنوسە زۆر کێشە چارەسەر دەکرێتو مافی ئەوانیش دابین دەبێت. لەوانەیە ئەو پێنووسە قەشنگە تا ئێستایش لەلای ڕێزدار مەسعود بارزانی مابێت.

تا چڕادەیەک ئەوچیرۆکە ڕاستبێت یان نا، ئەو زانیویەتی مافی نەتەوەکەی چیەو ئەوەیشی زانیوە کە ئەو مافە خوراوە بەڵان پێداگر بووە لەوەی ئەو مافە تەنها بە زەبری چەک وەرناگیرێتو هێزو یاخیبوونو ڕاپەڕین کێشەکانیان چارسەر ناکات. بڕوانە ئەوە دیدەی بەر لە ٤٠ ساڵی سەعید قەزازە، تا چڕادەیەک قووڵ بیری لە کێشەکانی گشت ئەو ساڵە سەختانە کردووەتەوە.

زۆر گەڕاوەو ماوەیەکی زۆریش شالیاربووە، بەڵام هەر وەک عیراقییەکی دروست شانازی بە عیراقیبوونی خۆیەوە کردووە. هیچ کردەوەی ئەوتۆی لێ نەبینراوە بەرژەوەندیی کوردەکانی برای یان خزمو خێشی پێش بەرژەوەندیی عەرەبێک خستبێت. لەلای ئەو عیراق هەر یەک عیراق بووەو ئەوەی لەئەستۆی ئەودابوو خودای تاکو ئەنها دەیزانێت کە هەر بە یەکچاو لێی ڕوانیون، بۆیە گوێینەداوەتە ئەوەی بەرانبەری لە چینەتەوەیەکە. پێوەری گرنگ لەلای بۆ بە کورد یان عەرەبو تورکمان بوون هەر ئەوە بووە بەڵکو کە تاچڕادەیەک دڵسۆز بوون بۆ سیستێمی پاشایەتیو ڕەوشی کارەکانی ناوخۆو دەرەوە. بۆیە ئەو نمونەی کەسێکی کوردی قارەمانو خاوەن شکۆی ڕەوشتپاک دەژمێردرێت، بۆیە کاتی شیکردنەوەی کەسایەتیی سەعید قەزاز دوو جۆر لە هەڵوێستی ئەوکەسەمان بۆ دەردەکەوت کە بەشێکی جودانەبوو بووە لەو ڕژێمەی کاری تێدا دەکرد، هەرکەسیش ئەو لاپەڕانە کەمە سنودارە





هەڵداتەوە کە توانای کۆکردنەوەیمان بۆ ڕەخسا، وێنەی مرۆڤێک دەبینین خانەدانیی ئەو زاڵبووە بەسەر کشت ڕواڵەتەکانی ڕامیاریو دەسەڵاتو پلەو پایەیدا.

ئەوەی ئێمە کۆکین لەسەری، گشت شالیارو ئەندام پەرلەمانی پشتیان بە کۆمەڵێک ڕەوش دەبەست بۆ دەرکەوتن لە بوارەکانی ڕامیاریو کارگێڕیدا، گرنگترینیان سەنگی خێڵەکی یان ناوبانگی خێزانو پێگەی کۆمەڵایەتی بوو هەروەها تا چڕادەیەک ڕژێم سوودی لەو ناوە بینیوە بۆ بەکارهێنانی وەک سەنگێک لە ڕاگرتنی بەڵاسو گونجاندنی بۆ ماوەیەکی نادیار. بەڵام کاتێک لە پێگەکەی ژیانی سەعید قەزاز دەڕوانین هیچیەک لەو بارانەمان بەرچاو ناکەوێت. ئەگەرچی کوردبوو بەڵام ئەو نابینین کە بەنوێنەرایەتی کورد هاتبێتە نێو دەسەڵات، نە بە نمایندەی خێڵ یان کەسێکی بەهێز یان لایەنێکی ڕامیاری. نە گەمەو سەنگوسەوای پارتایەتیی کردووە تا ببێتە نمایندەی لایەنێک بۆ گەیشتن بەو پایانەی بوویەتی. ئەو هەمیشە خاڵی هاوبەشو ئەو سەنگەی بەڵانس بووە کە لەساڵی ١٩٥٣وە تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ قورسایی خۆی بووە بۆ پێکهێنانەوەی کابینە شالیارییەکانی عیراق. بۆیە ئەو ڕواڵەتە بەکێشمان دەکات بۆ نێو ئەوگۆمەی ڕامان یان بیرکردنەوە لە بارێک دەتوانین ناوینێین باری سەعید قەزاز، چونکە سەرەڕای گشت جیاوازی بیروبۆچوونو لێکدانەوەی ڕامیاری لەنێوان هەریەک لە فازل جەمالیو عومەریو نووری سەعیدو ئەحمەد موختار بابانو جیاوازیی شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتو دەستنیشانکردنی ناوی شالیار بووە بۆ شالیارگەکانیانو سەنگی یەکلاکەرەوەتش هەر سەعید قەزاز بووە.

لەو نامەیەم دەڕوانی کە لەمێژونوسی عیراقی "مامۆستا میر بەسری"یەوە پێمگەیشت تێیدا دەڵێت: سەعید قەزاز کەسێک بوو نە لەژیاندا مافی خۆی دراوەتێ نەکاتی مردن.. بەڕاستی ئەوپ رسیارەم لەخۆ کرد، لەکاتێکدا بەناو نامەکانی ماجستێرو دوکتۆرای خوێندکارانی بەشی مێژوی زانکۆکانی عیراقدا دەگەڕام کە توێژینەوەکانیان کە بەشێوەی جیاواز لە ناوی زۆربەی شالیارو سەرۆک شالیاران یان کەسانی ڕامیاریی تری سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی دەدوان، ناوی سەعید قەزازم بەرچاو نەکەوت (ئەوە پێش بەچاپ گەیشتنی تێزەکەی بەڕێز عەبدولڕەحمان ئەلبەیاتیی ساڵی ٢٠٠١) پەیتا پەیتا

لەوەم دەپرسی.. باشە بۆ؟

کە ساڵی ١٩٩٤ چووم بۆ شالیارگەی ناوخۆی عیراق ویستم هاوکاریم بکەن تا لەدۆسێی سەعید قەزازو باری ژیانی کارگێڕیی ئەو بڕوانم، بینیم بەرپرسانی ئەوێ بەچاوی سووک لە کارەکە دەڕوانن‌و ئامۆژگاری ئەوەیان کردم واز لەوکارە بهێنم‌و بگەڕێمەوە بۆ کاری دادوەریی خۆم‌و بکەومە چارەسەرکردنی ئەو کێشە زۆرەی لە دادگاکاندا کەڵەکە بوون. ئەگەرچی ئەوە نەبوو هۆی دەستبەردانم لەو کارە بەڵکو هۆی ئەوەبوو کە دۆسێی خانەنیشینییەکەی سەعید قەزازم لەشوێنی خۆی نەدۆزیەوە!!

دەبێ لە بەرژوەندی کێبێت وا تارمایی دەپۆشن بەسەر ژیانی کەسێکدا ٣٣ساڵ کاری لەپێناو عیراقدا کرد؟ باشە بۆ تەنها ئەو، لەکاتێکدا توێژینەوە کراوە لەسەر گشت هاوتاکانی لە شالیارو کارگێڕانی تری گۆڕەپانی ڕامیاریی ئەو سەردەمە؟ هەروەها دەپرسین، بۆ گشت تاوانی کردەوەکانی سیستەمی پاشایەتی بە درێژایی ٣٨ ساڵ بخرێتە ئەستۆی تەنها ئەو؟ هەروەها دەپرسم، بۆ رووی پرسیار سەبارەت بە گشت ئەوبارە هەستیارە تەنها لەسەر سەعید قەزاز بکرێت؟ لەکاتێکدا دەرکەوت ئەو خاوەن بیری چاکسازی بووە بەڵام بە جۆرێکی چیاواز لەوانەی لایەنەکەی تر. لەسەر ئەو نووسینەی من لەمەڕ سەعید قەزاز هەندێک کەس نووسیویانە گوایە من دەکۆشم وێنەی سەعید قەزاز وەک کەسێکی مرۆڤدۆست‌و نیشتمانپەروەر دەرخەم، بەڵام "وەک ئەوان دەڵێن" تێیدا سەرکەوتوو نەبووم، یان کۆشیومە ئەو تاوانانە لەسەر سەعید قەزاز ڕامالم کە پێوەی لکێنراون. بەڵام ئەوەی پێویستە گشتمان خۆی لەسەر ڕاهێنین بۆ نووسینەوەی مێژوی عیراق دەربڕینی وتەی ڕاست‌و پەیڕەوکردنییەتی بەو شێوازەی ڕوویداوە، خۆ منیش سەر بەو سەنگەرەم کە نەیارە بە سەنگەری سەعید قەزاز لەنێویدا بوو بۆیە. هەرچۆنێکی لێکی بدەینەوە ئەوکارە بۆ من زۆر قورسترە, نەتوانای ئەوەمان هەیە تاوان لەسەر دەسەڵات بسڕینەوە نە سەعید قەزاز دەرکێشین لە بەرپرسیارەتی ڕووداوەکان، بەڵام پێویستە لەکاتی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو ڕوداوانە پێوەری کات‌و شوێن بەرچاو بگرین. هیچ گومان لەوەدا نیە کە هیچکەس ناتوانی نکوولی لەو جوامێرییە بکات کە قەزاز لەکاتی لافاوەکەی بەغدای ساڵی ١٩٥٤دا تۆماریکرد چونکە لاپەڕەیەکی پرشنگدارو نمونەیی بوو. هەروەها مێژوی عیراقی نوێ ئەوەی بۆ سەعید قەزاز تۆمارکردووە





کەخاوەنی بیرۆکەی نانەواخانەکانی ئیعاشە بووەو یەکجار زۆر سودی گەیاندووە بەو کۆمەڵی هەژارو کەمدەرامەت کە لەوەبەدواوە نانیان بە نرخی پشتگیریکراو دەسکەوتووە. دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە زمانی عەمیدی خانەنیش‌و شالیاری سەردەمی کۆمار خەلیل ئەلزەوبەعی ئەو دەگێڕێتەوە کە چۆن سەعید قەزاز لەو ڕۆژانی لافاوە بەناوبانگەکەی بەغدا لەساڵی ١٩٥٤ـدا ئەو فەرمانە سەرزارەکییەی خودی ڕاسپێردراوی تەختی عیراق "میر عەبدولئیلا"ی پشتگوێ خست کە بە یاوەرە یەکهەمەکەی خۆییدا ناردبووی لەڕێگەی ئەلزەوبەعی‌یەوە پێی ڕاگەیانێت بەزوترین کات بڕێک کۆمەکی ماڵی بەشێوەی یارمەتی ڕەوانەکەن بۆ میری ڕەبیعە. ئەو لەوەڵامدا پێیدەڵێت، هەژارانی خۆمان پتر پێویستیان بەو یارمەتییە هەیە. لەو سەردەمەی پاشایەتیدا بەدەگمەن کارگێڕێک هەڵکەوتووە بتوانێت وەک ئەو سەرپەرشتیی کاری ئەو لیژنانەی مافدارێتیی زەویوزار بکات کە بەپێی یاسای تایبەت پێکهاتبوو، ئەوپیاوە بەوپەڕی توانایەوە کۆشی ڕێگربێت لەو بەکارهێنانی ناوەڕۆکی ئەو یاسایە لەپێناو بەرژەوەندیی دەرەبەگان لەسەر ئەستۆی جوتیاران. پێویست بەو ئاماژەیەیش دەکات کە بڵێین لەو گۆڕەپانی پاقژییەدا قەزاز تاکەکەس بوو بەشمشێرێکی تەختەوە هێرشی دەبردە سەر قەڵای سەختی دەرەبەگان. وەک مەبەستە پڕشکۆکانی ئەو لەپێناو چاکسازیدا ناشاردرێنەوە، ئەوەیش ناشاردرێتەوە کە دڵسۆزانە لە ڕەوتێکی ڕوانییەوە بەبۆچوونی خۆی سیستێمەکەی پێ پاراستووە. کۆتایی وتەکانی دوکتۆر کەمال بەوە هاتووە کە قەزاز لەوپەڕی هۆشیارییەوە چاک زانیویەتی کە ئیتر سەردەمی دەرەبەگایەتی تەواو بەسەرچوو.

سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەوانانیی کوردستانیش مامۆستا فەرهاد عەونی لە ڕۆژنامەی خەباتدا بابەتێکی جوانی سەبارەت بە پیاوچاکیی سەعید قەزاز بڵاوکردوەتەوە لەژێر ناونیشانی (تا دیجلە نەخەوێت من ناخەوم) ئەوکات پارێزەر کەنعان محەمەدئەمین بەرزنجی لەوتارە بڵاوکراوەکانیدا لە ژمارەکانی ٤٢٦و ٤٢٧ی ڕۆژنامەی (الإتحاد)ی ڕۆژانی ٢٢و ٢٩/ ٦/ ٢٠٠١ سەبارەت بە هەڵوێستی سەعید قەزاز بەرانبەر بە شێخ مەحمودو ڕوداوەکانی سلێمانی لەوە دوواوە کە مێژو هیچ ناکۆکییەکی تۆمار نەکردووە لە نێوان شێخ مەحموودو قەزازدا بەڵکوو لەنێوان ئەو دووەوە هەر ڕێزو خۆشەویستی بووە، نمونەیش بۆ ئەوە، سەردانی ڕۆژانەی خۆی‌و خێزانەکەی

بووە بۆلای (شێخ) لە نەخۆشخانەی ئەلحەیدەریی بەغدا کە تێیدا نەشتەرگەریی بۆکرا ـ خاتو پەڕی سەعید قەزازیش ئەوەی بۆمن سەرڕاست کردەوە ـ خۆ ئەگەر هەڵوێستێکی پێچەوانەی بووبێت ئەوا دەزگای لێکۆڵینەوە لە هەڵوێستەکانی قەزاز ئەوەیشیان لەسەری بەتاوان تۆمار دەکردو لەسەریشی دادگایی دەکرا. ئێمە وەڵامی خۆمان لەسەر ئەو وتارانە نوسیو لە ژمارەی ٤٣٢ی ڕۆژی ٣/ ٨/ ٢٠٠١ ی ڕۆژنامەی "إتحاد" لاپەڕە ١٥ بڵاوکرایەوە.

قەزاز دەیزانی کورد خاوەن مافە، بەڵام بەبۆچوونی ئەو، لەم وڵاتەدا کە هەزاران ساڵە کوردو عەرەب پێکەوە هاوبەش ژیاون ئەو مافە بەڕێگەی دانەوسانەوە دەسێنرێت. سەرەڕای ئەو ڕەوشو شێوە تێگەیشتنەی سەعید قەزاز کە پڕباوەڕ بووە پێی نەیتوانیوە جۆرێکتر لە هزرو بیر زاڵکات بەسەر لایەنی بەرانبەردا.

بە گەڕانەوە بۆ ڕۆژانی پتر لە نیو سەدە دەبینین لێکدانەوە قوڵەکانی سەعید قەزاز لەگەڵ ئەو دیاردانەی جێبیاوەڕی ئەو بوون پێش کاتی خۆی کەوتوونو بوونەتە تروسکایی پڕسوود بۆ تێگەیشتن لە شێوازی وەدەستهێنانی مافی نەتەوەکەی لە دەسەڵات.

تائێستایش پێنوس هەن بەرپرسیارێتی گشت ڕوداوەکانی عیراق دەخەنە ئەستۆی خودا لێت خۆشبێت سەعید قەزاز. وتارێکی نووسەر مستەفا عەلی نوعمان ڕۆژی ١/ ٦/ ٢٠٠٣ لە ماڵپەڕی "أصوات العراق" کە لەسەر مێژوی عیراق بڵاوکرایەوە، تێیدا ڕەخنە لەو ڕێپۆرتاژەی "بين زمنين" دەگرێت کە لە کەناڵی تەلەڤیزیۆنی "أبو ظبي" بڵاوکرایەوە ، تێیدا دەڵێت:

(کاتێ لەو پرۆگرامەدا هاتەسەر ژیانی سەعید قەزاز، ئەو نارەسەنو پیاوکوژە جەربەزەیەی لێ کردین بە شەهیدو قارەمانو مافخوراوو پارێزەری دیموکراسیو سەربەستی. هەندە کاتەی لە "بين زمنين"دا تەرخان کرابوو بۆ داکۆکی لە سەعید قەزاز درێژتر بوو لەوکاتەی تەرخانکرا بۆ پشتگیری لە عەبدولکەریم قاسم کە بابەتی خودی زنجیرەکە بوو. ئەوەی ئەو زنجیرەیە بینیبێت وادەزانێت شەهیدو زەبونو تاوانلێکراو قەزاز بووە، بەڵام ڕاستێنیی ڕوداوەکان پێچەوانەی ئەوە دەگێڕنەوە. قەزاز بەرپرس بوو لەکوشتنی سەدان کەسی بێچەکو بێوەی لەهاووڵاتییانی عیراق. هەر ئەوبوو پاڵەوانی





دامرکاندنی خۆپیشاندانەکانی ئەوسەردەمە بەسەرچووە. ئەو پاڵەوانی کوشتنی بەندکراوانی بێچەکی نێو زیندان بوو. ئەگەر ئەو شالیارەی فەرمانی تەقەکردنی داوە بەرپرس نەبێت دەشێ کێ بەرپرسبێت؟ ئەگەر ئەو بێتاوان بێت ئەی تاوانبار کێ بوو؟

ساڵی ٥٦ (تەمەنم هەژدە ساڵ بوو) بەچاوی خۆم بینیم چۆن پۆلیس لە بەردەم پۆلیسخانەی گشتی مووسڵدا تەقەی لە خۆپیشاندەران دەکرد، لە یەک چرکەدا شانزە کەسی خۆپیشاندەر کوژرانو پتر لە حەفتا کەس بریندار بوون، حازم ئەلباروودیی هاوڕێم لەنێو کوژراواندا بوو، ئەو لەهەمان تەمەنی مندا بوو، منو ئەو بۆ دوو مەبەست بەڕێوەبووین بۆلای باوکی. لەلایەک ئەو خۆپیشاندانە ببینین کە لە قوتابخانەی ئامادەیی بەرگۆیمان کەوت لەمەڕ پشتگیری بوو لەمیسر. مەبەستی دووهەم، گەیاندنی "سەفەرتاس"ی خواردن بوو بۆدوکانەکەی باوکی لە بازاڕی "العتمەیی". کاتێ ئێمە وەستاین لەو خۆپیشاندانە بڕوانین کە زۆرمان لا سەیربوو. لەگەڵ دەرکەوتنی تاخمێک لە ژماردن نەدەهات بەدروشمو پێداهەڵدان هاتن لەناکاو لەنێو پۆلیسخانەکەوە گوللـە داباری، من ئاوڕمدایەوە بۆ حازم دەگەڕام بینیم لەولامەوە کەوتووە خۆێن لەسنگی دەچۆڕێت، کراسەکەی پڕبوو لەخوێن، نەمزانی چیبکەم، ئایا جێیهێڵمو وەک ئەو هازارانە هەڵبێم؟ خۆ ئەگەر بمێنمەوە منیش دەمرم، ئەوکات لە کۆاڵانەکدا قوژبنێکم گرت، چاوم فرمێسک دەڕژێتو لەشی هاوڕێکەم لەوگۆڕە کەوتووە گیانەڵایەتی. ئەو ڕوداوە هەندەی کار لەمن کرد وادەزانم دوێنێ بوو.

دەبێ کێ بەرپرسبێت؟ ئەو پۆلیسەی تەقەیکرد؟ ئەو ئەفسەرەی فەرمانیدا بە پۆلیس، یان فەرماندەکەی؟ یانیش سەرچاوەی سەرەکی، واتە شالیار؟

چی دەبوو گەر خۆپیشاندانەکە بمایە؟ خۆ دروشمەکانیان بۆ پشتگیری میسربوو دژ بە دەستدرژی کەران. هیچ وشیەکم تێدا نەبیست دژ بە نووری سەعید بوترێت  یان بە شا. هیچ کارێکی گێرەشێوێنێش نەکراوە. ئیتر گوللـەباران بۆ؟ توندوتیژی بۆ؟ کوشتنی کەسانی بێتاوان بۆ؟

لەو زنجیرەیەدا ڕۆڵی دادگاییکردنەکەی نمایشکرایەوە، وتەکانی ئەو دەگوترانەوەو زۆر جەختیان خستبووە سەر هەمان ئەو وتانەی گوتوونی، وەکئەوەی یەکێک بێت لە قارەمانانی ئازادی، نەوەک پیاوکوژێکی دەستی

سوور بە خوێنی کەسانی بێتاوانو منداڵ).

بەڵام دوکتۆر ڕەشید ئەلخەیون وتارێکی لە ڕۆژنامەی "شرق الأوسط"ی لەندەنی ڕۆژی ١٠/ ٥/ ٢٠٠٥ بڵاوکردووەتەوە تێیدا دەڵێت: (عیراقیان بەوە دڵگران نەبوون سەعید قەزازێکی کورد شالیاری ناوخۆبێت چونکە بەشێک لە کردەوەکانی ئەو شالیارە کۆشین بوو بۆ بتەوکردنی پشتوێنەی یەکپارچەیی عیراق، ئەویش بە دامەزراندنی ڕۆڵەکانی باشور لە باکوورو بەپێچەوانەوە). ئەگەر بە دیدێکی دوور لە گرژی کەسایەتی سەعید قەزاز هەڵسەنگێنین دیارە بەوئەنجامە دەگەێن کە نمونەی ڕامیارزانو کادیری ئاسایی بووە بەڵام خاڵی بەسەر ئەودا زاڵ خۆشەویستیی بوو بۆ سیستێمی پاشایەتی لەگەڵ ئەو بەرپرسیارەتییە کۆمەڵایەتییەی لەئەستۆیدا بوو. ئەو تا دواچرکەکانی ژیانیش دەستبەرداری ئەو دابو نەریتە نەبووە کە لەمێشکیدا چەسپابوو.

تائێستایش وتەکانی هاوڕێ مووسڵییەکەم "ئەبا عەززام"ـم لەیادە کە هەندێک زانیاری لەسەر سەعید قەزاز بۆ دەگێڕامەوە هینی ئەوکاتەی موتەسەریف بوو لەشاری مووسڵ. ئەو کە موچەی مانگانەکەی وەرگرتووە بۆ شەوەکەی دەچوە گەڕەکی باب لەگشو باب ئەلجەدید، لەوێ چوار ماڵی هەژاری بەسەردەکردەوە، لە دەرگایانی دەداو بەپێی توانا بڕێک پارەی پێ دەبەخشێن، کاتێکیش باریکرد بۆ بەغدا بەهەمان ئەم هاوڕێیەیدا یارمەتییەکەی بۆ ڕەوانە کردوون بێلەوەی ناوی سەرچاوەکەیان پێبڵێت. ئەو یارمەتییەی لێنەبڕیون تا ئەوکاتەی گیراو دادگایی کرا.

کاتێک بە سەرگوروشتەی ژیانی سەعید قەزازدا بچینەوە دەتوانین ئەوەی لێ هەڵێنجین کە فەرمانبەرێک بوو پایەپایە سەرکەوتنی بڕیوە، لە کارەکانیدا زۆر گیرو کارا بووەو هەر بەوەیش ناوبانگی دەرکردووە. ئەو چەمکەی لە مێشکدا ئەودا چەسپیوە بەشێک بوو لەوەی ئەزموونی ژیان فێری کردبوو، بەشەکەی تریش زایدەی ئەو هزرە بووە کە خۆی زۆر بەڕاست زانیوە. تێگەیشتنی ئەو لە چەمکی کارگێڕی ئەوەبووە کە لەڕادە بەدەر ملکەچی کارو پیشەی گشتیو واتاکانی دەسەڵاتو دەوڵەتو پاشا بێت چونکە ئەوانەی بە پیرۆز زانیوە. هەروەها ڕێزی بووە بۆ ئەوجۆرە فەرمانبەرەی باری گشتی کە بەشێوەی یاساییو ڕیزبەندیی گونجاو پلەوپایە دەبڕن. سەرەڕای ئەوانە خاوەن هزرو هۆشێکی بێهاوتاو جیاواز بوو کە تا دژوارترین دواڕۆژانی





ژیانی پەیڕەی کردووە. بەڵام سەبارەت بەهەندێک لە بیروبۆچوونەکانی، ئەگەرچی دەستم بەو سەرچاوە سەرەکییانە نەگەیشتوە کە کاری تێکردوون، بۆ ئەوە دەچم لە دەرئەنجامی زۆر خوێندنەوەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی بووبێت. لەتوێی پەڕەکانی ئەو بیرەوەرنامەیەی نوسیبوی، خاتو پەری سەعید قەزاز وێنەیەکی بۆ ڕەوانەکردم، ئەوەی تێدایە کە یەکجار شێوەی باوکی هاتوەتە بەرچاو، چونکە لەکاتی مردنی باویکیدا ئەو تەمەنی سێ ساڵ بووە بۆیە بەسۆزی زۆرەوە لەبن چاودێری باپیریدا پەروەردەبووە. برایەکی بووە بەناوی (عەلی) کە هەر بە کۆرپەیی مردووە. ناوی قەزاز لەوەوە هاتوە کە پیشەی گشتییان کاری ئاوریشم بووە ( قز = ئاوریشم، قزاز = ئاوریشمکار) ژیانی ئەو هەر لە دۆخێکی خەمناکدا بووە، خۆشترین ساتەکانی ژیان لەلای ئەوەبووە کە لەتەک دایکیدا چوونەتە سەر گۆڕی باوکی. قەزاز بیری لەوەکردووەتەوە کە ئەوجۆرە شتانەی نەبووە کە منداڵیتر بوویانە. لە گەڕەکی خۆیان چووەتە بەر خوێندن لە حوجرەی[100] مەلاشەریفـی نێو مزگەوتی شێخ جەلال، لەوێ قورئانی پیرۆزی خوێندووە. پاش ئەوانە دێتە سەر گێڕانەوەی نەهامەتیەکانی جەنگی جیهانی یەک، لەوکاتەدا تەمەنی دە ساڵ بووە. پاشان قەزاز خوێندنی گواستووەتەوە بۆ قوتابخانەی خواجە ئەفەندی لەوێ مامۆستا عەبدولعەزیز ئەفەندیی عوسمان ئاغا وانەی وێژەی فارسی پێگوتوون، دەڵێت ئاستی فێربوون لەوێ زۆر بەرزتر بووەو مامۆستاکانیش چاکـو بەتوانا بوون لە فێرکردنی زمانی تورکیو فارسی، لەوێ فێری وانەکانی هونەرو وێژەو هۆنراوە بووە، هەر لەو کاتانەی خوێندندا هەستی بە جیاوازی چینایەتیی نێو خوێندکاران کردووەو دۆستایەتی بەهێزی بووە لەگەڵ کوڕی مامۆستا ئەحمەدو عەبدولڕەحمانی سەعید ئەفەندیی ئامۆزای کە ساڵی ١٩٣٣ مردووە. قەزاز بەدرێژایی ژیانی هەر ئەوی لەیاد بووەو بۆی دڵگران بووە. پاشان دەگوێزێتەوە بۆ خوێندگەیەکی فەرمی. قەزاز (بەگوێرەی بۆچوونی ئەو**!**) کۆمۆنیستی مەترسی دەبێت بۆسەر عیراقو ئایندەی جیهان بۆیە پێویستە بەربەرەکانێی بکات بەوشێوەیەی بەپێی بۆچوونی ئەو لەبار بووە، بەڵام ئەو

[100] ـ لەیادمە، کاتی منداڵیم هەندێک لە هاوتەمەنانم بۆ خوێندن دەچوون بۆ "حوجرە" واتە خوێندن لای مەلا، ئەویش بریتیبوو لە ژورێکی تەنیشت مزگەوت یان لەناویدا لەوێ فێری خوێندنەوەی قورئان دەبوون، بەو خوێندەگەیە دەگوترا "حوجرە"و بە خوێندکارەکەیش گوتراوە قوتابی "بەعەرەبی= کُتّابی ("وەرگێڕ)

شێوازو کەرەستانە زۆر لە ئاسایی‌و سەرتایی دەچوون گەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەوانەی ئەمڕۆ لەعیراقی ڕژێمەکەی سەدام حوسێندا بەکاردێن نەتەنها دژ بە کۆمۆنیستان بەڵکوو دژ بە گشت بیری پێشکەوتنخوازی. هەروەها ئەگەرچی زۆر پەیوەستی ئاین نەبووە بەڵام لەوباوەڕەدا بووە کە هەڵەکردن بەرانبەر بەئاین گەورەترین تاوانە بۆیە پێویستە بەری لێبگیرێت‌و سووریش بووە لەسەر ئەوەی گوتویەتی، شانازی دەکات بە بەربەرەکانیی کۆمۆنیستانی عیراق، دیارە بەبۆچوونی ئەو نیشتمانپەروەری‌و موسوڵمانەتی ئەوەیە کە دژبێت بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی.
مایەی سەرنج ئەوەیە کە سەعید قەزاز گرێدراوی هیچ ڕێکخستنێکی ڕامیاری یان پارتێکی تایبەت نەبووە بەڵکو هەر تەنها بەتوانای خودی ئەو شالیارگەیەی بەڕێوە بردووەو هەردەم شانازی پێوەکردووە. ئەوە لە شتێکی سروشتی نەچێت ئەوەیە کە سەرەڕای گشت ئەو گۆڕانە زۆرەی بەسەر کابینەکانی ئەنجومەنی شالیارانی عیراقدا هاتوون ئەو لەساڵی ١٩٥٣وە تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨و ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی‌و عیراق بوو بە سیستێمی کۆماری هەر سەعید قەزاز ڕاسپێردراوە بۆ پۆستی شالیارگەی ناوخۆ. دیارە سەرانی ڕامیاریی ئەوڕۆژانەی عیراق بەئاگا بوون لە بەهرەو تواناکانی سەعید قەزاز کە بە ئازایەتی خۆی‌و لەڕێگەی بڕینی پایەکانیدا ئەو ڕادە شارەزاییەی پەیداکردووە، ئەگەرچی لە بنەماڵەکەیەوە پاشینەیەکی ئەوتۆی نەبووە بۆی ببێتە پاڵپشت بۆ دارشتنەوەی پێکهاتە ڕامیارییەکانی دەسەڵاتی عیراقی پێش سیستێمی کۆماری.

### ٣ کۆتایی

سەعید قەزاز بەوە ناوبانگی دەرکردبوو کە هاوسۆزە لەگەڵ دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی لەعیراقدا بەرگربوون لە بزووتنەوە ڕامیارییەکان، هەروەها بەوەی ڕاهێنەری کارمەندەکانیان بووە. لە بەرانبەردا دەکرێت لە ڕادەی ڕنگدانەوەی چەمکی ئاسایی هزری ئەو تێبگەین بۆ سەر کارو پیشەکەی، هەروەها ڕادەی پەیوەستی ئەو وەک سەرەنێزەی کار لە شالیارگەی ناوخۆدا لەگەڵ گشت ئەندامەکانی کە دەبوو وەکپ ێویست ئەو بەرپرسیارەتییەی لە ئەستۆیاندا بوو بە ڕێکوپێکی ئەنجامدەن لەنێویاندا دەزگاکانی پۆلیس‌و ئاسایشی ڕامیاری.





هەندێک داردەی جێگیر هەن ناکرێت دووکەس لەسەری ناکۆکبن، گرنگترینیان ئەوەیە کە سەرەڕای گشت ئەو هێزو توانایەی سەعید قەزاز بوویەتی لە کونترۆڵکردنی شالیارگەی ناوخۆو، لەگەڵ پانتایی دەسەڵاتی لەو ڕۆژەداو توانای لە سەپاندنی دەسەڵات وەک کەسێکی توندڕەو، هیچکات ئەو دوو ڕواڵەتەی بەکار نەهێناوە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیی، بۆیە کەس نەیتوانیوە لەوڕووەوە بیبەزێنێت. ئەوە بەسە مرۆڤێک بیزانێت کە ئەو نە خاوەنی تاکە یەک خانووی سەربەخۆ بووە تا خێزانەکەی تێدا بحەوێنێتەوە نە ئۆتۆمبیلی میرییشی بەکارهێناوە بۆ کاروباری خێزانی، بەڵکوو هەر ژیانی خۆی تەرخانکردووە لەپێناو کارەکانی تا ئەوڕادەیەی ژیانی خۆیی‌و شالیارگەی ناوخۆی لەیەک جیا نەکرووەتەوە. خاڵێکی سەیر کە پێویست بە گێڕانەوە دەکات ئەوەیە کە پاش دادگاییکردنی لەنێو بەندیخانەدا هەر گوێی ڕادێراوە بۆئەوەی پەیام لەبارەی شالیارگەی ناوخۆوە ببیستێت‌و ناوی کام کادیرانە لەلیستی پلە بەرزکردنەوەدان، چونکە ئەوە بارێکی ڕازو گرنگ بووە لە ژیانی ئەودا، دیارە ئەویش نیشانەی زاڵبوونی دەماری کارگێڕی بووە لەناخیدا بەسەر کەسایەتی ئاسایی خۆیەوە، ئەوە سەرەڕای نەهامەتی سزاو بەندخانە هەر لەپرسی کارمەندە کۆنەکانیدا بووە.

سەرەڕای زاڵبوونی ئەو بارە خودییە بەسەریدا، هەر نەبووەتە هۆی سڕینەوەی هەندێک لەو ڕواڵەتە مرۆڤانەییەی کردبووی بە ڕەوتی ژیانی، جارجارە ڕواڵەتە مرۆڤانەییە (کوردی ڕەسەن)نەکەی زاڵبووە بەسەریداو لەپێناو یارمەتیی کەسانێک سەرپێچی یاسایشی کردووە ئەگەرچی بە ئامۆژگاری بووبێت یان یارمەتیی ڕاستەوخۆ تەنانەت بە کەسانێ سەر بە لایەنەکانی ڕامیاریی نەیار بە سیستێمی دەسەڵاتەکەی. بەوە ئەوەی سەلماندووە کە بەڕاستی عیراقییەکی خاوەن ڕەوش‌و نەریتی ئەو وڵاتەیە.

بەوەی سەعید قەزاز کورد بووەو شانازیشی بە نەتەوەکەیەوە کردووە، لەعیراقدا بە یەکێک لەناودارانی کورد دەژمێردرێت بەڵام وەک پێویست گرنگی نەدراوە بە کەسایەتیی ئەو بە جۆرێک شایانی ناوبانگ‌و بیرەوەری ئەوبێت. ئەگرچی من هەستم بە ڕێزو خوشەویستی کردووە لەدڵی گشت ئەو برا کوردانەی لەکاتی نووسینی ئەم بابەتەو لە پێناویدا بینیومن. لەوانەیشە لە ئایندەدا دەزگایەکی کوردی هەڵکەوێت بەپێی دەرفەت‌و توانای خۆی ئاوڕ لە گرنگی ئەم بابەتە بداتەوەو توێژینەوەیەکی لەسەر ئەنجامدات.

دەگمەنی لەوەدا دەبینین کە کەسێکی وەک سەعید قەزاز لە سەرتای منداڵییەوە بێباوک ڕێڕەوی ژیانی بەهەنگاوی ئەسپاییو ورد ببڕێت تا ئەوکاتەی خوێندنی تەواوکرد، پاشان بەشێوەیەکی بێهاوتاو سەرنجکێش کۆشیویەتی خۆ پێگەێنێتو کەسایەتیی خۆی بسەپێنێت تا ئەوڕادەیەی سەرانی ڕەوتی ڕامیاریی ئەو سەردەمە چنگی لێگیرکەنو بیکەن بە پێشهەنگ لە بەرایی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ناوخۆیی وڵات کە سەردەمێک گەمارۆ درابوو بەو بزوتنەوە نیستمانپەروەرییانەی لەسەرەتای پەنجاکانەوە سەریان هەڵداوە تا هەڵگیرسانی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٥٨. ئەوە لەخۆیدا شایانی توێژینەوەیە.

ڕووداوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە هیچ بەرژەوەندی یان هزرێکی ڕامیاریی تایبەت نەبووە پاڵ بە سەعید قەزازەوە بنێت وا بە ئاشکرا ببێتە دژ بە بزوتنەوە ڕامیارییەکانی نێو عیراق، یان بەهۆی خۆگونجان یان توانەوەی لەنێو پێکهاتەکەی سیستێمی پاشایەتیدا جگە لەوەی پێشتر ئاماژەمان پێداوە.

سەرەڕای ئەو ڕاپەڕینەی گەلی عیراق کە لەساڵی ١٩٤٨دا میللە دژ وەستان بەو مۆرکردنەی پەیمانی پۆرتسموث[101] کە بەریتانیا ویستی پەیمانی ساڵی ١٩٣٢ی پێ هەموار بکاتەوە، هەروەها دژ بەو بڕیارە نێونەتەوەییەی دەرچوو بۆ دابەشکردنی فەلەستینو دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل[102]، بۆیە ڕووبەڕووی هەلوێستی دڕی ڕژێم بوونەوە، ئەوکات سەعید قەزاز

[101] ـ پاش کۆتایی جەنگی جیهانگیریی دوو باری ئابووریی بەریتانیا هەندە لاوازبوو توانای نەما وەک پێشان خۆ بسەپێنێت بەسەر وڵاتانی ژێردەستدا بۆیە زۆری لە ڕژێمەکەی پاشایەتی عیراق کرد پەیمانی لەشکریی لەگەڵ ببەستێت، ئەوکات سەرۆک شالیارانی عیراق "ساڵح جەبر" لە جەنیوەریی ١٩٤٨دا لە "شاری پۆرتسمۆث" پەیمانی لەگەڵ دەسەڵاتی بەریتانی مۆرکرد بەوەی بۆیان هەبێت بنکەی بەرەنگاربوونی لەشکری لەهەرلایەکی سەرزەمینی عیراق دامەزرێنن کە خۆیان دریخوازن، بەو بۆنەیەوە لەشارەکانی عیراق خۆپیشاندان ڕوویدا. بڕوانە پەراوێزی ژمارە/ 54 (وەرگێڕ)

[102] ـ پێش ئەوەیش بە ماوەیەک، واتە ١٩/ ٨/ ١٩٤٧ ئەو چوار ئەفسەرە لەسێدارەدران کە پاش شکستی کۆماری کوردستان گەڕانەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی عیراق کە بڕیاری لێخۆشبوونی دەرکردبوو، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوان لەسێدارەدران، هاوکات پۆلێک لە سەرانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لەسێدارەدران. ئەوکات خۆپیشاندان هەڵگیرساو درێژەی بوو تا ٢٧/ ١/ ١٩٤٨ دەیان هەزار کەس تێیدا بەشداربوو، پێکدادان لەگەڵ پۆلیس ڕویداو ژمارەیەک خۆپیشاندەر کوژرانو سەدان کەس دەستگیرکران. (وەرگێڕ)





موتەسەریفی لیوای مووسڵ بوو. کاتێکیش بوو بەشالیار چەندین بزوتنەوەی میللیو ڕامیاری گرنگ ڕویاندا، لەوانە خوپیشاندەنەکەی ساڵی ١٩٥٣ی بەسراو ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٦ بەهۆی هێرشە سێلایەنەکەی مانگی ئۆکتۆبەر کە ئینگلیزو فەڕەنساو ئیسرائیل کردیانە سەر میسر. ئەو ڕاپەڕینە میللییە بەرفراوانە گشتلایەکی عیراقی گرتەوە، ئەوەبوو بەو پلانە ئاسایشییەی بەغدا ڕووبەڕووی دەبوونەوە کە سەعید قەزاز لەکاتی وەرگرتنی شالیارگەی ناوخۆدا دایڕشت. کە سانێک دەڵێن، ئەوە لەچوارچێوەی کاری شالیاری تایبەتەو ئەوەی سەعید قەزاز کردویەتی بەشێک بووە لە کارەکانی شالیاری ناوخۆو پەپێی یاسا ئەو بەرپرسبووە لەئەنجامدانیو لەبەرئەوەی بەپێی بەندەکانی دەستوری عیراق یان یاسای لەوڕۆژەدا کارا بووە هیچ بە سەرپێچی دانانرێت.

سەعید قەزاز بەو پاقژیو هەڵوێستانەی نیشانەن بۆ بتەوی کەسایەتیو بوێری ئەو مێژویەکی پرشنگداری لەپاش خۆی جێهێشت، هەروەها سەعید قەزاز چەندین نەیاری بۆاری ڕامیاریی جێهێشتووە لەڕووی پایگەو هێزەوە هاوسەنگ نەبوون، بەوەیش ناوبانگی دەرچوبوو کە سەپێنەری یاسای لێکێشانەوەی ڕەگەزنامە بووە لەهەندێک چالاکوانی ڕامیاری عیراقی، ئەگەرچی ئەو تەنها ئەنجامدەری فەرمان بووە نەوەک دەستی لە داڕشتنی ئەو یاسایەدا بوبێت کە ئەنجومەنی ڕەوشڕشتی دەسەڵات دایناوە، بەڵکو ئەوکات سەعید قەزاز لە دەستەی ئەنجومەنی ئەنجامدەردا بووە.

بۆئەوەی داد بە پشتگوێخراو یان بە مردوو نەژمێردرێتو لەبەر ئەوەیش کە ئەو بنەمایانەی لەوکاتەدا سزای مەرگیان پێ سەپاندووە بەسەر سەعید قەزازدا نایاسای بوونو سازگار نەبوون بۆ سزادان، بارێک دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە، لەوانەیە لەم دۆخە ڕامیارییەی عیراقی سەردەمدا بە شتێکی نوێ بزانرێت، بەڵام هەرکات شکۆ بگەڕێتەوە بۆ یاساو دەستوری عیراقو کاری پێبکرێت ئەوە دەبێتە ئەرک لە ئەستۆی پیاوانی یاساو داد. واتە پاش نەمانی سەددام حوسێن لەگەڵ چەورو ستەمو یاساو دەستورە شێواوەکەیو گەڕانەوەی شکۆو ئابڕوی لەدەستچوو بۆ عیراق، ئەوکات بەرپرسیارەتی دەکەوێتە ئەستۆی دەزگاکانی دادی بێلایەن بۆ دووبارە دادگاییکردنەوەی ئەو کەسانەی بێبنەمای یاسایی سزایان بەسەردا سەپاوەو بڕیارێکی دادپەروەرییانەو بێلایەنیان بۆ دەرچێتەوە بە بارستایی ئەو تاوانانەی لەسەری

دادگایی کراون هەر بەوپێیەی ئەمڕۆ لەجیهانی سەردەمدا ڕودەدات. کاتێک چەرخی ڕۆژگار هەڵدەسوڕێتو ڕاستێنیی بارەکان ئاشکرادەبن پێویستە بەگوێرەیان ئەوانە دادگایی بکرێنەوە، چونکە ئەوە ڕاستێنییەکی بابەتییانەیە بۆ بتەوکردنەوەی ژیان لەعیراقدا.

لەنێوانساڵی ١٩٥٩ و ٢٠٠٢ ژیان لەعیراق بەخۆلێکی سەختدا تێپەڕی، زۆرکەس لە گەواهیداران ئەم ژیانەیان جێهێشت، بەڵام وەک گوتمان ڕاستی کە بڕبڕەی پشتی مێژووە لەوانەیە ماوەیەک بزربێت بەڵام هەر دەبێت ڕوونو ئاشکرا سەرهەڵدەداتەوە جونکە زۆر لەو گاواهیدەرانە گەواهی خۆیان لەسەر ڕوداوەکان خستووەتە سەر قاقەزو بڵاویش کراونەتەوە.

لەبەرئەوەی سەعید قەزاز نەقارەمانێکی نەتەوەیی بوو نە ئەو خۆفرۆشەیش بووە وڵاتەکەی دووچاری سەرشۆڕیو لەتبوون کردبێت، ئەو ڕوونو ئاشکرا کاریگەریی خۆی بووە لەسەر ڕوداوە ڕامیارییەکانی عیراقو ئەوانیش کاریان کردوەتە سەر ئەو بۆیە لەبەر هەر هۆیەک دەبێت ناکرێت ئەم توێژینەوەیە بە پێشنوێن بژمێرین بۆ باوەڕ گێڕانەوە بۆ ئەوپیاوە، بەڵام دەشێت بە پێشوازییەکی دڵسۆزانەی بژمێرین بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەی مێژوی عیراق پوختو بێلایەنو دوور لەسۆز. ئێمە چاوەڕوانی گشت کەسێکین دەستی یارمەتی درێژکات بۆ ئەم توێژینەوەیە لەپێناو عیراقو مێژوو باری ڕاستێنیو ئایندەی.





**لە کۆتاییدا/ درووود بۆ ڕەوانی پاکی ئەو کەڵەپیاوە**

# سەعید قەزاز

**سەرچاوەکان**

١ ــ جەرجیس فەتحوڵلا / رجال ووقائع في الميزان ـ دار ئاراس ـ مطبعة التربية أربيل ٢٠٠١.

٢ ــ حەننا بەتاتو / العراق ـ الكتاب الأول ـ مؤسسة الأبحاث العربية ـ بيروت ـ لبنان ١٩٩٠.

٣ ــ حازم حەسەن ئەلعەلی / أنتفاضة الموصل ـ الدار العربية بغداد ١٩٨٧.

٤ ــ تاليب مشتاق / أوراق أيامي ـ دار واسط للدراسات والنشر والتوزيع ـ بغداد ١٩٨٩.

٥ ــ يونس بەحری/ سبعة شهور في سجون بغداد ـ الطبعة الأولى ـ بيروت ١٩٦٠.

٦ ــ کەمال ئەلسامەرائی / حديث الثمانين ـ ج 1- وزارة العالم ـ دار الشؤون الثقافية العامة بغداد ١٩٩٦.

٧ ــ محەمەد حەمدی ئەلجەعفەری / محكمة المهداوي ـ دار الشؤون الثقافية العامة بغداد ١٩٨٩.

٨ ــ میر بەسري / أعلام الكرد ـ مؤسسة رياض الريس للطباعة والنشر ـ لندن ١٩٩٦.

٩ ــ محمد مهدي الجواهري / ذكرياتي ـ ج 1- دار الرافدين ـ دمشق ١٩٩١.

١٠ــ محمود خالص ـ ذاكرة الورق ـ ستون عاما من تاريخ العراق الحديث في يوميات محمود خالص ـ تحرير د. وليد محمود خالص ـ أصدار المؤسسة العربية للدراسات والنشر ـ بيروت ٢٠١٠.

١١ــ عبد الرزاق الحسني / تاريخ الوزارات العراقية ـ الطبعة السابعة ــدار الشؤون الثقافية العامة بغداد ١٩٨٠.

١٢ــ عبد الرحمن البياتي / سعيد قزاز ودوره في سياسة العراق حتى عام ١٩٥٩ ـ الطبعة الأولى المؤسسة العربية للدراسات والنشر ـ بيروت لبنان ٢٠٠١.





١٣ــ عبد الرزاق محمد أسود / موسوعة العراق السياسية ـ المجلد الثالث ـ الدار العربية للموسوعات ـ بيروت ١٩٨٦.

١٤ــ فيصل حسون / مقالة منشورة في جريدة الشرق الأوسط العدد ٧١٧٠ في ١٣/ ٢/ ١٩٩٨.

١٥ــ ذو النون أيوب / قصة حياته ـ القسم الرابع ـ الطبعة الأولى ـ فينا ١٩٨٣.

١٦ــ رفعة الجادرجي / صورة أب ـ مؤسسة الأبحاث العربية ـ بيروت لبنان ١٩٨٥.

١٧ــ توفيق السويدي / مذكراتي .. نصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية ـ دار الحكمة الطباعة والنشر ـ الطبعة الثانية ١٩٩٩.

١٨ــ محاضر جلسات المحكمة العسكرية العليا الخاصة بوزارة الدفاع (محكمة الشعب) الجزء العاشر .

١٩ــ سجلات الحكومة العراقية لألعوام ١٩٢٧ ـ ١٩٣١ ـ ١٩٤٢ ـ ١٩٤٥ مطبعة الحكومة بغداد.

٢٠ــ محاضر جلسات مجلس النواب العراقي.

٢١ــ جريدة المثال الموصلية ـ جريدة فتى العرب الموصلية ـ جريدة الحوادث ـ جريدة أتحاد الشعب ـ جريدة اليقظة ـ جريدة الإتحاد ـ جريدة خه بات.

٢٢ــ رسالة من المؤرخ العراقي مير بصري للمؤلف مؤرخة في. لندن من ٢١/ ٥/ ٢٠٠٠.

٢٣ــ لقاءات شخصية متعددة مع المرحوم عبد الباسط يونس بالموصل ٩٥ ـ ٩٦.

٢٤ــ لقاءات شخصية متعددة مع المرحوم سعيد الديوه جي بالموصل ١٩٩٥.

٢٥ــ لقاء بالسيد صديق السيد علي الصفار بالموصل ١٥/ ١١/ ١٩٩٦.

٢٦ــ لقاء بالمحامي السيد عبد القادر الدبوني بالموصل بتاريخ ٩/ ١٢/ ١٩٩٥.

٢٧ـ لقاء بالمحامي السيد محمود الجلبي بالموصل بتاريخ ٢٨/ ١٠/ ١٩٩٥.

٢١ـ لقاء بالاستاذ باسم مشتاق في اربيل نيسان ٢٠٠٧.

٢٥ـ أتصالات ومراسلات مع السيدة بري سعيد قزاز ـ لندن.

٣٩ـ مقاالت للسادة كاظم حبيب وحكيم نديم الداوودي وفارس عبد الستار البكوع وعوني الداوودي وقيس القره داغي وفرهاد عوني.








**<u>له به‌رهه‌مه چاپكراوه‌كانى دادوه‌ر زوهێر كازم عه‌ببود</u>**

لمحات عن اليزيدية – بغداد - دار النهضة ١٩٩٤ / لندن ـ دار الرافد ٢٠٠٠

لمحات عن الشبك ـ لندن دار الرافد ٢٠٠٠

ليلة القبض على رئيس الجمهورية ـ دار المنفى ـ السويد ٢٠٠٢

جمهورية الغجر ـ السويد ٢٠٠٣

البهتان في اسلام ابي سفيان ـ السويد ٢٠٠٣

كتابات في القضية الكردية والفيدرالية وحقوق االنسان ـ مؤسسة دراسات كوردستانية ـ السويد ٢٠٠٤

نظرة في القضية الكردية والديمقراطية في العراق ـ مؤسسة دراسات كردستانية ـ السويد ٢٠٠٤

مخابرات صدام وأغتيال الشيخ طالب السهيل شيخ بني تميم ـ لندن دار الحكمة ٢٠٠٤

النقاط المهمة في الدستور العراقي ـ دار حمدي للنشر ـ السليمانية ٢٠٠٤

لمحات عن سعيد قزاز ـ وزارة الثقافة في أقليم كوردستان ـ ٢٠٠٤

الأيزيدية.. حقائق وخفايا وأساطير ـ المؤسسة العربية للدراسات والنشر ـ بيروت ٢٠٠٤ / دار قنديل ـ المانيا .

عدي بن مسافر مجدد الديانة الايزيدية ـ المؤسسة العربية للدراسات والنشر ٢٠٠٥

طاؤوس ملك كبير الملائكة لدى الايزيدية ـ دار سردم ـ السليمانية ٢٠٠٥

محاكمة صدام ـ دار فيشون ميديا ـ السويد ٢٠٠٥

الارهاب في العراق ـ مؤسسة دراسات كوردستانية ـ السويد ٢٠٠٦

الشبك في العراق ـ دار أيزيس لألبداع ـ القاهرة ٢٠٠٦ / دار سردم في كوردستان العراق

دوو لێكۆڵینه‌وه یاسایی له‌ژێر چاودێری شالیارگه‌ی داد له‌عیراق:

ـ التحقيق الإبتدائي وأجراءاته ١٩٨٦

ـ اليمين في القانون العراقي ١٩٩٢

توێژینەوە لەسەر ژنانی عیراقی

نووسینی جۆراوجۆر سەبارەت بە عیراق

## لە بەرهەمەکانی وەرگێر

زەردەشتو ئامۆژگارییەکانی/ نووسینی، هاشم رەضی، ١٩٩٢

گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت/ نووسینی، جیرارد چالیاند، لەگەڵ دەستەیەک کەسایەتی رامیاریی کوردو بیانی، ١٩٩٧/ ٢٠٠٢

دادگایی ئەنفال/ نووسینی زوهێر کازم عەببوود، ٢٠٠٨/ ٢٠١٠

سەرنج لەسەر سەعید قەزاز/ نووسینی زوهێر کازم عەببوود،

چاپی یەک / ٢٠١٣

گەلێک نووسین بۆ رۆژنامەو گۆڤاری چاپکراوو ئەلیکترۆنی

ماڵپەری http://www.koskikurd.com لەساڵی ١٩٩٤ تایبەت بە بەرهەمەکانی خودی وەرگێرو زۆر بابەتی کولتووریی کوردیو مێژووی کوردو کوردوستان...





## فەرهەنگۆک

| کوردی | عربي |
|---|---|
| ئەنجومەنی ئەنجامدەر | الهيئة التنفيذية |
| ئەنجومەنی خوازیاری گشتی | هيئة الفدعاء العام |
| ئەنجومەنی پێداچوونەوە | الهيئة التميزيية |
| ئەنجومەنی پیران | مجلس األعيان / مجلس الشيوخ |
| بریکار | وكيل، منتدب |
| بریادار | وا كل، من ت دب |
| بنفەرمان | مرؤوس |
| بنچاودێریی | تحت المراقبة |
| بووە | ملک / ممتلكات |
| بووندارێتی | تملک |
| بەبووهاتن | خلق، خليقة |
| بەرپەرچی بریار | طعن بالقرار |
| بەندی یاسایی | مادة قانونية |
| پارێزبەندی یاسایی/دەستووری | حصانه قانونية/ دستورية |
| پایندارى | ضمانة |
| پزیشکی رەوشێنی | الطب الشرعي |
| پەسلان | آخرة |
| پەندێر، پەندێری (ژیربێژی) | منطق، منطقي |
| پەییردن | إستنتاج |
| پێبژێری | غرامة |

| | |
|---|---|
| پێشرژدی | سبق االصرار |
| پێشنوێن | بادرة |
| تاوانلێکراو | مجنى عليه |
| تاوانی دەستئەنقەستی | جريمة عمدية |
| تاوانی ڕاستی = مەتریالی | جريمه حقيقية = جريمه مادية |
| تاوانی شێوەیی = واتایی | جريمه صورية / جريمه معنوية |
| خوازیاری مافی تایبەت | المدعي للحق الشخصي |
| خوازیاریی سزایی | دعاوي جزائية |
| خۆشنود | را ض |
| دادخوازی | دعوى |
| دادبینی | مرافعة |
| دادگای پێداچوونەوە | محكمة التميز |
| دادوەری سپایی | حاكم عسكري |
| دادیاری گشتی | المدعي العام |
| دژەکار | تأثير سلبي |
| دەسەڵاتی سەربەیی | السلطة تابعة |
| دەستەبەر | كفالة |
| دەستداریی بەرفراوانێتی | الإختصاص الشامل |
| دەستداریی بابەتی | الإختصاص الموضوعي |
| دەستداریی کەسێنی | الإختصاص الشخصي |
| دەستداریی گشتی | الإختصاص العام |
| دەستدارێتی خۆجێیی | الإختصاص المحلي |





| | |
|---|---|
| دەستدارێتی شوێنەواری | الإختصاص الموقعي |
| دەستدارێتی یاسایی | األحكام قانونية |
| دەرئاسا | معجزة |
| دەربڕینی بڕیاری داد | النطق بقرار الحكم |
| دەقی پیرۆز | النص المقدس |
| دەلەسە | إفتراء |
| دیدنامە / گەواهی | شهادة |
| دیدەر | شاهد |
| دیدەری داکۆک | شاهد دفاع |
| ڕاسپێردراو | وصي |
| ڕاستاڵ | حنيف |
| ڕاستیار | عادل، مستقيم |
| ڕاستێنی | واقع، واقعي |
| ڕاڤە | تعبير |
| ڕکەی تاوان | قفص الإتهام |
| ڕشتیاری یاسایی | مشرع قانوني |
| ڕۆژنامەی فەرمی | الجريدة الرسمية |
| ڕەفتاری تاوانئامێز | سلوک إجرامية |
| ڕەنگاڵ | حبر |
| ڕەوشڕشتی | تشريع |
| ڕەوشێنی | شرعي |
| ڕەهاکراو | مطلق |


| | |
|---|---|
| زانیاردەری | مخابرات |
| زانیارگری | إستخبارات |
| ژیربێژی (پەندێری) | منطقي |
| سپا / لەشکر | جیش |
| سرووش | وحي |
| سەربەیی / سەربەلایەنی | تبعیة |
| سەروەری | سیادة |
| سەرەنوێلکە | مز بلة |
| سپاداری گشتی | رئیس الأرکان العامة |
| سزای سەرباری | عقوبات تبعیة |
| شکۆ | قیمە، قدر |
| شەبەنگ | طیف |
| قۆمیسێری پۆلیس[103] | مفوض الشرطة |
| قەیران، دەردەسەری | محنة |
| کارڕاییکی | إجراءات |
| ڕێکاری پاشەوپاشیی یاسا | أحکام رجعیة في القانون |
| کوچکەکانی تاوان | أرکان الجریمة |

[103] ــ ئەوەی لەیادمبێت، لە پەنجاکانی سەدەی پێشوو تا ناوەڕاستی شەستەکانیش لە سلێمانی بەوەی ئێستا پێیدەڵێن "موفەوەز" ناوی "کۆمیسەر یان قۆمیسێر" بوو، لەوانەیە لە شارەکانی تری باشووری کوردستاندا هەر هەمان بووبێت، بەڵام دیارە ئەو ناوەو زۆر ناوو وشەی عارەبیی تر (کە تاکە زمانی فەرمی بوو لەعیراق) زاڵ بوون بەسەر وشە ڕەسەنە کوردیەکان (یان ئەوانەی لە خزمەزمانەکانی کوردیو لاتینییەوە وەرگیراون) بێگومان لەبەر ئەوەی پاش سەرهەڵدانی بزووتنەوە کوردییەکەی شۆڕشی ئەیلوولو بەبۆنەیەوە زۆر کارمەندو دەسەڵاتداری عارەب کواسترانەوە بۆ کوردستان. (وەرگێڕ)





| | |
|---|---|
| کوچکەی ڕەوشیی | الرکن الشرعي |
| کوچکەی مەتریالی | الرکن الما دي |
| کوچکەی ماکی | الرکن المعنوي |
| کۆمیتەی توێژینەوە | الهیئە التمیزییە |
| کەتن | جنحة |
| گێلپاکانە | تبریر ساذج |
| لێگەڕان/ ئازادکردن | إخلاء سبیل |
| لێیگەڕان/ لەدووگەڕان | تعقیب |
| مزە | عینة |
| مەبەست بۆ تاوان | قصد جنائي |
| مەتریالی | مادي |
| مەنە | ترکة/ و رثة |
| مەنەگر/ مانەگر | وریث |
| مێمڵ | معارض |
| نەوازی | تواضع |
| نهێنگای زانیارگریی | المخابرات السریة |
| واتانی | معنوي |
| هاوچۆن | قرینة |
| بە هاوکۆیی دەنگ | بإتفاق الآراء |
| هەڵاوساو | مجبول، متضخم |
| یاسای نائاسایی | قوانین عرفیة |
| یاسای سەپاندن | قانون الإثبات |


درەختی خێزانی بنەماڵەی قەزازەکان
حاجی مەحمود
حاجی عەبدوڵڵا
حاجی ئەحمەد
حاجی فەتاح
سەعید